هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 92

سالی/ 2013 – بەرگی نەوەت و دوو

---

چاپی یەکەم/ سالی 2013

له بلاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2013)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 92
چاپی یەكەم: 2013
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: شەرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اكرم، بەختیار جمیل، شوان محمد، نەهلە اسعد، كۆڤان خسرو، مروان ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2013/5/13 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/5/14 ل 61

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/5/15 ل 101

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/5/20 ل 145

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/5/21 ل 209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/5/22 ل 260

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/5/27 ل 291

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/5/28 ل 351



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 13\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (17)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/5/13

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2013/5/13 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی سێیەم، ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (17)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/5/13 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1.بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی كوردستانی عێراق.**

**2-سوێند خواردنی بەڕێز دكتۆر ئەحمەد محەمەد سەرۆكی گشتی دەستەی دەست پاكی لە هەرێمی كوردستان بە پێی ماددەی (8) م لە یاسای ژمارە (23) ی ساڵی 2013.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتنی (17) ڕۆژی دانیشتن 2013/5/13، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەكی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بڕیاری دا، بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (17)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی، ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/5/13، بەم شێوەیە بێت**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی كوردستانی عێراق**

**2-سوێند خواردنی بەرێز دكتۆر ئەحمەد محەمەد سەرۆكی گشتی دەستەی دەست پاكی لە هەرێمی كوردستان بە پێی ماددەی (8) م لە یاساى ژمارە (23) ی ساڵی 2013.**

**بەرێزان، بە نیسبەت فەقەرە دوو دیارە بەرێز د.احمد لێرەیە، بۆیە ئێمە لە سەرۆكایەتی پێشنیار ئەكەین فەقەرەی دوو پێشبخەین بۆ ئەوەی بەرێز دكتۆر احمد سەرۆكی دەستەی گشتی دەستپاكی دوا نەكەوێ، بۆیە ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی دوو پێشبخەین و ببێتە فەقەرەی یەك؟ كێ**

لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بەڕێزان بڕیاری ژمارە دووی پەرلەمان ساڵی 2013 دەربارەی دانانی بەڕێز دکتۆر احمد بە سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی، و ئەم بڕیارە لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێم بە فەرمانیان ژمارە 8 ساڵی 2013 تەسدیق کراوە، ئێستا بەڕێزیان لێرەن بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن، جەنابیان با بفەرموێ بۆ سەر سەکۆ.

**بەڕێز د.احمد انور محمد-سەرۆکی دەستەی نەزاهە**

**بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

سوێند بە خوای مەزن ئەخۆم کە ئەو ئەرکەی پێم سپێدراوە بە راستگۆیی و ئەمانەت و بێلایەنی و دڵسۆزی بەجێی ئەگەیەنم و بە ئامانەتەوە یاسا و پەیڕە و ڕێنماییەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی پیادە ئەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پیرۆزبایی گەرم لە بەڕێز د.احمد انور محمد ئەکەین کە سوێندی یاسایی خوارد بۆ ئەوەی وەکو سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی دەست بە ئیش و کارەکانی بکات، هیواداریین کە بەڕێزیان بە پێی یاسا و بە پێی ئەو ماددانە جێگەی رەزامەندی هەموو لایەك بێ لە ئەرکی تازەی، و هیواداریین سەرکەوتوو بێ، بەناوی هەموو لایەکتان پیرۆزبایی گەرم لە بەڕێز کاك دکتۆر احمد ئەکەین، ئێستا ئەگەر بەڕێزیان وتەیەکی هەیە با بفەرموێ

**بەڕێز د.احمد انور محمد-سەرۆکی دەستەی نەزاهە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوکاتەتان باش، سەرەتا زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز بە تێکڕای ئەندامانی، ئەوانەی متمانەیان بەمن بەخشی، و چ ئەوانەی ڕەئی جیاوازیان هەبوو کە من ڕێزێکی زۆریان لێ ئەگرم، پێم وایە ئەو ئەرکە ئەرکێکی قورسە، وپێویستی بە هاوکاری سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان هەیە بە هەموو فراکسیۆنەکان و لایەنەکان، چونکە لە یەکەم و کۆتاییدا خزمەتێکە بە وڵات و نیشتیمانمان، بە تەئکید بە کەوتنە کاری دەستەی نەزاهە کە خۆی بەردەوام لە ژێر چاودێری پەرلەمان ئەبێ، دیارە ڕەنگە ئەو دیاردەی گەندەڵی دیاردەیەکە ماوەیەکی دوور و درێژە لە کوردستان هەیە، بەڵام بە تەئکید هەر خودی دامەزراندنی دەستەکە و دەست بەکار بوونی ئەڵێ ( ڕێگەی هەزار میل بە هەنگاوێك دەست پێ ئەکات) ، و زۆر سوپاسی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم، و سەرۆکایەتی پەرلەمان، و کاك دکتۆر ئەرسەلانیش کە لێرە نیە، دکتۆر حەسەن، کاك فرسەت، تەئکید ئەکەمەوە بە هاماهەنگی لەگەڵ ئێوەی بەڕێز و لەگەڵ فراکسیۆن و لیژنەکان هەوڵ ئەدەین خزمەتێکی بچووك بە وڵاتەکەمان بکەین، جارێکی تر زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ ئەو سیقە گەورەیە، هێوادارم لە ئاست ئەو متمانەی ئێوەی بەڕێزدا بم، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کار کە ئەویش بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، داوا لە لیژنەکانی تەندروستی و لیژنەی یاسایی ئەکەین فەرموو بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەین.

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی ئەنجومەنی تەندروستی دەروونی پەسندکرا، و دەستەی گشتی لە یاساکە لادرا، لە شوێنی ئەو ئەنجومەنەکە لە ماددەی یەك پێناسە کرا، ئێمە هەردوو لیژنە پێشنیاری ئەوەمان کرد کە ماددەی پێنج تا ماددەی دە یەکمان خستیە لە دوو ماددە، ئەگەر دەرفەت بدەن، ماددەیەك باس لە دەستەلأتی ئەنجومەنەکە ئەکات، ماددەیەکیش باس لە پێکهاتەی ئەنجومەنەکە ئەکات، لەبەر ئەوەی دەستەی گشتی نەما، ئەنجومەنکە پەسند کرا، پێشنیار ئەکەین ماددەکان یەکبخرێ لە دوو ماددە، ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ڕازی بن و پەرلەمانتاران بە پێشنیارەکە ڕازی بن پێشنیارەکان بکرێتە ئەو دوو ماددەیەی کە لە لایەن هەردوو لیژنە پێشنیار کرایە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ کردن، لە جیاتی ئەوەی ماددەی پێنج تاکو ماددەی دە، و هەندێ پێشنیار  هەبوو کەوا ئیلغا بکرێتەوە و دەستەی گشتی لادرا و ئەنجومەنەکە شوێنی گرتەوە، دوو ماددە پێشنیار ئەکەین، یەکیان پێکهاتەی ئەنجومەن، یەکیان دەستەلأت و ئەرکەکانی ئەنجومەن

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوو لیژنە و بەرێز وەزیریش دیارە ماددەی پێنج تا ماددەی دە ڕێکیان خستووە لە دوو ماددە، و ئەم دوو ماددە ئەخوێندرێتەوە و دوایی موناقەشەکان ئەکرێ، ئەگەر بە پێشنیارەکە ڕازین فەرموو دەستان بەرزبکەنەوە، جارێکی تر ئەیڵێمەوە، ماددەی پێنج تا ماددەی دە عەلئەساس هەردوو لیژنە لەگەڵ وەزیر ڕێکەوتوون بیکەن بە دوو ماددە، هەردوو ماددەکە ئەخوێنینەوە، ئێستا ماددەی نوێ ئەخوێنینەوە ئینجا گفتوگۆی ئەو دوو ماددەیە ئەکەن، بەلأم بۆ ئەوەی ئەو دوو ماددەیە بخەینە جێگای ئەو دە ماددەیە پێویستمان بە دەنگی ئێوە هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیقتیراحی لیژنە بکەینە ئەساس؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو ئێستا ماددەی پێنج بخوێنەوە

**بەرێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ماددە، ماددەیك بە ڕیزبەندی ماددە پێنج باس لە پێکهاتەی ئەنجومەنەکە ئەکات، ماددەی دواتر باس لە ئەرکەکانی ئەنجومەن ئەکات، سەرەتا ئەوەی باس لە پێکهاتەی ئەنجومەن ئەکات

المادە الخامسە:

اولا: یشکل مجلس باسم مجلس الصحة النفسیة، برئاسة الوزیر وعضویة الواردة ذکرهم ادناه علی ان لاتقل درجة ممثلي الوزارات عن درجة مدیر عام

1-وزارة الداخلية

2-وزارة العدل

3-العمل والشؤون الاجتماعية

4-التعليم العالي والبحث العلمي

5-التربية

6-رؤساء لجان الصحة النفسية في المحافظات

ثانيا: ينظم عمل المجلس و اجماعاته وكيفية اتخاذ قراراته بنظام

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ دیارە لە دانیشتی پێشوو کۆمەڵێك ناومان نووسی، ناوەکان ئەخوێنمەوە (عظیمة نجم الدین، نەسرین جمال، دکتۆر عمر نورەدینی، سۆزان شهاب، تارا ئەسعەدی، کاك جلال، کاك جمال، سمیرە عبدالله، دکتۆر احمد، بێریڤان خان، ئامینە خان، کاك صباح، دکتۆر بشیر، سۆزان خان، ئاهەنگ خان) ئێستا ئەو ناوانەمان خوێندەوە، کەسی تر هەیە، شلێر خان، کاك کاردۆ، فەرموو عەزیمە خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تێبینی من لەسەر ماددەی پێنج، ئەم ماددەیە بە باش ئەزانم کە نەمێنێ، لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە لە ئەو لیژنەی کە دروست بووە کار لەسەر چارەسەری تەندروستی دەروونی ئەکات، نەك ئەوەی کە تەنرودستی دەروونی هەموو لایەنەکان و وەزارەتکان بگرێتەوە کە کار لەسەر ئەوە ئەکەن کە چۆن کەسێکی تەندروست کار لەسەر کەسایەتی بکات، کار لەسەر تەندروست بکات لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا، هەموو ئەو وەزارەتانەی کە هەیە لێرە، داد، وەزارەتی پێشمەرگە، کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئەمە دەستەی ئەوەی کە پێشوو وتمان ئەگەر دەستەیەك هەبێ بۆ کار کردنە سەرە تەندروستی دەروونی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، لەو حاڵەتە ئەکرێ ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، و ئەو وەزارەتانەشی کە دیاری کراوە لێرە نەك تەنها ئەم وەزارەتانە، ئەکرا وەزارەتی کاروباری شەهیدان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەموو ئەوانەی کە پەیوەندی بە لایەنی مرۆییەوە هەیە، بۆ ئەوەی کە تۆ کار لەسەر کەسایەتیەکی تەندروست بکەی، لە دایەنگەکانەوە تا ئاستە باڵاکان، بەڵام لێرە ئێمە لە ناو پرۆژە یاساکە هیچ بڕگە و ماددەیەك نیە باس لەوە بکات کە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا ئەم لیژنەیە ئەرکی چیە لەسەر ئەمانە؟ بۆیە بە پێویستی ئەزانم کە ئەم یاسایە ئەگەر ئێمە قسە لەسەر ئەوە ئەکەین ئەو دەستەیە ئەتوانێ وەکو دەستە یەك بێ کە بتوانێ کار لەسەر ڕەوشی مرۆڤ و لەسەر کەسایەتی مرۆڤ بکات ئەوە پێویستە ئەم یاسایە ئەم بڕگە و ماددانەی تێ بکرێ، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەم ماددانەی دوایشدا سەیر بکەن تەنیا کار لەسەر نەخۆشخانە و نەخۆشی دەروونی چارەسەریەکان ئەکات، بۆیە من ئەڵێم ماددەی پێنج بە هیچ

شێوەیەك زەروور نیە، نەدەستەكە ماوە، نە ئەو وەزارەتانەش كە لێرە ناوی هاتووە بە هیچ شتێك لە ناو یاساكە كاری بۆ نەكراوە كە بە وردی باس لەوە بكات كە ئەم وەزارەتە ئەركی چی ئەبێ؟ ئیشی چی ئەبێ؟ تیمی دەروونزانی ئیشی چیە لە ناو وەزارەتی پەروەردە و پێشمەرگە؟ بۆیە من بە گرنكی ئەزانم لە داهاتوودا نەك ئەم دەستەی كە ئەمڕۆ لەم یاسایە ڕەفز كراوە، خۆی ناوەكەشی من لەسەرەتاوە ڕۆیشت بەسەرماندا، هەڵە بوو، خۆی دەستەی گشتی تەندروستی نیە ئەمە، دەستەی گشتی چارەسەری دەروونیە، ئەگەر ئێمە قسە لەسەر تەندروستی دەروونی بكەین پێویستە ئەم وەزارەتانەی ئەم لایەنە مرۆیانەی كە هاتووە ئەبێ لەسەر ئاستی كۆمەڵگا دەستەیەك دروست بێ كار لەسەر ئەوە بكات كە كۆمەڵگایەكی تەندروست لە رووی دەروونیەوە، لە رووی كۆمەڵایەتیەوە، بۆ ئەوەی تاكو ژینگە بگونجێنێ لەگەڵ یەكا لەم یاسایە هیچ جێی نەبۆتەوە، بۆیە من پێشنیار ئەكەم ئەم ماددەیە نەمێنێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە، جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر عمر

**بەڕێز د.عمر حمد امین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەو رەئیە ئەكەم كە هەوڵ بدرێ ئەو ماددانە ڕێكبخرێتەوە و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ئەوەی كە خویندرایەوە دەقێكی باشە، چونكە بەم شێوەیە ئەم دەزگایە و تەبیعەتی ئەم دەزگایە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی كە لە ڕابردوو هەبوو، لە دەستگایەك یان لە هەیئەتێكی تەنفیزیەوە تەبیعەتەكەی ئەگۆڕێ بۆ دەزگایەك كە زیاتر ئیستیشاری بێ، هەماهەنگی كەر بێ، بەدواداچوون كەر بێ، ئەمە بەراستی لەگەڵ دەقی یاساكە و ئامانجەكانی یاساكە ئەگونجێ، بۆیە لەگەڵ ئەو داڕشتنەوەم، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشم كە مەهامەكانی مەجلیس ماوە و بمێنێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ئەو چاك كردنە ئەكەم كە لیژنەی هاوبەش كردوویەتی، بەلاَم یەك داواكاریم هەیە، ئیزافەیەك بكرێ، نوێنەری ئەنجومەنی خانمان دابنرێ، چونكە ئەوانیش لە رووی ، ئێستا ئەزانین كە

تەندروستی دەروونی کۆمەڵگایە هەموویەتی پێکەوە، بەلاّم تایبەتمەندیەتی کێشەکانی ژن وایکردووە کە پێویستە لەناو ئەو مەجلیسە رەچاو بکرێ، و ئیزافە بکرێ، ئەگەر ئیزافە بکرێ پێم وایە مەجلیسەکە بێ کەموکورتی ئەبێ، نوێنەری ئەنجومەنی خانمان، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەرێز شلێر محی الدین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من بە نیسبەت ئەوەی کە ئەو ماددانە یەکخران، بەلاّم من پێش جەلسەکەش لەگەڵ بەرێزان لە لیژنەی تەندروستی و لیژنەی یاسایی، من لەگەڵ ئەوە نیمە وەزارەتی پێشمەرگە لابدرێ، چونکە بەراستی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ زۆر گرنگن، و ئەبێ نوێنەری ئەوان هەبێ بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە نەفسیانەی کە پۆستی بالاّ وەرئەگرن لە وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ لە ژێر چاودێری ئەو خەڵکە دا بن، بەراستی کە یەکێك پۆستێکی بالاّ وەرئەگرێ لە وەزارەتی پێشمەرگە یان ناوخۆ ئەگەر باری دەروونی تەواو نەبێ و بارە دەروونیەکە جاری وا هەیە یان پێی ئەوترێ جنونی عەزەمە، یان پێی ئەوترێ ئینسانێکی سادییە، هەر بەوە هێن ئەکات خۆی دەرئەبرێ کە پێشێلی مافی مرۆڤی ئەو خەڵکە ئەکات کە لە وەزارەتەکەیدایە، و هەتا هەیئەی ئەوەی مافی مرۆڤ کە زۆرجار کە تەقریر و شت ئەنووسن داد و بێدادیانە لە دەست ئەو کەسانەی کە پۆستێك وەرئەگرن و ئەزیەتی خەڵکیان داوە، کەسیش دەستی نایگاتێ، لەبەر ئەوە وەزارەتی پێشمەرگە بە عەکسەوە ئەگەر داشبنرێ ئەبێ روتبەکەی لە عەمید کەمتر نەبێ، نەك مەوزوعی مودیر عام و ئەوانە، و هەروەها کە ئەڵێ ئەمان کە دەرەجەکانیان تەحدید نەکردووە ، چونکە دەرەجەکان ئەگەر مودیر عام بێ وابزانم بە نیسبەت نەقابەی ئەتیبا هەر دکتۆری نەفسی بێ کە لەو مەجالە، بەس من لەگەڵ ئەوەم جارێکی تر وەزارەتی پێشمەرگە بنووسرێتەوە لەبەر ئەو مەوزوعانەش عیلاقەی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

من تێبینیەکم هەیە، تەبیعی ئەمە حاڵەتی توبی نەفسی نیە، ئەمە حالاّتی سەحەی نەفسیە بە شێوەیەکی گشتی، یەعنی ئەمە نیە کە وا تەصەور بکەین تەنها جانیبە عیلاجیەکەی وەرگرتووە، ئەمە مەجلیسێکە لە هەرێمی کوردستان قسە لەسەر مەسائیلی نەفسی ئەکات، سەحەی نەفسی ئەکات لەسەر هەموو مستەواکان، بۆیە ئەم تێکەڵیە دروست نەبێ کە تەنها مەبەستمان جانیبە عیلاجیەکەی بێ، نازانم جەنابی وەزیریش تەوزیحێکی هەبوو، فەرموو

**بەرێز د.رێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانە ئەوەی کە ئیلغا بکرێ من لەگەڵ ئەوە نیم، و ماددەی شەشیش بە ڕوونی کار و مەهامی مەجلیسەکەی دروست کردووە، و بانگ کردنی ئەو نوێنەرانەی وەزارەتیش بۆ ئەوەیە کە تەئیدی ڕاکەی بەڕێزت کە ئەمە سەحەی نەفسیە، ئەگەرنا خۆ ئەگەر ئەمە چارەسەری نەفسی بوایە ئێمە وەزارەتی خوێندنی باڵامان وەکو نوێنەر نەئەویست، ئەمە سەحەی نەفسیە، و ئەو پرۆگرامە نەفسیانە بۆیە ئەو نوێنەرانەمان بانگ کردووە بۆ ئەوەی لە نەوەکانی دوارۆژ کە کار زانن، کە قوتابیانی زانکۆن ئەوانە ڕەنگ بداتەوە، سەبارەت بەوەی کە سۆزان خان منیش 100٪ تەئیدی ئەکەم، زەرووره نوێنەری ئەنجومەنی خانمان، چونکە ئێستا بۆردێکیش هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران، بەراستی کابینەی حکومەتیش هەرێمیش زۆر ئیهتیمام بە ئەنجومەنی خانمان و زۆر ئیهتیمام ئەدات بەوەی ڕێگری بکات لە توندوتیژی دژی ژنان، بۆیە من پێم باشە ئەوەش بکەین، سەبارەت بەوەی وەزارەتی پێشمەرگە تەقیمی شەخسیەت کردنی خەڵك ئیشی ئەم مەجلیسە نیە، ئیشی ئەم مەجلیسە تەندروستی دەروونیە، مەسەلەن ئەگەر یەکێك بۆ پۆستێك دابنرێ ئەوە ئیشی وەزارەتەکە خۆیەتی بینێرێ بۆ لیژنەی توبی بڵێ بۆمان تەقیم بکەن، تا ئێستاش شتی وا نەبووە، لەبەر ئەوە پێم وایە دانانی نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە لەو مەجلیسە زەروور نیە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەراستی ئەم پێشنیازەی لیژنەی هاوبەش کە ئێمەش خۆمان لە لیژنەی تەندروستین، من لەگەڵ ئەوەم، بەڵام ئەکرا ئەمانە وەك هەموو جارێك ئەڵێم، کە لیژنە پێکەوە قەرار ئەدات بۆ کورت کردنەوە یان بۆ خزمەت کردنێکی زیاتر کە ببێتە بنیاد بۆ قسە و گفتوگۆ مەفروزە تەبع بکرێ و بخرێتە ژێر دەستی ئەندامان، زیاتر ئەتوانرێ بە دەقیق تر ئیشی لەسەر بکرێ، من وا ئیقتیراح ئەکەم ئەگەر ئەم هەیئەیە بۆ سەحەی نەفسیە کە نەکرا بە هەیئە و کرا بە مەجلیس، ناونراوە (مجلس الصحه النفسیه)، لە زۆر وڵاتان ئەمە مەجلیسی ریعایەیە بۆ سەحەی نەفسی، بەڵام ئەوەی ڕوون کردنەوەکەی دکتۆر لەسەر ئەوەیە کە سەحەی نەفسی بە گشتیە، تەنها مەرزاکە نیە، بەس ئەبێ پیشان بدرێ ئەو حقوقانە کێن کە ئەیگرێتەوە بۆ تەندروستێکی تەواو کە لە ناو ئەو مەجلیسە ئەبێ، ئەو کەسەی کە دائەنرێ ببێ بە مودیر عام، واباشە شەرتەکەی دکتۆر بێ، و خیبرەی 10 ساڵی هەبێ، هەرکەسێك دانەنرێ بە مودیر عام لەوێ، چونکە ڕاستە خیبرە هەندێجار شت فێر ئەکات و ئەزموون پەیا ئەکات، بەڵام بوونی ئەوەی کە خۆی دکتۆر بێ زیاتر ئێمە ئەو هەدەفە ئەپێکین کە بۆی هاتووین، من لەگەڵ ئەوەم ئەو نوێنەرانەی کە دانراوە، بەراستی چەند نوێنەر هەیە کە حقوقی ئیسنان و مافی مرۆڤ یەکێکە لە نوێنەرەکان کە ئەبێ مەوجود بێ لەوێ، چونکە من وێرای پشتگیریم بۆ سۆزان خان و بۆ جەنابی وەزیریش، بوونی خانمان بە تەنها توندوتیژی بەرامبەر

به ئافرەت ناكرێ، بەرامبەر بە پیاویش ئەكرێ، بەرامبەر بە منداڵیش ئەكرێ، واتە مافی مرۆڤ زۆر زۆر گرنگە، ئەبێ ئەوە مەوجود بێ، بوونی ئەوە وای لێدێ هەر سكاڵایەك، هەر كێشەیەك كە ئەكرێ ئەوە بۆ مافی مرۆڤ یەكێكە لە ئیشەكانی ئەوە كە كاری لەسەر بكرێ، بوونی خەبیر نابێ بە خەبیر بێ، یەعنی ئەڵێ خۆی لە ماددە ئەسلیەكە ئەڵێ هەر كەسێك كە ئەیەوێ دەعوەتی بكات لە خەبیر ئەبێ لە ناویا هەبێ، یەعنی خوبەرای تایبەت لە دەرەوە یان لە ناوەوەی هەرێم، ئەوە جەنابی وەزیر خۆی لە مەجلیسەكە ئەبێ دەستنیشانی بكات، وەكو دەستەیەكی دائیمی بن لەگەڵیان، لەگەڵ نوێنەركان، بێ وجودی خوبەرا ئیش كردن بەراستی بە ڕێكوپێكی ناكرێ، من زیاتر جەخت ئەكەم لەسەر ئەو دوو بابەتە، و بوونی نوێنەری تەربیە، چونكە ئێمە سەحەی مەدرەسی یەكێكە لە لایەنە هەرە گرنگەكان بۆ سەحەی نەفسی، ئێمە لە دایەنگەكانەوە دەست پێبكەین بۆ قوتابخانەكان، نوێنەری تەربیە و تەعلیمی عالیش لەگەڵی ئەبێ مەوجود بێ بۆ داكۆكی كردن لەو مافانەی كە ئەمانەوێ، و من نازانم ئەگەر بوونی سەندیكاش هەبێ، ئەوەش دیسان هەروەكو حقوقی ئینسانەكە زیاتر بەرگری ئەكات لەوەی كە گلەییی و گازاندەكانی كە ئەكرێ و ئاگامان لێ نیە و ئاگامان لێیە، با ئەوان داكۆكی كەر بن لەو مافانەی كە ئەوان بە پێشێلی دائەنێن بەرامبەر بە مەجالی سەحی كە دروست ئەبێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش تارا خان، بەس ولله هەمووشی هەبوو، هەم نوێنەری مافی مرۆڤ و تەعلیم عالیش هەیە، فەرموو كاك جمال

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من لەگەڵ ئەوەمە ئەو ماددەی كورت بكرێتەوە، وەكی لیژنەی مەعنی ئیختیساریان كردیە، بەلام وا دیارە كورتكردنی ئەم چەند ماددەیە بە دوو ماددە كێشەكە حەل نەكرا، و دیارە موداخەلاتی ئەندام پەرلەمان كە ئەو ئەڵێ با ئەمە ئیزافە بكرێ و ئەمە وا بێ، وەكو ئیداریش ئەگەر ئێمە بێین تەشكیلە دابنێین لای خۆمان ئەوكاتە دەستی وەزارەتمان بەست، ئیتر لەمەودوا هەر ئیزافەیەك بكرێ ، هەركەسێكی تر ئیزافە بكرێتن لازمە قانونەكە تەعدیل بكرێ، دووەمیش ئەتو تەشكیلە دانێی دوایی بێی بڵێی مەهام و ئیختیساسات و سەلاحیات بە نیزام دەربچێ، ئەوە لە ڕووی ئیداریەوە ناگونجێ، بۆیە من ئیقتیراح ئەكەم ئەو سێ، چوار ماددە هەموو بەیەك ماددە سیاغە بكرێ بەم شێوەیە، (يشكل بقرار من الوزير مجلس يسمى بمجلس الصحه النفسيه وتحدد تشكيلته الاداريه ومهامه واختصاصاته بنظام يصدره مجلس الوزراء) ئەو كات تەشكیلە وزارەت ئەتوانێ تەشكیلە كامە ئیختیاری كر یان ئیختیاریش نەكاتن، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە_جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەكانی هاوبەش ئەكەم كە ئیقتیراحی ئەندامان بە ئیزافە كردنی ئەو شوێنانەی كە باسیان كرد ئەگەر چەند ئەندامێك لە پشتی بوو ئەبێ لە زمنی موقتەرەحەكان ئاگادار بن، فەرموو سەمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە منیش پشتگیری لیژنەی هاوبەش ئەکەم کە ئـەو سـیاغەیە نوێیـەیان نووسـیتەوە، بەڵام لێرە کە باسمان کرد وتمان رەئیسی هەیئەکە لە جێی مودیر عامە، دوای ئەو کە دێین ئەعزائەکانیش بە هەمان دەرەجەی مودیر عامە، یان ئەبێ رەئیسەکە پلەیەك بەرزتر بێ، یان ئەبێ دەرەجـەی مـودیر بـێ یان جێگری مودیر عام بێ، لە پێشتر سیاغەکەی......

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سیاغە نوێیەکە بوو بە وەزیر، مەجلیسەکە وەزیرە

**بەڕێز سمیرە عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێنەگەیشتم لە خوێندەوەکە، لەبەر هەندێ ئەو مولاحەزەم هەبوو، بە نیسبەت ئەوەی باسیان کـردووە نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و تەعلیم عالی و پێشمەرگە 100٪ من لەگەڵیانم، چونکە ئەگەر ئێمە بچینە فوتابخانەکان هـەموو باحسی ئیجتیمـاعی هەیـە، کارەکـەیان هـەر لەسـەر ئـەو ئیشـەیە، پێویسـتە ئەوانـەی تییێـدابێ، بـەڵام چـونکە هـەموو شـەریحە و لائیحەیـەك ئەگرێتـەوە پێویسـتە نوێنـەری مونـەزەماتی موجتەمەعی مەدەنیشی تێدابێ، من لەگەڵ ئەوەمـە نوێنـەری مونـەزەماتی مەجتەمـەعی مـەدەنی ئیزافـە بکرێ، لێرەش رەئیەك هەبوو لەسەر ئەنجومـەنی خانمـان کـە ئـەوانیش نوێنـەریان تێـدابێ، ئـەی نوێنـەری وەزارەتی ناوخۆی تێدایە؟ وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی سەربەوەزارەتی ناوخۆ نیە؟ کەواتە لەوێ ئەکرێ ئەو نوێنەرەی ئەنێرن هەمان توندوتیژیش ئەگرێتەوە، یەعنی نوێنـەری ئەنجومـەنی خانمـان بە زیاد ئەزانم، لەبەر ئەوەی سەربە وەزارەتی ناوخۆیە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەش ئەکەم، بەڵام ئەبوایە دەقەکەی لەبەر دەست ئەندامانی پەرلـەمان بوایـە، زۆرێك لە ئەندامان کە قسە ئەکەن لەبەر ئەوەی دەقەکەیان لەبـەر دەسـت نیـە بـە شـێوەیەك قسـە ئەکـەن هەر وەکو ئەوەی پێشووە یان گۆڕانکاری تێدا نەکراوە، بەراستی بە پێویستی ئەزانم کـە نوێنـەری وەزارەتـی ئەوقاف لەو مەجلیسە بێ، یەعنی پێم سەیرە نوێنەری هەموو وەزارەتەکان هەیە کە باس لەوە ئـەکات ئـەم مەجلیسە و ئەم ئەنجومەنە ئەرکی ئەوەیە کار لەسەر هەموو ئـەو ئاسـتانە بکـات لەسـەر سـەحەی نەفسـی،

ڕۆڵی ئاین زۆر کاریگەرە لە کۆمەڵگای ئێمە، و پێویستە نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەناو ئەو ئەنجەمەنە بێ، چونکە ئەزانین ڕۆڵی مزگەوت و مامۆستایانی ئاینی چەند کاریگەرە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان، بە تایبەت ئەوانەی کە گوێ ئەگرن لە وتاری ئاینی، بۆیە بە پێویستیی ئەزانم، و پشتیوانی لە قسەکەی سەمیرە خان ئەکەم کە نوێنەری ئەنجومەنی کاروباری خانمان پێویست نیە، چونکە بەڕێوەبەرایەتی بەدوا داچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆ هەیە، کە وەزارتیش ناوخۆش ئەندامە لێرە، جگە لەوەش وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی نوێنەری هەیە لەو ئەنجومەنە، تێبینیەکی تر، ئەو نیزامە کە لێرە لیژنەکە باسیان کردووە نەیانوتووە ئەم نیزامە کێ دەریئەکات؟ تەنها وتوویانە بەنیزام، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ماددەیە ئەکەم، بەلاَم لە عەینی وەقت پشتگیری سۆزان خان ئەکەم بە نیسبەت ئەوەی خانمان، بەلای من زۆر گرنگە، چونکە توندوتیژیان بەرامبەر ئەکرێ، باسی لێوە ناکەن، ناچن لە وەزارەتی ناوخۆ باسی بکەن، ئەگەر ئەو مەجلیسە بێ چونکە پەیوەندی بە تەندروستیەوە هەیە ئەتوانن دەستیان بگاتێ، لەبەر ئەوەی ئەو توندوتیژیە بەرامبەریان ئەکرێ ئەیشارنەوە، باسی لێوە ناکەن، بەلاَم بۆ ئەو ئەنجومەنە کەناوی تەندروستیە ئەتوانن باسی لێوە بکەن و چارەسەر وەرگرن، ئەوە بە نیسبەت دەستەی مافی مرۆڤ هەیە لە هەرێم، لێرە هەبوو، بەلاَم لاچووە، ئەوە قەینا، بەلاَم چونکە لە ولاَتانی تر دەستەی پاراستنی مافی نەخۆش هەیە لێرە نیە، یەکەك بزانێ ئەو خزمەتە تەندروستیەی پێشکەش بە نەخۆش ئەکرێ، لە جێگای خۆیەتی بە تەواوەتی بۆی ئەکرێ، لە کاتی خۆی، یان ئەو عیلاجەی بۆی ئەکرێ راستە؟ لەبەر ئەوەی پاراستنی مافی نەخۆش لێرە نیە، با دەستەی مافی مرۆڤ هەبێ، چونکە نەخۆشیش مرۆڤە، بە نیسبەت ئەوەش کە زۆر لام گرنگە ڕێکخراوی کەمئەندامان بەشدار بێ لە ئەنجومەنە، چونکە ئەو کەمئەندامانە باری جەستەییان زۆر خراپە، ئەگەر نوێنەریان هەبێ تا هەوڵیان بۆ بدەن ئەوانەی کەمئەندامن و لە ماڵەوەن قسەیان لەسەر بکات و دەنگیان بگەیەنێت بۆ چارەسەر کردنی تەندروستی، بە نیسبەت ماددەی بەشی دووەم لە بڕگەکە بە عەرەبی نووسرایە (ینظم عمل المجلس بنظام) ئەوە هەندێ چاککردنی ئەوێ، هەر خۆمان لێرە چاکمان کردیە، (ینظم عمل المجلس واجتماعاتە وکیفیة اتخاذ قراراتە بنظام)

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەرێز ئەڤین عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح.

**بەرێز صباح بیت الله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە سیاغەی تازەی لیژنەی هاوبەش ئەکەم، بەلام حەق بوو بە نووسین لەبەر دەستی ئەندامان بوایە بۆ ئەوەی زیاتر موتەلەع بن لەسەری، و حەق بوو پێشتر جەنابی وەزیر تەوزیحاتی خۆی بدات بۆ ئەوەی روون کردنەوەیەکی زیاتر لە پێش ئەندامان هەبووایە، بەلام بۆ ماددەکانی تر بێ، لە ئەعزای مەجلیس ئەوانەی کە لە زمانی عەرەبی شارەزان کە ئەڵێ (ویکون بمستوی)، بەرەئی من ئەوە ئەبێ بکرێ بە (بدرجە مدیر عام)، بە مستەوا نیە، و لەماددەی 10 کە ئەڵێ (اثنان من ذوي الخبرة والاختصاص في مجال الطب النفسي) جەنابی وەزیریش باسی کرد، ئەمە سەحەی نەفسیە، بەرەئی من بەم شێوە سیاغە بکرێ، (اثنان او اكثر من ذوي الخبرة والاختصاص في مجال الطب النفسي وعلم النفس)، سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەرێز ئاهەنگ عارف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ سیاغەی نوێمە، لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەنی خانمانیشم، چونکە ئەگەر بمانەوێ تەقیمی هەر وەزعێك و هەر کەسێك بکەین کە هاتە ئەو ئەنجومەنەی، لە خیلالی ئیشی ئەو هەیئەیە ئەزانین چەند کەس و چەند حاڵەت هەیە کە پێویستە جارێکی تر سەیری بکەینەوە، بۆیە ئەنجومەنی خانمان موهیمە، بەلام من ئەڵێم پەیوەندیەکانی دەرەوەش موهیمە، چونکە تەئیدی قسەکەی تارا خان ئەکەم کە ئەڵێ خەبیر هەبێ، و من ئەڵێم هەیئەتێکی تەدریب هەبێ، کەوادیری خۆمان تەدریب بکات و سەیری سەحەی نەفسی بکات، چونکە ئەگەر سەیری دەرێ بکەین مودیر و رەئیسی موئەسەساتی گەورە لە عالەم هەر کەسێك خەبیرێکی نەفسی هەیە کە مودیرەکەی فێر ئەکات لە خیلالی ئیجتیماع چ قسەی کردیە کە تەئسیری لەسەر تەسویق هەبێ، لەسەر دەرمان هەبێ، لەسەر کادیری سەحی هەبێ، لەسەر بەڕێوەبردنی شێوازی ئیدارەکەی خۆی هەبێ، بۆیە هەتا پۆستی گەورە و ستاڤ گەورە یەعنی فەراغێکی هەیە لە بوونی

ئەو خەبیرە، بۆیە قسەکەی تارا خان گرنگە، خەبیر زۆر گرنگە، و پەیوەندیەکانی دەرەوە لە موئەسەسە هەبێ موهیمە، چونکە ئەو شەریکاتی تەدریب و خەبیری دەرەوە کە دێن بە واسیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە دێن و لەوێ تەسهیل ئوموری بۆ ئەکرێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر بەشیر.

**بەڕێز د.بەشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە پشتگیری لەو سیاغە تازەیەی لیژنەی هاوبەش ئەکەم، بە مەرجێك نوێنەری وەزارەتی ئەوقافیشی تێدازیاد بکرێ، لێرەوە پشتگیری لە رایەکەی کاك دکتۆر ئەحمەد ئەکەم، لەبەر گرنگی ئەم وەزارەتە ئێستا هەتا ڕێکخراوەکانی جیهانیش لەبواری تەندروستی دەروونی دا جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە پێویستە ئاینی کەسکە بەشدار بێ لە چاکردنی باری تەندروستی ئەو نەخۆشە، جا ئاینەکەی هەر شتێك بێ، بۆیە ئەکرێ زۆر سوود لەو بارەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و مامۆستایان وەربگرین، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان هەفتانە نزیکەی ملیۆنێك و نیو لە خەڵك گوێگری مامۆستایانی ئاینی ئەبن، بۆیە زۆر گرنگە کە باری دەروونی و سەحەی نەفسی موراعات بکرێ لەگەڵیان، خاڵێکی تر نازانم ئەگەر لەدووەم مابێ لە ناو هەیئاتەکان، ئەوانەی کە دارێژراوە، نیقابەیەك هاتووە بە ناوی (نقابە المهن الصحیە)، ئەوە نیقابەی میهنەی سەحی نیە، (نقابة ذوي المهن الصحية) یە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەرای پشتوانی کردنم بۆ کورت کردنەوەی ماددەکان، بەڵام هەرچەند سەیر ئەکەم، ئەوە رەئی پێشووشم بوو ئەو ئەنجومەنە هیچ زەروورەتێکی نیە، چونکە کێ بەرپرسی ئەو ئەنجومەنەیە؟ بەڕێز وەزیر خۆی بەرپرسە، خۆی ئەرکی ئەوەیە کارنامەی وەزارەتەکەی بە پێی یاساکان جێ بە جێ بکات و دەزگای موختەسیشی هەیە لە هەموو وەزارەتەکان کە پەیوەندیدارن بەو کێشەیە، ئەو یاسایە لەکوێ جێ بەجێ ئەکرێ؟ نیتاقی یاساکە؟ ئێمە دیاریمان کردیە کە ڕێکخراوە ناحکومیەکانیش ڕۆڵیان هەیە، بۆ ئەوان کە لە دەرەوەی حکومەت نێن؟ بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بێ؟ بۆ وەزارەتی داد بێ؟ بۆ وەزارەتی ناوخۆ بێ؟ ئەگەر بێشن ئەبێ بڵێی نوێنەری سەحەی بڵێین وەزارەتی پێشمەرگە بێ، نەك عەمیدێکی فەرماندەیی بێ، یەعنی ئەمە چ رەبتێکی بە شتی نەفسیەوە هەیە؟ یەعنی لە موناقەشەکە وام گوێ لێبوو گوایە پلەی نوێنەرایەتیەکە ئەبێ کێ بێ؟ نوێنەری سەحەی وەزارەتی پێشمەرگە دێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە زەرووری نیە، جگە لەوەی کێشە هەبوو کە بەڕێز وەزیر سەرۆکی لیژنەکە بێ، کە خۆی بەرپرسی

وەزارەتەکەیـە، چ تایبەتمەندیـەکت داوەتـێ؟ ئـەوە ئـەرکی ئەوەیـە هـەموو یاسـاکان جـێ بـەجێ بکـات، نیزامەکەش هەر ڕوون نەبوو، کە نیزام ئەنجومەنی وەزیران دەریئەکات، وەزیر تەعلیمات دەرئـەکا، یـەعنی بۆ بە نیزام دەرچێ ؟ روون بکرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بـەو پێشـنیارانەی لـە لایـەن پەرلـەمانتاران کـران پیشـنیار کـرا کـە زۆر دامـوودەزگـا و وەزارت بـۆ ئەنجومەنەکە زیاد بکرێ، کاتی دارشتنەکە لە لایەن هەردوو لیژنەش گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشنیارانەش کرا، بەلاّم ئێمە بە باشمان نـەزانی هـەموو حکومـەت ئەنـدام بـێ لـەو ئەنجومەنـە، دواتـر کۆبوونـەوە و پەسـند کردنی بڕیار لە لایەن ئەو ئەنجومەنـە و ئامـادەبوونی نوێنـەرانی ئـەو هـەموو وەزارەت و دامودەزگایـە زۆر زەحمەت ئەبێ، ئێمە هەردوو لیژنە بۆیە پێمان باش بوو ئەرکەکانی ئەو ئەنجومەنەشمان بخوێندبایـەوە تـا بتانزانیبایە چ ئەرکێك بەو ئەنجومەنـە رادەسـپێردرێ؟ دواتـر هەنـدێ بـەڕێز پێشـنیاری ئـەوەیان کـرد کـە هەندێ لایەن زیاد بکرێ بۆ زەمانەتی جێ بەجێ کردنی یاساکە، خۆی هەر یاسایەك لە پەرلەمان دەرئەچێ هەموو حکومەت و دامودەزگاکان بەرپرسە لە جێ بەجێ کردنی، ئەگەر ئەندام نەبێ لـەو ئەنجومەنـە واتـە بەرپرس نابێ لە جێ بەجێ کردنی یاساکە، شتی وا نیە،ئێمـە بـە باشـمان زانـی چـەند وەزارەتێـك دابنـێین، واتە ئەندام بن لەو ئەنجومەنە، کە راستەوخۆ یان زیـاتر لـە وەزارەتێـك کەلـە دامودەزگـای تـر پەیوەنـدیان بەو ئەرکە هەیە، کە لە ماددەی دواتر دامانڕشتووە و ئەو ئەرکانەی پێراسپێردرایە، بـوونی زۆر ئەنـدام لـە ئەنجومەنێك یان لە لیژنەیەك واتە کۆبوونـەوەیان زەحمـەت ئـەبێ، دەرکردنـی بڕیـار زۆر زەحمـەت ئـەبێ، سـەبارەت بـە پیشـنیار کردنـی زیـاد کردنـی خـەبیر، تەبعـەن دەسـتەلاّتی وەزیـرە لـە هـەر کۆبوونەوەیـەك ئیستیعانە بە خەبیر و شارەزا بکات، و ئەگەر پێیان بـاش بـوو ئـەوە ئێمـە لـە بڕگـەی دووەمـی ئەومادەدەیـە پێشنیارمان کردووە کۆبوونەوەکان بەنیزام ڕێکئەخرێ، لە نیزامی داخیلی خۆیان ئەنجومەنەکە بـاس لـەوە ئـەکات بۆیـان هەیـە ئیسـتیعانە بـە خـەبیر بکـەن، خـەبیری نـاوخۆ، لـەدەرەوەی هـەرێم، موستەشـار، ئـەوە هەمووی دەستەلاّتی وەزیرە، ئەگەر لە ناو یاسایەکەش نەبێ مانای ئەوە نیە کە وەزیر ئەو دەستەلاّتەی نیە کەسێك بانگ بکات سوودی هەبێ لە بابەتی کۆبوونەوەکە، هەنـدێ بـەڕێز پێشـنیاری ئـەوەیان کـرد کـە بـە نیزام تەشکیلات و پێکهاتەی ئەنجومەنەکە دیاری بکرێ نەك بە یاسا، ئێمە هەردوو لیژنە پێمان بـاش نیـە ئەو دەستەلاّتە بدرێتە وەزیر کە ئەندامانی ئەنجومەنەکە دیاری بکـات، باشـتر وایـە بـە یاسـا ئەنجومەنەکـە پێکهاتەکەی دیاری بکات، ئەندامەکانی کێنە؟ بەلاّم چۆنیەتی کۆبوونەوە و ئەوانە راستە لـە زۆر یاسـای تـر باسمان کردیە بە دەقی یاسا، ئێمە پێمـان بـاش بـوو، لەبـەر ئـەوەی کارەکـان زیـاتر پسـپۆڕیە، ئیختیسـاسـیە، ئەوە بـە نیزامـی داخیلـی ئەنجومەنەکە بۆخـۆی دەری ئـەکات، و زیـاد کردنـی نوێنـەری ئەنجومـەنی بـالاّی

کاروباری خانمان پێنج پەرلەمانتار پێشنیاری کرد و حکومەتیش پشتگیری لێ کرد و ئێمەش هەردوو لیژنە پشتگیری لێ ئەکەین کە نوێنەری ئەو ئەنجومەنە ببێتە ئەندام لێی، سەبارەت بە نوێنەری چەند وەزارەتێك وەکو وەزارەتی ئەوقاف پێشنیار کرا و سێ ئەندام پشتگیریان کرد، ئەوە بە دەنگدان یەکلایی بکرێتەوە،ئێمە پێشمان باش نیە هەموو حکومەت ئەندام بێ وەکو ئەنجومەنێکی وەزیرانی گچکەی لێ بێ، نوێنەری هەموو حکومەت لەوێ بێ، پێمان باش بوو چەند لایەنێك کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندیان بە کاروباری ئەو یاسایە هەیە و ئەو ئەرکانەی لە ماددەی چوار پێیان راسپێردرایە تەنها ئەوان ئەندامن لە ئەنجومەنەکە، زیاد کردنی نوێنەری هەر وەزارەتێك ئەوە ئەگەرێتەوە بۆ دەنگدانی پەرلەمانتارن، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو

**بەرێز عظیمة نجم الدین :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی کە من پێشنیارم کرد وتم هەموو ئەو وەزارەتانە نەمێنێ، چونکە ئەوە پەیوەندی بە چارەسەر کردنی دەروونیەوە هەیە، وەزارەت خۆی بەو کارە هەڵدەستێ، ئەوەشی کە وەزارەتی پەروەردە خۆی سەحەی نەفسی هەر هەیە، یەعنی لە وەزارەتی تەندروستیەوە چاودێری قوتابخانەکان ئەکرێ، بەلاَم ئەوەی کە گرنگە لێرە من پێشنیار ئەکەم مادام ئیزافەی چەند شوێنێکتان کردووە و چەند وەزارەتێکتان کردووە و وەزارەتی کاروباری شەهیدان، ئێمە ئەوەی کە گەورەترین موعاناتی هەبێ و گەورەترین نەخۆشی دەروونی هەبێ لە ناو کەس و کاری ئەنفالەکانن، تا ئیستا حکومەت خۆی ئاوەری نەداوەتەوە کە نەخۆشخانەی دەروونی، چارەسەری دەروونی بۆ کەس و کاری شەهید و ئەنفال کراوان بکاتەوە، ئەوەی کە کراوەتەوە لە ناوچەکەی ئێمە با بڵێین لە ناحیەی شۆڕش دوو سەنتەر هەیە، یەکێکیان سەنتەری چارەسەری دەروونی مونەزەمەیەکی ئەڵمانیە، بۆ منالآنە، ئەوەی تر ئەمریکیە کە خێرخوازێك کردوویەتی، بە داخەوە حکومەتی هەرێم نەیکردووە، لێرەشدا ئەمانەوێ لە یاساکەش هەر بێبەشیان بکەین لەوەی نوێنەریان هەبێ بتوانێ لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کار بۆ کەس و کاری ئەنفال کراوان بکات لە رووی ئەوەی کە چەند سەنتەرێك هەیە، چەند نەخۆشخانەیەکی دەروونی هەیە، بۆیە من لێرە جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان بۆ خزمەت کردنی کەس و کاری ئەنفال کە خاوەن موعاناتن ئەبێ لە یاساکە وەزارەتی کاروباری شەهیدان هەبێ، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە نە لیژنەش و نە وەزیریش رێ لە ئەندامان ناگرن پێشنیاری خۆیان بکەن، بۆیە جێگەی خۆیەتی ئێوە هەر ئیقتیراحێکی هەتان بێ، بەلاَم لە کۆتایی بە دەنگی ئەندامان یەکلایی ئەکرێتەوە، بەلاَم منیش

دەنگم ئەخەمە پاڵ دەنگی عەزیمە خان، بە بوونی نوێنەری وەزارەتی شەهیدان لەو لیژنەیە، چونکە عادەتەن ئەو شوێنانەی کە مەعنین پێویستە نوێنەریان هەبێ لەو لیژنەیە، جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە لیژنەی هاوبەش ئەکەم بۆ پیشنیارەکەیان، کۆکردنەوەی ئەو هەموو خەڵکە لە لیژنە زۆر زەحمەتە، جاری وا هەیە وابێ 10، 12 کەس بێ و هەموو حکومەت کۆ بکەینەوە بە دوو مانگ جارێکی کۆبوونەوە ناکرێ، دووەم، منیش پێشتگیری لەوە ئەکەم با نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالی تێدابێ، ئەوە زەرووریە، سێیەم، کە تۆ ئەڵێی نیزام، نیزام لە سەلاحیەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەمێنێ، چوارەمیش، ئەوەی کە لە چەمچەماڵ دروست کراوە ئەو بینایە بینای (دەبل یو، ئیچ، ئۆ) یە، ئەوان کە بینایە دروست ئەکەن ئیقتیراح بۆ ئێمە ئەکەن، ئێمە ئیهتیمامان نەدابێ ئەوە پێمان نەئەوتن ئەمانە دروست بکەن، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو حکومەت ئیهتیمامان داوە بە تەندروستی دەروونی بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە ئەنفال و کیمیاباران و ئەو شوێنانەی کە تووشی کارەسات بوون، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە لیژنەکە پشتگیری لێ نەکردووە، نەیخستە دەنگدانیشەوە، زیاد کردنی وەزارەتی ئەوقاف، لە لایەکەوە ئەڵێن با وەزارەتەکان زۆر نەبن، حکومەت هەمووی کۆنەبێتەوە لە ئەنجومەنەکە، وەزارەتێك زیاد کرا، ئەنجومەنێك زیاد کرا، لە کاتێکدا ئەوانە نوێنەریان لە وەزارەتی تریش هەیە، بەلاَم چەند ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیارمان کرد کە وەزارەتی ئەوقاف زیاد بکرێ، ناشیخەنە دەنگەوە، بیخەنە دەنگدان ئینجا سیاغەی بکەنەوە

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە بەشێك لە پێشنیارەکان وەرگیراوە، نیسبەت بە وەزارەتی ئەوقاف لیژنە تەئکیدی کرد کە وەزارەتی ئەوقاف پەیوەندی نیە بەو مەوزوعە، بەلاَم ئەگەر رەئیشتان وابێ و تەئکید لە پێشنیاری خۆتان ئەکەن ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەزارەتی ئەوقاف ئەندام بێ لەو مەجلیسە؟ 9 ئەندام لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نیە؟ زۆرینە لەگەڵ نیە، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ نابێ، پێشنیارەکانی تر وەرگیراوە، بۆیە سیاغەی نیهائی بخوێننەوە، فەرموو

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة ستصبح المادة الرابعة:**

**اولاً**: يشكل مجلس بأسم مجلس الصحة النفسية برئاسة الوزير وعضوية الواردة ذكرهم ادناه على ان لا تقل درجة ممثلي الوزارات عن درجة مدير عام.

1- وزارة الداخلية.

2- وزارة العدل.

3- وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

4- وزارة التعليم العالي والبحث العملي.

5- وزارة التربية.

6- وزارة شوؤن الشهداء والمؤنفلين.

7- ممثل عن المجلس الاعلى لشؤون المراة.

8- رؤوساء لجان الصحة النفسية في المحافظات.

**ثانياً**: ينظم عمل المجلس واجتماعاته وكيفية اتخاذ قراراته بنظام يصدره مجلس الوزراء.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو سیاغەیە كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ نیە؟ 5 كەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**الفصل الثاني**

**مهام المجلس**

**المادة السادسة ستصبح المادة الخامسة:**

**يتولى المجلس المهام الاتية:**

1- وضع السياسة العامة عن الصحة النفسية.

2- اعداد خطة لضمان حقوق وسلامة المرضى النفسيين.

3- التسنيق مع الجهات ذات العلاقة لتأمين المستلزمات المادية والمعنوية لرعاية المرضى ودور الايواء.

4- اصدار تعليمات للمستشفيات والمؤسسات والعيادات المتخصصة في الطب النفسي في كل ما يتعلق برعاية المرضى.

5- التنسيق مع الجهات ذات العلاقة لتهيئة واعداد البرامج الثقافية والاجتماعية والترفيهية.

6- وضع معايير لمنح التراخيص الصادرة من وزارة الصحة الخاصة بادارة المؤسسات الصحة النفسية التي تسري عليها احكام هذا القانون.

7- التعاون مع الجهات العلمية لاعداد الدراسات والبحوث في مجال الصحة النفسية.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەم مەهامانـە لـە مـاددەی داهـاتووە، بۆیـە لـە قانونـە کۆنەکـە لەبـەر دەسـتتانە،تەنیا لیژنـە دەمـج و ئیختیساراتی کردووە، بۆیە لەبەر دەستی ئێوە هەیە، کوردیەکەتان هەیە؟

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەرەبیەکەی لەبەر دەستمە، ئەگەر ئەڵێن دەمودەست ئەیکەمـە کوردی، بـەس ئەگـەر وشـەیەك هەڵە بـوو تەنیا بۆ تێگەیشتن و روون کردنەوە تەرجومەکە کێشە نیە

**بەشی دووەم**

**ئەرکەکانی ئەنجومەن**

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم: ئەنجومەن ئەو ئەرکانە جێ بەجێ ئەکات:**

1-دانانی سیاسەتی گشتی تەندروستی دەروونی

2-دانانی پلان بۆ مسۆگەر کردنی ماف و سەلامەتی نەخۆشی دەروونی

3-هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دابین کردنی پێداویستی ماددی و مەعنەوی

4-دەرکردنی ڕێنمـایی بـۆ نەخۆشـخانە و دەزگـا و نۆرینگـەی پسـپۆر لـە بـواری پزیشـکی دەروونـی بـۆ هـەر بابەتێك کە پەیوندی بە چاودێری کردنی نەخۆشەکە هەبێ

5-هەماهـەنگی لەگـەڵ لایەنــەو پەیوەندیـدارەکان بـۆ ئامـادە کـردن و دانـانی پرۆگرامـی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتی و تەرفیهی

6-دانانی پێوەر بۆ پێدانی مۆڵەت کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دەرئەچێ کە تایبەتە بـە بـەڕێوەبردنی دەزگا تەندروستیەکانی دەروونی کە حوکمەکانی ئەم یاسایەیان لەسەر جێ بەجی ئەکرێ

7-هاوکاری کردن لەگەڵ لایـەنی زانسـتی بـۆ ئامـادە کردنـی دیراسـات و لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە لـە بـواری تەندروستی دەروونی.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ڕای لیژنەی هاوبەش بوو، فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی ئەو مەهامانە ئەکەم کە لیژنەی هاوبەش دایناوە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**وەکو باسم کرد لە ماددەی 10 ی یاسا کۆنەکە هەموارەکە هەیە، ببورن لە ماددەی 10 یەم بریتیە لە خاڵی (1، 2، 3، 4، 6، 7، 11) ئەمە هەمووی لەبەر دەستتانە، ئێستا کێ ئەیەوێ قسە لەسەر ئەو ماددە بکات؟ تەنیا یەك ئەندام، فەرموو کاك لقمان.**

**بەڕێز لقمان سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەکێك لە ئەرك و مەهامەکانی ئەم ئەنجومەنە ئەبێ ئەرکی چاودیرێ کردن بێ، من پێم وایە لەو ماددەیە ئەبێ بڕگەیەکی تایبەت بە ئەرکی چاودێری کردنی ئەم ئەنجومەنە دیاری بکرێ، تایبەت بە چاودیرێ کردنی ئەنجومەن بۆ نەخۆشخانە و بنکە و یەکەکانی چارەسەر کردنی دەروونی، بۆ هەموو کایە و بوارەکان، کە من پێم وایە ئەو ئەرکە لەو ماددەیە ونە، بۆیە ئەوە ئەرکێکی گرنگە، من داوا ئەکەم تێیدا جێگیر بکرێ، سوپاس**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ببوورن، تەبعەن ماددەی (8) ە ئەو مەهامەی کە لە یاسا کۆنەکەدایە، ئێستا جارێکی تر مەهامەکان بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، عەرەبیەکە ئەکەینە ئەساس**

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مهام المجلس**

**المادة السادسة ستصبح المادة الخامسة:**

**يتولى المجلس المهام الاتية:**

**1- وضع السياسة العامة عن الصحة النفسية.**

**2- اعداد خطة لضمان حقوق وسلامة المرضى النفسيين.**

**3- التسنيق مع الجهات ذات العلاقة لتأمين المستلزمات المادية والمعنوية لرعاية المرضى ودور الايواء.**

**4- اصدار التعليمات للمستشفيات والمؤسسات والعيادات المتخصصة في الطب النفسي في كل ما يتعلق برعاية المرضى.**

**5- التنسيق مع الجهات ذات العلاقة لتهيئة واعداد برامج الثقافية والاجتماعية والترفيهية.**

**6- وضع معايير لمنح التراخيص الصادرة من وزارة الصحة الخاصة بادارة المؤسسات الصحة النفسية التي تسري عليها احكام هذا القانون.**

**7- التعاون مع الجهات العلمية لاعداد الدراسات والبحوث في مجال الصحة النفسية.**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەکۆی دەنگ تەسدیق کرا، فەرموو بۆ ماددەی 11، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دخول المريض النفسي لمؤسسات الصحة النفسية**

**الفصل الاول**

**الدخول الطوعي**

**المادة الحادية عشرة ستصبح المادة السادسة:**

**يحق لكل مريض نفسي ممن اكمل الثامنة عشرة من العمر طلب الدخول لإحدى مؤسسات الصحة النفسية بارادته، كما يحق له طلب الخروج في اي وقت، ويحق للطبيب المسؤول الموافقة على ذلك، الا اذا انطبقت عليه شروط الدخول الالزامي وفي هذه الحالة تتبع الاجراءات المقررة في هذا الشأن، وفي جميع الاحوال يتم اخطار اهل المريض متى ما وافق على ذلك.**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی

**بەڕێز نیشتیمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخیل بوونی نەخۆشی دەروونی لە دەزگا تەندروستیە دەروونیەکان.

بەشی یەکەم.

داخیل بوون بە ئارەزوو

ماددەی 11:

مافی هەموو نەخۆشێکی دەروونیە کە تەمەنی 18ساڵی تەواو کردبێ داوای داخیل کردنی لە یەکێ لە دەزگا تەندروستیەکان بە خواستی خۆی بکات، هەروەها مافی ئەوەشی هەیە لە هەرکاتێ بیەوێ داوای دەرچوون بکات، پزیشکیش مافی ئەوەی هەیە ڕەزامەندی لەسەر بدات هەرکاتێ هۆکارەکانی هاتنە ژێر چارەسەرکردنی ئامادەبوون تەنها ئەگەر مەرجەکانی داخیل بوونی بەزۆری بەسەر دا نەچەسپێ، لەم بارەوەش ڕێکاری دیاری کراوی بۆ دەگیرێتە بەر ، لە هەموو بارێکیش کەس و کاری نەخۆش ئاگادار ئەکرێتەوە هەر کاتێ ڕەزامەندی لەسەر ئەوە درا

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەرێز ئەڤین عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەرێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەمەوێ روون کردنەوەیەك بدەم ئەندامانی بەرێز، ئێمە لە نەخۆشی دەروونی دوو جۆر نەخۆشی دەروونیمان هەیە، نەخۆشێکمان هەیە ئەزانێ نەخۆشە، ئەویتر نازانێ نەخۆشە، لەبەر ئەوە کە باسی داخیل بوونی تەوعی کراوە و دخولی ئیلزامی چیە؟ دخولی ئیلزامی بۆ ئەوەیە کە نازانێ نەخۆشە، دەورووبەرەکەی هەستی پێ ئەکەن، بەلاّم خۆی نازانێ، لە دخولی تەوعی من ئەزانم گرفتی دەروونیم هەیە و ئەچم سەردانی پزیشك ئەکەم، لەبەر ئەوە حەز ئەکەم بۆ ماددەکانی داهاتووش بەرچاوتان روون بێ، دخولی ئیلزامی بۆ غەیرە نەخۆشی و بۆ هیچ نەخۆشیەك نیە، ئەبێ تۆ لەگەڵ نەخۆش تەنیا لەگەڵ خۆی باسی نەخۆشیەکە بکەی، بەلاّم لە نەخۆشی دەروونی ئەو بارە فەرقی هەیە، سوپاس**

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ (هاژە خان و بێریڤان خان)، فەرموو ئاهەنگ خان.**

**بەرێز ئاهەنگ عارف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە لێرە تەمەنی 18 ساڵ تەحدید کرایە بۆ ئەوەی مافی ئەو نەخۆشە بێ کە 18 ساڵی تەواو کردبێ داوای داخیل بوون بکات، نازانم بەراستی خەڵك هەیە زۆر لە ژێر ئەو تەمەنەش تووشی نەخۆشی دەروونی ئەبێ، بۆ 18 ساڵ بێ؟ خەڵك هەیە لە 15 ساڵی، لە 14 ساڵی تووشی بارێکی تەندروستی خراپ ئەبێ، بۆیە پێم وایە 18 ساڵەکە تەحدید نەکرێ، هەر بڵێین مافی نەخۆشە، سەبارەت بە ئەوەی ئەڵێ لە هەرکاتێ بیەوێ مافی ئەوەی هەبێ داوای دەرچوون بکات، پێم وایە ناکرێ هەر کاتێ نەخۆش خۆی داوای کرد، راستە ئەوە مافی خۆیەتی، بەلاّم ئەبێ پزیشکی پسپۆر لەسەر ئەوە بڕیار بدات کە ئەو مافەی پێبدات، چونکە لەوانەیە نەخۆشەکە وابزانێ کە باری تەندروستی دەروونی باشە، بەلاّم لە لای پزیشك ناتوانرێ ئەوە تەحدید بکرێ کە باری تەندروستی دەروونی باشە، بۆیە پێم باشە ئەو دوو تێبینیە بە هەند وەرگیرێ، سوپاس**

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەی ئەڵێ نەخۆش بۆی هەیە داخیلی نەخۆشخانەی دەروونی بێ، بەڵام ئایا چ نەخۆشێك؟ چونکە هەموو نەخۆشێك بە داخیل بوون چارەسەر ناکرێ، ئێستا زۆربەی چارەسەرەکان لە کلینکەکان ئەکرێ، بە واستەی عیلاجی قسە کردن، بۆیە پێش ئەوەی بڵێی من داخیل ئەبم ئەبێ هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ، ئەگەر داخیل بوونی بە ئارەزوو بێ خۆ نەخۆشخانە هۆتێل نیە؟ نەخۆشخانە پێویستی بەو کەسانەیە کە هەڵسەنگاندنیان پێویستە ئەو کەسە داخیل بکرێ و چارەسەر کردنی لە ڕێگای ئەوان ئەکرێ، ئەو کەسەی چارەسەر کردن ڕەفز ئەکات لە ماڵەوە عیلاج وەرناگرێ، کەس و کاری ئاگادار ئەکەنەوە، یان ئەو چارەسەرکردنەی بۆی کراوە بە پێی عیلاجی دانیشتن لەگەڵی چارەسەری وەرنەگرتووە، ئەوکات ئەتوانی چارەسەری بکەی، داخیل بوونی بە ئارەزوی خۆی پێویستە لیژنەی تەندروستی بڕیار بدات کە پێویستی بە داخیل بوونە یان نا؟ سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە ئێمە لە خاڵەکانی دواتر تەبیبی موناوب ئەرکی پێدراوە، بەڵام لەم بڕگەیە دانەنراوە، کە بە بڕاوی من مەسئولیەتی بڕگەکانی تر زیاترە، ئێمە لە دخولی غێر تەوعی مەهام دراوە بەو تەبیبەی کە شوێن ئەگرێیتەوە لە بڕی دکتۆرە سەرەکیەکە، لێرە کە دخولی تەوعیە بۆ تەبیبی موناوب یان ئەو (من ینوب عنه) واتە لە دوای ئەویش ئەو دەرفەتەی بدرێتێ کە ئیقرار لەسەر ئەوە بکات بۆ دەرچوونی ئەو نەخۆشیە، ئەو ماددەی بەڕێزتان:

یحق لكل مريض نفسي ممن اكمل الثامنة عشرة من العمر طلب الدخول لإحدى مؤسسات الصحة النفسية بارادته، كما يحق له طلب الخروج في اي وقت، ويحق للطبيب) لەوێ ئیزافە بکرێ ئەو (من ینوب عنه) واتە جگە لە دکتۆرەکە ، ئەوەشی کە لە شوێنیەتی بتوانێ بڕیار بدات لەسەر کەیسکە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوێ ئیستیفسارەك لە بەڕێز وەزیری تەندروستی بپرسم، ئەی ئەو نەخۆشەی کە کەسی نیە، و ئیحتیاجی بە عیلاج هەیە؟ چۆن ئیجباری ئەکەی عیلاج وەرگرێ؟ من ئەو کەسانە تەقریبەن، یەعنی

هەندێ ئیستیفسارم لەسەری کرد لە دەرێ، ئەڵێن وەزارەتی عەدل قەرار ئەدات، چونکە زۆر نەخۆش هەیە لە سوید کە بە خۆر ئەیانەوێ عیلاجی بکەن بۆ کەئابە، نەوعە هۆڕمۆنێك هەیە ئیفراز ئەکات لە مێشکی بەشەر، ئەوە لە نەتیجەی تەعەروزی ئەو نەخۆشە بۆ ڕۆژ، ئەو نەخۆشانە کە لە پێش ڕۆژیان دائەنێن خۆیان ڕەفز ئەکەن ئەو عیلاجە، بەلاّم بە زۆر دایان ئەنێن، لەو حاڵەتەی کە نەخۆش ڕەفزی عیلاج ئەکات، یان کەسی نیە، چۆن ئیجباری ئەکەی ئەو نەخۆشە عیلاجی وەرگرێ؟ چونکە زۆرجار ئێستا لە هەموو دونیا ئیحتیاج ناکات بلێی ئەو نەخۆشە عیلاج وەرگرێ یان نا؟ خاسەتەن لە ئەمریکا، کە نەخۆشێك زۆر زۆر مەئیوسیش بن لێی، ئەڵێن ئێمە هەموو توانایەك خەرج ئەکەین لە توب بۆی، ئایا ئەوەی کەسی نەبێ چۆن ئیجباری ئەکەی بچێتە بواری عیلاج؟ وابزانم وەزارەتی عەدل ئەبێ ئیقرار بدات، چونکە لە خاریج وەزارەتی عەدل ئیقرار ئەکاتن سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئەو (ینوب عنە) پێم باش نیە زیاد بکرێ، چونکە کە تۆ پزیشك دائەنێی (ینوب عنە) ئیستیفسار وەرئەگرێ، لەوانەیە موقیم ئەقدەمێك دابنێ لە جێگای خۆی، چونکە پزیشکی موختەصی نەفسی بڕیار ئەدات نەخۆشەکەداخیل بێ، هەرئەویش بڕیار ئەدات دەرچێ، ئەگەر تەبیبی ئیخصائی موجاز بوو ئەوە رەئیس قسم هەیە، ئەڵێ فلاّن کەس تۆ ئینجازەی چۆن نەخۆش ئەنوێنی؟ لەبەر ئەوە زەروور نیە، چونکە ئەگەر دایبنێین لەوانەیە تەفسیریش هەڵگرێ، دووەم، مەسەلەی ئەوەی کە کەسی نیە، ئێمە دوو فەقەرەمان هەیە، یەکیان خوار 18 ساڵە، ئەمە یان دایك وباوکی هەیە، یان وەلی ئەمرە، یان لە دائیرەی کاروباری کۆمەڵایەتیە کە مەسئولێکی هەیە، ئەوەی دوای 18 ساڵە خۆی بڕیار ئەدات، ئیتر کەسی هەبێ یان نا، وەزارەتی عەدل پێم وا نیە عیلاقەی بەو مەوزوعە هەبێ، بەلاّم وەزارەتی عەدل، یان ئەنجومەنی دادوەری، یان دادگا کاتێك بڕیار ئەدەن کە ئەینێرێ بۆ لیژنەی توبی کە ئەو کابرایە موتەهەم بێ، غەدری لێکرابێ، یان غەدری کردبێ، ئەوکات بڕیار ئەدات، بەلاّم ئەوەی کە لە 18 ساڵ کەمترە ئەوە یان دایك و باوك و یان ریعایەی قاسیرینی پێ ئەڵێن لە کاروباری کۆمەلاّیەتی، یان لە دوای 18 ساڵ خۆی مەسئولە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەصەور ئەکەم ئێوە زیاتر باسی ئەو نەخۆشانە ئەکەن کە بە دخولی غێر تەوعیە، یەعنی بە ئیلزامی، ئێمە دێینە سەر ئەوە کە جگە لە مەجلیسەکەش ئەبێ مەحاکیم تەداخول بکات، بەلاّم ئەوە بۆ دخولی تەوعیە، واتە ئەو کەسە خۆی توانای هەیە، ئەچێ موراجەعە ئەکات، ئەگەر ئەهلی هەبێ خۆ ئەوە شەرت

نیە، بەڵام ئەگەر ئەهەلی هەبێ ئیختار ئەدرێ بە ئەهلەکەی کەوا نەخۆشەکە داخیل بووە، تەصەور ئەکەم کیفایەتە، فەرموو سیاغەی بکەن با بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تەوزیح لەسەر تێبینیەك، ئایا پزیشك ئەتوانێ بڕیار بدات نەخۆش بچێتە دەرەوە یان کەسەکە خۆی؟ ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو نەخۆشە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا هەبوو ئەو کات ئەو کسە ناتوانێ بۆخۆی خاوەنی بڕیار بێ کە لە نەخۆشخانە کەی ویستی بچێتە دەرەوە، ئەوکات پزیشکی بەرپرس ئەتوانێ، ئەوە لە دخول ئیلزامیەکە روون ئەکرێتەوە، بەڵام ئەو کاتەی کە نەخۆش ئیرادەی بە دەست خۆی بوو و توانی خۆی بڕیار بدات ئەوکات خۆی بەرپرسیارە لە ژیانی خۆی، و ئەگەر نەخۆشیەکەشی مەترسی تەنها بۆ سەر خۆی دروست کرد و بۆ سەر کۆمەڵگا نەبوو ئەو کەسە بەرپرسە لە خۆی، بۆیە خۆی ئەتوانێ بڕیار بدات لەوەی کەی ئەچێتە دەرەوە لە نەخۆشخانە، پزیشك ناتوانێ ئیلزامی بکات بمێنێتەوە لە نەخۆشخانە، بۆیە لەو حاڵەتە ئەوەی کە نەخۆش بە ئارەزووی خۆی داخیل بێ بڕیارەکە دراوەتە دەست نەخۆشی، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دخول المريض النفسي لمؤسسات الصحة النفسية**

**الفصل الاول**

**الدخول الطوعي**

**المادة الحادية عشرة ستصبح المادة السادسة:**

يحق لكل مريض نفسي ممن اكمل الثامنة عشرة من العمر طلب الدخول لإحدى مؤسسات الصحة النفسية بارادته، كما يحق له طلب الخروج في اي وقت، وللطبيب المسؤول الموافقة على ذلك، الا اذا انطبقت عليه شروط الدخول الالزامي وفي هذه الحالة تتبع الاجراءات المقررة في هذا الشأن، وفي جميع الاحوال يتم اخطار اهل المريض متى ما وافق على ذلك.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية عشرة ستصبح المادة السابعة:**

**يجوز للطبيب النفسي المسؤول او من ينوب عنه بناء على تقييم نفسي مسبب ان يمنع مريض الدخول الطوعي من مغادرة المؤسسة لمدة لا تتجاوز 72 ساعة في اي من الحالتين الاتيتين:**

**1- اذا رأى ان خروجه يشكل احتمالا جديا لحدوث أذى فوري او وشيك على سلامته او صحته او حياته او على سلامة او صحة او حياة الاخرين.**

**2- اذا رأى انه غير قادر على رعاية نفسه بسبب نوع او شدة المرض النفسي.**

**ولايجوز للطبيب في الحالتين المذكورتين اعطاء المريض اي علاج دون موافقته خلال تلك المدة فيما عدا علاج الطوارئ، ويتعين لاخضاعه لنظام الدخول غير الطوعي طبقا لاحكام المادة (14) من هذا القانون ابلاغ مجلس الصحة النفسية واجراء تقييم طبي مستقل ويجوز تمديد الفترة المشار اليها بما لا تتجاوز اسبوع اذا استمرت المبررات المنصوص عليها في هذه المادة ولم يكن في الامكان الحصول على التقييم الطبي المستقل خلال الايام الثلاثة الاولى من منع المريض من مغادرة المؤسسة على ان يخطر مجلس الصحة النفسية بالاسباب التي ادت الى تمديد الحجز وذلك كله على النحو الذي تقرره التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی**

**بەڕێز نیشتیمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 12:**

**پزیشكی دەروونی یان ئەوەی نوێنەرایەتی ئەكات بۆی هەیە بەپێی هەڵسەنگاندنێكی دەروونی هۆكار نەهێڵێ نەخۆشی دەروونی دەزگاكە بەجێ بهێڵێ، لە ماوەیەكدا كە لە 72 كاتژمێر تێنەپەڕێ، لە یەكێ لەم دوو بارانەدا:**

**1-گەر بێتو هۆی دەرچوونی ببێتە ئەگەری رووداني ئازارێكی كتوپڕ، یان چاوەڕوان نەكراو لەسەر سەلامەتی تەندروستی خۆی یان سەلامەتی یان تەندروستی یان ژیانی كەسانی تر.**

**2-گەر بینی توانای چاودێری كردنی خۆی نیە، بە هۆی جۆری یان گرانی نەخۆشیە دەروونیەكەیەوە.**

**پزیشك بۆی نیە لەو دووبارە ئاماژە پێكراوە هیچ چارەسەرێك بە نەخۆشەكە بدات و لەم ماوەیەدا بەبێ ڕەزامەندی خۆی، جگە چارەسەر كردنی فریاكەوتن نەبێ، ئەخوازێ لە كەوتنە ژێربارى ڕێسای داخیل بوونی بێ ئارەزوو و بە پێی حوكمەكانی ماددەی 14 ی ئەم یاسایە دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی ئاگادار بكرێتەوە و هەڵسەنگاندنی پزیشكی سەربەخۆی بۆ بكرێ، و ئەكرێ ماوەی ئاماژە پێكراوی بۆ درێژ بكرێتەوە كە لە هەفتەیەك تێنەپەڕێ، گەر هاتو بیانووە دەقێنراوەكەی ئەم ماددەیە بەردەوام بوو، لە دەستەلأت دا نەبوو هەڵسەنگاندنێكی پزیشكی سەربەخۆ لە ماوەی 3 ڕۆژی یەكەمدا دەست كەوێت لەوەی كە نەهێڵێ نەخۆش دەزگاكە جێ بهێڵێ، بە مەرجێك دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی ئاگادار بكرێتەوە**

ب هۆكارەكانی كە بوونە مایەی درێژكرنەوەی گلدانەوەی، ئەمانەش هەمووی بە پێی ئەو ڕێنماییانـە ئـەبن كە بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە دەركراون

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 12 كە ئەبێتە ماددەی هەشتەم ئێمە تەنها لەگەڵ ئەوەین كە (من ینوب عنە) لادرێ

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی یەكەمی لیژنەی تەندروستی ئێمە ئـەم ماددەیـەمان بـە زیـاد زانـی، بـەڵام دواتـر لـە كۆبوونـەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەوان پێیان باش بوو ماددەكە بمێنێتەوە، لەبـەر ئـەوەی زیـاتر مەسـەلەكە قانونیـە، ئایا دخولە تەوعیەكە هەرئەو كەسانەش ئەگرێتەوە كە داخیل بوون و ئـەو مەرجانـەیان بەسـەردا تـەتبیق ئەكرێ؟ یان نەخێر ئەوان كەسی ترن، بۆیە زیاتر بابەتەكە قانونیە، ئەوان پێیان بـاش بـوو، بۆیـە ئێمـەش پشتگیریمان كرد،

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە بۆ ئەو نەخۆشانەیە كە رەفتاریان جیاوازە، مەسەلەن بگاتە حەدێك كە توندوتیژ بـن، و ئەو دكتۆرە نەفسیە بە پێی ئەو چارەسەریەی كە ئەیداتێ لەوانەیـە دڵنیـا نـەبێ لـەوەی كـە ئـەو نەخۆشـە سەلامەتە، یان ناتوانێ خزمەتی خۆی بكات، لەبەر ئەوە داوای موهلەیەك ئەكات، كە 72 سەعات بێ، بـەڵام من پێم باشە ئەگەر لە ماددەكەدا بڵێ ئەگەر دەستەیەكی حوڕ دروسـت بكـرێ لـەناو پارێزگاكـە، مەسـەلەن ناكرێ دكتۆرەكە تەلەفۆن بكات بۆ ئەنجومەنی نەخۆشیە دەروونیەكان و ئەویش تـا كـۆ ئەبێتـەوە و ئینجـا بڕیار ئەدات، لەبەر ئەوە هەر لـە نـاو پارێزگاكـە ئەگـەر دەسـتە دروسـت بكـرێ، و منـیش تەئیـدی لیژنـەی یاسایی ئەكەم، ئەو (من ینوب عنە) ە لابدرێ، چونكە بەراسـتی ئـەوە كـە دانـراوە هەنـدێ پزیشـكی نەفسـی

لەگەڵ ڕێزم دایان ناوە بۆی ئەوەی موقیم ئەقدەمەکەش بڕیار بدات، نەخێر ئەبێ خۆیان بڕیار بدەن، ئەبێ پزیشکی پسپۆڕ بڕیار بدات، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئاشتی خان و کاك صەباح، کەسی تر نیە، فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە فکرەکەی من لەوەی پێشوو لێرەوە هات، کە لێرەدا بەرپرسیاریەتیەك لە برگەی دوای ئەوە ئەدرێ بە تەبیبی موناوب، بەلاّم مەسئولیەتەکەی کەمتر نیە لەوەی یەکەم کە تۆ 72 سەعات لەسەر بڕیاری ئەو ئەمێنێتەوە و بڕیار ئەدات، بۆیە کە لێرە هەڵگیراوە ئێستاکە جۆرێك لە عەدالەت دەستەبەر بووە لە برگەکان، سەبارەت بە برگەی یەکەم، (اذا رأى ان خروجه يشكل احتمالا جديا)، ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی تازە نیە سەردانی نەخۆشخانەکە بکات، ئەم حاڵەتە نزیکەی 72 سەعات یان بڕیار ئەدرێ و لەوێ بووە، یەعنی چەند کاتژمێرێك لە ناو مستەشفام بووە، و دیراسەی حاڵەتی کراوە بۆ کەیسەکە، کە دیراسەی حاڵەی هەبێ بۆ بڕگەکە بۆ بە ئیحتیمال دابڕێژرێتەوە؟ (احتمالا)، نەخێر، ئەم کەسە فایلی هەیە، تەبیبی پسپۆڕ بینیویەتی، و بڕیارێکی لەسەر دراوە کە ئەمە کۆمەڵێك ڕەفتاری هەیەکە ئەکرێ بچێتە دەرەوە و زیان بە خۆی و کۆمەڵگا و بە مومتەلەکاتی عامیش بگەیەنێ، بۆیە بە بڕوای من داوا ئەکەم کە ئەو ئیحتیماله فەرەزیاتە لادرێ بۆ ئەوەی قوەتی هەبێ کە ئەو کەسەی قراریش ئەدات بە یاساکە پشتی بە قوەت بێ، (اذا راى ان خروجه يشكل خطرا جسيما)، یەعنی ئەوە لە جیاتی ئیحتیمالەن دابنرێ، چونکە ئیتر ئەوە مەرحەلەی قەرارە بۆ دکتۆرەکە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صەباح

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 12 کە ئەبێتە ماددەی 8 منیش لەگەڵ ڕەئی جەنابی وەزیرم، ئەو (من ينوب عنه) لابدرێ، دوو، کە ئەڵێ (على تقييم نفسي مسبب ان يمنع المريض الدخول الطوعي من مغادرة المؤسسة لمدة لا تتجاوز 72 ساعة)ئەمە وابەستەیە بە حاڵەتی نەخۆش، ناکرێ بۆ چارەسەری نەخۆش وەقت دیاری بکەی، ئیحتیماله چەند ڕۆژی پێویستە، چەند سەعاتی پێویستە، ئەم 72 سەعاتە بە ڕەئی من ئەبێ لادرێ، دوو، (ولايجوز للطبيب في الحالتين المذكورتين اعطاء المريض اي علاج دون موافقته)، جەنابی وەزیر باخۆی باس بکات ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە حاڵەتیان زۆر خراپە، ئەگەر پێویستی بە عیلاج بێ و نەخۆش داوا بکات و نەیدرێتێ، بە ڕەئی من ئەوەش لادرێ، ئەوەی تر کە ئەڵێ (تمديد الفترة المشار اليها بما لا تتجاوز اسبوع)، یەعنی بۆ نەخۆش بە ڕەئی من نە سەعات پێویستە، نە ڕۆژ پێویستە و نە هەفتە، چونکە ئەمە حاڵەتی

تایبەتە ئیحتیماله مانگێك بخایەنێ و دوو مانگ بخایەنێ، چەند ڕۆژێك بخایەنێ، من ئەم پێشنیارەم کرد حەز ئەکەم لیژنەی هاوبەش لەبەر چاوی بگرن، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

دیاری کردنی کات بۆ پارێزگاری کردنە لە مافی نەخۆش، ئەگەرنا دکتۆرەکە ئیلزام نەکراوە تەنها 72 سەعات ئەو نەخۆشە داخیل بکات، کێشەکەش چیە؟ لەوانەیە لە نێوان دوو هاوولاّتی لەسەر موڵك و موڵکداری، کێشە هەبێ لەسەر خاوەنداریەتی ماددەیەك یان زەوییەك، کەسی بەرامبەر ئەم کەسە بۆ ئەوەی ئەو موڵکداریەی دەست بکەوێ یان بیسەلمێنێ خاوەندارەیەتیەکە هی ئەوە ڕەنگە پەنا بەرێتە بەر ئەوەی کە لە ڕێگەی پزیشکێکەوە هەوڵ بدات بیسەلمێنێ کە ئەم نەخۆشە کەسێکی تەواو نیە و نەخۆشی دەروونی هەیە، ئەم ڕێکارانە بۆیە گێراونەتە بەر، بۆ ئەوەی ڕێگە لە فەوتانی مافی هەم هاووولاّتیەك پێشێل بکرێ لەبەر ئەوە کە ئەمە نەخۆشی دەروونی هەیە، تەنها پزیشکێك بتوانێ ئەو بڕیارە بدات کە ئەم کەسە نەخۆشە یان نا؟ و هەم بۆ پاراستنی مافی ئەو کەسانەش کە نەخۆشی دەروونیان هەیە، پێویستیان بەوە نیە زیاتر داخیل بکرێن، بەلاّم ڕەنگە بە ئیلزامی لە لایەن پزیشکێکەوە لەسەر داواکاری کەس و کارێکی کە نایەوێ چاودێری کەسەکە بکات ئەو کەسە مولزەم بکات لە نەخۆشخانە بمێنیتەوە، و ماوەکە درێژ ئەکرێتەوە لەو 72 سەعاتە، یان ئەو ماوەیەی کە پزیشکەکە ئەیەوێ، بەلاّم کەی؟ ئەو کاتەی کە لیژنەی پزیشکی دەروونی پارێزگاگە بڕیاری دا لەسەر ئەوەی کە بڕیاری پزیشکەکە بڕیارێکی دروستە، و پێویستە ئەو نەخۆشە لە نەخۆشخانە بهێڵدرێتەوە

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری تەندروستی پێشنیاری کرد کە دەستەیەك یان پێکهاتەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەوەی ئەو ئەرکەی پێراسپێدرێ، ئێمە دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ لیژنەی تەندروستی، هەردوو لیژنەی لەگەڵ زیاد کردنی هیچ دەستە و لیژنە و ئەنجومەنێکی تر نین، پێشنیاری ئەوە ئەکەین کە لیژنەی تەندروستی دەروونی لە پارێزگاکان یان لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەك ئەو دەستەی گشتیە لەناو ماددەی 12 هاتووە ئەو ئەرکە بەو راسپێردرێ، سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو ماددە لەگەڵ ماددەی 14 ئەو ماددەیە باس لەوە ئەکات کە ئەو کەسەی کە نەخۆشی دەروونی هەیە بەخۆی و بە ئیرادەی خۆی ئەچێتە ئەو شوێنە، ناوی لێ ئەنێین شوێنی حەوانەوە یان نەخۆشخانە کێشەی وامان نیە، بەلاّم لە ئەنجامدا کە چووە ئەو شوێنە دەرچوونی لەو شوێنە هەندێجار پێویستی بە ڕەزامەندی ئەو لیژنە هەیە، واتە چوون بۆ ئەو شوێنە بۆ وەرگرتنی چارەسەر ئیرادەیە، بەلاّم ناتوانی لە شوێنەکە دەربچێ، لەبەر ئەوە مەترسی ئەو دوو حاڵەتەیە

کە باس کرایە، جیاوازی لەگەڵ ماددەی 14 ئەوەیە، ماددەی 14 خۆی بە ویستی خۆی ناچێتە ئەو شوێنە، بە زۆر ئەیبەن، ماددەی 12 بە ویستی خۆیەتی، بەڵام ڕێگەی پێنادەن بە ویستی خۆی ئەو شیوێنە جێ بهێڵێ، تاکو چارەسەری گونجاو وەرنەگرێ، ماددەی 14 بە زۆر ئەچێتە شوێنەکە، لەوێ ئەمێنێتەوە تا چارەسەر ئەکرێ، پشتگیری لە ماددەکە ئەکەین و تەنیا ئەو دەستەی گشتیە لە ماددەی 12 هاتیە بکرێتە لیژنەی تەندروستی دەروونی لەسەر ئاستی پارێزگاکان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا نیساب تەواو نیە، فەرموو بچن بۆ ماددەی 14، موناقەشەی ماددەی تر ئەکەین، ماددەی ( 13) ی یاساکە، بەڵام بە نیسبەت ئێوە دیارە تەسەلسول تێکچووە، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة عشرة ستصبح المادة الثامنة:**

يجوز لاي من الوالدين او الوصي او القيم تقديم طلب لفحص المريض النفسي ناقص الاهلية لعلاجه باحدى مؤسسات الصحة النفسية على ان يستشار الاخصائي الاجتماعي او من ينوب عنه بتلك المؤسسة في هذا الطلب وعلى ان تبلغ المجلس الصحة النفسية خلال يومي عمل من تاريخ الدخول، كما يجوز لاي من الوالدين او الوصي او القيم تقديم طلب للخروج في اي وقت الا اذا انطبقت على المريض شروط الحجز الالزامي وفي هذه الحالة تتبع الاجراءات المقررة في هذا الشأن.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 13 کە بۆتە ماددەی 9

هەریەکە لە دایك و باوك یان پێسپێردراو یان سەرپەرشتیکار بۆی هەیە داخوازیەك پێشکەش بکات بۆ پشکنینی نەخۆشی دەروونی کە توانای ئەوەی نیە لەیەکێ لە دەزگاکانی نەخۆشی دەروونی چارەسەری بکات، بەمەرجێ ڕاوێژی پسپۆری کۆمەڵایەتی بکات یان هەرکەسێك نوێنەرایەتی بکات لەو دەزگایەدا، و ئاگاداری دەستەی گشتی تەندروستی بکرێتەوە لە ماوەی 2 ڕۆژی کارکردندا، یان لەو ڕۆژەوەی کە داخیل بووە، هەروەها هەریەك لە دایك و باوك یان بەخێوکەری یان هەڵسەنگێنەر بۆی هەیە داخوازی دەرچوون پێشکەش بکات لە هەرکاتێکدا بێ، جگە لەوەی ئەگەر لەسەر نەخۆشەکە مەرجەکانی دەست بەسەر داگرتنی بەزۆری و ئیلزامی نەچەسپێ، لەم بارەشدا ڕێکاری بڕیار دراو لەو رووەوە ئەگیرێتە بەر.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 9 تەنیا ئەوەی کە ئەڵێ (وعلى ان تبلغ مجلس الصحة النفسية) ببێتە (ان تبلغ لجنه الصحه النفسيه في المحافظات)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەوە ئەکەم کە ئەو هەیئەی عامەیە بکرێ بە لیژنەی تەندروستی دەروونی پارێزگاکان، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەو ماددە هەیە؟ کەس قسەی نیە، ئەچینە ماددەی 14 ، ئەویش موناقەشە ئەکەین تا ئەندامان ئامادە ئەبن، فەرموو

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الدخول غير الطوعي**

**المادة الرابعة عشرة ستصبح المادة التاسعة:**

**اولاً:** لايجوز ادخال اي شخص الزاميا للعلاج بأحدى مؤسسات الصحة النفسية الا بموافقة طبيب متخصص في الطب النفسي وذلك عند وجود علامات واضحة تدل على وجود مرض نفسي شديد يتطلب علاجه الدخول لاحدى مؤسسات الصحة النفسية وذلك في الحالتين الاتيتين:

1-قيام احتمال تدهور شديد و وشيك للحالة النفسية.

2- اذا كانت اعراض المرض النفسي تمثل تهديداً جدياً وشيكاً لسلامة او صحة او حياة المريض او سلامة وصحة وحياة الاخرين.

وفي هاتين الحالتين يتعين ان يكون المريض رافضاً لدخول المؤسسات لتلقى العلاج اللازم على ان يتم ابلاغ الاهل ومدير ا لمؤسسة، او مجلس الصحة النفسية او اللجان ذات العلاقة بقرار ادخال المريض الزامياً خلال اربعة وعشرين ساعة من دخوله مرفقاً بتقرير يتضمن تقييما لحالته الصحية وذلك كله على النحو الذي تحدده التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون.

**ثانياً**: للطبيب الاختصاصي بالطب النفسي في المستشفيات والوحدات الطبية الحكومية، اذا وجد ان حالة المريض النفسية تشكل خطراً على نفسه او على غيره، ان يقرر ايداعه في وحدة علاجية مغلقة لمدة لا تتجاوز اسبوع على ان يعرض المريض خلال هذه المدة على لجنة طبية متخصصة لتقدير حالته المرضية.
**ثالثاً**: تتولى الوحدة ا لعلاجية المغلقة التي تتوفر فيها وسائل المعالجة التحفظية او الاحترازية اتخاذ الاجراءات المناسبة لتنفيذ ما ورد في البند (ثانياً) من هذه المادة ولها الاستعانة بالشرطة التي عليها اتخاذ الاجراءات اللازمة.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**داخیل بوونی بێ ئارەزوو**

ماددەی 14 بۆتە ماددەی 10

1-نابێ هیچ کەسێك بەزۆری داخیل بکرێ بۆ چارەسەر کردن لە یەکێ لە دەزگاکانی تەندروستی دەروونی دا بە ڕەزامەندی پزیشکێکی پسپۆر لە پزیشکێکی دەروونی نەبێت، ئەمەش لە کاتێکدا نیشانەکانی نەخۆشی دەروونی بە گرانی لێی دیار بوو، چارەسەر کردنی ئەخوازێ بخرێتە یەکێ لە دەزگاکانی تەندروستی دەروونیەوە ئەمەش لەم دووبارە ئەبێ

1-ئەگەری تێکچوونی سەخت و هەنووکەیی باری دەروونی

2-ئەگەر هاتو دیاردەکانی نەخۆشی دەروونی ببنە مایەی هەڕەشەی مکوڵ لەسەر سەلامەتی یان تەندروستی یان ژیانی نەخۆش یان سەلامەتی تەندروستی یان ژیانی کەسانی تر

دووبارە لەسەریەتی کە نەخۆش ڕەتی داخیل بوونی دەزگاکانی کردبێتەوە بۆ وەرگرتنی چارەسەری پێویست، ئەبێ ئاگاداری کەس و کاری بەڕێوەبەری دەزگاك یان دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی یان لیژنە پەیوەندیدارەکان لە بڕیارەکانی داخیل کردنی نەخۆش بە زۆری بکرێتەوە لە ماوەی 24 کاتژمێردا لەو کاتەی داخیل بوون هاوپێچ کرابێ بە ڕاپۆرتێك کە هەڵسەنگاندنی تەندروستی لە خۆی بگرێت و هەمووشیان بەپێی ئەو ڕێنماییانە ئەبن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە

2-بۆی هەیە پزیشکی پسپۆر لە پزیشکێکی دەروونی لە نەخۆشخانە یەکە پزیشکەکانی حکومیدا گەر بینی باری دەروونی نەخۆش مایەی هەڕەشەیە لەسەر خۆی یان کەسانی تر بڕیار بدات کە بخرێتە یەکەیەکی چارەسەر کردنی داخراو بۆ ماوەیەك کە لە یەك هەفتە زیاتر نەبێت و بە مەرجێك نەخۆشەکە لەم ماوەیەدا بخرێتە بەردەم لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆر بۆ مەزندە کردنی باری نەخۆشیەکەی

3—یەکەی چارەسەر کردنی داخراو کە هۆکارەکانی چارەسەر کردنی خۆ پاریزی و سەلمێنەری تێدایە رێکاری گونجاو بخرێتە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوانەی لە برگەی دووەمی ئەو ماددەیە هاتوون و بۆی هەیە پەنا بۆ پۆلیس بەرێ کە لەسەریانە رێکاری پێویست بگەرنە بەر

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەرێز ئەڤین عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە هەیئەی عامە بۆ سەحەی نەفسی بیێتە لیژنەی سەحەی نەفسی لە پارێزگاکان، و (لجان ذات العلاقە) ش لادرێ، سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەرێز د.رێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بە کوردیەکەی کە ئەڵێی دخولی بێ ئارەزوو، بێ ئارەزوو نیە، بەزۆرە، بێ ئارەزوو جیایە و بەزۆریش جیایە، دووەمیش ئەوەی لیژنەی یاسایشم پێ پەسندە کە ئەو ((لجان ذات العلاقە) لادرێ، ئەوە شتێکی عامە، بەس لیژنەی موحافەزە زیاد بکرێ، سێیەمیش، لە هەموو خەستەخانەی دەروونی ژورێك هەیە بۆ سەلامەتی نەخۆشەکەیە، چوار دەوری بە ئیسفەنج گیراوە، دائەخرێ ئەو ژوورە ئەگەر بزانن ئەو نەخۆشە خەتەرە لەسەر دکتۆرەکان و لەسەر کارمەندانی تەندروستی، ئەیخەنە ئەو ژوورەوە هەتا باری دەروونی هێور ئەبێتەوە، کە ئەڵێ ژووری ئینفرادی، ئەوەیە،سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ 2 ئەندام (ئاشتی خان، شلێر خان) فەرموو ئاشتی خان

**بەرێز ئاشتی عزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من جارێکی تر تەئکید ئەکەمەوە سەری برگەی یەکەمی کە ئەڵێ (قیام احتمال تدهور شدید)، جارێکی تر گریمان دانراوە، ئەم کەیسە حاڵەتێکی غێر تەوعیە، واتە بە زۆرەملێ ئەهێڵدرێتەوە، دیراسەی بۆ کراوە، لەژێر چاودێریدا بووە، حاڵەتێکی تاریئە، و ئیحتیمال هەیە کە ئەم کەسە زیان بگەیەنێ بەخۆی و دەورو پشت، چۆن ئەم جوملەیە بەم شێوە گریمانەیە دائەرێژرێتەوە؟ پێویستە بنووسرێ (قیام دلائل واضحة على حدوث تدهور شديد...)واتە دەلائل هەیە، بەلگە هەیە و ئەبێ لە کەیسەکە تۆمار بکرێ، بۆیە من رەئیم وایە کە ئەو ئیحتیماله هەڵبگیرێ و لە بری ئەوە دەلائل وازیحە بنووسرێ، سەبارەت بە برگەی دووەمی (اذا كانت اعراض المرض النفسي تمثل تهديداً جدياً) ئەوە لە رووی

زمانەوانیەوە (واو) یٚکی کەم ئەبیٚ، (و وشیکا لسلامة او صحة المـریض او سـلامة او صـحة حیـاة الاخـرین و المتلاکات...) یەعنی زۆرجار لەوانەیە درکی بەوە هەبیٚ ئازار بەخۆی نەگەیەنیٚ، هەست بە ئازار ئەکات، بە بەرامبەریشی نەگەیەنیٚ، بەلاٚم لەوانەیە ئەموالی عامـە و مومتەلـەکاتی عامـە ڕووبـەڕووی زەرەر ببیٚتـەوە، ئەوەی بۆ ئیزافە بکریٚ، لە دیٚری دووەمی دوای بڕگەی دووەم کە ئەلیٚ (ان یتم ابلاغ الاهل ومـدیر المؤسسـة او الهیئة العامة للصحة النفسیة او اللجان ذات العلاقة) بە بڕوای من ئەوانە هەلبٚگیریٚ، چونکە لەوانەیە ئەو نا ئەو، ئەو نا ئەو، بەو مەعنایە هـاتووە کـە بـە بـڕوای مـن ئـەبیٚ هـەموو (و) بـیٚ، ئـەبیٚ ئـەو (ا) نـەی بـۆ هەلبٚگیریٚ، ((ان یتم ابلاغ الاهل ومدیر المؤسسة و الهیئة العامة للصحة النفسیة و اللجان ذات العلاقـة)، واتـە نەك بەخیاری ئەوان ئەگادار نەکردووە و ئەومان ئاگادار، نـەخیٚر، ئـەبیٚ هـەموویان، چـونکە مەسـئولیەتکە موشتەرەکە، لە پیٚشتیریش ئیٚمە لە ئەسباب موجەبەش باسی ئەوەمان کرد کە ئەبیٚ ئەو مەسـئولەیەتە بـە شیٚوەیەکی موشتەرەك دابڕیٚژریٚت، سەبارەت بـە خـالٚی دووەم کـە (للطبیـب الاختصاصـي بالطب النفسـي في المستشـفیات والوحـدات الطبیـة الحکومیـة)، بـە بـڕوای مـن ئـەوە بکریٚتـە (في المؤسسـات الصـحة النفسـیة في المستشـفیات)، چـونکە ئەمــە زۆر عمومــە، هــەمووی ئەگریٚتــەوە، تەشـخیس نــەکراوە، موشـکیلەم لەگــەلٚ موستەشفایەکە نیە، بـەلاٚم ئـەبیٚ لـە یاساکە تەشـخیس بکـریٚ، چ گریمانیٚـك هەیـە کـە تـۆ موستەشـفای تـر نالیٚی؟ چ گریمان هەیە کە تۆ وەحداتی توبی تر نالیٚی؟ خۆ تەحدید نەکراوە؟ تاکە حەل بۆ ئـەوەی کـە لـە تەفسیری جیاواز دەربچین لە یاساکە ئەوەیـە کـە تـابیعی بکەیـەوە و ئـەم موستەشـفاو بنکانـە ئەوانـەی کـە تابیعن بەو موئەسەسەی سەحەی نەفسی، یـان بەلایـەنی کەمـەوە ئـەو نـاوە بـۆی بگوازریٚتـەوە و لەگـەلیٚان دابنریٚ، لیٚرە لە ڕیزی دوای ئەوە ئەلیٚ (ان حالة المریض النفسیة تشکل خطراً علـی نفسـه او علـی غـیره، ان یقرر ایداعه في وحدة علاجیة)، من لەگـەلٚ وشـەی ئیـداع نـیم، ئەگـەر وشـەیەکی تـر لـە داڕشـتنەوە بـەکار بهیٚنریٚ گونجاوترە، چونکە ئیداع بەراستی زیاتر لە فەرهەنگی مالیدا بەکار ئەهیٚنریٚ، وشـەیەکی تـوبی بـیٚ باشترە، بەرەئی من لە (ان یقرر ایداعه عـدا استشاره الطبیـب النفسـي المختص) ی بـۆ ئیزافـە بکـریٚ، واتـە ئەوەی بۆ ئیزافە بکریٚ، و پرسیارم هەیە، ئایا ئەم کەسە ئەهیٚلدٚریٚتەوە لەسەر بنـەمای چـی؟ بـەس لەسـەر دیراسەی حالەکە؟ کە کۆمەلیٚك دەلائیل هەیە، ئەگەر بە پیٚی یاسـاکە بیٚـت کۆمـەلیٚك ئیحتیمـال هەیـە، کـە ئـەم کەسـە ئەهیٚلدٚریٚتـەوە ئـەو مودەیـەی کـە بـۆی دانـراوە هەفتەیەکـە، ئـەوە یەکیٚکـە لـە پرسـیارەکانم، بەلایـەنی کەمــەوە ئـەبیٚ لەســەر داواکـاری خیٚزانــی نەخۆشــەکە بـیٚ، شـورتەی مەسـئول لـە مەحەلەکـە، حالەتیٚکی لەو نەخۆشەی بینیوە؟ لەسـەر چیە؟ ئایـا لەسـەر تەلـەبیٚکی کیتـابی ئەنووسـریٚ؟ یـەکیٚك هەیـە بـەرپرس بـیٚ و بلیٚ ئەگـەر تەبیبەکـەش بـیٚ موشـکیلەم نیـە، بـەلاٚم ئـەبیٚ تەلـەبیٚکی کیتـابی تیٚـدابیٚ بـە نووسراو، نەك لە مەمەڕەکەدابیٚ و دکتۆرەکە بلیٚ مـن بڕیارمـدا ئـەو نەخۆشـە بمیٚنیٚتـەوە، لەوانەیـە ئـەو دکتۆرەی بینی بیٚ و حالەتەکەی تەدەهوری کردبیٚ، موشکیلەی هەبیٚ لەگەلیٚ، موعامەلەیان بە پیٚی پیٚوست نەبیٚ، بۆ ئەوەی کە لەم لیژنـەی تەحقیقاتـە لیژنەکـەش ڕزگـاری بـیٚ و مەستەشـفاکەش ڕزگـاری بـیٚ ئـەبیٚ تەلەبیٚکی مەکتوب هەبیٚ، ئینجا ئەو لایەنـەی کـە نەخۆشـەکە ئـەهیٚنیٚ، ئـەو لایەنـەی کەدیراسـەی حالەکـە

ئـەكات لـە موستەشـفاكە، ئـەبێ تەڵـەبێكی مـەكتوب هـەبێ وەكـو حقـوقی نـەخۆش ئـەبێ هـەر نیسـبەتێك حقوقی بمێنێ، راستە بە غەیری تەوعی ئەیبەینە ژوورەوە، بەڵام ئەبێ حقوقی هەر هەبێ، مـن پێشـنیازی زیاد كردنی برگەیەك ئەكەم بۆ مـاددەی 14 ، لێـرەوە بـاس لـەوە ئـەكرێ كـە تەبیبەكـە دەسـتەڵاتی ئـەوەی هەبێ كە مودەكە بە پێی زەروورەت درێژ بكاتەوە، بەڵام ئایا یەكێك لە ئیحتیمالاتـەكان نیـە كـە ئـەو ئـەڵێ مـن هەفتەیـەك ئەیهێڵمـەوە، ئیمكانـە حاڵەتەكـە پێویسـتی بـە هەفتەیـەك نـەبێ، ئـەی چـۆن ئیلغـای ئـەو هەفتەیە ئەكات؟ یان كەمی بكاتەوە؟ بۆ نموونـە لـە سـلوكێكدا هەسـت ئـەكات پێویسـتە 72 سـەعاتەكە بـۆ نەخۆشەكە زیاد بكرێ بۆ هەفتەیەك، ئەی خۆ ئەبێ نەصێكیش هەبێ ئەگەر زانیان و لێی تەئكید بوونەوە كە هەفتەكەی ناوێ، یـان پێویسـت ناكـات درێـژتر بكرێتـەوە، ئـەبێ نەصـێك هـەبێ سـەلاحیەت بـدات بـەو دكتۆرە كە بڕیاری درێژكردنەوەی داوە هەر بەو سەلاحیەتە بتوانێ ئیلغای درێژكردنەوەكە بكات، بۆیە من پێشنیازی ئەوە ئەكەم كە برگەیەم ئیزافە بكرێ و بڵێین (یجوز للطبیب النفسي الغاء الـدخول الالزامـي قبـل انتهاء المدة المشار الیها اذا انتفت مبرارته علی ان یقوم.....)، مەسەلەن ئیستیناد بكات لەسەر تەقاریری ئـەو لیژنەیە كە بینیویەتی، و ئەوانەشی كە لەدوای ئەو بڕیار ئەدەن، ئەڵێن هەفتەكـە زەروور نیـە و پێیوسـتە بۆی كەم بكرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وەلا ئەو پێشنیارەی خۆت ئەگەر بە نووسین بدەی بە لیژنە، ئەو ئیزافەی كە باست كرد،

فەرموو شلێر خان

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـە نیسـەبت مـاددەی یەكـەم لەبـەر ئـەوەی بەراسـتی ئەمـە قانونـە و تـەعلیمات نیـە، ئێمـە تـەعاریفی ستۆریشمان لە پێشەوە كرد، بە رەئی من وەكـو چـۆن مـاددەی دووەم و سـێیەم تەقریبـەن لـە یاسـای ژمـارە یەكی ساڵی 2005 ی ئیتیحادی وەرگیراوە، هەر نەصەن، جا با یەكەمیش هەر وابێ، (لایجوز حجـز المـریض غیر طوعي او علاجه اجباریا یشكل خطرا علی نفسـه او علـی المجتمـع)، ئـیتر پێویسـت بـەو زیادانـە ناكـات، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەی ئەگەر یان ئیحتیمال كە لـەم ماددەیـە و لـە ماددەكـەی تـریش هـاتووە، ئـەتوانین بڵـێین پێویسـت بـەوە ناكـات لادرێ، و هـەر ئـەبێ بمێنێتـەوەش، چـونكە مـەرج نیـە لـەو كاتـە ئـەو نەخۆشـە ئـەو كێشـانەی هـەبێ، بـەڵام ڕەنگـە پزیشـكەكە پێشـبینی ئـەوە بكـات كـە لـە مـاوەی ئـەو 24 سـەعاتەی كـە

ئەهێڵدرێتەوە ئەو كێشانەی بۆ دروست بێ كە ببێتە هۆكاری زیان گەیاندن بە خۆی یان بـە خـەڵكێكی تـر، لەبـەر ئـەوە بابەتەكـە لـە چوارچـێوەی ئەگەرەكـە هـەر ئەمێنێتـەوە، چـونكە پزیشـكەكە ئەگـەر دائـەنێ، ئەگەری هەیە ئەم كێشەیە روو بدات، بـەڵام ئەگەریشـی هەیـە روونـەدات، چـونكە بەشـێكی زۆر لـەو كێشـە پزیشكیانە مەسەلەی ئەگەرە، لەچوارە چێوەی ئەگەردا خۆی ئەبینێتەوە، شتێك نیە لە ناو توب لـە 100٪ بێ، یەعنی ئەصلەن عـیلاج كـردنیش مەسـەلەیەكی لـە 100٪ نیـە تـا تـۆ بڕیـار بـدەی كـە لـە 100٪ ئـەم كێشەیە دروست ئەبێ یان نـا، بۆیـە لـە چوارچـێوەی ئیحتیمالـدا ئەمێنێتـەوە، پزیشكەكە ئیحتیمـالی ئـەوە وەرئەگرێ لە ئێستادا عیلاجێكی بـەكارهێناوە ئـەم نەخۆشـە ڕەنگـە لـە ئێسـتادا تـا ڕادەیـەك حاڵـەتی بـاش بووبێ، بەڵام ڕەنگە حاڵەتەكەشی خراپتر ببێتەوە، لەبەر ئەوە نابێ ئـەوە بـە مەسـەلەیەكی بـە لـە 100٪ دانبنێن، هەر ئەبێ بە ئەگـەر بمێنێتـەوە، و ئـەو پزیشـكەش ئەگـەر دائـەنێ، سـەبارەت بـە موستەشـفەیاتی حكومی راستە ئەكرێ بڵێین (مؤسسات الصحة النفسية) یان ئەوەی هەر برگەیەك كە لیژنـەی یاسـایی پێـی باشترە، ئیداعەكەش لای ئەوانە، لەسەر داوای كێ داخیل ئەكرێ؟ باشترە ئێمە ئەوە دیاری نەكەین كە چۆن و لەسەر داوای كێ داخیـل ئـەكرێ؟ چـونكە ڕەنگـە لەگـەڕەكێك كەسـێك هـەبێ لـەو شـێوەیە، هـیچ كـەس و كارێكی نیە، و خۆشی ئیرادەی ئەوەی نیە بڕیار بدات و بچێت لە نەخۆشخانەیەك داخیل بێت، ئەوكات كـێ بڕیـار ئـەدات، یـەعنی حەسـری بكـەین لـەوەی كـەس و كـاری، ئەگـەر نـەیبوو؟ ئەگـەر حەصـری بكـەین لەوەزارەتی عەدل، باشە ئەگەر وەزارەتـی عـەدل پێینـەزانی؟ ڕەنگـە جـاری وا هەیـە ئـەوە هاووڵاتیـەك لـەو شێوێنە زانیاریەك ئەهێنێ و بە دەزگای پۆلیس یان بە موئەسەسەیەكی سەحەی نەفسیە كـە كەسـێكی لـەو شێوە هەیە و پێویستە ئێوە عیلاجی بكەن، بۆیە لەگەڵ ئەوە نیم كە تەحدیدی بكەین كێ ئەو كارە بكات، ئەگەر هەفتەكەی نەوێ، ئێمە بۆ بڕیار بـدەین هەفتەیـەك؟ لـە راسـتیدا تەحدیـد نـەكراوە هـەر ئـەبێ 72 سەعات بێ یان هەفتەیەك بێ، ئەڵێ نابێ لە هەفتەیەك زیاتربێ، واتە ئەگەر 72 سەعات نەبێ و چوار ڕۆژ بێ، یان 72 سەعات نـەبێ و 5 ڕۆژ بـێ، ئـەوە لـە دەسـتەڵاتی پزیشكەكەیە، بـەڵام دەسـتەڵاتی هەفتەیـەكی پێداوە، بەڵام لە هەفتەیەك زیاتری پێ نەداوە، ئەڵێ (لاتتجاوز الاسبوع) لەبەر ئەوە دەسـتەڵاتەكە نـابێ لـە هەفتەیەك زیاتر بێ، نەك ئەوەی لە هەفتەیـەكیش كـەمتر نـەبێ، لـە مەسـەلەی هەفتەكـە پـێم وایـە هـیچ كێشەیەك وجودی نیە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی دكتۆر

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید_وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی لیژنەی تەندروستی پەرلەمان ئەكەم، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا نیساب تەواوە، فەرموو بۆ ماددەکانی پێشوو دەست پێبکەن بە سیاغە کردن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية عشرة ستصبح المادة السابعة:**

يجوز للطبيب النفسي المسؤول بناء على تقييم نفسي مسبب ان يمنع مريض الدخول الطوعي من مغادرة المؤسسة لمدة لا تتجاوز 72 ساعة في اي من الحالتين الاتيتين:

1- اذا رأى ان خروجه يشكل احتمالا جديا لحدوث أذى فوري او وشيك على سلامته او صحته او حياته او على سلامة او صحة او حياة الاخرين.

2- اذا رأى انه غير قادر على رعاية نفسه بسبب نوع او شدة المرض النفسي.

ولايجوز للطبيب في الحالتين المذكورتين اعطاء المريض اي علاج دون موافقته خلال تلك المدة فيما عدا علاج الطوارئ، ويتعين لاخضاعه لنظام الدخول غير الطوعي لاحكام المادة (14) من هذا القانون ابلاغ لجنة الصحة النفسية في المحافظة واجراء تقييم طبي مستقل ويجوز تمديد الفترة المشار اليها بما لا تتجاوز سبعة الايام اذا استمرت المبررات المنصوص عليها في هذه المادة ولم يكن في الامكان الحصول على التقييم الطبي المستقل خلال ايام الثلاثة الاولى من منع المريض من مغادرة المؤسسة على ان يخطر اللجنة الصحة النفسية في المحافظة بالاسباب التي ادت الى تمديد الحجز.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 12 ی یاساکە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە، دیارە کوردیەکەشی پێشتر خوێندراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ دەستکاری کرا لەسەر قسەی ئێوە، بۆیە بەو سیاغەی کە ئێستا بە عەرەبیەکە خوێندرایەوە کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ سیاغەی ماددەی تر

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا ماددەی 12 و 13 لە ئەسلی پرۆژەکە نەداربووە دنگدان، ئێستا ماددەی 13 یە کە دەبێتە ماددەی 9

**المادة الثالثة عشرة ستصبح المادة الثامنة:**

يجوز لاي من الوالدين او الوصي او القيم تقديم طلب لفحص المريض النفسي ناقص الاهلية لعلاجه باحدى مؤسسات الصحة النفسية على ان يستشار الاخصائي الاجتماعي او من ينوب عنه بتلك المؤسسة في هذا الطلب وعلى ان تبلغ لجنة الصحة النفسية في المحافظة خلال يومي عمل من تاريخ الدخول، كما يجوز لاي من الوالدين او الوصي او القيم تقديم طلب للخروج في اي وقت الا اذا انطبقت على المريض شروط الحجز الالزامي وفي هذه الحالة تتبع الاجراءات المقررة في هذا الشأن.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەی 13 بەو شێوەی کە خوێندرایەوە و پێشتر موناقەشەی لەسەر کرا، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند گرا، فەرموو بۆ سیاغەی ماددەی 14**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الدخول غير الطوعي**

**المادة الرابعة عشرة ستصبح المادة التاسعة:**

**اولاً: لايجوز ادخال اي شخص الزاميا للعلاج بأحدى المؤسسات الصحة النفسية الا بموافقة طبيب متخصص في الطب النفسي وذلك عند وجود علامات واضحة تدل على وجود مرض نفسي شديد يتطلب علاجه الدخول لاحدى مؤسسات الصحة النفسية وذلك في الحالتين الاتيتين:**

**1- احتمال تدهور شديد و وشيك للحالة النفسية.**

**2- اذا كانت اعراض المرض النفسي تمثل تهديداً جدياً وشيكاً لسلامة او صحة او حياة المريض او سلامة وصحة وحياة الاخرين.**

**وفي هاتين الحالتين يتعين ان يكون المريض رافضاً لدخول المؤسسات لتلقى العلاج اللازم على ان يتم ابلاغ الاهل ومدير ا لمؤسسة، ولجنة الصحة النفسية في المحافظة بقرار ادخال المريض الزامياً خلال اربعة وعشرين ساعة من دخوله مرفقاً بتقرير يتضمن تقييما لحالته الصحية.**

**ثانياً: للطبيب المختص بالطب النفسي في المستشفيات والمؤسسات الطبية النفسية، اذا وجد ان حالة المريض النفسية تشكل خطراً على نفسه او على غيره، ان يقرر ايداعه في وحدة علاجية مغلقة لمدة لا تتجاوز سبعة ايام على ان يعرض المريض خلال هذه المدة على لجنة طبية متخصصة لتقدير حالته المرضية.**

**ثالثاً: تتولى الوحدة ا لعلاجية المغلقة التي تتوفر فيها وسائل المعالجة التحفظية او الاحترازية اتخاذ الاجراءات المناسبة لتنفيذ ما ورد في البند (ثانياً) من هذه المادة ولها الاستعانة بالشرطة التي عليها اتخاذ الاجراءات اللازمة.**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەی 14 ی ئەسلی پرۆژەکە کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة عشرة ستصبح المادة العاشرة:**

**اذا وجدت اللجنة الطبية المختصة ان المريض يشكل خطراً على نفسه او على غيره فلها ان توصي بايداعه في وحدة طبية علاجية مغلقة لمدة اقصاها (30) ثلاثون يوماً على ان تعرض توصية اللجنة على قاضي التحقيق المختص خلال (72) ساعة لاصدار القرار بالموافقة على الايداع للمعالجة.**

2-على اللجنة الطبية ان تعرض قراراتها على قاضي التحقيق المختص خلال ثلاثين يوم لاصدار قراره بالموافقة على الايداع للمعالجة

3-تبلغ قرارات قاضي التحقيق المختص المنصوص عليها في البندين اولا والثانيا من هذه المادة حالة صدورها للادعاء العام للمتابعة وفق القانون

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 11

1-گەر لیژنەی پزیشکی پسپۆر بینی نەخۆش هەڕەشە ئەکات لەسەر خۆی یان لەسەر کەسانی تر، بۆی هەیە ڕاسپێرێ کە بنێردرێتە یەکەی پزیشکی چارەسەر کردنی داخراوەوە، بۆ ماوەیەك کە لە 30 ڕۆژ تێنەپەڕێ، بەمەرجێك ڕاسپاردەی لیژنەکە بخرێتە بەردەمی دادوەری لێکۆڵێنەوەی پسپۆر، کە لەماوەی 72 کاتژمێر بۆ دەرکردنی بڕیاری ڕەزامەندی لەسەری بۆ دانانی چارەسەر کردن

2- لەسەر لیژنەی پزیشکەیە بڕیارەکانی بخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵێنەوەی پسپۆر لەماوەی 30 رۆژدا بۆ دەرکردنی بڕیاری ڕەزامەندی لەسەر دانانی بۆ چارەسەر کردنی

3- بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوەی پسپۆری دەقێنراو لە برگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە لەگەڵ دەرچوونی دا ئەدرێتە داد بینی گشتی بۆ بەدواداچوون بە پێی یاسا

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەی تێبینیمان نیە، تەنیا ئەوە نەبێ لە سێیەم کە ئەڵێ (في البندين) ببێتە (في الفقرتين)

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکیی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە لیژنەی یاسایی پرسیارێك ئەکەم، لە نێوان فەقەرەی 2 و 1 تەناقوزێك نابینیٚ؟ سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (ئاهەنگ خان، تارا خان، دکتۆر ئەحمەد، بێریڤان خان) فەرموو ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لێرە هەندێ پرسیار لە جەنابی وەزیر ئەپرسم، هەندێ ئیزافەشەم هەیە ئەگەر قبولی بكەن لیژنەی هاوبەش، ئەڵێ (اذا وجدت اللجنة الطبية) من ئەڵێم ((او الطبيب الخاص المعالج)، شەرت نیە هەموو نەخۆشێك كە خۆی ئینتیحار ئەكات لە لیژنە بێ بۆ ئەوەی تۆ ئیجاری بكەی بچێتە موستەشفا، كەس هەبووە دكتۆری خاص پێی وتووە دەستت دەڕوا خۆت بكوژی؟ ئەو ژنە پاش 24 سەعات خۆی بە پانكەی هەڵواسیوە، لە سلێمانی 2011 قەوما، ئەگەر تەبیبی خاصی موعالیجیش بێ ئەوكات ئەو تەبیب خاصە ئەچێ بە لیژنە ئەڵێ كاكە قانونەكی وا هەیە و ئیجباری بكەن ئەو نەخۆشە بچێتە ژووری، نابێ بچێتە ئەو مونعەتەفەی كە خۆی بكوژێ، ئەو كەسە كاك دكتۆر واقیعی بووە، و ئایا من شتەكی ئەڵێم، ئەڵێم بۆ ئێمە بگەینە ئەو حەدەی كە نەخۆش ئەگاتە حەدی كریتیكەل ئەوكات حالەتەی بۆ بكەین؟ ئەگەر ئێمە ئیحسایەكمان هەبێ و بزانین لە حاڵەتی ئینتیحار و چاك بوونەوە چەند پێشتر بە مەرحەلە ئەوكات ئیجباری بكەین بۆ ئەو فەقەرەی؟ ئایا هیچ ئیحسائیەك هەیە؟ كە نەمانبێ ئەگەینە كریتیكەل پۆینت، نوقتەیەك بێ ئەو نەخۆشە یان خۆی ئەكوژێ، یان ئەمرێ ئەو كات ئێمە ئەو ئیجرائەی بكەین، لێرە دیسان ئەگەڕێمەوە ئەڵێم ئەوەتا ئەڵێ قازی تەحقیق، ئەواتا ئەڵێ وەزارەتی عەدل، ئەواتە ئەڵێ ئەو كەسەی عەدیمی ئەهلیە بوو ناقس ئەهلیە بێ، دیسان ئەڵێ قازی تەحقیق موهیمە، كەواتە بە گوێرەی قانونی ئەورووپیش وەزارەتی عەدل لەو كەیسانە زۆر موهیمە و لە سەحەی نەفسیش، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان

**بەرێز تارا ئەسعەدی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی لێرە قەرار دانی ئەم حاڵەتانە ئەگەڕێتەوە بۆ دكتۆری پسپۆر یان ئەو لیژنەی هەیە، ئایا ئەم نەخۆشە خەتەری ئەوەیە ئەگەر لەدەرەوە بێ و ئەبێ بخرێتە ناو شوێنێكی عیلاجی موغلەق، بەس پرسیارم لە بەرێز وەزیرە كە بۆ زیاتر روون كردنەوە، ئایا ئەم مودەتی 30 رۆژە و دانانی لە ژوورێك بە تەنیا كە جەنابی لێرە روون كردنەوەیەكی كرد كە شوێنێك هەیە ئیداع بكرێ لێی لەبەر ئەوەی زەرەری هەیە بۆ دكتۆر و بۆ دەوروبەری، ئایا لێرە ئەو وەحدە عیلاجیە موغلەقە زیاتر وای لێ ناكات باری دەروونی قورس بێ بۆ ماوەی 30 رۆژ؟ و بۆ 30 رۆژە؟دووەم، لێرە باس ئەكات ئەڵێ (على ان تعرض توصية اللجنة  على قاضي التحقيق)، یەعنی كە ئەو پیشانی قازی تەحقیق ئەدات تەنها دكتۆرەكە خۆی قەراری داوە، چونكە ئەوانن ئەگەڕێن بۆ عیلاج، تەنیا بۆ وەرگرتن و پیشان دانە، نەك بۆ ئەوەی قەرار بێ ئایا داخیل بێ یان نا؟ چونكە قازیەكە لێرەوە بۆ زانینی مەعریفەكەیە، لەوانەیە موشكیلەیەكی تری بە دواوەبێ، وەكو جەریمە، نەك قازیەكە قەرار بدات، ئەی ئەگەر وتی نا موافق نیم، ئەی لیژنەی تۆبی؟ لەو حاڵەتە چی ئەبێ؟ یەعنی دكتۆرەكە دەوری چیە؟ لە دووەم حاڵەت بەراستی لێرە پیشان ئەدات كە ئەبێ

قازی تەحقیق موافق بێ، دیسان دەوری دکتۆر نامێنێ، لەبەر ئەوە من وا تەصەور ئەکەم کە دووەم نەمێنێ وەکو تەحقیق، تەنیا هی یەکەم بێ، لیژنەی توبی یان ئیزافەی ئەوە بکرێ (اذا وجدت لجنة طبية متخصصة او وجود تقرير لمريض يحتاج الى عيلاجي بعيدة المدى) یەعنی تەقریرێك هەبێ لە لای دکتۆرێکی موعالیج بۆ ئەو نەخۆشە، چونکە ئیحتیمالە دەمێکە عیلاج ئەکرێ، نەگەیشتۆتە لیژنە، تازە ئەگات، ئەگەر بێتو ئەو تەقریرە هەبێ ئیزافە بکرێ بۆ یەکەم، لیژنەی یاسایی و تەندروستی زەحمەت نەبێ، ئەگەر ئەمە وەربگیرێ، کە هەر نەك لیژنەکە قەرار بدات، بەڵکو ئەگەر تەقریریش هەبێ لە لایەن دکتۆرێکی تر کە عیلاجی کردووە، بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ و ئیزافە بکرێ بۆ ئەوە، و تەحقیقەکەش لادرێ لە دووەم خاڵ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە لێرە جگە لە لیژنەی توبی تەبیبی ئیختیصاصیشی بۆ زیاد بکرێ، (اذا وجدت اللجنة الطبية المتخصصة او الطبيب الاختصاصي بالطب النفسي ان المريض.....)، یەعنی هەم لیژنە توبیەکە بێ و هەم تەبیب نەفسی بێ، چونکە مەرج نیە ئەو تەوصیە تەنیا لە لایەن لیژنەی توبیەوە بێ، ئەکرێ لە لایەن تەبییبی ئیختیصاصیەوە بێ، بەلاَم لێرە کە باس لەوە ئەکات (على ان تعرض توصية اللجنة على قاضي التحقيق)، پاشان لە برگەی دووەم ئەڵێ (على اللجنة الطبية ان تعرض قراراتها على قاضي التحقيق المختص)، باشە لێرە ئەگەر لە برگەی یەکەم وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد کە ڕەنگە تێکەڵیەك هەبێ، یان دووبارە بوونەوەیەك هەیە بە ڕەئی من، کە لە برگەی یەکەم ئەڵێ (على ان تعرض توصية اللجنة على قاضي التحقيق) پاشان ئەڵێ (پێویستە لیژنەی توبی قەراراتەکانی بخاتە بەردەم لیژنەی تەحقیق)، ئەی باشە تەوصیەی لیژنەش کە ئەخرێتە بەردەم قازی تەحقیق هەر ئەوە نیە کە لە کۆتاییدا ئەڵێ (لاصدار القرار بالموافقة على الايداع للمعالجة.)، بۆچی ئەمە دووبارە بۆتەوە؟ ئەگەر ئەوە بێ دووبارەی بکاتەوە ئەوە ئەبێ لە کۆتایەکەدا بڵێ (في حاله احتاج المريض الى علاج طويل الامد) چونکە ئەگەر وانەبێ بۆچی ئەم قەرارە لێرە بە موافەقە هاتووە؟ چونکە ئەبێ هەر ئەو خاڵە بێ کە لە برگەی یەکەم هاتووە کە پێویستی بەوە هەیە، و لیژنەی توبیەکە یان تەبیبی ئیختیصاصی وای بە پێویست زانیوە کە نەخۆشەکە ئیدخال بکرێ بۆ عیلاجی موغلەق، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـه نیسـبەت ئـەو نەخۆشـانەی کـە مەترسـیان هەیـە لەسـەر ژیـانی خۆیـان یـان دەوروبـەریان، داخیلـی نەخۆشخانە ئـەبن، چارەسـەریان بـۆ ئـەکرێ، ئـەو مـاوەی بۆیـان دانـراوە زۆرە، چـونکە کـە ئـەو نەخۆشـەی مەترسی هەیە یەکسەر عیلاجی فەوری وەرئەگرێ، 30 رۆژ بۆم نیە بیهێڵمەوە لـە شـوێنێك داخیلـی بکـەم لە شوێنی داخراو، ئەتوانی بیگوازیەوە لە شوێنی داخراو بۆ شوێنێکی تر و لە ژێر عیلاجیش بێ، بۆیە ئەو 30 رۆژە دیاری نەکرێ، بە پێی هەڵسەنگاندنی باری تەندروسـتی ئـەو کەسـە بـێ، بـزانین ئـەو مـاوەی ئـەو عیلاجەی وەریگرتووە باش بووە یان نا؟ گوناحە نەخۆشێك سجن بکـرێ و بـەرە و چـاك بوونـەوە ئـەڕوات، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی 14 لە خاڵی دووەم ئێمە سسەلاْحییەتی هەفتەیەکمان داوە بـە تـەبیبی ئیخصائی، وتوومانە تەبیبی ئیخصائی بۆی هەیە هەفتەیەك نەخۆشەکە لە وەحدەیەکی عیلاجـی موغلـەق عیلاج بکات، بەلاْم ئەگەر ئەوە زیاتر بوو مەفروزە بدرێ بە لیژنەیەکی توبی، هەتا لـە مۆڵەتـدانیش وایـە، نەخۆشێك کـە دێ بـۆ لات ئـەتوانی 5 رۆژ مۆڵـەتی بـدەیتێ، بـەلاْم کـە داوای 15 رۆژی کـرد ئـەبێ بیدەتـە لیژنـەیی توبی، ئەمە هەر وایە، سەبارەت بە فەقەرەی دوو، ئەبێ لاچێ، چـونکە تـەناقوزە لەگـەڵ فەقـەرەی یـەك، سـەبارەت بـەوەی کـە ئـەڵێ 30 رۆژ زۆرە، ئـەڵێ (لـمدة اقصاها (30) یـوم)، لـەو 30 رۆژەدا دکتـۆری ئیخصـائی هەیـە و موتابەعـەی حاڵەتەکـەی ئـەکات، ئەگـەر هـەر بـۆ دڵنیـایی خۆشـتان ئـەتوانن بنووسـن ( ثلاثون یوما علی ان یتم متابعة حالته اسبوعیا من قبل اللجنـة الطبیـة)، بـۆ ئـەوەی ئێـوەش دڵنیـا بـن کـە ئەوەی موتابەعە ئەکرێ و ئەمانە لە نەصی قانونەکە بینووسین، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێباز

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ڕاستە برگەی دووەم بە شکلێك هـاتووە تەقریبـەن تیکـراری ئـەو 72 سـەعاتەکەیە، بـەلاْم پرسـیارەکە لـەو مـاددەی ئـەوەی کـە ونـە ئـەبێ وەلاْمـی بدرێتـەوە ئەوەیـە کـە لـە دوای ئـەوەی پزیشـکەکە ئـەرکی خـۆی بەجێهێنا، لە دوای ئەوەی لیژنەی پزیشکیش ئەرکی خۆی بەجێهێنا، قازی ئاگادار کرایەوە، ئەی قازی ئەبێ لە ماوەی چەند وەلاْمی پزیشکەکە و لیژنەی پزیشکی بداتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو بڕیار بـدات ئـەو نەخۆشـە بهێڵێتەوە یا نا؟ یەعنی ئەو لە 72 سەعاتەکە ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە، بەلاْم دواتر ئەگەر قـازی وەلاْمـی نەدایەوە؟ یەعنی ئەم پزیشکە چی لەم نەخۆشە بکات؟

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەو قانونە کە ئەڵێ قازی هەین ببێ ئەوە بۆ پاراستنی لیژنەکە و پزیشکەکەیە، چونکە لەوانەیە ئەو نەخۆشە دەروونی لەو ژوورە شتێك لەخۆی بکات، و حاڵەتی واش بووە، بەلاَم ئێمە ئایا پەرلەمان حکومەت ئەتوانین جەبری ئەنجومەنی دادوەری و قازی بکەین بڵێین ئەبێ لەو ماوەدا جوابمان بدەیتەوە؟ ئایا سولتەمان هەیە بەسەر ئەنجومەنی دادوەری؟ ئەوە پرسیارەکەیە، لەبەر ئەوە کە تۆ ئەڵێی پزیشکەکە یان لیژنەکە عەرزی ئەکات بۆ قازی بۆ پاراستنی خۆیەتی، چونکە ئەمە شوبهە سجنێکە، بەند کردنێکە بەلاَم لە ناو موئەسەسەیەکی سەحین بەلاَم ئایا ئەتوانی بە قازی بڵێی ئەبێ جولبم بدەیتەوە؟ ئەڵێ کاکە جوابت نادەمەوە، تۆ سولتەت بەسەر منەوە نیە و دەستەلاَتێکی سەربەخۆم، سوپاس**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**هەر یەکەتان رەئی خۆتان داوە، ئیتر با بزانین لیژنەی یاسایی، فەرموو**

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەوەی ئاهەنگ خان ئیسراری لەسەر ئەکات، بوونی وەزارەتی عەدل یان بوونی لەم هینە، هەموو ئەزانین بڕیارەکانی قازی لە لایەن قازی موستەقیلە، قازی کە بڕیاریش ئەدات سەربە ئەنجومەنی دادوەرییە، سەر بەوەزارەتی عەدل نیە، و بە پێی ماددەی 19 ی دەستووری عێراقیش کەس ناتوانێ کەس حیجز بکات تەنیا بە بڕیاری قازی نەبێ، بۆیە لێرە بوونی دادوەر زۆر زەرووریە، و دادوەریش ئەزانین سەر بە ئەنجومەنی دادوەرییە، سەربە وەزارەتی عەدل نیە، بۆیە هیچ زیکری وەزارەتی عەدل لێرە موبەریرێکی نابێ، سوپاس**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیاغەی بکەنەوە

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو داڕشتنەوەی لیژنەی یاساییە بە تەنیا، لیژنەی تەندروستی جیاوازی لە راو بۆچوونەکان هەیە، بۆیە پێمان باشە ماددەی 15 برگەی دووەم و سێیەم لادرێ تەنیا برگەی یەکەم بمێنێتەوە:

**المادة الخامسة عشرة ستصبح المادة العاشرة:**

اذا وجدت اللجنة الطبية المختصة ان المريض يشكل خطراً على نفسه او على غيره فلها ان توصي بايداعه في وحدة طبية علاجية مغلقة لمدة اقصاها (30) ثلاثون يوماً على ان تعرض توصية اللجنة على قاضي التحقيق المختص خلال (72) ساعة لاصدار القرار بالموافقة على الايداع للمعالجة.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو سیاغەی خوێندرایەوە بۆ ماددەی 15 و ئیلغای 2، 3 کرا کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة عشرة ستصبح المادة الحادية عشرة:**

يجوز للطبيب غير المختصص في الطب النفسي احالة المريض النفسي الى احدى مؤسسات الصحة النفسية عند وجود علامات واضحة تدل على وجود اضطراب نفسي شديد،و على الطبيب ان يدخل المريض دون ايرادته تقيم حالته في المدة لا تزيد على 48 ساعة وذلك بناء على طلب مكتوب يقدمه للجهة العلاجية ويعرض خلالها على الطبيب المختص.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردەیەکەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 16 کە بۆتە ماددەی 12

ئەتوانێ پزیشکی ناپسپۆر لە پزیشکی دەروونیدا نەخۆشێکی دەروونی راوانەی یەکێك لە دەزگا دەروونیەکان بکات لە کاتێکدا کە نیشانەی وا هەبوو کە بوونی شڵەژانی دەروونی توند بگەیەنێ، لەسەر پزیشکەکەیە نەخۆش داخیل بکات بەبێ ئارەزووی خۆی، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بارەکەی بکرێ لە ماوەیەکدا کە نابێ لە 48 کاتژمێر تێپەڕ بکات، ئەمەش بە پێی نووسراوێك ئەبێت پێشکەشی لایەنی چارەسەر کردنی بکات و لە ڕێگایەوە نیشانی پزیشکی پسپۆر بدرێت

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

ئێمە لەسەر ئەم ماددەیە تێبینیمان نیە

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە کە ئەڵێ (عند وجود علامات واضحة تدل على وجود اضطراب نفسي شديد،و على الطبيب ان يدخل المريض دون ارادته)، بۆ کوێ؟ بۆ کوێ داخیلی بکات؟ بۆ وەحدەکەی من؟ من دکتۆرێکی باتینیم، نەخۆشێکی نەفسی ئەبینم، بۆ لای خۆم داخیلی بکەم؟ بگاتە نەخۆشەکانی تریش؟ نابێ، لەبەر ئەوە ئەبێ بینێرێ بۆ موئەسەسە سەحیەکە، (بناء على طلب مكتوب يقدمه للجهة العلاجية ويعرض خلالها على الطبيب المختص او الطبيب الخفر النفسي)، کێ ئەڵێ تەبیبی موختەص سەعات 10 ی شەو لەوێیە؟ لەبەر ئەوە کە نەخۆشێکم دیت ئیزتیرابێکی نەفسی هەبوو ئەبێ بینێرم بۆ ئەو موئەسەسە سەحیە، نابێ لای خۆم داخیلی بکەم، ئێمە سەعاتێکە ئەڵێین سەلامەتی دکتۆرەکە بپارێزین و سەلامەتی نەخۆش بپارێزین، لەبەر ئەوە ئەبێ سیاغەکەی دابڕێژرێتەوە، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ (ئاهەنگ خان، سۆزان خان، کاك صباح ، دکتۆرە جیهان) فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەرێز ئاهەنگ عارف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی پێشتر زۆر پێم سەیرن هیچ تەجانوسێکی نیە، لێرە ئەڵێین (يجوز للطبيب غير المختصص في الطب النفسي احالة المريض النفسي الى احدى المؤسسات الصحة النفسية)، لێرەش کە وتمان تەبیبی نەفسی موعالیج، نەخۆشەکەی بنێرتە ئەو جێگایەی کە بۆی تەخسیس کرایە، وتتان نا، تەنیا ئەبێ لیژنەی توبی بێ، لەو دوو (دیسکریپەیشن)ەی ناگەم بەراستی، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەرێز سۆزان شهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی تەجاوزی ئەو حاڵەتە بکەین کە بەرێز وەزیر باسی کرد کە هەموو کەس کاتێك کەسێکی نەخۆشی نەفسی هەموو دکتۆرێك کە دێتە بەردەستی، بۆ ئەوەی سەلامەتی نەخۆشەکە و سەلامەتی ستافەکە بپارێزێ، پێیوستە یەکسەر ڕەوانەی شوێنی عیلاجی نەفسی بکرێ، بۆیە بە پاش و پێشخستنێکی ئەم ماددەیە ئەتوانین ئەمە چارەسەر بکەین، بڵێین (في حالة دخول المريض النفسي او وجود علامات

واضحة تدل على وجود اضطراب نفسي شديد للمريض عللى الطبيب الغير مختص في الطب النفسي احالته دون ارادته الى الؤسسات المختصة او الطبيب المختص او الطبيب الخفر النفسي دون ارادته ويتم تقيم حالته في مدة لاتزيد عن 48 ساعة وبناءا على طلب مكتوب)، يەعنى ئەگەر هاتو لێرە شەرحی حاڵەتەکە ئەکەین، ئەگەر هاتو کەسێك ئازاری ناو سکی هەبوو چووە لای تەبیبی خەفەر زانی ئەمە ئازاری ناو سك نیە، ئەمە ئازارێکی نەفسیە، ئەزانێ ئەبێ داخیل بکرێ ئەو شەوە و نەهێڵدرێتەوە لە ناو خەستەخانەکە، بنێردرێ بۆ شوێنی تایبەتمەندی خۆی، ئەبێ ئێمە ئەو سەلاحیەتەی بدەینێ کە بە نووسراوێك ڕەوانەی بکات بۆ ئەو شوێنە ئیختیصاصیەی کە موئەسەسەکان، و لەوێ یەکسەر تەبیبی مەختەص یان تەبیبی نەفسی بتوانێ داخیلی بکات و تەقیمی حاڵەتەکەی بکات، ئەمە نەخۆشەکە خۆیەتی، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەی من هاوڕام لەگەڵ جەنابی وەزیر ئەم ماددەیە سیاغەکەی رەکیکە، بۆ من شەخصەن کە چەند خوێندمەوە مەفهوم نەبوو، لەبەر ئەوە داوا لە لیژنەی هاوبەش ئەکەم کە سیاغەیەکی تر بۆ ئەو ماددەیە بدۆزنەوە با مەفهوم بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە جیهان

**بەڕێز جیهان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەك ژ جەنابێ وەزیر دکەم، ئەز نوکە دکتۆرم ل گوندەك، گوندەکی گەلەکی دیر، نەخۆشەك هاتە بەردەستێ من، من زانیم ئەڤ نەخۆشە عەلاماتێت نەفسیێ هەی، ئەز دێ ئیحالە کەم بۆ کیرێ؟ یەعنی ئەمن حەق هەیە رەئسەن ئیحالە کەم بۆ موئەسەسەیەکا نەفسی؟ ئەوێ دووێ ئەزیش دگەل هەندێ مە کو (على الطبيب ان يدخل المريض)، ئەڤە یان نەمینێ،یان ب شکلەك بێتە سیاغە کرن کو تەحدید بکات، نابیت تەبیبەك نەموختەص بیتن ژ نەفسیێ ئەو نەخۆشە داخیل بکاتە موئەسەسەکا نەفسی، ئەز وسا تێدگەهەم، کو تەبیبەکی غێر موختەص حەق هەیە نەخۆش ئیحالە کەت پشتی هەنگی حەقی هەی داخیل کەت ل موئەسەسەکا نەفسی، ئەڤە ب رەئیێ من نابیتن، لازمە سیاغەکا باشتر بهێتە کرن، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز رێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو جۆر نەخۆشی هەیە، یەکیان ناوی (سایك)ە، ئەوە تـر (سوما)یە، یـەعنی نەخۆشـیەك هەیـە ڕەبـتی بـە جەسەدییەوە هەیە، نەخۆشیەکیش پەیوەندی بە نەفسیەوە هەیە، ئیحتیمالە ئـەو خەلەلـە نەفسیانەی لـە ئیزتیرابی نەفسی رووئەدات مەسەلەن من نەمەویٚ خۆم دەربخەم و پاشان بە سەرئێشە دەرکەویٚ، یان پشت ئێشـە، لەبـەر ئـەوە زۆر تەبیعیـە کـە نەخۆشـێك نەخۆشـیەکی دەروونـی هـەبیٚ و بچـێتە لای دکتـۆرێکی جەسەدی، یان باتنی، دووەم، ئەو ماددانەی تر باسی وەحـدەی عیلاجی موغلـەق ئـەکات، باسـی ئـەو ژوورە ئەکات کە تۆ بۆ نەخۆشت داناوە، ئەم ماددەیە ڕەبـتی بـەو مـاددەی تـرەوە نیـە، ئێمـە باسـی موئەوسەسـاتی سەحی ئەکەین، سێیەم، چەند نەوعێك موئەسەساتی سـەحی نەفسـی هەیـە، موئەسەسـاتی سـەحی نەفسـی هەیە (ئەکیوت)ە، کە نەخۆش وەرئەگریٚ، مەسەلەن من حاڵەتێکم بۆ دروست ئـەبیٚ داخـیلم ئەکـەن لـەویٚ، موئەسەساتێکی تریش هەیە (کرۆنیك)ە، ئەوەی سۆزی دەروونی، ئەوەش شەهید سەباح، ئەوانە موزەمینن، نەخۆشەکە تێدا ئەمێنێتەوە هەم وەکو حەوانەوە وایە، هەم وەکو ئەوەیە نەخۆشەکە بێنیتەوە ناو کۆمەڵ، لەبـەر ئـەوە ئـەو موئەسەسـاتانە ئەبیٚ....یـەعنی زۆرن، هەیـە چارەسـەری ئـالودە بـوون ئـەکات، هەیـە چارەسەری کحول ئـەکات، هەیـە چارەسـەری موزەمینـەی ژنـان و پیـاوان ئـەکات، بۆیـە بـەڵیٚ دکتۆرێـك لـە گوندێك بۆی هەیە نەخۆشێك بنێریٚ بۆ  موئەسەسەیەکی دەروونی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەروەکو روون کردنەوەیەك، ئەمە زیاتر پێدانی سەلاحیاتە بە دکتۆرێك کـە ئیختیسـاسی نەفسـی نیـە بـۆ ئەوەی بتوانیٚ 48 سەعات نەخۆشێك کە حاڵەتێکی شەدیدی هەبوو بتوانیٚ حیجزی بکـات، یـەعنی پێـدانی سەلاحیەت خۆ ئەگەر نەیکات مەسئولیەت ناچێتە سەری، چونکە حاڵەتێکی تەقدیریە، یەعنی لەو حاڵەتـە ڕێگای پێدراوە 48 سەعات ئەو نەخۆشە حیجز بکات لە موئەسەسەیەك کە نەفسی بیٚ، لەسـەر هینەکـەش ئەنووسیٚ (لمدە 48 ساعە)،فەرموو سیاغەی بکەنەوە

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة عشرة ستصبح المادة الحادية عشرة:**

للطبيب غير المختصص في الطب النفسي احالة المريض النفسي دون اراته الى احدى مؤسسات الصحة النفسية عند وجود علامات واضحة تدل على وجود اضطراب نفسي شديد، ولمدة لاتزيد على (48) ساعة ليتم تقيم حالته ويكون بناء على طلب مكتوب يقدمه للجهة العلاجية ويعرض خلالها على الطبيب المختص.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیاغەی خوێندرایەوە کیٚ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ کیٚ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنـگ قبـول کـرا، فـەرموو بـۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة عشرة ستصبح المادة الثانية عشرة:**

**يجوز للطبيب النفسي المسؤول ان يمدد فترة الدخول الالزامي المنصوص عليها في المادتين (14 و 15) من هذا القانون الى مدة اقصاها سبعة ايام وذلك اذا ما استمرت المبررات المنصوص عليها في المادة (14) من هذا القانون ولم يكن في الامكان الحصول على التقييم الطبي المستقل خلال ثلاثة ايام الاولى من الدخول الالزامي مع اخطار الجهات المشار اليها في المادة 14 من هذا القانون.**

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 17 کە ئەکاتە ماددەی 13:**

**ئەتوانێ پزیشکی دەروونی پەرپرس ماوەی داخیل بوونی بەخورتی دەقێنراو لە هەردوو ماددەی (14، 15) ی ئەم یاسایە درێژ بکاتەوە بۆ ماوەی زۆرترین (7) ڕۆژە، گەر هاتو بیانووە دەقێنراوەکە لە ماددەی 14 ی ئەم یاسایەدا هاتووە بەردەوام بوو و نەتوانرا هەڵسەنگاندنی پزیشکی بێ لایەنی بۆ بکرێ لە ماوەی 3 ڕۆژی یەکەمدا، لەم ڕۆژەی بە خورتی داخیل بووە لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی لایەنی ئاماژە پێکراو لە ماددەی 14 ی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش**

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەکو لیژنەی هاوبەش تێبینیمان نیە**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر**

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نازانم تەقیم توبی موستەقیل یەعنی چی؟ دکتۆر هەمووی سوێندنی یاسایی خواردووە و هەمووی ئەبێ موستەقیل بێ، کە ئەڵێی تەقیم توبی موستەقیل بێ، لایەن یەعنی چی؟ دکتۆر هەر ئەبێ بێ لایەن بێ، دکتۆر ئەبێ ئیهتیمام بە میهنەکەی خۆی بدات، یەعنی ئەو موستەقیلە من لەگەڵی نیم، سوپاس**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هەیە؟ تەنیا سەمیرە خان، فەرموو**

**بەڕێز سمیرە عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەو ماددەیەم پێ زیادە، تەحسیل حاسلە، ڕۆتینیات زیاد ئەکات، پێویستە حەزف بکرێ، سوپاس**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ سیاغەی نوێ.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة عشرة ستصبح المادة الثانية عشرة:**

**يجوز للطبيب النفسي المسؤول ان يمدد فترة الدخول الالزامي المنصوص عليها في المادتين (14 و 15) من هذا القانون الى مدة اقصاها سبعة ايام وذلك اذا ما استمرت المبررات المنصوص عليها في المادة (14) من هذا القانون ولم يكن في الامكان الحصول على التقييم الطبي المستقل خلال ثلاثة ايام الاولى من الدخول الالزامي مع اخطار الجهات المشار اليها في المادة (14) من هذا القانون.**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەو سیاغەی خوێندرایەوە، بەس تەنها ژمارەکان تەبیعی هەڵە ئەبن دکتۆرە، ژمارەکان هەڵە ئەبن کە ئەڵێن 14 و 15، بە گۆڕینی ژمارەکان و دانانی ڕەقەمی سەحیح، بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە دوای ئەوەی کە ڕەقەمەکان تەسلیح کرا، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر فەرموو**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة عشرة ستصبح المادة الثالثة عشرة:**

**لايجوز ابقاء المريض النفسي الزاميا باحدى مؤسسات الصحة النفسية لاكثر من اسبوع الا بعد اجراء التقييم النفسي للمريض بواسطة اللجنة الطبية المختصة التي تشكلها مجلس الصحة النفسية على ان يرسل تقييم الصحة النفسية خلال سبعة ايام من استبقاء المريض الزاميا ويرفق بهما النموذج المستخدم لذلك، وفي حالة عدم استيفاء هذه الاجرائات في المواعيد المحددة تنتهي حالة الدخول الالزامي للمريض وتتحمل مؤسسة ماقد ينجم عن ذالك من اثار وفي جيمع الاحوال تنتهي حالة دخول الزامي للمريض اذا لم تصادق مجلس الصحة النفسية على نتائج التقييم النفسي المقدمة اليها.**

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 18 کە بۆتە ماددەی 14**

**نابێ نەخۆشی دەروونی بەخورتی لە هەفتەیەك زیاتر لە یەکێك لە دەزگاکانی حکومیدا بێمێنتەوە، پاش ئەوە هەڵسەنگاندنی دەروونی لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بۆ کرابێ، کە دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی پێکی ئەهێنێ و ئەبێ هەڵسەنگانەکە بنێردرێ بۆ دەستەی گشتی تەندروستی**

دەروونی لە ماوەی 7 ڕۆژدا لەو ڕۆژەی کە نەخۆشەکە بەخورتی گلدراوەتەوە، نموونەی بەکاربردووش بۆ ئەم مەبەستە هاوپێچ ئەکرێ، لە کاتێکدا ئەگەر ئەم ڕێکارانە لەماوەی دیاری کراوی خۆیدا نەکرێن ئەوە باری بەخورتی نەخۆش کۆتایی پێدێت و دەزگا بەرپرس ئەبێ پاش هەر ماوەیەك لەو ڕووەوە ڕووبدات، لە هەموو بارێك باری داخیل بوونی بەخورتی نەخۆش کۆتایی پێدێت ئەگەر هاتو دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکانی پیشکەش کراو نەدات

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە ئەکەین، بەس تەنیا تێبینیمان هەیەن دوای ئەوەی دەستەی گشتی پەسند نەکرا، دەستەی گشتی (التي تشكلها هيئة عامة للصحة النفسية)، لیژنەکان دەستەڵاتی وەزیرە پێکیان ئەهێنێ، ئەو دەستەڵاتەی هەیە، ئەوە لادرێ، لە ڕیزی سێیەم و ڕیزی کۆتاییش هەیئەی عامە هاتیە بکرێتە (لجنە الصحە النفسیە)، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری یاساکە ئەکەم، بەڵام ئەگەر لیژنەکەی موحافەزە یان مەجلیسەکە کۆ نەبۆوە و بڕیاری نەدا کە نەخۆشەکە داخیل بکرێ، تاوانی نەخۆش چیە؟ مەسەلەن ئێمە ئێستا تاوانەکەمان خستۆتە سەر...یەعنی زۆرجار لە ساڵەی عەملیات کە دکتۆری جەراحەکە تاخیر ئەبێ ئەمانە چ لە جیاتی دکتۆری جەراحەکە ئەڵێن نەخۆشەکە عەمەلیات ناکەین، ئەو قەرارە تەقریبەن حەق لە نەخۆش وەرئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەوەی ئاخیر لادرێ، بکرێتە ئەنجومەنی لیژنەی موحافەزە و ئەو دێرەی ئەخیریش لادرێ، یەعنی بڵێ ئەگەر لە هەفتەیەك نەخۆشەکە داخیل نەبوو، ئەدی نەخۆشەکە چی؟ سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنها ئاهەنگ خان، فەرموو

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەکەم، فیعلەن مەبەست لێرە نەخۆشەکەیە، بۆیە تەئیدی ئەکەم، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێباز.

**بەرێز ڕێباز فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینیەی بەرێز وەزیر لە راستیدا ئەو ڕستەیە مەبەستی لەوە نیە کە ئەگەر لیژنەکە وەلأمی نەدایەوە، وەلأم نەدانەوە جیاوازە لە ڕەزامەندی دەرنەبڕین، ئەڵێ ئەگەر ڕەزامەند نەبوو، واتە لیژنەکە بڕیاری داخیل کردنی ڕەتکردۆتەوە، و لیژنەکە وای بینی کە ئەو مەرجانەی پێویستن هەبێچ لەسەر نەخۆشەکە بۆ داخیل کردنی بەزۆر بوونی نیە، ئەوکات لیژنەکە ڕەزامەندی دەرنەبڕیوە، بەڵکو داخیل کردنی ڕەتکردۆتەوە، بەلأم ئەوەی کە بەرێز وەزیر باسی ئەکات ئەوە ئەو حاڵەتەیە کە ئەڵێ ئەگەر لیژنەکە وەلأمی نەدایەوە، ئەوە دوو حاڵەتی جیاوازە، بۆیە ئەوەی ڕەزامەندی نەدانەکە ئەبێ بمێنێتەوە ئەگەر لیژنەکە ڕەزامەندی نەدا ئەو کات داخیل بوونی بەزۆر ئیلغا ئەکرێتەوە

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەلەمان:**

فەرموو سیاغەی نوێتان

**بەرێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة عشرة ستصبح المادة الثالثة عشرة:**

لايجوز ابقاء المريض النفسي الزاميا باحدى مؤسسات الصحة النفسية لاكثر من اسبوع الا بعد اجراء التقييم النفسي للمريض بواسطة اللجنة الطبية المختصة على ان يرسل التقييم الى لجنة الصحة النفسية في المحافظة خلال سبعة ايام من ابقاء المريض الزاميا ويرفق بهما النموذج المستخدم لذلك، وفي جميع الاحوال تنتهي حالة الدخول الالزامي للمريض اذا لم تصادق الجنة الصحة النفسية في المحافظة على نتائج التقييم النفسي المقدمة اليها.

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەت هەیە؟

**بەرێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من تێگەیشتبم، لیژنەی یەکەم موختەصە کە هەموو تەبیبی نەفسینە، وەکو موئەسەسەکە کە لە نەخۆشخانەکەیە ئیش ئەکات، ئەوەی دووەم (ان يرسل التقييم الى لجنة الصحة النفسية)، ئەگەر ئەڵێین وشەی موحافەزە لە پارێزگا زیاد ئەکەین، تاکو جیاوای لە نێوان دوو لیژنەکە بکات

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێنەوە جارێکی تر

**بەڕێزد.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**به المادة الثامنة عشرة ستصبح المادة الثالثة عشرة:**

لايجوز ابقاء المريض النفسي الزاميا باحدى مؤسسات الصحة النفسية لاكثر من اسبوع الا بعد اجراء التقييم النفسي للمريض بواسطة اللجنة الطبية المختصة على ان يرسل التقييم الى لجنة الصحة النفسية في المحافظة خلال سبعة ايام من ابقاء المريض الزاميا ويرفق بهما النموذج المستخدم لذلك، وفي جميع الاحوال تنتهي حالة الدخول الالزامي للمريض اذا لم تصادق لجنة الصحة النفسية في المحافظة على نتائج التقييم النفسي المقدمة اليها.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ تەنیا یەك ئەندام لەگەڵ نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة عشرة ستصبح المادة الرابعة عشرة:**

في الحالات التي يتعذر فيها احضار المريض بالوسائل العادية، يتعين على احد الاقارب من الدرجة الاولى او الثانية للمريض النفسي عرض الامر على قاضي التحقيق لاصدار القرار لانتداب احد الاطباء لغرض فحص حالة المريض وتقرير ما اذا كانت حالته تستدعي الدخول الالزامي للمؤسسات وللقاضي المذكور ان يأمر بنقله الى احدى مؤسسات الصحة النفسية العامة للعلاج اذا ما قرر الطبيب النفسي حاجة المريض الى ذلك.

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو بارانەی ناتوانرێ نەخۆش بەڕێگەی ئاسایی ئامادە بکرێ لەسەر یەکێك لە خزمانی پلە یەك یان پلە دووی نەخۆشی دەروونی بابەتەکە بخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ دەرکردنی بڕیار، بە ناردنی یەکێ لە پزیشکەکان بۆ پشکنینی باری نەخۆشەکە و بیسەلمێنێ کە بارەکەی داخیل بوونی بەخورتی ئەخوازێت و بۆ دەزگاکان، دادوەری ناوبراویش بۆی هەیە فەرمان بە گواستنەوەی بدات بۆ یەکێ لە دەزگاکانی تەندروستی دەروونی گشتی بۆ چارەسەر کردن گەر هاتو پزیشکی دروونی بڕیاری دابوو کە نەخۆشە دەروونیەکە پێویستی بەوە هەیە

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم (الدرجە الاولی او الثانیة)، مەسەلەن دایك و باوك و براو خویشك، ئەی ئەگەر نەیبوو؟ نەخۆشێك هەیە لەسەر جادە کەوتووە و کەسی نیە؟ ئەوەش ئەبێ حەلی بۆ بدۆزرێتەوە، دووەم (احد الاطباء النفسیین)، قازی ئەبێ دکتۆرێکی نەفسی بنێرێ، چونکە (احدی طبیبا) هەموو ئەتیبایەك ئەگرێتەوە، (الدرجە الاولی او الثانیة او الجهات ذات العلاقة) بێ، مەسەلەن جاری وا هەیە شورتەی نەجدە نەخۆش ئەکەوێ ئەیهێنێ بۆ خەستەخانە، کابرایەك لەسەر جادە کەوتووە، ئەی ئەوەچی؟ نە برای هەیە، نەخوشك، زۆربەی ئەو حاڵەتانە بەڕێزان خەڵکەکە وازی لێ ئەهێنێن، زۆرجار واستەمان پێ ئەکەن، جاری وا هەیە ئەڵێن نەخۆشەکەتان باشە بیبەنەوە، ئەڵێن نایبەیەنەوە با لای ئێوە بێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددە؟ (صباح بیت الله، ئاهەنگ عارف، بێریڤان سەرهەنگ، تارا ئەسعەدی)

فەرموو کاك صباح

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسەبت ئەو ماددەیە کە ئەڵێ (في الحالات التي یتعذر فیها احضار المریض بالوسائل العادیة)، من زانیم وەسائیلی عادیە لێرە پێناسەی نەکراوە، ڕوون بکرێتەوە وەسائیلی عادیە چیە کە ئیحزاری مەریز ئەکات، دوو، لەگەڵ ڕەئی جەنابی وەزیرم کە ئەقاریبی نەخۆش بە دەرەجە یەك و دوو ئەگەر نەبوو؟ و ئەم سیاغە دوور و درێژە لەگەڵی نیم پێشنیار ئەکەم ئەم سیاغە بکرێتە (في الحالات التي یتعذر فیها احضار المریض بالوسائل العادیة، یتعین علی احد الاقارب من الدرجة الاولی او الثانیة للمریض عرض الامر علی قاضي التحقیق لاصدار القرار لجلب المریض)، ئەوانی تر بە ڕەئی من ئیزافەیە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك صباح کردی، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسەبت ئەو نەخۆشانەی کە نووسراوە ئەو کەسەی کە نزیکە دەرەجە ئولا، ئەوە قەینا، دەرەجەی دووەمیش گرنگ نیە، ئەو کەسەی کەسی نیە زۆر پێم سەیرە زۆر باسی ئەوە ئەکەن کە بێکەسە، ئەو کەسەی کەسی نیە حکومەت کەسێتی، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کەسیەتی، نیە کەس بێکەس بێ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو کەسەی کە دەرەجەی یەکەمی نیە ئەتوانی بڵێی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسە لەسەر ئەوە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی لێرە دیسان لەگەڵ ئەوەم پشتگیری قسەی بەڕێز وەزیر بکەم، ئەم دەرەجەیە کە خەڵك ئەناسم بۆ نموونە چەند کەسێکن لە ماڵەوە هەمووی باری دەروونیان خراپە، سێ خوشك و بران، کەسێك دراوسێیانە وای لێدێ مەجبوور بێ کە حاڵەتێکە بۆ نەقل کردن ببێ، ئەبێ لێرە دەرجە یەکەم و دووەمەکە، دووەم نەبێ، بەڵکو ئەبێ ئیزافەی هەرکەسێك کە بزانێ حاڵەتێکی ئیزتیرابی نەفسی بە شێوەیەکە پێویستی پێیە کە نەخۆش نەقل بکرێ بۆ ئەو موئەسەسەیە حاڵەتەکە حەقی بدەینێ لێرە، چونکە زۆرجار ئەمە ڕوویداوە، دووەم، توبی عەدلی نەفسی تا چەند چۆتە ناو ئەم قانونەوە تا بتوانێ قازی تەحقیقی تەبیعی ئەوە قەرار نادات، هەر دیسان جەنابی وەزیر روونی کردەوە، ئەو قازیە ئەبێ بە چ پێوەرێك ئەو حاڵەتە تەحدید بکات؟ ئەمە دکتۆر تەحدیدی ئەکات، ئەگەر توبی عەدلی نەفسیەکە جودایە، ئەمە زانینێك هەیە، هەم ناحیەی دەروونی، هەم لەگەڵ قانونەکە، لێرەوە حەقێکی ئەدرێتێ لەو حاڵەتە ڕەئی بدات لەگەڵ لیژنەی توبی بۆ داخیل بوونی ئەو کەسانە، و وابزانم لە مافی مرۆڤی هەر کەسێك ناتوانێ بە حاڵەتی ئیجبار هیچ کاتێك داخیل بوون ببێ، بەو وەسائیلی ئیعتیادی وەکو کاك سەباح وتی، حەز ئەکەم وەسائیلی ئیعتیادیەکە ئایا بیخەینە ناو سەیارەیەکەوە؟ ڕای کێشین؟ بە زنجیر بیبەستین؟ چی لێ بکەین؟ هەر ئەبێ ڕەزامەندیەکی تا ڕادەیەك هەبێ لەو کەسەی ئەگەر خۆی ئیرادەی فەقد کردووە و ناتوانێ رەئی بدات بەس ئەبێ بە شێوەیەکی کە تیایدا حقوقی حفز بێ وەکو ئینسانێك، چۆن نەقل ئەکرێ بۆمان روون بکرێتەوە تا موافق بین لەسەر ئەو خاڵە کە چۆن نەقل بکرێ؟

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەلا بەڕێزان زیاتر ئەم مادده مەبەستی ئەوەیە ئەگەر نەخۆشەکە نەتوانی بە شێوەیەکی موراجیعی تەبیعی بیبەی بۆ لای دکتۆرێکی نەفسی بۆ ئیحالە کردن بۆ داخیل بوون، لەم حاڵەتە پێویستی بە قەرارێکی قازی هەیە، کێ ئەبێ ئەم قەرارە ئیبلاغ بکات؟ کەس و کاری، خۆ ئەگەر کەس و کاری یەکێك حەقی نەبێ بە شێوەیەکی تر، بە غێر وەسائیلی عادی بیبات بۆ ئەو شوێنە، حەقی بێگانە هەر حەقی نیە، ئەمە تەحسیل حاسلە، بۆیە زیاتر بۆ ئەو حاڵەتە ئیعتیادیانەیە کەوا دایك و باوك یان کەسی یەکەمی نەخۆشەکە ئەگەر نەیتوانی نەخۆش بە شێوەیەکی تەبیعی ئیحالە بکات بۆ موئەسەسەیەکی سەحی ئەو کات پێویستە رەئی شوێنێك وەرگرێ بۆ ئەوەی بەڕێگای تر، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یتعین علی احد الاقارب من الدرجة الاولی او الثانیة او الجهات الرسمیة في حالة عدم یتواجد اقارب) ئەوە حەلە، مەسەلەن شورتەیە، پۆلیسە، کە ئەبینێ وەزعەکە وایە یان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە، کەوتت جیهات رەسمیە زات عیلاقە ئەیگرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ دوا سیاغە

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان**

دوا سیاغەی لیژنەی تەندروستی و لیژنەی یاسایی

**المادة التاسعة عشرة ستصبح المادة الرابعة عشرة:**

في الحالات التي یتعذر فیها احضار المریض لامتناعه، یتعین علی احد الاقارب من الدرجة الاولی او الثانیة او احد اقارب المریض من الدرجة الاولی او الثانیة او ایة جهة رسمیة مختصة عرض الامر علی قاضي التحقیق لاصدار القرار لانتداب احد الاطباء النفسیین لغرض فحص حالة المریض وتقدیر ما اذا کانت حالته تستدعي الدخول الالزامي لمؤسسات الصحة النفسیة وللقاضي المذکور ان یأمر بنقله الی احدی مؤسسات الصحة النفسیة العامة للعلاج اذا ما قرر الطبیب النفسي حاجة المریض الی ذلك.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ تەنیا 2 ئەندام لەگەڵ نیە، واتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، تا سبەی سەعات 2-30 دوای نیوەڕۆ

| | |
|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** |

کوردستان – عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 14\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (18)

## سێ شەممە رێكەوتی 2013/5/14

كاتژمێر (5،15)ی دوای نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2013/5/14 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (18)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (5،15)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2013/5/14 دا بەم شێوەیە بێت:

.بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتنی (18) ڕۆژی دانیشتن 2013/5/14، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەكی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بڕیاری دا، بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (18)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (5،15)ی دوای نیوەڕۆی، ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/5/14، بەم شێوەیە بێت

1 .بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

داوا لە لیژنەكانی تەندروستی و یاسایی دەكەین بفەرموون بۆ سەكۆی لیژنەكان بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی هەرێمی كوردستان دەكەین، فەرموون لیژنەی هاوبەش بۆ خوێندنەوەی ماددەی (20)ی پڕۆژە یاساكە،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (20) كه دەكاته ماددەی (16): يجوز للطبيب النفسي المسؤول ان يمدد فترة الدخول غير الطوعي المنصوص عليها في المادتين (14 و 15) من هذا القانون لمدة شهر وذلك لغرض إستكمال التقيم او تطبيق إجراءات العلاج الالزامى بعد إبلاغ الجهات المنصوص عليها في المادة (14) من هذا القانون، ويجوز تمديد هذه المدة حتى (3)اشهر بعد إبلاغ مجلس الصحة الفسية بناءً على تقرير يتضمن تقيم حالة المريض والأسباب الداعية لأحتجازه فأذا اقتضت حالة المريض بقائه بالمؤسسة لمدة اطول، يكون التمديد بقرار من مجلس الصحة النفسية لمدة لا تتجاوز (6) اشهر وذلك بعد اعادة تقيم حالة المريض طبقاً للأجراءات المنصوص عليها في هذا القانون، ولا يجوز تجديدها الا بقرار من المجلس المذكور.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەكوردیەكەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (20) كه دەكاته ماددەی (16): بۆی هەیە پزیشكی دەروونی بەرپرس ماوەی داخل بوونی بەبێ ئارەزووی دەقێنراو لە هەردوو ماددەی (14 و 15)ی ئەم یاسایە دا درێژ بكاتەوە بۆ ماوەی مانگێك، ئەمەش بەمەبەستی تەواوكردنی هەڵسەنگاندن یان سەپاندنی ڕێكارەكانی چارەسەركردنی بەخورتی پاش ئاگاداركردنەوەی دەقێنراو لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایە، و دەكرێ ئەو ماوەیە بە ماوەیەكی تا (3) مانگی بۆ درێژ بكرێتەوە پاش ئاگاداركردنەوەی دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی بە پشت بەستن بە راپۆرتێك كە باری نەخۆشی هەڵسەنگاندبێت و هۆكارەكانی پێویست بە دەست بەسەركردنی لە خۆ گرتبێ، گەر باری نەخۆشی ئەوەی خواست كە نەخۆش لە ماوەیەك زیاتر لە دەزگاكە بمێنێتەوە ئەوە درێژكردنەوەكە بە بڕیاری دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی دەبێت بۆ ماوەیەك كە لە شەش مانگ تێ نەپەڕێ و ئەوەش پاش هەڵسەنگاندنی باری نەخۆش بەپێی ڕێكاری دەقێنراو لەم یاسایەدا نابێت نوێ بكرێتەوە بە بڕیارێكی دەستەی ناوبراو نەبێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە تا ناویان بنووسین؟ كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من شتەكە ئەوەندەی نەدەهێنا بێمە سەر ئەوە، بەڵام پێم باشە بۆ ئەوەی رزگارمان بێ لەو (وذلك لغرض إستكمال التقيم او تطبيق إجراءات العلاج الالزامى بعد إبلاغ الجهات المنصوص عليها في المادة (14) من هذا القانون) ئینجا (يجوز للطبيب النفسي المسؤول)، نازانم حاڵی بوون، بۆ ئەوەی رزگارمان بێ لەمە لە قانون زۆر موحبەس نیە وەكو جەنابت وتی دوای ئەوەش (ويجوز تمديد المدة (3)اشهر) نەك (ويجوز تمديد هذه المدة حتى) ئەوە زیادە، تەواو هەر ئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش تكایە ڕەئی خۆتان لەگەڵ سیاغەی نوێ بۆ ئەندامان بخوێننەوە، فەرموو .

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داڕشتنەوەی ماددەی (20) لەلایەن هەردوو لیژنەی تەندروستی و یاسایی بەو شێوەیە داڕێژراوە،

المادە العشرون: إذا كانت حالة المريض النفسي تستدعي علاجاً لفترة اكثر من (30) يوماً خلال فترة الدخول غير الطوعي فللجنة الصحة النفسية في المحافظات بناءً على تقرير الطبيب النفسي المسؤول ان توصي بعلاجه لمدة محددة وتعرض توصية اللجنة على قاضي التحقيق خلال (3) ايام لأصدار قراره بالموافقة على الأيداع للمعالجة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو قازی تەحقیقە نازانم بۆچییە؟ ئاخر جەبری ئێمە وتمان بۆ ئیغلاق وەحدەیەكی موغلەق قازی تەحقیقی دەوێ، بۆ غەیرە تەوعی هەر قازی تەحقیقی دەوێت دووبارە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. ڕۆژان،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی لێرەش قازی تەحقیق زیادكرا چونكە لە ماددەی پێشووتریش ڕاستە ئیداعەكە لە شوێنێكی داخراوە ئەو شوێنانەی كە مەرجی وای تێدایە بۆ سەلامەت و پاراستنی ئەو نەخۆشەی كە تووشی ئەو جۆرە نەخۆشیە بووە، بەس لەبەر ئەوەی لێرە بە زۆرە لە حاڵەتی دخولی تەوعی كێشەمان نیە، ئەوە لە حاڵەتی دخولی غەیر تەوعیە، واتە ماوەیەكی زۆر لەو شوێنەیە، و ڕێگەی پێنادرێ ئەو شوێنە بەجێبێڵێ تەنها ئەگەر بە ڕەزامەندی ئەو لایەنە نەبێ ناتوانم بڵێم حجز، چونكە ئەو شوێنە دانراوە بەمەبەستی چارەسەركردن، بەڵام چوونە دەرەوەشی لێ قەدەغەكرایە، بۆیە پێویستە ئەو بەرپرسیارەتیە پزیشكی بەرپرس ئەو بەرپرسیارەتیە لە ئەستۆ نەگرێ بكەوێتە سەر ئەستۆی قازی تەحقیق، پێمان باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە لە سۆزی دەروونی لە خەستەخانەی هەولێر لە شەهید سەلاح ئیمە نەخۆش دێ (6) مانگ دەمینێتەوە، و ئاگای لە خۆ نیە بە زۆر دەیهێنن کەس و کارەکەی هیچ موافەقەی قازیشی بۆ وەرناگرین، ئێمە کاتێك موافەقەی قازی بۆ وەردەگرین کە لە وەحدە عیلاجی موغلەقەکە داین، تۆزێك ئەوە ڕۆتینیات و ئیشکالیاتێك زیاد ناکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. ڕۆژان،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە دەقەکەی دەخوێنمەوە،ماددەی (20) دەقەکە بە عەرەبیە،

المادە العشرون: (إذا كانت حالة المريض النفسي تستدعي علاجاً لفترة اكثر من (30) يوماً خلال فترة الدخول غير الطوعي فلجنة الصحة النفسية في المحافظات بناءَ على تقرير الطبيب النفسي المسؤول ان توصي بعلاجه لمدة محددة وتعرض توصية اللجنة على قاضي التحقيق خلال (3) ايام لأصدار قراره بالموافقة على الأيداع للمعالجة) پێشتر ئەوەمان چارەسەر کردبوو لە ماددەی (15) کە بووە ماددەی (11) بۆ ماوەی (30) ڕۆژ، ئەگەر لە (30) ڕۆژ زیاتر بێ

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟(30)کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ 13 ئەندامی لەگەڵ نیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (21) کە دەکاتە ماددەی (17): في جميع الأحوال يجوز لكل ذى شأن ان يطعن في قرار الدخول الإلزامى او الأستمرار فيه أو إلغائه، دون التقيد بأية مدة محددة للطعن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەکوردیەکەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (21) كە دەكاتە ماددەی (17): لە هەموو بارێكدا بۆ هەموو خاوەن پەیوەندیدارێك هەیە، تانە لە بڕیاری داخڵ بوونی بەخورتی یان بەبەردەوام بوونی یان لابردن بدات بەبێ پابەندبوون بە ماوەی دیاریكراوی تانەگرتن .**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش،**

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ئەوەین كەوا (عیبارة دون التقیید بأي مدة محددة للطعن) هەڵگیرێ، و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (في جمیع الأحوال یجوز لكل ذی شأن ان یطعن في قرار الدخول الإلزامی او الأستمرار فیه أو إلغائه)، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر،**

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هیچ هینێكم نیە لە سەر ئەم یاسایە،**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**ئەندامانی پەرلەمان كێ قسەی هەیە لە سەر ئەمە؟ (ئاشتی عزیز، سیوەیل عوسمان، سمیرە عبداللە، خورشید احمد، گوڵیزار قادر، ئاهەنگ عارف، نەژاد عزیز، فرست احمد، د. ڕۆژان) فەرموو ئاشتی خان.**

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی (21) لە ئەسڵی پرۆژەكە من مولاحەزەم هەیە لە سەر ئەوەی كە (في جمیع الأحوال یجوز لكل لە ذی شأن) ئەم عیبارەتە لێرەدا كە نووسراوە تەحدید نەكراوە كە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ تەعن بكا، ئێمە لە ماددەكانی تردا زۆر پرۆسیجەرەكەمان موقەیەد كردووە، تەبیبی موختەس بۆی هەیە نەخۆشەكە لە دخولی غەیر تەوعیدا وتوومانە نابێ تەبیبی مناوبیش قەرار لە سەر مەسیری نەخۆشەكە بدات، و لە هەندێك شوێن وتوومانە ئەقریبائی دەرەجە یەك، و لە هەندێك شوێنی تردا مەسەلەن جیهەی قەزائیمان تێكردووە، لێرە بۆ مەسەلەی تەعن كردنەكە ئایا (كل من لە ذی شأن) سەلاحیەتی ئەوەی هەبێ كە تەعن بكا ئەمە فەوزا دروست ناكات لە سیستەمەكەدا، كە هەر یەكێك بتوانێت دەنگەكە بەرزبكاتەوە، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەكەم لە بری ئەوەی ئەگەر (ذی شأن) دەبێ حەسەب ما وەرەدە لە ماددەی فلان و فلان، یەعنی ئەوانەی كە تەقیدی كردووە بۆ نموونە هەندێك شتمان داناوە لە ماددەی (14)دا ئەوانەی كە**

سیڵەیان هەیە بۆیان هەبێ، بۆیە ئەمەش دەبێت بەڕاستی تەحدید کرێ، نەك بەو فراوانیە جێبهێڵرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو سیوەیل خان،

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، ماددەی (21) منیش هاوڕام لەگەڵ ئاشتی خان (کل ذی شأن) واتە دیاری بکرێ، ئەوە یەك، ئەگەر نا ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ باشترە، ئەگەر ماددەی (22) ببێتە ماددەی (21) پێم باشترە، لەبەرئەوەی ئەوە پەیوەندی بە کەس و کاری نەخۆشەکە دایە، واتا ئەگەر گۆڕانکاری بکرێ باشە، ئەگەر ماددەی (21) ئیلغا بکرێ باشە، ئەگەر ئیلغا نەکرێ لەگەڵ ماددەی (22) هەر ماددەی (21) بێ، ببێتە (أ و ب) ئەلیفەکە ماددەی (22)بێ، بێیەکە ماددەی (21)، بەڵام سیاغەیەکی جوانتر و رێك و پێك تر بکرێتن بگونجێ لەگەڵ یاساکە و لەگەڵ ماددەکانی پێشووتر کە هاوکارم ئاشتی خان باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

وەڵڵا خۆی تەحدید بکرێ باشە، بەڵام ئیلغا نەکرێ، چونکە ئەمە حەقێك دەدا بۆ دیفاع لە نەخۆشەکە، فەرموو سەمیرە خان،

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە من پشتگیری لە لیژنە دەکەم، بەڵام ئەگەر بکرێ کاتەکە دیار بکرێ، نووسرایە (بأي مدة محددة للطعن) موحەددەدە یەعنی چەند؟ ئەگەر تەحدید بکرێ باشترە، بۆ نموونە ئێمە ئەگەر (30) رۆژمان دانا لەوانەیە لەو (30) رۆژە چاك دەبێتەوە ئەوکات دەتوانین داوای تۆماری بکەین تەسجیل بکرێ، ئەی تەعنەکە چۆن دەگیرێ؟ لە کوێ دەگرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك خورشید،

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئی من ئەگەر سیغەکە بەو شیکلە بێ: (یجوز لكل من اقربائهم من الدرجة الأولى والثانية او المكلف برعايته قانوناً ان يطعن في قرار الدخول الإلزامي او الأستمرار فيه أو إلغائه) تەحدید بکەین لێرە دەرەجەیەك و دوو و یان ئەوەی (المكلف برعايته قانوناً) باشترە، (لكل ذی شأن) مەتاتیەتێکی زۆری تێدایە،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو گوڵیزار خان،

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پشتگیری ماددەکە دەکەم پێم باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هیچ ماوەیەك دیاری نەکرێت بۆ تانەدان لە بڕیاری داخل کردنی بە زۆر یان بەردەوام بوون تیایدا، چونکە ئەو کاتە لە قازانجی نەخۆشەکە دەبێت و ئەو مافەی خۆی پێ دەدرێ بەپێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێزئاهەنگ عارف رۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من لەگەڵ ئەوەدام (لا) بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکەم هەر وەکی هاوکارانم هەموو تەفسیریان کرد، (ئاشتی خان و سیوەیل خان و بەڕێزان) من دەڵێم (في جميع الأحوال لا يجوز لكل ذى شأن ان يطعن) چونکە من نەخۆشەکەم ئیهمالم کردووە (لا) دەبێ زیاد بکرێ، (لا يجوز لكل ذى شأن) هەموو کەس ئەو مافەی نیە من نەخۆشەکم هەیە ئیهمال کردووە، نەك هەر ئیهمالم کردووە بە کەیفی من نەبووە داخیل ئەو موستەشفایە بووە تەقریری توبی وەیکردووە داخیل بێ، ئێستا کە چابوویتەوە بە کەیفی منیش نابێ بێتە دەرێ،(لا يجوز لكل ذى شأن ان يطعن في هذا القرار) چونکە ئەوە هەندێك جار هەر لەسەر مۆڵك شتی وا دەبێ، نەخۆشەك هەیە لەبەر مۆڵك تەعن لە قەرارەکەی دەدەن بیهێنە دەرێ، زۆر جاری سەلامەتی نەخۆشەکەی وا ئیجاب دەکات نەیەتە دەرێ، چونکە زۆر حالەتی ئینتیحار و کوشتنیشی لێ دەبێ، بەڕێزان لە زۆر خەستەخانەی دونیادا نزیك ترین شەخس لە نەخۆشی لێ ناگەڕێن ئەو دەرمانەکەی بداتێ، دەڵێن نەوەکو لە حاڵەتێك یەئس وە بکەین نەجاتی بێ یان ئینتیحار بکا، من دەڵێم لێرە (لا)ی بۆ زیاد بکەین (في جميع الأحوال لا يجوز لكل ذى شأن ان يطعن في هذا القرار)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك نەژاد،

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە باسیان کرد ئەو (في جميع الأحوال) لا ببرێ بەڕاستی، چونکە هیچ هینێکی تێدا نیە ماددەیەکی قانونی (في جميع الأحوال)لە ئیستیهلالی ماددەیەکی قانونی بێتن ئەو (لكل ذى شأن ان

يطعن) هەر لەگەڵ دامە دەبێ ئەقریبائی موقەرەبین بێ، چونکە هەر کەسێك نازانم من لەگەڵ ئـەو لایـەی ئاهەنگ خان دانیم بەڕاستی، چونکە مانایەکەی هەر تەواو دەگۆڕێ، نازانم فکری لێ کردۆتەوە یان نا؟ ئـەو مودەتەش (دون تقيد بأي مدة محددة) ئەوەش پـێم وایـە مودەتەکـە تەحدیـد بکـرێ، یـەعنی ($20$) رۆژ تـا مانگێك باشە بەرەئی من، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان روونکردنەوەیەکی هەیە فەرموو

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی برادەران تەماشای مەسلەحەتی نەخۆشەکەیان کرد، کەس باسی ئەوەی نەکرد دوور نیـە خـەڵکێکی غەریب مەسـلەحەتیان تێدا هـەبێت، زۆرجـار هـەموومان ئـەوەمان بیسـتووە دەبینـی یـەکێك جەریمەیـەك دەکات دەڵێن شێتە، تا لە مەسئولیەتی جینائی نەجات بێ، ئەو حاڵەتـەش نەفسـی حالەتـە مـەجال بـدەین (لكل ذي مصلحة) ئیحتیمال هەیە وا تەسەور بکا کە داخل بوونی بۆ مستەشـفای موختـەس بـۆ ئەوەیـە لـە مەسـئولیەتی جینـائی نـەجاتی بێـت، ئـەو وەختـە (مجنـی علیـە) ئـەوەی جەریمـەی دەرهـەق کـرا بـێتن مەسلەحەتی تێدایە تەعن لە قەراری قازی تەحقیق بکات، ئیسبات بکات کە وا نیە، موستەمسەکی بێنی کە وا نیە، ئیحتیمال هەیە تەواتوئێك لەگەڵی کرابێت، ئیحتیمـال لـە ژێـر تەئسـیرێك بـێ، ئیحتیمـال هەیـە بـە واستەیەك بێت، داخلیان کردبێت کە راپۆرتێك وەربگرێت کابرا ئیرادەی نـەماوە، کـابرا شـێتە، لەبـەر ئـەوە نەجات دەبێ لە جەریمەی جەزائی، بۆیە بە رەئی مـن ماددەکـە وەکـو خـۆی بمێنێـت بـەس (لكل ذى شـأن) ببێتە (لكل ذي مصلحة أن يطعن خلال مدة الأيداع مـن قـرار الـدخول الألزامـي أو الأسـتمرار فيـه أو الغـاءه) تەبعەن (دون تقيد بأي مدة محددة) پێویست نیە ئەوە بمێنێتن، چونکە خلال فـەترەی ئیـدا حـەقی هەیـە تەعن لێ بدات، پاشان کە دەربچێ لەنەخۆشخانە هیچ موبەڕیڕێ نامینێت کە لێ بداتن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش سیاغەی نوێتان فەرموو،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ($21$) يجوز لكل ذى مصلحة ان يطعن خلال مدة الأيداع بقرار الدخول الإلزامى او الأستمرار فيه أو إلغاءه.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایـە دەسـت بەرزکاتـەوە؟ کـێ لەگـەڵ دا نیـە؟ تـەنها یـەك ئەندام لەگەڵ نیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (22) كە دەكاتە ماددەی (18): يجوز لمدير المؤسسة إنهاء حالة الدخول أو العلاج الإلزامي بناءً على طلب أحد اقرباء المريض من الدرجة الأولى أو الثانية أو من يقوم على شؤونه قانونياً وذلك اذا اصيب المريض بمرض جسماني ينذر بالموت بعد أخذ موافقة الطبيب النفسي المسؤول عن المريض على ان يخطر بذلك مجلس للصحة النفسية خلال مدة لا تتجاوز (3)أيام.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**بەكوردیەكەی نیشتیمان خان بەس ئەگەر زەحمەت نەبێ توزێك بە سەوتێكی بەرزتر بیخوێنیەوە بۆ ئەوەی تەسجیل بێ،**

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (22) كە دەكاتە ماددەی (18) بەڕێوەبەری دەزگا بۆی هەیە كۆتایی بە باری داخل بوونی چارەسەركردنی بە خورتی بهێنێ، بەپێی داواكاری یەكێك لە خزمانی نەخۆش بەپلە یەك یان پلە دوو یان هەر كەسێك بەكاروباری یاسایی هەڵبسێ ئەوەش كاتێك نەخۆشی دەروونی تووشی نەخۆشییكی جەستەیی ببێ ئەگەری مردنی هەبێ، پاش وەرگرتنی رەزامەندی پزیشكی دەروونی بەرپرس لە نەخۆش، دەبێت دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی ئاگادار بكاتەوە لە ماوەیەكدا كە لە (3) رۆژ تێ نەپەڕێ.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**لیژنەی هاوبەش رەئیتان،**

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەبەرئەوەی كە هەرچەندە لە راپۆرتەكە تەنها ماددەی (22) هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماددەی (30) كە دواتر لە بەشی چوارەم هاتووە لەگەڵ ماددەی (22) تا رادەیەك نزیكیان لەگەڵ یەك هەیە، بۆیە پێمان باشە كە ئەو دوو ماددەیە یەك بخرێ، و بكرێتە دوو برگە، فەقەری یەكەم و فەقەرەی دووەم، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر،**

**بەڕێز د. رێكەوت حەمە رشيد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتگیری رای لیژنەی هاوبەش دەكەم، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**ئیقتیراحی لیژنە ئەوەیە ماددەی (22)، و ماددەی (30) دەمج بكرێ واتا تێكەڵ بكرێ، بیكەنە یەك سیاغە یان دوو فەقەرە، بۆیە عەرزی دەكەینە سەر ئەندامانی پەرلەمان كێ لەگەڵ ئەوەیە دەمج بكرێ تكایە**

دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ فەرموون ماددەی (30) بخوێننەوە کەواتە هەردووکیان وەکو یەك ماددە موناقەشەی دەکەین،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (30): يجوز نقل المريض النفسي الخاضع للدخول او العلاج الإلزامي من مؤسسات الصحة النفسية الموجودة فيها الى مستشفى عام للعلاج وذلك إذا ما اصابه مرض جسدي ولم يتوفر له علاج بالمؤسسة الموجودة فيها.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو نیشتیمان خان،

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (30) دەکرێ گواستنەوە بکرێ بۆ نەخۆشی دەروونی کە داخل بوونی یان چارەسەری بە خورتی دەیگرێتەوە لە دەزگاکانی تەندروستی دەروونی کە تێیدا بۆ نەخۆشخانەیەکی گشتی بۆ چارەسەرکردن گەر هاتو تووشی نەخۆشیەکی جەستەیی بوو چارەسەر لەو دەزگایەی تێیدایە دەست نەکەوت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لە سەر ئەم ماددە هەیە دەستی بڵند بکا، (د. احمد، کاك عبدالسلام تارا تحسین) ئێستا با سیغەی دەمجەکە لا بیخوێنێتەوە، ئینجا با ئەندامانی پەرلەمان قسەی لە سەر بکەن،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ریزبەندی ماددەی (18) وەردەگری: المادةالثامنة عشر:

1. يجوز نقل المريض النفسي الخاضع للدخول او العلاج الإلزامي من مؤسسات الصحة النفسية الموجود فيها الى مستشفى عام للعلاج وذلك إذا ما اصابه مرض جسدي ولم يتوفر له علاج بالمؤسسة الموجودة فيها.
2. لمدير المؤسسة إنهاء حالة الدخول أو العلاج الإلزامي بناءً على طلب أحد اقرباء المريض من الدرجة الأولى أو الثانية أو من يقوم مقامه قانوناً اذا اصيب المريض بمرض جسماني ينذر بالموت بعد أن يتم عرض الطلب على اللجنة الطبية المختصة والى المحكمة المختصة للموافقة على انهاء حالة الدخول والعلاج الإلزامي على ان يخطر بذلك لجنة الصحة النفسية في المحافظة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. احمد،

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لەو یەکخستنە دەکەم بۆ ئەو دوو ماددەیە، بەڵام لێرە ناوی مودیری موئەسەسە هاتووە لە هەندێك شوێن مودیر موستەشفا هاتووە، ئێمە پێشتر وابزانم تەعریفی موئەسەسەمان نەکردووە، ئەگەر لێرە مەبەست موئەسەسەی سحییە دەبێ لە شوێنەکانی تریش هەر بە موئەسەسە بێ لە ماددەی (24) لە ئەسلی پرۆژەکە دەڵێ (مدیر المستشفى) لێرە دەڵێ (لمدير المؤسسة) بۆیە پێم باشە جارێ ئەوانەش یەکبخرێن، پاشان باس لەوە دەکات کە مودیری موئەسەسە بۆی هەیە نهایەتی حالەتی دخولیەکە یان عیلاجی ئیلزامیەکە بێنێ لە سەر داوای یەکێك لە خزمەکانی نەخۆش بە دەرەجەی یەکەم و دووەم، بەڵام دوایی باس لەوە دەکات کە (على ان يخطر بذلك مجلس الصحة النفسية خلال مدة لا تتجاوز (3)أيام)، بەڵام لە سیاغەی لیژنەی هاوبەش مودەکە نەمابوو، وابزانم (3) ڕۆژەکە بمێنێ، و من پێشنیاریش دەکەم لەگەڵ ئەوەشدا خزمەکانیشی ئاگادار بکرێنەوە، نەك تەنها مەجلیسەکە ئاگادار بکرێتەوە، بەڵکو کەس و کارەکەشی ئاگادار بکرێتەوە،سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو تارا خان،

**بەڕێز تارا تحسین اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو دەمجەی کە کرا دوای ئەوەی خوێندرایەوە یەعنی پیشان درا، دوو حاڵەتە لە حاڵەتی تۆ کە داوای دەکەی بڵێین بینائەن لە سەر تەڵەبی خزم و کەسی خۆی دەرەجە یەك بێ یان ئەو کەسەی کە بەخێوی دەکات یان ئاگای لێیەتی بیهێنێتە دەرێ لە حاڵەتی مردن دایە، لەبەر ئەوە ئەو ختورەتە (يخطر بذلك) مەجلیسە عامەکەی صحەی نەفسی دانراوە من وا بە باش دەزانم ئەو (ما يلزم على شؤونه قانونياً) چونکە ئەو کە دەیهێنێتە دەرێ لە سەر مەسئولیەتی خۆی دەیهێنێتە دەرێ با هەر نەکەوێتە سەر مەجلیسەکە کە پێی دەهێننە دەرێ لە سەر مردنە، با خەڵکەکەی خۆشی یەك لە سەر حیسابی خۆشی دەیهێنێتە دەرەوە با لایەنە قانونیەکە بیگرێتەوە (ما يقوم على شؤونه قانونياً)ما عەدای مەجلیسەکە ئەو ئیزافەیە بکرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی یاسایی تکایە سیاغەی ماددەکە بخوێنەوە جارێکی تر، فەرموو،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (18):

1. يجوز نقل المريض النفسي الخاضع للدخول او العلاج الإلزامي من مؤسسات الصحة النفسية الموجوده فيها الى مستشفى عام للعلاج إذا ما اصابه مرض جسدي ولم يتوفر له علاج بالمؤسسة الموجودة فيها.

2. لمدير مؤسسة الصحة النفسية إنهاء حالة الدخول أو العلاج الإلزامي بناءً على طلب أحد اقرباء المريض من الدرجة الأولى أو الثانية أو من يقوم مقامه اذا اصيب المريض بمرض جسماني ينذر بالموت بعد أن يتم عرض الطلب على اللجنة الطبية المختصة والى المحكمة المختصة للموافقة على انهاء حالة الدخول والعلاج الإلزامي على ان يخطر بذلك لجنة الصحة النفسية في المحافظة خلال مدة لا تتجاوز (3) أيام.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (23) کە دەکاتە ماددەی (19): إذا هرب المريض المشمول بأحكام البندين (اولاً) و (ثانياً) من المادة (14) من هذا القانون من المستشفى فلادارتها الاستعانة بالشرطة التي عليها اتخاذ الاجراءات اللازمة لإعادته.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەکوردیەکەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (23) کە دەکاتە ماددەی (19): گەر نەخۆش بە پێی حوکمەکانی هەردوو بڕگە (یەکەم) و (دووەم) لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایە لە نەخۆشخانە رای کرد گرتییەوە. بەڕێوبەرایەتیەکەی بۆی هەیە هانا بۆ پۆلیس بەرێ کە لە سەریەتی رێکاری پێویست بگرێتە بەر بۆ گەڕانەوەی

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان،

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە تەنها ماددەی (14) دەبێتە ماددەی (10) ئەوی تر وەکو خۆی دەمینێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. رێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی بەڕێز کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم مادده؟ ( ئاشتی خان، کاك جلال، کاك عبدالسلام، د. صباح، ئاهەنگ خان)، فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (23) لە ئەسڵی پرۆژەکە،لێرە نووسراوە (من هذا القانون من المستشفى فلادارتها الاستعانة بالشرطة) بە بڕوای من ئیستیعانە مەرحەلەیەکە کە دەکرێ شورتە تەعاون بکا، تەعاون نەکا، یان لەوانەیە بەپێی پێویست نەچێ بە دەنگی کەیسەکەوە، ئەمە موئەسەسەیەکی فەرمیە، موئەسەسەی صحەی نەفسی کە شورتە ئاگادار دەکاتەوە سیغەیەکی فەرمی هەیە بۆ ئاگادارکرنەوە بۆیە مەرحەلەی یەکەم ئیبلاغ کردنی شورتەیە نەك ئیستیعانەکردنە، مەرحەلەی دوای ئەوە لە ئیبلاغی شورتە قۆناغی ئیستیعانە دەست پێ دەکا لەوانەیە دوایی شەکوا لە سەر شورتە هەبێ بڵێین (24) سەعات تۆ نەتوانی ئەو نەخۆشە بدۆزیتەوە یان بۆیە فلان حەدەس رووی داو، تۆ تیمەکانی لە کاتی پێویست دا بە دەنگ حەدەسەکەوە نەڕۆیشتوون، ئەمە مەرحەلەیەکە دەکرێ بەرێك و پێکی جێبەجێ بکرێ، و دەکرێ جێبەجێ نەکرێ؟ بەڵام ئەو مەرحەلەیە کە ئیلزامیە بۆ موئەسەسەیەکی فەرمی موخاتەبەی جیهەتێکی ئیداری دەکات ئیبلاغە، واتە یەکەم شت دەبێ ئیبلاغی ئەوە بکات کە یەکێك رای کردووە لە موئەسەسە نەفسیەکە ئینجا دواتر داوای ئیستیعانە وهاوکاری دەکا یان هاوکاری ناکا ئەوە شتێکی ترە، سەبارەت بەوەی کە لە دوای ئەوە دەڵێ ئیستیعانەو ئیبلاغی شورتە نووسراوە (التي عليها اتخاذ الاجراءات اللازمة لإعادته) ئیعادەتە فەقەت یەعنی ئەو کەسە دەگەڕێندرێتەوە بۆ شورتە، چونکە ئەمە ئیعادەیە مەعناکە بۆ هەردووکی جائیزە دەکرێ گەڕانەوە بێ بۆ مەرکەزی شورتەکە لە چیدا تەسبیتی بکەن کە گەڕانەوەیە بۆ موستەشفای نەفسیەکە، کە لەمەدا بێ خەمی نەکرێت ئەم نەخۆشە لە ناو مەرکەزی شورتەکەدا بهێڵدرێتەوە، بۆیە دەبێ تەحدید کرێ ئیعادە دەکرێ بۆ کوێ؟ بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم (على أن تعاد اجراءات الدخول الألزامی) بۆ نەخۆشەکە جارێکی تر بۆیە لەمەعنای ئیعادەکەدا تەحدید بکرێتەوە کە ئەبرێتەوە بۆ مەرکەزەکە، موئەسەسە نەفسیەکە جارێکی تر دخولی ئیلزامی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك جلال،

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حاڵەتێکدا کە دەڵێ (من هذا القانون من المستشفى و على ادارتة)، (فلادارتها)ی ناوێ ناوی (وعلى الادارة الاستعانة بالأقرباء من الدرجة الأولى أو من يقوم بشأنه قانونياً وابلاغ أو تبليغ الشرطة لأتخاذ الاجراءات اللازمة لإعادته للمستشفى.)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تێبینیەکەم گشتیە لە سەر هەموو ئەو فەسلە، خۆم راگرت وتم بزانم بەڵکو من بە سەهو چووبم، من وا تێگەیشتم شێت یان ئەوەی نەخۆشی عەقلی هەیە لێرە بە نەخۆشی نەفسی دانراوە، چونکە زۆر حاڵات ئەوەی هاتوونە نەخۆشی نەفسی حاڵەیەکی تەبیعیە مومکینە مـن سێ، چوار نەخۆشی نەفسیم هەبێت، یەعنی ئەو وەسفەی حاڵەتە و لە موستەشفایە گیراوە و ئەوە لەوانەیە دەڵێن (امـراض عصـبية وعقلية)دختور لێرەنە من بۆم نیە ئەو قسە بکەم، بەڵام ئەو خەلەلە فیزیاویە کە لە فسیۆلۆجیا بـووە یـان لە نەتیجەی هۆڕمۆنێکە یان هەر شتێك جیاوازە لە عوقەدو ئامرازی نەفسی، من نازانم، یـەعنی بۆیـە مـن تەسەور دەکەم ئەم مـاددە بـزات هـی ئەوەیـە یـەعنی کـە ئەننـەهو شـێتێکەو ئەوهایـەو ڕا دەکـات کەچـی نەخۆشی نەفسی هەیە لە منیش عاقل ترە، ئەم مولاحەزە گشـتیەم هـەبوو، یـەعنی لـە تـەاوی ئـەم فەسـلە مەعامەلە لەگەڵ ئامرازی عەقلی و عەسەبی دەکات زیاتر لە ئامرازی نەفسی، بـەس ئـەو تێبینیـەم هـەبوو، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. صباح،

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ماددەی (14) کە ئەمە باسی دەکا دەڵێ: إذا هـرب المـريض المشـمول بأحكـام البنـدين (اولاً) و (ثانياً) لەو دوو بەندەدا باسی کەسێك دەکا کە نەخۆشیەکەی توندبێ، یـەعنی شـەدید و دژوار بـێ، یـەعنی لێـرەدا پێویسـت بـەوە دەکـات کـە حوکمەکـە حـوکمێکی وجـوبی بـێ، یـەعنی (فلادارتهـا الاسـتعانة بالشرطة) یەعنی بۆی هەیە ئەسڵەن ئیدارە ئەگەر حوکمەکە جـەوازی بـێ نـەیکا، بۆیـە مـن پشـتگیری لـەو ئیقتیراحەی برای بەڕێزم پێش من ئەکەم کە دەڵێ کە بکرێ بە حوکمێکی وجوبی (فعلـی أدارتهـا الاسـتعانة بالشرطة) یەعنی بۆچی؟ مادام کەسەکە خەتەر بێ بەم شێوەیە حوکمەکە وجوبی بێ باشترە، لەبەر ئەوەی هەم خۆی دەپارێزی هەم خەڵکی تریش دەپارێزی لە دەستی ئەو، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك عبدالسلامی فیعلەن (فۆکەس) لێرە کێیە؟ نەخۆشی نەفسیە، شێتە ئەوەی داخیلی خەستەخانەی بووە، ئەوەی مولاحەزەی دەکا یان صحەی نەفسیە یان ئەوەی لێ دەگەڕێ شێت نەبێ یان ئەوەی لێ دەگەڕێ غارنەدا، یەعنی ئەگەر تەماشای هەندێك ئەحکامی قانونی بکەی بەس شەرت تەتبیق دەبێ لە سەر ئەوەی شێتە حاڵەتی زۆر زۆر خراپە، بۆیە ئیستیعانە بە شورتە هەندێك جار بۆ ئەدڵەت هەندێك جار موشکیلەیە بەڕێزان زۆر مەشاکیل هەبووە من خیلالی تەجروبەم لە مندالٚ پارێزی کوردستان ئیشم کردووە زۆر زۆر تەجروبە هەبووە ئیعادەی هەندێك حالەت هەندێك کێس بەتەنی بەشورتەی ناکرێ، موشکیلەی بۆ شورتەش دروست کردیە بۆ نەخۆشیش خەڵق کردیە بۆ موجەمەعەکەش خەڵکی کردووە، بۆیە بە هەموو حاڵەتەك ئیستیعانە بە شورتە بەتەنی ناکرێ بێ (ذوی) ئەقاریبی ئەو نەخۆشەی، چونکە ئەوە شەوە، ئەوە رۆژە، لە چۆڵی زۆر شێت هەیە وەفات دەکا، و زۆر مودمین هەیە لە چۆڵی وەفات دەکا، ئیعادەی وەی بەتەنی بە شورتەی جائیز نیە، مەفروزە (ذوی) لەگەڵ بێ، بۆیە دەڵێ (الاستعانة بالشرطة وذویه)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێ تەندروستی دەروونی یان نەخۆشی دەروونی زۆر جار ئینسان لە کەم خەویەوە گرفتێکی دەروونی بۆ دروست دەبێ تا ئەو حەدەی ئەخیری دەکەوێتە سەر جادە و ئیتر پەلاماری خەڵك دەدا و ناتوانێ پاك و تەمیزی خۆی بپارێزێ و لەوانەیە ببێ بە خەتەر بۆ دەوروبەری، ئێمە باسی ئەو نەخۆشانە دەکەین کە حاڵەتی دەروونیان موستەقر نیە، لە خەستەخانە نامێننەوە، بۆیە دەبێ ئیخباری شورتە بکرێ، چونکە هەم بۆ سەلامەتی موئەسەسە نەفسیەکە هەمیش بۆ ئەو نەخۆشەی کە ڕایکردووە بە زووترین کات بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی زەرەر لە خۆی و لە کەس و کاری نەدا لە خەڵکەکەش نەدا، و ئەم حاڵەتانە ئیعتیادیە روی داوە، و تەلەفۆنیشمان کردووە بۆ شورتە، بەڵام ئەگەر ئیستیعانە بێ، بڵێین ئیستیعانەکە بکرێ بە ئیبلاغ بڵێین(والأستعانة بذوی) ئەوە دەتوانێ وشەی (ذوی) زیاد کرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان روونکردنەوەیەکی هەیە فەرموو،

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەزیەی هێنانی گەڕانەوەی بۆ موستەشفا، ئیدارە بە خۆی تەسەروف دەکات، بەس بۆ ناوی شورتە لێرە هاتووە ناوی کەس و کاری نەهاتووە، کەس و کار موحتاجی نەسی قانونی نیە کە یارمەتی بدەن، بەڵام شورتە کە نەسەکی قانونی نەبێت،ئیتاعەی ئەمری ئیدارەی موستەشفا ناکات، بۆیە بە رەئی من موحتاجی

ئـەوە ناكـات، وەكـی تـر ئیـدارە بـە خـۆی ئسـلوبی خـۆی و بیروقراتـی وی ئیـداری ئـەزانێت چـۆن چـۆن موخاتەبەی شورتە بكات، خۆ بە شەفەوی پێیان ناڵێتن ئیعتیادی كیتابەك دنووسێت و ئیبلاغی دەكات بـە رەئی من پێویستی بەو تەفاسیلانە نیە لە ناو نەس، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش سیاغەی نوێ،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (23) ئەسڵی پرۆژەكە كە ریزبەندەكەی دەگۆڕێ بۆ ماددەی (19): إذا هرب المریض المشمول بأحكام الفقرتين (اولاً) و (ثانياً) من المادة (10) من هذا القانون من المستشفى فلادارتها الاستعانة بالشرطة لإتخاذ الاجراءات اللازمة لإعادته.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەو سیاغەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتـەوە؟ كـێ لەگـەڵ دا نیـە؟ یـەك ئەنـدام لەگەڵ نیە، بەزۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (24) كە دەكاتە ماددەی (20): لمدير المستشفى أن يأذن من وقت لأخر لأى من المرضى المستقرين مـن الناحية النفسية بقضاء مدة لا تتجاوز (48) ثمانيـة وأربعـين سـاعة خـارج المستشفى تحت رقابـة كافيـة أو بتعهد ذويه بإعادته اذا كان كل هذا الأجراء يشكل جزءاً من علاجه بناء على توصية الطبيـب الاختصاصـي المعالج.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەكوردیەكەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (24) كە دەكاتە ماددەی (20)، بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بـۆی هەیـە نـاو بـە نـاو مۆڵەت بداتـە ئـەو نەخۆشـانەی لـە رووی دەروونیــەوە جـێگیرن تـا ماوەیــەك لـە (48) كاتــژمێر پــتر نــەبێ لــە دەرەوەی نەخۆشخانە بەسـەر بـەرن، لـە ژێـر چاودێری تـەواو دا یـان بـە بـەڵێن نامەیـەك لـە كـەس و كاریـەوە بـۆ گەڕانەوەی، گەر هات و هەموو ئەو رێكارانەی بەشێك بوون لـە چارەسـەركردن بـەپێی راسپاردەی پزیشـكی پسپۆڕی چارەسەركەر.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان،

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی ئەم ماددەیە دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی ئەم ماددەیە دەکەین

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددە؟ فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی منیش (المستقرین) نەفسیەن یان بڵێین (المستقرین) نسبییەن ڕەنگە باشتر بێ، چونکە موستەقر بێ نەفسی پێویستی نییە، دوو (خارج المستشفی)لەوانەیە ئەو کەسە کە باری دەروونی خراپە بچێتە شوێنێکی خراپ، یەعنی بڵێین (خارج المستشفی وفي مسكن أمن)ئەوەش تەعەهود، بەڵام من پرسیارێکی ترم (تحت رقابة كافية) یەعنی چی؟ ئەوە لە جەنابی وەزیر ئەو پرسیارە دەکەم، یەعنی پۆلیسی بەدیارەوە بێ، خەڵکی بە دیارەوە بێ، (تحت رقابة كافية) شتێکی زۆر مەتاتیە، بەڵام من دەڵێم (بموجب تعليمات تصدره الوزارة) تەعلیمات هەبێ بۆی دیاری بکا،(تحت رقابة كافية) زەحمەتە خۆ بە g p s)موراقەبەی ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

حاڵەتی موستەقری نەخۆش لە ڕاستیدا بەزۆری نەخۆشی نەفسی حاڵەتی ئەتاکی پێ دەڵێن نەوباتە مومکینە تۆ ئەو حاڵەتە نەوبەیەی کە بۆی هاتووە لە خەستەخانە بە فەترەیەکی کەم عیلاجی دەکەی، بەڵام مەعنای وانیە عیلاجی نەخۆشەکەت کردبێ، ئیحتیماڵە پێویستی بە فەترەیەکی زەمەنی هەبێ کەوا چاودێری بکەی هەر لە موستەشفا بۆیە ئەو حاڵەتەی کە موستەقرە بەو شیوەی کە باسمان کرد دەبێ ناوە ناوە مودیر ئیدارەی موئەسەسە ئیجازەی پێ بدا، فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

كه دەڵێ حاڵەتی نەفسی موستەقیر بێ یەعنی خەتەر نەبێ بۆ دەوروبەری، یەعنی لەو نەوباتانە لەو ئەجویتە تاكانە د. حسن و د. ڕێباز دەزانن بەدەر بێ ئەمە یەك، دوو: ئەو نەخۆشانە هەر مەسەلەی ئەوە نیە كە پەلامار بڵێین (ئەگریستڤ) دەبن یاخود پەلاماری دەورووبەریان دەدەن جاری وا هەیە نەخۆشمان بۆ دێ بە دوو ساڵ خۆی نەشووشتووە وازی لە ژیان هێناوە لە ژوورێك دا دایانناوە لەبەر ئەوە كەس و كارەكەی مەسەلەن تۆ دەبێ بیهێنێتە ئەو شوێنانە (بلیسەیشن سەنتەر)سەنتەری راهێنانەوە دووبارە فێری ژیانی بكەیتەوە، فێری ئەوەی بكەی چۆن بچێ بۆ بازاڕ، چۆن بچێ بۆ سەیران فێری ئەوەی بكەی چۆن پاك و تەمیزی خۆی بپارێزی لەبەر ئەوە ناوە ناوە كە دەچێتەوە لای كەس و كاری هەم كەس و كاریشی وردە وردە دەناسێتەوە جاری وا هەیە بەعەكسەوە ئێمە دەڵێین كەس و كاری با دوو ڕۆژ لەگەڵیان بێ ئەوان لێمان وەرناگرنەوە كە دەڵێ مەسەلەن(تحت رقابة كافية) كەس و كارەكەی موستەعید بن كە وەری گرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش سیاغەی نوێ،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (24)ی ئەسلی پڕۆژەكە كە دەبێتە ماددەی (20)، لمدير المستشفى أن يأذن من وقت لأخر لأي من المرضى المستقرين من الناحية النفسية بقضاء مدة لا تتجاوز (48) ثمانية وأربعين ساعة خارج المستشفى تحت رقابة كافية أو بتعهد من ذويه بإعادته اذا كان كل هذا الأجراء يشكل جزءاً من علاجه بناء على توصية الطبيب الاختصاصي المعالج.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەو سیاغەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ (3) ئەندام لەگەڵ نیە، بەزۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الباب الرابع**

**علاج المريض النفسي**

المادة (25): الأجراءات والمعلومات المقدمة اليه واتخاذ قرار مبني على هذا الأدراك والتعبير عنه تعبيراً صحيحاً يلتزم الطبيب النفسي المسؤول بعدم إعطاء اي علاج لمريض دخول الإرادي دون الحصول على موافقته المسبقة المبنية على إرادة حرة كما يلتزم بتسجيل خطة علاجية المقترحة وتثبيت موافقة المريض او عدم موافقته في الملف الطبي الخاص به، وذلك طبقاً للشروط والأجراءات التى تحددها التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون، وتقع مسؤولية تقرير قدرة المريض العقلية على أعطاء موافقة صريحا من عدمها على

الطبيب بالنفسي المسؤول وفي جميع الأحوال يلتزم أعضاء فريق العلاج بتسجيل كل تدخل يقوم بـه أي مـنهم بملف المريض وذلك على نحو تبينه التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەکوردیەکەی.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (25) کە دەکاتە ماددەی (21)، لـە بارێکـدا کـە نـەخۆش توانـای ژیریـی بـە رادەی تێگەیشـتن و درك پێکردنی زانیاریە پێشکەشکراوەکانی بوو، بڕیار وەرگرتن لە سەر ئەم درك پێکردن و گوزارشت کردنە لێی، بە دەربڕینێکی ڕاست و دروست ئەوا لە سەر پزیشکی بەرپرسە کە هیچ چارەسەرکردنێك نەداتە نەخۆشی داخڵ بوو بە ئارەزوو بەبێ ئەوەی پێشەکی ڕەزامەندی نەخۆش وەرنەگرێ کە پشت بە ئیرادەی سەربەستی خـۆی دەبەسـتی هـەروەها داخـوازی پلانـی چارەسـەرکردنی پێشـنیازکراو تۆمـار بکـات و چارەسـەرکردنی ڕەزامەندی نەخۆش یان ڕەزامەندی نەکردنی لە دۆسیەی پزیشکی تایبەت بەو، ئەمەش بـەپێی مەرجـەکان و ئـەو ڕێکارانـەی کـە ڕێنماییـە دەرکراوەکـان دەستنیشـانیان دەکـەن بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەم یاسـایە، بەرپرسێتی ڕاپۆرتی توانای ژیریی نەخۆش بۆ پێدانی ڕەزامەندی ئاشکرا بۆ نەبوونی لە ئەستۆی پزیشکی دەروونی بەرپرس دایە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەم مادده عیلاجیانە زیاتر زۆر زۆر ئیختیساسیە مومکینە ئێمەش نەتوانین بەو نەوعـەی کـەوا قسـەی لـە سـەر بکـەین کـەمی بکـەین و زیـادی بکـەین، چـونکە ئەمـە جوزئیکـە لـە پرۆتۆکـۆلاتی عیلاجـی نەخۆشـی نەفسی، هیوادارم ئەوەی کە قسەی لە سەر دەکا مەسـادری وای هـەبێ کـە بتـوانێ چاکسازیەك لـەم ماددانـە بکات، فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئێمە پێشنیاز دەکەین لەبەر ئەوەی کە ماددەی (25، 26، 27) هەرسـێکی چارەسـەرکردنی سـێ بارو دۆخی جیاوازی نەخۆشن لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکـەین ئـەو سـێ ماددەیـە یـەك بخـرێ، و بـەم شـێوەیە دابڕێژرێتـەوە، بـە سـێ بڕگـەی جیـاواز بڕگـەی یەکـەم لـە بارێکـدا کـە نـەخۆش توانـای ژیریـی بـە رادەی تێگەیشتن و درك پێکردنی زانیاریە پێشکەشکراوەکانی هەبوو، ئـەوە لـە سـەر پزیشکی بەرپرسـە کـە هـیچ چارەسەرکردنێك نەداتە نەخۆشی داخڵ بوو بەبێ ئەوەی پێشەکی ڕەزامەندی نەخۆش وەرنەگرێت،

برگەی دووەم: ئەگەر نەخۆشی بەخورتی داخڵ کراو بەکارهێنانی چارەسەری ڕەتکردەوە پزیشکی دەروونی بەرپرس دەتوانێ بەزۆر چارەسەر پێ بدات واتە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نەخۆش، چونکە ئیرادەی پێدانی ڕەزامەندی نییە،

برگەی سێیەم: لە باری کوت و پڕدا دەکرێ چارەسەر بدرێتە نەخۆشی دەروونی بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی داڕمانی چاوەڕوانکراوی باری دەروونی یان جەستەی نەخۆش بە مەرجێك ماوەکەی لە (72) کاتژمێر تێپەڕ نەکات،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو سێ ماددەیە حەز دەکەم بە جیا بێ، چونکە بەڕاستی ئەوە لیژنەیەکی موختەس داینـاوە، و جەوهەری قانونەکەیە، لەبەرئەوە با (3) ماددەکە ئەو کاتە زۆرەمان کوشتووە با سێ ماددەکە، مادده بە مادده دیراسەتی بکەین دەنگی لە سەر بدەین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی بەڕێز کێ قسەی لە سەر ماددەی (25) هەیە؟ (کاك جمال، کاك نەژاد، سیوەیل خان، د. احمد، بێریڤان خان، تارا خان) فەرموو کاك جمال،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێینو بەرێ خۆ بدەینە ڤی ماددەیە تەقریبەن نەشێ بێژم (8) دێرە یەعنی (8) سەترە لە چ قانونەکدا (8) ڕێز (9) ڕێز ل یەك ماددەدا نابێتن پتر مادده ماددەیەکی ئینشائیە ئەزێت بینم ئیجرائات و خەتاوات و (وکذا وکذا وکذا الی أخره)، بۆیە پیشنار من هەی ئەڤ ماددەیە ببێتە تەقریبەن دوو ڕێز هەتا سێ ڕێز لێرە مەعنای هەموو خۆ ڤێ ئەگەر بێینو بەرێ خۆ بدەێنێ بێژێتن (تحددها التعليمات الصادرة بتنفيذ هذا القانون) ئەسڵەن هیچ تەعلیمات دەرنەچووە تا ئێستا لێرە رابردووە یەعنی دەرچووە ئەمەش نابێ، خاڵی دووەم دەڵێ (الذي تبينه التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون) ئەمە یەعنی ناکۆکیەك دیار دەبێتن، باشتر دەبینم بنووسن (على الطبيب النفسي المسؤول عن مريض الدخول الأرادي القادر على الفهم والأدراك معالجته بناءً على موافقته المسبقة والمثبتة في ملف المريض وتسجل كل تدخل علاجي يقوم به أي من أعضاء الفريق العلاجى في ملف المريض)بەس لێرە بوەستێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك نەژاد فەرموو،

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی هەر ئەو ماددەیە من لەگەڵ رەئیەكەی جەنابی وەزیرم هەر ئەو ماددەیە خۆی دەبێ بكرێتە سێ فەقەرە، نەك سێ مادده بكرێتە سێ فەقەرە بەڕاستی ئەو ماددەیە بكرێتە سێ فەقەرە لەگەڵ كاك جەمالیشم ئەو تەعلیماتە بەو شێوەیە بێت بەحقیقەت،

أ ـ (في حالة تمتع المريض بالقدرة العقلية على فهم وإدراك الأجراءات والمعلومات المقدمة اليه)هەتا كۆتایی دەگاتە (الخاص به) (وذلك) فڕێ بدرێ تەبعەن (طبقاً للشروط والأجراءات التي تحددها القانون) پێویست ناكات تەعلیمات، چونكە راست دەكات هێشتا خۆ تەعلیمات دەرنەچووە،

ب ـ (و) ناوێت (تقع مسؤولية تقرير قدرة المريض العقلية) هەتا كۆتایی (على الطبيب النفسي المسؤول. و (في جميع الأحوال) تەرك بكرێ، بكرێتە،

ج ـ (يلتزم أعضاء الفريق العلاجي بتسجيل كل تدخل علاجي يقوم به أي منهم بملف المريض)ئەوەی دیكە (وذلك على النحو الذي تبينه التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون) ئەوە هەمووی ئەسەكەندەر نامەیە بە رەئی من، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو سیوەیل خان،

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە هاوڕام لەگەڵ هاوكارانم كاك جەمال و كاك نەژاد قسەكانی منیان كرد و پشتیوانیان لێ دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. احمد،

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تێبینیم هەیە لە سەر ماددەی (27) لە ئەسڵی پڕۆژەكە كە بۆتە فەقەرەی سێیەم لە ماددەكە كە لە كۆتاییەكەی دا دەڵێ (على أن لا تتجاوز مدته (72) ساعة)، لێرەدا ئەم پێدانی عیلاجە بە نەخۆشی نەفسی لە حاڵەتی زەروورەتی عاجیلە دایە، چۆن دەكرێ كاتی بۆ دیار بكرێ، بڵێ نابێ مودەكەی لە (72) سەعات زیاتر بێ، بەڕاستی ئەمە پێم وایە كارەساتە لێرە، چونكە ئەگەر حاڵەتەكەی ئەوەندە زەروورە، ئایا ئەگەر لە دوای (72) سەعاتەكەش پێویستی بە پێدانی عیلاج بوو چۆن دەكرێ كاتەكەی دیار بكەی، مانای وایە ئەگەر حاڵەتی زەروورەتیش بوو بەپێی قانون رێگەی لێ دەگرێ لە (72) سەعاتەكەی نابێ عیلاجی پێ بدات، بۆیە لەگەڵ ئەوەم كە ئەو مودەیە هەر ببڕێت پێویست ناكات لێرە بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

خۆی یاسایەك هەیە بەنیسبەت یاسای حقوقی نەخۆشی نەفسیە، تەبعەن ئەمە کۆمەڵێك عقوبەی تێدایە، کۆمەڵێك سەلاحیاتی تێدایە بەنیسبەت تەبیب یان تەجاوزاتی تێدایە، ئەگەر بکرێ چۆن محاسەبە دەکرێ، ئەگەر لێرە لە شێوەی عیلاجەکە دیاری نەکرێ ڕێگاکە چەندە، سەلاحیاتەکەی چییە چۆنە؟ تۆ ناتوانی ئەو کاتە بزانی کامەیان حەقی نەخۆشەکەیە تا بێیت لێپرسینەوە لەگەڵ دکتۆر بکەی یاخود ستافی معالج بکەی، بۆیە زۆر بەتەحدیدی لەو ماددەیە باسکراوە، درێژی قانونیش ماددەش نابێتە نەقسێك بۆ قانونەکە، بەڵکو هەندێك بابەتی خەدەماتی زۆر پێویستی بە تەوزیحە، فەرموو بێریڤان خان،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو زانستەی خوێندوومە دەتوانم قسەی بکەم لە سەر تەندروستی، بەنسبەت ئەوەی چارەسەرکردنە لێرە بۆ نەخۆشی ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە کە دەیخوێنیەوە زیاتر عەقلیە، دەروونی نیە، ئەوە یەك، زیاتر داخلبوونە چارەسەرکردن لە دەرەوە نیە، ئەوەی باس دەکرێتن دوو چارەسەر کردن هەیە لە دەرەوە پێ دەڵێن چارەسەرکردنی زەرد چارەسەرکردنی سوور، ئەوەی زەرد کە مانای وایە لەگەل نەخۆش دەبینی لە هەر بەشێك دەزگایەکی تەندروستی دەروونی تەواری هەیە کە نەخۆش دەچێتە پێش قسە دەکات چ نەخۆشەك داخل دەبێ و چ نەخۆشێك داخل نابێ ئەو نەخۆشەی کە چارەسەر وەردەگرێتن، بەڵام چارەسەرکردنەکەی دەورووبەرەکەی ناتوانن بە رێك و پێکی بیدەنی یان خۆی چارەسەرکردنەکە وەرناگرێ مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکرێ لە ناوماڵەکە بۆ ماوەیەك داخیلی دەکەن بۆ نەخوشخانەیەکی تەندروستی دەروونی ئەویش وەکو حەوانەوەیە وەکو دوورکەوتنەوەیە ماوەیەك لەو خانووەی یان لەو خێزانەی تێدایە، چارەسەرکردنی دووەم چییە؟ ئەگەر هاتو نەخۆشەکە ئەو عیلاجەی وەرگرتووە، هاتووە بۆ تەواری لەگەڵ پسپۆری دەروونی قسەی کردووە لە کاتی چەند ئەو جەلسانەی کە لەگەڵی دادەنیشێ دکتۆرەکە بەپێی راپۆرتی خۆی کە ئەوە مەترسی هەیە لە سەر ژیانی خۆی، لەوانەیە ئەگەر هەر وا بڕوا خۆی بکوژێ، بۆیە داخیلی دەکەن لە ژێر چاودێری، داخیل بوونی سێیەم چۆنە ئەگەر هاتو ئەو نە خۆشە هەر حاڵەتێکی توند و تیژی کرد یەکسەر نەگیرا بەو کەسە بەخێزانی توند و تیژی بەرامبەر خۆی دەی ویست بکا یان بەرامبەر دەورووبەری یەکسەر داخلی خەستەخانە دەکرێتن و دەبێ چارەسەر وەرگرێ، بۆیە لەگەڵ ئەو چارەسەرکردنانەی کە لێرە داواکراوە بە ئیرادەی خۆی بەبێ ئیرادەی خۆی شەرت نیە ئەمە هەمووان داخیل بکەین، چارەسەرکردنی سروشتی و چارەسەرکردنی عیلاج تەبیعی و چالاکی کردن، چارەسەرکردنی دەوروبەری کۆمەڵایەتی ئەوانە هەموو وا دەکات ئەو نەخۆشە دەروونیانە دوور کەونەوە باشتر بن، نەوەك لێیان ببێتە عەقلی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم یاسـایە ئەگـەر تـۆ بێیتـە سـەر ماددەکـانی ئـەوەلی سـریانی قانونەکـە لـە سـەر نەخۆشـی نەفسـی و موئەسەساتی سحەی نەفسی لە سەر ئەو نەخۆشانەیە کە لە ناو نەخۆشخانە و موئەسەساتی نەفسیدا داخل دەکرێن و عیلاج دەکرێن، ئەمە دیارە کە ئەم یاسایە ڕێکخراوە چونکە دکتۆرە نەفسیەکان مەعاناتیان هەیە لە پێدانی عیلاج لەوەی عیلاجی کێ بدەن؟ چۆن عیلاقات لەگەڵ نەخۆشەکان ڕێکخەن چۆن عیلاقات لەگەڵ مەحاکیم ڕێکخەن، چۆن عیلاقات لەگەڵ کەس و کاری نەخۆش ڕێکخەن، بۆیە ئەم قانونەیان داناوە، بەڵام ئەگەر تـۆ بتـەوێ باسـی هـەموو نەخۆشـیەك بکـەی، نەخۆشـێك تۆزێك خـەوی زڕا ئـەم قانونـەی بـە سەردا تەتبیق بێ، وا نیە، ئێمە قانونی صحە عامـەمان هەیـە وەزارەتـی تەندروسـتی بـەپێی قـانونی صحە عامە دەڕوا بەڕێوە، لەبەر ئەوە ئەم مەوزوعە نیتاقی سریانی قانونەکەی ئەو نەخۆشە نەفسیانەیە کە لـەم موئەسەساتە صحیانە عیلاج دەکرێ، بۆ تەنزیم کردنی عیلاقە لە بەینی تەبیب و نـەخۆش و نەخۆشـخانە و مەحاکیم و قانون، بۆ ئەوەی نە تەبیبەکە مەسئوول بێ، نە نەخۆشەکە کەمتەرخـەمی بەرامبـەر بکـرێ، نە موئەسەساتە صحیەکانیش کەم تەرخەم دەرکەون، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو تارا خان،

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی کۆمێنتەکەم بڵێم بەڕاستی وشەی شێت (5، 6) جار بـەکارهات لـە نـاو ئـەم هۆڵـە، کـە وشـەی شێت وشەیەکە بەکارهێنانی خۆش نیە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لە بەڕێزتان وشەی کە خۆمـان لێـرە لـە سەر تەندروستی دەروونی باس دەکـەین، لـەلاینی تەندروسـتی دەروونـی هەمووومانـەوە کـە ئـەو وشـەیەمان گوێ لێ دەبێ یان بە پێکەنین و بە ناخۆشی یان بە دڵ ناخۆشی دێتە بەردەممان، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوانە بـۆ جارێکی تـر کـە بـەکار دێـت ئـەم وشـەیە نێتـە بـەکارهێنان، دووەم شـت لـە بـەڕێزتان فـەرمووت ئەمـە ئیختیساسـیە، ئەگـەر ئیختیساسـی نـەبێ قسـەی تێـدا نـەکرێ وابـزانم وەکـو ئەنـدامی پەرلـەمان قسـەکەی بەڕێزت زۆر تەواوە مەفروز بوو سایکاتری بێ ئەو کەسانەی کە دایان نـاوە قانونەکـە وایـە، بـەس کـە دێتـە ناو پەرلەمان هەریەکە بەپێی ئەو بۆچوونەی یان بەدواچوونەی یان خوێندنەوەی ئینتەرنێتی یـان لەگـەڵ دکتۆر دانیشتنی نەفسی و یان لەگەڵ نەخۆشی نەفسی هەڵبەتە چەند خاڵێکی لەلا گەڵاڵە بـووە حـەز دەکا لێرە بۆ خزمەتکردنی نەخۆشەکە بهێنێتە سەر قسەکردن، ئەم دوو مولاحەزەیەم هەبوو من پشتگیری خۆم لە جەنابی وەزیر دەکەم لە مەعاناتەکانی کە هەیە ئەمە وای کرد ئەم قانونە بێتـە دەرەوە، پشـتگیریش لـە لیژنەی تەنـدروستی دەکەم کە ئەم حاڵەتانە بێتە پـۆلین کـردن، بـەڵام ئـەوەی مـن دەمـەوێ ئیزافـەی بکـەم حاڵەتێك هەیە پێی دەوترێ (الأوامر العلاجیة) کە لە مادده (31) باسی دەکا(الاوامر العلاجیة) لـە وڵاتـانی

دەوروبەریشمان كە لە صحەی نەفسی قانونیان داناوە، (الاوامر العلاجیە) لەوێ دەتوانین باسی بكەین، ئەو عیلاجانەیە كە دكتۆر بە تەوعی بۆ ئەو نەخۆشانەی دەردەهێنێ لە دەرەوەی موستەشفا بكەن لەبەر ئەوەی ئەگەر بهاتبایە ئەمەش لەگەڵ ئەمانەدا دیراسەتێك بكرابایە داخڵ بكرابا وابزانم لەگەڵ یەك بوونابایە ئەو وەختە دەبووە دوو حاڵەت، حاڵەتێك كە نەخۆش مافی خۆیەتی بەبێ ئەوەی پێی بڵێ من عیلاجت دەكەم ئەوە عیلاجەكەتە هیچ دكتۆرێك چەند حاڵەتەكەی حاڵەتێكی نامۆ بێ، دەبێ سوئالی لێی بكا، و دەبێ موافق بێ ئینجا عیلاجی بكا، چونكە ئەوە یەكێكە لە پرنسیپەكانی مافی نەخۆش، دووەم حاڵەتە كە ئەو حاڵەتانەیە ئەگەر نا ئیرادەی نیە ناتوانێ قەراری بۆ بدا ئەم دكتۆرە مەسئوولەی ئەوێ كە دێت عیلاجی دەكا بەو ئەوامرە عیلاجیەی لە دەرەوەی موستەشفا دەتوانێ حاڵەتێك بێ بۆ عیلاج كردنی ئەگەر نا حاڵەتی سێیەمە كە لێرەدا لیژنە باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

دیارە من مەبەستم ئەوە نەبووە كە بڵێم ئەندامانی پەرلەمان یان رێ بگرم لەوەی قسە بكەن، چونكە داوام لێكردن كێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە فەرموو با قسە بكا؟ بەڵام مەبەستم ئەوەیە دائیمەن قانون كۆمەڵێك ئەبعادی هەیە، بوعدی مافی مرۆڤی هەیە، بوعدی حقوقی نەخۆشی هەیە، بوعدی موعالەجەیەكی تایبەتی توبی هەیە، یەعنی بوعدی قانونی هەیە، سیاغەی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ هەر یەكە لە مەجالی ئیختیساسی خۆی قسەی لە سەر بكا بێگومان، بەڵام هەندێ حاڵەتی نەخۆشی نەفسی، من تەسەور دەكەم هەتا ئێمە كە دكتۆریشین ناتوانین قسە بابەتی عیلاجیەكەی بكەین، رێگامان پێ نەدراوە كە قسە لە سەر ئەوە بكەین، بەڵام خۆشحاڵین بەوەی كەوا لیژنەی تەندروستی پێش ئەوەی كەوا ئەم ماددەیە بۆ قیرائەی دووەم بێننە ناو پەرلەمان چەند جار لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی لەگەڵ خەڵكانێكی موختەس لە دكتۆرەكانی نەفسی دا، و قەناعەتیان پێ بووە ئینجا هێنایتیانە ناو قاعەی پەرلەمان لە زۆر شوێنی دونیاش وەختێك لیژنەی موختەس قەناعەتی بە قانونەكە هەیە ئیتر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئیكتیفا بە ئەم جانیبەیەوە دەكەن كە ئیختیساسیە، بەكارهێنانی وشەی شێت خۆی لە قانوندا هەیە، لە توبیشدا هەیە، بەڵام مەجالەكە زۆر مەحدوودە بە هێندێك خەڵك دەوترێ، یەعنی ئەو بوعدە فراوانەی تەبیعی كە لە تەفسیرەكانی ئێوە ئەو بوعدە نادات، جەنابی سكرتێری پەرلەمان روونكردنەوەیەكی هەیە فەرموو،

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمانی كوردستان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من هەر لە سەر بەكارهێنانی وشەی شێت ناحیەی قانونی مەسئوولیەتێكی زۆر گەورە لە سەر نەتیجەكە تەرتیب دەبێت ئەوەی بگاتە ئەو دەرەجەیە مەزنترین جەریمە بكات عقوبە نادرێت بە ئیعتیبار ئیرادەی نییە، بەكارهێنانی ئەم وشەیە لە مەجالێك وەك مەجالی پەرلەمان، شتێكی زۆر تەبیعیە بەرەئی من ئێوە لە هەندێك موستەلەحاتی قانونی نە پێی موتەئەسیر ببن نە حەساسیەت پێتان دیار بێت ئێمە لە

مەجالاتی تەعن محامیەکان دەزانن لە قەراراتی مەحاکم موستەلەحاتی وا بەکاردەهێنن کو شتێکی شائیعە، ئیحتیمال هەیە برادەرێك یان شەخسێکی ئیعتیادی ئیعتیبار بکات کە ئیهانەیە، بەڵام لە مەجالی قانون و مرافەعات و تەعن لە قەراراتی مەحاکم شتێکی زۆر تەبیعیە لێرەش بەکارهێنانی ئەو کەلیمەیە ئەگەر لە مەجالی خۆی دابێت شتێکی زۆر تەبیعیە، چونکە ئێمە موناقەشەی قانون دەکەین نە شتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەکە ئەم ماددەیە بخرێتە دەنگدان لەبەر ئەوەی نیصاب تەواو نییە، ئەگەر ماددەکەی تر موناقەشەی بکەین،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (26) کە دەکاتە ماددەی (22): لا يجوز اعطاء المريض النفسي اي علاج لحالته سواء أكان هذا العلاج دوائياً أو نفسياً او سلوكياً او كهربائياً او اي من العلاجات المستخدمة في الطب النفسي دون احاطته علماً بذلك، ويتعين احاطته علماً بطبيعة هذا العلاج والغرض منه والأثار التي قد تنجم عنه والبدائل العلاجية له، فإذا امتنع الدخول الإلزامي عن تناول العلاج المقرر، يحق للطبيب النفسي المسؤول الزامه بالعلاج على ان يستوفي الطبيب اجراءات العلاج الالزامى قبل الشروع في ذلك ويجب عليه مراجعة إجراءات العلاج الإلزامى كل اربعة اسابيع على الأكثر كما يجب اعادة النظر في تلك الإجراءات عند قيام الطبيب المعالج بإجراء أي تغيير جوهري في الخطة العلاجية المسرح بها، وإذا استمر العلاج الإلزامى مدة أكثر من ثلاثة أشهر يتعين الحصول على تقييم طبي اخر مستقل، ويأتي ذلك كله على النحو الذي تبينه التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەکوردیەکەی

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (26) کە دەکاتە ماددەی (22): نابێ نەخۆشی دەروونی هیچ جۆرە چارەسەرێکی بدرێتێ بۆ بارەکەی جا چ ئەو چارەسەرە دەرمان بێ یان دەروونی بێ رەوشتی یان کارەبایی بێت، یان هەر چارەسەرێکی بەکارهاتووی پزیشکی دەروونی بێت بەبێ ئەوەی نەخۆشەکە لەوە ئاگاداربکرێتەوە، داخوازی بە سروشتی چارەسەرەکە و مەبەست و پاشماوەی کارتێکردنەکانی پێی بگوترێت کە لەوانەیە لێی بکەوێتەوەیان لە بریبەکانی چارەسەرەکە، گەر نەخۆش بە خورتی داخڵکراو بەکارهێنانی چارەسەری بڕیاردراوی رەتکردەوە پزیشکی دەروونی بەرپرس دەتوانێ چارەسەری بەزۆر بداتێ بەمەرجێك پزیشکەکە رێکارەکانی چارەسەرکردنی بەخورتی بگرێتە بەر پێش ئەوەی دەس بەجێبەجێکردنی بکات،لەسەریشێتی بچێتەوە بەچارەسەرییە خورتییکاندا بەلایەنی زۆری هەر چوار هەفتە جارێك، هەروەها لە سەرێتی چاو

بەو ڕێکارانەدا بخشێنێتەوە کاتێك کە پزیشك چارەسەرکردنەکە هەر گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە پلانی چارەسەرکردنی ڕێ پێدراودا تێدا کرا گەر چارەسەری بەخورتی لە سێ مانگ پتر بەردەوام بوو دەخوازێ هەڵسەنگاندنی پزیشکی سەربەخۆی تری بۆ بە دەس بهێنرێت، ئەمانەش هەمووی بەپێی ڕوونکردنەوەکانی ئەو ڕێنماییانە دەبن کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەرکراون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان،

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیم لە سەر ئەو ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو چوار هەفتەیەم پێ زۆرە، ئەگەر تۆزێك کەم بکرێتەوە، مەسەلەن بۆ ئیعادەی عیلاجەکە چوار هەفتە زۆرە، دووەم ئەو موستەقیلە لا ببرێ،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

موقتەرەحی وەزارەتە ئەگەر جەنابت موقتەرەحێکی ترت هەیە لە جێی ئەو چ دابنێن، فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با دوو هەفتە بێ (کل اسبوعین علی الأکثر) ئەو موستەقیلەش لا ببرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە لە سەر ئەمە؟ (کاك جلال، ئاهەنگ خان) فەرموو کاك جلال،

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە نۆ دێڕ نووسراوە لەم ماددەیە لە ئەخیرەکەشدا دەڵێ (ویأتی ذلك کلە علی النحو الذي تبینە التعلیمات الصادرة لتنفیذ هذا القانون) ئەمە چی دەگرێتەوە؟ من پرسیار لە لیژنەی هاوبەش و لە جەنابی وەزیریش دەکەم کە تەعلیمات شمولی ئەمانە هەموو بکات هەر نۆ دێڕەکە چ پێویست بەو ماددەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بەڕێز وەزیریمە موستەقیل نازانم چۆن تەقیم دەکرێ، (على تقييم طبي اخر مستقل)یەعنی هەر لە پڕ ئەو تەقیم توبی ئاخر موستەقیلە دێتە ناو کێسەکەی قەرار دەدات، یەعنی دەردی ئینگلیز وتەنی (سەرپڕایز) تەقیمێکی موستەقیل لە پڕ بێ لە سەر کێسەکی عیلاجی بۆ دانێ دەستی هەبێ لە هەموو پرۆسەکە بەیەك ختوە بێتە ژوورێ موستەقیل بێ، بەبێ ئەوەی هیچ تەعریفێکی بۆ بکرێ، نازانم ئەوا هەندێك عەلامەتی ئیستیفهامی بۆ تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

باسمان کرد موستەقیل لە تەقریر توبییەکان لا بچێ لە هەر شوێنێك لە میهنەکە هاتبوو لە قانونەکە هاتبوو لە شوێنێك لا مان برد لە شوێنەکانی تر لا دەچێ، بەڵام عادەتەن کە تەقیمی توبی بۆ مراجەعەی ئیجرائاتە یەعنی چونکە دیاریمان کردووە، موددەکان (72) سەعاتە دەبێ هەفتەیەك، دەبێ بە (30) رۆژ، و لە (30) رۆژ زیاتر دەبێ، یەعنی لە هەموو حاڵەتەکە تۆ چۆن قەرار دەدەی کە ئەمە زیاد بکرێ بێگومان بە تەقیمی توبی دەوێ، دەچینە ماددەیەکی تر دیسان نیساب تەواو نیە، فەرموو،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (27)کە دەکاتە ماددەی (23): يجوز في حالة الضرورةالعاجلة إعطاء المريض النفسي العلاج دون الحصول على موافقته متى كان ذلك لازما لمنع حدوث تدهور وشيك للحالة النفسية أو الجسدية للمريض من شأنه أن يعرض حياته أو صحته أو حياة وصحة الأخرين لخطر جسيم وشيك على أن لا تتجاوز مدته (72) اثنين وسبعين ساعة وذلك طبقاً لما تحدده التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەو ماددەیە زۆر تەحسیل حاسلە، زۆر موناقەشە کرا، لە ئەحکام عامە لە عیلاجەکەش نەفسی شتە، یەعنی تەسەور دەکەم هەر وەکو خۆی ئەگەر قبوڵ بکەن، ئەگەر کەسیش قسەی هەیە لە سەری ئەندامانی بەڕێز کێ قسەی هەیە لە سەری ناوی بنووسم؟

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (28)کە دەکاتە ماددەی (24): لا يجوز إجراء العلاج الكهربائي اللازم لحالة المريض النفسي إلا تحت تأثير مخدر عام وباسط للعضلات، ويتعين الحصول على موافقته على ذلك كتابة بناء على إرادة حرة وبعد إحاطته علما بطبيعة هذا العلاج والغرض منه، والآثار الجانبية التي قد تنجم عنه، والبدائل العلاجية له،

فإذا رفض المريض الخاضع لإجراءات الدخول والعلاج الإلزامي هذا النوع من العلاج  وكان لازماً لحالته يفرض عليه بعد إجراء تقييم طبي مستقل.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەکوردیەکەی.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (28)کە دەکاتە ماددەی (24): نابێ چارەسەری کارەبایی پێویست بۆ باری نەخۆشی دەروونی بکرێت،تەنیا لە ژێر کاریگەری بەنجی گشتی خاوکردنەوەی ماسولکەکاندا نەبێت، دەخوازێ رەزامەندی بە نووسین وەربگرێت و بەپێی ئیرادەیەکی ئازاد و پاش ئەوەی سروشت و مەبەستی ئەو چارەسەرەی بۆ روونکرابێتەوە و کارێگەری لابەلایی لەوانەیە لە ئەنجامێوە رووبدەن و لە بریی چارەسەرییەکانی بزانێ، گەر نەخۆشی سەر بەرێکاری داخڵبوونی بە خورتی ئەم جۆرە چارەسەرەی رەتکردەوەکە کەوا بۆ بارەکەی ئەو پێویستە، ئەوا پاش هەڵسەنگاندنی بێ لایەنانە بەسەریدا دەسەپێنرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ماددەیەکی موهیمە لیژنەی هاوبەش رەئیتان،

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. رێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ماددەکەم، بەڵام (تحت تأثير مخدر عام إذا كان حالته الصحية) نەخۆش هەیە نەخۆشی دڵی هەیە و تەندروستی دەروونی تەواو نیە لەوانەیە بۆ بەنجی عام نەبێ، بۆیە دەبێ ئەو (ect)لە ژێر بەنجی عام بکرێ، بەڵام ئەگەر نەخۆشەکە بەنجی عامی بۆ نەکرا شەرت نیە بۆی نەکەن (ect)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی بەڕێز کێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ ئاهەنگ خان تۆ ( بێریڤان خان ، د. جیهان، کاک جلال، تارا خان، کاک کاوە، کاک شوان، کوێستان خان، پەیمان خان، شلێر خان، عبدالسلام، کاک نەژاد)

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە كە دەیخوێنیەوە یەكسەر تێ دەگەم كە نەخۆشەك هات بە ئیرادەی خۆی داوای چارەسەركردنی كرد، ئەگەر قبولی كرد یەكسەر سەدمەی كارەبایی بۆ لێ دەدەن(ect) ئەوە مەرجی هەیە، نابێ ئەوەی كارەبایی لە هەموو كەسێك بدەن هەتا خۆشی داوا بكات، چونكە راستە چارەسەركردنێكی ئینتەرناشینالێ هەیە، لە ئەمریكا دەكەن لەو حاڵەتانە لە هەر (10) كەس (8) ئیستیفادەی لێ كردیە، لەوەی ئیسكەندەنافیا لە هەر (10) كەس (9) ئیستیفادەی لێ كردووە، بەڵام مەعنای ئەوە نیە گەر نەخۆش خۆی حەزی لێ بوو دكتۆرەكەش پێی باش بوو لێی بدا، هەندێك حالات هەیە دیاریكراوە تەنها دەبێ لەو حاڵەتانە لێ بدرێ، ئەوانەیە ئەویش، ئەو چارەسەركردنە سەدمەی كارەبایی بۆ كێ دەكرێ؟ بۆ ئەو نەخۆشانەی كە چارەسەری بە ئینتەرڤییو، بە تۆكتیرڤیو، بە جەلسات یان بە قسەكردن چا نابن و بەرەوە خراپی دەڕۆن، دووەم: ئەو كەسانەی كە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەكرێ، ژیانیان لە مەترسییە یان دەوروبەریان لە مەترسییە ئەوانە لەوانەیە بۆیان بكرێ، ئەو نەخۆشانەی كە تەحەمولی چارەسەری تر ناكەن ئەو چارەسەرەیان بۆ دەكرێ، ئەوانەی كە كەئابەكی زۆر توندیان هەیە ئەوانەش دەتوانن بۆیان بكرێ، بەڵام لە كاتی پێشكەشكردنی ئەو چارەسەركردنە دەبێ لە ژێر تەخدیر بێ، و هەروەها دكتۆری موخەدیر چاودێری بكا، پاش چارەسەركردنەكەش كە تەواویش بوو ماوەیەك دەبێ لە ژێر ئیشراف ئەوە بێ بزانن وەزعی چۆنە، بۆیە حەز دەكەم دیاری بكرێ لەو ماددەیە كە ئەو ماددەیە دەخوێنینەوە وا تێ دەگەین كە هەموو كەس نەخۆشی دەروونی هەبێ ئەو چارەسەركردنەی بۆ بكرێ،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئیندیكەیشنی بەكارهێنانی كارەبایی بۆ ئەوە بەڕاستی شتێكی سرف توبییە، یەعنی لە قانون دیاری ناكرێ، ئەو پڕۆتۆكۆلەش ناوە ناوە موراجەعە دەكرێتەوە، یەعنی لەبەر ئەوە داخیلی قانون ناكرێ، و شتێكی سرف علمییە، د. جیهان فەرموو،

**بەڕێز د. جیهان اسماعیل بنامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەس من سەر ڤێ ماددێ ئێك تێبینی مـن هەیـە، ئەگەر پشتی (یـتعین الحصول علـى موافقتـه أو موافقة أهله) زێدە بكەت ڤێرێ، چونكە هندەك نساغ نەشهێ ئەو خۆ قەرار بدەن ئیحتیماله كەس و كارێت وان ئەو قەرار بدەن، و ئەڤ تێبینیە بەڕاستی ماددە (25) و (26) ئەگەر بێتە زێدە كرن ئەز بینم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك جلال،

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من ئەو ماددەیە بە ماددەیەكی ئیجرائی دەزانم، یەعنی بەڕاستی تەفاسیلی زۆر تێدایە وەكو جەنابی وەزیر وتی لەوانەیە پێویست بكا، لەوانەیە دكتورێكی خاسی بوێ تەقریری بۆ بنووسرێ تەخدیر بكرێ لەبەر ئەوە شتێكی ئیجرائیە لەو سێ ماددەیە هیچ پێویست نیە بڵێی بە تەعلیماتی سادر ئەمانە حەل دەبێ، بە رەئی من ئەمەیان بە تەعلیماتی سادر حەل دەبێ، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئیلغا بكرێ شتێكی زۆر باشە، جگە لەوەش كە كەسێك باری تەندروستی باش نەبێ داخلی موستەشفا بكرێ چۆن پرسی پێ دەكرێ، كارەبا لێ بدرێ یان لێ نەدرێ یان لە كەس و كاری بپرسێ لەبەر ئەوە حاڵەتێكی ئیجرائیە پێویست بە داخڵكردنی بەم یاسایە ناكات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو تارا خان،

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من تەئیدی جەنابت دەكەم لەوەدا لەبەرئەوەی كە شتێكی عیلاجیە یان ئیجرائیە ئەمە دكتۆر قەراری دەدا، بەڵام حاڵەتێكتان بۆ دەڵێم من كە لە ساڵانی 2000 ئەمەم دیوە یەكێك لە عیادەكانی دكتۆری نەفسی یەكێك رۆیشتووە تەنها خەمۆكی هەیە ئیكتیئابی هەیە یەكسەر عیلاجی كارەبای بۆ لێ داوە، و تاكو ئێستا ئەو شەخسە بەبێ زكری دكتۆرەكە، بەبێ زكری كەسەكە تا ئێستا جۆرێك لە نەخۆشی دروست بووە لە ئیجرائی ئەو عەمەلییە لەبەردەم خەڵكانی تر، و تەئسیراتێكی نەفسی و تەشەنوجاتێكی تایبەت بووە بۆ ئەو شەخسە بەبێ ئەوەی موافەقەتی تێدا هەبێ، و بەبێ ئەوەی ئەو نەخۆشیەی بەو شكڵە بێ كە پێویست بێ كارەباكەی بۆ بەكار بێنی، لەبەرئەوە بوونی ئەو ماددەیە بەتایبەتی لەو عیادانەی كە لە دەرەوەی بڵێین موئەسەسەكەیە یان ئەو لوجانە توبییەیە كە لە موستەشفا عامەكان چونكە ئەو لوجانە ئەوە بەكار دەهێنێ حەسەب، بەس لەو دكتۆرانەی كە لەوێ عیلاجی كارەبا بەكار دەهێنن بۆ شەخسەكانی كە لە پڕایڤدا بەكاری دەهێنن بەبێ موافەقەت نابێ، بەس بەبێ موافەقەت بووە لە زۆر عیادە ئێستا نیە ئیجرائاتە هەیە شتێكە، بەس من دەڵێم ئەم حاڵەتە بووە لەبەر ئەوە بوونی ئەم عیلاجە بە رێك و پێكی لە ناو قانونەكە تەئیدی ئەوە دەكەم كە وجودی هەبێ تاكو ماف نەخۆشی نەفسی دەردەچێت ئەمە هەبێ لە ناو قانونەكە دوای ئەو دەتوانین هەموارێك بكرێ، ئەمە لا ببرێ چونكە لە مافەكە خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك كاوە،

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، چونکە ئەوە دەست گرتن و تەقیدکردنی دکتۆرە، مەجالی دکتۆری موختەس بە نەخۆشی دەروونی کەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەوە شتێکی ئیجرائیە وەکو هاوکارانم باسیان کرد، بۆیە من ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، بۆ دکتۆرەکان خۆیان لێ بگەڕێن ئیجرائاتی پێویست بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك شوان،

**بەڕێز شوان عبدالکریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: وەڵلا من پێشنیارێکم هەیە، من وا بە پێویستی دەزانم خوشکان و برایانی لیژنەی موشتەرەك لە کۆتایی دوای ئەندامانی تری پەرلەمان قسەی خۆیان بکەن،چونکە ئەوان مافێکی دیکەیان لە ناو لیژنەکە هەیە قسەی تەواویان لەسەر کردووە، حەقە ئەوان بکەنە ئاخیر، دووەم: بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەم ماددەیە نەمێنێ، چونکە بەڕاستی ئەمە مەسەلەیەکی عیلاجی عیلاجی سرفە، یەعنی پەیوەستە بە دکتۆرەکان خۆیانەوە، ناکرێ ئێمە لە قانوندا باسی بکەین، و ئەگەر بۆ ئەمە وابێ، راستە لەوانەیە ئەمەش مەسەلەی ئازاردانی نەخۆشەکەی تێ بکەوێ یان مەسەلەیەکی لەو بابەتە، بەڵام ئەگەر بۆ مەسەلەی کارەبایەکە وابێ، دەبێ بۆ هەندێك عیلاجی تریش چونکە هەندێك دەرزیش هەیە کە لەم جۆرە نەخۆشانە دەدەیت جۆرێك ئازار و جۆرێك حاڵاتی ئەتعاب و جانبی بۆ دروست دەبێت، لەوانەیە لە ئەسڵی عیلاجەکە لای بەی، ئەگەر بۆ ئەم مەسەلەیە بۆ ئەمیان بۆ ئەم جۆرە عیلاجە پێویست بکات بە قانونەکە دەبێت بۆ نەوعی دەرزیەکانی تر جۆری بەکارهێنانی عیلاجەکانی تر ئەوانیش هەموویان ریز بکەین کە من بۆ خۆم پێم وایە ئەمە بەڕاستی لە قانوندا جێی نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کوێستان خان،

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەندەی بزانم، و زانیاریم هەبێت عیلاجی کارەبایی لەو وڵاتانەی کە پێشکەوتووە زۆر دەگمەنە، و عیلاجەکی بێزراوە، بۆیە من پێم خۆشە نەمێنێ ئەو ماددەیە بەمەبەستی ئەوەی کە هەر نەکرێ کارەبا نەك لەبەر ئەوەی دەستی دکتۆرەکان والابکەین و ئەم عیلاجە بەکاربێنن، بۆیە لە کاتی مانەوەی دا من پێشنیار دەکەم کە بنووسرێ نابێ چارەسەری کارەبایی پێویست  بۆ باری نەخۆشی دەروونی بکرێت زۆر بە دەگمەن و تەنها لە کاتێکدا کە لیژنەیەکی پسپۆر و تایبەتمەند بڕیار دەدات، چونکە هەموومان دەزانین ئەمە ئەعرازی جانبی زۆر خراپی هەیە کارەبا، و ئەوەی کە لە ئەخیرا دەڵێ، و پاش هەڵسەنگاندنی

بێلایەنە بەسەریدا بسەپێنرێت من قەتعی دژی ئەوەم کە بەهیچ شێوەیەك نەخۆش رازی نەبێت کارەبای لێ بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئەعرازە جانبە خراپانەی کە دروست دەبێ بەهۆی کارەباوە، و تاراخان باسی حاڵەتێکی کرد، من چەندین حاڵەت دەزانم کە لە دوای ئەوەی کە کارەبای بۆ کراوە وەزعی دەروونی زۆر خراپتر بووە، نەك پێی چاك ببێتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوەی بۆ زیاد بکرێت و ئەوەی خوارەوەش لا بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو پەیمان خان،

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من قسەیەکم هەیە لە سەر ئەم ماددەیە و لە سەر کۆی با بڵێین بابی چوارەم کە هەمووی عیلاجی نەخۆشی نەفسیە ئێمە لێرە راستە کە قانون هاتە ناو پەرلەمان هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە لە سەر هەموو ماددەیەکی ئەم یاسایە قسە بکەن، و کۆمەڵێك ماددەش هەیە بەتایبەتی لە بابەتێکی وا تایبەتدا ئیختیساسیە کە بەڕاستی رەنگە قسەکردن تێدا ببێتە مایەی خراپکردنی نەك باشکردنی، بۆیە من پێشنیاز دەکەم هەموو ئەو بابە لە ماددەی (25)وە تا کۆتایی بابی چوارەم ئەمانە لە قانونەکە دەربهێنرێ، و بەجێبهێڵرێ بۆ ئەو تەعلیماتنانەی کە دەردەچێ، چونکە ئەمە چارەسەرە، و چارەسەری پزیشکیە بەتەنیا دکتورەکان ئێستا ئێمە ناکرێ بکەوینە موناقەشەی ئەوەی کە کارەبا باشە یان خراپە رەنگە نەخۆشێك هەبێ وەکو ئەوەی تارا خان فەرمووی خراپ بۆی بەکارهێنرابێ یاخود وەکو کوێستان خان وتی زەرەری لێ بکا، بەڵام رەنگە نەخۆشیش هەبێ بەتەنیا کارەبای عیلاج بێ بۆ ئەوەی چارەسەری بکرێ، لەبەر ئەوە بابەتێکی وا توبی تایبەت و ئیختیساسی بەڕاستی هی ئەوە نیە ئێمە لەو قانونە موناقەشەی بکەین، بۆیە من پێشنیاز دەکەم هەموو ئەو بابە بهێنرێتە دەرەوە لەم قانونە، و بەتەعلیمات، و دواتر ئێمە لیژنەی تەندروستیمان هەیە کە چاودێری ئەوە دەکات کە تەعلیمات باش دەرچووە یان باش دەرنەچووە؟ وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆی سەرپەرشتی ئەوە دەکات کە ئەو تەعلیماتە باشە یان باش نیە، و بۆ ئەمانەتیش من پشتیوانی قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم کە دوای من دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو شلێر خان،

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باسی ئەم ماددەیە کرا، منیش رەئیم وایە ئەم ماددەیە پێویست ناکات، چونکە لە ماددەی (26)دا ئەخیرەن دوای نەفسیەن و سلوکیەن کارەباییەنی تێدایە، و شتەکە زۆر ئیختیساسیشە بەس ئەوەی من لە

نزیکەوە ئاگام لە خوێندکارانی کولیەی توببە ناخۆشترین دەرس لەلایەن ئەوەیە کە باسی عیلاجی کارەباییە کراوە یەعنی ئەو رۆژە تووشی سەدمە دەبن، چونکە کە ئەو نەخۆشە کارەبای لێ دەدرێ یەکەم ئیحتیمالی مردنە، بێجگە لە حاڵەتە نەفسیەکەی دوای ئەوە چی بەسەردێت، و ئەسڵەن ئەو نەوعە شتانە وای لە خەڵك كردووە وشیاری زۆر کەم بێ لە بابەتی عیلاجی نەفسی دا سڵ دەکەنەوە، و نەخۆش بۆیە عیلاجیش وەرناگرێ زۆر جار ئەسڵەن رقی لە ناوی کارەبایە رقی هەتا لە ناوی عیلاجەکانی تریشە وەکو دەرزی، وەکو حەب و دەرمان، بۆیە یەعنی بەڕاستی زۆر لای ئێمە پێشکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من ئەو ماددەیە بەو شێوەیە هەر بهێڵینەوە، هەرچەندە زۆر تەخەسوسیشە وەزیر دیفاعی لێ دەکا، بەڵام نەمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

وەڵلا یەك تەوزیح دەدەین، چونکە بەڕاستی وازح نیە، ماددەکە نەمێنێ، یان عیلاجی کارەبایی نەمێنێ، خۆی عیلاجی کارەبایی جوزئێکە لە عیلاجی هەندێك حاڵەتی نەخۆشی نەفسی، هەروەکو بێریفان خان باسی کرد، بەڵام ئەگەر ناویشی بێنی ناوی نەهێنی دکتۆرەکان دەزانن بۆ چ حاڵەتێك بەکاری دێنن، بەڵام لێرە یەك شت هەیە، لێرە تەحدیدی مەسئوولیەتەکە دەکات، دەڵێ رەجەی کارەبایی نابێ بەکار بێ بەبێ موافەقەتی نەخۆش، و نابێ بەبێ دکتۆری موخەدیر بەکار بێ یەعنی ئەمە لە سالحی نەخۆشە یەعنی کە نەت هێشت ئەو وەختە دکتۆر بەکاری دێنێ وەکو شتێکی رەها، ئەگەر لێرە ماددەکە نەهێڵین، بۆیە لێرە تەحدیدی جۆرێك لە مەسئوولیەت دەکات چۆن بەکاری بێنی ئەوەی من تێی گەیشتم بەو شێوەیە، فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە تەئکیدی تێبینی پێشووی منی کردووە، من بیستوومە رەجەی کارەبایی بۆ مەراحلی بیدائی خەفیفی سەراع دەکرێت، و بۆ هەندەك خەلەل لە شەبەکەی عەصەبی ئەساسی راستە دختۆر نینە ئێمە بەس دوو سێ لاپەڕەمان خوێندووە، ئەساسی زۆربەی زۆری خەلەلە (مێنتاودسیزس)ئەو نەشاتە کارو موقناتیسیەی کە پەیدا دەبێ لە ناو جسم لە نەتیجەی هەر نەشاتێك خەلەلی لێ دروست دەبێت بە عیلاجی کارەبایی تۆ ئەو مەجالە موقناتیسیە دەخەیە حاڵەتی تەبیعی، و ئەوە دکتۆر باشتر دەزانی لە من ئەسڵەن ئەوە نەزەریەیەکە ئێستا لە هەشتا و نەوەتەکانە دەڵێتن نابێ دەرمانی کیمیاوی بەکار بێنین دەبێ هەموو هەوڵی عیلاجی وەرەم و هەموو شت لە رێگای راستکردنی نورماڵکردنی مەجالی کارو موگناتیسیە ئەوەی جارێکی تر لەو دوو، سێ لاپەڕە خوێندوومە باسی نەخۆشی نەفسی دەکات دەڵێت خەلەلێکە لە سلوکی تاك، و سایکۆلۆجی تەئکید لە سەر تاك دەکات هیچ شتی جەمعی نیە لە سایکۆلۆجی تاکە خەلەلە لە سلوکی رەفتاری لەگەڵ دەوروبەری بەو شێوەی کە خەڵك راهاتووە لە سەری واتا مەرج نیە سلوکی ئەو سەقەت بێ یان خراپ بێ یان نەخۆش بێت، چونکە ئەوەی خەڵك راهاتووە و ئەو رەفتارە بە رەوا ئەزانن

ئەو لێی لا دەدات، و موشکیلەی هەیە لە رەفتار لەگەڵ خەڵك ئەمە چ عیلاقەتی بە رەجەی کارەبایی هەیە، و چ عیلاقەتی هەیە بۆ ئیعادەی دەورەی کارو موگناتیسی بۆیە ئەوەلەن لە رووی موحتەواوە رێزم هەیە تەبعەن من دکتۆر نیم لە خۆمەوە لەوانەیە قسە بکەم ئەم مەبدەئیە هیچ عیلاقەی بە ئەمرازی نەفسی نیە بەهیچ شێوەیەك، جارێکی تر ئەمرازی نەفسی لێرە مەبەستیان ئەمرازی عەقلی و عەسەبیە، ئەمە یەك وا دەکات ئەم ماددەیە داعی نیە هەبێ، دوو: جەنابی وەزیر باسی کرد لە کولیەش باسیان کرد ئێستا ئەم جیهازە یان ئەم عیلاجە یان ئەم شێوازە بەکاردەهێنرێ واتا (100٪) تەعلیمات هەیە، یان هەندە چوارچێوەیەکی سلوك دیارکراوە، بو چۆنیەتی بەکاربردنی ئەم ئامێرە، ئەگەر هەبێ لە بازاڕیش هەیە لە عیادەش هەیە، بۆچی ئێمە تازە ماددەیەکی تایبەت بۆ ئەوە بکەین، وەکو یەکێك لە خوشکەکان وتی واتا هەر جیهازێکی تازە بێتە عیادە ئێمە دەبێ لە یاسایەك بەکاربهێنرێ، بۆیە جارێکی تر لەبەر ئەو دوو هۆیە من تەسەور دەکەم ئەم ماددەیە زیادە، لەگەڵ ئەوەی رێزم هەیە دان بەوە دەنێم کە زۆر زۆر گرنگە بابەتەکە، و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە، و رێگا دان و رێگا گرتن زۆر زۆر گرنگە هیچ کەم ناکەم لە قیمەتی خودی ئامێرەکە و عیلاج بەو شێوەیە، بەلام من هیچ رێگری نابینم لە رێگای وەزارەتەوە، لە رێگای تەعلیماتی مومارەسەی مهنە، لە رێگای هەر شتێك ئەم مەبەستەی کە لەم ماددەیە خوازراوە جێبەجێ بکرێت، لە رووی قانونیەوە من تەسەور دەکەم ئەم ماددەیە زیادە، ئەگەر بێین و فیعلەن وردە وردە تەماشای بکەین زۆربەی زۆری وەکو پەیمان خانیش وتی تاکو من تەئیدی بکەم ئەسڵەن ئەو مەسائیلە ئیجرائانە ئەوە بۆ ئێوە باشترە ئەوانەی خەمخۆری کامل کردنی مامەڵە کردن لەگەڵ نەخۆشی نەفسی رێگا بدەن لە رێگای تەعلیمات و ئەنزیمە و تەوجیهاتەوە زوو بە زوو رۆژانە (ان شاءالله) رۆژانە سێ جار دەگۆڕدرێن، بۆچی خۆتان رەبت دەکەن بە یاسایەك هەر جارێك پرۆسەی هەموارکردنی یاسا بێت تاکو بلێین کەس و کاری یان بێ کەس و کاری، بۆیە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو خوشك و برایانە ویڕای گرنگی ئەو مەوزووعە جێگای یاسا نیە، داوا دەکەم ئەم ماددەیە لا بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك نەژاد فەرموو،

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی من ئەو رۆژەش لەگەڵ دکتۆر رێباز باسم کرد ئەگەر بە بیری مابێ، هەر قانونەکە سەرلەبەری تەعلیماتە، یەعنی هەموو قانونەکە دەکرێ بە تەعلیمات یەعنی بەڕاست دەکرێ نەخۆشێك دەچێتە خەستەخانە دەبێ بێنین قانونەك بکەینەوە دەبێ چ شمولی دەکات ئەوە شتی وا کەی هەیە لە دونیا بەڕاستی، یەعنی نەك هەر ئەو ماددەیە ماددەی تریشی لە دوایە پێویستی بە حەزف هەیە، ئێستا ناتوانم تەشخیسی بکەم، بەلام لێرە ئیشارەتم داوە زۆر لە ماددەکان ئەحکامی نازانم چی و فلان و ئەحکامی عیقابی و ئەوانە یەعنی زۆری تێدایە بەڕاستی هیچی هەمووی بە تەعلیمات دەچێتن، بەلام ئەگەر هەر

موسرپیشن لـه سـەر مانـەوەی جـاریٚ ئـەوە دەڵـێ (لا يجـوز إجـراء العـلاج الكهربـائي الـلازم لحالـة المـريض) مەسەلەی عـیلاجی کارەبایی تـەبیعی ئـەوە ئیشی دکتۆرەکانـە خـۆ ئیشی ئـەوەی نیـە یـەعنی بەڕاسـتی، چ عیلاجێکی پێویستە لەوانەیە بە حاڵەتێکی ئێستا تـەنویمی موغناتیسـیش پەیـدا بـووە، بەڕاسـتی یـەعنی ئەوەش هەیە بۆ عیلاجی نەفسی و ئەوانە ئەوە دختۆر خۆی دەیزانـێ، بـەڵام لێـرە دەڵـێ (ویـتعين الحصـول على موافقته على ذلك كتابة بناء على إرادة حرة الى اخره) باشە ئەگەر نەخۆشەکە عەقلی پێ نەشکا چۆن عیلاجی ئەوە دەکەی یەعنی لەو حاڵەتە عەقلی پێ نەشکا وتـی مـن نامـەوێ کەواتـە هـەر دەگەڕێتـەوە بـۆ دختۆر لەبەرئەوەی منیش لەگەڵ ئەوەدام ماددەکە لا ببرێ، ئەگەر ماددەکانی تر لا نابەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بۆ ئەوە دانراوە کە خەڵك ئیجبار بکات دختۆرەکان ئیجبار بکات کە لە ژێر تەخدیری عام ئەو شتە بکا، من تا ئێستا نەم بیستووە (ect) لە عیادە هەبێ، نازانم ئەگەر دکتۆر ڕێباز و کاك دکتۆر حەسەن بیسبێتیان، من نەم بیستووە، ئەگەر هەبێ بەم ماددەیە ئیجبار دەکرێ کە بباتـە نـاو موئەسەسـاتی صحەی حکومی ئەوە یەکەم، دووەم: هەموو نەخۆشیەك (لاین تریتمێنتـی هەیـە) یـەعنی ختـوتی عیلاجـی هەیـە، ئەم خەتە سەری نەگرت، خەتی دووەم، خەتی دووەم سەری نـەگرت، خـەتی سـێیەم، خـەتی سـێیەم سـەری نەگرت، خەتی چوارەم،(ect) یاخود عیلاجی کارەبایی خەتی ئەخیری عیلاجی تەندروستی دەروونیـە یـان نەخۆشی دەروونی لەبەر ئەوە بە عەکسەوە من پێم وایە ئەم ماددەیە ماددەیەکی زۆر زەرورە، و مانەوەشی زۆر زەرورە، چونکە ئیجباری نەخۆش دەکا، و ئیجباری پزیشك دەکا کە مافی نەخۆشەکە بپارێزێ لە پێدانی بەنجی گشتی لەم بابەتە دا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

داوا کراوە کە ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێ، بەڵام هەرچەندە جەنابی وەزیر لەگەڵ نەبوو، نیصابمان تـەواو نیـە بەڕاستی (50)یە، فەرموو بێریڤان خان،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی لیژنەی تەندروستی پێم خۆش بوو ڕەئی ئێمەش وەرگـری، پـێش ئـەوەی بدرێتـە دەنگـدان بـۆ ئـەو ماددەیە،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

قسەتان کردووە، خۆ یەکێك لەوانە تۆ قسەت کردووە، فەرموو بێریڤان خان،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر بۆ مانەوەو نەمانەوەی قسەمان نەكردووە، بەنیسبەت ئەو ماددەیە رای من وەكو رای جەنابی وەزیرە، زۆر گرنگە بمێنێتەوە لەبەر چی؟ چونكە ئەو عیلاجە هەر بەكاری دەینن، و بەردەوامیشە خۆ لەگەڵ ئەوە نیم ئەو عیلاجە كە بكرێتن سلبیاتی هەیە، بەڵام هەیە ئەم عیلاجە هەیە و دەكرێ بۆ چەند حالەت بەس گرنگیەكەی لەبەر چ هاتە ناو ئەو ماددەیە كە جاران بەبێ تەخدیر دەیان كرد بەبێ رەزامەندی نەخۆش، بەبێ ئەوە، ئێستا دوو ئیستیفادەی تێدایە یەكیان تەخدیر دەكرێ و موتابەعە دەكرێ بزانین وەزعی چۆنە، دووەم: رەزامەندی هەیە وەرەقەك هەیە پڕ دەكەنەوە، ئیستیمارەك نەخۆشەكە ئەگەر خۆشی ئاگای نەبێ كەس و كاری ئیمزای دەكات، كاكە رازیە ئەوەی وەرگری دووەم دختۆرەكە كامە دختۆر بۆی كردووە ئەو وەختە هەردووكیان بەرپرسن و رەزامەندی هەردوو لای تێدایە، بۆیە جۆرێكە لە چارەسەركردن دەبێ بكرێت، بەڵام مەعنای ئەوە نیە هەر عیلاجی سەدمە بۆ هەموو كەسێك بكرێ، عیلاجی تر هەیە ئەگەر كە پێویست بوو بكرێ، دەبێ بەو شێوەیە بكرێ، مانەوەی ئەو ماددەیە زۆر گرنگە نرخ دانانە، رێز لێنانە، پاراستنی مافی نەخۆشە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

پێشنیارێك هەبوو ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەم ماددەیە ئیلغا بكرێ، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟(12) ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ئەوەنە ئەو ماددە ئیلغا بكرێ؟، كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە؟ زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە، مادام نیصابمان تەواوە دێینە سەر خوێندنەوەی ماددەكان یەكە بە یەكە بۆ دەنگدان، فەرموو،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش تكایە رەئی خۆتان لەگەڵ سیاغەی نوێ بۆ ئەندامان بخوێننەوە، فەرموو

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (25) كە ریزبەندەكەی دەگۆڕێ بۆ ماددەی (20) گفتوگۆی لە سەر كرابوو نیصاب تەواو نەبوو دەنگی لە سەر نەدرایە، علاج المرض النفسي المادة(20) في حالة تمتع المريض بالقدرة العقلية على فهم وإدراك الأجراءات والمعلومات المقدمة اليه واتخاذ قرار مبني على هذا الأدراك والتعبير عنه تعبيراً صحيحاً يلتزم الطبيب النفسي المسؤول بعدم إعطاء اي علاج لمريض الدخول الإرادي دون الحصول على موافقته المسبقة المبنية على إرادة حرة كما يلتزم بتسجيل خطة علاجية المقترحة وتثبيت موافقة المريض او عدم موافقته في ملف طبي الخاص به، وتقع مسؤولية تقرير قدرة المريض العقلية على أعطاء موافقة صريحه من عدمها على الطبيب النفسي المسؤول وفي جميع الأحوال يلتزم أعضاء فريق العلاج بتسجيل كل تدخل يقوم به أي منهم بملف المريض.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە ماددەی (25)ی پرۆژەکە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (26) کە ریزبەندەکەی دەکاتە ماددەی (21): لا یجوز اعطاء المریض النفسي اي علاج لحالته سواء كان هذا العلاج دوائياً أو نفسياً او سلوكياً او كهربائياً او اي علاج أخر يستخدم في الطب النفسي دون احاطته علماً بذلك، ويتعين احاطته علماً بطبيعة هذا العلاج والغرض منه والأثار التي قد تنجم عنه والبدائل العلاجية له، فإذا امتنع مريض الدخول الإلزامي عن تناول العلاج المقرر، يحق للطبيب النفسي المسؤول إلزامه بالعلاج على ان يستوفي الطبيب اجراءات العلاج الالزامى قبل الشروع في ذلك ويجب عليه مراجعة إجراءات العلاج الإلزامى كل اسبوعين على الأكثر كما يجب اعادة النظر في تلك الإجراءات عند قيام الطبيب المعالج بإجراء أي تغيير جوهري في الخطة العلاجية المسرح بها، وإذا استمر العلاج الإلزامى مدة أكثر من ثلاثة أشهر يتعين الحصول على تقييم طبي اخر.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ماددەی (26) بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە کە لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتبوو، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ دەستکاری چوار هەفتەکە کرا بوو بە دوو هەفتە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (27) ریزبەندەکەی دەبێتە ماددەی (22): يجوز في حالة الضرورة إعطاء المريض النفسي العلاج دون الحصول على موافقته متى كان ذلك لازمًا لمنع حدوث تدهور وشيك للحالة النفسية أو الجسدية للمريض والذي من شأنه أن يعرض حياته أو صحته أو حياة وصحة الأخرين لخطر جسيم وشيك على أن لا تتجاوز مدته (72) إثنين وسبعين ساعة

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ماددەی (27) لە ئەسڵی پرۆژەکە بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەک ئەندام لەگەڵ نیە بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مادده (28) كه دەكاتە ماددەی (23): لا يجوز إجراء العلاج الكهربائي اللازم لحالة المريض النفسي إلا تحت تأثير مخدر عام وباسط للعضلات، إذا كانت حالة المريض الصحية تسمح بذلك ويتعين الحصول على موافقته على ذلك كتابة بناء على إرادة حرة وبعد إحاطته علما بطبيعة هذا العلاج والغرض منه، والآثار الجانبية التي قد تنجم عنه، والبدائل العلاجية له، فإذا رفض المريض الخاضع لإجراءات الدخول والعلاج الإلزامي هذا النوع من العلاج وكان لازماً لحالته يفرض عليه بعد إجراء تقييم طبي من قبل لجنة طبية مختصة.**

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**ماددەی (28) بەو سیاغەی كه خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندكرا، كۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، تا سبەی سەعات (2/5) خواتان لەگەڵ، كۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی وەزیران هەیە جەنابی وەزیر بە دەست خۆی نیە یەعنی بەڕاستی،**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عیّراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)**

**چوار شەممە رێکەوتی 15\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/5/15

کاتژمێر (2،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2013/5/15 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دردا دانیشتنی ژمارەی (19)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (2،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/5/15 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ، ساڵی چوارەم ، خولی گرێدانی دووەم ، ژمارەی دانیشتن 19 ، ڕۆژی دانیشتن 2013-5-15 ، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی ماددەی( 20) لەپەیڕەوی ناوخوی ژمارە (1) هەموارکراوی ساڵی 1992 ی پەڕلەمانی کوردستان_عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە( 19)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لەکات دوو و نیوی دوای نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 15-5-2013دا بەم شێوەیەبێ:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

داوا لە لیژنەکانی تەندروستی ، یاسایی دەکەین بێنە سەر سەکۆی لیژنەکان ، بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین .

لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ ماددەی نوێ .

**بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (29):

یحق للطبیب النفسی المسؤول ان یصرح باعطاء المرضی الخاضعین لقرارات الدخول و العلاج الالزامی اجازات علاجیة بالشروط و الاجراءات التی تحددها التعلیمات الصادرة لتنفیذ هذا القانون ، و یستمر المریض فی تلك الحالة بالخضوع لقرارات الدخول و العلاج الالزامي.

و فی حالة تخلف المریض الحاصل علی اجازة علاجیة عن الحضور الی المؤسسة فی نهایة المدة المحددة لاجازته تبلغ الشرطة لاعادته مره اخری.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو نیشتمان خان.

**نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پزیشکی دەروونی بەرپرس بۆی هەیە بڕیار بدات بۆ ئەو نەخۆشانەی بڕیارەکانی داخڵبوونی چارەسەری بە خورتی دەیانگرێتەوە مۆڵەتی چارەسەریان بداتێ ، بەپێی مەرج و بەرێکارەکانی دەستنیشانکراو لەو رێنماییانەدا کە بۆ جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە دەرکراون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش رەئی، تەئییدی ماددەکە ئەکەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر .

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ماددەکە ئەکەم ، بەلاّم ئەتوانێ (ان یصرح باعطاء المرضی المستقرین) نەك هەموو، چونکە لێرەدا ئەڵێ ئەگەر نەهاتەوە شورتەی بۆ بانگ ئەکەی لەبەر ئەوەی ئەو کەلیمە هین بکرێ لە رووی هینەوە قانونیەوە سەلامەتر بێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟
فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پێموایە ئەو ماددەیە بکرێتە دوو لق ا ، ب ، لەگەڵ جەنابی وەزیریشم کە دەڵێ (المرضى المستقرین) ، ئەوە زۆر جێگای خۆیەتی لەبەر ئەوە ئاوای لێبێتن:
ا- یحق للطبیب النفسی المسؤول ان یصرح باعطاء المرضى المستقرین الخاضعین الى اخره ، ئینجا ب- (اذا تخلف المریض) هەتا دەگاتە (المحددة لاجازته تبلغ الشرطة لاعادته مرة اخرى )ی ناوێ پێویست ناکا (لاعادته) تەبعەن بەخۆی لە نەخۆشخانە دەرچووە دەگەڕێتەوە نەخۆشخانە .
**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**
فەرموو لیژنەی هاوبەش.
**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**
پێشنیارەك لەلایەن پەرلەمانتاران کراو بەڕێز وەزیری تەندروستیش پشتگیری لێکرد سەبارەت بەو ماددەیە ، ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ ئەمەش هەردوو لیژنە پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین ئەگەر بدرێتە دەنگدان لەبەر ئەوەی ناوەڕکی ماددەکە لە ماددەی (24) ئەسڵی پرۆژەکە ڕیز بەندی گۆڕایە هەمان مەبەستی تێدایە ، لۆیە ئەمەش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین بە ئیلغا کردنی ماددەی (29)ی ئەسڵی پرۆژەکە.
**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**
پێشنیارەك هەیە کە ماددەی (29) لەگەڵ ماددەی (24) هەمان مەبەست دەپێکێ ، بۆیە بۆ ئەوەی کە لە پرۆژەکە تکراری تیا نەبێ موفقتەرەحێك هەیە بۆ ئەوەی ئەو ماددەی (29) ئیلغابێت ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئیلغابێت دەستی بڵندکا ، کێ لەگەڵ نیە ، بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا .
فەرموو بۆ ماددەی (30):
**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (31) کە دەبێتە ماددەی (25) چونکە (29 ، 30) 30 بووە (18) لەگەڵ (18) بووە یەك ماددە.
ماددەی(25):

يجوز تطبيق نظام الاوامر العلاجية على المريض النفسى الخاضع لنظام الدخول و العلاج الالزامى خروجه من المؤسسات ، ويقصد به فرض العلاج على المريض النفسى خارج نطاق مؤسسات الصحة النفسية و تحت اشرافها اذا توافرت الشروط الاتية :

اولا : ان تسمح حالة المريض باستمرار علاجه دون الحاجة الى البقاء في المؤسسة.

ثانيا : اذا كان من شأن توقف العلاج تدهور حالة المريض النفسى.

ثالثا : ان لا تمثل حالة المريض خطرا جسميا على حياته او سلامة و حياة الاخرين

رابعا : ان يكون للمريض تأريخ معروف بعدم الانتظام في تعاطي الادوية النفسية الموصوفة له على نحو أدى الى تكرار انتكاس حالته و دخوله و علاجه الزاميا لاحدى المؤسسات النفسية.

خامسا : ان يتم الحصول على تقييم طبى مستقل .

سادسا : ان يتم ابلاغ الهيئة العامة للصحة النفسية .

ويتضمن نظام الاوامر العلاجية التزام المريض بالحضور للمؤسسات في الاوقات التي يحددها الفريق المعالج و السماح للفريق المعالج بزيارة المريض في محل اقامته طبقا للخطة العلاجية المقررة .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (31) کە ئەکاتە ماددەی (26) :

دەکرێ پراکتیزەی ڕێسای (چارەسەری) بکرێت لەسەر نەخۆشی دەروونی کە ڕێسای داخڵبوونی چارەسەری بەخورتی دەیگرێتەوە. لەپاش دەرچوونی لە دەزگاکان. مەبەست لەمە سەپاندنی چارەسەرە لەسەر نەخۆشی دەروونی لە دەرەوەی دەزگاکانی تەندروستیی دەروونی و لەژێر سەرپەرشتیکردنیدابێت ، گەر هاتو ئەم مەرجانەی تێدا بوو :

یەکەم : باری نەخۆش ڕێگا بدات بە بەردەوامبوونی چارەسەرکردنەکەی بە بێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێ کە لە دەزگادا بمێنێتەوە .

دووەم : ئەگەر راوەستاندنی چارەسەرکردنەکە ببێتە هۆی دارمانی باری دەروونیی نەخۆش .

سێیەم : باری نەخۆش نەبێتە جێی مەترسیی قورس لەسەر ژیانی ، یان سەلامەتی و ژیانی کەسانی کە .

چوارەم : نەخۆش مێژوویەکی ناسراوی هەبێ لە ناڕێکی وەرگرتنی دەرمانی دەروونی کە بۆی دەنووسرێت بە جۆرێك کە بووبێتە دووبارە دارمانی بارەکەی و ، چارەسەرە بە خورتییەکەی لە یەکێك لە دەزگاکانی دەروونیدا .

پێنجەم : هەڵسەنگاندنی پزیشکی بێ لایەنی بۆ وەدەستبهێنرێت .

شەشەم : دەستەی گشتی تەندروستیی گشتی ئاگاداربکرێتەوە .

ڕێسای چارەسەری فەرمانی ، نەخۆش پابەند دەکات بە ئامادەبوونی لە دەزگاکانداو لەوکاتانەدا کە تیمی چارەسەرکردن دەستنیشانیان دەکات و ڕێ پێدانی تیمی چارەسەرکردنی بڕیاردراو .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان. فەرمووو ڕۆژان خان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە لەسەر ئەوە ڕێك کەتین کە ماددەی (31) لەگەڵ ماددەی (32) پێشنیاری وە دەکەین کە یەکبخرێ ، لەبەر ئەوەی باسی یەك بابەت دەکا ، ماددەی (31) ببتە بڕگەی یەکەم ، ماددەی (32) ببتە بڕگەی دووەم لە ماددەکە ، ئەگەر دەرفەت بدەی دەقەکە بخوێنمەوە بە چ شێوەك کە دەمجمانکرد.....

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ماددەی (32)ش بخوێنەوە بۆئەوەی بیدەینە دەنگ .

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

دەمجەکەمان بەم شێوەیە لێکردیە ماددەی (31)........

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

(31) خوێنرایەوە (32) بخوێنە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

ئاخر دەقەکە سیاغەکەمان بڕەك گۆڕیە پاشەو پێشمان کردیە

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

گۆڕیوتانە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

بەڵێ، بەڵێ تەنها گۆڕانکاریەکە لە نیزامی (الاوامر العلاجیە) بڕەك دەستەواژەکانمان دەست کاری کردیە ، ئێستا ماددەی (31) و (32) بەو شێوەیە دادەرێژرێت دەبتە یەك ماددە بە دوو بڕگە :

ماددەی (31) یەکەم :

يجوز فرض العلاج خارج نطاق مؤسسات الصحة النفسية على المريض النفسي الخاضع للدخول و العلاج الالزامي اذا توافرت الشروط الاتية :

واحد : ان تسمح حالة المريض باستمرار علاجه دون الحاجة الى البقاء في المؤسسة .

اثنين : اذا كان من شأن توقف العلاج تدهور حالة المريض النفسي.

ثلاثة : ان لا تمثل حالة المريض خطرا جسيما على حياته او سلامة وحياة الاخرين .

رابعا : اذا كان المريض معروف بعدم الانتظام في تعاطى الادوية النفسية الموصوفة له على نحو ادى الى تـدهور حالته ودخوله وعلاجه الزاميا بأحدى المؤسسات النفسية .

خمسة : ان يتم الحصول على تقيم طبي .

ستة : ان يتم ابلاغ لجنة الصحة النفسية في المحافظة .

ثانيا : يجب الا تزيد مددة العلاج خارج مؤسسات الصحة النفسية على ستة أشهر ، يجوز تمديدها بعد موافقة لجنة الصحة النفسية .

**بەڕێز حسن محمد سوره/جێگری سەرۆك:**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید / وەزیری تەندروستی .**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

يجوز تطبيـق نظـام الاوامـر العلاجيـة علـى المـريض النفسـى ، كـێ تـەتبيقى كـا ئەوامرەكـە؟ مـن پـێم باشـە تەحديد كرێ (بذوى المريض بالدرجة الاولى و الدرجة الثانية او من عليه ريعايـة المـريض قانونيـا ، يـەعنى كێ عيلاجەكەى باتێ؟ ، ئەو نوقتەيەم هەيەو زۆر سوپاس .

**بەڕێز حسن محمد سوره/جێگری سەرۆك:**

پێشنیارەك هەیە ماددەی (31) و (32) دەمج بكرێ دوایی ئەو سیاغەی كە خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان دوای ئەوەی ئێوەی بەڕێز روونكەرەوەتان لەسەر دا ، كێ لەگەڵ ئەوەیـە مـاددەی (31) و (32) دەمـج بـێ ، دەستی بڵند كا؟ كێ لەگەڵ نیە؟ بە كۆی دەنگ دەمج كـرا ، ئەنـدامانی بـەڕێز كـێ قسـەی لەسـەر ئـەم دوو ماددەیە هەیە؟.

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستیم مەسئولیەت لێـرە تەحدیـد بكـرێ كـێ ئـەو نیزامـی موتابەعـەی نیزامی نەخۆشەكەی دەكاو نوقتەكی زۆر زۆر موهیمە ، چونكە سحەتی نەخۆشـەكەی دوایـێ ئـەو كەسـەی ئیتلاق سەراحی كردیە ئەو مەسئوولە لێی ، وابزانم لۆیـە ئـەو نوقتـە زۆر موهیمـە ، دوو : مـن تاقیبەكـەم لەسەر نوقتەی چار هەیە (ان یكون للمریض تأریخ معروف) ئەوە بە تاریخ نـابێ (ان یكـون للمـریض سـجل طبی) ، عادەتەن ئێستا لە هەموو دنیا سجل توبی نەخۆشی بە رەقەمە ، بە كۆدە دەدرێتە كۆمپیوتـەری لۆ ئەوەی موتابەعە بكرێ ، ئەمە فەقەرەكمان لەغوو كردەوە ، قانونی پێشتر كە گۆتمان سجلی نەخۆش هـەبێ ، سجلی نەخۆش ئێستا بە حكومەتی ئەلیكترۆنی دەكرێ ، بە ئای تی دەكرێ ، ئەمن ئەگەر بـزانم بـابم یـان داكم نەخۆشـە رەقەمەكـەی ، كۆدەكـەی لێـدەدەم هـەموو ڕۆژێـك تـەعقیبی سـحەتی نەخۆشـەكەی دەكـەم ،

فەقـەرەكمان لـەغووكردەوە عیلاقـەی بـە سـجلی هـەبوو پێشـتر ئـەوە دەبـا ئەمـە تەسـبیت بكـەین ببتـە حكومەتی ئەلیكترۆنی ، لێرە بەهەر حالّ ئـەوە (تـأریخ معـروف) بـەمن باشـترە (سـجل طبـی) ، مـدەوەن لـۆ ئەوەی ئەتو بتانی یەعنی (تاریخ معروف) تاریخەكە هیچ ئەوەی لەسەر نیە ، (تقـیم طبـی) خامسا (تقـیم طبی مستقل) موستەقیلەكەش نەمینێ هەر تەقیمێكی طبی بمینێ ، زۆر سوپاس .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

خـۆی (تـاریخ معـروف) ئەمـە هـەر لـە كەلیمـە ئینگلیزیەكەیـە تەرجومـەكراوە كـە نەخۆشـێك دێ بـۆ خەستەخانە هینەك هەیە بۆی پڕئەكەنەوە پێی ئـەڵێن هیستۆری واتـا تـاریخی نەخۆشـیەكەی ، شـەرتیش نیە هەموو تاریخی نەخۆشی لە سجلی طبی تەسجیل بووبێ .

فەرموو تاراخان .

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی بوونی ئەوەی كە هـەردووكی بكـرێ بەیـەك بـە (أ ، ب) مـن لەگـەڵ ئـەوەم كـە ئـەوامری عیلاجـی بمینێ بەڵكو لەناوی هاوبەشەكە وشـەی نیزامـی ئـەوامری عیلاجیـان نەهێشـتووە چـونكە ئـەوەی (مقصـود بالاوامر العلاجیة) كە جەنابی وەزیر و جەنابی سەرۆكی پەرلـەمان كـە خۆیـان دكتـۆرن (هـو فـرض العـلاج علی المریض النفسی خارج نطاق المنشئة) یـەعنی ئـەوە نیزامێكـە لـە وولاّتـانی تـریش كـە بەكارئـەهێنرێت (طبیـا نظـام الاوامـر العلاجیـة) (اوامـر علاجیـة) چـیە نـەك لـەناو موئەسسـەكە ، بـەڵكو لـەدەرەوەی موئەسسەكە لەلایەن كێ ئەكرێ ، لەلایەن ئەو لیجانەی كە ئەبێتە سەبەب بۆ عیلاجكردنی ئەو نەخۆشـە ، ئەوها ئەخوێنرێتەوە ئەڵێ (یقصد بالاوامر العلاجیة فرض العلاج علی المریض النفسی خارج نطاق المنشأة ، منشـأة الصـحة النفسـیة و تحـت اشـرافها اذا تـوافرت الشـروط التالیـة) ئـەو شـەش شـەرتەی كـە نووسـراوە هەمووی دێتە خوارەوە و باس ئەكرێ .

ب – یجب ان لاتزید مدة تطبیق نظام الاوامر العلاجیة علی ستة أشهر ، ئەوە زۆر گرنگە وە ئیزافە كردنـی ئەوەش (ولا یجوز تجدیدها لمدة اخری الا بعد ابلاغ المجلس العـام للصـحة النفسـیة) چـونكە ئـەوە موهیمـە درێژكردنەوەی لەشەش مانگ ، عالەمیەن ئەوەی بەكارهێنراوە لە دەوروبـەر لـەناو هـەموو ئـەو نیزامانـەی بـابڵێن ئـەو وڵاّتانـەی كـە سـیحەی نەفسـیان هەیـە ، قانونیـان هەیـە ، بـۆی هـەمووی شـەش مـانگ دانـراوە ئەوامری عیلاجی ، پێم خۆشە ئەلێرەدا ئەمەش تەسبیت بكرێ كـە نابێـت تەجدیـد كرێتـەوە ئـیلا ئەگـەر ئەسبابێكی وای كرد كە بەو لیژنـە خۆی قەرار بدات ئیعادە كرێتەوە ، سوپاس .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو كاك جەمال .

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ئەگەر بێینو سەیری بیدایەت مادەکە بکەین کەلیمەت (یجوز) ، عیلاجی ئیلزامی ئەمە لەگەڵ یەکتر نا گونجێ ، چونکە (یجوز) لێرە ئەکرێت و ناکرێت ئەمە یەك ، ئیلزامیش تەبعەن ناکۆکیە ، ئیعتیادیە ، بۆیە ئەمن پێشنیار ئەکەم(یطبق) لە جیاتی کەلیمەت (یجوز تطبق نظام الاوامر العلاجیة الی ئاخیریهی بعد خروجه من مؤسسات الصحة النفسیة بفرض علاج علی المریض النفسی خارج هذه المؤسسات) ئەمە یەك ، حاڵەتی دووەم ، خاڵی دووەم :

(اذا کان من شأن توقف العلاج تدهور حالة المریض النفسي) ، ئایا ئەم نەفسیە بۆ حالەیە یان بۆ مەریزە یان مەبەستان حالەی نەفسیە یان حالەتی مەریزە ، ئەگەر حالەتی مەریز بێت ببتە حالة المریض النفسیة.

ثالثا : ان لاتمثل حالة المریض خطرا جسیما علی حیاة او علی سلامة الاخرین ، مادام لە(تمثل خطرا) ئەی بۆکێیە عیلاجی بەردەوام وەرتگرت خارجی مستەشفا ، (الا تمثل)ەی ئەگەر بنووسن (اذا شکلت حالة المریض خطرا جسیما علی حیاته او سلامة وحیاة الاخرین عند توقف عن العلاج) ، ئەگەر بێتو عیلاجەکە بەردەوام نەبیتن .

رابعا : ان یکون للمریض تأریخ في تعاطي الادویة النفسیة الموصوفة لە ، شەرت نیە عیلاجەکە دەوابتن ، مەرج نیە دەوابتن ئیحتمالە جەلسەیەکی نەسیح ، ئیحتمالە دانیشتنێکە، ئیحتمالە ئەوەیە ، بۆیە من پێشنیار دەکەم (بعدم الانتظام في تعاطي العلاج الموصوف لە) .

خامسا : ان یتم الحصول علی تقیم طبي مستقل ، من یحصل؟ یەعنی کێ (یتم الحصول ) ئەم جملە نازانم یەعنی مانای نیە ، یان بنووسن( تقییم طبي یوصی بذلك ، تقییم طبی توصیة) بکاتن کە عیلاجەکە بەردەوام بێ لە دەرەوەی موئەسەسە ، ئەوەی تر ان یتم ابلاغ اللجنة الصحیة و مؤسسة الصحة النفسیة ئەوە شتێکی زۆر ئعتیادیە .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لیژنەی هاوبەش دوای وەرگرتنی ئو پێشنیارانە ، تکایە سیاغەی نوێتان .

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوەی داوایان کرد نیزامی ئەوامر عیلاجی بمێنێ ، ئەو نیزام ئەوامر عیلاجی مادام ناوی نیزامە دەبێ لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووبێ نیزامەکی تایبەت کە ناوی نیزام ئەوامر عیلاجیبی ، ڕاستە لەو پڕۆژەیە ناوی هاتیە ، بەلاّم لە پڕۆژەی ولاّتانی تر وەرگیرایە هەندەك لە ماددەکان بەتایبەتی لە میسر ، لە میسر ئەو نیزام ئەوامر عیلاجی هەیە ، بەلاّم لێرە ئەو نیزامە نیە لە سیحەی هەرێمی کوردستان بۆیە لامان بردیە دامان نایە (یتم فرز العلاج) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە نیسبەت ئەو پێشنیارانەی زۆری بەی زۆری لەناو ئەوەی جێی دەبۆوە لەناو دەقی ماددەکە جێمان کردۆتەوە ، تەنها یەجوزەکە ئەوەی ئەمە تێگەیشتبین (یجوز فرض العلاج) ، واتە هەموو جار پێویست ناکاتن، لۆیە جەوازی داندرایە دەسەلاتی پێبدرێ ئایا هەموو حالەتێك ئەوەی نەخۆشی دەروونی هەیە بەپێی نیزامی دخولی ئیلزامی داخیلی موئەسەسەی سحی بووە؟ پاشان لەو موئەسەسەیە دەرچووە عیلاجی وەرگرتیە باش بووە بەس پێویستە باشتربی ، جەوازیە یەجوزەکە لەبۆ هەندێیە فەرز ناکرێ ئەو عیلاجە لۆیان هەیە لە هەندێك حالەت ئەگەر ئەو مەرجانە هەبوو عیلاجەکە داندرێ لۆیە وشەی یەجوز لێرە داندرایە .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر دەرفەت بدەی دەقەکەی دەخینمەوە دوای داڕشتنەوە ، لەلایەن هەردوو لیژنەی تەندروستی و یاسایی ماددەکە داڕێژرایتەوە ماددەی 31 و 32 ، چونکە دەست کاری ئەسڵی پڕۆژەکە کرایە ، هەندێك دەستەواژەی تێدا گۆڕان کاری بەسەردا هاتیە.

ماددەی 31:

اولا : یجوز فرض العلاج الصحي، ریزبەندەکە دەگۆڕێ ماددەکان هەمووی گۆڕایە دەبتە مادده 26 ریز بەندی 26 وەردەگری .

یجوز الفرض العلاج خارج نطاق مؤسسات الصحة النفسية على المريض النفسى الخاضع للدخول والعلاج الالزامى ، اذا توافرت الشروط الاتية :

1-ان تسمح حالة المريض النفسية باستمرار علاجه دون الحاجة الى البقاء في المؤسسة .

2-اذا كان من شأن توقف العلاج تدهور حالة المريض النفسى .

3-ان لا تمثل حالة المريض خطرا جسيما على حياته او سلامة وحياة الاخرين .

4-اذا كان للمريض تأريخ معروف بعدم الانتظام في تعاطى الادوية النفسية الموصوفة له على نحو أدى الى تدهور حالته ودخوله و علاجه الزاميا باحدى مؤسسات الصحة النفسية .

5-تقيم طبى يوصى بذلك .

6-ان يتم ابلاغ لجنة الصحة النفسية في المحافظة .

ثانيا : يجب الا تزيد مدة العلاج خارج لمؤسسات الصحة النفسية على ستة أشهر ويجوز تمديدها بعد موافقة لجنة الصحة النفسية في المحافظة .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

بەو سیاغەی خوێندرایەوە بە تێکەڵکردنی ماددەی 31 و 32 کێ لەگەڵە دەستی بڵند کا؟ کێ لەگەڵ نیە؟ (3) ئەندام لەگەڵ نیە ، بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا ، فەرموو ماددەیەکی تر .

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی 33:

في حالة وفاة المريض الخاضع لاجراءات الدخول او العلاج الالزامي تلتزم ادارة المؤسسات باخطار المحكمة المختصة وأهل المريض ومجلس الصحة النفسية خلال اربع وعشرين ساعة من تاريخ الوفاة ، فضلا عن ارسال تقرير مفصل الى مجلس الصحة النفسية مصحوبا بصورة كاملة بملف المريض المتوفي شاملا جميع الفحوصات والابحاث وطرق العلاج التى تم استخدامها .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی 32:

لە کاتی مردنی نەخۆش کە رکێفی رێکاری داخڵبوونی یان چارەسەری بە خورتی یە ، بەڕێوەبەرایەتی دەزگا پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی دادگای تایبەت و کەس و کاری نەخۆش و دەستەی گشتیی دەزگای تەندروستی دەروونی لەماوەی (24) بیست و چوار کاتژمێردا لەبەرواری مردنەکەیەوە ، سەرباری ناردنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بۆ دەستەی گشتیی تەندروستیی دەروونی هاوپێچ کرابێ بە کۆپییەکی تەواوی دۆسێی نەخۆشی مردوو کە هەموو پشکنین و توێژینەوەو رێگاکانی چارەسەرکردن کە بەکاربراون بگرێتەوە .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو دەستەی گشتیی تەندروستی دەروونیە ئەبێ بکرێت بە لیژنەی پزیشکی لە پارێزگا ، من پێم باشە ئەگەر قانونیەن ڕێبدا لە جیاتی مەحکەمەی موختەس ، ئیبلاغی شورتە بکرێ ، چونکە زۆر جار ئیبلاغی مەحکەمەی موختەس قورسە ، یەعنی ئایا لە خەستەخانەی ئەتوانرێ یەکسەر ئیبلاغی مەحکەمەی موختەس بکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم مەوزوعە.

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان**

زۆرم پێخۆشە لێرە کەلیمەی مەحکەمە موختەسەو ئەهلی مەریز دەبینم ، بەس خۆزگە لە حاڵەتی وەفات نەبا بەتەنێ ، لۆ حاڵەتی دخولی ئیجباریش با ، لۆ حاڵەتی عیلاجی ئیجباریش با ، مەحکەمەی موختەس و ئەهلل مەریز ، چونکە لۆ هروبی نەخۆشەکەش لەگەڵ شورتەو لەگەڵ مەحکەمەی خەڵکی نەخۆشەکەی زۆر زۆر موهیمە لۆوەی کەیسی نەخۆشەکەی بزانی ، چونکە زۆر حاڵەت بووە هەر چەند لەماددەکانی پێشتر رەفز کرا جەنابت تەئیدیشت کرد ، زۆر حاڵەت بووە نەخۆش هەبووە مودمین غاریدایە شورتە هینایتیەوە، هەر لە مەخفەری شورتەی بێ ئاگاداری ئەهلەکەی یان لە هروب لە مەسئوولیەتی ئەهلەکەی لۆ نەخۆشەکەی خۆی موسیبەتی بەسەر هاتیە ، ئەو کەیسانە واقیع بووە

کاك دکتۆر وایە یان نا ، لۆیە زۆرم پێخۆشە کە دەڵێ مەحکەمە موختەسە وە ئەهل مەریز وە ئەوە زۆر زەروریە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگیری سەرۆك:**

فەرموو د. بشیر.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

مولاحەزەکەی من مولاحەزەیەکی لوغەوییە ، بەڕاستی لەم قانونەدا لە 4 ، 5 ماددەدا وشەی اخطار هاتووە ،( یخطر ، اخطار ، یخطرون) ئەمانە ، وشەی ئیختار لێرە بە مەعنای ئیبلاغ هاتووە ، ئاگادار کردنەوە ، لەعەرەبیشدا وشەی (اخطار ) مانای ئاگادار کردنەوە ناگرێتەوە بە مانای ئیلفات نەزەر دێ ، بە مانای سەرنج ڕاکێشانێکی توند دێت ، وەکو مەسەلەن کە ئەنەما مۆزەفێك غایب بێ ئینقیتاعی کردووە لە

دەوامەکەی خۆی پێی دەڵێ ئەگەر نێیەوە دوایێ فەسڵ دەکەین وا دەکەین ، بۆیە ئیختار لێرە بەکار نایە لە جیاتی ئیختار لە هەندێك ماددەی پێشوو ڕۆیشتووە یان بکرێتە ئیخبار یان بکرێتە ئیعلام ، ئەمە باشترەو لوغەوییەو شتەکە چاکترە .

مولاحەزەی دووهەم ئەویە : لەو ماددەیەدا دووجار ناوی (مجلس الصحة النفسية) هاتووە مەسەلەن دەڵێ (اخطار المحكمة المختصة واهل المريض ومجلس الصحة النفسية خلال اربع وعشرين ساعة) وە پاشان دەڵێ (فضلا عن ارسال تقرير مفصل الى مجلس الصحة العامة) ، ئەم دووە بکرێتە یەك لۆئەوەی کە ئەم مەرەکاکاتە نەمینێ و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش تەئیدی دکتۆر دەکەم دەربارەی ئەوەی ئیختار هەرچەندە ئیختاریش ئەو مەعنایەی دەگرێتەوە ، چونکە کابرا مردووە ئیتر ئاگاداری بابڵێین کەس و کارەکەی دەکەنەوە بەلاَم لێرانە (في حالة وفاة المريض الخاضع لاجراءات الدخول او العلاج الالزامي ، على ادارة المؤسسات ) یەعنی ئەوە بکرێتە شتەکی وجوبی نەك (تلتزم) یەعنی تەلتەزم ڕەنگە ئیلتزام نەکا ، ڕەنگە بیکا ، لێرە ئەوە فەرز بکرێ بەسەری یەعنی( تبلغ المحكمة المختصة واهل المريض ومجلس الصحة النفسية خلال اربع وعشرين ساعة)، زۆرە یەعنی کابرا مردووە هەتا 24 سەعات خەبەری ئەهلەکەی نادەن مەعقولە ئەوە ، ئەوە لەکێ هەیە شتی وا بە دوو دەقان دەزانی کابرا ، مەعقول نیە ئێ قەیناکە بەلاَم بە 12 سەعات دەتوانن هەمووشتەکی لۆتەرتیب بکەن بە 12 سەعات ، ئیشیان چیە لە خەستەخانەی بەڕاستی یەعنی ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

جاری وایە نەخۆشەکە مەسەلەن سەعات 12ی شەو ئەمرێ و کەسیشی لەگەڵدا نیەو دخولی ئیلزامیشە نە حاکمی خەفەر هەیەو نە کەسیشی لەگەڵدایە تۆ مەجبووری ئەو جەستەیە ببەیتە توب عەدلی بەیانی کە ڕۆژ بۆوە ئینجا ئیخباری ئەو خەڵکە ئەکەی ، بۆیە ئەو 24 سەعاتە داندراوە ، یا جاری وا هەیە دوای دەوام بووە ، زۆر لەم نەخۆشیە دەروونیانەش کەس لێیان ناپرسێتەوە ، یەعنی زۆر جار باری دەروونیان زۆر باشیش ئەبێ وەریان ناگرنەوە کەس و کارەکانیان ، لەبەر ئەوە ئەو مودەیە داندراوە لەبەر ئەوە داندراوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ليژنەی یاسایی بۆ سیاغەی نوێ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەنیسبەت ئیختارەکە کرا ئیعلام ، ئەوە تێبینیەکی باش بوو ، وشەی ئەهل لە قانون عادەتەن قەوانین عیراقی وشەی بەوی بەکاردێت نەك ئەهل ، ئەهل مەریز (هیئة العامة الصحة النفسیة) ئەوە بووە وەکو پێشنیاری جەنابی وەزیر بووە لیژنەی تەندروستی لەسەر ئاستی پارێزگاکان هەیە ، بە نیسبەت ماوەی 24 سەعات دەرێ لە ماوەی 24 سەعات ، مەرج نیە چاوەڕێ بکا 24 سەعاتەکە تێپەڕێ ئاخیر دەقەی لە 24 سەعاتی ئاگادار بکرێتەوە ، لە ماوەی 24 سەعلت لەوانەیە کاتژمێری یەکەم کەمتر ، موهیم لە 24 سەعات زیاتر نەبی مەبەست نیە ئینتیزار بکەن 24 سەعات لەسەر مردنەکەی تێپەڕی ئەوجا ئاگاداری کەس و کاری بکرێتەوە ، دوو جار ناوی دەستەی گشتی هاتیە کە کردمانە لوجنەی صحی دەتوانین ئی دووەم بکەینە (اللجنة العلیا) (اللجنة المذكورة العلیا ، اللجنة المذكورة في المادة)، لەسەرەوە لوجنەی صحەی نەفسی محافەزە هاتیە ، بەو شێوەیە ماددەکە پێشنیاری هەردوو لیژنەکە دابڕێژینەوە ماددەکە ڕیزبەندی ماددە (25) وەردەگرێ (في حالة وفاة المریض الخاضع لاجراءات الدخول او العلاج الالزامي تلتزم ادارة المؤسسات باعلام المحكمة المختصة و ذوي المریض و لجنة الصحة النفسیة في المحافظة خلال اربع وعشرین ساعة من تاریخ الوفاة ، ارسال تقریر مفصل الى اللجنة المذكورة اعلاه مصحوبا بصورة كاملة من ملف المریض المتوفي شاملا جمیع الفحوصات والابحاث وطرق العلاج التى تم استخدامها ).

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیاغەی خوێندرایەوە بۆ ماددەی (33) ئەسڵی پرۆژەکە کێ لەگەڵە دەستی بڵندکا ، کێ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا ، فەرموو بۆ بابێکی ترو ماددەیەکی تر .

**بەڕێز بیریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الباب الخامس**

**رعایة المرضى المتهمین**

ماددەی (34) کە دەکاتە ماددەی (26):

اولا: تشكل لجنة طبیة نفسیة عدلیة من ثلاثة اطباء اختصاصیین في الطب النفسي العدلي او الطب النفسي العام یسمیهم وزیر الصحة ولا تقل ممارسة كل منهم في هذا المجال عن ثلاثات سنوات تتولى فحص المتهمین المحالین الیها لتقدیر حالتهم النفسیة و مسؤولیاتهم الجنائیة ومدى خطورتهم وعلى انفسهم وعلى المجتمع .

ثانیا: اذا وجدت الجهات التى تتولى التحقیق او المحكمة في قضیة متهم ضرورة فحص حالته النفسیة بناء على اشتباه باصابته باضطراب نفسي او بناء على طلب المتهم او ذویة او محامى الدفاع او الادعاء العام فیحال

الى اللجنة الطبية النفسية العدلية لفحصه ووضعه تحت المشاهدة والمراقبة الدقيقة وتقديم تقرير طبي بحقه.

ثالثا: تتم احالة المتهم االمذكور في البند (ثانيا)من هذه المادة الى اللجنة الطبية النفسية العدلية خلال مدة اقصاها (7) سبعة ايام من تاريخ الاحالة من المحكمة المختصة وفق نموذج خاص مشفوع بملخص قضية المتهم وملابساتها واية معلومات او تقارير طبية او اجتماعية عن حالته وتعطي نسخة من نموذج الاحالة الى الهيئة العامة للصحة النفسية.

رابعا: يودع المريض المتهم المحال بموجب البندين (ثانيا) و (ثالثا)من هذه المادة في وحدة علاجية مغلقة تحت الاشراف الطبى النفسي ومدى ادراكه لتصرفاته ومسؤولياته عنها خلال (30) ثلاثين يوما قابلة للتجديد.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

## دەروازەی پێنجەم

## چاودێری نەخۆشی تاوانبار

ماددەی(34)

یەکەم: لیژنەی دەروونی دادی پێك دێت لە سێ پزیشکی پسپۆر لە پزیشکی دەروونی دادیی گشتی یان پزیشکی دەروونی گشتی کە وەزیری تەندروستی ناویان لێ دەنێ و ماوەی کارکردنیان لەو بوارەدا لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت ، ئەرکی پشکنینی تاوانبارانی نێردراو بۆی دەگرێتە ئەستۆ ، بۆ دەستنیشانکردنی ، باری دەروونیان و بەرپرسێتیی کەتنکردنیان و ڕادەی بوونی مەترسییان لەسەر خۆیان و کۆمەڵگە.

دووەم: ئەگەر ئەو لایەنانەی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردنی ڕووداوێکی تاوانبارێکی لە ئەستۆ بوو بینی کە پێویستە پشکنینی باری تەندروستی بۆ بکرێ کە گومانی ئەوەی لێ بکرێت تووشی شڵەژانی دەروونی بووە یان بە پێی داخوازیی نەخۆش خۆی یان کەس و کارەکەی یان پارێزەرێك بەرگریی لێ بکات، یا دادبینی گشتی ، ئەوا ڕەوانەی لیژنەی پزیشکی دەروونی دادی دەکرێت و دەخرێتە ژێر ڕوانین و چاودێری وردو ڕاپۆرتی پزیشکی لەسەر پێشکەش دەکرێت.

سێیەم: ڕەوانەکردن بۆ تاوانباری ناوبراو لە بڕگەی (دووی) ئەم ماددەیەدا دەکرێ بۆ لیژنەی پزیشکی دەروونی دادی لەماوەی زۆرترینی (7) حەوت ڕۆژدا لەو ڕۆژەیرا کە لە دادگای پسپۆرەوە ڕەوانەکراوە بە پێی نموونەیەکی تایبەت روونکراوە بە کورتەیەك لەو ڕووداوەی کەپێی تاوانبارکراوە گرفتەکانی و هەرزانیارییەك یان ڕاپۆرتی پزیشکی یان کۆمەڵایەتی لەسەر حاڵەتی و وێنەیەك لەنموونەکە ڕەوانەی دەستەی گشتیی تەندروستیی دەروونی دەکرێت.

چوارەم: لیژنەی پزیشکی دەروونیی دادی لە کاتێکدا نەخۆشی ناوبراو لە ماددەی (34)ی ئەم یاسایەدا بۆی ڕەوانە ئەکا ئەوا ئەم کارانە دەکات:-

یەکەم: خەملاندنی باری دەروونی و ڕادەی کارتێکردنی لەسەر درك پێکردن و توانستی (ارادە) لە کاتی تاوانکردنەکەیدا.

دووەم: توانانی لەبەردەم دادگا و بەرگریکردن لە خۆی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

چویتە ماددەیەکی تر....

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

نەخێر دووەم و سێیەم و چوارەم تەواوە ، کوردیەکەی لە کن مە ئەوهایە ......

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە فەقەرەی چوار تەواو دەبێ ، تەنها چوارەم دەخوێنیەوەو تەواو دەبێ ، فەرموو لیژنەی هاوبەش رەئیتان لەسەر.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

رەئی لیژنەی هاوبەش ئەوەیە کە لەفەقەرەی یەکەما لەجیاتی ئەوەی بڵێین سێ ساڵ ئیختصاصی هەبێ ئەکرێ ببێ بە پێنج ساڵ ، کەواتە ئەبێ (في هذا المجال عن خمس سنوات تتولى فحص المتهمين) ، کەواتە مومارەسەکەی ئەبێت بە پێنج ساڵ ، هەروەها لە فەقەرەی سێهەم ئەڵێ بەند ثانیا ئەبێتە فەقەرە ثانیا ، لە چوارەمیشا ئەڵێ البندین (ثانیا و ثالثا) دەبێتە فقرتین( ثانیا وثالثا).

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو بەڕێز جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

(تشکل لجنة طبية نفسية عدلية في كل محافظة) ئەو (كل محافظة) لە هەموو موحافەزەیەك با ئی خۆی هەبێ (وزير صحة او من يخوله) ، بەقەناعەتی من ئەو (طب نفسية عدلية) ئێمە هەر نیمانەو ناشمان بێت ، لەبەر ئەوە دانانی نازانم ، ئیختصاصی نەفسی عەدلیمان نیە ، هەمیش لوجنەی توبی نەفسی ، دوای ئەوەش سێ ساڵ ئێمە خۆمان کێشەی دکتۆری نەفسیمان هەیە بیکەی بە پێنج ساڵ لەوانەیە هینەکان حەفربێ ، چونکە بەپێی قانون لوجانی توبی بۆ سێ مانگ بۆ شەش ماتگ بگۆڕدرێ ، ئێمە خۆمان کێشەمان هەیە بەس ئێستا لەهەموو هەولێرا لەوانەیا 7 ، 8 دکتۆری نەفسیمان هەبێ ، بۆیە من پێشنیار ئەکەم لەسەر هەموو موحافەزەیەك لوجنەیەك هەبێ (وزير الصحة او من يخوله) وە سێ ساڵەکەش وەکو خۆی بمینێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە.

فەرمووو کاك شوان

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من تێبینیەکەم لە شێوەی پرسیارا ، ئەخەمە روو وە لە بەڕێز وەزیرو لیژنەی هاوبەش ئەپرسم ، ناوی دەروازەکە (باب الخامس) ئەگەر (ريعاية المرضى المتهمين) بێ ئێمە ئەوەی دواترمان بۆچیە؟ چونکە لەلایەك ئێمە ئیقرار ئەکەین ئەو تاوانبارە نەخۆشە ، بۆ ناوەکەی نەبێت (رعاية المتهمين المرضى) چونکە لەپێشەوە تاوانبارە دوایی تۆ تەسەوری ئەوەی لێدەکەی کە ئیحتمالی ئەوەی هەیە نەخۆشی نەفسی هەبێ ، ئەچێتە ژێر بلێین فەحص و ئەوانە تەخدیری ئەوە ئەکرێ ئایا فیعلەن ئەمە نەخۆشی نەفسی هەیە ئەم تاوانەی ئەنجام داوە ، چونکە ئەگەر لێرەوە بوترێ نەخۆشی موتەهەم یەعنی تۆ ئیقرارت کردووە کە نەخۆشە چ پێویستت بە لوجنە هەیە بۆ فەحص و ئەوانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرمووو کاك جەلال

**بەڕێز جلال علی عبدلله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێشنیارەکەم ئاڕاستەی لیژنەی هاوبەش و بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەکەم ، دیارە بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی ئەوەی کرد کە دکتۆری دەروونیان زۆر کەمە ، ئەم یاسایە لە زۆر خاڵ و ماددەکانیدا باسی موجتەمەع کراوە ، باشە بۆ لە هیچ خاڵ و بەندێکا، لە هیچ بەر پرسیارەتێکدا توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی تیانیە؟ بەڕاستی لەم لیجنەیا بەتایبەتی توێژەری کۆمەڵایەتی تیابێ بۆئەوەی بتوانن کە ئەڵێ (لتقدير حالتهم النفسيه) خۆ هەموو حاڵەتێکی نەفسی بەڕاستی مەسدەرەکەی موجتەمەعە ، ئەبێت توێژەری کۆمەڵایەتیشی تیا بێ (حالتهم النفسيه) وە ئیجتیماعیشە بۆی ، ئەگەر لەرووی کۆمەڵایەتیەوە دیراسەی نەکەی بۆی ، بۆ چی تووشی نەخۆشی نەفسی بووە؟ ئەمە هەم توێژەری کۆمەڵایەتی یارمەتی کەمی ئەو دکتۆرە ئیختیصاصانەئەدا ، هەم لەرووی موجتەمەعیشەوە بەڕاستی ئەگەر تۆ دیراسەی ئیجتماعی نەکەی ناتوانی تەقدیری حاڵەتی نەفسی بکەی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو بەڕێز جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەم یاسایە چەند شتێکی باس کردووە:

یەکەم نەخۆشی دەروونی ، دووەم پزیشکی دەروونی ، سێهەم موئەسەسەی دەروونی.

که ئـەڵێی موئەسەسـەی دەروونـی کـەل و پەلـەکان ئەگرێتـەوە ، کارمەنـدەکانی ئەگرێتـەوە کـە یەکێکـە لـە ڕکایزە ئەساسـەکانی توێـژەرەوەی دەروونیـا ، بـەڵام کـە ئـەڵێی چارەسـەری دەروونـی بـۆ هـیچ کەسـێك نیـە چارەسەر بدا بە خەڵك ، بێجگە لە پزیشك نـەبێ ، چـونکە پزیشـك سـوێندی خـواردووە چارەسـەر بـدا بـە خەڵك ، ئەوی تر کە چارەسەر ئەدا بەخەڵك ئەبێ لەژێر ئیشرافی پزیشکا بێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو تاراخان.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕاستی پرسیارەکەم بۆ جەنابی وەزیرە ، ئەلێرە کە فەرمووی (الطب النفسی العـدلي)مان هـەر نیـە واتـە ئێمەش لێرە ئەڵێین (رعاية المرضى المتهمين) باشە ئەم مەرزایە موتەهەمە ئایا تەبیبێکی نەفسی عام چۆن ئـەتوانێ حاڵەتـە نەفسـیەکەی تەقـدیرکا ، تـەقریری لەسـەر بنووسـێ؟ بـەڵام ئایـا دەتـوانی مەسـئوولیەتە جینائیەکەی دابنێ؟ هەر ئەبێ ناحیەتی قانون بێتـە نـاوی ، ئـەی تـۆ ئەگـەر موتەهەمـە هـەر وەکو بـەڕێز سکرتێریش دوێنـێ باسـی کـرد، لـە حاڵـەتێ کـە یـەکێ موتەهـەم ئـەبێ ، لـەو حاڵەتـە ئـەتوانی تـۆ حاڵـەتی نەخۆشیەکەی باس کەی کـە ئەهلییـەی نیـە ، ئـەلێرە بـەهیچ جۆرێـك دکتـۆری نەفسی بەتـەنها ناتوانێـت تەقـدیری مەسـئوولییەیی جینـائی بکـا ، هـەر ئەسـڵەن ئـەو حەقـەی نیـە ، بـەس حـەقی هەیـە حاڵەتـە نەفسیەکەی باس بکا لەبەر ئەوە لێرەدا (رعاية المرضى المتهمين) ئەبێ بگۆڕێ یا بکرێت بە (حماية المرضى المتهمين) تاکو دکتۆرەکە حیمایەتی بکا، حاڵەتەکەی باس بکا لەو حاڵەتە ئەدرێ بە مەحکەمـە ، مەحکەمـە لەوێ خۆی قەراری خـۆی ئـەدا ، چـونکە ئێـرە لەسـەر ئـەو ئەساسـە دانـدراوە کـە ئـەبێ تـوبی عـەدلی بـێ ، هەرسـێ بابەتەکـەش هـەر باسـی تـوبی عـەدلی ئـەکاو ئـەبێ لوجنـەی تـوبی عەدلیەکـە قـەراری حاڵەتـە جینائیەکەی بدا ، بەڕاستی ئـەوە ئەمـەوێ وەڵام بدرێتـەوەو ، جـەنابی وەزیـر وەڵام بداتـەوە بـەدیلی ئـەوە چیە؟ لوجنەی هاوبەشیش هاوکار بن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان**

من ئەو ماددەیە ، فەقەرە پێنجی لۆ بە ناقس دەبینم؟ ئەوە عیلاقەی بـە موتەهـەم هەیـە ئـەو موتەهەمـە نەخۆشـبێ و بێتـە مەحکەمـەکی و بێتـە خەسـتەخانەی ، بـەڵام ئـەو موتەهەمـە لـە چـەند مـوددە ئیـتلاق

سەراحی دەکەی چونکە زۆرجار ئیختیالاتی سیاسی لە عالی زۆر موهیم بە شێت ئەنجام دەدرێ ئایا موتەخەلیف عەقلیەن کە بە موتەهەم جەریمەکی کردیە داخیل دەبێ لۆ چەند ئەتو حەقت هەیە لە فەقەرە پێنج تەحدیدی بکەی ئیتلاق سەراحی بکەی ، بەڵێ ئەوە بەچەند ئەو فەقەرەیە بەچەند ئەو سیاسەت دەبی بێتە دەرێ ئەو موتەهەمە کو ئیحالەی مەحکەمە دەکرێ هەتاکو چەند لەبن چاودێری نەخۆش دەمینێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بەم ماددەیە منیش ڕەئم وایە کە (رعاية المرضى المتهمين) ، لە زۆربەی یاساکانیشسا لەم مەجالەیا ناوێکی تری لێنراوە وەك لەوەی موتەهەمین ، چونکە ڕاستە گومان لێکراو بێتاوانە تاوەکو ئەو ئیدانەیەی لەسەریێتی تەسپیت دەبێ ، بەلآم هەر خۆی بۆخۆی ئەم دوو حاڵەتە کەیسەکەی حەرجە یەك گومان لێکراوە؟ دوو تەسەوری (اضطراب)ی نەفسی قورسی لێدەکرێ ، بۆیە بە بڕوای من ئەم ناوە هەڵبگیرێ ، لە ڕووی داڕشتنەوەی قانونەکەشەوە سیاغەیەکی مەدەنی تری بۆ بدۆزینەوە ، ئێمە وشەی ئیداعمان لە بڕگەکانی تر هەڵنەگرت ، دامانناییەوە دەتوانین (ادعى بقرارت او احكام قضائية) بکەین بە ناونیشانی بڕگەکە ، چونکە مەسەلە هەر تۆمەت نیە کۆمەڵێك ئەحکامی تری لەوانەیە قەزائیش بچێتە زمنیەوانێ ، سەبارەت بە خاڵی دووهەم لەو بڕگەیە نووسراوە (فحص حالته النفسية بناء على اشتباه باصابته باضطراب نفسي او بناء على طلب المتهم ) موتەهەمەکە ئێمە پێشتر ئیقرارمان کردووە کە (اضطراب)ی نەفسی هەیە چۆن ئەتوانێ ئەو خۆی تەلەبی ئەوە بکا کە گومان لێکراویشە ، لە وەزعێکی حەریجایە وە دووجار فشار لەسەر ئەو ئینسانەیە چۆن ئەتوانێ داوای ئەوە بکا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ ، چۆن ئەتوانێ خۆی تەلەبی ئەوە بکا؟ لەوانەیە لە ڕووی قانونەوە ئەمە ڕێگا پێدراوبێ ، بەلآم ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی تایبەتە، چونکە ئەم گومان لێکراوە پێشتر خۆمان ئیشارەتمان پێ داوە کە (اضطراب) نەفسی هەیە ، بۆیە خستوومانەتە ناو ئەم حاڵەتەوە یا ئەو ڕووداوەی کە ڕووی داوە ڕووداوێکی زۆر موحریجە ، کەواتە ئەگەر ئەوکەسە (اضطراب)ی نەفسی هەبێ چۆن ئەبێ (بناء على طلب المتهم) خۆی گومان لێکراوە ، چۆن ئەتوانێ ئەو داوایە لەسەر خۆی تۆمار بکا ، بۆیە بەبڕوای من لەوانەیە بۆ شەخسی ئیعتیادی داواکە لە ڕووی قانونەوە موجەب بێ ، بەلآم لەبەر کەسێکە (اضطراب)ی نەفسی هەبێ باری دەروونی نا سەقامگیر بێت ، ناتوانێ ئەو بڕیارە بدا ، ئێمە لە چوار خالآ باس لەوە کراوە کە ئیجرائاتی قەزائی و قەراراتی مەحکەمە چیە لەبەردەم یەکێکا کە (مظربة نفسيا) بەلآم من پێشنیازی ئەوە ئەکەم کە خاڵێك ئیزافە بکرێت بۆ ئەمە تیایا نە نووسراوە ئەگەر هاتو یەعنی لە چ حاڵەتێکا ئەو کەسە کۆتایی ئەهێنرێت بە دۆخەکەی ، بۆیە من

پێشنیازی ئەوە ئەكەم بڕگەیەك ئیزافە بكرێ بە ناوی (في حالـة الايـداع للعلاج بنـاء علـى حكـم قضائي لا يجوز انهاء الايداع او منع اجازة علاجية الا بعد الرجوع الى الجهة القضائية التـى امـرت بالايـداع) ، چونكە لەوانەیە ، قەیناكە ئێمە كۆمەڵێك دەسەلاتمان داوە بە قەزاء بۆ گرتنی ، بەلام ئایا ڕێگایەكیشمان نەگرتووە كە كۆتایی بهێنرێت بە ئیداعەكەی بۆئەوەی كە هیچ شتێك لـەو مەجالـەیا موئەسەسـە نەفسیەكە پـەنای بۆنەبات ، بۆیە ئەو لایەنەی كە ئەمری كردووە بـە ئیـداع كردنـی ئـەو نەخۆشـە ئـەویش دەسـەلاتی هـەبێ كۆتایی بهێنێت یا مەنعی ئیجازەی بداتێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

مەسـئوولیەتی لیجـانی تـوبی نەفسـی و غـەیرە نەفسـی، مەسـئوولیەتەكە ئەوەیـە مەسـەلەن ئێمـە وتمـان نەخۆشی نەفسی دوو نەوعە هەیە ئیدراكی هەیە ، هەیە ئیدراكی نیـە، تـەبیبی نەفسـی یـا لیجنەكـە ئـەڵێ ئەم نەخۆشە كە ئەم جەریمەی كردووە ئیدراكی نەبووە ، ئـەڵێ ئـەم نەخۆشـە كـە ئـەم جەریمـەی كـردووە ئیدراكی هەبووە، لەسەر زەوئی ئەوە حاكم بڕیار ئەدا، لەسەر زەوئـی قەرارەكـە ، ئەگـەر مـن جەریمەیـەك بكەم و عەقلم پێنەشكابێ و ئیدراكم نەبووبێ مەعنای من بەحوكمی عەقلی خۆم و (سبق الاصرار) نەبووە كردوومە ، لەبەر ئەوە هەتا ئێمە زۆر جار مەسەلەن زەختمان لێ ئەكرێ لـە زۆر شـوێنی تـر، مەسـەلەن لـە توندو تیژی ژنان ئەڵێن نەخۆشەكە وا سووتابێ بنووسن خۆی سووتاندووە ، ئێمە ناتوانین بنووسـین خـۆی سوتاندووە ئەوە ئیشی تەحقیقە ، ئێمە ناتوانین بە حاكمەكە بڵێین چەند ئەیهێڵێتەوە چـەند نایهێڵێتـەوە ئەو (بناء على طلب المحكمة) ئیتر مەحكەمە نەخۆشەكە داوائەكا زەویهی داوائەكا محامی داوائەكا حاكمەكـە سـەیری رووخسـاری موتەهەمەكـە ئـەكاو ئـەینێرێ بـۆ ئێمـە ، ئێمـە حـەقی ئـەوەمان نیـە ، ئێمـە حـەقی ئەوەمان هەیە ئەو عەلاماتـە سـەریریانەو ئـەو شـتانەی كـە لـە نـاو ئـەو نەخۆشـە ئـەی بیـنین بیكـەین بـە ڕاپۆرتێكی زانستی و بینێرینـە بەردەسـت مەحكەمـە ، ئـیتر مەحكەمـە خـۆی بڕیـار ئـەدا ئایـا بـە قسـەی ڕاپۆرتەكەی ئێمە ئەكات یا ناكات؟ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

هەر لەسـەر عینوانەكـە (رعایـة المرضـى المتهمین) خـۆی لـە چـەند قـانون وا هـاتووە سـەبەبەكەش ئەوەیـە چونكە ئەم حاڵەتە بۆ داندراوە ، ئەمە نەخۆش بووە ئینجا دوایی حاڵـەتێكی كـردووە كـەوا موتەهـەم بـێ ، نە یەكێك موتەهەم بێ لـەناو سجنا دوایـی نـەخۆش كـەوتبێت ریعایـەی ئـەو بكـەی ، ریعایـەی نەخۆشـێك دەكـەی كـە بـە هـۆی نـە خۆشـیەكەوە توهمەیـەكی كـردووە ، بۆیـە ئـەوەی خـۆی تـەواو تـرە نـەك ئێمـە موتەهەمەكە پێشبخەین (رعایـة المـتهم المـریض) كەواتـە موتەهـەمێك ئیحتمالـە لـەكاتی سـجندا نـەخۆش كەوتبێ ، بەلام ئەمەیان نا ، ئەمەیان بەهۆی نەخۆشیەكەوە توهمەیەكی كردووە. فەرموو پەیمان خان

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم وابێ ئەو شەرحەی جەنابت کردت ناکرێ لەسەر ئەساسی ئەوەوە ئێمە عینوانەکە دەستکاری بکەین یا دەستکاری نەکەین چونکە هەردوو حاڵەتەکە وەکو یەکە ، زۆرجار تاوانبار دوای ئەوەی تاوانەکە ئەکات وە ڕەنگە لە دوای ئەنجامدانی تاوانەکەی کە نموونەمان هەیە لەگەڵ بەڕێز وەزیری صحەشا باسمان کردووە ئەو کەسە تووشی شڵەژانی دەروونی بووبێ لە ئەنجامی بابڵێین ئەنجامدانی تاوانەکەیەوە ، لەو حاڵەتەیا زۆرجار پزیشکی دەروونیش ناتوانێ تەقیمی ئەمە بکات کە ئایا لە دەستدانی ئیدراکەکی لە ئەسنائی ئەنجامدانی تاوانەکە بووە ، یا دوای ئەنجامدانی تاوانەکە بووە؟ ئەو تەقریری لەسەر ئەو حاڵەتەی ، ئەو کاتە ئەکات کە لە ئێستایا ئەم نەخۆشە ئیدراکی نیە بۆ ئەوەی بەرپرسبێت ، ئەهلییەتی نیە بۆ ئەوەی بەرپرسبێت لەبەرامبەر ئەقوالەکانی خۆی کە ڕەنگە لە پێش ڕوودانەکەیا وابووبێ وە ڕەنگە بەهۆی ڕوودانی تاوانەکەوە تووشی ئەو بارە دەروونیەوە بووبێ ، یانی تەقیمی ئەوە ناکرێ کە پێش تاوانە کە نەخۆش بووە یان دوای تاوانەکە نەخۆش کەوتووە ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

زیاتر بۆ تەوزیح خۆی ، ئێمە لەحاڵەتی نەخۆشی ، لێرەش تەبعەن باسکرا بەشێك ئیعتمادمان لەسەر تاریخی نەخۆشیە ، یەعنی یەکێك هیچ تاریخی نەخۆشی نەبێ وە لەدوای تاوانێك نەخۆش بووبێ نەخۆشی نەفسی بووبێ ، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر قەراری مەحکەمە بەڕاستی منیش دەتوانم بڵێم تا حەدێك تەبیعی بەو شێوە ، دەتوانی هەندێ جار تووشی ئەو حاڵەتە دەبین ئەو ئیشکالاتە ، بەلاَم دەتوانین بە هەندێك حاڵەتیش ڕاست بکرێتەوە ، حاڵەتێکی تریش ئەوەیە ئێمە باسی قانونەکەمان لەسەر نەخۆشی نەفسیە ، قانونەکەمان بۆ نەخۆشی نەفسیە کەواتە دەبێ بەرەئی من عینوانەکە تەواوە کە بڵێین (المرضی المتهمین) چونکە لەسەر نەخۆشە نە لەسەر موتهەمە وەکو قانونێکی عقوبەو جەزائی نیە. فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله_سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش ئەوەل جار ئەو ڕەئیەم هەبوو (رعایة المتهمین المرضی) بێت بەس تەفکیرم تێداکرد ڕەئیەکەم غەڵەت بوو بەڕاستی بۆ ئەو قانونە قانونی نەخۆشەکانە (اذا المرضی المتهمین) ئەگەر هاتبا قانونی ئوسوڵ محاکەمات جەزائی هەبا دەبوو (رعایة المتهمین المرضی) چونکە قانونەکە ئەسڵەن ئی جەرائیم و موتەهەمینە لەبەر ئەوە ڕەئی جەنابت ڕاسترە ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگیری سەرۆك:**

فەرموو ئەڤین خان

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لێرە هەموومان ئەزانین کە کاتێ باس ئەکرێ ئەڵێ (المتهم) ، موتەهەم مەعنای ئەوەیە بڕاوەتەوە ، ئەم کەسە مەبدەئێکی قانونی هەیە ئەڵێ (المتهم بریء حتی یثبت ادانته) مەعنای ئەوەیە ئەمە لە بەرائەت دەرچووە ، ئیتهامەکەی لەسەر ئیسپات بووە ، بۆیە جەریمەکەی لەسەر تەحقیق بووە ، بۆیە بە موتەهەم ناوی هاتووە ، یەعنی ئەوە نیە شەکمان هەبێ کەواتە ئێمە بەس حاڵە نەفسیەکەی ئێستا لێرە تەحدید دەکەین ، ئەویش بۆئەوەی لە مادده (60)ی قانونی عقوباتا یەکێك لەوەی مەسەلەن موجریم ئیدراکی لەدەست دا ، ئەو کاتە ئەو کەسە ، ئەو موتەهەمە ئەتوانرێ مەسەلەن مەوانیعی بۆ دائەنرێ ، یەعنی یەکێکە لە مانیعەکانی بۆ ئەوەی عقوبەکەی لەسەری تەنفیز بێ ، بۆیە لێرە موهیمە وەکو خۆی بمێنێتەوە ناوەکە ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕیار بڕیاری ئێوەیە ، ئەیکەن بەچی؟ حەزدەکەن دەیکەینە دەنگدان. فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ماددەی (34) لە ئەوەلەن هاتووە ئینجا کە ئەڵێ (ولا تقل ممارسة كل منهم الى اخره من ثلاثة سنوات ، تتولى فحص المتهمين المحالين لتقدير حالتهم النفسية) یەعنی ئەمە لێرە یەعنی زۆر وازحە ناڵێ نەخۆشە ، لیجنەکە حاڵەتی نەفسیەکە هین ئەکا ، حاڵەتی نەفسی ئەم کەسە تەواوە یا نەخۆشە؟ ،ناڵێت (و الرجوع الى ملفاتهم السابقة المرضية والى اخره) ئەمە کێشەکە لێرەدایە بەڕاستی چونکە لەحاڵەتی ترا ، لە حاڵەتی تەبیعیا هەندێك محامی زیرەك هەیە ئەڵێ ئەم کەسەی کە تاوانی کردووە حاڵەتی نەفسی هەیە ، ئەو کاتە مەحکەمە داوای لیجنەیەکی توبی ئەکا بۆ فەحص ئەمە ئەویە بەڕاستی ، یەعنی ئەبێ ئەمە یا سیاغەکە بگۆڕدرێ لە ، چونکە باشە دەڵێ (لتقدير حالتهم النفسية و مسؤولياتهم الجنائية) بۆچی وائەڵێ؟ ئەگەر فیعلەن ئێمە موتەفیقین کە ئەمە نەخۆشی نەفسیە ، جارێ ئەگەر ئێمە موتەفیق بین لە یاساکە کە ئەمە فیعلەن نەخۆشی نەفسیە موتەهەم نیە چونکە ئەوە بە (ان عدم ادراكه وعي) تاوانەکەی ئەنجام داوە من بە چ حیسابێك ئەیخەمە بەردەم مەحکەمە و چونکە ئەوە وەعی نەبووە ، یەعنی لەڕووی نەفسی موتەکامیل نیە ، ئینسانێکی (کاینەڵ) نیە تا من بیخەمە بەردەمی ئەو یاسایەیی تاوانبارێکی بڵێن لە رووی نفسییەوە ساغ حکوم ئەدا ، زۆر سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

خۆی ئەوەندە موناقەشە هەڵناگرێ یاساکە باسی نەخۆشی نەفسی دەکا ، کەواتە هەموو شتەکانمان لە چوارچێوەی نەخۆشی نەفسی لەو یاسایە باس دەکەین ، ئێمە باسی ئیجرائی ناکەین ، باسی یاسایەکە دەکەین ئێمە ئێستا ریعایەی ئەو موتەهەمانە دەکەین کە پێشتر نەخۆش بوونە دوایی چۆن ئیسپات دەبێ چۆن ئیسپات نابێ؟ ئیشی مەحکەمەیە ئیشی ئێمە نیە ، ئێمە لە قانونەکە مەبەستمان ئەوەیە وەکو

موشەریع ریعایەی ئەو موتەهەمانە بکەین کە نەخۆش بوونە ، کە بەهۆی سەبەبی نەخۆشیەوە کە ئەوەی کردووە ، ئەوەی نەك بە مەعنای تر ، بەڵێ فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من وەکو لیژنەی تەندروستی نەك لیژنەی هاوبەش ، لە ڕاستیا من باسی بیرۆکەکە ئەکەم ، یەعنی بۆ لیژنەکەی ئێمە بیرۆکەکە موهیمە ئەوەی کە ئایا موتەهەمە ، موتەهەم نیە؟ ئەوە بۆ لیژنەی یاسایی ، بەلاّم بیرۆکەکە ئەوەیە لیژنەیەکت هەیە ، لیژنەکە کاری توب عەدلی ئەکات ، لە دادگاوە ئەم کەیسانەی بۆدێت بۆ ئەوەی یەکلای بکاتەوە ، ئایا ئەم کەسە نەخۆشی هەیە یا نیەتی؟ بەلاّم ئایا ئەمە تاوانبارە یان تۆمەتبارە؟ ئەوە مەسەلە یاساییەکەی بۆئەوان ، لەسەر ئەوەی توێژەری کۆمەلاّیەتی بۆ لەناو لیژنەکە نیە ، لە ڕاستیا ئەم لیژنەیە ئیشی ئەوە نیە نەخۆش چارەسەر بکا ، ئەم لیژنەیە تەنها ئەیەوێ بڕیار بدا لەسەر ئەوەی ئەم کەسە نەخۆشە یا نەخۆش نیە ، لەبەر ئەوە ئەوەشی کەدەتوانێ ئەم بڕیارە بدا تەنها دکتۆرە ، توێژەری کۆمەلاّیەتی ناتوانێ ئەو بڕیارە بدات ، چۆن موتەهەم دەتوانێ ئەو داوایە بکات؟ بەڵێ کەسێك کە نەخۆشی نەفسیشی هەبێ هەندێ حالّەتی نەخۆشی نەفسی هەیە کە بەشێوەی ئەتاکە ڕەنگە ئەو کەسە ئیدیعای ئەوە بکا لە کاتی ئەنجام دانی تاوانەکەیا ئەو ئەتاکەی بۆ هاتووە ئەو کارەی کردووە ، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو مافەش بە نەخۆش بدەین کە ئەویش ئەو داوایە قەید بکا ، یاخود ئەو سکالاّیە قەید بکا کە نەخۆشی هەبووە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە ئاگای لە خۆ نەبووە ، ئەوەی کە تایبەتە بە ئیداع ئایا کەی کۆتایی بەم ئیداعە دێت؟ ئەم لیژنەیە ئیشی چارەسەرکردنی نەخۆش نیە تاوەکو بڕیار بدا کە کۆتایی بە ئیداع بێت یا کۆتایی نەیەت ، ئەوە ئەکەوێتە لای دادگا کە ئەو بڕیاری کۆتایی ئەدا ، تەنها ئەم بڕیار لە بوونی نەخۆشی یاخود نەبوونەکەی ئەدات ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بۆئەوەی ئێمە کۆتایی بەم موناقەشەیە بێنین من پێشنیارێکم هەیە ، هەروەها هەندێ جار شەرت نیە ئەوەی لە مەحکەمەوە ئەنێردرێ موتەهەم بێ لەوانەیە من نەفسیەن تەواو نەبم بلّێم یەکێکی تر جەریمەیەکی بەرامبەر کردووم لە خۆمەوە ، چونکە ئەو نەخۆشە دەروونیانە زۆر جار (هالوچلەیشنیان هەیە) یەعنی زۆر جار شت بە هینیان دادێت وا ئەزانێت هینیان کردووە ، لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێ بە (رعاية المرضى المحالين من المحاكم) ئەتوانین ئەوە شتەکی وای لێبکەین ......

زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

تكایە ئەوەی قسەی کرد با جارێکی تر نەگەڕێینەوە ، با گوێمان لە سیاغەکە بێ. فەرموو ڕۆژان خان

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تەنها دوو بابەت پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە ، یەکەمیان باسی ئەوەی کرا کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە لۆ لێرە باس نەکرایەوە و ئاماژەی پێنەکرایە؟ ئەوە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969ی هەموار کراو لە مادده (60) بڕگەی یەکەم ئەو بابەتە حەسم کرایە دەڵێ (لا یسأل جزائیا من کان وقت ارتکاب الجریمة فاقد الادراك او ارادة للجنون او عاهة في العقل) واتە تەنها کاتی ئەنجام دانی تاوانەکە گرنگە ، سەبارەت بەوەی (رعایة المرضی المتهمین) یان (المتهمین المرضی) ئەو یاسایە هەموو باسی نە خۆشی دەروونی دەکا تەنها لۆ گرنگی بابەتەکە ئەو دەروازەیە چەند ماددەیەکی تەرخانکرایە بۆ ئەو موتەهەمانەی کە وا گومان دەکرێ لایەنی دەروونیان تەواو نیە لۆ دڵنیا بوون لە کاتی ئەنجام دانی تاوانەکە لایەنی دەروونیان ئاسایی بووەو سەقامگیر بووە ئاڕاستەی ئەو لیژنەیە دەکرێن لۆیە ئەگەر خۆی موتەهەمەو نەخۆشیشە گومان دەکرێ لەوەی کە لایەنی دەروونی تەواو نیەو لۆیە ئاڕاستەی ئەو لیژنەیە دەکرێ هیچ لە ناوەڕۆکی ماددەکان ناگۆڕدرێ ئەگەر (المتهمین المرضی)بێ یان (المرضی المتهمین)بێ ، سیاغەکە بەس بابەتەکە بوو یەکلاببیتەوە بەنیسبەت ئەو (تشكل لجنة نفسیة ) ئەمە لە ماددەکانی تر هەموو ئاماژەمان بەوەی کرد لیژنەی تەندروستی نەفسی لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگا هەیە ، لیژنەی تەندروستی دەروونی ئێستا هەیە چونکە بەپێی یاسای وەزارەتی تەندروستی دەسەڵات درایتە وەزیر بە پێکهێنانی لیژنەی تایبەت و ....

ئەوە فەرقی هەیە ئەوە لوجنەکی دیکەیە جگە لەو سێ لوجنەیەی ، باشە بەڕێز وەزیر ڕوونی کردەوە کە پسپۆڕی لەو بوارەی زۆر کەمە سێ هەر نیە ، سێ لیژنەمان هەیە لیژنەی تەندروستی دەروونی لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگا ئێستا بەپێی ئەو مادده لیژنەکی دیکە دروست دەکرێ وەزیر داوای کرد ئەویش بکرێتە سێ لیژنە ، یەعنی لە حاڵەتی کەمی پسپۆڕی لە هەر پارێزگایەك دوو لیژنە لە بواری تەندروستی دەروونی هەبی ئەوە زەحمەت نیە ، لۆیە ئەگەر یەك لیژنە هەبی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ، شەش لیژنەی تەندروستی لۆ هەرێمی کوردستان زۆرە ....

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

خۆی موشکیلەی هەرە ئەساسی لە هەموو دونیا کەمی دکتۆری پسپۆڕە لە بواری نەفسیا ، بۆیە تۆ لە موحافەزەیەك ئەگەر یەك لیژنەت پێ تەشکیل بکرێ بۆ هەموو حاڵەتەکان زۆر زۆر حاڵەتەکی تەبیعیە ، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەمەی کە من ئەیڵێم لەسەر هەموو موحافەزەیەکی لیژنەیەکی نەفسی دروست کرێ بۆ تەسهیلاتە بۆ محاکمە بۆ خەڵك ، مەسەلەن نەخۆشێ ناتوانێ لە زاخۆ موتەهەمێك دەی شورتە دوو ، سێ سەیارەی لەگەڵا بێ خۆ زۆر جار جەریمەکانی قورسە دوو ، سێ سەیارەی لەگەڵا بنێری و بینێری بۆ هەولێرو دوایی بړواتەوە یا لە قەڵادزێ وە یا لە کەلارەوە تۆزێك ئەوە زەحمەتە ، بۆیە پێشنیار دەکەم لە هەر پارێزگایەك لیژنەیەکی تەندروستی دەروونی هەبێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

مەبەستیان ئەوەیە کە هەمان لیژنەی کە هەیە لیژنەی محافەزە بۆ ئەو حالەتەش ئیحالەی ئەو لیژنە بکرێ یان تەشکیلی لیژنەیەکی تر بکرێ، فەرموو

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت پێشنیاری ئەوەت کردووە کە لیژنەیەکی تر دروست بکرێ ، سێ لیژنەی نوێ ، ماددەکە بەو شێوەیە دامانرشتەوە لە لایەن هەردوو لیژنەی تەندروستی و یاسایی

المادە 26:

اولا: تشكل لجنه طبية نفسية في كل محافظة من ثلاثة اطباء اختصاصيين في الطب النفسي العام يسميهم وزير الصحة او من يخوله ولاتقل ممارسة كل منهم في هذا المجال عن ثلاث سنوات تتولى فحص المتهمين المحالين اليها لتقدير حالتهم النفسية ومدى خطورتهم على انفسهم وعلى المجتمع.

ثانيا: اذا وجدت الجهات التي تتولى التحقيق او المحاكمة في قضية المتهم ضرورة فحص حالته النفسية بناء علي اشتباه باصابته باضطراب نفسي او بناء على طلب المتهم او ذويه او محامي الدفاع او الادعاء العام فيحال الى اللجنة الطبية النفسية لفحصه ووضعه تحت المشاهدة والمراقبة الدقيقة وتقديم تقرير طبي بحقه.

ثالثا: تتم احالة المتهم المذكور في الفقرة الثانية من هذه المادة الى اللجنة الطبية النفسية خلال مدة اقصاها سبعة ايام من تاريخ الاحالة من المحكمة المختصة وفق النموذج الخاص مشفوعاً بملخص عن قضية المتهم بها وملابساتها و اي معلومات او تقارير طبية او اجتماعية عن حالته وتعطى نسخة من نموذج الاحالة الى لجنة الصحة النفسية في المحافظة

رابعا: يدعى المريض المتهم المحال بموجب الفقرتين (ثانيا و ثالثا) من هذه المادة في وحدة عيلاجية مغلقة تحت الاشراف الطبي النفسي ويعرض على اللجنة الطبية النفسية بشكل دوري لوضع تقرير عن حالته النفسية ومدى ادراكه لتصرفاته ومسؤولياته خلال مدة ثلاثين يوما قابلا للتمديد

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ماددەی (34) بەو شێوەی خوێندرایەوە لە ئەسلی پرۆژەکە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (3) کەس لەگەڵ نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (35) كە ئەكاتە ماددەی (27)**

**تتخذ اللجنة الطبية النفسية العدلية عند احالة المريض المشار اليه في المادة (34) من هذا القانون ما يلي:**

**1-تقدير حالته النفسية ومدى تأثيرها على ادراكه و ارادته وارتكاب الجريمة.**

**2-امكانية مثوله امام المحكمة والدفاع عن نفسه.**

**3-مدى خطورته على نفسه وعلى المجتمع.**

**4-التوصية بعلاجه في وحدة علاجية مغلقة الى حين زوال خطورته.**

**بەرێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (35)**

**لیژنەی پزیشكی دەروونی دادی لە كاتێكدا نەخۆشی ناوبراو لە ماددەی (34) ی ئەم یاسایە بۆی ڕەوانە كرا ، ئەوا ئەم كارانە ئەكات:**

**1-خەملاندنی باری دەروونی و ڕادەی كارتێكردنی لەسەر درك كردن و توانستی ئیرادە لە كاتی تاوان كردنەكەی دا.**

**2-توانای لەبەردەم دادگا و بەرگری كردن لەخۆی.**

**3-ڕادەی مەترسی لەسەر خۆی و لەسەر كۆمەڵگا**

**4-ڕاسپاردن و چارەسەر كردنی لە یەكەیەكی چارەسەر كردنی داخراودا تا كاتی نەمانی مەترسیەكەی**

**بەرێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش**

**بەرێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی هاوبەش لەگەڵ دەقی ماددەكەیە**

**بەرێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

**فەرموو جەنابی وەزیر**

**بەرێز د.ڕێكەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین**

**بەرێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

**كێ تێبینی هەیە؟ (ئاشتی خان، دكتۆر بەشیر، تارا خان، كاك نەژاد، ئاهەنگ خان)، فەرموو ئاشتی خان**

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (35) چوار حاڵەت نووسراوە کە وەکو تەقیم ، لە خاڵی دووەم نووسراوە (-امكانية مثوله امام المحكمة للدفاع عن نفسه)، ببورن یەکەمجار نووسراوە (تقدير حالته النفسية ومدى تأثيرها على ادراكه وارادته وارتكاب الجريمة)، ئەمە کاتی جەریمەکەیە کە ئەو نەخۆشە تاوانێك ئەکات، کە تیادا تەدوین ئەکرێ کە وەزعی چۆنە لە کاتی جەریمەکەدا ، ئایا ئەو کەسە کە یەکسەر جەریمەکە ئەکرێ ئەو لیژنە توبیە حازرە کە وەزعی تەندروستی نەفسی ئەو کەیسە هەڵبسەنگێنێ؟ لە هەموو حاڵەتێکدا چەند کاتژمێرێکی پێ ئەچێت ، ئەگەر چەند ڕۆژێکیشی پێ نەچێ، یان لایەنی کەم (24) کاتژمێری پێ نەچێ کە ئێمە ئەمانەوێ تەقیمی ئەو کەیسە بکەین ، کەواتە لە دوای (24) کاتژمێرەکە کە تەقیم ئەکرێ ئەو کەسە وەزعێکی تری هەیە ، کە وەزعی تەقیمی پێ ئەڵێن لە سەحەی نەفسیشدا، ئەو حاڵەتەیە کە تەقیمی نەفسی ئەکرێ ، پێویستە ئەوەش ئیزافە بکرێ، لەم ئەسنائی وەقتی ئیرتیکاب کردنی جەریمەکە کە زۆر مەحاڵە ، من داوا ناکەم ئەو بڕگەیە هەڵبگیرێ، چونکە حەز ئەکەم ئەوەندە دەست و برد بێ لەو کاتەدا بتوانرێ تەقیمی نەفسی بکرێ بۆ کەیسەکە ، بەڵام داوای ئەوە ئەکەم خاڵێك ئیزافە بکرێ (حاله المودع النفسي وقت تقيم)، ئەوەش ئیزافە بکرێ، ئەوە تۆمار بکرێ ئەو کاتەی تەقیم ئەکرێ کەیسەکە حاڵەتی چۆن بووە؟ چونکە خۆشمان لە بڕگەکانی پێشوودا لە رووی قانونی و نەفسیش وەقتی تەقیم بەلامانەوە مەسەلەیەکی گرنگ بووە ، لە بڕگەکانیش دا تێیدا هەیە ، سەبارەت بە خاڵی چوارەم نووسراوە (التوصية بعلاجه في وحدة علاجية مغلقة الى حين زوال خطورته)، یەعنی یەکسەر نووسراوە بخرێتە ناو وەحدەیەکی عیلاجی موغلەق و سەرەرای ئەوەی نەنووسراوە ئیستینادەن بۆ سەر چ ماددەیەك ئەو ئیجرائاتانە بکرێ؟ کە ئەخرێتە ناو ژوورێکی موغلەق ، و زۆر بە کراوەیش نووسراوە (الى حين زوال خطورته)، ئەمە زۆر مەتاتیە ، ئەمە چۆن؟ کەی؟ بۆ نموونە لەوانەیە کەیسێك نەچن بەلایا بڵێن هێشتان ختورەتی زوال نەبووە ، من دڵنیام لە متمانەی بەدواداچوون بۆ کەیسەکە ، بەڵام ئەگەر سەیری نەصەکە بکەین نەصێکی زۆر زۆر مەتاتیە، زوالی ختورەکەی ئەکرێ بە شتێکی زۆر زۆر بەسیت ئێمە بڵێین وەلا زوالی ختورەتی نەبووە، بۆیە ئەبێ تەحدید بکرێ، پێشنیازی ئەوە ئەکەم کە بڵێین (4- التوصية بعلاجه ضمن خطة علاجية مقترحة)، ئیتر ئەیهێڵێنەوە بۆ تەعلیمات، بۆ دەستەڵاتی موئەسەسەکە، ئەوان خوتەی عیلاجی موفتەرەحیان بۆ باشتر کردنی ئەو حاڵەتە چیە؟ ئەوە بهێڵێنەوە بۆ دەستەڵاتی ئەوان، نەك لێرە ئێمە دوو بڕیاری زۆر خێرا دەربکەین، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو دکتۆر بەشیر

**بەڕێز د.بەشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەنتوقی ئەو ماددەیە بەوە دەست پێ ئەكات (تتخذ اللجنة الطبية)، پێم وایە ئەو (تتخذ اللجنة) مانای تەواو نادات، ئەگەر بیكەین بە (تقدر) یان (توصی)، لەبەر ئەوەی ئەوانەی كە هاتووە (1، 2، 3، 4) هەمووی تەقدیر ئەكات، كەوایە یان تەوصیە ئەكات، بۆیە (تقدر اللجنە الطبیة النفسیە العدلیە من هذا القانون مایاتي:

1- تقدير حالته النفسية ومدى تاثيرها على ادراكه وارادته وقت ارتكاب الجريمة.

جەنابی وەزیر باسی لەوە كرد كە ئەو موتەهەمە دێت بۆ لای لیژنەكە، لیژنەكە موكەلەفە بەوەی كە ئەو كاتە لەبەر دەمی ڕاوەستاوە بۆ ئەوەی حاڵەتە سەریرەكەی بۆ ئەوە بكات بۆ وایە؟ بەلاَم ئایا چ وەسائیل و میكانیزمی زانستیمان هەیە كە وابكات بڵێ چوار سەعات پێش ئێستا ئیدراكی ئاوابووە یان حاڵەتە نەفسیەكەی ئاوا بووە ، چونكە ئەمانەوێ وەقتی جەریمەكە ، وەقتی كوشتن و دزینەكە ، وەقتی لێدانەكە ئیدراكی وەرگرین ئایا ئیرادەی هەبووە؟ یان نا؟ نەك چوار، پێنج سەعات پێش ماوەكە، جا ئەگەر ئەم وەسائیلە نەبێ چۆن ئەم لیژنەیە ئەتوانێ بڵێ، ئێستا حاڵەتەكەی وایە، بەلاَم چوار سەعات پێش ئێستا وەقتی جەریمە نازانم چۆنە، لە دووەم (2-امكانية مثوله امام المحكمة للدفاع عن نفسه)، ئایا ئەو تەقدیرە تاهەتایە ئیمكانیەی مسولی نابێ؟ یان پاش چاك بوونەوە ئیمكانیەتی مسولەكەی ئەبێ و تەقدیر بكرێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو تارا خان

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازەكەم ئەڵێ (تتخذ اللجنة الطبية النفسية العدلية عند احالة المريض المشار اليه في المادة (34) من هذا القانون ما يلي)، تەقدیری حاڵەتی نەفسی نەخۆش لە كاتی جەریمە وابزانم بەندە بەوەی یەكەمجار (تقدير حالته النفسيه حسب تاريخ مرضه النفسي او قبل أرتكاب الجريمة)، ئەگەر ئەو مەرەزی نەفسی هەیە پێشتر تاریخێك هەیە بۆ ئەو نەخۆشە ئەبێ بۆی ئیزافە بكرێ، لیژنەی هاوبەش ئەگەر زەحمەت نەبێ ئیقتیراحەكە لەوێ بنووسنەوە، ئەبێ ئەوە ئاسانكاری بێ بۆ ئەوەی ئەگەر توبی عەدلی نەفسی نەبێ وەكو تەبی نەفسی، یەكسەر دكتۆرەكە تاریخەكە ئەهێنێتە پێش ئیرتیكابی جەریمە بۆ ئەم فەقەرەیە، دووەم، (التوصية بعلاجه في وحدة علاجية مغلقة الى حين زوال خطورته)، خۆی ئەساسەن كە ئەو وەحدە عیلاجیەیە، جەنابی وەزیریش شەرحی كرد، شوێنێكە دائەنرێ لەبەر ئەوەی ئەو نەخۆشە پێویستی پێیە، خەتورەی بۆ خۆی و بەلاَم ئایا هەتا زەوالی خەتورە پیاوێكی كوشتووە و خەتەرە بیهێنیتە دەرەوە، ئەی ئەگەر ئیجرائاتەكەی تەسبیت نەببوو مودەیەكی زۆر؟ چۆن ئەبێ تا زەوالی خەتورە، تەنیا ئەبێ لێرە تەحدید بكرێ بە دوو هەفتە، ئەگەر تەواو نەبوو ، ئەوا ئیجرائی تر بكرێ، یان بخرێتە وەحدەیەكی تر، یان حاڵەتەكەی نەفسی تا خراپتر نەڕوات، چونكە ئەمە بێ ئەوەی حاڵەتی تەحدید بكرێ ، زیاتر لایەنی

دەروونی قورس ئەبێ ، لەبەر ئەوە تەحدید کردنی ئەبێ بە شێوەیەك بکرێ تا زیاتر تەئسیری لێ نەکات، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك نەژاد

**بەرێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو ماددەیە هەر ئیجاب ناکات، یەعنی هەر لەغو بکرێتەوە، چونکە هەمووی تەفاسیلی ماددەکانی پێشووە، هەمووی حەشوە، بزەبت ماددەی پێشە خۆی ئیشارەتیشی پێدرایە لەو ماددەیە، (34) کە لەوێ نازانم بۆتە ماددەی چەند؟ نەفسی ئەو حاڵەتانەیە کە لە ماددەی (35) یشدا هاتووە، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم لەغو بکرێتەوە، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆك:**

وەلاّ سەرنج بۆ ئەوە ڕائەکێشین کە عادەتەن ئەو لیژنە توبیانەی کە ئامادە ئەبن لەمەحکەمە هەر خۆیان پێیان ئەوترێ لیژنەی تەقدیری، من یەکێ بووم لەوانەی خۆم ئامادە بووم لە مەحکەمە وەکو لیژنەی تەقدری بۆ تەقدیری ئەزرارێك بۆ ئەوەی کە، شەرتیش نیە مەحکەمە، ئەگەڕێتەوە سەر مەحامی، سەر مەسەلەی حاکم، دوای ئەوە شەرت نیە تۆ بەو تەقدیرەی تۆ ئەو موتەهەمە نەجاتی بێ، ئیحتیمالە تەخفیفی عقوبەی بۆ بکرێ، یان جۆرێك لە جۆرەکان عقوبەکەی بۆ بگۆڕێت، ئەگەرنا هەموو جار ئازاد کردن نیە، فەرموو ئاهەنگ خان

**بەرێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ کاك نەژادم، مەهامی ئەو فەقەراتانە بزەبت لە ئاخیر فەقەرەی ماددەی (34) نووسرایە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم لەغو بکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەرێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەی زۆر زەرووڕە، چونکە لیژنە توبیە نەفسیەکەی بەستۆتەوە کە ئیجتیهاد بکەن، ئەو چوار لیژنە، دووەمیش، نەمانی ئیدراك، یان بوونی ئیدراك، هەموو دکتۆرەکان ئەزانن کە عادەتەن نەخۆشی دەروونی نەخۆشیەکی موزمینە، یەعنی تا کاتی جەریمەکە و لیژنەکە پێم وانیە ئەو فەترەیە ئەوەندە موهیم بێ ئیدراکی نەخۆشەکە نەمێنێ، ئەوە ئیشی لیژنەی توبیە، مەسەلەی توبی نەفسیش زیاتر ئیعتیماد ئەکاتە سەر شەخصیەت،،ئیعتیماد ناکاتە سەر ئەجهیزە و جیهازی پێشکەوتوو، زیاتر لیژنەی توبی ئیعتیماد

ئەکەنە سەر شەخصیەتی نەخۆشەکە، بۆیە پێم وایە ئەو لیژنەیە زۆر جوان شی کراوەتەوە، و ئەو بڕیارە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو لیژنانەی داشئەنرێن بە قانون و یاسایی ئیش بکەن، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆك:**

نیسابمان تەواو نیە، ئەچین بۆ ماددەیەکی تر ، دوایی سیاغەی ئەکەین، فەرموو

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (36) کە ئەکاتە (28):

1-اذا قررت المحكمة بناء علي تقرير اللجنة الطبية المنصوص عليها في المادة (35) من هذا القانون ان المتهم غير مسؤول جزائيا وقت ارتكاب الجريمة فاصدر المحكمة قرارا بحجزه في وحدة علاجية مغلقة الى حين زوال خطورته.

2-يخضع المريض النصوص عليه في البند (اولا) من هذه المادة الى برنامج عيلاجي وتأهيلي لحين زوال خطورته ، يقدم خلاله تقرير دوري عن حالته الى اللجنة الطبية النفسية العدلية.

3-لايجوز للمحكمة المختصة اخراج المريض المنصوص عليه في البند (اولا) من هذه المادة من المؤسسة الا بناء على تقرير طبي من اللجنة الطبية النفسية العدلية يؤيد زوال خطورته.

4-للادعاء العام ولمجلس الصحة النفسية وذوي المريض المتهم استئناف قرار اللجنة الطبية النفسية العدلية لدى اللجنة الطبية النفسية الاستئنافية خلال (30) يوما من تاريخ التبلغ بالقرار.

5-لايجوز انهاء الايداع الا بعد الرجوع الى الجهة القضائية الامرة بالايداع و يجب مراجعة تقييم قرارات الايداع كل ثلاثة اشهر.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆك:**

کوردیەکەی. فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز/ نیشتمان مرشد صالح**

یەکەم: ئەگەر دادگا بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەقێنراو لە ماددەی (35) ی ئەم یاسایەدا بڕیاری دا کە تاوانبار بەشێکی بەرپرسی لەسەر نییە لەکاتی تاوانکردنەکەیدا ، دادگا بڕیارێك دەردەکات بە دەستبەسەرکردنی لەیەکەیەکی چارەسەرکردنی داخراو کاتی نەمانی مەترسییەکەی.

دووەم: نەخۆشی دەقێنراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا پابەندی پڕۆگرامێکی چارەسەرکردن و ئامادەگی دەبێت تا ئەوکاتەی مەترسییەکەی نامێنێ ، لەو ماوەیەدا ڕاپۆرتی خولی سەبارەت بەباری کەسەکە پێشکەش بەلیژنەی پزیشکی دەروونی دادی دەکرێت.

سێیەم: دادگای تایبەت ناتوانێت نەخۆشی دەقێنراو لە ماددەی (35) ی ئەم یاسایەدا لە دەزگادەربکات، تەنها بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەروونی دادییەوە نەبێت کە تێیدا پشتگیری نەمانی مەترسییەکەی کردبێت.

چوارەم: داواکاری گشتی و دەستەی گشتیی تەندروستی دەروونی و کەس وکاری نەخۆشی تاوانبار بۆیان هەیە تێهەڵچوونەوەی بڕیاری لێژنەی پزیشکی دەروونیی دادی بکەن لەلای لیژنەی پزیشکی دەروونیی تێهەڵچوونەوە لە ماوەی (30) ڕۆژدا لەو ڕۆژەیرا کە لە بڕیارەکە ئاگادار کراوەتەوە.

پێنجەم: ناکرێ کۆتایی دانانەکەی بکرێ ، تەنها پاش گەڕانەوە بۆ لایەنی دادوەری نەبێت کە فەرمانی دانانەکەی داوە ، دەبێ هەرسێ مانگ جارێکیش بە دواداچوون بۆ هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانی دانان بکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین تەنها ئەوە نەبێ کە ماددەی (35) ئەبێتە ماددەی (27) وە ئەو بەندانەش کە هاتووە ئەبن بە فەقەرات ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من لەگەڵ دەقی ماددەکەم بەلاَم لە فەقەرەی (دوو) (وتاهیلە لحین زوال خطورتە یقدم تقریر الطبیب المشرف المختص) نەی وتووە کێ تەقدیمی تەقریرەکە ئەکا بۆ لیجنەکە ئەو تەبیبە کە ئیشرافی ئەکا، من نازانم ئەگەر رێگری یاسایی نەبێ خامسا (کل ثلاثة اشهر) زۆرە ئەگەر تۆزێ کەم بکرێتەوە باشترە ، چونکە هەم لۆت لەسەر خەستەخانەکان کەم دەبێتەوە ، چونکە جاری وا هەیە سێ مانگ بیخەیتە وەحدەیەکی عیلاجی لەوانەیە لە خەستەخانەیەك یەك وەحدەی عیلاجی موغلق هەبێ ، لەوانەیە تووشی کێشە بیت ، مەسەلەن بکرێت بە مانگێك قانونیەن ئەگەر بکرێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئیقتراحی وەزیر مانگێك ، هەر بۆ تەوزیح لێرە ئەڵێت (اذا قررت المحکمة) واتە یەعنی مەحکەمە موستەقیلە ئەتوانێ بە قسەی لیجنەی توبی بکا ، ئەتوانێت بە قسەشی نەکا ، ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟ فەرموو کاك دکتۆر بەشیر

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ماددەیەکی پێشوودا کە باس لەو لیجنەیە کرا ، لیجنەی توبی نەفسی جەنابی وەزیر دیار بوو ڕای وابوو کە لە هەر موحافەزەیەك لیجنەیەك هەبێ ، لە هەر موحافەزەیەك لیجنەیەك بوو ، ئەمە تەبعەن شتێکە، باشە، کار ئاسانیە بۆ کارەکە ، بەلاَم لێرە باسی لیجنەی توبی ئیستئنافی کراوەتەوە ، واتە لە فەوقی ئەو

سێ لیجنەیەش لیجنەیەکی دیکەی ئیستئنافی هەیە ، بەڵێ ئەمە من پێم وابێ لەیەك شوێن هەبێ ، بەس لە هەولێر بێ ، بەس لە پایتەخت بێ ، بۆئەوەی ژمارەی لیجانەکان زۆر نەبێ باشتر دەبێ ، ئەمە یەك.

خاڵێکی دیکە ئەم تەعن دان لە قەراری لیجنە لای لیجنە ئیستئنافیەکە دەڵێ (خلال ثلاثين يوما) واتە هەتا سی ڕۆژ مەحکەمە ناتوانێ تەماشای قەراری لیجنەی یەکەم بکا تا ئاخۆ بزانێت ئەم قەرارە مەتعون دەبێ یان نا ، بەلای من ئەو سی ڕۆژە زۆرە ئەگەر مانعێکی یاسایی نەبێ لە مەسەلەی قەراری تەعن باشتروایە ئەم سی ڕۆژە بکرێتە پانزە ڕۆژ ، پشتگیری لە جەنابی وەزیر دەکەم لە هەردوولا لە تەقریرەکە کێ بینووسێ دیار بکرێ ، هەروەها لە خاڵی پێنجەمیش ئەو سێ مانگە بکرێ بە مانگێك ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك نەژاد

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە ڕەئی من فەقەرەی دوو ، ئەوە هیچ ئەو بەندەکان بکرێنە فەقەرە وابزانم وتیان ئەوە ، ئەوە شتێکی لوغەویە، بەلاَم فەقەرەی دوو بە ڕەئی من زیادە چونکە ئەوەی لە فەقەرەی یەك هاتیە لە فەقەرەی دووش نەفسی شت هاتیە، نازانم دووبارەی دەکەمەوە بەڕاستی ئەوەی لە فەقەرەی یەك هاتیە حەزدەکەم موتەوەجیە بن ، یەعنی نەفسی شت لەفەقەرەی دووش عەینی شتە بە تۆزێك دەستکاریەوە یەعنی نەفسی مەعنای هەیە، (يخضع المريض المنصوص عليه) فی نازانم چی عەینی شت (اذا قررت المحكمة بناء على تقرير اللجنة الطبية، غير مسؤول جزائيا وقت ارتكاب الجريمة) عەینەن دەڵێ بنێردرێتە وەحدەیەکی عیلاجی ، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بۆئەوەی کەوا فەقەرەکە یان ماددەکە ئەنیق بکرێ ئەوەی لێ لابردرێت ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان**

لیجنەی توبی کە بڕیاری خۆی ئەدا بڕیارەکە جێ بە جێ ئەبێ ، ئەگەر من بمەوێ تەعنی کەم لیجنەی ئیستئنافی هەیە مەسەلەن ئێستا بڵێین ئەو کەمئەندامە بەڕێزانەی کە ئەڵێن ئێمە مەعاشمان بڕ اوە، ئەوە ئەتوانن لە دائیرەکەی خۆیانەوە تەقدیمی وەزارەتی تەندروستی کەن ئێمە لیژنەی توبی ئیستئنافیان بۆ ئەگرین ، بەلاَم ئەو لیژنە توبیە ئیستئنافیە کە لە ماوەی سی ڕۆژا ئەکرێ مەنع نیە لەو لیژنە توبیەی تر کە ئیش و کاری خۆی ئەکا ، ئەگەر لیژنە توبی ئیستئنافیەکە سێ قەرار دەر ئەکا یا دەعمی لیجنەکە ئەکا ، دەعمی قەراری لیجنەی سابق ئەکا ، یاخود ئەڵێ قەراری لیجنەکەی تر کەمە ، یاخود قەراری لیجنەکەی تر زۆرە ئەو سێ بڕیارە ئەدا ، لەبەر ئەوە بەڕای من نازانم قانونیەن چۆنە لیجنەی توبی ئیستئنافی ڕێگر نیە لەبەردەم ئیشکردنی لیجنەی توبی هەتا قەرارێکی موزاد دەرنەکا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

بفەرموون بۆماددەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی (37) دەکاتە (29):

یخضع المريض المتهم بعد زوال خطورته لبرنامج التكييف الاجتماعي المنظم الذي تضعه المجلس على ان يكون خارج الوحدة العلاجية المغلقة.

**بەڕێز نیشتمان مرشدصالح:**

ماددەی (37)

نەخۆشی تاوانبار پاش نەمانی مەترسیەکەی ، پابەند دەکرێت بە پرۆگرامی گونجاندنی کۆمەڵایەتیی رێک و پێك کە دەستە دایدەنێت ، بەمەرجێك لەدەرەوەی یەکەی چارەسەرکردنی داخراودابێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەم مادده هەیە؟ تەنها بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە کە ناوی بەرنامەیەك دەهێنین بەرنامجەکە ناوی هەیە ، ناوی بەرنامجەکەمان هەیە ، لە سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان بەرنامجەك نیە ناوی تەکەیوف ئیجتماعی بی ، لە عەرەبیەکەی نووسرایە تەکەیوف ئیجتماعی لە کوردیەکەشی نووسرایە گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەڵام ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە ڕاستە ئەو ناوە نیە ، ناوەکەی شیاندنەوەی کۆمەڵایەتیە ، بۆیە ئەگەر ئێمە ناوی دابنێین ئەو بەرنامەیە دەبێ ناوی بەرنامەکەمان بگۆڕین دەبێ هەمان بێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

مولاحەزەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوە باسی تاوانباری نەخۆش دەکا کە دوای ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی خۆی یان دەوروبەری نەما پێویستە تەئهیل بکرێتەوە ، هەمان مادده لە هەمان ناوەڕۆك ، هەمان مەبەست لە مادده (36) پڕۆژەکە بڕگەی دووەم هاتیە دەڵێ (يخضع المريض المشمول باحكام الفقرة اولا الى برنامج علاجي وتأهيلي)....

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

خۆی ڕاستە بەس لێرە مەخسەدی مەریزی موتەهەمە...

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

ئەوێش باسی مەریزی موتەهەم دەکا....

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لە کوێ؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

لە مادده (36) ئەسڵی پڕۆژەکە (36) (ثانيا) (الى برنامج علاجي وتأهيلي).

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی (38)

اذا تبين للمحكمة بناء على تقرير اللجنة الطبية النفسية العدلية ان المريض يقدر مسؤوليته جزئيا فلها ان تقرر بقاءه في الوحدة العلاجية المغلقة لحين شفائه.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی (38)

گەر دادگا بۆی دەرکەوت ، بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەروونی دادی کە نەخۆش دەتوانێ بەشێك لە بەرپرسیارێتی خۆی بزانێ ، بۆی هەیە بڕیاری مانەوەی بدات لە یەکەی چارەسەرکردنی داخراودا تا چاك دەبێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

بەڕێز جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددە؟ كەس تێبینی نیە؟ نیساب تەواو نیە بۆئەوەی بیكەینە دەنگدان ، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ماددە (39) كە دەكاتە (31)

يلتزم ذوو المريض المنصوص عليهم في المادة (36) من هذا القانون بعرضه على الوحدة العلاجية المختصة لفحصه بشكل دوري الطبيب المعالج.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ماددە (39)

كەس و كاری نەخۆشی دەقێنراو لە ماددە (36)ی ئەم یاسایەدا پابەند دەبن بەوەی كە نیشانی یەكەی چارەسەركردنی پسپۆر بە پشكنینی بدەن ، بەشێوەی خولی كە پزیشكی چارەسەركردن بڕیاری لەسەر دەدات.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین ، تەنها ئەوە نەبێ ماددەی (36) ئەبێتە (28).

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمەش لەگەڵی دەقی ماددەکەین بەڵام (ذوو المريض او المسؤول عن المريض) یەعنی ئەگەر ئـەو عیبارەتـەی بۆزیاد کرێ و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەو ماددە هەیە ، هیچ تێبینیەك لەسەر ئەو ماددە نیە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی (40) دەکاتە ماددەی (32)

اولا: اذا اشتبه باصابة نزيل او مودع اثناء قضائه مدة العقوبة السالبة للحرية باضطراب نفسي تـتم احالتـه الى اقرب وحدة علاجية مغلقة لعرضه على اللجنة الطبية النفسية العدلية و تقرير ما تراه بشأنه.

ثانيا: اذا وجدت اللجنة ان حالة المريض النزيل او المدوع تتطلب علاجا عليها ان تحدد مدتـه في التقريـر و يتم اشعار دائرة الاصلاح في كوردستان بذلك.

ثالثا: يعاد النزيل او المودع الى دائرة الاصلاح بعد شفاءه مباشرة.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی (40)

یەکەم:

گەر گومان لە تووشبوونی یەکێك لە دانراوەکان یان میوانەکان کرا کە لە ماوەی بەسەربردنی سزاکەیدا کـە ئازادی لێ وەردەگیرێت و تووشی شڵەژانی دەروونی بوو ئەوا رەوانـەی نـزیکترین یەکـەی چارەسـەری داخـراو دەکرێـت ، تـا نیشـانی لیژنـەی پزیشـکی دەروونـی دادی بـدرێت و بڕیـار بـدات لەسـەر ئـەوەی لەبارەیـەوە دەیبینێ.

دووەم:

گەر لیژنەکە بینی باری نەخۆشی میوان یان دانراو پێویست بەچارەسەرکردن دەکات لەسـەرێتی بـەڕاپۆرت ماوەیەك دەستنیشان بکات و ئاگاداری فەرمانگەی چاکسازی لە کوردستان بکاتەوە.

سێیەم:

میوان یان دانراو دەگەڕێنرێتەوە بۆ فەرمانگەی چاکسازی ، یەکسەر لەپاش چاك بوونەوەی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین ، تەنها ئەوە نەبێت كە لیژنەی توبی نەفسی عەدلیەكە ببێتە لیژنە (الطبیة النفسیة)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە ، هیچ تێبینیەك نیە لەسەر ئەو ماددەیە؟

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ماددەكە هەر لەسەر دەقە كوردیەكەیە یەعنی بۆ وەی ئەگەر ئاوا بڕوا بۆ سەرۆكایەتی هەرێم و دوایی دەرچێ نازانم زۆر عەیبێكی گەورەیە ، چونكە (نەزیل) خۆی زیندانی كراوێكی نەخۆشە ، ئیتر تەواو میوانداری چی ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

فەرموو كاك نەژاد

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەڕاستی ئەمن تەئیدی شلێر خان دەكەم ، بەحەقیقەت نەك هەر ئەو قانونە زۆربەی قانونەكانمان كوردیەكەیان سەقەتە ، ئەگەر هەر لۆ یەعنی وەكو دەڵێین ئیسقات فەرز دەیخوێننەوە ئەوە مەوزوعێكە ، بەلاَم ئەگەر لۆئەوەیە كوردیەكی رێك و پێك بێ ئەوان یان رێك و پێكی بكەین یان مەیخوێننەوە بەڕاستی ، هەمووی غەڵەتە ، یەعنی نەك هەر ئەو قانونە قانونەكانی تریش بەڕاستی ، یەعنی ئەوە لۆ ئاگاداریتان لەبەرئەوە ڕاست دەكاتن ، یەعنی ئەوە حەپس كرایە حەپس كرایە نەزیل بە میوان دیتیتان خەڵك بە میوانی بچیتە سجن ، بەڕاستی یەعنی نا شتی وانیە ، بە نیسبەت ماددەی (40) ئەوجا ئەوەش لە عەرەبیەكەش (اذا اشتبه باصابة نزیل او مودع اثناء قضائه مدة العقوبة السالبة للحریة) عقوبەی (غیر

السالبة للحرية)هەیە؟ وەلاّ حەزدەکەم تێم بگەیەن! یەعنی هەر عقوبەیەك کە دەدرێ (سالبة للحرية) ، بە یەکێك دەڵێی لێرە هەڵسە برِۆ ئەوێندەرێکە ئەتو حوریەتت لێ زەوت کردیە یەعنی ....

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کەس لە جێگای خۆی قسان نەکا ، لیژنەی یاسایی هەیە ئەتوانێ جوابی بداتەوە.

بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:

ئەوەی دیکە (تقرير على اللجنة الطبية النفسية العدلية او تقرير ما تراه مناسبا بشأنه) موناسیبەتێکی دەوێ لێرانە ، لە (ثالثا) (يعاد النزيل او المودع الى دائرة الاصلاح بعد تأكد من شفاءه) (مباشرة)کەش بە رەئی من زیادە ( بعد التأكد من شفاءه) پاش ئەوەی دڵنیادەبن لە .... ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لەسەر دەقی کوردی ئەم یاسایانەی کە دێنە پەرلەمان پرِۆژە یاساکان چ لەلایەن حکومەت ، چ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان ، بەو سیاغەی کە بە کوردیەکەش دانراوە دەخوێندرێتەوە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی تێبینی هەیە لەسەری ئەتوانێ ڕاستی بکەنەوە هەرواشمان کردووە ، ماددەیەکی تر ماوە هەر لەم بابە ئەویش دەخوێنینەوە موناقەشەی دەکەین ، دوایی دەکەینە دەنگدان لەسەر هەموو ماددەکان فەرمو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی (41) کە دەکاتە ماددەی(33)

يجوز لمدير المؤسسة في حالة اصابة المودع باحد الامراض العضوية التصريح بخروجه بصحبة الشرطة للعلاج باحدى المستشفيات المتخصصة ، وفي هذه الحالة تلتزم الشرطة بحراسته طوال فترة علاجه واعادته الى مكان الايداع.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی (41)

بەڕێوەبەری دەزگا بۆی هەیە لە حاڵەتی تووشبووانی دانراودا بە یەکێك لە نەخۆشە ئەندامییەکان ، ڕێگای بدات کە لەگەڵ پۆلیسدا بۆ چارەسەرکردن لەیەکێ لە نەخۆشخانە پسپۆریەکاندا لەم بارەشدا پۆلیس پابەندە بە پاسەوانیکردنی بەدرێژایی ماوەی چارەسەر کردنەکە و گێڕانەوەی بۆ ئەو شوێنەی لێی دانراوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

ئاهەنگ خان فەرموو

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من سوئالەكم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە ، ئەو نەخۆشەی نەفسییەی كە موتەهەمە ئیسابەی بە حاڵەتەك دەبێ دەیبەنە دەرێ بە شورتە ، بەس كە مودەی لەناو مەصحە نەفسیەكەیە خۆشی موتەهەمە ، شورتە حیراسەتی دەكا یان نا؟ لۆ ئەوەی غارنەدا هەر ئەوەندە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەكەین بێنە قاعەكە بۆ دەنگدان.

لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

هەرچەندە خاوەن پرسیارەكە ئاگای لە وەلآمەكە نیە ، بەلآم ئەو كەسانەی كە ، زۆر باشە ، ئەو كەسانەی كە تاوانبارن یان مەوقوفن وە ئەنێردرێنە بەشی دەروونی لە بەشی دەروونی وەحدەی تایبەت هەیە ، نەك ئەوی بە شێوازی نەخۆشخانەكانی تر ئەگەر نەخۆشەك لەبەر ئەوەی وەحدەی تایبەتی سجن نیە ڕەنگە پۆلیس بەدیارەوە بێ ، بەلآم لە بەشە دەروونییەكانا هەر چەندە ئەوە كێشەیە كە ئێستا لە هەولێر هەیە بەلآم لە شوێنەكانی تر نیە وەحدەی تایبەتی فەرەنسیك مێدیسن بەشی توب عەدلی نەفسی هەیە كە لەوێ لەو بەشە تایبەتە ئەمێننەوە بەلآم پۆلیسیان لەگەڵ نیە ، لەبەشی دەروونی پۆلیسیان لەگەڵ نیە ، بەلآم لەبەشەكانی تر پۆلیسیان لەگەڵە لە بەشەكانی تری نەخۆشخانەكان ، لەبەر ئەوەی وەحدەی تایبەت هەیە بە توب عەدلی ، بەلآم بەداخەوە بەس تەنها لە هەولێر هەیە لە شارەكانی تر نیە وابزانم.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەو حیمایەی پۆلیس و ئەوانە ئیعتیماد ئەكاتە سەر جەریمەكە ، جاری وا هەیە موتەهەمەكە موتەهەمێكی بەسیتە جەریمەیەكی بەسیتی كردووە ، بەلآم جاری وا هەیە پێویست دەكا ئەو وەحدە توب

عەدلیە حیمایەی هەیە، پۆلیسی هەیە ، بەلاّم جاری واهەیە پێویست دەکا 3 ، 4 نەجدەی تریش بێ ، هێزی تریش بێ ، زۆر جار بووە کە نەخۆش لە خەستەخانە ، موتەهەم رایکردووە ، لەبەر ئەوە بەپێی ئەو هینە ، بە پێی ئەو قورسی و سووکی توهمەکە حیمایە و حیراسەتی بۆ دابین دەکرێ و مودیری موئەسەسەکەش بۆی هەیە حیمایەیی ترم بۆ بنێری ، نەوەکو موتەهەمەکە ڕاکا ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تەنها یەك ڕوونکردنەوە پرسیارێك کە پەیوەندی بە لیژنەی یاسایی هەیە لە (عقوبات السالبة للحرية) کرا ، نازانم خاوەن پرسیارەکە لێرەیە؟ کاك نەژاد (عقوبات سالبة للحرية) بەوشەی ئەو دەستەواژەیە (سالبة للحرية) و (مقيدة للحرية) بەکارهاتیە (سالبة للحرية) لە مادده (87) قانونی عقوباتی عیراقی هاتیەو (مقيدة للحرية) لە مادده (90) هاتیە ، هەموو سزایەك (سالبة للحرية) نیە هەموو سزایەك ئازادی سنووردار ناکا ، سزامان هەیە ، سزای غەرامەمان هەیە ، سزای موصادەرەمان هەیە ، هەندێك جۆرە بڕیار هەیە کە پێویستە بلاّو بکرێتەوە لە ڕۆژنامەکان ئەمانە هەموو جۆرە سزایەکن بەلاّم (سالبة للحرية) نینە ، لۆیە مەرج نیە هەموو سزایەك (سالبة للحرية) بێ و جیاوازی هەیە بەشێکیان سالیبە یان موقەیەدە للحریە بەشێکیان جۆرە سزای دیکەنە بەلاّم هەموو لە چوارچێوەی سزانە ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لە ماددەی (35)وە سیاغە بکەن و تابیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

ماددەی (35) ڕیزبەندەکەی دەگۆڕێ دەبێتە ماددەی (27)

تتخذ اللجنة الطبية النفسية المريض المحال اليه بموجب المادة (26) من هذا القانون الاجراءات الاتية:

اولا: تقدير حالته النفسية ومدى تاثيرها على ادراكه وارادته وقت ارتكابه الجريمة.

ثانيا: امكانية مثوله امام المحكمة والدفاع عن نفسه.

ثالثا: مدى خطورته على نفسه وعلى المجتمع.

رابعا: التوصية بعلاجه في وحدة علاجية مغلقة الى حين زوال خطورته.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مادده (35) لە ئەسڵی پڕۆژەکە بەو شێوەیەیی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بڵندکا؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا ، فەرموو بۆ مادەیەکی تر.

**بەرێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ڕیزبەندەکە دەبێتە ماددەی (28)

اولا: اذا قررت المحكمة بناء على تقرير اللجنة الطبية المنصوص عليها في المادة (27) من هذا القانون ، ان المتهم غير مسؤول جزائيا وقت ارتكابه الجريمة تصدر المحكمة قرارا بحجزه في وحدة علاجية مغلقة الى حين زوال خطورته.

ثانيا: يخضع المريض المشمول باحكام الفقرة (اولا) من هذه المادة الى برنامج عيلاجى وتأهيلى لحين زوال خطورته و يقدم الطبيب المختص تقرير دوري عن حالته الى اللجنة الطبية النفسية.

ثالثا: لايجوز للمحكمة المختصة اخراج المريض المشمول باحكام الفقرة (اولا) من هذه المادة من المؤسسة الا بناء على تقرير طبي من اللجنة الطبية النفسية يؤيد زوال خطورته.

رابعا: للادعاء العام و ذوي المريض المتهم استئناف قرار اللجنة الطبية النفسية ، لدى اللجنة الطبية النفسية الاستئنافية خلال (30) ثلاثين يوما من تاريخ التبلغ بالقرار.

خامسا: لايجوز انهاء الايداع الا بعد الرجوع الى الجهة القضائية الامرة بالايداع و يجب مراجعة تقييم قرارات الايداع كل ثلاثين يوما.

لەسەر پێشنیاری وەزیر (3) مانگەکەمان کردە (30) ڕۆژ.

**بەرێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ماددە (36) لە ئەسڵی پڕۆژەکە بەو شێوەیە خوێندرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بڵندکا ، کێ لەگەڵ نیە ، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا ، فەرموو بۆ ماددەی (37).

**بەرێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددە (37) ئەسڵی پڕۆژەکە ڕیزبەندەکەی دەبیتە (29)

يخضع المريض المتهم بعد زوال خطورته لبرنامج التأهيل الاجتماعى ، على ان يكون خارج الوحده العلاجيه المغلقه.

**بەرێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بڵندکا ، کێ لەگەڵ نیە ، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەرێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

ماددەی (38) ڕیزبەندەکە دەبتە ماددە (30)

اذا تبين للمحكمة بناء على تقرير اللجنة الطبية النفسية ان المريض يقدر مسؤولياته جزئيا فلها ان تقرر بقاءه في الوحدة العلاجية المغلقة لحين شفائه.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ماددەی (38) لە ئەسڵی پڕۆژەکە بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بلندکا؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسندکرا ، فەرموو بۆ مادەی (39).

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

ماددەی (39) دەبێتە ماددەی (31)

یلتزم ذوو المريض المشمول باحكام المادة (28) من هذا القانون بعرضه على الوحدة العلاجية المختصة لفحصه بشكل دورى يقرره الطبيب المعالج.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ماددەی (39) بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بلندکا؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسندکرا ، فەرموو بۆ مادەی (40).

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

المادة (32)

اولا: اذا اشتبه باصابة نزيل او مودع اثناء قضاءه مدة العقوبة السالبة للحرية باضطراب نفسي تتم احالته الى اقرب وحدة علاجية مغلقة لعرضه على اللجنة الطبية النفسية و تقرير ما تراه بشأنه.

ثانيا: اذا وجدت اللجنة ان حالة المريض النزيل او المودع تتطلب علاجا عليها ان تحدد مدته في التقرير ويتم اشعار دائرة الاصلاح في كوردستان بذلك.

ثالثا: يعاد النزيل او المودع الى دائرة الاصلاح بعد شفاءه مباشرة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ماددەی (40) لە ئەسڵی پڕۆژەکە بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بلندکا؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسندکرا ، فەرموو بۆ مادەی(41).

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

ماددەی (41) دەبێتە ماددەی (33)

يجوز لمدير المؤسسة في حالة اصابة المودع باحد الامراض العضوية السماح بخروجه بحراسة الشرطة للعلاج باحدى المستشفيات المتخصصة ، وفي هذه الحالة تلتزم الشرطة بحراسته طوال فترة علاجه واعادته الى مكان الايداع.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆك:**

ماددەی (10 ) لە ئەسڵی پڕۆژەکە بەو سیاغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بلندکا؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسندکرا.

دەست خۆشی لە هەمووڵایەك دەكەین ، مانـدوومان كـردن ، كۆتـایی بـە دانیشـتنەكە دێـنین تاسـەعات 11 ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو ، بەخواتان دەسپێرم.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20)**

**دوو شەممە رێکەوتی 20\5\2013**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (20)

## دوو شەممە رێكەوتی 2013/5/20

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2013/5/20 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلـەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سـورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (20)ی خـولی سـێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (20)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2013/5/20 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی كوردستانی عیراق.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی كوردستانی عیراق.

3- خستنە روو و گفتوگۆكردنی پێشـنیاری یاسـای هـەموار كردنـی سـێیەمی یاسـای پارێزەرایـەتی لـە هەرێمی كوردستان ژمارە (17) ساڵی 1999.

4- خستنە روو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی سـێیەمی یاسـای سـەندوقی خانەنیشـینی پارێزەران ژمارە (18) ساڵی (1999)،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێدەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (20)، ڕۆژی دانیشتن 2013/5/20، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددە (20)، لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (20)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە کاتژمێر (11) پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی 2013/5/20 بەم شێوەیە بێ:-

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

3-خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (17) ساڵی 1999.

4-خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەندوقی خانەنیشینی پارێزەران ژمارە (18) ساڵی (1999)،

بە پێی نەریتی دانیشتنەکانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی خاڵی دووەم بەس خوێندنەوەی یەکەمە، ئەگەر پێتان باش بێ دەیکەینە خاڵی یەکەم، بۆ ئەوەی بچینە سەر بەرنامەی کارەکەمان، بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە خاڵی دووەم بخەینە پێشەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، خاڵی دووەم پەسەندکرا دەبێتە خاڵی یەکەم، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، بەخێر بێن، فەرموو کاک کاردۆ،

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر جار لێرە قسە لەسەر ئەوە دەکەین، کە پەرلەمان بەرپرسیاریەتی یاسایی هەیەو، بەتایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوەی کە پەیوەندی بە دانانی بەرنامەی کارەوە هەیە، پێشموایە سەرۆکی فراکسیونەکان دەتوانن پێشتر قسە لەسەر ئەوە بکەن کە شتێك بەپەلە بێ، زەروری بێ، بخرێتە بەرنامەی کار، بەلاَم بەراستی ئەوە پەیڕەو ناکرێ، لێرە سەرۆکایەتی ئێمە زۆر جار تەئکید دەکەینەوە، ولاَمێکی سەر پێی دەبیستین و دیسان بەرنامەکە وەکو جاران دەست پێدەکاتەوە، بە نموونە تازە لەگەڵ بەڕێز کاك د. حسن قسەم کرد، یەکێك لەو بڕیارانەی کە گرنگە لە کوردستان، پەرلەمان داویەتی شەرعیەتی هەیە، پێموایە زۆر گرفتی گرنگ لە کوردستان چارەسەر دەکات ئەگەر جێبەجێ بکرێت بڕیاری ژمارە (2)، بەلاَم نەکراوە زۆر قسەی لەسەر کرا، تا بەڕێز سەرۆکی هەرێم تەداخولی کرد، ڕەزامەندی دەربڕی کە بەلاَو کرێتەوە، ئێمە لە پەرلەمان هەرسێ فراکسیون، وە بەڕێز جێگرەکەی، وە سکرتێری پەرلەمان دانیشتین

لەسەر سیاغەك ڕێكەوتین كە ئەو بڕیارە بـەڵاو كرێتـەوە، وە هـەمووشمان یـەعنی بەتایبـەتی ئەوانـەی كـە لەوێ حزوریان هەبوو واژوومان كردیە، قەرار بوو لە وەقائیع بەڵاو كرێتەوە، بـەڵام بـەڵاو نەكرایتـەوە، كـە من پێموایە ئەوە مەسئولیەتێكی گەورەی پەرلەمانە كـە دەبـێ یـەكلای كاتـەوە، تـا ئێمـەی پەرلـەمانتاریش هەست بە بەرپرسیاریەتی خۆمان بكەین لەبەر دەم شتێك كە هەمووومان وتمان بەڵێ قانونیە بڕیاری ژمارە ($2$) ناومان لێ نا ژمارە ($2$)ی مكرر، سیاغەكەی، دارشتنەكەی دانراوە بۆ بەڵاو ناكرێتەوە؟ خـاڵێكی تـر كـە من پێموایە چەندین یاسا هەیە هیچ كێشەمان لەسەری نیە كە یاسای گـرنگن بـۆ ژیـانی هـاووڵاتی یـان بـۆ توێژەكان كە قسەمان لەسەر كردیـە، بـۆ نموونـە ئێمـە یاسـای بـە كرێـدانی خانووبـەرەمان هەیـە سـێ جـار دوامان خستووە، جێبەجێ نەكراوە، لەپەرلەمان لێرە وەعدمان دا ئەو یاسایە لە ماوەكی كەم بڕیاری لەسەر دەدەیـن بـە چ شـێوازێك دەربچـێتەوە، تـا ئێسـتا یاسـاكە نـەما و مـانگی ($7$)یـش دیسـان دەچـێتەوە بـەر جێبـەجێكردن، یاسـای بەدەسـت هێنـانی زانیـاری، ئێمـە پێمانوایـە یاسـایەكی گرنگـە، هـەموو لیژنـەكان موتەفیق بوون لەسەری، پرۆژەیان تەقدیم كـردووە، پێشـكەش كـردووە كـە یاسایەكە خزمـەتی شـەفافیەت دەكات، خزمەتی ماڧ هاووڵاتی دەكات، پەیوەندی بە كاری ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە، یەكێكە لە كێشەكانمان نایخەینە بەرنامەی كار، ئینفازی یاسای لێكۆڵەرەوانی داد كـە مانیـان گرتبـوو وەعـدمان پێـدا بـوون بیـانوو دەدۆزنەوە، یەعنی پاساو بەوە دەهێنن با پرس بە حكومەت بكەین، لە كاتێكدا دەسەڵاتی دادوەری بودجەی خۆی هەیە، لە كاتێكدا حكومەت خۆی ئەو یاسایەی ئینفاز كردیە بەبێ پەرلەمان، یەعنی بـە پێچەوانەی كاری پەرلەمانی كە بێتە پەرلەمان ئینفـازی كردیـە ئێسـتا لـۆ وەی پەرلـەمان پەسـەندی بكـات لـە هـەموار كردنی، ئەگەر دەڵێن با پرس بە حكومەت بكەین، بۆ نموونە یاسای خزمەتی زانكۆ بـا پـرس بـە حكومـەت بكەین با بزانین حكومەت ڕازیە لەسەر پارەكە یان نا؟ كە لە كاتێدا حكومـەت خـۆی جـێ بـەجێی كـردووە، بە ناقانونی ئینفازی كردووە، ئەمە ئەوە، یاسای سەندوقی داهات ئێمە لەگەڵ كاك فرسەت قسـەشمان كـرد، وتی دەیخەمـە بەرنامـەی كـار كـە ئێمـە پێمـان وایـە یاسـایەكی گرنگـە، بـۆ ناخرێتـە بەرنامـەی كـار؟ ئەمـە خاڵێكیان، خـاڵێكی تـر پەیوەنـدی بـە كـاری ڕەقابـەی بـوو، بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان خۆمـان وەعـدمان دا حەفتەی جارەك وەزیـرێكی بەڕێز بێتـە ئێـرە، ئێمـە لێـرە بـۆ نموونـە ئـەوەی كـە پەیوەنـدی بـە پێشـینەی خانووبەرەی هەیە، بڕیارە كە ڕانەگیرێ، ڕایانگرت، بڕیارە كە هەر بەردەوام بێ لێرە كە بـەڕێز وەزیـر وتـی ڕانەگیراوە كە هەر بەردەوامە، ئێستا بیانوو بۆ خەڵك دەدۆزنەوە ڕۆژەك دەڵێن كەشـفی یەكـەمت نـەكراوە، دوو نەكرا، ئەوە مانگی شەشە پێشینەی بۆ خەڵك سەرف ناكەن، ئایا ئـەوە ئـەركی پەرلـەمان نیـە لـە كـاری ڕقـابی خـۆی، لـە بەرپرسـیاریەتی خـۆی وەڵامـان بداتـەوە؟ ئایـا ئەمـە بەرپرسـیاریەتی نیـە لـەوەی كـە مانگەكمان ماوە ئەو یاسایانەی پەیوەندی بە خەڵكەوە هەیە بیخەینە بەرنامەی كار؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بە نسبەتی بڕیـاری ژمـارە ($2$)، ئێـوە خۆتـان دەزانـن لـەو كاتـە بـووە كەئێمـە مەوقیعـەكانمان وەكـو ئێسـتا نەبووە، ئەوەی لێـی بەرپرسـیارە ئەوانـەی پـێش ئێمـە بوونـە، بڵـێین كـە سـەرۆكایەتی پەرلـەمانیان لەبـەر

دەست بووە، یان سەرۆكی پەرلەمان بووە، من وەكو سەرۆكی پەرلەمان روونكردنەوەیەكم هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە ئامادەشم كردووە، وە ئەو رۆژە لەگەڵ كاك كاردۆش قسەم كرد، من ئەمڕۆ یان بەیانی ئەم روونكردنەوەیە بەلاو دەكەمەوە لەبارەی بڕیاری ژمارە (2)، لەبارەی بەرنامەی كاری پەرلەمانیش، ئێمە ئێستا تەقریبەن (20، 30) پرۆژەمان لەبەر دەستە خۆ هەمووی بە یەكەوە ناخرێتە بەرنامەی كار، جەنابت داوای (6) پرۆژەت كردووە ئێستا دووانمان خستۆتە بەرنامەی كار، ئەی خۆ هەر گرووپەكەی ئێوەش نیە، هەر جەنابیشت نیە، ئەم پەرلەمانە (111) كەسی تێدایە، چەندین كوتلەی پەرلەمانی تێدایە، دوو لەو پروژانە خراونەتە بەرنامەی كار لە ئایندەشدا هەر لەو نزیكانەدا مەسەلەی زانیاری دەخەینە بەرنامەی كار، چونكە تەواو بووە، ئەوانی تریش وردە وردە، پەرلەمانیش بەبێ ئیش دانەنیشتووە هەموو رۆژێ كۆبوونەوە هەیە و، دووەمین تەوەجوهەكە مومكینە لەلای جەنابت هەندێك لە پروژە یاسا گرنگبن، لای ئێمە مەجموعەیەكی كە ئەم پرۆژە یاسایانە وەكو لای كە تۆ تێی دەڕوانی وانەبێ، لەبەر ئەوە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەبێ ئیدارەی مەسەلەكان رابگرێ، وە ئیدارەی هەموو لایەنەكانتان بدات، كاك حەمە سعید قسەت هەبوو؟ فەرموو،

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێ گومان ئەم موداخەلەی من، ئەم نوقتەی نیزامە سەرچاوەی لەوە گرتبوو كە حەفتەی پێشووتریش هەر نوقتەی نیزامم گرت لەسەر ئەو یاسا گرنگانە، وە سەرچاوەی لەوە گرتبوو كە دوێنێ وە حەفتەی رابردووش، دوێنێ كۆمەڵەی كرێچی بە نوێنەرایەتی هەموو كرێچییەكان و پێموایە (1000) ئیمزایان كۆ كردبۆوە هاتنە نووسینگەی پەرلەمان، هەروەها حەفتەی رابردووش لێكۆڵەرەوانی دادوەری هاتنە پەرلەمان كە داوایان كرد، كە كرێچییەكان بەتایبەتی وتیان ئەوە دوو جارە ئێمە ئەو یاسایە دوادەخرێ، وە هەندێك قسەشیان كرد بەراستی كە قسەكانیان گومانیان خستە سەر بەعزێ ئەشخاص و بەعزێ لیژنە كە بۆچی ئەو یاسایە هەموار ناكرێ و كێشەی كۆمەڵایەتی لێ دەبێتەوە و، كێشە كۆمەڵایەتیەكەش دواتر سلبیاتی دەشكێتەوە بۆ كۆی كۆمەڵگا، من داواكارم یەكەم ئەو یاسایەنەی كە گرنگن كە بە لیستێك (10) یاسای گرنگمان پێشكەش بە جەنابت كردووە، وەكو لیستەكانی موعارەزە، وە بەتایبەتیش ئیمتیازاتی لێكۆڵەرەوە دادوەریەكان كە ئەوە هەر ئینفازی قانونێكە، پێموایە بەسەعاتێك ئەتوانین بەڕێی بكەین، وە بەكرێدانی خانووبەرەش ئەو یاسایەش هەموار بكرێ لەبەر ئەوەی دووجار تاخیرمان كردووە وە كێشەی كۆمەڵایەتی لێ دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئێوە لیستێكتان تەقدیم كردووە، بەلام خۆ هەر ئێوە نین لەم پەرلەمانە، ئەی خەڵكی تریش هەیە لەم پەرلەمانە، كوتلەی پەرلەمانی تریش هەیە، فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە كە مەسەلەكە كرایە سەر ئەوەی كێ لیستی پێشكەش كردووە، كێ لیستی پێشكەش نەكردووە؟ حەقە منیش باسی ئەوە بكەم بەشایەدی خاتوو هاژە كە ئەمڕۆ لەلای جەنابت بووە، كە منیش بە فەرمی ئێمە وەكو لیستی كوردستانی داوای ئەم یاسایانەمان كردووە، یاسای بە دەست هێنانی زانیاری، پرسیارەكەم ئەوە بوو كە بۆ چی ئەم حەفتەیە نەخرایە بەرنامەی كارەوە؟ كە راپۆرتەكانی تەواو بووە، یاسای لێكۆڵەرەوانی دادوەری ئەوانیش لیژنەی یاسایی پێیان وتین كەوا تەواو بووە، یاسای سەندوقی نەفت و، غاز ئەویش تەواو بووە، بڵێین ئەمەی یاسای ماددەی (136) كە داوای هەموار كراوە ئەویش راپۆرتەكەی تەواو بووە، یاسای كرێنیشینان ئەویش خوێندەوەی یەكەمی بۆ كراوە راپۆرتەكەی تەواو كراوە، هەروا بە لیستەكە بۆ جەنابت بۆشم شەرح كردن، وەزارەتی گەیاندن كە چەند ئەندامێكی پەرلەمان تەقدیمی تەعدیلێكیان كردووە رەفز كراوەتەوە، حەقە بیخەنە بەرنامەی كارەوە كە بوترێ ئەوە رەفز كراوەتەوە، وە بیرمان نەچێ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان كە ئێمە داوای یاسایەك پێشكەش دەكەین هیوا دارین بەزووترین كات ئەم یاسایە جێبەجێبكرێت، ئەویش بڕیارێكە لە پەرلەمانی كوردستانەوە دەربچێ دەرحەق بەو كەسانەی كە ئێستا دەعوا لەسەر پێشمەرگە دێرینەكان قەید دەكەن بەوەی كە لە كاتی شۆڕشدا ئەگەر چەند عەمەلیاتێك كرابێت ئەگەر چەند كەسێك كوژرابێت ئێستا كەس و كاری ئەو كوژراوانە دەعوا لەسەر ئەو پێشمەرگە دێرینانە دەكەن، ئێمە یاساكەمان تەواو بووە و ئیمزا كراوە، هیواداریـن بە زووترین كات ئەو بڕیارە لە پەرلەمانی كوردستان دەربچێ، ئەو مەرحەلەی لە ساڵی (1961) تا ساڵی (1991) چارەسەر بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

دەزانی چی؟ ئەگەر ئێوە دووشت تێبینی بكەن، یەكەكیان لەكاتی موناقەشەی ماددەی پڕۆژەكان، ئەگەر زۆر بە تەفسیل و بەتیكرار نەوترێتەوە ئێمە دەتوانین ئەنواعی پرۆژە یاسا بە رێكەین بەراستی، بەڵام خۆتان دەزانن جاری وا هەیە یەك ماددە یەك رۆژ كامل دەبا، ئێ ناڕوا وەختەكە ناڕوا ماددەكانمان پێ ناڕوێندرێ بەراستی، لەبەر ئەوە رجاتان لێ دەكەین ئەو فەترە كەمەی كە ماومانە موختەسەر قسە بكەن پوخت، قسە بكەن بۆ ئەوەی زۆرێك لەو پرۆژە یاسایانە بەڕێ بكەین بەراستی، بەڵام كە پەرلەمانتارێك هەڵدەستێتەوە (40)دەقە قسە دەكات، نیو سەعات قسە دەكات ئیش و كارەكانمان ناڕوات بەراستی، هەر وەكو سۆزان خان باسی كرد ئەوان وەكو لیستی كوردستانی پێش چەند رۆژ چەندین پرۆژە یاسایانە دەڵێن بۆ ئەوانە ناخەنە بەرنامەی كارەوە، لەبەر ئەوە تكاتان لێ دەكەین با موناقەشەكان بە هیچ لایەك دا نەڕوات بێینەوە سەر بەرنامەی كاری خۆمان و بەردەوام بین لەسەر ئیش و كارەكانمان، لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ خاڵی یەكەم،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (6)ی 2013/5/5 پەسەند کراوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، ئەو پرۆژە لە (94) ماددە پێکدێت، بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە هۆکارەکانی دەرچواندنی یاساکەشی لەگەڵدایە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکات.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**ئاراستەی لیژنەی پەروەردە و، یاسایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان،**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الباب السادس**

**حقوق المرضى**

**المادة (42): يتمتع المريض النفسي الذي يعالج بإحدى المؤسسات المنصوص عليها في المادة (2) من هذا القانون بالحقوق الآتية:-**

**أولاً: تلقي العناية الواجبة في بيئة أمنة و نظيفة.**

**ثانياً: حظر تقييد حريته على خلاف أحكام هذا القانون.**

**ثالثاً: الإحاطة علماً بأسم ووظيفة كل أفراد الفريق العلاجي الذي يرعاه بالمؤسسة.**

**رابعاً: تلقى المعلومات الكاملة عن التشخيص الذي اعطي لحالته و عن الخطة العلاجية المقترحة و عن إحتمال تطورات حالته.**

**خامساً: أن يكون العلاج المقدم له طبقاً للمعايير الطبية المرعية و المعترف بها في الأوساط العلمية.**

**سادساً: ضرورة أخذ موافقة لجنة أخلاقيات البحث العلمي قبل تعرضه لأي بحث سريري.**

**سابعاً: أن يحضى في حالة الموافقة على الخضوع لإجراء التجارب و البحوث العلمية بشرح كامل عن هدف التجربة، على أن يحظر إجراء التجارب على المرضى الخاضعين لقرارات الدخول و العلاج الإلزامي.**

**ثامناً: حماية سرية المعلومات التي تتعلق به وبملفه الطبي و عدم إفشاء تلك المعلومات لغير الأغراض العلاجية إلا في الحالات الآتية:-**

1- **طلب المعلومات من جهة قضائية.**
2- **وجود إحتمال قوي بحدوث ضرر خطير أو إصابة وخيمة للمريض أو الأخرين.**
3- **حالات الإعتداء على الأطفال أو الشك في وجود إعتداء.**

4- يحق لمجلس الصحة النفسية تشكيل لجنة فنية من الأطباء المتخصصين يكون لها الحق في الإطلاع على سجلات المرضى.

تاسعاً: حماية خصوصياته و متعلقاته الشخصية و مكان إقامته بالمؤسسات.

عاشراً: الحصول على تقرير طبي كامل عن حالته النفسية و عن كافة الفحوصات و الإجراءات العلاجية التي تمت له أثناء علاجه بالمستشفى، وفي حالة رغبته في الحصول على صور ضوئية للملف كاملاً فله أن يلجا إلى المجلس للصحة النفسية و يجوز للمجلس حجب هذا الحق مؤقتاً لأسباب علاجية و يحق للمريض التظلم من هذا الإجراء طبقاً لأحكام هذا القانون و التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون.

حادي عشر: التظلم من أي إجراء وفقاً للقواعد و الإجراءات التي تحددها التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون.

ثاني عشر: مقابلة زائريه أو رفض مقابلتهم ما لم تتعارض المقابلة مع الخطة العلاجية.

ثالث عشر: تمكينه من مقابلة محاميه.

رابع عشر: الحصول على إجازات علاجية طبقاً للخطة العلاجية الموضوعة له.

خامس عشر: طلب الخروج من المؤسسات دون مصاحبة أحد من ذويه متى انتهت فترة دخوله إلزامياً بعد الحصول على خطه لرعايته نفسياً بعد الخروج، وذلك مع مراعاة رعايته إجتماعياً.

سادس عشر: الحماية من الاستغلال الاقتصادي و الجنسي و من الإيذاء الجسدي و النفسي و المعاملة المهينة.

سابع عشر: الحصول على خدمات الاتصال الداخلي و الخارجي و ذلك طبقاً للخطة العلاجية المقررة.

ثامن عشر: في حالات العلاج الإرادي يحق للمريض النفسي:-

1- تلقي المعلومات اللازمة لإعطاء موافقة صريحة حرة لكل علاج مقترح من الفريق العلاجي.
2- رفض العلاج المقدم له على أن يحاط علماً بتأثير هذا الرفض على صحته.
3- أخذ رأيه في كل القرارات المتعلقة بعلاجه و خروجه من المؤسسات و الحصول على تقرير مكتوب من إدارة المؤسسة عن خطة علاجه و خروجه.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز: نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەروازەی شەشەم**

**مافەكانی نەخۆش**

ماددەی (42): نەخۆشی دەروونی كە لە یەكێك لە دەزگاكاندا چارەسەر دەكرێت بە پێی دەقێنراو لە ماددەی (2)ی ئەم یاسایەدا، ئەم مافانەی هەیە:-

یەكەم: چاودێریی پێویستی لە ژینگەیەكی ئارام و پاكدا بۆ بكرێ.

دووەم: لابردنی سنوور دانان بۆ ئازادیی بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

سێیەم: بوونی زانیاری بە ئاوڵکاری هەریەك لە ئەندامانی چارەسەرکردنی کە لە دەزگاکەدا چارەسەری دەکەن.

چوارەم: وەرگرتنی زانیاری تەواو لە دەستنیشانکردنەکەی کە بۆ بارەکەی دراوە و لەسەر پلانی پێشنیازکراوی چارەسەرکردن و ئەگەری پەرەسەندنی بارەکەی.

پێنجەم: چارەسەری پێشکەشکراو بە پێی پێوانەی جیهانی بێت لەناوەندە زانستییەکاندا دانی پێدانرابێت.

شەشەم: پێویستە رەزامەندیی لیژنەی رەوشتکاریی توێژینەوەی زانستی وەربگیرێت پێش ئەوەی توێژینەوەی لە جێدا کەوتنی بۆ بکرێت.

حەوتەم: لەباری رازی بوونی لەسەر رکێف بوونی بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەو توێژینەوەی زانستی لەسەر بکرێت دەبێ راڤەو روونکردنەوەی بدەن لەسەر ئەو نەخۆشانەی کە داخڵبوونی چارەسەرکردنی بە خورتی دەیانگرێتەوە.

هەشتەم: پاراستنی نهێنی زانیاری کە پەیوەستە بە دۆسییەی نەخۆش و نەزڕاندنی ئەو زانیارییانە بۆ مەبەستێك کە چارەسەرکردن نەبێت، تەنها لەم بارانە دانەبێت:-

1- داواکردنی زانیاری لە لایەنێکی دادگاییەوە.

2- بوونی ئەگەرێکی توند بۆ روودانی مەترسی یان تووشبوونێکی سەخت بۆ نەخۆش یان کەسانی دیکە.

3- باری دەستدرێژکردنە سەر منالٚ یان گومانکردن لەبوونی دەستدرێژکردن.

4- بۆی هەیە دەستەی گشتیی تەندروستی دەروونی لیژنەیەکی هونەری لە پزیشکانی پسپۆڕ دابمەزرێنێ و مافی ئەوەی هەبێت سەیری تۆماری نەخۆشەکان بکات.

نۆیەم: پاراستنی تایبەتمەندی پاشکۆ کەسایەتییەکانی و شوێنی نیشتەجێبوونی لە دەزگاکەدا.

دەیەم: دەسکەوتنی راپۆرتێکی پزیشکی تەواو لەسەر باری دەروونی هەموو ئەو پشکنین و رێکارە چارەسەرییانەی کە لەکاتی بوونی لە نەخۆشخانەدا بۆی کراون، گەر ئارەزووی هەبوو کۆپییەکەی تەواوی دۆسیەکەی هەبێ دەتوانرێ بگەڕێتەوە بۆ دەستەی گشتیی تەندروستیی دەروونی، بۆ ئەم دەستەش هەیە ئەم مافەی لێ وەربگرێتەوە بە شێوەی کاتی لەبەر هۆکاری چارەسەرکردن، نەخۆش مافی خۆییەتی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە رێنمایی دەرکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەرزو حاڵی خۆی دەربڕێت.

یازدەیەم: ئەرزو حاڵکردن لەهەر رێکارێك بە پێی رێساو رێکارێك کە رێنماییە دەرکراوەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەستنیشانی دەکات.

دوازدەیەم: سەرەدانیکردنی لەلایەن سەرەدان کەران، یان رەتکردنەوەی چاوپێکەوتنیان گەر بە پێچەوانەی پلانی چارەسەرکردن نەوەستێتەوە.

سیازدەیەم: توانای هەبێ کە پارێزەرەکەی بیبینێت.

**چواردەیەم: وەرگرتنی مۆڵەتی چارەسەرکردن بەپێی ئەو پلانی چارەسەرکردنەی بۆی دانراوە.**

**پازدەیەم: داواکردنی دەرچوون لە دەزگاکان بە بێ ئەوەی کەسێك لە خزمانی لەگەڵیدا بێت هەرکاتێك کە ماوەی داخڵبوونی بە خورتیی تەواو بوو، دوای وەرگرتنی پلانێك بۆ چاودێریکردنی لە رووی دەروونییەوە و پاش دەرچوونی لەگەڵ چاودێریکردنی کۆمەڵایەتیدا.**

**شازدەیەم: پاراستنی لە ئیستغلالکردنی ئابووری و سێکسی و ئازاردانی جەستەی ودەروونی و مامەڵەکردنی رووشکاندنی.**

**حەڤدەیەم: دەستکەوتنی خزمەتگوزاری پەیوەندیکردنی ناوخۆیی و دەرەوە، بە پێی ئەو پلانی چارەسەرکردنەی بڕیاری لەسەر دراوە.**

**هەژدەیەم: لەبارەکانی چارەسەرکردنی بە خواستی خۆیدا نەخۆشی دەروونی بۆی هەیە:-**

1- **زانینی زانیاری پێویست بۆ پێدانی رەزامەندیی ئاشکراو ئازاد بۆ هەر چارەسەرێك کە لەلایەنی تیمی چارەسەرکردنەوە پێشنیار دەکرێت.**

2- **رەتکردنەوەی چارەسەری پێشنیارکراو بە مەرجێك تێ بگەیەنرێت لەوەی کە ئەو رەتکردنەوەیە کاریگەریی لەسەر تەندروستیی دەبێت.**

3- **رای وەربگیرێت لە هەموو ئەو بڕیارانەدا پەیوەندییان بە چارەسەرکردن و دەرچوونیەوە هەیە لە دەزگاکەو وەدەستهێنانی راپۆرتێکی نووسراو لەبەڕێوەبەرایەتی دەزگاکە، لەسەر پلانی چارەسەرکردن و دەرچوونەکەی.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**بەراستی ئێمە ئێستا باسمان لەوە کرد وتمان کات، پەرلەمانتارێکی بەڕێز نووسیویەتی دەڵێ باشە ئەوەش کات زۆر ناکوژێت کە بە کوردی و بە عەرەبی بخوێنینەوە؟ دایم عەرەبیەکە دەکەین بە ئەساس کوردیەکە ئەگەر نەخوێنینەوە، بەڵام بەراستی گەلێك جار رەخنەی ئەوەمان لێ دەگیرێت کە دەڵێن دەڵێی لە عەرەبستانین، هەر بە عەرەبی دەخوێندرێتەوە بە کوردی ناخوێندرێتەوە، ئەگەر نا من بەش بە حاڵی خۆم پێمخۆشە بە یەکێکیان بخوێندرێتەوە بەراستی، بەڵام عادەتەن کوردیەکە گەلێك جار تەرجومەکەی باش نیە موستەڵەحاتەکانی وەکو خۆی نابیەتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ عەرەبیەکە بکەین بە ئەساس، فەرموون لیژنەی یاسایی،**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەردوو لیژنە پشتگیری ماددەکە دەکەین، هیچ تێبینیمان نیە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو کاك رێباز.**

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا لە راپۆرتەکەدا هیچ تێبینیەکمان نەبووە، بەلاّم لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەستەکەمان کرد بە لیژنەی پارێزگاکان، تەنها لە خالّی (8) لە بڕگەی هەشتەم خالّی (4) ئەبێتە! لیژنەی تەندروستی پارێزگا مافی ئەوەی هەبێت سەیری تۆماری نەخۆشەکان بکات، تەنها ئەو تێبینیەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. رێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (د. احمد، کاك جمال، تارا خان، لیلی خان، پەیمان عزالدین، ئاشتی خان، پەیمان عبدالکریم، بێریڤان خان)، فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر قسە ناکەین درێژی ناکەینەوە، سەبارەت بە خالّی (6) کە باس لە (ضرورة أخذ موافقة لجنة أخلاقيات البحث العلمي)، پرسیارێکم لە بەڕێز جەنابی وەزیر هەیە، ئایا لیژنەیەکمان هەیە بەناوی لیژنەی ئەخلاقیاتی بەحسی عیلمی لە هەرێمی کوردستان؟ کە دەبێ رەئی موافەقەی وەربگیرێت؟ وە لە خالّی (7) لە دوای ئەوە کە باسی سابیعەن یان بڕگەی حەفتەم (أن يحظى في حالة الموافقة على الخضوعِ لإجراء التجارب و البحوث العلمية بشرحٍ كامل عن هدف التجربة، على أن يحظر إجراء التجارب على المرضى الخاضعين لقرارات الدخول والعلاج الإلزامي)، بەراستی ئەنجامدانی تەجاریبی عیلمی لەسەر نەخۆشەکان ئەبێ زۆر وردەکاری زیاتری تێدا بکرێت بەرای من یەعنی لێرە راستە ئەلّێ باسی موافەقە دەکات، بەلاّم لە بیرمان نەچێ لێرە باس لە نەخۆشی دەروونی دەکەین، ئایا تەنها رزامەندی ئەو موافەقەی ئەو کافیە بۆ ئەوەی کە تەجاریبی عیلمی یان بەحسی عیلمی لەسەر نەخۆش بکرێ، خۆشمان دەزانین کە لە هەرێمی کوردستان بارودۆخی تەندروستی هێشتا بەراستی لە ئاستێکی جێگای قبولّ نیە، وە بینیمان بەهۆی دەرزی لێدان لە چاوی چەند نەخۆشێك چاویان کوێر بوو، بەراستی ئەمە پێموایە ئەم ماددەیە یان ئەم بڕگەیە لێرە ئەبێ وردەکاری زیاتری تێدا بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە من نامەوێ بڕۆمە ناو تەفاسیلی ئەم مادده، چونکە ئیحتماله زۆربەی فەقەراتی ئەم مادده لە ناو مومارەسەکردنی پیشەی با بڵێین پزیشکی (ممارسة المهنة الطبية) ئیحتیماله زۆر فەقەرات لەوێ هەنە، یەکێك لەوانە سڕی ناخۆشە کاتێ پزیشك ئەوەیە کە تەعامول بکات لەگەڵ نەخۆش بە هەموو سڕیەت، بەلاّم ئیحتیمالە ئەحیانەن وەکو ئەوەی بڵێین (في الإعاده إفاده)، لەبەر ئەوە پێویستی ئیحتیمالە بە پێداچوونێك هەیە، تەنها من تەرکیز لەسەر خاڵی ئەوە دەکەم خاڵی (عنوان الباب: حقوق المرضى) کام مرضی؟ئەمە سیغەتی جەمعە ئەمە یەك، دووەمیش ئەگەر بێی هەر هەژدە فەقەرە بخوێنی هەموو تەعامول لەگەڵ تاك دەکات تاکی نەخۆش نەك بە کۆمەڵ باس بکاتن، ئەگەر بە عەرەبیەکە بخوێنی، بۆیە من پێشنیار دەکەم عینوانەکە بکرێت (حقوق المريض النفسي) لە جیاتی (حقوق المرضى)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمی (حقوق المرضى) بە دڵنیایی ئەگەر بکرێ بە (حقوق المرضى النفسيين) کە هەمووی دەگرێتەوە، یەعنی پشتگیری لە داواکاریەکە دەکەم کە کاك جمال وتی، دووهەم شت ئەگەر بێت و ئەم مافانە بکرێت بە دوو تەوەر، لایەکی مافی نەخۆش یەعنی (الحقوق العلاجية أو حقه في العلاج)، دووهەمیش بکرێ بە (الحقوق المدنيه)، کە ئەوە حقوقەکی تایبەتە ئەو نەخۆشە وەری دەگرێت، ئینجا من هەمووم پولین کردووە بەراستی ئەگەر بیانەوێت بۆیان دەنێرم ئەگەر نا خۆیان وەکو لیژنە ئەتوانن هەر هەمان خاڵەکە بکرێت بە دوو بەشەوە کامەیان حەقیەتی لە عیلاج، کامەشیان حقوقە مەدەنیەکانیەتی کە دەبێ تەمەتوعی پێبکات، بەلاّم من پرسیارم لە جەنابی بەڕێز وەزیر هەیە لە ئەسراری نەخۆش ئیحتیفاز کردن بەو سڕانەی کە نەخۆشێکی نەفسی هەیەتی؟ ببورە جەنابی بەڕێز وەزیر پرسیارەکەم بۆ ئەوەیە لەبەر ئەوە شتێکی حەساسەو زۆرجار دێتە بەردەم ئەو نەخۆشە ئەو پزیشکەی کە یەکێ لە بنودەکانی ئەوەیە ئیحتیفاز بکات بە سڕی نەخۆشەکەی؟ ئایا لە سێ حاڵەت هەیە ئەگەر نەخۆشەکە ئەم سێ حاڵەتە بێ ئیحتیفاز دەکات بە سڕەکەی یان بە کەس و کاری دەڵێی یان چۆن عیلاجی ئەم حاڵەتانە دەکەن؟ یەکەم: نەخۆشێك سەرعی هەبێ وە روخسەی سەیارە لێ خوڕینی هەیە، لە هەر وەختێکا ئەو نەخۆشیە بیگرێت وابزانم شتێکە غەیر ئامنە بۆ خۆشی و بۆ دەوربەرەکەی دروست دەبێ، دووهەم: ئەگەر نەخۆشێك موخەدەرات وەربگرێت، وە لە هەمان کاتیشدا دەرەجەی سوکرەی زۆر بێ ئەویش لە وەزیفەی حەساس بێ وەکو تەیەران بۆ نموونە یان وەکو قەزا یان وەکو ئەمن و ئاسایش؟ سێهەم: ئەگەر نەخۆشەکە ویستی ئینتیحار بکات بە پزیشکە نەفسیەکەی وتووە ئینتیحار دەکەم، بەلاّم

تەنفیزەکەی نەکردووە، ئایا لەو سێ حاڵەتە کە زۆر گرنگە پزیشکی دەروونی ئاگای لە سەری نەخۆشەکەی بێ؟ بەڵام ئەم سێ حاڵەتە کە ئەمنیەتی وڵاتەکەی و نەخۆشەکەش ئایا بەکەس و کاری دەوترێت یان چی دەکرێت یان چۆن ئەو حاڵەتانە دەتوانرێت چارەسەری بۆ بکرێت؟ حەز دەکەم بە بۆچوونی جەنابت یان ئەوەی دارجە چی کراوە وەڵامم بدەیتەوە؟ سوپاست دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیلی خان.

**بەڕێز لیلی امیر عاض:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئەم ماددەیە ئەو دەروازەیە من دوو تێبینیم هەیە، تێبینی یەکەمم من بە پێویستی دەزانم هەر نەخۆشێك دوای تەواو بوونی ماوەی چارەسەرکردنی لە یەکێك لە بنکەکانی تەندروستی دەروونی، وە دوای گەڕانەوەی بۆ ناو خێزان چاودێری کردنی لەسەر بەردەوام بێت چ لە رووی دەروونیەوە بێت چ تەئهیلکردنەوەی بۆ گەڕانەوەی بۆ ناو ژیانێکی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەوەی کە دیارە نەخۆشی دەروونی وەکو نەخۆشیەك جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ نەخۆشیەکانی تر کە لەماوەکی دیاری کراو مەرحەلەیەکی دیاری کراوی عیلاجی چارەسەر دەبێتن، بەڵام دیارە کە نەخۆشی دەروونی نەخۆشیەکە کە پەیوەستە بە لایەنی دەروونی نەخۆشەکان و زۆر لایەنی شاراوەی هەیە، وە لەوانیە لە مەرحەلەکانی عیلاج لە دوای دەرچوونی لە بنکەی چارەسەری ئەو عەلامانە بەدەر بکەون، بۆیە من بە زەروری دەزانم لێرە وەکو خاڵێك ئەوە زیاد بکرێتن کە دوای دەرچوونی ئەو نەخۆشە چاودێری لەلایەن ئەو بنکەیەی تەندروستییە بەردەوام بێتن بۆ تەئهیلکردنەوە، هەروەها رێگەگرتن لەوەی کە نەخۆشیەکەی دووبارە پەرەبسەنێتەوەو سەرهەڵبداتەوە، تێبینی دووەمم منیش بەهەمان شێوە لەسەر خاڵی (6) نازانانم تێنەگەیشتم لەوەی کە لیژنەی راوێژکاری توێژینەوەی زانستی مەبەست چ لیژنەیەکە ئەگەر روونکردنەوەیەك لەسەر ئەو خاڵە هەبیتن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من بابەتێك هەیە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، کە مافێکی نەخۆشە نازانم لە ئەم ماددەییە یان لە ماددەکانی دواتری مافەکانی نەخۆشدا جێگەی دەبێتەوە، ئەویش حاڵەتێکە کە تایبەتە بەو نەخۆشانەی کە موەزەفی دەوڵەتن لە کاتێکدا کە ئەم نەخۆشیەیان هۆکار دەبێ بە لە دەستدانی کارەکەی بەهەر

هۆكارێكەوە بێ دواتر ئەم یاسایە زەمانەتیی گەڕانەوەیان بۆ سەر كارەكەیان بۆ بكرێ، رەنگە بوترێ كە ئەمە تەحصیلێ حاصلە بۆ ئەو فەترەیە ئیجازە ئەبێ، بەلاَم تۆ وەختێك كە حالەتت لەبەر دەستا بێ بەنموونە یەكێك لە فەرمانبەرەكان كە هەر فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی خۆیەتی بەهۆی با بلێین كارەساتێكی خێزانییەوە تووشی پشێویەكی دەروونی بووە دواتر كە پشێویەكەی زۆری خایەندووە لیژنەی پزیشكی لەجیاتی مۆلەتی بدەنێ ئیحالەیان كردووە بۆ تەقاعود بەو ئیعتیبارەی كە ئەم ئیتر ناتوانێت جارێكی تر مزاوەلەی كارەكەی بكات، دوای نزیكەی شەش مانگ چاكبۆتەوە، بەلاَم لەو كاتەوە وا ماوەی سێ ساڵە كە پشتگیری نووسراوی سەرۆكایەتی پەرلەمانیشی هەیە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ناتوانێ بگەڕێندرێتەوە لەبەر ئەوەی ئیحالەی تەقاعودكراوە، كە بە بڕوای من ئێمە لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا قانونێك نەبووە حقوقی ئەو نەخۆشانە رێكبخا ئێمە لەم قانونە فرسەتە لەم ماددەیەبێ یان ماددەكانی تربێ مافی ئەو فەرمانبەرانەی كە بەهۆی نەخۆشیەوە وەزیفەكەیان لە دەستدەدەن، وە گێڕانەوەیان بۆ سەر وەزیفەكەیان لە دوای چاكبوونەوەی حالەتەكەیان جێگیربكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، خاڵی دووەم بڕگەی دووەم (حظر تقیید حریتە علی خلاف احكام هذا القانون)، حەزری یان بەرگرتن لە ئازادی هەر تاكە كەسێك ئەو نەخۆشە پێش ئەوەی نەخۆش بێت مرۆڤە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە لێرە نووسراوە بەپێی ئەحكامەكانی ئەم قانونە رێ لە ئازادی سەربەستی ئەو كەسە نەگیرێت، ئایا بە تەنها ئەم قانونە تەحدیدی دەكات سەربەستییەكانی تاك چیە؟ چونكە ئێمە قانونی تریشمان هەیە پشتگیری لەمە دەكات كە ئێمە دەڵێین (هذا القانون) ئایا هەموو حوریەتەكانی نەخۆش یان مرۆڤ وەكو پێشتر وتم پێش ئەوەی نەخۆش بێ مرۆڤە كۆمەڵە قوانینی عیراقی هەیە كە لێرە نافیزە كۆمەڵێ یاسای تر كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە كە ئەمانە رێگا دەگرن لە رێگرتن لەبەردەم ئازادی تاكە كەس، ئایا بەتەنها ئێمە تەحدیدی بكەین حوڕیاتی بە پێی ئەم قانونە ماف لەدەست نادات كە بە پێی قانونەكانی تر ئەگەر ئازادی بۆ دەستەبەربكرێ رێگەی لێبگیرێ، چونكە لێرە نووسراوە وا بزانم لیژنەی هاوبەش بەباشی گوێیان لە من نەبوو، جارێكیتر دەیڵێمەوە (حظر تقیید حریتە علی خلاف احكام هذا القانون)، كە دەڵێی (هذا القانون)، تەقیدی دەكەی كە ئەم قانونە سەربەستییەكانی بۆ ئەو دەستەبەر دەكات یان چوار چێوەی ئازادیەكانی بەپێی ئەم یاسایە بێ، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم (علی خلاف احكام القانون)، نەك (علی خلاف احكام هذا القانون)، (هذا) هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی تەحدید نەكرێت بەتەنها بۆ ئەم یاسایە، بەڵكو هەر یاسایەكی تریش لە پێشەوە دەرچووە، وە یەكیكی تریش بۆ راستكردنەوەی موقتەرەحەكەی خۆم ئەگەر لە ئایندەدا یاسایەكی تر دەربچێ جارێكی تر ئەگەر

حورِیەتێکی زیاتربدات بە نەخۆش یان بدات بـە مـرۆڤ دەبـێ ئێمـە ناچاربین ئـەم یاسایە هـەموار بکـەین، چونکە ئێمە وتوومانە ئازادیەکان بەتەنها بەپێی ئەم یاسایە، بۆیە دەبێ دەرگا کراوەبـێ بەتـەنها بنووسـرێ (على خلاف احكام القانون)، نـەك (هـذا القـانون)، سـەبارەت بـە برِگـەی پێنجـەم برِگـەی شەشـەم کـە دەڵـێ (ضرورة أخذ موافقة لجنة أخلاقيات البحث العلمي)، بەراستی من خۆم پرسیارم لەسەر ئەمە هەیـە، یـەعنی اخلاقیـاتي بحثـي علمـي ئـەو لجنەیـە ئایـا ئەونـدە بـەردەوام دووردەبـن لـە رۆتـین؟ و وەڵام بدەنـەوە بـە موئسسەکە بڵێ بەڵێ ئەمە ئەم بنەمایانەی تێدایە ئێوە دەتوانن بەحسی سەریری بکەن یان بەحسی عیلمی لەسەر ئەم نەخۆشەبکەن، بە برِوای من ئەمە هـەم رۆتینـات زیـاد دەکـات وە ئـەم دەسـەڵاتە بگەرِێتـەوە بـۆ تەبیبی موختەص، بگەرِێتەوە بۆ دەسەڵاتی موئسسە دەروونیەکە خۆی، چونگە ئـەوان بـەردەوام موعامەلـە دەکەن لەگەڵیدا، لەلایەکی تریشەوە ئایا ئەوانەی کـە لیژنـەن لـە (أخلاقیـات البحـوث العلمیـة)، ئایـا ئەوانـە خەڵکی پسپۆری تێدایـە کـە بتـوانن بـە تـەواوەتی لـە کەیسـەکە تێبگـەن و حاڵەتەکـە دیراسـەبکەن و وەڵام بدەنەوە کە زەرورە یان زەرور نیە، بۆیە بەبرِوای من ئـەم دەسـەڵاتە بگەرِێتـەوە بـۆ موئسسـە دەروونیەکـە خۆی، سەبارەت بە برِگەی هەشتەم (حماية سرية المعلومات التي تتعلق بـه و بملفـه الطبي)، بـە بـرِوای مـن لەوێ ئیزافەی مەلەفی شەخصی بکرێت، واتە حیمایـەت کردنـی مەلـەفی شەخصـی و مەلـەفی طبي، ئـیتر کـە دەڵێی مەلەفی شەخصی هەموو شتە تایبەتمەندیەکانی ئەو نەخۆشە دەگرێتەوە پێویست ناکات لە خـوارەوە برِگەیەکی سەربەخۆ دانـراوە، چـونکە ئـەوەش هـەمووی عیلاقـەی هەیـە (وعـدم إفشـاء تلـك المعلومـات لغـير الاغراض العلاجية)، هەموو ئەو شتانە کە نووسراوە هەر رەبتی هەیە بە مەلەفی شەخصییەوە بۆیـە ئەگـەر ئیزافەی یەك کەلیمە بکەین (تتعلق بملفه الشخصي و بملفه الطبي)، بـەبرِوای مـن مەعناکـە تـەواو دەکـات، ببوورن یەك تێبینیم سەبارەت بە خاڵی حەوتەم بیرچوو بوو کـە دەڵێـت (أن يحظى في حالـة الموافقـة علـى الخضوع لإجراء التجارب)، یەعنی سەیری هەموو برِگەکان بکەین لە حقوقی نەخۆشدا باسی ئەوە کراوە کـە ئـەم رێوشـوێنانە دادەنرێـت ئەگـەر نەخۆشـەکە تـەوعی یـان غـەیرە تـەوعی چـووبێتە نەخۆشـخانە، ئـەو دەسەڵاتە بدرێ کە بحوسی عیلمی لەسەر بکرێـت، لـە هـیچ برِگەیەکـە بـاس لـەوە نـەکراوە کـە نەخۆشـەکە حەقی رەفزی هەبێت، یەعنی راستە دخولەکەی دخولێکی ئیلزامیە غەیر تەوعی چۆتە نەخۆشخانە، بـەڵام بیرمان نەچێ ئێمە غەیرە تەوعی ئەو نەخۆشە بۆ مەسائیلی عیلاجی باز هەڵدەین بەسـەر ئیرادەیـە نـەك بۆمان هەبێ باز بەسەر ئیرادەیە بدەین لە بحوسی عیلمی، من پرسیارێك دەکەم بحوسی عیلمی جوزئێکە لە عیلاج؟ نەخێر جوزئێك نیە لە عـیلاج، چـونکە بحوسـی عیلمـی ئـەو نەخۆشـە وەکـو عەیینـە وەردەگیرێـت لەوانەیە دە ساڵی تر نەتائیجی بەحسەکە دەربکەوێت ئیتر ئەو نەخۆشە چ سـوودمەند دەبـێ لـە نـەتائیجی ئەو بحوسە عیلمیە، ئەو عەیینەیەکە وەکو نموزەجێك (sample)ێك، سوددی لێ دەبینرێت بۆ ئەوەی کـە دیراسەی کەیسەکە بکەن حاڵەکە بکرێ، جوزئێك نیە لە عیلاج تا ئێمە باز هەڵدەین بەسەر ئـەو ئیرادەیـە، ئێمە بەتەنها لە عیلاجەکانەو زەروریەتی عیلاجە لە دخولی ئیلزامی و غەیرە تەوعیە بۆمان هەیە بڵێین ئەمە سوودی هەیە بۆ تۆ، ئێمـە بـاز بەسـەر ئـیرادەی تـۆ دەدەیـن، بۆیـە بـەبرِوای مـن لـە خـاڵی حەوتەمـدا

حەقی رەفزیش بخەینە پێش جوملەکەوە یەعنی کە ئەو حەقی هەبێت بچێتە بەحسی عیلمیـەوە بەحسی لەسەر نەکرێ، سەبارەت بەوەی کە لە خاڵی حەوتەمدا چەند بڕگەیـەکی تـری لێبۆتـەوە دەڵێ (ألاغـراض العلاجية الا في الحالات ألاتية: طلب المعلومات من الجهة القضائية، وجود إحتمال قوي بحدوث ضرر خطير)، خاڵی سێیەم نووسراوە (حالات الإعتداء على الاطفال أو الشك في وجود الإعتـداء)، یـەعنی بـەبڕوای مـن ئایـا غەرەز ئەمە نووسراوە لەم حاڵەتانەیە کە بۆ غەرەزی عیلاجی نـەبێت؟ ئایا تەعدا کردن لەسـەر منالێك ئەمە کۆمەڵێك رێوشوێن نیە کە پێوستی بە غەرەزی عیلاجی هەیە؟ یەعنی ئەم بڕگەیە لەگەڵ ناونیشانی سەرەکیەکە تەناقوزە، چونکە لەسەرەوە وتراوە لە کاتێکدا ئێمە زانیـاری لەسـەر مەلـەفی شەخصی و طوبي ئەم نەخۆشە دەدەین بەلایەنی پەیوندیدارەکان کە بەغەرەزی عیلاجی نەبێت لەم حاڵەتانەدا نەبێت، واتـە تەقییدی کردووە حاڵەتەکان بۆ جیهەتی قەزائیی ئایا تەعداکردن لەسـەر منـاڵیش هـەر عیلاقـەی نیـە بـە جیهـەتێکی قەزائییـەوە؟ ئایا تەعـداکردن لەسـەر منـاڵ خـۆی بەشـێك نیـە لـە دارمـانی حاڵـەتی دەروونـی نەخۆشەکە خـۆی، بۆیـە مـن بـڕوام وایـە لـە ئەخیرشـدا خاڵێـك هەیـە کـە بـاس لـە (بیوس)دەکات بـاس لـە ئیستیغلال دەکات، ئەو نەخۆشە ئیستیغلال نەکرێت جنسییەن، بدەنییەن، نەفسییەن و کۆمەڵێك شـتی تـر بـەبڕوای مـن ئـەو بەشـە ئیعتیداکردنـەش بەشـێکە لـە ئیسـتیغلالکردنی رێگانـەدان بـە (بیوسـکردن) ئیستیغلالکردنی نەخۆشەکە بە بڕوای من ئەو خاڵە دەبـێ هـەڵبگیرێت، چونکە ئـەوە عیلاقـەی بـە تـروقی عیلاجیەوە هەیە نەك جیابکرێتەوە لە تروقی عیلاجی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی تێبینییـەکانی مـن یەکـەمیان لەسـەر خـاڵی شەشـەم کـە پێویستـە رەزامەنـدی لیژنـەی راوێـژکاری توێژینەوەی زانستی، نازانم دیار نیە رەزامەندی لیژنەی راوێژکاری توێژینـەوەی زانسـتی یـەعنی چیە ئـەو لیژنەیە لەپڕەکی دەرچوو، لێرانە کە کێ بەرپرسیارە لێی لەکوێ دێ؟ ئایا زانکۆکان دەینێرن وەزارەت خۆی تەرخانی دەکات؟ ئەوە بەراستی لێرانە پێوستی بە روونکردنەوە هەیە، تێبینی دووەمم سـەبارەت بـە خـاڵی حەوتەم هەمان تەئیدیی ئاشتی خان دەکەم، پشتگیری ئاشتی خان دەکەم لەبەر باری رازیبوونی نەخۆشەکە لەسەر رکێفبوونی بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لەسەر بکرێ، خۆی نەخۆشی دەروونی ئەو کەسەی کە نەخۆشی دەروونی هەیە خۆی بابلێین خۆی خاوەنی خۆی نیە حاڵەتەکەی جێگیرنیە، چۆن ئەو کەسە رازیدەکرێت دیارە دەبیت بە زەختبێ لێرانە بەراستی نەنووسـراوە دەبایـە بگـۆترێ پاڵەپەسـتۆکردن لەسـەر رازیکـردن، فشارخسـتنە سـەری بـۆ رازیبـوونی ئـەو کەسـە لـەدوای بـابلێین ئـەو مرۆڤـە، ئایـا چـۆن دەکرێتە حەقلی تەجارب ئەو مرۆڤە؟ یەعنی پێوسـتی بـە راسـتکردنەوە هەیـە ئـەو خاڵـە حاڵەتەکـەی یـان حاڵەتی چەندەها نەخۆشی تـر کـە پزیشکەکان پابەنـدن بـە پاراسـتنیان مەلـەفیان بـۆ کـردووە حاڵەتـەکان

ئـەوان دیراسـەدەکرێن نـەك نەخۆشـەکە بکرێتـە حـەقڵی تـەجارب چـی پێـدەکرێ مـادەی کیمیـایی بەسـەر دادەکرێ، چۆن یەعنی ئەو کەسە دەخرێتە ژێر تەجروبەوە، یەعنی پێویستی بە چاکردنەوە هەیە بەراستی خاڵی حەوتەم، چونکە شتێکی ئینسانی تێدانەهێشتیتەوە لەناو بڕگەکان، تەبعەن دەبـێ ئـەوەش زیـادبکرێ کە لە دیراسەتی مەیدانی و حەسرکرن و ژماردندا ئەوە بەکار بهێندرێ خـازع بکـرێ لـۆ ئـەوە مەلەفەکـەی نەك نەخۆشەکە خۆی دۆسیەکە خـازع بکـرێ ئـەوە ئـەو تێبینییـەم، ماددەیـەکی تـریش دیسان پشـتگیری ئاشـتی خـان دەکـەم بـۆ نەهێشـتنی مـاددەی شـازدەیەم بەراسـتی ئەگـەر ئێمـە دەزگاییـەك دادەنـێین بـۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی چۆن دەهێڵینـەوە خاڵێـك یـان چۆن کـەلێنێکی بـۆ دەهێڵینـەوە کەتێـدا نەخۆشـەکان ئیسـتیغلالی جنسـیی و ئەوەتـە جەسـتەیی و دەروونـی بکـرێ، جەسـتەیی و دەروونـی یـەعنی شتەکی زۆر هەربـەدەرە لـە یاسـاکانی هـەرێمی کوردسـتان، لـەو لایـە ئیسـتیغلالی سێکسـیش لـەوی خـراپتر، یەعنی ئەوە خاڵەکی زۆر گرنگە کە نەمێنێت لە یاسایەکە، چونکە دەبێ ئەو دەستەیەی کە دادەمەزرێ ئەو بەخۆی پابەند بێ بە پاراستنی نەخۆشەکە لەو خەتەرانەی بـابڵێین لـەو ناڕێکییانـەی ئیحتیماڵـە بکەویتـە سـەر نەخۆشـەکان، وە هـەمان شـێوە ئـەو خالانـەی کـە لـە خـاڵی هەشـتەم دیـاریکراوە، دەستنیشـانکراوە نەزڕاندنی ئەو زانیارییانە بـۆ مەبەسـتی چارەسـەرکردن نـەبێ، دیسـان لێرانـە بـاری دەسـتدرێژیکرنە سـەر چـونکە ئـەوەش حالّتێکـە لـە حاڵەتـەکان بـۆ جیاکرایتـەوە؟ دیسـان ئـەوەش نەهێڵـدرێت لـەناو خاڵـەکان ژماردنیان، خاڵیکی تریشم لە ماددەی حەڤدەیەم لێرە چیمان هەیـە رەتکردنـەوەی بـۆ خـۆی ئـەو ماددەیـە ماددەی حەفتەم دەڵێ دەستکەوتنی خزمەتگۆزاری ببوورن خاڵی هەژدەیەم لـەبارەکانی چارەسـەرکردنی بـە خواستی خۆیدا نەخۆش کە بەخواستی خۆی چارەسەردەکرێ، ئـەو نەخۆشـە کـە بەخواسـتی هەسـت دەکـات خەلـەلێکی هەیـە، بەخواسـتی خـۆی چارەسـەردەکرێ ئـەو نەخۆشـە کەواتـە نەخۆشـییەکەی زۆر خەتـەرو کوشەندە نیە لەوانەیە چابکرێتەوە ئەو حاڵەتـە رووی داوە لـە هـەرێمی کوردسـتان، وەکـو هاوکـارم پـەیمان عزالدین ئاماژەی پێکرد ئەو کەسانە لە کاتێك کـە نەخۆشـن مۆڵـەت وەردەگـرن وەزیفەیـەکی دیاریکراویـان هەیە پاشیی ئەوەی کە چاکدەبنەوە بە راپۆرتی پزیشکی دەبێ ئەوانە بگەڕێنەوە هیچ ئـەو شـتانە ئامـاژەی پێنەکراوە، چونکە وەکو ئینسانی ئیعتیادیان لێدێ و زۆر حاڵەتی دەروونـیش هەیـە کـە چاکدەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت من ئەو ماددەیە زۆر گرنگە، پێویست بوو یاسایەکی تایبەت هەبێت بـەناوی یاسـای مـافی نـەخۆش بەتایبەتی نەخۆشـییەکانی دەروونـی، چـونکە لێـرە باسـدەکرێتن بەچـەند بڕگەیـەك باسـکرایە، بـەلام مـافی نەخۆش زۆر لەوە گەورەترە مافی نەخۆشی ئاسایی جەستەیی، یاسای تایبەتی خۆی هەیـە، بـۆ نموونـە هـەر

ئەوە چوارسەد لاپەڕەیە لەسەر مافی نەخۆش، بەلاَم ئەوانەی کە نەخۆشی دەروونییان هەیە پێویستییان بەیاسایەکی چڕو پڕتر زیاتر لەوەی هەیە، بۆ نموونە لە دانیمارك یاسایەکمان هەیە مافی نەخۆشی دەروونی پەنجاو چوار ماددەیە، نۆ فەسڵە، لێرەش بە چەند بڕگەیەك بڕایتەوە، باسی چەند یاسایەکی گرنگیان کرد لێرە کە دەبایە قسەی لەسەر بکرێ، بەلاَم لای من مافی نەخۆش زۆر گرنگە هەبایە، بە نسبەت ئەوەی لە بڕگەیەك بەپێی مافی نەخۆش پێویستە ڕێکخراوەك هەبێ ئەو ڕێکخراوەش کە چاودێری بکا بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی نەخۆش، بەلاَم لەماددەی دوای خۆی هاتووە ریکخراوەکە دوایی ئینشاالله قسەی لەسەر دەکرێ، یەکەم بنەمای پاراستنی مافی نەخۆش چیە نهێنییەکانی بپارێزرێ لێرە لە پرۆژە یاساکە هەیە، بەلاَم نەنووسراوە پاش مردنیشی پاراستنی نهێنییەکانی نەخۆش دوای مردنیشی دەبێ هەر بپارێزرێ، دوایش دیسان نەنووسراوە کە پێویستە ڕێزلێنان لە کەرامەتی نەخۆش بە کەلتورەوە، بە ئایینەوە، بە موعتەقەداتیەوە کە نەخۆشەك داخڵ دەبێ مەرج نیە ئەو نەخۆشە موسلیم بێ یان نەخۆشی تر دەبێ ڕێز لە کەلتوورو، ڕێز لە کەرامەت و، ڕێز لە چۆنیەتی خواردنی، ڕێز لە هەموو شێوەیەکی بگیرێ ئەوە بە گشتیی بۆ هەموو نەخۆشێك، بەلاَم بۆ نەخۆشی دەروونی پێویستە مامەڵەیەکی زیاتری لەگەڵ بکرێ کە گاڵتە بە کەلتوورەکەی بە موعتەقەداتەکەی نەکرێت ڕێزی لێبگیرێت ئازاری جەستەیی نەدرێت بە هیچ شێوەیەك، لە بڕگەیەکیش نووسراوە کە دەڵێ چاودێری پێوست لە ژینگەیەکی ئارام و پاکدا، بەلاَم ئەمە پێویست ناکات بڵێین ژینگەیەکی ئارام و تەندروست هەر بڵێین لە ژینگەیەکی تەندروست، چونکە پاك چیە، مەعنای چیە؟ پاك تەندروست گرنگە کە وتت تەندروست ئارامیش دەگرێتەوە، پاکیش دەگرێتەوە و زۆر مەعنایەکی فراوانتری هەیە، دوایش لە مافی نەخۆش پێویستە فۆرمەك هەبێ، گرێبەستیەك هەبێ لە نێوان نەخۆش و تیمەکەی بەتایبەتی پزیشکەکەی کە چارەسەری دەکات ناوی نەخۆش بنووسرێ، هەروەها ئیمزایی نەخۆش و ناوی پزیشکەکە و کاتی داخیڵبوونی و کاتێ دەرچوونی و کاتی ئەوەی کە لە شوێنی داخراو دایدەنێ و کاتێك لە شوێنی داخراو دەردەچێ دەبێ ئەوانە هەموو بە جەدوەل ڕێکبخرێ ئەوە پاراستنی مافی نەخۆشە، هەوەها ئەو نەخۆشانەی....

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بێریڤان خان خۆ لە لیژنەی تەندروستی بووی بۆچی ئەو شتانەت نەوت بوو وەختی خۆی؟،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەتوانم وەلاَم دەمەوە، ئەو ماددەیە من لەگەڵ نەبووم، چونکە ویستم مافی نەخۆش بەگشتیی هەبێ، ویستم یاسایەك هەبێ بەناوی مافی نەخۆش، چونکە ئەوە بەشێکە لەو مافانە، ئەو نەخۆشانەی کە بەزۆر داخیل دەکرێن و جێگایان داخراوە ئەوانە دەبێ لەژێر چاودێری ئەو تیمە تەندروستیەبن لەکاتی دەرچوونیان و داخیل کردنیان، هەندێك شت هەیە ئەگەر لێرە باسی بکەم لەوانەیە لایان سەیر بێ، بڵێن ئەوە چیە بچێتە ناو یاسا، بەلاَم نەخۆشی دەروونی کە داخیلی نەخۆشخانەی دەروونی دەبێ دەبێت ئیجبار بکرێ

پاكبكرێتەوە كە ئێستا بڵێم دەبێ سەری بشوورێ، ریشی بتراشرێ، دەبێ ددانی بشوا، دەبێ جلی بگۆڕێ ئەو شتانە لەناو یاسا دەبێ هەبێ، لەناو ماڤی نەخۆش هەبێ، ئەوە شتەكی ئەوە نیە بڵێی هەر دەكرێ، دەبێ بە یاسا بكرێ، چونكە ئەوانە زۆر گرنگە بۆ نەخۆشی دەروونی بۆ چاكبوونەوەی بۆ رێز لێنانی بۆ ئەو شتانەی كە نەیدەتوانی رۆژانە بۆخۆی جێبەجێیبكات، هەروەها چونكە هەموومان نەخۆشدەبین نەخۆشی ماڤی هاوولاّتی گرنگە، بەلاّم ماڤی هاوولاّتی نەخۆش زۆر گرنگترە كە گرنگی پێبدرێت ئەویش لەلایەن پزیشك و لەلایەن پەرستار و تیمە تەندروستیەكەی، هەروەها لە ماڤی نەخۆش دیاریكراوە دەبێ قەبولكردنی نەخۆش بۆ عیلاج وەرگرتن دەبێ قەبوڵ بكات عیلاجی وەربگرێت، ئەگەر هاتو خۆی لە ئیرادەی خۆی نەبوو نوێنەرەكەی یان ئەو رێكخراوەی كە ماڤی نەخۆش جێبەجێدەكات زۆر جار كە نەخۆشمان هەیە دەروونی لەگەڵ پزیشك لەیەك تێناگەن پزیشكەكەی بیانیە پێوستە وەرگێڕەكی پرۆفیشناڵ هەبێ بۆ پێشكەشكردنی ئەو چارەسەركردنەی ئەو وەرگێڕە نابێ كەس و كاری بێ، نابێ برادەری بێ، دەبێت یەكەكی دەرەوەی وی موعتەمەدبێ، گرنگترین شت لە ماڤی نەخۆش چیە؟ بەتایبەت پێشكەشكردنی سكالاّ بۆی هەیە سكالاّ پێشكەشكا ئەگەر ئەو شتانەی دەبوایە بۆی بكرێ لەكاتی خۆی نەكرایە یان جێبەجێنەكرایە دەبێ سكالاّ پێشكەشكا، برگەكی زۆر گرنگ هەیە دەڵێتن لیژنەی توێژینەوە بۆی هەیە توێژینەوە بكاتن بەڵێ بۆی هەیە، بەلاّم بە رەزامەندی نەخۆشەكە، نەخۆش رازی نەبێ بۆی نیە توێژینەوە لەسەری بكرێ، دەبێ ئیمزابكات، رازیبێ ئەگەر خۆشی ئاگای لە خۆی نەبێ یان كەس وكاری یان نوێنەری ئەو رێكخراوەی پاراستنی ماڤی نەخۆش رازی بێ، زۆر وردەكاری هەیە لە یاسای پاراستنی ماڤی نەخۆش، بەلاّم بەوەندەش هەر رازینە ئەو ماددەیە دەنگی پێ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

والله من یەك تكام هەیە ئەوەی دێتە سەر سەكۆی لیژنەكان دەبێ قەناعەتی بە پرۆژە یاساكە هەبێ، كە یەكێ قەناعەتی بە پرۆژە یاساكە نەبێ چۆن دێتە سەر سەكۆی لیژنەكان، چونكە دەبێ لەوێ شەرحی كا و دیفاعی لێبكا، دەبێ ئەوەی كە قەناعەتی پێ نیە لەگەڵ ئێوەی بەڕێز دەبنیشێ لەوێ موناقەشەی مەوزوعەكان بكات، بەهەرحاڵ، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. رێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحسكردن (ریسێرچ) بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیە، بۆ ئەوە نیە بڵێی والله ئەو نەخۆشە دەكەن بەحەقڵی تەجروبە ئەو دەرمان و دواو نەشتەرگەرییەی كە ئێستا هەیە نتیجەی بەحسكردنە لەسەر خەڵكانی پێش ئێمە لەبەر ئەوە چارەسەركردنی نەخۆش چەند پیرۆزە بەحس دوو ئەوەندە پیرۆزە، سەبارەت بە خاڵی شەشەم (ضرورة أخذ موافقة لجنة الأخلاقيات العلمية)، لە كۆلیژی پزیشكی لە زانكۆ لیژنەیەك هەیە كە خوێندكارێك بەحسێك تەقدیم دەكات بۆ ماستەر یا دكتۆرا دراسەتی ئەم بەحسە دەكات، ئایا ئەم بەحسە زەرەرە بۆ نەخۆش یان زەرەر نیە بۆ نەخۆش؟ ئەگەر بڕیاریاندا كە ئەم بەحسە زەرەر نیە بۆ سەلامەتی

نەخۆشەكە و دەبێتە هۆی پێشخستنی زانستیی ئـەوە لیژنـەی (سـاینتفیك كـۆمیتی) بڕیـاری لەسـەر دەدات، سەبارەت بە خاڵی حەفتەم خاڵی حەفتەم زۆر وازحە ئەڵێ ئەگەر نەخۆشێ من نـەخۆش بـووم بـە ئـیرادەی خـۆم چـوومە بـەردەم پزیشـكێكی دەروونـی وتم مـن نەخۆشـم پزیشـكە دەروونییەكـە پێـی بـاش بـوو یـان لیژنەیەی كە بەحس لەسـەر مـن بكـات قەیـدی چیدەكات بـا بەحسـم لەسـەر بكات، بـەڵام ئەگـەر خـاوەنی ئیرادەی خۆم نەبووم خاوەنی (ئینسایدی) خۆم نـەبووم، ئـەڵێ (یحظـر علیـە) ئـەڵێ بـۆی نـاكرێ، سـەبارەت بەوەی مافی نەخۆش بە كێ بوترێ، ما هەركسێك عەقڵی هەبێت بچێتە بەردەم خاوەنی ئـیرادەی خـۆی بـێ، بچێتە بەردەم پزیشك پزیشكی پسپۆر دەبێ پێی بڵێ نەخۆشیەكەت چیە بە خۆی بڵێ، بـەڵام لێـرە یـەعنی ئێمە هەندێ شتی كۆمەڵایـەتیمان هەیـە ئێمـە فـەرقمان هەیـە لەگـەڵ دانیمـارك و لەگـەڵ ئـەوروپادا ئێمـە جاری وایە پزیشكێك بە نەخۆشەكە دەڵێ تۆ شێرپەنجەتە، دەڵێ سەیری ئەو پزیشكە كە چەند دڵرەقـە بـۆ بە خۆی دەڵێی، یەعنی خۆ هەندێ شـتی كۆمەڵایـەتیش هەیـە خـۆ هـەموو شـتێ بـە یاسـا و نـاكرێ، خـۆمن كۆپیەكەی دانیمارك و بەریتانیا بێنم لە كوردستان تەتبیق بكەم، شتی كۆمەڵایـەتی هەیـە، نـەخۆش هەیـە سێ ساڵە لە نەخۆشخانەی هیوا عیلاج وەردەگرێ هێشتا نەیزانیوە، كەس و كارەكەی دەزانن، نەخۆش هەیە سێ ساڵە، كچ هەیە سێ ساڵە لەماڵەوە نەخۆشی دەروونی هەیە هێشـتا خێزانەكـەی پێیـان عەیبـە بیبەنـە لای پزیشك، یەعنی هەندێ شت هەیە شتی كۆمەڵایەتیە ئێمە ناتوانین بە یاسـا كـەلتووری خـەڵك بگـۆڕین، سەبارەت بە ئەوەی كە موزەف تەقاعود دەبێت ئێمە لە حكومەت لۆدێكی زۆر زۆرمـان لەسـەرە یـەعنی مـن پشتگیری لەوە دەكەم ئەو حاڵەتەش دەزانم ئەو حاڵەتە هاتووشە بۆلای من، نەخۆش كـە نـەخۆش دەكـەوێ تووشی نەخۆشیەكی موزمین دەبێت بەپێی قانونی ڕاژەی موەزەفین بۆ ماوەی دوو سـاڵ ئیجازەی دەدرێـتێ سێ مانگ بە سێ مانگ، شەش مانگ بە شەش مانگ بۆی تازە دەكرێتەوە، دوای دوو سـاڵەكە بـەپێی قـانون تەقاعود دەبێ بە ئەسبابی مەرەزی، من پشتگیری ئەوە دەكـەم ئەگـەر نەخۆشـەكە چـاك ببـۆوە و كەوتـەوە كەفائـەتی عـەقڵی خـۆی كـە بتوانێـت پـەرە بـە وەزیفەكـەی بـدات، بـە مـەرجێك حكومـەت پێویسـتی بێـت، نەخۆش هەیە پلیت بڕبووە ئێستا یان تا ئەو نەخۆشە لەوێ بووە مەسەلەن بیسـت پلیـت بـڕی تـر تـەعین بووە دوو سەد كەسی تریش كولییەی تەواوكردووە چاوەڕێیە تەعین بێ لـە جێـی ئـەو، ئـێ بـەس نیـە ئـەم تەقاعودییەشی هەیە خۆ ئەو ئەوەشی نیە، بەڵام بەهەرحاڵ من ئەوە لەلایەنە ئینسانییەكەوە.....

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لە مەیان من موداخڵەیە دەكەم كاك د. ڕێكـەوت ببـوورە، هـەر بـۆ موراعـاتی نەخۆشـەكە دەبـێ بیگێڕنـەوە بۆئەوەی بێتەوە ناو موجتەمەع،من قسەی پەیمان خان دەكەم لەوە دەزانی بۆ یەكێك نەخۆش بـوو هـەوڵی بۆ درا پارەی لێ سەرف كرا كە بێتە ناو موجتەمەع هەر تەقدیرەن بۆ گەرانەوەی ناو موجتەمەع، فـەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەسەر چاو تا ئێستا یەك حاڵەتی وا هەبووە دیارە سەرەدانی هەردووكمانی كردووە، سەبارەت بەوە هەر نەخۆشێك مافی خۆییەتی نەخۆشییەكەی خۆی بزانێ بە شەرتێ خاوەنی عەقڵی خۆی بێ، مەسەلەن ئێستا نەخۆش هەیە سەرعی هەیە پێی ناخۆشە من بزانم سەرعی هەیە پێی ناخۆشە، دەڵێ من حەزناكەم لە كوردەواری خومان بە سەرع دەڵێن (فێ) دەڵێن ئەوە فێیەتی، یەعنی پێی ناخۆشە نەخۆشەكە لەبەر ئەوە مافی خۆیەتی نەخۆش بەس نەخۆشی خۆی بزانێ لە حاڵەتێكە ئەگەر مەسەلەن خەتەر بوو بۆ دەوروبەری یاخود نەیتوانی چارەسەری خۆی بكات یان نەیتوانی خزمەتی خۆی بكات ئەگینا لە هەموو حاڵەتێكدا مافی نەخۆش خۆیەتی كە تەنها خۆی بزانێ ئەگەر قاسر نەبێ، لە هەژدە ساڵ كەمتر نەبێ مافی خۆی بزانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموون لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەوەی لیژنەی ئەخلاقیاتی طبي لە راستیدا وردەكاری لەوە زیاتر كاری ئێمە نیە كاری لیژنەكەیە كە بچێتە تەفاسیلەكەیەوە ئەوە ئەسڵەن یەكێكە لەو وانانەی كە لە كۆلیژی پزیشكی دەخوێندرێت بۆیە ئەو كەسانەی كە دەبنە ئەندامی ئەو لیژنەیە دەبێ خەڵكانی پسپۆربن و ئەوان بچنە تەفاسیلێ و وردەكاری زیاترەوە، بۆیە ئێمە تەنها وەكو هێڵێكی گشتیی فەرزمانكردووە لەسەر ئەوەی كە هەر كەسێك بەحس ئەنجام دەدات دەبێ بچێتە ئەو لیژنەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو خاڵە نیم كە هەركەسێكیش ئارەزوی لێبێت تاقیكردنەوە ئەنجام بدات بەبێ ڕەزامەندی نەخۆشیش وە نەگەڕێتەوە بۆ لیژنە، بەڵكو دەبێ بەڕەزامەندی نەخۆش بێ و بشگەڕێتەوە بۆ ئەو لیژنەیە، سەبارەت بەوەی كە ناونیشانی ماددەكە بكرێتە (حقوق المرضى النفسيين) ئێمە هیچ كێشەیەكمان لەبارەیەوە نیە، هەندێك پرسیاركرا لەبارەی سەرع و مۆڵەتی شۆفێری ئەوە بۆ جەنابی بەڕێز وەزیر بوو نازانم تێگەشت لە پرسیارەكە وەڵامی بداتەوە یان نا؟ سەبارەت بە گەڕانەوەی موەزەف دەوڵە لە دوای نەخۆش كەوتنی لەراستیدا ئێمە وەكو لیژنەی تەندروستی لەگەڵین ئیتر نازانم لایەنە قانونیەكە ئەوە لیژنەی یاسایی دەتوانن زیاتر لەسەری قسە بكەن، یەك بۆچوونی تر هەبوو كە لیژنەی ئەخلاقیات زیادەیە، لەراستیدا ئێمە پێمان وانیە زیادەیە ئێمە لەگەڵین كە بمێنێتەوە و پێویستە بمێنێتەوە، هەشتەم و نۆیەم یەك بخرێ بكرێتە مەلەفی شەخصی و طبي پێشنیارێكی باشە بۆ ئەوەی یاساكە درێژ نەبێ ئەتوانین ماددەی نۆیەم لەگەڵ ماددەی هەشتەم یەكی بخەیەن و بیكەینە یەك بڕگە، سەبارەت بە ئەوەی كە نەخۆش مافی ئەوەی هەبێ ناڕازیبێت وە ڕەتیبكاتەوە بەڵێ هەر ماددەی حەوتەم كە دەڵێ لە حاڵەتی رازیبوونی نەخۆش كەواتا نەخۆش مافی ئەوەی هەیە كە ئەگەر ناڕازیبێ كارەكە ئەنجام نەدرێ ئەو كاتەی ئەمە نەخۆشەكە خاوەنی ئیرادەی خۆی بوو، بەس ئەگەر نەخۆشەكە خاوەنی ئیرادەی خۆی نەبوو ئەوە مەنعیكردووە، هەر لە

ماددەی هەشتەم مەنعیکردووە کە تاقیکردنەوە لەسەر ئەو کەسە ئەنجام بدرێ کە ئیرادەی لە دەستی خۆی نیە، بەڵێ بڕگەی هەشتەم، سەبارەت بەو بڕگانەی کە بێریڤان خان باسی کرد لەراستیدا ئەوە تەفاسیلێکە لە کۆی ئەو پرۆسە عیلاجییەی کە ئەنجام دەدرێ لە کاتی چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە یەعنی بەشێکی پەیوەندی بە (نێرسین کێر)ەوە هەیە کە ئەمە ئیشێك یەعنی ئەم پیشەیە ئەو کەسەی کە لە زانکۆ دەیخوێنێت خۆی تەفاسیلی ئەمە دەخوێنێت کاتێك کە دادەمەزرێت بۆ ئەم پیشەیە کەواتا لەسەری فەرزەکا بیکات، ئەوە پێویستە بە شێوەی (جۆب دیسکریپشن) دابمەزرێنرێت بۆ موئەسەساتەکان و جێبەجێبکرێ، چونکە ئێمە چەند کەسمان لێرە موختەسین تەنانەت هەر با بڵێین ئێمە چەند کەسمان لێرە موختەسی (نێرسن کێرین) تا بتوانین ئەو تەفاسیلە دابەزێنین و بیکەینە قانون دەبێ وەزارەت کە خەڵکانی موختەسی هەیە، بەشی موختەسی هەیە ئەوە (جۆب دیسکریپشن) بۆ ئەم بەشانە دابەزێنێ کە ئایا ئەو کەسە پێویستە ریشی نەخۆشەکە بتراشێ، پاکی بکاتەوە یەعنی کۆمەڵێ تەفاسیلە پێموانییە پەرلەمان بتوانێ بچێتە ئەو وردەکاریەوە، بەلام سەبارەت بە بوونی فۆرمێك، بوونی وەکو گرێبەستێك لە نێوان پزیشك و نەخۆشەکە لە ماددەکانی پێشوو باسی ئەوەمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك روونکردنەوە پێویستە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە چونکە وەکو پرسیار ئاراستەی ئێمە کرا، سەبارەت بە ناونیشانەکە (حقوق المريض النفسي) ئێمە پشتگیری لێدەکەین هەر چەند دەروازەی پێشتر بە سیغەی جەمع هاتبوو (رعاية المرضى المتهمين)، بەس ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کەوا بە سیغەی موفرەد بێ، سەبارەت بە خانەنشینی هەموو پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین هەر چەندە یەك حاڵەتە بەس لەبەر ئەوەی زرەرمەند دەبێ، بەلام لەو یاسایە جێی نابێتەوە ئەو یاسایە باس لە تەندروستی دەروونی دەکات ئەو یاساییەی کە باسی خزمەت و خانەنشین دەکات لەوێ پێویستە لەو ماددەییەی لەو بڕگەییەی کە باسی ئەو حاڵەتەی کردووە لەوێ هەموار بکرێ و ئەو کێشەیە چارەسەربکرێ ئەگەر کێشەی یەك کەسیش بوو ئەوە پێویستە بڕگەو ماددەکە هەمواربکرێ و ئەو کێشەیە چارەسەربکرێ، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم بوو (تقييد حريته على خلاف أحكام هذا القانون) پێشنیارێك کرا کە (أحكام هذا القانون) لابدرێت واتا حوریەت سنووردار نەکرێ بەپێی هەموو ئەو یاساییەی کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ئەگەر دەقەکە بەو شیوەیە بەو پێشنیارەی کە کرا بگۆڕدرێ ئەوە نەخۆشە دەروونییەکە زەرەرمەند دەبێ لەبەر ئەوەی رێگەت پێدا کە ئازادییەکانی سنوورداربکرێ، لەبەر چی گرنگە بڵێین (وفق أحكام) یان (على خلاف أحكام هذا القانون) لەبەر ئەوەی ئێمە ئازادی ئەو نەخۆشییەمان سنووردارکردیە، بۆ نموومە لە ماددەکانی پێشتر باسی یەکەی چارەسەرکردنی داخراومانکرد (وحدة علاجية مغلقة) کە دەڵێین (وفق أحكام هذا

القانون) واتا لەوەندەی کە سنووردارکراییەوە و تەقیید کرایە بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە لەوە زیاتر ئازادیەکانی سنووردار نەکرێ، سیاغەتی ئەو فەقەرییەی بە هەر شێوەیەك بگۆڕێ نەخۆشە دەروونییەکە زەرەرمەند دەبێ و ئازادییەکی سنووردار دەکرێ نابێ سنووردارکردنەکە لەو حەدەی تێپەڕی کە لەو یاسایە دیاریکراوە، مەلەفی طبي و شەخصی لێرە دوو حوکمی هەیە، هەر دووکی پێوستی بە پاراستنە، دوو بڕگەی جیاوازە هەشتەم و نۆیەم، ئایا مەلەفی شەخصیش بۆ ئێرە زیاد بکرێ، ئەگەر مەلەفی شەخصی زیاد بکرێ شان بەشانی مەلەفی طبي لێرە ئیستسنائەکان دەیگرتەوە واتا لە هەندێك حاڵەت دەکرێ مەلەفی شەخصی ئاشکرا بکرێ ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە ناکەین لەبەر ئەوەی تەنها مەلەفی طبي بۆ نموونە نەخۆشییەکی هەیە نەخۆشییەکە موعدیە دەگوازرێتەوە بۆ کەسانی تر یان لەو حاڵەتانەی ئەو چوار ئیستسنایەی کە باسکراوە جگەلە ئەو چوار ئیستسنایە مەلەفی طبي ناکرێت ئاشکرابکرێ ئەگەر مەلەفی شەخصی بۆ ئەو ماددەیە زیادکەین واتا چوار ئیستسنائەکە مەلەفی شەخصیش دەگرتەوە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەی نینە لەو چوار حاڵەتەی مەلەفی شەخصی ئاشکرا بکرێ تەنها ئەو چوار حاڵەتە پەیوەندی بە مەلەفی طبي هەیە، بەبێ ڕەزامەندی ئەوە وەزیری تەندروستی روونی کردەوە بەبێ ڕەزامەندی تەجاریب و بحوس ناکرێتن تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کەوا دەتوانن خاوەن ئیرادەی خۆیانن دەتوانن بڕیاربدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

دوا سیاغەتان،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حقوق المريض النفسي:

ریزبەندی ماددەکە (42)، ریزبەندی دەگۆڕێ بۆ (34)، (يتمتع المريض النفسي الذي يعالج بإحدى المؤسسات المنصوص عليها في المادة (2) من هذا القانون بالحقوق الآتية:-

أولاً: تلقي العناية الواجبة في بيئة صحية.

ثانياً: حظر تقييد حريته على خلاف أحكام هذا القانون.

ثالثاً: الإحاطة علماً بأسم ووظيفة كل أفراد الفريق العلاجي الذي يرعاه بالمؤسسة.

رابعاً: تلقى المعلومات الكاملة عن تشخيص حالته و عن الخطة العلاجية المقترحة و عن إحتمال تطورات حالته.

خامساً: أن يكون العلاج المقدم له طبقاً للمعايير الطبية المرعية و المعترف بها في الأوساط العلمية.

سادساً: ضرورة أخذ موافقة لجنة أخلاقيات البحث العلمي قبل تعرضه لأي بحث سريري.

سابعاً: أن يحضى في حالة الموافقة على الخضوع لإجراء التجارب و البحوث العلمية بشرح كامل عن هدف التجربة، على أن يحظر إجراء التجارب على المرضى الخاضعين لقرارات الدخول و العلاج الإلزامي.

ثامناً: حماية سرية المعلومات التي تتعلق به وبملفه الطبي و عدم إفشاء تلك المعلومات لغير الأغراض العلاجية إلا في الحالات الآتية:-

1-طلب المعلومات من جهة قضائية.

2-وجود إحتمال بحدوث ضرر خطير أو إصابة و خيمة للمريض أو الأخرين.

3-حالات الإعتداء على الأطفال أو الشك في وجود إعتداء.

4-للجنة الصحة النفسية في المحافظة الحق في الإطلاع على سجلات المرضى (ئەوە دەقی ئەو پێشنیارەیە لەبیرم چوو لە روونکردنەوەکان باس بکەم واتە رێگە بە لیژنـە نـەدەین لیژنەیەکی دیکە دروستبکات ئیتلاعەکە تەنها)، للجنة الصحة النفسية في المحافظة الحق في الإطلاع على سجلات المرضى.

تاسعاً: حماية خصوصياته و متعلقاته الشخصية و مكان إقامته بالمؤسسات.

عاشراً: الحصول على تقرير طبي كامل عن حالته النفسية و عن كافة الفحوصات و الإجراءات العلاجية التي تمت له أثناء علاجه بالمستشفى، وفي حالة رغبته في الحصول على نسخة كامله من الملف فله أن يلجا إلى لجنة الصحة النفسية في المحافظة و يجوز للجنة حجب هذا الحق مؤقتاً لأسباب علاجية و يحق للمريض التظلم من هذا الإجراء طبقاً لأحكام هذا القانون.

حادي عشر: التظلم من أي إجراء وفقاً للقواعد و الإجراءات التي تحددها التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون.

ثاني عشر: مقابلة زائرية أو رفض مقابلتهم ما لم تتعارض المقابلة مع الخطة العلاجية.

ثالث عشر: تمكينه من مقابلة محاميه.

رابع عشر: الحصول على إجازات علاجية طبقاً للخطة العلاجية الموضوعة له.

خامس عشر: طلب الخروج من المؤسسات دون مصاحبة أحد من ذويه متى انتهت فترة دخوله إلزامياً بعد الحصول على خطه لرعايته نفسياً بعد الخروج، مع مراعاة رعايته إجتماعياً.

سادس عشر: الحماية من الاستغلال الاقتصادي و الجنسي و من الإيذاء الجسدي و النفسي و المعاملة المهينة.

سابع عشر: الحصول على خدمات الاتصال الداخلي و الخارجي طبقاً للخطة العلاجية المقررة.

ثامن عشر: في حالات العلاج الإرادي يحق للمريض النفسي:-

1- تلقي المعلومات اللازمة لإعطاء موافقة صريحة حرة لكل علاج مقترح من الفريق العلاجي.
2- رفض العلاج المقدم له على أن يحاط علماً بتأثير هذا الرفض على صحته.
3- أخذ رأيه في كل القرارات المتعلقة بعلاجه و خروجه من المؤسسات و الحصول على تقرير كتاب من إدارة المؤسسة عن خطة علاجه و خروجه.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بـەڕێزان ئێسـتا دەیخەمـە دەنگـەوە بـەو سـیغەیەی کـە خوێندرایـەوە، کـێ لەگـەڵ دایـە؟ تکایـە دەسـت بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (4) کەس لەگەڵ دانیـە، زۆر سـوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (43) کە دەکاتە ماددەی (35):

تلتزم كل المؤسسات الخاضعة لهذا القانون بتسليم المريض و ذويه صورة من حقوق المريض المنصوص عليها في المادة السابقة عند دخول المؤسسات مع إيداع نسخة من هذه الحقوق بملفه الطبي واخرى بالسجلات الطبيـة بعد التوقيع عليهما من قبل المريض. كما تلتزم بوضع نسخة من تلك الحقوق في أمـاكن ظاهرة ليطلـع عليهـا المرضى و الزائرون، وتلتزم إدارة المؤسسات بأيضاح هـذه الحقـوق لكـل مـريض عنـد الـدخول و كـذلك إيضـاح إجـراءات الـتظلم، و كيفيـة تقـديم الشـكاوي والجهـة المنـاط بهـا أسـتلامها و ذلـك طبقـاً لمـا تحـدده التعليمـات الصادرة لتنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (43) کە دەکاتە ماددەی (35):

پابەندبوونی هەموو ئەو دەزگایانەی رکێفی ئەم یاسایەن بەوەی کە وێنەیەك لە ماف نەخۆش، دەقێنـراو لە مـاددەی پێشـوویان پـێ بـدرێت کاتێـك داخـل بـە دەزگـا دەبـن و دانـانی کۆپییـەکی ئـەم مافـەی لـە دۆسـیی پشکێندراو دانەیەکی کەشی لە تۆمارەکانی پزیشکیدا، پاش واژووکردنیان لەلایەنی نەخۆشەکەوە. هـەروەها پابەند دەبن بە دانانی کۆپییەك لەو مافانە کە لە شوێنێکی دیار بۆ ئەوەی نەخۆشی سەردانیان چاوی پێدا بخشێنن، بەڕیوەبەرایـەتیی دەزگاکـان پابەنـد دەبـن بـە روونکردنـەوەی ئـەم مافانـە بـۆ هـەموو نەخۆشـێك لەکاتی داخلبوونیدا لەگەڵ روونکردنەوەی رێکارەکانی ئەرزوحاڵ و چۆنیەتیی پێشکەش کردنـی شـکات لـە لایـەنی پەیوەندیـدار لـەوەرگرتنی، ئەمـەش دەستنیشـان دەکرێـت بـە پێـی ئـەو رێنماییانـە دەبـن کـە بـۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەرکراون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ناوەرۆکی ماددەکە دەکەین، تەنها لە رووی دارشتنەوە تێبینیەکمان هەیە کە لە هەموو ریزەکان باس لەوە کراوە (تلتزم المؤسسات) سێ جار ئەو وشە هاتووە (تلتزم المؤسسات)، ئەگەر لەسەرەوە بڵێین (تلتزم المؤسسات) ئەوەی دیکە بکرێتە خاڵی یەك، دوو، سێ، تەنها ریزبەندی و رێکخستنی ماددەکەیە، سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو بەرێز جەنابی وەزیر.

**بەرێز د. رێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە یاساکە و رای لیژنەی هاوبەش دەکەم.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ خۆ کەس لە قاعەکە نەماوە تا تێبینی هەبێ، تەنیا دوو کەس ( ئاشتی خان و، کاك نەژاد)، فەرموو ئاشتی خان.

**بەرێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (43) لێرەدا ئەو زانیارییانە دادەنرێت لە ئەرویقەکانی موئەسەساتەکەدا نەخۆشخانەی نەخۆشە دەروونییەکان کە حقوقە بۆ نەخۆشەکان، بەڵام ئەوەی کە دەڵێی (إستناداً) بە تەنها تەحدیدی کردووە بۆ ماددەی حقوقی پێشوو هەندێك حقوقی تر هەبووە کە عیلاقەی بە دخول و خروجی نەخۆشەوە هەیە (وفق أحكام قانون) کە ئەو کەسە پێی هاتۆتە ژوورەوە، یەکێکە لەو زانیاریە گەورانەی کە پێویستە نەخۆش بە زاهیری ببینێت لە ئەرویقەکاندا ببینێت کە پرۆسەی چوونە ژوورەوەی بەپێی قانون، وە حەقەکانی بۆ چوونەدەرەوە بەپێی قانون، بەپێی وەزعە قانونیەکەی ئەم شتانە یەکێکە لەو مافانە، چونکە مافی سەرەکی ئەو نەخۆشە هاتنە ژوورەوەیەتی بۆ موئەسەسە دەروونییەکە، وە شێوازەکانی چوونە دەرەوەیەتی، ئەمە زۆر بەلای منەوە گرنگترە وەك لە مەسەلەی تەزەلوم کردن و تۆمارکردنی شەکاویی قیمەتی ئەمە کەم ناکەینەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام کە تەحدید کراوە بۆ نموونە هەندێك حقوق هەیە هیچ شوێنی نەبۆتەوە لە ماددەکەی پێشوودا کەواتا تۆ بە تەنها ئەگەر تەحدیدیەکەی، بۆ ئەوەی هەندێ حقوقی تر زمنیەن لە فەقەراتەکانی پێشووترا هەبووە جارێکی تر دەڵێم وەکو ئەوەی پەیوەندی هەبووە بە حاڵەتی دخول و خروجی نەخۆشەکە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە ماددەی (43)دا دێری بەر لە کۆتایی (وتلتزم إدارة المؤسسات

بأيضاح هذه الحقوق لكل مـريض عنـد دخولـه بالحالـة القانونيـة لدخولـه و حقـه في الخـروج طبقـاً لوضعه القانوني)، يەعنی ئەم زانیاریەش بە زاهیری حەقی نەخۆشەکە خۆیەتی ببیبنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزيز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە گەر ئەو ماددەیە بکرێتە دوو بەش، یەعنی نەك دوو بەش دوو لق بابڵێین (أ،ب)، یەکێکیان ئەوەیە کە (أ: تلتزم كل المؤسسات الخاضعة لهذا القانون) تاکو (من قبل المريض)، ئەوەی تریان بکرێتە (ب: على المؤسسة أو المستشفى وضع نسخة من تلك) یەعنی وەکو شتێکی وجوبی لێبێتن یەعنی هەتا دەگاتە (الشكاوى و الجهة المناط بها إستلامها (وذلك)کەشی تێدا نەمینێت طبقاً لما تحدده تنفيذ هذا القانون) (التعليمات الصادرة)ش زيادە بە رەئی من، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشيد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لەگەڵ ناوەرۆکەکەی ئەوەین کە دایرێژین ئەو ئیلتزامە بکەن بە سێ خاڵ، هینی کەن بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکەمان بەم شێوەیە داڕشتەوە ماددەی (43) کە دەکاتە ماددەی (35):

تلتزم المؤسسات المشمولة باحكام هذا القانون بما يأتي:-

1- تسليم المريض و ذويه صورة من حقوق المريض المنصوص عليها في هذا القانون عند دخول المؤسسات مع إيداع نسخة من هذه الحقوق بملفه الطبي واخرى بالسجلات الطبية بعد التوقيع عليها من قبل المريض.

2- وضع نسخة من تلك الحقوق في أماكن ظاهرة ليطلع عليها المرضى و الزائرون.

3- أيضاح هذه الحقوق و إجراءات التظلم و كيفية تقديم الشكاوي والجهة المناط بها و أستلامها لكل مريض عند الدخول في مؤسسات الصحة النفسية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەوەی تر ماددەکەی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (44) کە دەکاتە ماددەی (36):

تشكل بكل مؤسسة من مؤسسات الصحة النفسية لجنة لرعاية حقوق المرضى بقرار من مدير المؤسسة على أن تكون على النحو الآتي:-

أولاً: رئاسة أحد الأطباء النفسيين المسؤولين في المؤسسة.

ثانياً: عضوية كل من :-

1- أحد أهالي المريض أو أحد أعضاء الجمعيات الأهلية المهتمة بحقوق المرضى.
2- أحد الأخصائيين الأجتماعيين بالمؤسسة إن وجد.
3- ممثل عن المجلس للصحة النفسية.
4- ممثل عن هيئة التمريض.
5- ممثل عن الهيئة العامة لحقوق الانسان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (44) کە دەکاتە ماددەی (36):

لەهەر دەزگایەك لە دەزگاکانی تەندروستی دەروونی لیژنەیەك پێك دەهێنرێت بۆ چاودێریکردنی مافی نەخۆشان بە بڕیارێکی بەڕیوەبەری دەزگاکە و بەم شێوەیە بێت:-

یەکەم: بەسەرۆکایەتی یەکێك لە پزیشکانی دەروونی کە لە دەزگاکەدا بەرپرس بن.

دووەم: بە ئەندامێتی هەریەك لەمانە:

1- یەکێك لە کەس و کاری نەخۆش یان ئەندامێك لە ڕێکخراوێکی ئەهلی کە بایەخ بە مافی نەخۆش بدات.
2- پسپۆڕێکی کۆمەڵایەتی گەر لە دەزگاکە دا هەبێت.
3- نوێنەرێکی دەستەی گشتیی تەندروستی دەروونی.
4- نوێنەرێك لە دەستەی پەرستاری.

سێییەم: ئەرکی ئەم لیژنەیە چاودێریکردنی مافە دەقێنراوەکانی ئەم یاسایەو هەڵسان بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بەم مافانە لە نێوان نەخۆش و کارگێڕاندا، هەروەها ئەرکی وەرگرتنی ئەو شکاتانەیە

لەلایەنی نەخۆشەکانەوە یان کەس و کارییانەوە پێشکەش دەکرێت و ئاراستەکردنیان بەوەی کە پێویستە، ئەم لیژنەیە بۆی هەیە ئەو ئەرزو حاڵانە وەربگرێت کە سەبارەت بە بڕیارەکانی داخلبوونی چارەسەرکردن بە خورتی و فەرمانی چارەسەرکردنن و بەرزکردنەوەیان بۆ دەستەی گشتیی تەندروستیی دەروونی، پێویستە لەسەر لیژنەکە راپۆرتێکی خولی بداتە دەستەی پسپۆر، ئەمانە هەموو بە پێی ئەو رێنماییان دەبن کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەرکراون.

بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:

فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە لە راپۆرتی هاوبەش وا هاتووە کە هیچ تێبینییەکمان لەسەری نیە، بەلاَم لەراستیدا ئەوە هەڵەیە لەبەر ئەوەی کە ئەسڵی یاساکە وا هاتبوو کە لەسەر ئاستی کوردستان یەك بە هەیئە دروستبکرێ، بەلاَم لەبەر ئەوەی ئێمە ئەرکەکەمان سپارد بە لیژنەی پارێزگاکان، بۆیە لیژنەی پارێزگاکان دەتوانن ئەو ئەرکەی جێبەجێبکەن، بۆیە رای هەر دوو لیژنەکەمان ئەوەی کە ئەو ماددەیە رەت بکەینەوە پێویست بە دروستکردنی لیژنەیەکی تر ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. رێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەشم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ بەیان خان، کاك نەژاد، ئاشتی خان، لیلی خان، تکام وایە کە دەچنە دەرەوە ئەگەر ئیحتیاجتان بە شتێکە بڕۆن سەعات، دوو سەعات قەیدی ناکات، بەلاَم کە تۆ دەچیەدەرەوە بۆ ئیسراحەتی خۆت دە دەقەت پێویستە ئی وا هەیە سەعات دەمێنێتەوە دەچن کۆبوونەوە دەکەن، دادەنیشن، ئێ ناکرێ، یەعنی ئێوە بۆ رەخنە لەخەڵك دەگرن کەواتە فلان وایکرد فلان وای کرد، بۆ رەخنە لە خۆتان ناگرن یەعنی ئەمە جاری یەکەم نیە، سیستەم لەسەرتان تەتبیق کەین بڵێین لە دە دەقە زیاتر نابێ بچنەدەرەوە، ئاخر نابێ یەعنی حەق نیە پەرلەمانتار خۆی بگەینتە ئەو ئاستەی ئینسان بەو جۆرە قسەی لەگەڵ بکا بەراستی، ئێستا چۆن دەنگ لەسەر قانونەکەی پێشوو دەدەن لەسەر ماددەکەی پێشوو پێم ناڵێن؟ لێرە نەبوون کە موناقەشەکراوە، چۆن دەنگی لەسەر دەدەن؟ چۆن موعارەزە دەکەن لەسەری؟ بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە ئەو ماددەی پێشوو تر خوێندراوەتەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (45) کەس لەگەڵدایە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (2) کەس لەگەڵ دانیە زۆر

سوپاس، دیسان تەئكید دەكەمەوە چۆن دەنگتـان بـۆ دا كـە لێـرە نـەبوون؟ چـونكە لـە موناقەشـەكە لەگـەڵ نەبوون چۆن دەنگتان بۆ دا؟ ئاخر پەرلەمانتار چۆن وا دەبێ؟ نابێ یەعنی حەق وایە نەختەك مولاحەزەی خۆشی بكا بەراستی، ئەو ماددەی پێشوو تر بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، نوقتەی نیزامـی هەیـە، فـەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو كاتێ كە ماددەییەكمان ڕەفزكردووە هەر دوو لیژنەكـە ڕەفزیـانكردووە لەگـەڵ جـەنابی بـەڕێز وەزیر ئەو كاتە خراوتە دنگدان بۆ ڕەفزكردن، ئێستا پێویست ناكات موناقەشـەبكەین جـارێ بـزانین ڕەفـزە یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

تێبینییەكەی جێی خۆیەتی، لیژنەی هاوبـەش داوا دەكـات ئـەم ماددەیـە ڕەفزبكـرێ، ئەگـەر دەنگـی ڕەفـزی هێنا موناقەشە پێویست نیە، ئەگەر دەنگی ڕەفزیشی نەهێنا ئەو كاتە موناقەشەی دەكەین، فەرموو گوڵێزار خان.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله با من قسەیەك بكەم بەڕێز كاك د. ئەرسەلان، جەنابت هەموو جارێ ئەوانە موحاسەبە دەكەی كە لـە ژوورەوەن.

بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:

نەخێر، من كەس موحاسەبە ناكەم داوای لێبوردن دەكەم، بەڵام حەقـە پەرلـەمانتار بـۆ خـۆی هەنـدێ شـت هەیە بزانێ بەراستی، چونكە ئێمە زۆر ئازاینە ڕەخنە لە خەڵك بگرین، بـەڵام ئـازانین عەیبـەكانی خۆمـان ببینین با عەیبەكانی خۆشمان ببیـنین، بـەڕێزان ئێسـتا دەیخەمـە دەنگـەوە، كـێ لەگـەڵ دایـە ئـەم ماددەیـە ڕەفزبكرێتـەوە؟ تكایـە دەسـت بەرزكاتـەوە زۆر سـوپاس، كـێ لەگـەڵ ئـەوە دایـە بمێنێتـەوە؟ تكایـە دەسـت بەرزكاتـەوە، (2) كـەس لەگـەڵ دایـە بمێنێتـەوە زۆر سـوپاس، بـە زۆرینـەی دەنـگ ڕەفزكـرا، فـەرموون بـۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (45) كە دەكاتە ماددەی (37):

**(لا يجوز لغير أفراد الفريق العلاجي أو القائمين على السجلات الطبية الإطلاع على المستندات الخاصة بالمريض أو استخراج صورة منها إلا بموافقة المريض أو بإذن من المجلس للصحة النفسية أو كليهما)، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو نیشتمان خان.**

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (45) کە دەکاتە ماددەی (37):**

**(نابێ جگە لە ئەندامانی تیمی چارەسەرکردن یان ئەوانەی کار لەسەر تۆمارەکان دەکەن سەیری دیکۆمێنتی تایبەت بە نەخۆش بکەن یان وێنەیەکی دەربکەن، تەنها بە ڕەزامەندیی نەخۆش نەبێ یان بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی دەستەی گشتیی تەندروستی یان بە ڕەزامەندیی هەردوولا نەبێ، ئازادی نەخۆش لە رووی جەستەییەوە کۆت بکرێت،یان بخرێتەلاوە)، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموون لیژنەی هاوبەش.**

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ تێبینییەکمان نیە، لەگەڵ ماددەکەین.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ماددەکەم، بەلأم (لا يجوز لغير افراد الفريق العلاجي أو القائمين على السجلات الطبية)، بە رای من ئەوە لابرێ (قائمين على السجلات الطبية) خۆ پزیشك نیی، یەعنی کابرایەکی ئیداری سەیری مەلەفی نەخۆش بۆ بکات؟ ئەوە لابرێ، بەلأم بەس فەریقی عیلاجی یاخود ئەوەی کە موئەسەسەکە ڕێی پێ دەدات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ کەس تێبینی نیە، کەواتە ماددەکە بیخوێنەوە بخەینە دەنگەوە.**

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێموایە|، هەڵە تێگەیشتنێك هەیە، مەبەست لەوەی کە ئەوانەی لەسەر تۆمارەکانن تەنها ئەوەیە مافی بینینیان هەیە، چونکە ڕەنگە ئەو کەسە پێویست کا ئەم زانیاریە لەسەر کۆمپیوتەر تۆماربکا ئەی چۆن**

دۆكۆمێنتەكە نەبینێ، چۆن تۆماری بكات؟ لەبەر ئەوە مافی ئەبێ بیبینێت ، بەلأم مافی ئەوەی نیە زانیاریەكە بەرێتەدەرەوە، مەبەستەكە لەوەیە كە دەتوانێ بیبینێت یەعنی خۆ ئەو كەسە كە زانیارییەكە لەسەر تەبەڵیەكەوە دەخاتە سەر كۆمپیوتەر خۆ پزیشك نیە هەر كارمەندێكە یان مەسەلەن ئیختساسێكی كەیە كە ئەو ئەو كارە دەكات، یان (ئەرشیف)كردن خۆ هەر پزیشك (ئەرشیف)ناكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

جەنابی سكرتێری پەرلەمان هەندێك تێبینی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەی ئیتلاع، مادام بەخۆی سجلاتی لەبەر دەستە ئیعتیادی ئیتلاعەكات بەس بەرەئی من صورەت نابێ ئیستخراجی بكات ئیستخراجەكە نابێتن، بەنسبەی قائیمەی موەزەفی ئیعتیادی یان ئیداری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ریزبەندی ماددەكە دەگۆڕێ دەبێتە (36)، (لا یجوز لغير افراد الفريق العلاجي أو القائمين بتنظيم السجلات الطبيه الإطلاع على المستندات الخاصة بالمريض أو إستخراج صور منها أو نسخة منها الا بموافقة المريض أو بإذنٍ من لجنة الصحة النفسية في المحافظة أو كليهما)، سوپاس.

بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. رێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر جار ئەم نەخۆشانە لە چارەسەری ئیعتیادی دەردەچن، زۆر جار دادگایە زۆر جار موتەهەمن بە هەندێك شت، لەبەر ئەوە من پێم باش نیە یەعنی (قائمين على السجلات الطبية) بەس بۆیان هەبێ ئیتلاع بكەن، ئێمە ئەوانەمان بەسەر هاتووە، یەعنی ئەوەی ئەو قانونەی داناوە كۆمەڵێك پزیشكی پسپۆری دەروونی موتەمەریسن زۆر شتەكانیان بۆ دانراوە، بۆیە ئەو (قائمين على السجلات الطبيه) لابرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێشتر دەنگمان بۆ دا، مەلەفی طبي و مەلەفی شەخصی سرِیە، تەنها بۆ هەندەك مەبەستی چارەسەرکردن نەبێ زانیارییەکان ئاشکرا دەکرێ خۆی ئەوە ئەسڵەکەیە ئەگەر ئەو ماددەش نەبێ ئەو ماددەش ئیلغا بکرێتەوە، ئەو ماددەش نەبا شتەکە ئاسایی بوو لەبەر ئەوەی مەلەفەکان هەمووی سرِیە تەنها چەند حاڵەتێکی ئیستسنا نەبێ زانیاری مەلەفەکان ئاشکرا دەکرێن بەس ئەو ماددەیە لێرە دانراوە بۆ تەئکیدی ماددەکەی پێشوو ترە کە دەنگمان بۆ دایە، کێ مافی ئیتلاع کردنی هەیە واتە ئاشکراکردنی یاخود خوێندنەوەی ئەو زانیارییانە، لیژنەی تەندروستی، وەزیری تەندروستی چۆنیان پێ باشە ئەوەی لە مەسڵەحەتی نەخۆشی دەروونییە ئەو زانیارییانە بلاّو نەکرێتەوە کە خۆی لە ئەسڵدا لە ماددەکەی پێشوو ترا سرِیەوە، دەنگمان بۆ دایە، ئاشکراکردن نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

نوقتە نیزام لەسەر ئەو مەوزوعە هەیە، فەرموو کاك حەمە سعید، دوایش ئاهەنگ خان بانگدەکەین.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دوو حاڵەتە، یەکەم ئیتلاعە، دووەم ئیستخراج، پێموایە بیکەین بە دوو فەقەرە باشە، ئیتلاع هەر دووکیان لەسەریان هەبێ فەریقی عیلاجەکە و قائمینەکە، بەلاّم ئیستیخراج بەراستی کەسیان دەرینەکەن لەبەر ئەوەی ئیتلاع و ئیستیخراج دووشتی جیان لەبەر ئەوە بکرێ بە دوو برِگە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان من لەگەڵ تێبینییەکەی جەنابی بەڕێز وەزیرم، ئیتلاع نابێ ئەو کەسی کە مەلەفەکم هەیە هەر لە مەحکەمەی ئیعتیادی زۆر جار هەیە خاوەن مەلەف تەرقیمی مەلەف داوا دەکات، بۆ چ تەرقیمی مەلەف داوا دەکات بۆ ئەوەی موتەئکید بێ ئەوراقەکانی ناوی هیچ وەرەقەکی لە ناو دەرنایێ، باشە ئەگەر یەکێك بە هەدەف بڵێتە جەماعەتەکی بۆم ئیتلاع بکەن بزانن چ نووسراوە یان چ تەقریرەکی لەسەر نووسراوە بەس بۆ ئەوەی تەعن لە قەرارەکی بدا ئەی لەو حاڵەتەی چۆن دەبێ؟ جەنابی بەڕێز وەزیر راستدەکات مەفروزە قائمین ئیتلاعیشیان لەسەر نەبێ، زۆر سوپاس زۆر جار لە مەحکەمەی خۆی خاوەن مەلەفەك لە حاڵەتی ئیعتیادی من داوا دەکەم تەرقیم بکرێ بەسرِیەت دابنرێ بۆ ئەوەی چونکە شك دەکەم دەردێ وەرەقەك لە ناوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (45) ڕیزبەندەکە دەگۆڕێ دەبێتە (36): (لا يجوز لغير افراد الفريق العلاجي أو القائمين بتنظيم السجلات الطبيه الإطلاع على المستندات الخاصة بالمريض كما لا يجوز إستخراج نسخة منها الا بإذنٍ من لجنة الصحة النفسية في المحافظة)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایەدەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (46) کە دەکاتە ماددەی (37):

(لا يجوز تقييد حرية المريض جسدياً أو عزله بأية وسيلة دون إتباع الإجراءات الفنية التي تحددها التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (46) کە دەکاتە ماددەی (37):

(نابێ ئازادی نەخۆش لە ڕووی جەستەییەوە کۆت بکرێت یان بخرێتەلاوە بەهەر هۆیەك بێت، بەبێ گرتنەبەری ڕێگای هونەری کە ڕێنماییەکانی دەرکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەستنیشان دەکات)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نیە، لەگەڵ ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینییەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ یەك کەس ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (46) ئێمە زۆربەی ئەم حوریەتانەمان لە بەندەکانی پێشوو ترا بە ئیجرائاتی زۆر بە هێزتر یەعنی تەقیدکراوە، بۆیە من یەکەم پێشنیارم ئەوەیە کە ئەم ماددەیە زیادەیە، چونکە ئێمە لە پێش ئەوانەدا هەموو ئەو شتانەمان ئیشارەت پێکردووە کە ڕێمانگرتووە لەمانە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا مایەوە کە دەڵێ (دون إتباع الإجراءات الفنية) ئیجرائاتە فەنیەکە یەعنی بگۆڕدرێ، چونکە ئەو ئیجرائەتە فەنیە لەوانەیە یەعنی هەندێك شت دەگرێتەوە لەوانەیە دەرەوەی ئیجرائاتی مەسەلەن قانونیش ئەگەر موستەڵحێکی قانونی بۆی بەکار بهێندرێ چونکە بە ئەکیدی لێرە ئیجرائاتی فەنیەکە مەبەست لە تەنفیزکردنی قانونەکەیە مەسەلەن لە لەوائیحی تەنفیزی بەکار بهێندرێت گونجاوترە، چونکە ئیجرائاتی فەنی لێرە زۆر بە فراوانی هاتووە کە لەوانەیە شتی تریش بگرێتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بکرێ بە لەوائیحی تەنفیزی بۆ ئەوەی بچێتە سەر قانونەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

دووا سیاغەتان؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(لا يجوز تقييد حرية المريض جسدياً أو عزله بأية وسيلة دون إتباع الإجراءات المحددة وفق التعليمات الصادرة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (1) کەس لەگەڵدانیە زۆر سوپاس. بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الباب السابع**

**احكام عقابية**

**ماددەی (47) کە دەکاتە ماددەی (38): مع عدم الاخلال بأى عقوبه اشد نص عليها القانون يعاقب بالحبس مده لا تزيد على سنة و بغرامة لا تزيد على (1000000)مليون دينار كل من:-**

**أولاً: قدم بسوء نية معلومات أو بيانات أو تقارير تخالف الحقيقة لحالة شخص ما بقصد حجزه إجبارياً كمريض نفسي أو بهدف رفع الحجز عنه.**

**ثانياً: اذا قدم معلومات أو تقارير تخالف الحقيقة بشأن الحالة النفسية لشخص ما يهدف اعفائه من المسؤولية الجزائية كلاً أو جزءاً.**

**ثالثاً: اخل بالالتزام المنصوص عليه في المادة (39) من هذا القانون.**

**رابعاً: يعاقب بالحبس مدة لا تتجاوز سنتين و بغرامة لا تقل عن خمسمائة ألف دينار ولا تزيد عن مليون دينار أو بإحدى هاتين العقوبتين:**

1- **كل طبيب أثبت عمداً في تقريره ما يخالف الواقع في شأن الحالة النفسية أو العقلية لأحد الأشخاص بقصد إدخاله المؤسسات أو إخراجه منها أو بهدف اعطاء حق المسؤولية الجزائية كلاً أو جزءاً.**
2- **كل من حجز أو تسبب عمداً في حجز أحد الأشخاص بصفته مصاباً بأحد الأمراض النفسية أو العقلية في غير الأمكنة أو الأحوال المنصوص عليها في هذا القانون.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو نیشتمان خان.**

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (47) کە دەکاتە ماددەی (38): بەبێ تێکدانی هەر سزایەکی توندتری دەقێنراو لە یاسادا سزای بەندکردن لە ماوەیەك کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت و غەرامەکردنی بە بڕێك کە لە (1,000000) یەك ملیۆن دینار پتر نەبێت بۆ هەر کەسێك کە:-**

**یەکەم: بە نیازی خراپ زانیاری یان واتە یان ڕاپۆرتی پێشکەشکرد کە پێچەوانەی ڕاستیی باری کەسەکەیە بۆ دەستبەسەرکردنی بە خورتی وەکو نەخۆشێکی دەروونی یان هەڵگرتنی دەستبەسەرکردنی.**

**دووەم: زانیاری یان ڕاپۆرتی پێشکەشکرد کە پێچەوانەی ڕاستییە سەبارەت بە باری دەروونی کەسێك بە ئامانجی لێبوردنی لەبەر پرسیاریەتی جەزایی گشت یان بەشێك لێی.**

**سێیەم: زیانی پابەند بوون بە دەقێنراوی ماددەی (39)ی ئەم یاسایە بگەیەنێ.**

**چوارەم: سزای بەندکردن کە ماوەکەی لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەیەك لە (500) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (1)ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێ لەو دوو سزایانە بۆ:-**

1- **هەر پزیشکێك لە ڕاپۆرتەکەیدا بە دەستی ئەنقەست و بە پێچەوانەی دروستی باری دەروونی یان ژیری کەسێك بسەلمێنێ بە مەبەستی داخلکردنی یان دەرکردنی یان بە مەبەستی پێدانی بەرپرسیاریەتی سزایی بە شێوەی گشتی یان بەشێکی.**

2- هەر کەسێك بە دەستی ئەنقەست کەسێك دەستبەسەربکات یان ببێتە هۆ بۆ دەستبەسەرکردنی کەسێك بەو سیفەتەی کە تووشی یەکێك لە نەخۆشییە دەروونی یان ژیرییەکان بووە و لە شوێن خۆی باره دەقێنراوەکانی ئەم یاسایەدا نەبووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکە داین وەك خۆی، تەنها یەك گۆڕانکاری دەکرێ ئەو ژمارە ماددانەی کە لە ناو یاساکە هاتووە ژمارەی ماددەی یاسا ئەسڵییەکەن، بەڵام دواتر بە گوێرەی گۆڕانی ژمارەی ماددەکان کە یاساکە ڕێکخرایەوە ئەو ژمارانە دەگۆڕین بۆ ئەو ڕەقەمەی کە ئێستا ماددەکان وەریان گرتووە، لەگەڵ بڕگەی یەکەمی یان خاڵی یەکەمی بڕگەی چوارەم کە دەڵێ (أو بهدف إعطاء حق المسؤولية الجزائية كلاً أو جزءاً) دەبێتە (اعفاءه من المسؤولية الجزائية كلاً أو جزءاً)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ دەقی یاساکەدام، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ئاهەنگ خان، د. بشیر، کاك نەژاد، تارا خان، هاژە خان، کاك جمال، د. احمد، ئاشتی خان، د. صباح، لیلی خان)، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لەگەڵ غەرامە تەحدید کردنی مەبلەغ نیم، لەگەڵ نسبەی زەرەرم، زەرەرەکە چەند بووە بە نەخۆشەکەی یان چی پێگەیاندووە بە نسبە تەحدید بکرێ غەرامەکە لەسەر ئەو شەخصە قەت لەگەڵ ئەوەی ئێمە کە (1000000)ملیۆنەك، حەدەسەکی زۆر عەنتیکە لە بەریتانیای بوو پارەکە پزیشکەکی پاکستانی کەنیسەکی بە کرێی گرت کەنیسەکە دەرووخا بە کرێی گرت، کردیە نەخۆشخانە چوار ساڵ هەتا دەعوایان لەسەر قەید کرد دوایی غەرامەیان لێ وەرگرت، (تاکسیشیان) لێ وەرگرت، وتی ئەوە من چوار ساڵە ئیش دەکەم (in come)کەم زۆر لە غەرامەکەی ئێوە زیاتر بووە و لە

(تاكسەكەی)، یەعنی بزنسم كردیە، دائیمەن غەرامە دەبێ ئـەمرۆ لـە دونیایـە دائیمـەن بـە نسـبە دادەنـێن بۆیە لەگەڵ تەحدیدی مەبلەغ نیمە، لەگەڵ نسبەی زەرەرم ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. بشیر.

**بەڕێز د. بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پێویستی بە داڕشتنەوەیەك هەیـە، هـەر لـە مـەنتوقی ماددەكـە دەڵـێ (مـع عـدم الإخـلال بـأي عقوبةٍ أشد نص علیه القانون یعاقب بالحبس)، ئەو یوعاقەبـە لـەوێ را بكەینـە ئەوەلـەن مەنتوقەكـە هـەتا (نص علیه القانون) بێ، ئینجا بێنە خوارەوە بڵێین ئەوەلـەن بـە كیتابەتـەن أولاً: (یعاقـب بـالحبس مـدە لا تزید علی سنة أو بغرامة) كل من ئەوەلەن كیتابەتەكە لەوێنـدەرێ بكەینـە ئەوەلـەن رەقەمـەن، بـە رەقـەم (یەك، دوو، سێ) ئەوانە بكەینە رەقەمەن، ئینجا خاڵی رابیعەن بكەینە ثـانیـەن كیتابەتـەن، ثانیـاً :(یعاقـب بالحبس مدة لا تتجاوز سنتین أو بغرامة) ئەوەندە یەعنی ئەوە بكرێتە دوو فەقەرە، مەسەلەی ئـەوەش كـە لە ئەوەلەن باسكراوە (بالحبس مدە لا تزید علی سنة) لە پاشان دەڵێ ( مدە لا تتجاوز علی سنتین)، یـەعنی ماوە ئەقەلەكەی دیـار نـەكردووە ئەقەلەكەشـی دیـار بكـرێ ئەزیەتەكـەش دیـاربكرێ، هـەروەها لا تقـل عـن (500)ألـف دینـار لەسـەرێش دەڵـێ لا تزیـد علـی (1000000)ملیـون دینـار لەهـەر دووكیـان ئەقـەل و زێدەكـەش زیـاد بكـرێ، لـە دواییـدا ئـەو دوو ماددەیـە مـاددەی ( 47) و مـاددەی (48) هـەردووكی مـاددەی عیقابیە بۆ هەر دووكی لێكنەدەین خاڵەكانی ماددەی (48)یـش دێتـە سـەرەوە دەكرێتـە خـاڵی خامسـەن و، سادیسەن لەبۆ ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تا رادەییەك لەگەڵ قسەكەی مامۆستایدامە بـە نسـبەت ئـەوەكان چـونكە لـە رابیعەنـدا وەكـو بڵێـی دەبێتـە ماددەیەكی تر لەبەر ئەوە لیژنەی قانونی حەلی بكاتن ئەوە شتێكی ئەوە نیە یەعنی دەتوانرێ حەڵ بكرێ، بەڵام بە نسبەت عقوباتەكان من لەگەڵ ئەوە دانیم یەعنی غەرامەكان كەمن بەراسـتی كـە لێـرە زیكركـراوە بە رەئـی مـن بكرێتـە (بغـرامـةٍ لا تزیـد علـی عشـرین ملیـون دینـار) ئـەوە یەكـەم، (وعلـی سـنتین) یـەعنی حەپسی سەنەتین بێ چونكە لەبەر ئەوەی زۆر شت هەیە پەیوەندی بە مەسەلە بە میراتەوە هەیـە یـەعنی بە مەلاین دیناری تێدایە بە مەلاین دۆلاری تێدایە یەعنی دەچن رەفعی حجزی لەسەر دەكـەن یـان حجـزی دەكەن لەو حاڵەتەدا بەراستی رەنگە بە پارەیەكی كـەم تـەرتیب بكـرێ یـان مەسـەلە بـۆ غـەرەزێكی سیاسـی یـەعنی كـابرای شـێت بـابڵێین تووشـی نەخۆشـی نەفسـی دەكـەن، دەڵـێن ئـەوە نەخۆشـی نەفسـی هەیـە یـان

نەخۆشی نەفسی نیە، یەعنی لەهەر دوو حاڵەتدا ئەوەی تریش (قدم بمعلومات یعاقب بالحبس مدة لا تتجاوز علی سنتین) ئەوەشیان پێموایە هەر کەمە ئەویش بکرێتە (10)ملیۆن، حەدی ئەعلاشی بکرێتە (20)ملیۆن تەجاوز نەکات یان (أو باحدی هاتین العقوبتین)، ئەوەی دیکەش کە ڕەقەم یەکی دراوەتێ لە ڕابیعەندا (کل طبیبٍ أثبت) بە ڕەئی من وا جوانترە ئەگەر وا بنووسرێ (أثبت مخالفة الواقع عمداً) نەك (عمداً في تقریر ما یخالف) نازانم ئەوە تۆزێك وەستاوە (أو بهدف إعطاءە) ئەو (ە)هائەکی دەوێتن، تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەم ماددەیە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئەمە رادعێکە بۆ ئەوەی ئەمانەی کە پێشێلی دەکەن بۆ هەر مافێك لەمافەکانی مرۆڤ کە ئەویش ئەوەیە شتێك بکەن خۆی حەقیقەت نەبێ لەبەر ئەوە لە دوو تەوەر خۆی دەبینێتەوە، بەرای من یەکەم و دووەم و سێهەم لەگەڵ هی دووەم فەقەرە کە (کل من حجز) ئەمانە بە جودا بێت غەرامەکەیان پزیشکیش بە تەنها کە عەمەدەن هاتووە مەعلوماتێك دەدات مەعلوماتەکە ڕاست نەبێت ببێتە هۆکارێك بۆ چوونە ژوورەوەی یەکێك لەبەر ئەوەی یان ڕەشوەیەکی وەرگرتووە بە پارە لەلایەن کەسێك، بۆ نموونە ئەهلیەتی لە دەستبدات بۆ ئەوەی حجزبکرێت کە هیچی بەر نەکەوێت ئەمە سێ جار هەڵەی کردووە ئەو پزیشکە، یەکەم قەسەمەکەی کە خواردوویەتی کە دەبێ هەموو کارێك کە دەیکات دەبێت کارێك بێ تەئسیری لەسەر نەبێت وە کارەکەی بەپێی قانون بکات، دووهەم شت کە هاتووە شتێکی کردووە کە یاسایی نیە ئەویش ڕازیبوونی ئەو کەس و کارەیە کە لێیان داواکردووە ئەم کارە بکات، سێهەم شت کە بەپێی میهنەی توبیی وە شەرەفی ئەو میهنەیە داوا دەکەم ئیقتیراح بکرێت کە موزاوەلەی کارەکەی خۆی نەکات، جگەڵە لەو سزاییەی بۆی دانەنراوە بۆ ماوەی ساڵێك نەچێتەوە ئەو کارەی خۆی، چونکە مەعلوماتێکی هەڵەی داوە بۆ پێشێلکردنی مافێك بۆ نەخۆشێك کە داخل بە نەخۆشخانە بکرێت لەبەر ئەوە ئیقتراح دەکەم حەپس و غەرامە حەپسەکە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت، غەرامەکەش لە (5)ملیۆن کەمتر نەبێ بۆ ئەو کەسەی کە لە میهنەی توبییە، ئەویتریش حەپس و غەرامەکە پێکەوە بێت (1)ملیۆن نەبێت بەڵکو بکرێت بە (2)ملیۆن، کەواتە دوو ئیقتراحە، یەکەمیان سێ شەخصی ئیعتیادی کە بە غەڵەت زانیاری دەدەن بە جیابێت، پزیشکەکەش کە خۆی تەقریرەکەی نووسیوە مەفروزە عقوبەی شەدید تر بێ لەسەری چونکە ئەو دەبێ تەئسیراتیی لەسەر نەبێ کە لە یاساکە هەندێ جار بەداخەوە ئەمە ڕوودەدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە، یەکەمیان دەڵێ (مع أخلال بأي عقوبة أشد نص علیه القانون یعاقب بالحبس مدة لا تزید علی سنة أو بغرامة لا تزید علی ملیون دینار)، لێرە بەراستی لە چوارەمیشدا هاتووە دەڵێ (أو بإحدی هاتین العقوبتین)، باشە بۆ یەکەم نابێت (أو بإحدی هاتین العقوبتین) هەبێت تەنها بۆ چوارەم نەبێت یەعنی من پرسیارەکەم لێرە ئەوەیە، بۆیە من بەراستی پێشنیار دەکەم کە لە یەکەمیش هەر ئەوە دابنرێت (أو بإحدی هاتین العقوبتین)، وە هەستدەکەم لەچوارەم یەعنی تەفاوتێك هەیە لە ما بەینی عقوبەکە و غەرامەکە، عقوبەکەی دوو ساڵە بەلأم غەرامەکەی لە (500)هەزار کەمتر نەبێت لە (1)ملیۆن زیاتر نەبێت، بە تەئکید یەعنی هەر پزیشکێك ئەو ئیشەبکا بە تەئکید یەعنی غەرامەکە دەدات کە ئەگەر ملیونێك بێت، دوو ملیون بێ، سێ ملیون بێ، بەلأم دوو ساڵ ناچێتە سجن، یەعنی ئەوە تەفاوتێکی زۆر هەیە لە ما بەینی غەرامەکە و عقوبەکە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەگەر بتوانین ئەوە داڕشتنێکی تری بۆ بکەینەوە کە بتوانرێ کە تەوازنێك بکرێت لە نێوان عقوبەکە و غەرامەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر بڕگەی چوارەم هەیە، کە لێرە دوو عقوبەی داناوە عقوبەکان دەڵێ (بإحدی هاتین العقوبتین یعاقب بالحبس مدةً لا تتجاوز سنتین و بغرامة لا تقل عن خمسمائة الف دینار و لا تزید عن ملیون دینار أو بإحدی هاتین العقوبتین)، کەوابوو یەکێك لەو دوو عقوبانە یەعنی چۆن دەتوانین هاوسەنگی رابگرین یان موقارەنە بکەین لە بەینی دوو ساڵ و لە بەینی (500)هەزار دینار لە کاتێدا ئەو دوو خاڵەی دوایی کە هەر دکتۆرێك لە تەقریرەکەی خۆیدا خیلافی واقع بسەلمێنێت یان ئەو خاڵەی دووەم (کل من حجز أو تسبب عمداً في حجز أحد الاشخاص الی أخره)، بەلأم لە هەمان کاتدا بتواندرێت بە یەکێك لەو دوو عقوبانە سزابدرێت کەوابوو بە (500)هەزار دینار رزگاری دەبێ، یەعنی بەراستی ئەمە پێموایە زۆر ناجۆرە، بەڵکو لە نێوان سجنی دوو ساڵ و (500)هەزار دینار پێموایە هەر دووکیان پێکەوە بێت وەکو ئەوەی لە خاڵی یەکەمدا هاتووە کە (مدة لا تزید علی سنةٍ و بغرامةٍ لا تزید علی (100)ملیون دینار)، واتە هەر دووکیان پێکەوە بێ نەك (بإحدی هاتین العقوبتین) لابرێ، واتە بڵێ (لا تتجاوز سنتین و بغرامە لا تقل عن (500) أو لا تقل عن ملیون دینار) تەواو نەك (بإحدی هاتین العقوبتین) ئەوە لابرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرمووو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (47) ئەحكامی عیقابی لێرەدا مولاحەزەی من بەشێكی وترا دووبارەی ناكەمەوە، ئەوەی كە پێویستە بیڵێم لە بڕگەی یەكەمدا نووسراوە (قدم بسوء النیة) بە بڕوای من ئەمە زۆر لاوازی كردووە ئەحكامە عیقابییەكەی زۆر زەعیف كردووە كە ئەو (سوء النیة) هاتۆتە پێشەوە، چونكە ئێمە ئەمە جێدەهێڵین دواتر بۆ بڕیاری دادگا كە ئایا سوئی نییە یە یان سوئی نییە نیە، یەعنی ئەمە بە بڕوای من هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی سیاغەكە سیاغەیەكی بەهێزتر بێت و لە ناو ئەحكامی عیقابیدایە ئەمە خاڵێكیان مولاحەزەم لەسەر ئەم بڕگەیە، خاڵێكی تریان كە لێرەدا دەڵێت (قدم بسوء نیة معلومات أو بیانات أو تقاریر تخالف الحقیقة)، كە دەڵێی بیانات و تەقاریر ئەم لەحزەیە وا تێدەگەیت كە مەبەستی لەوەیە ئەو كەسانەی كە حەقی ئیتلاعیان هەیە لەسەر سجلات و ئەوانە بەس كە بڕگەی دوای ئەوە حەقیقەتێك روون دەكاتەوە (تخالف حقیقة لحالة شخص ما بقصد حجزە إجبارە كمریض نفسي أو بهدف رفع الحجز)، كێ سەلاحیەتی هەیە حیجزی نەخۆش بكات و یان حیجزەكەی لەسەر لابەرێ، ئەگەر لیژنەی هاوبەش گوێم لێبگرن سوپاستان دەكەم، بە تەنها دكتۆر سەلاحیەتی هەیە، یەعنی ئەمە هەموو كەسێك نیە زۆر بە مەجهول هاتووە هەر یەكێك كە مەعلومات بدات لەسەر یەكێك كە راست نەبێت بە هەدەفی حیجزكردنی یان حیجزەكە لەسەری هەڵبگیرێت، چونكە لە ماددەكانی پێشوودا ئێمە ئیقرارمان كرد تەسبیتمانكرد كە ئەم حاڵەتانە بە تایبەت مەسەلەی ئەو كەسانە كە حیجزدەكرێن لە ژوورێكی موغلەقدا یان لە موئەسەسەكە دەهێڵدرێتەوە بە تەنها بەڕێز وەزیر ئاماژەی بەوەكرد كە دەبێ دكتۆرە موختصەكە خۆی بێت پسپۆرەكەش بێ كە حەقی ئەوەی هەیە ئەو كەسە، بۆیە ئێستا بە شكڵێكی زۆر مەجهول وتوومانە یەعنی لێرە رێگری چیە كە ناوی دكتۆرەكە بنێین، یەعنی تەحدیدی بكەین مەسئولیەتەكە بۆ دكتۆرەكە مەسەلەن (كل طبیب أثبت عمداً بتقدیمە معلومات أو بیانات أو تقاریر تخالف حقیقة لحالة شخص ما بقصد حجزە إجبارە كمریض نفسي)، چونكە ئەم دەسەڵاتە نەدراوە بە موەزەفی ئیداری یان بە موەزەفێكی ئیجتیماعی تەنها دەسەڵاتەكە لای دكتۆرەكەیە، بۆیە من ئەو دوو مولاحەزەیەم هەبوو لەسەر بڕگەی یەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرمووو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەكانی من كران لەلایەن هاوكارانمەوە، ئەم ماددەیە مادام ماددەیەكی عیقابیە بە تایبەتی كە باسی تەحدیدی عقوبات دەكات دەبێ حەدی ئەدناش دیاری كرێ و حەدی ئەعلاش، یەعنی بە تایبەتی كە دەڵێ (مع عدم الاخلال بأي عقوبة أشد نص علیه القانون یعاقب بالحبس مدة لا تقل)، ئەوە دیاری بكرێ ئینجا هەر هەمووی بخرێتە ژێر ئەو بابەوە رابیعەن ئەوە وەكو تیكرار دەردەچێ یان دەبێ بكرێتە ماددەیەكی سەربەخۆ ئەگەر نا ئەوەی سەرەوەی دێتەوە بەسەرا، مەوزوعی سوئی نییە كە باسكرا ئیسباتی سوئی نییە و صدقی نییە تۆزێك موشكیلەیە بۆیە مولاحەزە بكرێ هەر بڵێی (قدم معلومات أو بیانات أو تقاریر تخالف الحقیقة)، چونكە هەموو كەسێك هەمیشە دەزانین حوسنی نییەت موفتەرەزە، بێجگەلەوە ئەو ماددەیە مادام ماددەیەكی عیقابیە حەقە وردەكاریەكی زیاتری تیابكرێ وە سوڵتەیەكی تەقدیریش بدرێ بەقازی فیعلەن چونكە ممكینە جرائیمەكان و تاوانەكان جیاوازبن لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر، نیسبەتی تاوەنەكەش لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیاوەزە، بۆیە ئەو سوڵتە تەقدیریە هەر بمێنێ (مدە لا تقل ولا تزید)، هەروەها غەرامەكەشی لەگەڵ دابێ (أو بأحدی هاتین العقوبتین) وەكو لە عورفی تەشریعە عیقابیەكاندا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیلی خان.

**بەڕێز لیلی امیر عاض:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من تێبینیم كردبێتن ئەو حوكمە سزاییەی كە لەو ماددەیە باسی لێكراوە پێویستە هەر چوار خاڵی ماددەكە بگرێتەوە واتە هەم سزای بەندكردن كە یەك ساڵە و ئەو مەبلەغەی بۆ غەرامەكە دانراوە خاڵی چوارەمیش بگرێتەوە، بەڵام تێبینی دەكرێت كە لە خاڵی چوارەم هەم ساڵی بەندكردنەكە جیاوازە، زیاد كرایە، هەم غەرامەكەش گۆڕانكاری لێ كراوە، بۆیە من بەباشی دەزانم ئەگەر خاڵی چوارەم هەر لە زمنی ئەو ماددەیە بمێنیتەوە، هەر لەگەڵ وی بێتن، گۆڕانكاری تێدا بكرێتن، یەك بخرێتن لە حوكمە سزاییەكی یانیش بە بڕگەیەكی جیاواز تۆمار بكرێتن، تێبینی دووەمم لەسەر ئەو نسبەیە كە وەكو غەرامە دانراوە لە خاڵی چوارەم جیاوەزیەكی زۆر هەیە لە نێوان دوو ساڵ بەندكردنو (500)هەزار غەرامە، بۆیە من لێرە پشتگیری لە رای ئاهەنگ خان دەكەم، پێمباشە ئەگەر بكرێتن ئەو غەرامەیە نەك بە ژمارە دیاری بكرێتن، بەڵكو بكرێتە نسبە، نسبەیەك دابنرێتن بەپێ ئەو زەرەرەی كە بەو كێسە دەكەوێت، لەو حاڵەتەی كەوا رووبەرووی ئەو حوكمانە دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو عقوبەییەی کە ئێمە لەو قانونە دامانناوە لە قانونی عیراقیدا نیە، لە قانونی عیراقی بە هیچ شێوەیەك باسی پزیشك ناکات، زۆر ئەندام پەرلەمانانی بەڕێز باسی زیادکرنی عقوبەکەیان کرد ئەو عقوبەیە زیادبکرێ لەوە زیاتر من پێموایە لەم کاتەشدا لەوە زیاتر زیادبکرێ، یەك پزیشك ناوێری یەك تەقریر بنووسێ، ئەوە ئێمە تووشی موشکیلە دەکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوە نیم هیچ عقوبەیەك زیاد بکرێت، ئێمە کە قانون دادەنێین کە عقوبەی خەڵك دەدەین بۆ ترساندنی خەڵك نیە بۆ راستکردنەوەی کۆمەڵگایە (أنشاء الله) قەت شتی وا ڕوونادات دکتۆرەك بە عەمد خوا نەخواستە تەقریری بنووسێ، هینێ بکا، بەڵام ئێمە ئەم قانونەشمان کە داناوە لە قانونی عیراقیەکەشا نیە ئەوەی لەبەر دەست بەڕێزتاندایە بۆیە زیادکردنی ئەو عقوبەیە بە نەوعێك دەبێتە هۆی ترساندنی ئەو دکتۆرانە ئێستا ئێمە تووشی کێشەیە بووین، زۆرجار سەیدەلانییەکان ناوێرن دەرمان بکرن، لەبەر ئەوەی غەڵەتێ بکەین دەمانبەن بۆ مەحکەمە، بۆیە زۆرجار دانانیی هەندێ نەسی عیقابی ئیشکەت لە عەرزی واقعدا خەلەلت بۆ دروستدەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی تەندروستی و لیژنەی یاسایی پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین کە ریزبەندی ماددەکان پێویستی بە ریکخستنەوە هەیە، سەبارەت بە سزایەکەش ئەوەی لە برگەی چوارەمی ماددەکە هاتووە لە (500)هەزار کەمتر نەبێ و لە ملیۆنەك زیاتر نەبێ تەنها (500)هەزار نیە بەرامبەر دوو ساڵ گرتنی یان حەپسکردن، بەڵام ئەوە دەسەڵاتی تەقدیری دەدرێتە مەحکەمە، دەدرێتە حاکم کە بڕیاربدا بەپێی ئەو کارەی کە ئەنجامیدەدا لەو بارودۆخەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام درایە دەسەڵاتی تەقدیری دەدریتە حاکم لە نێوان ئەو دوو سزایە چەند هەڵدەبژێری لە نێوان (500)هەزار تاکو ملیۆنەك، لەلایەن هەر دوو لیژنە ماددەکە بەو شێوەیە پێشنیاری ئەو داڕشتنەوەیە دەکەین، أحکام عقابیە ماددەی (47) ریزبەندەکە دەگۆڕێت دەبێتە (38).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك احمد، نوقتەی نیزام؟

**بەڕێز د. احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یـەعنی دوو عقوبەکـە لـە نێـوان حەپسـەکە و غەرامـەی مالییەکـە دوو عقوبەیـە نـەك لـە نێـوانی (500)هەزارەکە و (1)ملیۆنەکە، بۆیە ئاگاداربن دوایی ئەمە تەفسیری دیکەی بۆ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە بڕگەی چوارەمی ئەسڵی ماددەکە هاتووە (یعاقب بالحبس مده لا تزید علی سنتین و بغرامة لا تقل عن (500)ألف دینار ولا تزید علی ملیون دینار أو بأحدی هاتین العقوبتین)، مەبەستم ئـەو روونکردنـەوە بوو کە سوڵتەی تەقدیری مەحکەمەیە کـە بڕیـاردەدات لـە نێـوان ئـەو سـزایانە، سـەرەتا بـاس لـەوە دەکـات (واو)ی تێدایـە ئـەو نیـە (الحبس و غرامـە) حەپسـەکە لـە دوو سـاڵ زیـاتر نـەبێ، غەرامەکـەش لـە نێـوان (500)هەزار تاکو (1)ملیۆن (أو باحدی هاتین العقوبتین).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

دوا سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (38): أولاً: مع عدم الاخلال بأی عقوبةٍ اشد ینص علیها القانون یعاقب بالحبس مدة لا تزیـد علـی سنة و بغرامة لا تزید علی (1000000)ملیون دینار کل من:-

1- قدم بسوء نیة معلومات أو بیانات أو تقـاریر تخـالف الحقیقـة بشـأن الحالـة النفسـیة لشـخص بقصـد حجزه او إجبارهٔ کمریض نفسي أو بهدف رفع الحجز عنه أو بأعفائه من المسؤولیة الجزائیـة کـلاً أو جزءاً .

2- اخل بالالتزام المنصوص علیه في المادة (31) من هذا القانون.

ثانیاً: یعاقب بالحبس مدة لا تتجاوز سنتین و بغرامة لا تقل عن خمسمائة ألف دینـار ولا تزیـد علـی ملیـون دینار أو بإحدی هاتین العقوبتین:

1- کل طبیب أثبت عمداً في تقریره ما یخالف الواقع في شـأن الحالـة النفسـیة أو العقلیـة لأحـد الأشـخاص بقصد إدخاله المؤسسات أو إخراجه منها أو بهدف اعفائه من المسؤولیة الجزائیة کلاً أو جزءاً.

2- کل من حجز أو تسبب عمداً في حجز أحد الأشخاص بصفته مصاباً بأحد الأمراض النفسیة أو العقلیـة في غیر الأمکنة أو الأحوال المنصوص علیها في هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە (1) كەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (48) كە دەكاتە ماددەی (39): یعاقب بالحبس مدة لا تتجاوز ستة أشهر و بغرامة لا تزید عن ثلاثمائة ألف دینار أو بإحدی هاتین العقوبتین:-

أولاً: كل من مكن عمداً شخصاً خاضعاً لإجراءات الدخول أو العلاج الإلزامي من الهرب أو ساعده علی ذلك أو أخفی بنفسه أو بواسطة غیره مع علمه بذلك.

ثانیاً: كل من حال دون إجراء التفتیش المخول لمجلس الصحة النفسیة أو من ینـدب لـذلك طبقاً لأحكام هذا القانون.

ثالثاً: كل من رفض اعطاء معلومات تحتاج إلیها المجلس للصحة النفسیة أو مفتشوها في أداء مهمتهم أو أعطی معلومات مخالفة للحقیقة مع علمه بذلك.

رابعاً: كل من أبلغ إحدی الجهات المختصة كذباً مع سوء القصد في حق أحد الأشخاص بأنه مصاب بمرض نفسي مما نصت علیه أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (48) كە دەكاتە ماددەی (39): سزای بەندكردنی دەدرێت بە ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و غەرامەیەك لە سێ سەد هەزار دینار تێنەپەڕێت، یان بەیەكێ لەو سزایانە بۆ:-

یەكەم: هەر كەسێك وا بكات كە كەسێك ركێفی ڕێكارەكانی داخلبوونی یان چارەسەركردنی بە خورتیە بتوانێ هەڵبێت، یان بۆ ئەوە یارمەتیی دابێت، یان خۆی شاردبێتییەوە یان بەهۆی كەسێكی ترەوە كە ئەم ئاگاداریەتی.

دووەم: هەر كەسێك نەهێڵێ ڕێكارەكانی پشكنینی ڕێپێدراو بە دەستەی گشتیی تەندروستیی دەروونی یان نوێنەرێك بۆ ئەوەی بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بكرێت.

سێیەم: هەر كەسێك ئەوە رەتكاتەوە كە زانیاری بدات كە دەستەی گشتیی تەندروستیی دەروونی یان پشكنەرەكانیان پێویستییان پێیەتی بۆ راپەڕاندنی كارەكانیان، یان بە پێچەوانەی راستییەكان زانیاری دابوو.

چوارەم: هەر کەسێك کە لایەنە پەیوندیدارەکان بە درۆ و نیازی خراپ ئاگاداربکاتەوە دژ بە کەسێك کە گوایە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، یان بەپێی دەقێنراوی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین، تەنها هەر دوو غەرامەکە پێکەوە بێ نەك ئەوەی کە یان بە یەکێك لەو دوو سزایە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ یاساکەم، بەڵام خاڵی چوارەم هەر دووبارە نیە بۆ ماددەکەی پێشوو ئەگەر خاڵی چوارەم لابرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنها یەك کەس، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ملاحظەم تەنها لە شێوازی داڕشتنەکە هەیە بتوانن هەر (کل من، کل من) سێ، چوار جار (کل من) هاتیە، بڵێن (یعاقب بالحبس الى أخره أو بإحدى هاتين العقوبتين كل من) ئیتر (کل من)ەکەی بیدایەتی هەر جوملەیەك لابدرێت ئەمە یەك، خاڵی دووەم (ثانياً نووسراوە: حالة دون إجراء التفتيش المخول للهيئة) یەعنی زمانەوانی تۆزێك تەواو نیە ئەگەر بڵێی (کل من) ئەگەر لادرا تەبعەن (کل من) لادەدرێت دەبێتە چ (حالة دون قيام لجنة الصحة النفسية أو من يمثلها بإجراءات التفتيش طبقاً لاحكام هذا القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس لەگەڵ ئەوەدام کە خاڵی چوارەم لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕیزبەنـدی ماددەکان وابـزانین دەبێتـە (39)، چونکە دوایـی دەگـۆڕێ ڕیزبەنـدەکان هەنـدەك مـاددە ئیلغـا کرایەوە و هەندەك ماددە زیادکرایە: (یعاقب بالحبس مدة لا تزید علـی سـتة أشـهر و بغرامـة لا تزیـد علـی ثلاثمائة ألف دینار کل من:-

أولاً: مكن عمداً شخصاً خاضعاً لإجراءات الدخول أو العلاج الإلزامي مـن الهـرب أو سـاعده علـی ذلـك أو أخفـاه بنفسه أو بواسطة غیره مع علمه بذلك.

ثانیاً: حال دون قیام لجنة الصحة النفسیة أو من یمثلها لإجراء التفتیش وفق أحكام هذا القانون.

ثالثاً: رفض اعطاء معلومات تحتاج إلیها لجنة الصحة النفسیة أو مفتشـوها في أداء مهـامهم أو أعطـی معلومـات مخالفة للحقیقة مع علمه بذلك.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگـەڵ دانیـە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (49) کە دەکاتە ماددەی (40): ((یعاقب بغرامة لا تزید عن ملیون دینار کل مـن خـالف حكمـاً مـن أحكام المواد (14، 15، 26، 27، 29، 43) من هذا القانون)).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (49) کە دەکاتـە مـاددەی (40): هـەر کەسـێك سەرپێچیی حوکمێـك لـە حوکمـەکانی ئـەم ماددانـە (14، 15، 26، 27، 29، 43)ی ئەم یاسایە بكات سزای غەرامەکردن دەدرێت کە لەیەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین وەك خۆی، تەنها ژمارەی ماددەكان دواتر ڕێكدەخرێتەوە ئەو ژمارانەی كە هاتوون ژمارەی ماددەن لە یاسا ئەسڵیەكە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ماددەكە دام، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كەس تێبینی نیە، بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (50) كە دەكاتە ماددەی(41): (یعاقب بغرامة لا تقل عن مليون دينار ولا تزيد عن مليونين كل من أفشى سراً من أسرار المريض النفسي مخالفة لأحكام هذا القانون أو أعطاه عمداً أو بإهمال شديد دواء بدون تعليمات الطبيب المختص أو مخالفة لتعليماته).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (50) كە دەكاتە ماددەی (41): سزای غەرامەكردنی لە ملیۆنێك دینار كەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت هەر كەسێك نهێنییەك لە نهێنییەكانی نەخۆشی دەروونی بڵاو بكاتەوە بە پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە یان بە دەستی ئەنقەست یان بە كەمتەرخەمییەكی زۆر دەرمانێكی پێدا كە بەبێ ڕێنماییەكانی پزیشكی پسپۆر بوو یان سەرپێچیی ڕێنماییەكان بوون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین وەك خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە باسی دانی دەرمانی تێدایە بە غەڵەت و باسی سڕی نەخۆشی تێدایە، بۆیە ملیۆن دینار و دوو ملیۆن دینار کەمە، من پێموایە ئەگەر شتێکی سجنی بۆ زیاد بکرێ، یەعنی مەسەڵەن شەش مانگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو کاک کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە دوو بڕگەی تێدایە بڕگەکان تەقریبەن لێك جودان، یەکێکیان ئەوەیە عیلاقەی بە ئاشکراکردنی هەندێ نەهێنی هەیە کە لەسەر نەخۆشەکە، دووەم عیلاقەی بە ئیهمالکردنی موەزەفەکانە لەوێ بۆ دەرماندان یاخود دکتۆر و موزەمیدەکان کە لەوێ دەرمان بە غەڵەتی دەدەن ئەو ببێتە بڕگەی یەکەم و دووەم لەگەڵ ئەو تێبینیەی بەڕێز جەنابی وەزیریش هەیەتی بۆ ئەوەی عقوبەی سجنیشی تێدابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاک قادر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە ڕەئیەکەی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم وە هەروەها بڕای هاوکارم مامۆستا کاوە، پێشنیار دەکەم لە لیژنەی هاوبەش کە ئەو ماددەیە بکرێتە دوو بڕگە، چونکە بەخۆی تەبیعەتەکەی یەعنی موخالەفەکان لێك جیاوازە واتە سزای غەرامەکردنی لە ملیۆنێك دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێ هەر کەسێك نهێنیەك لە نهێنیەکانی نەخۆشی دەروونی بڵاوبکاتەوە، ئەمە بڕگەیەك بێ کە دەڵێ بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەروەها پێشنیار دەکەم کە سزایەکی حەپسیشی لەگەڵ دابێ، چونکە سزای ماددیی نابێتە کاریگەریەکی ئەوەتۆ لەسەر خەڵك زۆر کەس ئەگەر هەیبێ ئامادەیە چەند پارە بدات، بەڵام ڕۆژێك نەچێتە حەپس، بۆیە لە ڕووی دەروونی زیاتر کاریگەری دەبێ لەسەر ئەو خەڵکەی کە موخالەفە دەکات واتە حەپسیشی بۆ زیاد بکرێ، هەروەها بڕگەی دووەمیش کە دەڵێ دانیی دەرمانی بە ئەنقەست یان کەمتەرخەمی ئیهماڵی عەمدی ئەمە غەرامەکەی هەم لە ماددیی و هەم لەحەپسەکەش زیاتر بێ لە بڕگەی یەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەمە وەكو ڕەئیی لیژنەی تەندروستی نەك قانونی، سەبارەت بەو پێشنیارەی كە بكرێتە دوو بڕگەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەین بكرێتە دوو بڕگەوە، بەلاّم لە دوو بڕگەكەش تەسەوردەكەم كەمتەرخمیەكەو پێدانی دەرمانەكە دوو شتی جیاوازە، كەمتەرخەمیەكە چارەسەركراوە، هەر ئەو كەمتەرخەمیەی كە كارمەندێك و پزیشكێك دەیكات، هەمان كەمتەرخەمیە كە موەزەفیكی تر دەیكات، لەبەر ئەوە هەر پێموایە بەگوێرەی ئەم یاسایە موعامەڵەی لەگەڵ دەكرێ، بەلاّم دەكرێت بڕگەیەكیان پێدانی دەرمان بێت بەبێ ڕەچەتەی پزیشك، بەبێ ڕەزامەندی پزیشك ئەوە دەتوانرێت بكرێتە بڕگەیەكی دیكە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەكەمان كردە دوو بڕگە، بڕگەیەك سزایەكی تایبەت لەبۆ ئەوەی كە نهێنییەكی نەخۆشەكە ئاشكرا دەكرێت، بڕگەی دووەم سزایەكی تایبەتی هەبێ بەو حاڵەتەی كە دەرمانەك لەبۆ نەخۆشەكە دەنووسیی كە پێوستی پێ نیە یان پێچەوانەی ڕێنماییەكانە، ماددەی (41): أولاً: یعاقب بغرامة لا تقل عن ملیون دینار ولا تزید علی ملیونین دینار كل من أفشی سراً من أسرار المریض النفسي مخالفة لأحكام هذا القانون.

ثانیاً: یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر ولا تزید علی سنة وبغرامة لا تقل عن ملیون دینار ولا تزید علی ملیونین دینار كل من قام بأعطاء المریض عمداً أو بإهمال شدید دواء بدون تعلیمات الطبیب المختص أو مخالفة لتعلیماته.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (51) كە دەكاتە ماددەی (42): (یعاقب بغرامة لا تزید عن ثلاثمائة ألف دینار كل من خالف أحكام المادة (43) من هذا القانون، ویعاقب بغرامة لا تقل عن ثلاثمائة ألف دینار ولا تزید عن ملیون دینار كل من خالف أحكام المادة (46) من هذا القانون).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (51) کە دەکاتە ماددەی (42): (بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە سێ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك سەرپێچیی حوکمەکانی ماددەی (43)ی ئەم یاسایە بکات، و بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ملیۆنێك دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر کەسێك سەرپێچیی حوکمەکانی ماددەی (46)ی ئەم یاسایە بکات).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەکەین وەك خۆی تەنها بەگۆڕینی ژمارەی ماددەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ماددەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ یەك کەس، فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر لە ماددەی (49) بڕی غەرامە بۆ سەرپێچی ماددەی (43) دیاریکراوە کە بڕەکەی (1)ملیۆن دینارە لێرە دووبارە بۆتەوە هەم ماددەی(43) سەرپێچیکردنەکەی (300)هەزارە، بۆیە دووبارەیە ئەو ماددەیە ئایا (49) یان (51)کە، بۆیە پێویستە تەنها ماددەی (46) بڕی غەرامەی بۆ دیاری بکرێ چونکە (43) دیاری کراوە لە ماددەی (49) ئەسڵیی یاساکە کە دەڵێ هەر کەسێك سەرپێچی حوکمێك لە حوکمەکانی ئەم ماددانە (14، 15، 26، 27، 29، 43) ئەم یاسایە بکات سزای غەرامەکردن دەدرێت کە لە (1)ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، کەوابێ لە ماددەی (51) ئەسڵی یاساکەش جارێکی تر ماددەی (43) دووبارە بۆتەوە بڕی غەرامەکەش کەمترکراوەتەوە، بۆیە تکایە لیژنەی یاسایی پێداچوونەوەی بۆ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەو ماددەیە دووجار سزای لەبۆ دانرایە لەبەر ئەوەی ریزبەندی ماددەکان گۆڕا ئەو ناکۆکیە روویدا، ماددەی (51) بەو شێوەیە دادەرێژینەوە: (يعاقب بغرامة لا تقل عن ثلاثمائة ألف دينار ولا تزيد على مليون دينار كل من خالف أحكام المادة (37) من هذا القانون).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الباب الثامن**

**صندوق الصحة النفسية**

ماددەی (52) کە دەکاتە ماددەی (43): (ينشأ صندوق للصحة النفسية بوزارة الصحة يديره مجلس إدارة يشكل بقرار من الوزير برئاسة رئيس المجلس للصحة النفسية أو من ينيبه و عضوية كل من:-

أولاً: مدير عام الشؤون الإدارية و القانونية في الوزارة.

ثانياً: أحد أعضاء المجلس للصحة النفسية تختاره المجلس.

ثالثاً: عضو من الجمعيات الأهلية المهتمة بالصحة النفسية.

رابعاً: أحد الشخصيات العامة من المهتمين بالصحة النفسية.

خامساً: مراقب مالي من وزارة الصحة.

وتحدد التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون نظام عمل مجلس الإدارة و كيفية إصدار قراراته، وللمجلس أن يستعين بمن يراه من ذوي الخبرة).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سندووقی تەندروستی دەروونی: ماددەی (52) کە دەکاتە ماددەی (43): (سندووقێك بۆ تەندروستیی دەروونی لە وەزارەتی تەندروستی دادەمەزرێت ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات و بە بڕیارێکی وەزیر و سەرۆکایەتی سەرۆکی دەستەی گشتیی تەندروستیی دەروونی یان نوێنەری ئەندامێتی هەریەك لەمانە دەبێت:-

يەكەم: بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبردن و یاسایی لە وەزارەت.

دووەم: یەكێك لە ئەندامانی دەستەی گشتیی تەندروستیی دەروونی كە دەستە هەڵیدەبژێرێت.

سێیەم: ئەندامێك لە سەندیكا ئەهلییەكان بایەخ بە تەندروستی دەروونی دەدات.

چوارەم: چاودێرێكی دارایی لە وەزارەتی تەندروستییەوە.

ڕێنمایی دەركراو بۆ جێبەجێكردنی ئەم یاسایە دەستنیشانی ڕێسای كاركردنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و چۆنێتی دەركردنی بڕیارەكانی دەكات، ئەنجومەنیش بۆی هەیە پشت بە هەركەسێك ببەستێت كە خاوەنی شارەزایی بێت).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە دەروازەی هەشتەم واتە دروستكردنی سندووقەكە ڕەتبكرێتەوە كە دەكاتە ماددەی (52،53) لەبەر ئەوەی ڕەبتیان بەیەكەوەیە كەواتا پێشنیارەكەمان ئەوەیە كە ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە ماددەی (52) لەگەڵ (53) بۆ ئیلغاكردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ پێشنیارەكەی لیژنەی هاوبەشم، پێموایە ئەو سندووقەو ئەو بابە پێویست نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیلغاكردنەوەی ماددەی (52، 53) كە تایبەتە بە دروستكردنی سندووقی تەندروستی دەروونی، سوپاس.

بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە ماددەی (52،53) ئیلغابكرێتەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (54) کە بووە ماددەی (43): (لوزیر الصحة إصدار التعلیمات اللازمة لتنفیذ هذا القانون).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان بە کوردییەکەی.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (54) کە بووە ماددەی (43): (وەزیری تەندروستی بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین وەك خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ دەقی ماددەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کەواتە ماددەکە وەك خۆی، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، سیاغەی دەکەنەوە؟ ببورن با سیاغەی بکەنەوە، فەرموون.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(لوزیر الصحة إصدار التعلیمات اللازمة)، ئەندامان حەزیان لە (علی)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**شەرت نیە هەر قانونەك تەعلیمات لە دوویبن ئیحتیمالْ هەیە قانونەكە هەند روون و ئاشكرا بێتن پێویستی بە تەعلیماتی نەبێتن، ئینجا سولتەیەكی تەقدیریە بۆ وەزیر، تەماشایان كردن ئەگەر پێویستی بە تەعلیمات بێت دەردەكات ئەگەر پێویستی پێ نەبێت دەرناكات، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**فەرموو د. عمر.**

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەوەی كاك فرسەت دەڵێ لە راستیدا وایە، بەلأم شكمان نیە كە ئەم قانونە سەد لە سەد پێویستی بەوە هەیە وەزیر تەعلیمات دەركات، ئینجا بۆیە (على) باشترە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**فەرموو دوا سیاغەتان بیخوێننەوە.**

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**(على وزير الصحة إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون)، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرز كاتەوە، (5) كەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددیەكی تر.**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (55) كە دەبێتە ماددەی (44): (لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون).**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**فەرموو بە كوردییەكەش.**

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (55) كە دەكاتە ماددەی (44): (كار بە هیچ دەقێك ناكرێ كە دژ بەم یاسایە بوەستێتەوە).**

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەرێز رێباز فتاح محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین، سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەرێز د. رێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ یاساكەین، سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كەواتە ئەو ماددەیە خوێندرایەوە بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەرێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (56) كە دەكاتە ماددەی (45): (ینفذ هذا القانون إعتباراً من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة).

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان بە كوردییەكەی

**بەرێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (56) كە دەكاتە ماددەی (45): (ئەم یاسایە لەو رۆژەوە جێبەجێدەكرێت كە لە رۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەكرێتەوە).

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك رێباز.

**بەرێز رێباز فتاح محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینییەكمان نیە، سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کەواتە بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ داینە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ئاخیر فەقەرە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الباب التاسع**

**الأسباب الموجبة**

مما لا شك فيه أن المريض النفسي يعاني فضلاً عن حالته النفسية المضطربة، من الكثير من الظلم و الحيف الناجم عن معاملة المجتمع غير الصحية له و ممارسة التمييز ضده في الكثير من الأحيان، إضافة إلى الكثير من المواقف النمطية المغلوطة أو الخوف أو الحرج أو النبذ أو التجاهل تجاههم، إلى جانب الكثير من الأنتهاكات الجسدية و الجنسية و النفسية التي ترتكب بحق المرضى النفسيين و التي تضاعف من معاناتهم. وبغية مواجهة كل ذلك و تحويل المرضى النفسيين إلى جزء فاعل في المجتمع و توفير فرص العمل أمامهم، فأن من واجب المجتمع تجاه هذه الشريحة من أبناءه توفير كل متطلبات الحماية و الرعاية المثلى لهم بما يضمن حقوقهم و إحاطتها بضمانات قانونية فعالة و بالنظر لوجود فراغ تشريعي في هذا المجال في إقليم كوردستان – العراق، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی نۆیەم: هۆیەکانی دەرچوون:-

ئەوەی گومانی تێدا نیە کە نەخۆشی دەروونی جگەلەوەی بارێکی دەروونیی شڵەژاوی هەیە ئەوە زۆرێك لە زوڵم و کەمتەرخەمی دەکێشێ کە لە ئەنجامی مامەڵەکردنی نادروستی کۆمەڵەوە دێن و زۆرجاریش هەڵس و کەوتی جیاوازی لەگەڵدا دەکرێت، سەرەڕای زۆری لە هەڵوێستی جۆری بە هەڵەو ترس و، ناجێگیرو، ڕەتکردنەوەو، گوێ نەدان پێیان، هاوشان لەگەڵ زۆری لە دەستدرێژیکردنی جەستەیی و سێکسی و دەروونی کە دژ بە نەخۆشی دەروونی دەکرێن و دەبنە هۆی چەند جاربوونی کێشەکانیان. بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی هەموو ئەوانەو گۆڕینی نەخۆشی دەروونی بۆ بەشێکی کاریگەر لەناو کۆمەڵدا، دابینکردنی هەلی کار

لەبەردەمیاندا، ئەوە ئەرکی کۆمەڵە کە بەرامبەر ئەم توێژە لە نەوەکانی، دابینی هەموو پێداویستییەکانی پاراستن و چاودێریی نموونەییان بۆ بکات کە زامنی مافەکانیان بکات و زامنی یاسایی کاریگەر دەورەیان بدات، لەبەر ئەوەی بۆشاییەکی یاسا دانانی لەم بوارەدا هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان – عێراق، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش، تکایە ئەو تێبینییەی لیژنەی هاوبەش گوێی بگرن چونکە ئەوە دەبێتە ئەساس دوایی، فەرموون.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە کورت و پوختبێ، دامانڕشتۆتەوە بەم شێوەیە (من أجل حماية حقوق المرضى النفسيين و الحد من الجرائم التي ترتكب ضدهم و تأمين العناية الصحية و الإجتماعية لهم و إعادة تأهيلهم كشريحة فعالة ونشطة في المجتمع، من أجل ذلك شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارەمان هەیە تکایە گوێبگرن، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی ئێمە ئەو سێ دێرەی دوایی ئەسباب موجبە ئەوە کیفایەتە ئەگەر بخوێنم بەو شکلەیە (بغية تحويل المرضى النفسيين الى جزءٍ فاعل في المجتمع وتوفير فرص العمل أمامهم فإن من واجب المجتمع تجاه هذه الشريحة من أبناءه توفير كافة متطلبات الحماية و الرعاية لهم بما يضمن حقوقهم و إحاطتها بضمانات قانونية فعالة و بالنظر لوجود فراغ تشريعي في هذا المجال في اقليم كوردستان_العراق، فلقد شرع هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی سەرۆکایەتیدام، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێـوەش لەگەڵـدان لیژنـەی هاوبـەش؟ لیژنـەی هاوبـەش و سـەرۆکایەتی و جـەنابی وەزیـر لەگـەڵ ئـەو پێشنیارەی ئـەخیرن کـە خوێندرایـەوە لەلایـەن کـاك فرسـت، کـێ موناقەشـەی هەیـە؟ واللـە حـەق نیـە زۆر موناقەشـەبکەن لەسـەر ئـەو مەوزوعـە بەراسـتی، باشـە ناوتـان دەنووسـین ئـەم بەڕێزانـە ناویـان نووسـراوە (عظیمە خان، کاك شوان، کاك عبدالسلام، تارا خان، کاك نەژاد، پەیمان خان)، فەرموو عظیمە خان.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نەخۆشی دەروونی وەکو ئەوەی کە لە پێناسەکەدا هاتووە لە ئەخیریشدا بەم شێوەیە دارشـتنەوەیەکم بـۆ کـردووە، نەخۆشـی دەروونـی لـە ئـەنجامی مامەڵەیـەکی ناتەندروسـتی کومەڵـەوە دێتـەوە زۆرجـار هەڵسوکەوتی جیـاوازی لەگەڵدا دەکرێت، بۆیـە لـە پێنـاو پاراسـتن و چاودێریکردن و چارەسـەرکردنیان و هەستکردنی تاك بە دڵنیایی و ئـارامی و پەیوەندیـەکی پتـەو لـە نێـوان جەسـتەو دەروون و کۆمەڵایـەتی و کارامەیی و خۆسازدانی تاك لە نێوان ژینگە و کۆمەڵدا بۆ بەرنگاربوونەوەی ژیان، خۆی مەبەست لە یاساکە ئەوەیە کە تاك بخەیتەوە ناو کۆمەڵگا بۆ ئەوەی لەگەڵ خودی خۆیدا، لەگەڵ کۆمەڵدا، لەگەڵ ژینگەدا خۆی بگونجێنێتـەوە، بۆیـە مـن بـە پێویستی دەزانم ئـەم پێشـنیارەی مـن بـە کـورتی و پـوختی جـەنابی لیژنـەی یاسایی سوودیان لێ وەرگرتبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان کوردستان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەزدەکەم لیژنەی هاوبەشیش گوێی لێبێت، چونکە موەجەهە بۆ ئەوان پێش هەموو شت، یەکـەم شـەکلیە وابـزانم ئەسـباب موجەبـە داخڵـی دەروازەو فەسـڵ و ئـەو نابێـت، بۆیـە ئـەوەی خوێنـدرا چـبێت نەسـەکە دەروازەی پێناوێت، چونکە ئەسباب موجەبە لە دەرەوەی تەسەلسولی خاڵەکانە، دووەمیان من هەرسێ نەس زۆر بە گونجاو بۆ ئەم یاسایە دەبینـم هـەروەها تەبیعیـە هەرسـێ نـەس وەربگـرێ پێکـەوەش، چـونکە ئـەم یاسایە هیچ پەیوەندی بە ئەمراضي نەفسی نیە، مـن لـە موداخەلـەی خـۆمیش لـە ماددەکـان بـاسمکرد ئـەم یاسایە دانراوە بۆ موعالەجەی ئەمراضي عەقڵی و عەصەبی واتـە بـەو شـێوەیەی داوایـانکرد بـاس نـەکرێت شێت، رجاتان لێدەکەم ئێمە گەیشتینە مەرحەڵەی ئەخیر دەزانمیش قسەکەم هیچ فایدەی نیە، بەڵام ئێمـە غەدرێکی گەورەمان کرد لەو کەسانەی کە موعاناتی ئـەمراضي نەفسییان هەیـە ئەگـەر تـا ئـەمرۆ مـن کـە هەستدەکەم بە دون شعور بەنەقصم هەبێت من کە خەمۆکیم هەبێت من کە شتێکم هەبێت کە ئەمراضي نەفسـی تەبیعینـە هـەر ئینسـانەکی عـادی لـە دنیـایی موجتەمـەعی موعەقـەدی پێشـکەوتوو ئـەو کەسـە ئەمراضي نەفسی هەیە ئەوەی لە مەرکەزو رۆڵی باڵای هەیـە واتـان لێـدەکرد مـن نزیکـی هـیچ نەخۆشـێکی

نەفسی نەبم، چونکە موعامەڵەم دەکرێت وەکو شێت، بۆیە من ئەو مەوقفە تەسبیت دەکەم نەیاسایەکە هیچ ئیزافەی کردووە بۆ ئەمراضی نەفسی بە عەکسەوە تەعقیدی کردووە، خۆزگە تەشریعی یاسایی ڕێگای دابا ئێمە موناقەشەی ئەوەمان بکردبا ئایا ئەم یاسایە بۆ ئەمراضی نەفسییە یان ئەمراضی عەقڵیی و عەصەبی ئەوکاتە ناوو یاساکە دەگۆڕدرا لەهەر جیگایەك باسی نەخۆشی نەفسی کرابا گۆڕاندبا بۆ نەخۆشەکەو تەعریفمان کردبا لەسەرێ نەخۆشی عەقڵی و عەصەبی و نەفسی متەتەور ئەو کاتە یاسایەکی بە پێچ بوو دەست خۆشیشم دەکرد لە لیژنەی هاوبەش و لەهەموو ئەوانەی بەشدارییان کرد، من لێرە دەمەوێ تەسبیت کەین ئەم یاسایە یاسایەکە بۆ نەخۆشی عەقڵی و عەصەبی هیچ عیلاقەتی بە نەخۆشی نەفسی نیە وە هیچ سوود ناگەیەنێتەوە بە داخەوە زوڵمێکی گەورە لە هەموو ئەوانەی ئینسانی عادین رۆڵیشیان هەیە پێوستیان بە تەئهیلیش نیە هەروەها ئەندامی کاران لەو کۆمەڵگایە، هەروەها سلوکیان لەلای کۆمەڵگاوە حیساب ناکرێ وەرناگیرێت وە ئەوە موختەصیش هەنە ئەمە نەخۆشی نەفسی خەلەلە لە وەرگرتنی رفتارەکەی لەلایەن زۆرینەوە، چونکە زۆرینە نەمەتێکی سلوکی داناوە ئەوە بەراست دەزانێت، سوپاس.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان کوردستان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ هەموو تەفسیرەکانی کاك عبدالسلام دام ئەمە یەك، دوو بەراستی ئەو ئەسباب موجەبەیەی کە لیژنەی هاوبەش خوێندیانەوە ئەو دوو دێرە من پشتگیری ئەوە دەکەم بەبێ هیچ تەرەدودێك، سێهەم ئەگەر ئەوەی جەنابی سکرتێری پەرلەمان خوێندییەوە لەسەر ئەوە قسەکرایە ئەوە بڵێین دەنگی هێنا ناکرێ بەراستی (توفیر فرص العمل) لەوە هەبێت بەحقیقەت چونکە ئەو یاسایەی کە ئێمە دەرمانکردووە هەتا ئێستا وا هاتووە بەداخەوە ئەوەی کاك عبدالسلام ئەوەی ئەو راستە کە ئەمە یاسای نەخۆشی مرضی عەقڵییە نە مرضی نەفسی، مرضای نەفسی ئەوانەی کە لێرە هاتووە لە ماددەکاندا بەراستی زۆر دوورە لە مرضای نەفسییەوە، زیاتر ئەوانەن کە بڵێن ئەوەی کە ئێمە بەداخەوە وای پێدەڵێین یەعنی دەسەلات نیە کە دەبێ ئەو ناوە بێنین پێیدەوترێ پێیان دەڵێن شێت بەداخەوە وای پێدەڵێین، بەلام بەراستی کەوابێت (توفیر فرص العمل) لێرە یەعنی مەعنا نادات لەناو ئەسباب موجەبەکە من بەهەر حاڵ پشتگیری لەوەی لیژنەی هاوبەش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان کوردستان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی كاك شوان زۆر لە (comment)كەی كە (توفیر فرص العمل)، كە ئێمە لەناو یاسایە تێدا نەبوو لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ جوزئی دووەمەكە نەبووین (comment)كەم لەوە بوو تاكو كورتبێ من لەگەڵ هاوبەشم، بەڵام ئەگەر بەم شكلەبێ كورتریشە (بغیة خلق جو ملائم لصحة نفسیة جیدة تراع فیها حالات المرضى النفسیین و توفیر حقوقهم المدنیة و القانونیة، لذا شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان كوردستان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تارادەیەكی زۆر لەگەڵ قسەكانی كاك عبدالسلام بووم بەراستی بە نسبەت ئەو قانونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە تازە قانونەكە تەواو ئیتر بەس بە نسبەت ئەسباب موجیبە من ئەوەی لیژنەی هاوبەش دایڕشتووە پێمباشە، بەڵام دیسانەكە بەخۆشم شتێكم داڕشتبوو حەزدەكەم ئەگەر متوەجیهبن لیژنەی هاوبەش (بإلنظر لما یعاني المریض النفسي من حالةٍ نفسیةٍ مضطربة و المعاملة الغیر الصحیحة من قبل المجتمع و الإنتهاكات التي ترتكب بحقه و بغیة مواجهة هذه المعانات و رفع الحیف عنه و إعادة تأهیله و لوجود فراغٍ تشریعي في هذا المجال، فقد شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان كوردستان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشگیری ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەكەم، چونكە بەراستی لێرە ئەوەی چارەسەردەكرێ یەعنی هەر ئەوە قسەی سەر وەرەقەیە، دابینكردنی هەلی كار بەراستی هەر كەس لە كۆمەڵگا بانگیشیان ناكات بۆ كاركردن، یەكەمجار هەدەفی ئەو یاسایە چیە هۆی دەرچواندنی ئەوە چارەسەركردن و تەئهیلكلردنیانە گەڕانەوەیان بۆ ناو كۆمەڵگا، ئێمە پێش ئێستا باسمانكرد وتمان ئەوانە ئیشێكیان هەبوو بەس بەهۆكارێك تووشی نەخۆشی نەفسی ببوون ئیشەكەیان لەدەستدابوو ئایا بە مۆڵەتبوو بە چیبوو بۆیە دووبارە تەئیدی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەكەمەوە، هەروەها ئەوەش دابینكردنی هەلی كار لێرانە بەراستی هیچ ئیجاب ناكات وجودی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر چەندە ئێمە یاساكەمان تێپەڕاند، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر قسەدەكرێ ئەمە یاسای نەفسییە یان یاسای عەقڵییە؟ لەلایەكەوە دەڵێن ئەم یاسایە هیی ئەوەیە كە خەلەلێكی عەقڵی هەیە لەلایەكیشەوە دەڵێن بەس بۆ شێت دانراوە، باشە خۆی شێت نەخۆشییەكی نەفسییە خۆ عەقڵی نیە، یەعنی موشكیلەیەكی ئۆرگانی نیە موشكیلەكە شێت نەخۆشییەكی نەفسییە، یەعنی ئەمە شتێك نیە جیایكەیتەوە بڵێی ئەمە نەخۆشی عەقڵییە ئەوەیان نەفسییە، كێ دەتوانێ بابۆمان جیاكاتەوە بڵێ ئەو نەخۆشیانە نەخۆشی عەقڵیین؟ شتێكی تێكەڵە یەعنی ناتوانی بەو حەدە جیایكەیتەوە، دوای ئەوە هەموو ئەو ماددانە ژمارەیەكی زۆر نەخۆشی نەفسی هەن كە پێویست بەوە دەكات كە تۆ بە ئیلزامی داخلی بكەی، هەروەها نەخۆشی نفسیش هەیە لەوانەیە ئاسان بێت هەر بەوە چارەسەربێ كە بە (سایكۆسەرەپی)بووە بە چارەسەری دەروونی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان كوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشەكی تەبعەن پێموایە ئەم یاسایە یەكێكە لە یاسا جوانەكانی ئەم پەرلەمانە كە دایناوە، چونكە ئەم یاسایە ڕێكخستنی ئیشە ئەو قانونانەی كە ئێمە هەمانە لە صحە زۆربەی قانونی كۆنن، ئەم یاسایە ریكخستنی ئیشە لەبەینی پزیشكی دەروونی و لەبەینی موئەسەسەی دەروونی وە پاراستنی مافەكانی نەخۆشی دەروونە، هەتا ئێستا یاسایەك نەبووە ئەوها بە سەریحی بڵێ كارمەندێك یان پزیشكێك كە غەڵەت دەكات سجن دەكرێ دەدەرێ بە دادگا، دوو من كە دێم لەسەر مەوزوعێك قسەدەكەم دەبێ بزانم ئەو نەخۆشییە سەر بە چ گروپێكە لەم ماوەیە هاتووە دەڵێ (سەرەسیمیا) نەخۆشی سەرەتان نایگرێتەوە، (سەرەسیمیا) سەرەتان نیە نەخۆشی (نیرۆلۆجی عەصەبی نەفسی نیە) نەخۆشی دەمار زانی ئیختصاصێكی جیاییە پێنج ساڵ دەبێ بخوێنی بۆ ئەوەی ناوت بنێم (طبیب عصبي)، یەعنی بەراستی من كە دێم باسی (تۆپیك) دەكەم لەگەڵ ڕێزمدا مەفروزە (كلاسیفیكەشن)كە بزانم مەفروزە تەسنیفەكە بزانم، بزانم ئەم نەخۆشییە لە چ تەسنیفێكدایە، بەڵێ د. ڕێباز راست دەكات نەخۆشی نەفسی و عەقڵی ناتوانی جیابكرێتەوە، چونكە ئەوەی كە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێ لەوانەیە عەقڵی لەدەست بدات، بەڵام شەرت نیە ئەوەی عەقڵی كەم بێ نەخۆشی دەروونی بێ لەبەر ئەوە ئەم (تۆپیكە) تۆپیكێكی تێكەڵاوە وە من دەستخۆشی لەیكە بەیەكەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی هاوبەش دەكەم بەراستی ئەمە یاسایەكە كاری پزیشكی ڕێكدەخات بە یاسا، خۆزگە كات هەبووایە هەموو یاساكانی پاراستنی نەخۆش و هەموو یاساكانی مافی نەخۆش و چارەسەركردنی نەخۆشییەكانیشمان وەكو ئەم یاسایە ڕێكبخستایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش دارِشتنەوەتان بۆ ئەسباب موجەبە، فەرموون.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەم دارِشتنەوەین (من أجل حماية حقوق المرضى النفسيين و تأمين العناية الصحية و الإجتماعية لهم و إعادة تأهيلهم كشريحة فعالة ونشطة في المجتمع، من أجل ذلك شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان کوردستان:**

کۆی ماددەکانی یاساکە لەگەڵ (أسباب موجبة)، بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (1) کەس لەگەڵدا نیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، سوپاسی یەکە بەیەکەتان دەکەین، دەستخۆشیتان لێدەکەین یاسایەکی وەکو جەنابی وەزیر باسیکرد یاسایەکە خزمەتی شریحەیەکی گرنگ هەروەها مافی نەخۆشی نەفسی دەکات، ئێستاش قسە بۆ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لە بەڕێزتان و لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لە لیژنەی هاوبەش و یەکە بەیەکەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەکەم وە سوپاستان دەکەم، هیوادارم کە ئەم یاسایە ببێتە هۆی بەرەودان و پێشخستن و خزمەتکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیی دەروونی لە دامەزراوەکانی وزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان کوردستان:**

کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تا بەیانی کاتژمێر (11).

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (21)**

**سێ شەممە رێكەوتی 21\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (21)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/5/21

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/5/21 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (21)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/5/21 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای هەمواركردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (17)ی ساڵی 1999.

2-خستنەروو و گفتوکردنی پـرۆژە یاسای هـەموارکردنی سـێیەمی یاسای سـندوقی خانەنشـینی پـارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خـولی گرێـدانی دووەم، ژمـارەی دانیشـتن (21) ڕۆژی دانیشـتن (2013/5/21) بەرنامەی کار:

بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمـارە (21)ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەمە ڕێکەوتی 2013/5/21 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشـنیاری یاسـای هـەموارکردنی سـێیەمی یاسـای پارێزەرایـەتی لـە هـەرێمی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی .1999

2-خستنەروو و گفتوکردنی پـرۆژە یاسـای هـەموارکردنی سـێیەمی یاسـای سـندوقی خانەنشـینی پـارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999.

داوا دەکەین لە لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ سەکۆی لیژنـەکان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلـەمان، لیژنـەی یاسـایی ڕاپـۆرتی خـۆی هەیـە لەسـەر پرۆژەکـە، بـە هـەردوو زمـانی عەرەبی و کوردی، ئامادەیە، لەبەردەمتانە، سەرەڕای ئەوەش سەندیکای پارێزەرانی کوردسـتان ڕاپۆرتێکیـان ئاراستەی پەرلەمان کردبوو، دابەشکرا لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، تێبینی خۆیان لەسـەر پشـتگیری کردنـی پرۆژەکە دایـە، مـاددەی یەکـەمی پرۆژەکـە کـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشکەش کراوە بەم شێوەیە:

المادة الاولى: تلغى المادة (4) من القانون و يحل محلها ما يلي:

المادة (4):

اولاً: يفتح قسم المحاماة ضمن المعهد القضائي ليكون اساساً للتطوير المهني و التأهيل لممارسة المحاماة في الاقليم.

ثانياً: للنقابة فتح دورات تأهيلية مماثلة لقسم المحاماة في المعهد القضائي لحين فتح باب القبول في المعهد وفق نفس الشروط الواردة في الفقرة (ثالثاً) من هذه المادة و ينظم ذلك بنظام خاص يصدره مجلس النقابة.

ثالثاً: يشترط فيمن يرخص له بمزاولة المهنة لاول مرة في الاقليم ان يجتاز بنجاح قسم المحاماة في المعهد القضائي او الدورة على ان يكون القبول وفق الشروط التالية:

1- حاصلاً على شهادة البكالوريوس في القانون من احدى الجامعات المعترف بها في الاقليم و العراق و ما يعادلها وفقاً لاحكام القوانين النافذة.

2- ان يكون عراقي الجنسية و مقيماً في كوردستان – العراق بصورة دائمية.

3- ان يتمتع بالاهلية القانونية الكاملة.

4- غير متجاوز الخمسين من العمر الا اذا سبق ان مارس المحاماة و كان مسجلاً في جدول النقابة او مارس القضاء او الادعاء العام في الاقليم او كان عضواً في الهيئة التدريسية لمادة القانون لمدة لا تقل عن سبع سنوات في الاقليم على ان لا يتجاوز اعمارهم عن ثلاثة و ستين سنة.

5- محمود السيرة و السمعة و اهلاً للاحترام الواجب لممارسة المهنة.

6- غير محكوم بجريمة مخلة بالشرف.

7- غير محال على التقاعد لعدم صلاحيته للخدمة بسبب مرض عضال لا يرجى من شفائه.

8- غير مشطوب اسمه من احدى النقابات بسبب تأديبي او انضباطي او مفصول من الوظائف العامة و الخاصة باسباب مخلة بنزاهة الذمة او الاداب العامة.

رابعاً: لا يجوز الجمع بين العضوية في نقابة المحامين في كوردستان و عضوية اية نقابة اخرى للمحامين في العراق.

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، ئەو خوێندنەوەیە بەم شێوەیە كە لە پرۆژەكەدا هاتییە، لەلایەنی زمانەوانییەوە، ئێمە دەستكاریمان نەكرد، كو هاتووە ئەوا خوێندمانەوە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەكوردییەكەی.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاسای سێیەم، هەمواركردنی یاسای پارێزەران، ژمارە (17)ی ساڵی 1999، ماددەی یەكەمی پرۆژەكە، ماددەی چوارەم لە یاسایەكە لادەدرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ماددەی (4):

یەكەم: بەشی پارێزەرایەتی لە پەیمانگای دادوەری دەكرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ پێشخستن و ئامادەكردن بۆ كاری پارێزەرایەتی لە هەرێمی كوردستان.

دووەم: سەندیكای پارێزەران بۆی هەیە تا ئەو كاتەی وەرگرتن لەو پەیمانگایە دەكرێتەوە خولی ئامادەكاری بۆ بەشی پارێزەرایەتی بكاتەوە، كە هاوچەشنی بەشی پارێزەرایەتی پەیمانگای دادوەری بێت و بەهەمان

ئەو مەرجانەی کە لەبڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەوەش بە پەیرەوێکی تایبەت ڕێکدەخرێت کە ئەنجومەنی سەندیکا دەری دەکات.

سێیەم: مەرجە ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار مۆڵەتی کاری پارێزەرایەتی پێدەدرێت سەرکەوتووانە لە بەشی پارێزەرایەتی پەیمانگای دادوەری یان خولی ئامادەکردنی پارێزەران دەرچووبێت، دەبێ وەرگرتنیش لە پەیمانگا و خولەکە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە بێت:

1-هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا، لە یەکێك لەو زانکۆیانەی کە لە هەرێم یان لە عێراق بە فەرمی ناسراوە، یان دەرچووی بەشێك بێت کە هاوتای ئەوانە بێت بەپێی حکومی ئەو یاسایانەی کاریان پێ دەکرێت.

2- دەبێ ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت و لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجێ بێت.

3- لێهاتووی یاسایی تەواوی هەبێت.

4- تەمەنی لە (45) ساڵ تێپەڕ نەبێت، ئەگەر تەمەنی گەورەتر بوو دەبێ پێشتر کاری پارێزەرایەتی کردبێت، ناوی لە خشتەی سەندیکای پارێزەران تۆمار کرابێت یاخود کاری دادوەری یان داواکاری گشتی کردبێت لە هەرێم، یان بەلایەنی کەم ماوەی (7) ساڵ لە دەستەی وانە بێژی لە ماددەی یاسا ئەندام بووبێت لە هەرێم و تەمەنیشی لە (63) ساڵ زیاتر نەبێت.

5- ناوبانگ و ڕەوشتی باش بێت و جێگەی ڕێز بێت کە بۆ کاری پیشەکە پێویستە.

6- بەتاوانێك حکوم نەدرابێت کە ئابڕوو بەربێت یان لەکەدار بێت.

7- بەهۆی نەخۆشییەکی سەختەوە خانەنشین نەکرابێ، کە لە کارەکەی ئومێدی چاکبوونەوەی لێ نەکرێت.

8- بەهۆی ڕەوشت نزمی یان تەمێ کردن یان فەسڵ بوون لە وەزیفە گشتیەکان، بەهۆکارێکی نا دروست لە ئەستۆ پاکی یان دابونەریتی گشتی ناوی لە یەکێك لە سەندیکاکان نەسڕابێتەوە.

چوارەم: نابێ ئەندامیەتی لە سەندیکای پارێزەران لە کوردستان لەگەڵ ئەندامیەتی هەر سەندیکایەکی تری پارێزەران لە عێراق پێکەوە کۆ بکرێتەوە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە دەکا، دوای چاککردنەوەی سیاغەکەی، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تێبینییەی كە كاك د. ئاراس دای بە نوقتەی نیزام، ئەوە لەسەر راپۆرتەكەی لیژنەی یاساییە، ئەو ئەمەی لایە، راست دەكا، بەلاّم لە ئەصڵی پرۆژەكە كە كاك عونی خوێندیەوە زۆر تەواوە، (45) هاتووە عومر لە فەقەرە چواردا، بەلاّم ئەوەی كە د. ئاراس لایەتی راپۆرتەكەی لیژنەی یاساییە، بۆیە هیچ جیاوازییەكی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێ قسە بكات؟ تكایە ناوەكانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ئاشتی خان، سۆزان خان، كاك برهان، كاك عبدالله، د. عمر، كاك ئارام، بەفرین خان، سەرگوڵ خان، كاك عبدالسلام، هاژە خان، كاك لقمان، پەیمان خان، پەروین خان، كاك شێردڵ، د. ئاراس، كاك خورشید، د. رێباز، كاك كاردۆ، ئەڤین خان)، د. احمد نوقتەی نیزامت هەبوو؟ فەرموو بیڵێ.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە رەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەكە بخوێندرێتەوە، چونكە راستە جیاوازی هەیە لەوەی كە لە ئەصڵی پرۆژەكە هاتووە لەگەڵ ئەوەی كە رەئی لیژنەی یاساییە، هەم داڕشتنەوەی زمانەوانییەكە، هەمیش هەندێك گۆڕانكاری تێدا كراوە، بۆ نموونە خاڵی چوار دەڵێ (غیر متجاوز الخمسین من العمر)، كە لەوێ (45)، جیاوازی هەیە، با رەئی لیژنەكە بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دوایی تیكرار روونەدات، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەتا زیاتر ئەندامانی پەرلەمان ئاشنا بن لە ماددەكەو بابەتەكە پێمان باشە راپۆرتەكەی لیژنەی یاسایی بخوێندرێتەوە، واتا ئینجا ئەندامانی پەرلەمان قسەی لەسەر بكەن.

المادة الاولى: تلغى المادة (4) من القانون و یحل محلها ما یلي:

اولاً: یفتح قسم المحاماة ضمن المعهد القضائي لیكون اساساً للتطویر المهني و التأهیل لممارسة المحاماة في الاقلیم.

ثانیاً: للنقابة فتح دورات تأهیلیة مماثلة لقسم المحاماة في المعهد القضائي لحین فتح باب القبول في المعهد وفق نفس الشروط الواردة في الفقرة (ثالثاً) من هذه المادة و ینظم ذلك بنظام خاص یصدره مجلس النقابة.

ثالثاً: یشترط فیمن یرخص له بمزاولة المهنة لاول مرة في الاقلیم ان یجتاز بنجاح قسم المحاماة في المعهد القضائي او الدورة على ان یكون القبول وفق الشروط التالیة:

1- ان يكون حاصلاً على شهادة البكالوريوس في القانون من احدى الجامعات المعترف بها في الاقليم و العراق و ما يعادلها وفقاً لاحكام القوانين النافذة.

2- ان يكون عراقي الجنسية و مقيماً في كوردستان – العراق بصورة دائمية.

3- ان يتمتع بالاهلية القانونية الكاملة.

4- غير متجاوز الخمسين من العمر الا اذا سبق ان مارس المحاماة و كان مسجلاً في جدول النقابة او مارس القضاء او الادعاء العام في الاقليم او كان عضواً في الهيئة التدريسية لمادة القانون لمدة لا تقل عن سبع سنوات في الاقليم على ان لا يتجاوز اعمارهم عن ثلاثة و ستين سنة.

5- حسن السيرة و السمعة و اهلاً للاحترام الواجب لممارسة المهنة.

6- غير محكوم بجريمة مخلة بالشرف.

7- غير محال على التقاعد وفق قانون تقاعد المحامين رقم (18) لسنة 1999 المعدل لعدم صلاحيته للخدمة بسبب مرض عضال لا يرجى شفائه.

8- غير مشطوب اسمه من احدى النقابات بسبب تأديبي او انضباطي او مفصول من الوظائف العامة و الخاصة باسباب مخلة بنزاهة الذمة او الاداب العامة.

رابعاً: لا يجوز الجمع بين العضوية في نقابة المحامين في كوردستان و عضوية اية نقابة اخرى للمحامين في العراق.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەمواركردنی ئەم یاسایە مـن تێبینییـەكم هەیـە لەسـەر مـاددەی چـوارەم، راسـتە لێـرەدا هەوڵدەدرێ كە گۆڕانكارییەكی گەورە بكرێت لەوەی كە شارەزاییەكی زیاتر بدرێ بەو پارێزەرانە لەبڕی ئەوەی كە چاوەڕوان بێ چەند ساڵێك شارەزایی پەیدا بكات، لەرێگای ئەم پەیمانگایانەوە توانایەكانی خۆی بەرز بكاتەوە بەتایبەت لەبواری فەنی مورافەعە و داكۆكی كردن لە هەموو ئەو داوایانەی خەڵك كە دێتە بەردەمی، بەڵام لێرەدا یاسایەكە خۆی بۆ ئەوەیە كە لە چوارچێوەی مەعهەدێكی قەزاییە، كە لە دوای ئەمە ئەو سەلاحیەتە دەدرێ بە سەندیكا، ئایا ئەمە قوەتی یاسایەكە خۆی ناكوژێت؟ ئایا سەندیكا ئەو توانایەی هەیە كە هەڵبستێ بەو مەهامە گەورەیەی كە ئێمە دەمانەوێ بیسپێرین بە مەعهەدی قەزا؟ راستە سەندیكا وەڵامی ئەوە دەداتەوە لە زروفی ئێستادا كە (19) كۆلێژی یاسا هەیە، ناتواندرێ پەیمانگای قەزا بەم ئیشە هەڵبستێ، بەڵام ئایا ئەم بەتی بەدیلە ئێمە دەتوانین ئەم ئەركە قورسە بدەینە دەست

سەندیکایەك، کە ئێمە دەزانین سەندیکایەکان کۆمەڵێك گرفتیان هەیە، سەبارەت بە شرووتەکانی من پێشنیار دەکەم لەوانەیە پێشتر ئێمە ئیشمان لەسەر ئەم جانبە نەکردبێت، ئەوەیە کە بۆ یەکێك لە مەرجەکان ئەوە نەبێت مادام ئێمە دەمانەوێت مزاوەلە کردنی ئەم میهنەیە هەنگاوێکی بەرزتر لە کارەکە بچێتە پێشەوە بۆ یەکێك لە مەرجەکان ئەوە نەبێت کە من پێشنیاری دەکەم هەر یەکێك لە مەعاهدی قەزائە کە ئەم دەوری پارێزەرایەتییە دەبینێ مەحکوم بکرێت کە سالانە چەند دەعوایەك ببینێ بە خۆڕایی بەتایبەت بۆ ئەو خەڵکانەی کە کەمدەرامەتن، لەزۆر ولاتدا هەیە پارێزەر سالانە لە توانایدا هەیە کە چەند دەعوایەك ببینێ بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە توانایان نییە کە پارێزەر بگرن، واتا یەکێك لە مەرجەکان لێرە دابندرێت، بۆ ئەوەی هەم روحیەتی خۆ بەخشین بلاو بکەینەوە لەمیهنەی مەحامیاتدا، بەلایەنی کەمەوە ئەمە سبەینێ ورد بکرێتەوە لە تەعلیماتدا کاری لەسەر بکرێ، من یەك پرسیارم هەیە، سەبارەت بەوەی کە ئەندام بێت لە سەندیکایەکدا لە سەندیکایەکی تردا بۆی نییە ئەندام بێ، ئەی ئایا ئەگەر هاتو یەکێك هەلگری چەند بەکالۆریۆسێك بوو ئەو کاتە چۆن موعالەجە دەکرێ، یەعنی بەتەنها ئەندامی یەك سەندیکا دەبێت؟ واتە تەنازول لە ئەندام بوونی خۆی لە سەندیکایەکی تر هەڵدەگرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من تکاتان لێدەکەم هاوکاربن لەگەڵ دیوان، بۆ ئەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و شتەکانی هۆڵە تازەکە فێربین، بۆ ئەوەی حەفتەی داهاتوو بچین لەوێ کۆبوونەوەکانمان بەردەوام پێ بدەین، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە هاوکاری کردنەکەی ئێمە هەر بەم شێوەیە دەبێ ئەوان موعیدێك تەحدید بکەن بڵێن ئەندامانی پەرلەمان لە هۆڵەکە ئامادە بن، ئێمە ئامادە دەبین، بۆ ئەوەی دەورەکە ببینین.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من قسە لەسەر خاڵی سێیەم بەشی چوارەمی دەکەم، کە دەڵێ تەمەنی (50) ساڵ تێپەڕی نەکردبێ، تەنها ئەگەر کاری پارێزەرایەتی کردبێت و لە خشتەی سەندیکا تۆمار کرابێت و یان دادگەری یان داواکاری گشتی کردبێت، بەڕێزان وابەستە کردنی کار و پێشکەوتن و بینینی دەورە، هەمووی لەم ولاتەدا مولاحەزەم کردووە وا بەستە کراوە بە تەمەنەوە، بەڕێزان، هەر ماوەیەك لەمەو پێش بینیمان ژنێك کە تەمەنی (96) ساڵە هیوای ئەوە بووە بخوێنێ، لە تەلەفزیۆنەکاندا بینیمان کە بۆ یەکەمجار شەهادەی بە کالۆریۆسی وەرگرت، چونکە خەونی ژیانی بووە بە کالۆریۆسێك وەر بگرێ، نازانم بۆچی ئێمە

لەم كوردستانەدا فێربـووین بـۆ هـەموو شـتێك مـەرجێك دابنـێین، مەرجەكەی تەمەنەكەش بەشـێوەیەكی لێبێ، باشە بەڕێزان بەكردنەوەی ئەم هەموو كۆلێژی یاسایە كە لەم ولاّتـەدا هەیـە، دەڵێن نۆیـە، دە، كۆلێـژ كراوەتەوە بێ لە ئەهلییەكان، بزەبت نازانم چەندە، خاڵێك هەیە ئێستا كەسـێكی وەكـو مـن حەزدەكـەم لـە دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمانم بچم كۆلێژی یاسا بخوێنم، بۆ مـافی ئـەوەم لـێ بسـتێننەوە كـە مـن ببمـە ئەندامی سەندیكا؟، لەبەر ئەوەی تەمەنەكەم رێگەم پێنـادا؟ یـەعنی ئـاخر نـاخۆش بـووە، وا بەسـتەكردنی تەمەن بە هەموو شتێكەوە لەم ولاّتە وای لێهاتووە خەڵك حەزو و ئارەزووی نەماوە بۆ خوێنـدن، سـەبارەت بەخاڵی دووەم، ناكرێت ئەندامیەتی سەندیكای پارێزەرانی كوردسـتان و ئەنـدامی هـەر سـەندیكایەكی تـری پارێزەران لەعێراقدا كۆ بكرێتەوە، بەڕێزان من چەندین خەڵكم بینیـوە كاتێـك كـە وەسـفی خـۆی كـردووە وتوویەتی ئەندامم لە سەندیكای پارێزەرانی بەریتانیا هی شارەكەی خۆی، ئینجا وتوویەتی لەنـدەن، ئینجا وتوویـەتی هـی بـەریتانا، ئینجا وتوویـەتی ئیتیحادی ئـەوروپی، تێناگـەم یـەعنی، بۆچـی نـەتوانێ كەسـێك ئەندامی سەندیكای پـارێزەرانی كوردسـتان و عێـراق بـێ بەیەكـەوە؟ مەسـەلە ئیمتیازاتـە؟ ئەگـەر مەسـەلە ئیمتیازاتە دەتواندرێ بوترێ بۆی هەیە، بەڵام سوود لە ئیمتیازاتی یەكلا وەردەگرێت، ناكرێ ئێمە رێگە لە خەڵك بگرین بەتوانابێ، دەبێ شانازی بەكەسێكەوە بكەین كە ئەندامی سەندیكای پارێزەرانی كوردسـتانە و بتوانێ لەناو عێراقدا دەنگ بەدەست بێنێ، لەناو هی عەرەبدا بتوانێ دەنگ بەدەست بێنێ، ئەمە چییە ئەم عەقڵیەتەی كە ئیلا دەبێ لەسەر ئاستی لۆكاڵی ئیش بكەین ئێمە، دوای ئەوە بەڕێزان مـن تێناگـەم كەسـێك خـاوەنی ماجسـتێر یـان دكتـۆرا بێـت لـە قانونـدا مەعقوڵـە تـۆ جارێكی تـر پابەنـدی بكـەی ئـیلا دەبـێ لـە سەندیكای پارێزەران دەورە ببێنێتەوە؟ ئەوەی كە دێ دەرسـی پـێ دەڵێتـەوە هـەر خـاوەنی هـەمان شـەهادە نییە؟ یان ماجستێرە یـان دكتۆرایـە یـاخود موحامییـەكی قـەدیری كۆنـە، مـەفروزە بـوترێ (ويعفـى حملـة الشهادات العليا في القانون من هذه الدورة)، یەعنی من تێناگەم كەسێك ماجستێری هـەبێ، دكتـۆرای هـەبێ، چەند ساڵ وانەی گوتبێتەوە مەرجی ئەنـدام بـوون دەبێت دەورە ببینێـت، ئینجا بـۆی هـەبێ ئـیش بكـات، یەعنی من تێناگەم ئەم تەعدیلە بۆ پێشخستن و دەرگا كردنەوەیە بۆ ئازادی زیاتر؟ یان بـۆ فەیـدی زیـاتر؟ تكایە رەچاوی ئەو خالأنە بكەن، چونكە زۆر مەسائیلی جدییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەربارەی ئەم تەعدیلە بە حكومی ئـەوەی مـن سـێ سـاڵ رەئیسـی مـەحامی مەحافـەزەی سـلێمانی بووم هەڵبەتە باشتر لە تەدبیقاتدا مەشاكیلی مەحامییەكانی سلێمانی و مەحامییەكان دەزانم، بەڕاستی مـن داواكارم لە جەنابتان پشتگیری لە دروست بوونی ئەو مەعهەدە بكەن، لەبـەر چییە سـەبەبە رەئیسـییەكە، لەبەر ئەوەی عەدەدی مەحامی لە هەرێمی كوردستاندا زیاتر لە شەش هـەزار كەسـی تێپەڕانـدووە، كـە (2)

هەزار کەسی بە فیعلی مەحامیات ناکا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەگەر سەیری قانونی (17)ی 1999 بکەین، ماددەکانی (19) بۆ (23) ئەو خەڵکە هەویەی موحامی دەخاتە گیرفانییەوە، مەحامیەتیش ناکا، بۆ ئەوەیە سوود لە حەسانەی مەحامیەتی وەر بگرێ، بۆ نموونە ماددەی (23) ئەو حەسانەی مەحامیات هەیەتی ئەندام پەرلەمانیش نییەتی، بۆ ئەوەیە ئەو حەسانەی پێ بێ، چووە دەوائیر بچێتە ژوورەوە، یان شکایەتێکی قەزائی لەسەر بوو، موافەقەی نەقابە وەر بگیرێ، بەلاّم ئەگەر تۆ مەعهەدت دانا، ئەوە فلتەرێکە دەیگوشێ، ئەوەی بە حەقیقەی بەتەمانەبێ ببێ بە مەحامی ناچێ لەوێ شەش مانگ یان ساڵێك تەواوی بکا، لەبەر ئەوە من داواکارم لێتان بۆ ئەوەی حدودێك بۆ ئەو لێشاوی زۆری و بۆرییە دابنێین حەقە ئەو مەعهەدە هەبێ، خاڵێکی تر ئەوانەی مەحاماتمان کردووە دەزانین مەحامی بە سێ ساڵ فێری عەریزەی دەعوای ئەحواڵی شەخسی و جەزائی و مەدەنی و ئەمانە نابێ، تۆ خێرە یەکسەر دەچی هەویەیەکی مەحامیەتی دەدەیتێ، لە ئەمەریکا وانییە، دەبێ دوو، سێ ساڵ لەبەر دەستی مەحامییەك ئیش بکەی، قانونی کۆنی عێراقی وابووە، تا فێری شتەکان دەبی، ئینجا تەدەرووجی ئیختیساس زۆر گرینگە، نەبووە لە دونیادا، من نازانم بەشەش ساڵ مەحامی دەرەجەی دەبێ بە موستەشار لە هەرێمی کوردستاندا، ئاخر بەچی بەشەش ساڵ تەرجوبە بووی بە موستەشار؟ لە ئیدارەی پێشووی سلێمانیدا یەکێك ببوایە بە مودیر عام، ببوایە بە موستەشار، دەبوایە (17) ساڵ خیبرەی لە ئیشەکەی خۆی هەبوایە، تۆ بە چ حەقێك دەرەجەیەکی موستەشار لەسەر کارتەکە دەنووسی موستەشار لە قانوندا بەشەش ساڵ، کە رەنگە ساڵێ دوو جار دەعوای نەبینیبێت، بەراستی وجودی ئەو مەعهەدی قەزاییە من داواتان لێدەکەم پشتگیری بکەن، زۆر زەرورە، ئەوە مەشاکیلی فیعلی و عەمەلی قانونەکەیە، لەبەر ئەوەی ئێستا بەلێشاو، ساڵی زیاد لە هەزار کەس دەچێ تەقدیمێك دەکا هەویەی مەحامییەتی وەر بگرێ، وەڵڵا من قسەم هەیە لەسەر بڕگەی دوو لە سێیەم کە دەڵێ پێویستە ئەو کەسەی کە هەویەی مەحامیەتی پێیە موقیم بێ لە هەرێمی کوردستان، باشە گوناحی تۆ چییە لە خاریج دەژی، لە وڵاتێکی تر دەژی، لێرە ئیقامە ناکەی بەس هەویەی ئەوێت پێ بێ، یەعنی بەڕاستی ئەمە زوڵمە، وا هەست دەکەم دژی لائیحەی عالەمی حقوقی مەدەنی و سیاسیشە، من موقیمم لەو وڵاتەدا، یان موقیم نیم، ئەملوهیم هەویەی مەحامیەتی تۆم پێیە، تۆ بە چ حەقێك هەویەکەم لێ دەستێنییەوە؟ خاڵی چوارەم سۆزان خان جوانی بۆ چوو، کە دەڵێ پەنجا ساڵ عومری تەواو کردبێ ئەو حەقەی لێ دەستێندرێتەوە، ئەمە تەناقوزە لەگەڵ لائیحەی عالەمی حقوقی مەدەنی و سیاسی، هەموو کەسێك حەقی هەیە لە هەر چ تەمەنێك دابێت بچێت بخوێنێت، من لە تەلەفزیۆندا رێپۆرتاژم بینیوە خەڵك لە عومری هەشتا ساڵی دا چووە شەهادەیەکی تری هێناوە، من خۆم لە ئەوروپا خەڵکم بینیوە بە عومری شەست و نۆ ساڵ بە پارەی خۆی چۆتە دەوراتی تەدریبییەوە، حکومەتیش نەیناردووە، کۆمپانیایەکەشی نەیناردووە، حەزی لەو شتە بووە فێربێ، یەعنی من بە چ حەقێك مەنعی بکەم شەهادە وەرگرێتن؟ ئەگەر حەقی خۆیەتی، ئەگەر ئیجتیهاد دەکا، هەوڵدەدات، بۆ وەری نەگرێت؟ بڕگەی پێنجەمی سێیەم بەهەمەمان شێوە باسی ئەوە دەکا، دەڵێ پێویستە ئەوەی ئەندامی سەندیکایە و پارێزەرە (حسن السيرة

و السمعة و اهلاً للاحترام الواجب لمارسة المهنة)، بەڕێزان، من قەناعەتم وایە ئەمە موستەڵەحێكی لاستیكییە، بە قایەی قانونەكانی نیزامی ئیشتراكی كۆنی عێراقە، كە لە هەموو قانونەكدا ئەم شروتەی دانابوو، من خۆم كەلیژنەی ئینزیباتیمان هەبووە لە مەحافەزەی سلێمانی لەژووری پارێزەرانی سلێمانی خەڵك هەبووە، مەحامی هەبووە وەكیلەكەی فێركردووە شكایەت لە مەحامییەكی تر بكا، لەبەر ئەوەی دەعوایەكەی لێ بردۆتەوە، سێ شایەدیشی هێناوە، سێ، چوار مانگ ئەم مەحامییەی هێناوە و بردوویەتی دوایی دەركەوتووە بێ تاوانە، یان عقوبەیان داوە، دوایی بۆیان ئیلغا كردۆتەوە، لەبەر ئەوە من داواكارم لە لیژنەی یاساو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئەو برگەی پێنجە (حسن السیرة و السمعة)یە ئیلغا بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی كە برگەی شەش دەڵێ مەحكوم نەبێ بە جەریمەیەكی موخیلە بیشەرەف، چ زەروور دەكا برگەی پێنج وجودی هەبێ؟ رابیعەنیش كە دەڵێ (لا یجوز الجمع بین العضویة في نقابة المحامین في كوردستان و عضویة ایة نقابة اخرى للمحامین في العراق)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڕاستی ئێستا ئێمە چەند مەحامی چاكمان هەیە، لە پاریس و لە بەریتانیا، من خۆم چەندیان لێ دەناسم، باشە ئەمە ئیستیفادە بە قانون و مەحامات دەگەیەنێت لێرە، هەیە هەویەی مەحكەمەی عەدلی دەولی لە گیرفانە، هی ئەورووپاو ولأتانی تری لەگیرفاندایە، هەیە هی ئەمەریكای لە گیرفاندایە، باشە من بە چ حەقێك مەنعی بكەم لەبەر ئەوەی هەویەی ئەوێی پێیە، هەویەی ئێرەی نەدەمێ؟ بۆ نەیدەمێ؟ من ئیستیفادەی لێ دەكەم، شتی باش فێر دەبم، هەموو مەحامی و قانونی كوردستان نە ئەزانێ عقودی نەموزەجی چییە، نە دەزانێ لیژنەی تەحكیمی تیجاری چییە، نە دەزانێ مەحكەمەی تەحكیمی تیجاری چییە، نە دەزانێ ئەو مەحكەمانەی لەسەر ئەعراف تیجارەی دەولین حكوم دەدەن چییە، ئێمە لەوانەوە فێردەبین، بۆ من نەهێڵم هەویەی وڵاتێكی تری هەیە، هەویەی ئێرەشی پێ بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من باوەڕم بەوەیە كە فەلسەفەی قانون واتە دانانی زەوابت، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ئەم زەوابتە چۆن دادەنێین؟ پرسیارەكە لەوەوە وەڵامەكەی وەردەگرێ، ئایا نییەتی موشەریع لێرەدا چییە؟ نییەتەكەی ئەوەیە ئێمە ژمارەیەكی زۆری پارێزەرمان هەیە دەمانەوێ سنوورەكی بۆ دابنێین و رێكی بخەین یاخود ئەوەیە كە ئێمە پارێزەرانمان شارەزاییان نییە لەئیش و كارەكانیاندا، دەمانەوێ فێریان بكەین، بەباوەڕی من ئەو ماددەیە هاتووە حەلی موشكیلەیەكی كردووە، كە موشكیلەكە دەبێ لە شوێنێكی تر حەل بكرێ، ئەویش لە پلانی حكومەتدا بۆ وەرگرتنی خوێندكار، ئایا ئێمە وەزارەتی خوێندنی باڵا كۆلیژەكانی یاسا لەسەر چەند پرانسیپێك خوێندكار وەردەگرن، ئایا پرەنسیپی ئەوەی كە ئازادە و حوریەتێكی موتڵەقی هەیە، هەر كەسێك بیەوێ بخوێنێت و دوای ئەوە بچێ ئیش و كاری خۆی بكا؟ یان ئەوەتا بەپێی

پێداویستی واقعی وڵاتەکە و بازاڕ و ئەمانە خوێندکار وەردەگرێ؟ ئەوەی کە من تێبینی دەکەم لێرەدا حکومەت ئیشی لەسەر پرەنسیپی ئازادی کردۆتەوە، مادام ئەتۆ لەوێ ئیش لەسەر پرانسیپی وەرگرتنی خوێندکار دەکەی بەشێوەیەکی ئازادانە بخوێنێ، بەپێی مەیلی خۆی، لەم لاوە بۆ رێگەی لێ دەگری کە ئەم ئازادییەی بەردەوام بێ؟ ئەمە یەك، دوو، ئەگەر هەدەفەکە ئەوەیە کە پارێزەر شارەزایی نییە و دەمانەوێ فێری بکەین، بۆ ئەوەی ئیشی پارێزەرەتی بکا، ئەمە شوێنەکەی لێرە نییە، شوێنەکەی جێگایەکی ترە، دەکرێ لە پرۆگرامەکانی خوێندنی یاسا ساڵانە میهنەی مەحامات وەکو دەرسێك بخوێندرێ، سەردانی دادگاکانیان پێ بکرێ، شوێنەکە ببینرێ، لە ئێستادا ئەم حاڵەتەش هەیە، خوێندکار لە قۆناغی سێی کۆلێژی یاسا دەچێ تەتبیقات دەبینێ، بەڵام مودەکەی کەمە، دەکرێ مودەتەکە زیاد بکرێ، یاخود سەندیکای پارێزەران دەکرێ دەورات بکاتەوە، دەوراتی ئیختیاری، نەك ئەوەی مەعهەدێك دابندرێ بکرێتە ئیجباری، من پرسیار دەکەم، ئەگەر تەڵەبەیەك لە جامیعەدا فێری نەبووبێ، چۆن لە مەعهەدێك فێری شت دەبێ؟ دەکرێ ئێمە ئەگەر هەدەفەکە فێربوونە، ئەمە لەچوارچێوەی ئەم چوار ساڵەی کە لە زانکۆ دەیخوێنێ، پرۆگرامی بۆ دابندرێ و بەرنامە رێژی بۆ بکرێ، بەردەوامیش سەندیکا دەورات بکاتەوە، بەمجۆرە ئێمە دەتوانین زەوابت دابنێین، ئەو مەعهەدانە بەباوەڕی من شتێکی باش نییە، ئەگەر هەر داشنرا، ئەو ماددەیە تەسبیت بوو، مودەی بۆ دابندرێ، ئایا مودەکەی چەند دەبێ ئەوەی کە مەحامی دەچێ لە ئەو مەعهەدە دەورە دەبینێ؟ ساڵێکە؟ دوو ساڵە؟ ئەمە دیار نییە، بە باوەڕی من لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات، لەبەر ئەوەی ئەو چوار ساڵ دەرسی نەزەری خوێندووە، ئەگەر شەش مانگ عەمەلی بێ، ئەگەر کرا، لە بڕگەی یەکەم من دەڵێم رەفز بکرێ، بڕگەی دووەم ئەگەر رەفز نەکرا، دەورەکە مودەی بۆ دابندرێ و شەش مانگ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك عبدالله لە هەندێك لە وڵاتان دەبێ کولیەکی دی تەواو بکا، فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کردنەوەی بەشی پارێزەرایەتی لە پەیمانگای دادوەری ئەمە لە یاسای پەیمانگای دادوەریدا هاتووە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا زەرووره جارێکی تر لە یاسایەکی تردا دەق نووسی بکەینەوەو جەختی لەسەر بکەینەوە؟ یان ئەصڵ ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێ بەشەکە بە فیعلی بکرێتەوە بچین بەدواداچوون بۆ جێ بەجێکردنی ئەو بڕگە و مادەیە بکەین کە لە یاسای پەیمانگای دادوەری هاتووە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەوێ بەشی پارێزەرایەتی بکرێتەوە، نازانم ئایا زەرووره جارێکی تر لێرە ئەوەی خاڵی یەکەم باس بکەینەوە یان نا، سەبارەت بە خاڵی دووەم ئەوەی کە سەندیکا بۆی هەبێ خول بکاتەوە، پرسیارێکی جدی دێتە پێشەوە لێرە، ئایا سەندیکا رێکخراوێکی پیشەییە یان دەزگایەکی مەعریفی و ئەکادیمی و زانیستییە؟ لەلایەکی ترەوە، ئێمە دوو جۆر لە پارێزەرمان دەبێ کە دەرچووی دوو جۆر لە پەیمانگا و لە

خولن، لە لایەکەوە دەرچووی پەیمانگای دادوەری دەبن، بەشی پەیمانگای دادوەری، کە رەنگە زەوابت و ڕێکخستن و مەنهەجیەکەی جیاواز بێ لەگەڵ ئەوەی کە دەورە و لە سەندیکا دەکرێتەوە، ئەوانەی کە دەرچووی دەورەکەن، لەگەڵ ئەوانەی دەرچووی پەیمانگاکەن دیسان موشکیلە دروست ببێ، بۆیە بەڕێزان بەراستی جۆرێك لە تێکەڵکردن و ئیزدیواجییەت لەم مەوزوعەدا هەیە، بەکورتی و پوختی من لەگەڵ ئەوە نیم سەندیکا بۆی هەبێ دەورە بکاتەوە، ئەمە تێکەڵاوی ئیختیساسە، دوو جۆر لە خەریجی پارێزەر دێتە ئاراوە کە رەنگە لە نێو خۆیاندا بەراستی ببێتە موشکیلە، ئەگەر ئێمە بڵێین باپەیمانگای دادوەری بەشی پارێزەرایەتی بکاتەوە، بمێنێتەوە، ئاساییە، هەرچەندە خاڵی یەکەمیش زەروور نییە، چونکە لەیاسای پەیمانگای دادوەریدا هاتووە، ئەو پاساوەی کە سەندیکاش باسی دەکا، کە لەبەر ئەوەی لە ئێستادا لەرووی دارایی و لەرووی تەکنیکی و لە رووی عەمەلییەوە زەحمەتە کە ئەوان لە پەیمانگا بەشی پارێزەرایەتی بکەنەوە، بۆیە پێویستە لەسەندیکا دەورە بکەنەوە، من بە پاساوێکی قانونیانە و مەنتقیانەی بەهێزی نازانم، ئەصڵ ئەوەیە کە بەڕاستی بچین بڵێین پەیمانگای دادوەری تۆ دەبێت بەشی پارێزەرایەتی بکەیتەوە، بەگوێرەی قانونەکە زەوابتی بۆ دابنێی، مەنهەجی بۆ دابنێی، تۆ دەبێ بەشی پارێزەرایەتی بکەیتەوە، بەگوێرەی قانونەکە زەوابتی بۆ دابنێی، مەنهەجی بۆ دابنێی، لە هەموو روویەکەوە تەنزیم بکرێ، هەروەها پشتیوانی لە رەئییەکەی سۆزان خان دەکەم، ئەوەی سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرا لە بواری قانوندا، پێشنیارەکەی خستەروو، من پشتیوانی لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکم هەیە بۆ خاڵی سێیەم، کە ئەو مەرجەی داناوە بۆ بینینی خول یاخود دەوام کردن لە پەیمانگایەکەدا، ئەمە من پشتیوانی دەکەم بۆ بوونی پەیمانگایەکە، بەڵام ئیزافەیەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بێت و هەر کەسێك دەرچووی بە کەلۆریۆس بێت، بەهەمان ماوەی ئەوەی کە لە پەیمانگاکە دەوام ئەبینێ، ئەگەر بێت و لەوەزیفەیەکدا بێ، ئەوەش دابندرێ، یەعنی ئیتر ئەگەر بێت و مەسەلەن بۆ نموونە کەسێك خەریجی بەکالۆریۆسی قانون بێت، دوو ساڵ، سێ ساڵ لە میهنەیەکدا مەسەلەن وەزیفەی بینیبێت، ئەوە دابندرێ لە جیاتی ئەوەی کە خولەکەی بینیبێ یاخود لە پەیمانگا دەوام بکا، چونکە بینینی وەزیفە بەشێوەیەکی عەمەلی زۆر، زۆر گرینگترە و زیاتر ئەزموون وەردەگرێ، تا کەسێك وانە بخەوێنێ، سەبارەت بە خاڵی چوارەم پێشنیار دەکەم تەمەنەکە ئیلغا بکرێت، چونکە پیشەی مەحامیات پیشەیەکی ئازادە،

حوڕە، ناكرێ ئێمە قەیدێك دابنێین بۆ بینینی ئەو پیشەیە، ئەگەر بێت و مەبەستیشمان مەسەلەن لە نەخۆشی بێت، ئێمە لە خاڵێكی تردا باسمان لەوە كردبێ ئەگەر بێت و خانەنشین نەكرا، بەهۆی نەخۆشییەوە، لەبەر ئەوە پێویست بەوە ناكا كە ئەم خاڵە چوارەم، جارێكی تر دووبارە بكەینەوە، پێشنیار دەكەم كە ئیلغا بكرێت، هەروەها بڕگەی چوارەم، كە باس لەوە دەكا كە پارێزەر بۆی نەبێت لە سەندیكایەكی تری عێراقدا ئەندام بێت، من دەڵێم زیانە بۆ پارێزەرانی هەرێمی كوردستان، بۆ؟ چونكە ناتوانن سوود لەو بوارانە ببینن كە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا كاری پێ دەكەن، ئەگەر بێت و لەسەر ڕوونكردنەوەكەی یەكێتی پارێزەرانیش بێ، گوایە لەبەر ئەوەی كە ئەرك جیاوازە و ماف جیاوازە، ئەمە ڕێكخراوێكی پیشەییە، ئەگەر بێت و پارێزەرەكە خۆی ئامادە بێ ئەركەكە جێ بەجێ بكا و مافەكەش بەدەست بهێنێ، بۆچی ئێمە ڕێگری لێ بكەین؟ خۆ كارێكی ئیلزامی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی هەمواركردنەوەكە هەنگاوێكی باشە، بۆ زیاتر دەوڵەمەندكردنی پارێزەران لەداهاتوودا بە ئەزموونی كاری پیشەیی، بە زانیاری یاسایی، تا بتوانن بە شێوەیەكی فیعلی مومارەسەی ئیشەكەی خۆیان بكەن، بەڵام ئەوەندەی كە دەبینرێت لەبەر زۆری ژمارەی دەرچووانی كۆلیژەكانی یاسا، هەروەها زۆری بەشەكانی كۆلیژەكانی یاسا لە زانكۆ ئەهلییەكاندا ئەمەش وای كردووە كە شانسێكی زۆر، زۆر كەم بۆ دەرچووانی یاسا لەبواری دامەزراندندا هەبێ، ئەمەش وادەكا كە دەرچووانی یاسا زۆر، زۆر بەناچاری، بە نا بەدڵی پەنا ببەنە ئەوەی كە پیشەی پارێزەرایەتی هەڵبژێرن، بەبێ ئەوەی كە بەشێوەی فیعلی مومارەسەی كارەكە كرابێ یان ئەزموونیان لەوە و پێش هەبووبێت، بۆیە خاڵێكی باشە و ئێمە پشتیوانی لێ دەكەین، پرسیارێكم بۆ لیژنەی یاسایی هەبوو، پێشتریش لەگەڵ بەڕێز كاك عمر موناقەشەی ئەو بابەتەمان كرد، لەیاسای پەیمانگای دادوەری لە ئامانجەكانی خاڵی سێ، دووەم، دەڵێ شایاندنی دادوەران و ئەندامانی ئیدعای گشتی ئەوانەی كە لە پلەی سێیەم و چوارەمن هێشتا لە وەزیفەدان، بەڵام لە ڕۆژنامەی وەقائع هەمان یاسا ئیزافەی پارێزەرانیش كراوە، واتە یەكێك لە ئامانجەكان بریتییە لە شیاندنی پارێزەرانیش، بەڵام لە دەقی ئەم یاسایەدا وجوودی پارێزەر نییە، بۆیە تكایە ڕوونكردنەوەمان بۆ بكەن، چونكە ئەگەر بێت و ئەم ئەصڵی یاسایە ڕاست بێ ئەو كاتە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە هەمواری یاسای پەیمانگای دادوەری بكەینەوە، چونكە ئامانجێك یان ئەركێكی بۆ زیاد دەكەین كە لە ئەصڵی یاسایەكەدا نەهاتووە، بۆیە تكایە ئەگەر وەڵامی پێویست هەبێ، ئەوەی (وەقائع) ڕاستە یان ئەصڵی یاسایەكە ڕاستە؟ خاڵێكی دیكەش هەر بەپێی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی كوردستاندا پێویستە ئەو كەسەی كە بۆ یەكەمجار ناوی تۆماردەكا وەكو پارێزەر، پێویستە بۆ ماوەی سێ ساڵ وەكو ڕاهێنراو

**لەسەر دەستی پارێزەرێکی راوێژکار دەورە ببینێ، یان لای پارێزەرێکی کارا کە مومارەسەی پێنج ساڵ کاری پارێزەری هەبێت، ئەگەر هاتو ئەمانەی دەست نەکەوت ئەو کاتە ماوەکەی بۆ درێژ دەکرێتەوە، هەر بەپێی ماددەی هەژدە دەبێتە پێنج ساڵ ئەو کاتە ئەو پیشەی هەبێت، ئەگەر هاتو بەشی پارێزەرایەتی کرایەوە لە پەیمانگای دادوەری چ پێویست بەوە دەوکات پارێزەری تازە ناوی تۆمار دەکات بچێ سێ ساڵ یان پێنج ساڵ لەبەر دەستی پارێزەرێکی راوێژکاردا بەشێوەیەکی فیعلی مومارەسەی ئیشەکە بکات، بۆیە کردنەوەی بەشی پارێزەرایەتی کیفایەتە بۆ ئەوەی کە راهێنراو جارێکی تر پێویستی بەوە نەبێ سێ ساڵ دەورە ببینێ لەلای پارێزەرێکی راوێژکار، خاڵێکی دیکەش پشتیوانی لە کاك عبداللە دەکەم، بەڕاستی پێویستە ماوەکە دیاری بکرێت، لەبەر ئەوە هەر بەپێی یاسای پەیمانگای دادوەری ئامادەکردن و شیاندنی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی ماوەکەیان بۆ دیاری کراوە، جا ئەگەر ئێمە پارێزەران ئیزافەی ئێرە بکەین پێویستمان هەیە ماوەی خوێندن جا ئایا ئامادەکردنە، هەر جۆرێکە، پێویستە ماوەکەی بەپێی یاسا دیاری بکرێت و جێ نەهێڵدرێت بۆ رێنمایی و شتی وا، خاڵێکی دیکە، سەبارەت بە تەمەن منیش درێژەی نادەمێ، پشتگیری ئەو هاوکارانەم دەکەم کە پێویستە تەمەنەکە کراوە بێت و بەهیچ جۆرێك قەید و شەرت دانەندرێت بۆ ئەوەی کە پارێزەر پێویستە (40) ساڵ بێت ئەو جا بتوانێ داوای مۆڵەتی پارێزەرایەتی بکات، لە هەمان کاتیشدا خاڵی چوارەم لە بڕگەی سێیەم جۆرێك لە تەناقوزی تێدا هەیە، چونکە دەڵێت تەمەنی (45) ساڵ تێنەپەڕێ، ئەگەر تەمەنی گەورەتر بوو دەبێ پێشتر کاری پارێزەرایەتی کردبێ، بەڵام لە خاڵی سێیەم دەڵێ ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار مۆڵەتی پارێزەرایەتی پێدەدرێت، کەواتە ئەو کەسەی داوای تۆمار دەکات هێشتا ناوی تۆمار نەکردووە لە پارێزەرایەتی، ئێمەش لێرە بۆمان داناوە دەڵێ ئەگەر تەمەنەکەی لە (45) ساڵ گەورەتر بوو دەبێ پێشتر کاری پارێزەرایەتی کردبێت، بەڵام بەپێی خاڵی سێیەم ئەو کەسە یەکەمجارە داوای مۆڵەتی کردووە، ئیتر لەکوێوە پارێزەرایەتی کردووە؟ ئەوە خاڵێك، خاڵێکی دیکەش کە باسمان لە تەمەن کرد، هاوکارە بەڕێزەکانم باسیان کرد کە تەمەنەکە کراوەبێت، بەندەش لەگەڵ ئەوەیە، بەڵام هەر بەپێی یاسای پەیمانگای دادوەری ئەو مەرجانەی کە داندراوە بۆ ئەندامانی داواکاری گشتی و دادوەران، کە دەبێ ئامادە بکرێن و بشهێندرێنەوە، بە حیساب کە پارێزەرانیشی تێدایە، دە خاڵ داندراوە وەکو مەرج بۆ ئەو کەسانە، دیارە پارێزەران لە خاڵی حەوت و هەشت بەدەر کراون، قسەکەی من لەسەر ئەوەیە دەڵێ تەمەنی لە (40) ساڵ زیاتر نەبێ، ئێمە وەکو هەندێك لە ئەندامان داوامان کردووە تەمەنەکە کراوە بێت، لیژنەی یاسایی داوای کردووە تەمەنەکە (50) ساڵ بێت، ئەصڵی هەموارەکەش داوای کردووە (45) ساڵ بێت، لێرەش دەڵێ تەمەنی (40) ساڵ زیاتر نەبێت، تکایە لیژنەی یاسایی ئەگەر ئەو بەراوردکارییە روون بکەنەوە، بزانن چۆنە و چۆن نییە؟، خاڵی هەشتەم دەڵێ بەهۆی رەوشت نزمی یان تەمێ کردن، بەڕاستی رەوشت نزمی پێموانییە لەفزێك بێت لەنێو یاساکاندا بەکار بهێندرێت، تکایە لیژنەی یاسایی وشەیەکی شیاوتری بۆ بدۆزنەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو تەعدیلەی یاسای پارێزەران ماددەی چوار کە باس لەوە دەکا ماددەکە هەڵبوەشێتەوە، خۆی لە ئەصڵی یاسایەکەدا ماددەی چوار بۆ مەرجەکانی ئەو کەسەیە کە کاری پارێزەری دەکا، بەڵام ئەوان کە لێرە ئاماژە بەوە دەکەن ماددەکە هەڵبوەشێتەوە ئەمە جێی بگرێتەوە، ئەمە شتێکی جیاواز ترە، من پێم باشە لیژنەی یاسایی روونکردنەوە بدات، ئایا ئەم مەرجانە کە دانراوە بۆ کەسێك کە مومارەسەی پارێزەری دەکا یان بۆ ئەو کەسەی کە لەبەشی پارێزەرایەتی پەیمانگای دادوەری وەردەگیرێت، چونکە ئەوە دوو شتی زۆر جیاوازن، منیش پشتگیری قسەکانی بەفرین خان دەکەم لەوەی ئەگەر ئەو ئیشکالە هەبێ لەیاسای پەیمانگای دادوەریدا چارەسەر بکرێت، ئەگەر واش نییە، کەواتە جارێکی تر باسکردنی لەم یاسایە لە ئەهمییەتی ئەوە کەم ناکاتەوە کە ئێمە دەمانەوێت ئەو بەشە بکرێتەوە لە پەیمانگای دادوەری، هەمووومان پشتگیری ئەوە دەکەین کە پارێزەران بەم بەشە وایان لێ دێ بەشێوەیەکی باشتر بتوانن مومارەسەی کارەکەیان بکەن، لەگەڵ ئەوەدام کە ئەمیش مودەی بۆ دابندرێ، بۆ ئەوەی کە ئەوان لەم بەشەدا پێش ئەوەی کاری پارێزەرایەتی بکەن دەورە ببینن، بەنیسبەت خاڵی دووەمەوە منیش هەمان رام هەیە کە نابێ سەندیکا ئەو خولە بکاتەوە، چونکە ئەگەر ئێمە ئەو سەلاحیەتە بدەین بە سەندیکا، ئەمە وای لێ دێ کە ئەم بەشەی پەیمانگای دادوەری کەمتەرخەمی و ئیهمالی تێدا دەکرێ و ئیعتیماد دەکرێتە سەر ئەو خولانەی کە سەندیکا دەیکاتەوە و دواتریش دوو شتی جیاواز دروست دەبێ، لەخاڵی سێیەمدا ئەگەر پێشەکییەکەی لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی باس لەوە دەکا مەرجە ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار لە هەرێمدا مۆڵەتی هەڵسان بەم پیشەیەی پێ دەدرێت، یەعنی ئەو مەرجەی کە لێرانە داینا وە بۆ ئەو کەسەی یەکەمجار هەڵدەستێ بە کاری پارێزەری، کە لە پەیمانگای دادوەری ئەو خولە ببینێ، دواتر چەند مەرجێکی ریز کردووە، ئەو مەرجانە ئەگەر لێی وردببینەوە هەندێکی بۆ ئەوانەیە کە پێشتر پارێزەرییان کردووە، بۆ نموونە دەڵێ خانەنشین نەکرابێ بە پێی یاسای خانەنشینی پارێزەران، ناوی لە سەندیکا نەسڕابێتەوە، بەڵام پێشەکی ماددەکە دەڵێ ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار مۆڵەتی دەدرێتێ بۆ هەڵستان بەکاری پارێزەری، ئەمە تەناقوزێکە دەبێ لیژنەی یاسایی چارەسەری بکا، ئایا ئەو مەرجانە بۆ ئەو کەسەیە کە یەکەمجار مەحامیات دەکا؟ یان بۆ ئەو کەسەیە کە لە پەیمانگای دادوەری لەو بەشە وەردەگیرێت؟ منیش لەگەڵ ئەوەم کە بڕگەی چوار بەهیچ شێوەیەك تەمەن دیاری نەکرێت، لەگەڵ ئەوەی تەمەن دیاری کراوە، ئیستیسنایەکیشی تێدا کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەو سلکانە ئیش دەکەن بۆ ماوەی حەوت ساڵ، ئەوان (63) ساڵ دانراوە، من لەگەڵ ئەوەم تەمەن دیاری نەکرێ، بۆ ئەوەی کە یەکەمجار دەبێتە ئەندام، سەبارەت بەوەی کە ئەندامی سەندیکای پارێزەران لەکاتێکدا ئەندامی سەندیکایەکی تر نەبێت، من پێم باشە لیژنەی یاسایی ئەو روونکردنەوەیە بدات کاتێك کە کەسێك ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی

کوردستانە بەپێی یاسای خانەنشینی کە ئێمە دواتر باسی دەکەین مافی خانەنشینی هەیە، دەکرێ لەناو ولاٌتێکدا بۆ نموونە ئێمە هەرێمێکین لە عێراق، لێرە مافی خانەنشینی هەبێ، بەپێی یاسای سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، لە بەغداش مافی خانەنشینی هەبێ، پێموایە ئەگەر ئەو ئیشکالە نەبێ هیچ ئیشکالێك نییە بۆ ئەوەی لە هەردوو لا ئەندام بێ، چونکە زۆربەیان کە باسیان لەوە کرد لەدەرەوەی ولاٌت ئەندامی سەندیکای پارێزەرانە، بەلاٌم ئەگەر لەناو یەك هەرێمدا کێشەی خانەنیشینیمان هەبێ، لەو حالەتە ئەمنیش لەگەلٌ ئەوەم کە ناکرێ، بەلاٌم ئەگەر ئەو کێشەی خانەنشینییە نەبێ لەدواتردا کە پارێزەرەکە کۆتایی پێدێ بە تەمەنی پارێزەری لەو حالەتە ئەمنیش لەگەلٌ ئەوەم کە ناکرێ لە دوو سەندیکا ئەندام بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەنگم دەخەمە پالٌ دەنگی ئەو خوشك و برایانەی کە دەلٌێن ئەوەلەن زیادە لەو قانونە، چونکە لە خودی یاسای مەعهەدەکە هەیە، بۆیە هیچ داعی نییە لێرە تێکرار ببێت، لە مەعهەد مادەم دەلٌێتن ئەوانە دەورە دەکەن بۆ مەحامی، بۆچی لێرە هەبێت؟ تێناگەم، بەیاسا تەنزیم نەکراوە؟ ئەوە یەك، دوو، بەڕاستی ئەو پرسیارەش گرینگ بوو ئایا ئەمە جیهەتێکی نیقابییە یان جیهەتێکی تەئهیلییە؟ کردنەوەی دەورات و کە شەهادە ئیعتراف پێ بکرێ، وابزانم تەنزیم کراوە لە یاسایەکانی پەیوەندی هەیە بە ئێعداد نهێنی و شت، بۆیە جێگای پرسیارە ئەوە ئەگەر بیەوێ ئەو بیکات بۆچی تۆ لە یاسا تەسبیتی بکەی؟ ئەگەر بەپێی یاسایەکانی کار پێکراو لە کوردستان جیهەتێك یان لایەنێك ئینجا چ نەقابە بێت یان کۆمپانیا، بۆی هەبێت دەوراتی تەئهیلی بکاتەوە کە لە ئاخیرەوەش شەهادەکی موعتەرەفی پێ هەبێت، بەپێی ئەم یاسایانە با بۆخۆی دەورەکانی بکات، تەسەوڕ ناکەم لە یاسای نەقابە گرینگ بێت، سێیەم (يشترط فيمن يرخص له بمزاولة المهنة لاول مرة في الاقليم)، ئەمە تەبعەن وەکو باسکرا لە هەموو دونیا جیاوازییەك...، لە هەموو دونیا نالٌێم رقم لەو وشەیە، لە زۆربەی، زۆری حکومە سەرکەوتووەکان جیاوازی هەیە لەبەینی شەهادەی زانکۆ، بەینی مومارەسەی میهنە، بەسەری من قەوما من نە بەکالۆریۆس، دبلۆم عالیشم هەیە لە ماتماتیك، لە ڤییەنا کە لەسەرەتاوە نەمویست بیخوێنم، گۆتیان ناتوانیت تۆ ببیتە مودەڕیس، ناتوانی ببیە موعەلیمیش، ناتوانی ببیە موعەلیم لەڕەوزەش، چونکە تۆ پیتاگۆتیت نەخوێندووە، واتە ئەو بەشەی کە مومارەسەی میهنەی تەدریسی ریازیاتت نەخوێندووە، واتە من شەهادە وەردەگرم لە علم، بەلاٌم بۆ ئەوەی رێگام هەبێتن مومارەسەی میهنەیەك بکەم فیعلەن دەبێ ئیعدادی میهەنی مومارەسەی ئەوە بکەن، بۆیە ئەم سێیەمە خۆزگە بەشێوەیەکی وا با کە (لايجوز مومارسة مهنة المحامي لحين التخرج من الدورة)، ئەو کاتە ئێمە دەگەیشتینە ئەو ئیستاندەرە دونیاییە، ئەگەر هاتو ئێمە یەکەم، دووەم موعالەجەمان کرد، وەکو

من پێشنیار دەکەم یەکەم نەمێنێت، چونکە عیلاج کراوە لەیاسایەکی تر، ئەو کاتە دەتواندرێ زۆر بە ئاسانی عیلاجەکەی بکەین، بڵێین (لایسمح بممارسة المهنة لاول مرة الا بعد التخرج)، ئەو کاتە هەموو سێیەم داعی نییە هەبێت، چونکە مەرجەکانی وەرگرتن لەو مەعهەدە دیارن، مەعهەدی قەزایی، ئەو کاتە داعی نییە بڵێین مومارەسەی شەهادەی بەکالۆریۆسی هەبێت، ئەدی مومارەسەی میهنە بەچ ئەساسێك ڕێگات داوە؟ ئەگەر خەریجی قانون نەبێ؟ دێم ئەگەر ئەوە نەکرا، ئەوەی من داوای دەکەم، تێبینییەکانم لەسەر ئەو خاڵانەی مەرجەکان، واتە کابرا ئیجازەی وەرگرتووە مومارەسەی میهنە بکەن، بەڵام دەڵێن نابێ بچی تاوەکو مەعهەد خەلاس بکەی، واتە مەرجەکانی پێویست بۆ ئەوەی ئیجازەی مومارەسەی مەحاماتی تێدایە، باشە بۆ لێرە دێم دەڵێم خەریجی کۆلیژی یاسا؟ خۆ لەوێ کە مەرجەکانیان تێکرد، ئایا ئەمە مەرجەکانی تێدایە مومارەسەی میهنە بکات یان نا؟ خۆ خەریجی ریازیات ناچێت، یان خەریجی کۆمەڵناسی، بۆیە ئەوە بە زیاد دەزانم، یەك، ئەگەر مەرجەکانی هەبێت، واتە ئەو کەسە خەریجی قانونە، کەسی تر تەقدیم ناکا، هەروەها (ان یتمتع بالاهلیة)، (حسن السیرة)، حەسەنە؟ یان محمودە؟ من (حسن السیرة)م بە حەسەن خوێند، کامیانە؟ یەعنی محمودە یان حەسەنە؟ دەزانم حوسنە، (غیر محکوم)، ئەوانەش زیادن بە تەسەوڕی من، یەعنی یەك، سێ، پێنج، شەش، زیادن، راستە (غیر مشطوب اسمە من احدی النقابات)، چونکە مەرجێکە، راستە (غیر محال علی التقاعد )، مەرجێکە، بەڵام ئەوانەش جێگای پرسیارن، هی (ان یکون عراقی) و (ان یتمتع)، لە روونکردنەوەکەم نەخوێندبێت نەمزانی بۆچی لێرە هەیە، روونکردنەوەکە هەمووی مەجال دەدات ناهێڵێ کەسێك لە غەیری ئەندامی ئەوان، خۆیان ئیش بکات، روونە، جەختیان کردووە لەسەر بازاڕی ئازاد و شێوەی تازەی کۆمپانیای پارێزەران، هەموو ئەو مەرجانە تاوەکو ئەندامی ئەوان بێ یان (علی الاقل) ئابوونە بەوان بدات، بۆیە من نازانم دەڵێت ئەوە دابوونەریتە، ئێمە دیومانە لە فلیم دەبینین ئەگەر نەمان زانیبێ، باشترین مەحامی لە هۆنکۆنگە، بانگی دەکەن لە پاریس مورافەعە لەسەر قەزیەك بکات، ئەویش نابینم زەروری بێت، دەربارەی ئەوەی زمان، خوشك و برایان باسیان کرد، من لایەنە دووەمەکەی ئەو رستەیە باس دەکەم، ئەمە دان پێدانانێکی زمنی راستەوخۆشە، هەر دەتوانم ئیدیعا بکەن ناراستەوخۆش نییە، کە سیستەمی تەربەوی ئێمە لە جامیعە فاشیلە، لە ئێعدادی گەنج و خەڵك بەهۆی میهنەیەك مومارەسە بکەن، روونە، واتە دەبێ بیر بکەن لە فەلسەفەی تەعلیم، بۆ ئەوەی خەڵکی خاوەن شەهادە تەخروج پێ بکەین، یان جوندوی وتەنی ئەو خەڵکەی موجتەمەع پێویستێتی، ئەمە روونە، واتە ئەگەر من لە سجلی نەقابە، تەسجیل کرابم، هێشتا من ئەوەم ئەوەی تەخەروج بوومە و نازانم مومارەسە بکەم، بۆیە مەعهەدی بۆ دەکەم، ئەگەر من قەزا و ئیدیعام لە هەرێم مومارەسە کردبێ، مەحامی نییە، واتە هێشتا من پێویستم هەیە بۆ ئەوەی بچم فێرم بکەن چۆن مەحامات بکەم، عەزوش بم لە هەیئەی تەدریسی خۆم، بەڵایەکە لەوێ دەستی پێ کردووە، ببوورن ها، واتە منی خەریجی حقوقی شایستەی ئەو نیم یان توانای ئەوەم نییە مەحامات بکەم، من بەرهەمی ئەو عزوی تەدریسەمە، لەسەر چ ئەساسێك من ئەمانە عافوو دەکەم؟ لە عومر، لە نازانم هەر

شتێك، واته ئەمانەش هەر پێویستیانە وەكو خەریجی تازە، مەحامات میهنەیە، پەیوەندی بە دەرەجەی وەزیفی و شت نییە، بۆیە ئەم ماددەیەش هەر ئەساسەن من لەگەڵی نیم، رابیعەن، (لا یجوز الجمع)، چی تێدایە یەعنی، من نە ئازادم، بۆچی بۆم هەیە بچمە سێ،؟ چوار سەندیکای رۆژنامە نووسان و نووسەران و جیۆلۆجیان، بۆچی لێرە نا؟ تاوەكو تۆ مەوزوعەكە لە عێراق چارەسەر نەكەی بە دەستوور یان بە قانون، ئەندامیەتی لە سەندیکای پارێزەرانی كوردستان بە موساوی حیساب دەكرێت، وەكو هی عێراق، ئەمنی مەحامی زیرەك دەتوانم لەوێ لە بەغداد بچم مورافەعە بكەم، كە تۆ ناهێڵی ببم بە ئەندامی سەندیكای پارێزەران لە عێراق، یەعنی فورسەی ئیشت لە من گرت، ماددەی چەندە؟ یەكەمە یان سێیەمە؟ لە حقوقی ئینسان، واتە من خەڵقی ماددەیەكی عالەمی دەكەم، تەدریسەكانی وان دیارن، روونە، موتەناقزیشن، شەریكاتی ئەجنەبی دێت، مەحامی خۆی دێنێت، خۆ ئەوە عزوە لە نەقابەیەكی تر، واتە تۆ مەجبوور دەكەی شەریكەیەكی نەمساوی بێت كە ئەمە خۆی لە دونیا مەحامی خۆی هەیە، پێی دەڵێی نابێ مەحامییەكەت مورافەعە بێت لە عزووی نەقابەی من، كەس قبولێ ناكات، تەبریرەكەیان هەتا كە شەرحی كۆمپانیای پارێزەران دەكەن، كە بودجەی ئەو كە باشە، تەئیدی دەكەم، واتە دەبێ تەنها ئەندامەكانیان، بۆیە تەسەوڕ دەكەم خوشك و برایانیش باسیان كرد، واتە بە كورتی، فی كولی ئەحوال ئەوەلەن بەرەئی من زیادە، چونكە لە قانونی تر هەیە، فی كولی ئەحوال دووەم دەبێ بیری لێ بكەین، ئایا ئەو نەقابە میهەنییە، مەعهەدە یان مەعهەد نییە؟ ئەگەر بۆی هەیە دەورە بكاتەوە، ئەوە لە یاسایەكی تر هەیە، تەنزیمی دەكات، ماددەكانی مەرجەكان پێویست ناكات ئەو كاتە لە هەردوو حاڵەت، چوارەمیش، بۆیە زۆر بە بەساتەت، من تەسەوڕ دەكەم ئەو ماددەیە زیادە، پێشنیار دەكەم ئەو ماددەیە لا بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی یەكەم من لەسەر ئەوە مولاحەزەم هەیە، دەڵێ بەشی پارێزەرایەتی لە ناو پەیمانگای دادوەری دەكرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك بۆ پێشخستنی پیشەیی و ئامادەكردن، لێرە بەراستی تەحدید نەكراوە، ئایا بۆ چەند دەبێتەوە، ئەو بەشی پارێزەرایەتییە ئایا شەش مانگە؟ سێ مانگە؟ چەند مانگە دەكرێتەوە؟ یەعنی زۆر بە موتڵەقی هاتووە، هەر تەنها بەشی پارێزەرایەتی دەكرێتەوە؟چونكە لەبڕگەی دووەمیش بەهەمان شێوە هاتووە ئەوەی كە سەندیكای پارێزەران بۆی هەیە كە خول بكاتەوە، دەڵێ هاوچەشنی بەشی پارێزەرایەتی پەیمانگای دادوەری بێت، واتە ئەویش ئەگەر تەحدید نەكرێ ئەویش ناكرێ، كە خولەكە چەند بێت، مانگێك بێت، سێ مانگ بێت، شەش مانگ بێت، بۆیە من وا بەپێویستی دەزانم ئەگەر ئەوە بكرێتەوە، تەحدید بكرێت كە بۆ ماوەی چەندە، دەربارەی بڕگەی سێیەم،

خاڵی یەکەم، دەربارەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە دێری دووەمدا هاتووە، یان دەرچووی بەشێك بێت کە کە هاوتای ئەوانە بێت، بەپێی حکومی ئەو یاسایە، بەڕاستی ئەو پرسیارەم بۆ لیژنەی یاساییە، هاوتا چییە؟ هاوتا بە کۆلیژی یاسا؟ یەعنی ئەوانە کێن کە هاوتا بن بەوە؟ دەربارەی خاڵی چوارەم من لەگەڵ تەحدید کردنی تەمەن نیم، لەگەڵ ئەو هاوکارانەم کە باسیان کرد، چونکە خەڵك هەیە لە تەمەنی (45) ساڵی چۆتە ئەو کۆلیژە یاسایە ئەهلیانە، یەعنی دەبێ مەفرووزە کە ئێمە ڕێگەی پێ بدەین کە بتوانێت موزاوەلەی ئەو حەقەی خۆی بکات، دەربارەی چوارەمیش بەڕاستی من لەگەڵ چوارەم نیم کە نابێت ئەندامیەتی لە هەردوو سەندیکای پارێزەران لە هەرێم و لە عێراقدا هەبێت، چونکە بەڕاستی ئێمە پارێزەرمان هەیە چەند ساڵە لە عێراق پارێزەر بووە، زۆر بەباشی ئیشەکەی کردووە، پارێزەرێکی باشە، لەوێ ئەندامی سەندیکایە، دێتەوە ئێرە ئەگەر لێرەش ئەندامی سەندیکا بێت یەعنی لەو حاڵەتەدا ناتوانێت ئەوە حەقی لێ دەستێنینەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەش نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێی ئەم ماددەیە من پێشنیار دەکەم خاڵێکی بۆ زیاد بکرێت، وەکو مەرجێکی تر بۆ ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار مۆڵەتی کاری پارێزەرایەتی پێدەدرێت، ئەویش دەچوون یان پەڕینەوە لە پشکنینی پزیشکی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان، کە سەندیکای پارێزەران بڕیاری لێ دەدات، بۆ دڵنیا بوون لە توانای کەسەکە، بۆ یادەکردنی پیشەکە، پێویستە لەسەر سەندیکا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری تەندروستی یان (وەزارەتی تەندروستی) ڕێسایەکانی ڕێکخستنی ئەم کارە دانێن، سەبارەت بە تەمەن من لەگەڵ ئەوەم تەمەن دیاری نەکرێت، نەکرێت بەمەرج، ئەمەش کە هاوڕێیانم بەڕاستی روونکردنەوەی زیاتریان لەسەری دا، من نامەوێت زیاتر لەسەری بڕۆم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من سەرەتا پێش ئەوەی مولاحەزەکانم بڵێم لەدوو شت تێناگەم، یەکەمیان پێش ئەم هەموارکردنە تێگەیشتبووم کە مەحامیاتی پیشەیەکی ئازادە، یەکێکە لەوانەی کە قیودی لەسەر نییە، لەچوارچێوەی کارە حکومییەکاندا نییە، کە لە ئەساسدا ئەو مەبدەئەیە، ئەو تێگەیشتنە لا ببەین، کە پیشەیەکی ئازاد نامێنێ، حاڵەتێکی تر ئەوەیە کە دیسانەوە حاڵەتێك هەیە کە من لێی تێناگەم، بۆ ئێمە لە کۆمەڵێك شتدا ناکرێ و نابێ و گونجاو نییە خۆمان موقارەنە بکەین بە وڵاتانی پێشکەوتوو، لەبەر ئەوەی مەرحەلەیەکی زۆر گەورەی

پێشکەوتن و گۆڕانکاری هەیە لەبەینی ئێمە و ئەواندا، بەڵام لەهەندێ شتی تریشدا ئێمە دەبێ لەسەر ئەو پرنسیپە نێودەوڵەتی و لەگەڵ ئەو بنەمایانەی کە وڵاتانی تر ئیشی لەسەر دەکەن ئیش بکەین، بۆیە من لە روانگەی بابڵێین هەلومەرجی خۆیانەوە، بەو پێیەی کە ناکرێ خۆمان موقارەنە بکەین بە زۆر لە وڵاتانی تر قسە بکەم، لەراستیدا ئەم ماددەیە ئەگەر وەکو خۆی تێپەڕێت بەبڕوای من شەرعییەت دانە بە کۆمەڵێك شت، یەکێك لەوانە شەرعییەت دانە بە زۆرە ملێ ئەندام بوون لە سەندیکاکاندا، یەعنی ئێمە ئەوەمان لەبیر چۆتەوە کە ئەم ماددەیە دەخوێنینەوە بەپێی قانونەکەش کە هەیە، کە دەبوایە تەعدیلەکە لەوەدا بوایە ئێمە ئەندام بوون لە سەندیکای پارێزەراندا بەکارێکی زۆرە ملێ دادەنێین، ئەگەر یەکێك ئەندام نەبێ لەو سەندیکایە، مەحامی نییە، دەبێ ئەمە بۆ هەموو شتەکانی دیکەش راست بێ، بۆ نموونە ئەگەر پزیشکێك یان خوێندکارێك کە لەکۆلێژە پزیشکییەکان تەخەروج دەکا، ئەگەر ئەندامی سەندیکا پزیشکییەکان نەبێ، دکتۆر نییە، ئەگەر موهەندیسێك ئەندامی نەقابەی موهەندسین نەبێ، موهەندیس نییە، یەعنی ئەمە تەواو پێچەوانەی بنەمایەکانی ماڧی مرۆڤ و کاری رێکخراوەییە، یەعنی چۆن تۆ بە قانون دێی ئیشەکەت بەوە دەدەی کە ئەگەر کەسێك ئەندامی ئەو سەندیکایە نەبێ لەوە خراپتریش ئەگەر دەورەیەکیش لەو سەندیکایە نەبینێ پارێزەر نییە، نابێت پارێزەر بێت، کە ئەمە بەڕاستی بەنەمایەکی زۆر خراپە پەرلەمان ئیشی لێ بکات، خاڵێکی تر کە لێرە ئێمە بابڵێین ئیشارەتی پێدراوە، ئەو دەورەیە، راستە برادەران زۆر باسیان کرد کە هەندێك پارێزەر هەیە نازانێ چۆن بوەستێ، پێویستی بە بنەمایەکانی سەرەتای کاری پارێزەرایەتی هەیە، بەڵام خۆ پارێزەرایەتی لەگەڵ هەموو پیشەکانی ترە و وەکو یەکە، پزیشکێك کە خوێندکارێکی کۆلیژی پزیشکییە تەخەروج دەکا، موهەندیسێك تەخەروج دەکا، نازانێ سەرەتا تووڕ چۆن دەکا، دەبێ ئێمە هەمواری ئەوەش بکەینەوە کە لە سەندیکای پزیشکان ئیجبار بکرێ هیچ خوێندکارێکی کولیەی توب ئەگەر دەورە نەکرێتەوە بۆی بزانێ تووڕ چۆن دەکا، بزانێ چۆن دەچێتە خەستەخانە، بزانێ چۆن دەچێتە ژووری عەمەلیات؟بزانێ چۆن دەستی تەعقیم دەکات؟ بزانێ ئەمانە هەمووی چۆن دەکات؟ نابێ پزیشك بێ، دەتوانین ئێمە شتێکی لەو بابەتە بکەین؟ یاخود رێگەمان پێدەدەن شتێکی وا بکەین؟ موهەندیس، هەر کەسێکی دیکە، دەبێ خولێکی بۆ بکەینەوە چۆن موراقەبەی جسوور بکا، کە ئەمە بەڕاستی بەتەنیا قۆرخ کردنی مەسەلەی پارێزەرایەتییە، بەرتەسککردنەوەی ئەو ئازادی کارکردنەی پارێزەرایەتییە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو مەرجانەی کە داندراوە، دوای ئەوەی کە دەورە هەبێ، لەگەڵ ئەوەی کە من پێشنیار دەکەم ئەو دەورەیە ئەگەر هەشبێ دەورەیەکی ئارەزوو مەندانەبێ، ئەمە واریدە، سەندیکای پارێزەران بۆ خەمخۆریان بۆ ئەوەی پارێزەر بەشێوەیەکی باش بڕوات مەحامیاتی خۆی بکات، دەورەی ئارەزوومەندانەی هەبێ، ئەو پارێزەرەی کە دەیەوێت ئەو خولە ببینێت، بڕوا ئەو خولە ببینێ، بۆ ئەوەی زووتر ببێتە پارێزەرێکی باش، مەرجەکان کە داندراوە لەگەڵ ئەوەی کە من پشتیوانی تەواوی قسەکانی سۆزان خان دەکەم، ئەو هاوڕێیانەی تریش کە لە دوای ئەوەوە قسەیان کرد، بەڕاستی تەمەن لەکوێی دونیادا بەتایبەتی میهنەیەکی ئازادی وەکو مەحامات تەمەنی بۆ دیاری دەکرێ؟ کە دەبێ تەمەنی ئەوەندە بێت ئینجا

مەحامیاتی بکا، یاخود لەوەی کە خاڵی چوارەمی (محمود السیرة و السمعة و اهلاً.....)، یەعنی هەر ئەوە ماوە کە بڵێین لە دڵی خۆشیدا بەتەمای کارێکی خراپەکاری نەبێت، یەعنی ئەمە کێیە تەحدیدی دەکات ئەوە مەحمودی سیرەیە یان نازانم چی سیرەیە؟ کە بەڕاستی ئەمە هەموو ئەمانە پێچەوانەی مافی ئازادی کارکردنن لە هەرێمی کوردستاندا، چوارەمی هەر ئەو مەرجانە کە نابێ لەبەینی دوو نەقابەدا بەڕاستی ئەمە عەیبەیەکی قانونییە، جگە لەوەی کە ڕێگرتنە لە ئازادی ئەندام بوون لە نەقابەکاندا، عەیبەیەکی قانونییە، ئێمە ئێعتراف دەکەین بەم خاڵە، لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین بە قانون ئەوە ڕێك بخەین کە کەسێك دوو ئیمتیاز وەر نەگرێت لە هەرێمی کوردستاندا، دێین تەقییدی حورییەتی ئەندام بوون لە نەقاباتدا دەکەین، کە ئەمە بەڕاستی هەم عەیبەیەکی قانونییە، هەم ئێعترافی سەریحە بە قەتیس کردن و قەید کردنی ئازادی کارکردن و ئەندامیەتی لە نەقابەکاندا لە هەرێمی کوردستان، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەموو ئەو خاڵانەی کە هاوکارانی پێش خۆم ناڕازی بوون لێی، منیش دووپاتم کردەوە، هەموو ئەو خاڵانە لابدرێ، مەسەلەی دەورەکە بکرێ بە دەورەیەکی ئارەزوومەندانە کە ئەمە دەبێتە دەستپێشخەریەکی باش بۆ سەندیکای پارێزەران، نەك قۆرخکردنی کاری پارێزەرایەتی لەلایەن ئەوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دیارە بەهۆی زۆری ئەو کۆلێژە ئەهلیانە و کردنەوەی بەشی یاسا لەو کۆلێژانە بۆتە هۆی زۆری و بۆری بەشی پارێزەرایەتی لە هەرێمەکەمان، هەروەها کاری میهنەکەشی نەهێشتووە، بۆیە کردنەوەی ئەم دەورانە ئەمن بە شتێکی زۆر گرینگی دەزانم، پێویستە برەوی پێ بدرێت، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەمن پێم باشە ئەم دەورانە لە خودی ناو پەیمانگای دادوەرییەکە بکرێتەوە، سەندیکا پێی هەڵنەستێ بەم کارە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم کە باس لە تەمەن دەکا، شتێکی زۆر گرینگ هەیە کە پێویستە ئێمە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە تەمەن لەو خاڵەدا لابدەین، لەبەر ئەوەی ئەمە وەکو ئەوەی تەعلیم عالی لێهاتووە کە تەمەنی تەحدید کردووە بۆ هەر کەسێك کە بچێت ماجستێر یاخود دکتۆرا بێنێتەوە، بۆیە پێم باشە ئەو تەمەنە لابدرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە خەڵکمان هەیە بەهۆی خراپی باری ژیانی نەیتوانیوە بچێت لە زانکۆکان بخوێنێ، لە تەمەنێکی زۆر درەنگتر چووە کۆلێژەکەی تەواو کردووە ئێستاکە کە تەمەنی (50)ساڵ تێپەڕ بووە، زانکۆی تەواو کردووە، بۆ ئەو حەقەی پێ نەدرێ کە بتوانێ لەم دەورانە بەشدار بێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا من لەگەڵ ڕەتکردنەوەی بڕگەی دووەمم و سێیەم بووم، بەلاّم دوای ئەوەی کە باسکرا بڕگەی یەکەمیش تیکڕارە، ئێستا بەتەواوەتی لەگەڵ ئەوەم ماددەکە بە تەواوەتی ڕەتبکرێتەوە، بەلاّم لەژێر ئەو پاساوەی کە من قەناحەتم وایە ئەندام بوون لە سەندیکا ئازادانەیە، نابێ بسەپێندرێ کە تۆ ئەگەر ئەندام نەبی لەسەندیکای پارێزەران، مافی پارێزەرایەتیت نییە، ئەوەی کە خول بکرێتەوە کە پارێزەر خول ببینێ و دوایی پارێزەرایەتی بکا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەلاّم سەندیکا ئەرکی ئەوەیە بەرگری لەمافی ئەو توێژە بکا کە نوێنەرایەتی دەکا، نەك ئەوەی کە سەندیکا بۆ خۆی ببێ بە بەشێك لە دەستەلاّتی جێ بەجێکردن، ئەوە مانەوەی ئەو فکرەیەی ریژێمی پێشووە کە سەندیکاکانی بە بەشێك لە حکومەت زانیوە، بەلاّم سەندیکا دەبێ بەشێك بێ لە کۆمەڵگەی مەدەنی و کاری ئەوە بێ کە بەرگری لە مافی ئەو توێژە بکا کە نوێنەرایەتی دەکا، بەلاّم لە بڕگەی سێیەم کە هاتووە لە بڕگەی دووەم دەسەلاّتی کردنەوەی خولەکەی داوە بە سەندیکایەکە، واتە من ئەگەر ئەندام نەبم، نەچمە ناو ئەو خولەوە بۆشم نییە پارێزەرایەتی بکەم، لەکاتێکدا کۆلێژی قانونم تەواو کردووە، گریمان خولەکەشم بینی لە شوێنێکی دیکە، بەلاّم سەندیکا نابێ ئەو دەستەلاّتەی هەبێ، بڕگەی سێیەمیش یەعنی ئەوە شوێنی ئەو بڕگەیە، یاسای سەندیکای پارێزەران نییە، شوێنی ئەو بڕگەیە یاسای پیشەی پارێزەرایەتییە، یاسای مزاوەلەتی میهنە ی مەحاماتە، نەك لەناو یاسای سەندیکای پارێزەرایەتیدا تۆ مەرجی کارکردنی پارێزەرایەتی دابنێی، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگە بڵێن ئەتو ئیمزات کردیە لەسەر ئەو یاسایە، بۆ تێبینی دەدەی؟ بەراستی لە ناچاری، لەنائومێدی ئەمن ئەو ئیمزایەم کرد، لەبەر ئەوەی پڕۆژەیەکیان تەقدیم کردبوو سەندیکای پارێزەران زۆر گشتگیرتر و فراوانتر بوو، هەر نەخرا بەرنامە، گۆتمان ئەز عەف ئیمانەکە با ئەو هەموارکردنە بڕوا، ئەوویش بەو تێبینیانەی کە هەمانە، جارێ ئێمە ئامانج لە هەموارکردنەکە چییە لەو دەقە، ئامانجەکە ئاسانکاری بۆ ئەوانەی دەبنە پارێزەر، ببنە پارێزەری شارەزاو بەتوانا ئێمە لەو بارەیەوە مەعهەدێکمان هەیە و سەندیکایەکمان هەیە، هاوکاریان دەکا، یان ڕێگرییە لەوەی کە خەڵك بەو زۆرییەی بێتن ببێتە مەحامی، هەرچەند تێی ڕامام بەڕاستی ئەمە ڕێگری کردنە، هەم لە تەمەنەکە، چونکە ئەوەی کۆنیان (55) ساڵە، ئەمە تەمەنەکەیان کەم کردیتەوە، هەمیش لەوەی کە پەیمانگا بەخۆی بۆ دادوەرانی پێ ناکرێ بۆ ئەوانە، (19) کولییەی ئازاد هەیە لەم وڵاتەی ساڵی هەزار پارێزەر دەردەچێ، وەکو مافێکی خەڵك بۆ پیشەکەی خۆی، بۆ ئیشکردن، یەعنی

هەست دەکەی بەڕاستی ئـەوە تەگـەرە و کۆسـپێکی زۆر دروسـت دەکـا لەبـەردەم ئەوانـەی تـر بـەناوی تەمـەن، بـەناوی ئـەوەی دەبـێ سـەندیکا دەورە بکاتـەوە، چ کـاتێکیش دەورە دەکاتـەوە؟ هـەتا کـەی؟ هـەتا ئـەو کاتـەی پەیمانگایەکە دەتوانێت، کە پەیمانگایەکە توانی تۆ بۆت نییە، باساڵی بتوانێ سـەد کـەس پـێ بگەیـەنی، تـۆ لـە دەرکردنی هەزار کە دەبێتە پارێزەر سەد کەس پێ بگەینی، ئەمە رێگریەکی گەورەیە، ئەگەر ئێمـە مەرجەکـە بخەینە ئەوەی لە نووسینگەیەك ئیش بکا چاکتر نییە؟ یەعنی ئەمە پرسیارە، ئەمە ئـەوەی هـەر کەسـێکە کـە دەیەوێ ببێتە پارێزەر پێویستە بۆماوەی ساڵێك لای پارێزەرێکی تر لە نووسینگەی پارێزەرێکی تـر ئـیش بکـا، ئەوە خاڵێکیان خاڵێکی دیکەش، بەڕاستی ئەمن بەلامەوە گرینگـە سـەندیکا ئـەو بەرپرسـیارەتییەی نـەدەینێ، چونکە سەندیکا دەزگایەکی پیشەییە، دیموکراتی ئازادە، ئەوەی یەکیان کە ئەوە بوو پێویست ناکا ئەو شـەرتە لەسەر کەسێك دابنێی کە دەیەوێ ببێتە پـارێزەر، پـێم باشـە لـەپێناوی بـەهێزکردنی پـارێزەر یـان شـارەزایی توانای پارێزەر، سەندیکا بەهەماهەنگی لەگەڵ پەیمانگا دەتوانێ خول بکاتەوە بۆ ئەوانەی کە تـازە دەردەچـن، دەتوانێ، ئـەوە وەکـو شـتێکی سەربەسـت و ئـازاد بـۆ هاوکـاری کـردن، نـەك بیکەیتـە مـەرج، نەیکەیتـە مـەرج، دەتوانی، کە ئەوانیش ناسنامەی دەدەنە هـەر پارێزەرێـك دەڵـێن کاکـە دەورەمـان هەیـە، بـۆ خۆشـی باشـە، بـۆ میهنەکەشی باشە، بۆ ژیانیشی باشە، ئەو شەرتەش دابنێین کـە لەنووسـینگەیەك کاردەکـا بـۆ سـاڵ، ئەمـە زۆر مـەنتیقی تـرە، زۆر باشـترە، لـە مەسـڵەحەتی خەڵکەکەیـە، نـەك بەڕاسـتی لاسـایی ئـەو مەرجانـە بکەینـەوە دائیمـەن لـە وڵاتـانی کـۆن کـە هـەموومان موتەئەسیر بووینـە بـە وڵاتـانی ئیشـتراکی تەماشـای کۆمـەڵگا وەکـو ئۆردوگا دەکا، وەکو عەسکەر، دەبێ ئەو مەرجانەت تێدابێ ئینجا دەتوانی سەربازی بکەی، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە هەرچەنـدە منـیش لە لیژنـە ئیمزام کردووە لەسـەری، بـەلاّم دیـار بـوو مـن مولاحـەزاتم هەبوو، بـەلاّم ئێسـتا دەتـوانم مولاحەزاتـەکانی خـۆم بـە تـەواوەتی دەربـبڕم، کـە بـاس دەکـرێ لەسـەر مـاددەی یەکەم، دەڵێ (ثالثە)ن، ئێمە هەموومان دەزانین ساڵانە کۆمەڵێك خەڵك کۆلێژەکانی یاسا تـەواو دەکـەن، دەبـن بە پارێزەر یاخود دەڕۆن لە دەوائیرەکاندا تەعین دەبن، وەکو ماڤپەروەرێك، وەکو یاسا ناسێك، لـە دائیرەکانـدا، بەلاّم راستە خەڵکێکی زۆر ساڵانە تەخەروج دەکا لە کۆلێژەکانی قانون، هەرچەند باس دەکـەن کۆلیـژێکی زۆر هەیە چ بە ئەهلی، چ بە حکومی، چ بەیانیان، چ ئێواران بـۆ تەخـەروجکردنی کۆمـەڵێکی زۆر لـەم پارێزەرانـە، بەلاّم تۆ کە ئیزنت داوە، کۆلێژی ئەهلی بکرێتـەوە، کۆلیـژی ئێـواران بکرێتـەوە، هەڵبەتـە حیکمـەتێك هەیـە، حکومەت خۆی یاخود هەرێمی کوردستان دراسەیەکی هەیە لەسەر ئەوەی ئایا بۆچـی تـۆ ئـەو هـەموو کۆلیـژە یاسایە دەکەیتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا دوایی ئەوە دێی قەیدی بۆ دادەنێی، مەرجی بۆ دادەنێـی، دەڵێـی وەڵلا هـی

من ناتوانم لەکاری حکومیدا تەعینت بکەم، لەبەر ئەوەی مەجال نییە تۆ وەکو ماڤپەروەریَ لە دەوائیردا تەعینت بکەم، مەحدوودە، ئەمن ناتوانم تەنها ئەوەندە سالأنە تەعین بکەم، ئەی کاتیَ ئەو کە مەجالی هەیە بۆ خۆی دوای ئەوە بڕوا بە پاریَزەر کارەکانی خۆی بکا، کە وەکو ڤتاعیَکی خاس دیَتەوە، چونکە ئەو دەتوانیَ خۆی کار بکا، دوایی کە ئەو دەستکەوتەی دەست دەکەویَ ماددییەن لەسەر کەفائەی خۆی دەستی دەکەویَ، ئیشی مەحامیاتی لەسەر زیرەکی مەحامییەکەیە نەك لەسەر ئەوەیە کە بلَیّی وەللا تۆ مەحامییەکت هیَناوە ئەوەندە پارەی دەدەیتیَ مانگانە، بەلاَم دەمیَنیَتەوە لەسەر زیرەکی و کەفائەی و لیَهاتوویی خۆی وەکو پاریَزەر، بۆیە لیَرە کە تۆ مەرجی بۆ دادەنیَی نەتوانیَت پاریَزەری بکات تاوەکو ئەو دەورە نەبینیَت، وابزانم ئەوە دەبیَتە ئیجحافیَك بەرامبەر ئەو کەسانەی کە تەخەروج دەکەن، چونکە تۆ ناتوانی لەساڵیَکدا بۆ هەزار کەس یان بۆ نۆ سەد کەس دەورەیەك بکەیتەوە بیکەیت بە پاریَزەر، ناشتوانی داشی مەزریَنی لە ڤیتاعی عام، کەواتە تۆ خەلَکیَکت پارەی خەرج کردووە و کۆلیَژی تەواو کردووە و مەحامیاتی خویَندووە و قانونی خویَندووە، دوای ئەوە بیّی لیَرە ئەو هەموو ڤەیدەی بۆ دابنیَی بۆ ئەوەی نەتوانیَ مومارەسەی کارەکەی خۆی بکا، بۆیە بەڕەئی من دەکریَ بۆ کەفائەت کەفائەتی ئیشی مەحامیات لەوە نییە بە دوو، سیَ دەورە یاخود کاڤی بیَ، کە فائاتی مەحامات، ئەوەیە کە خۆی چەند تواناى هەیە، چەند ڤابیلیەتی هەیە، دەتوانیَ لە مورافاعاتدا بتوانیَ نەجاحەت بیَ نیَت، بتوانیَ کەسپی ڤەزیە بکا، بۆیە ئەم دەوراتانە تەنها بۆ رووی شەکلییە، یەعنی بۆ ئەوەیە کەوا فیَر بیَ ئەو مەحامییە چۆن رادەوەستیَ، چۆن رەفعی ڤەزیەیەك دەکا، ئەمە هەمووی شکلییە، خۆی دەتوانیَ بەدەورەیەکی بچکۆلَە لە ریَگای سەندیکاوە دەکریَ، لە ریَگای مەعهەدی ڤەزاوە دەکریَ، لە هەر کیَوە بیَ، بەلاَم ئەمە مەرج نەبیَ بۆ ئەوەی کە ئەمە نەبیَ بە مەحامی، من پشتگیری ڤسەکەی کاك کاردۆ دەکەم، دەکریَ ئیَمە بلَیّین بۆ سالَیَك دەبیَت وەکو مەحامییەکی موساعید لە یەکیَ لە نووسینگەکاندا.....، یەعنی نەبیَ بە مەحامی تاوەکو لەیەکیَ لە نووسینگەکانی مەحامیەکان لەبەر دەستی مەحامییەکە سالَیَك مەحامیاتی دەکا، ئەوە شتیَکی باشە، بەلاَم ئەوە یەعنی وەکو چۆن بلَیّیم بۆ ئەوەی پرەنسیپی کارەکانی مەحامیاتی فیَربیَ، ئەمە کاریَکی زۆر، زۆر مەعقولَ و مەنتیقی ترە، بۆیە من لەگەلَ ئەوەم خالَی سیّیەم کە ئەو شەرتەی دانراوە، ئەو شەرتە هەلَبگیریَ، دیَمە سەر ئەو مەرجانەی تر کە بەخالَی یەك و دوو تەسەسولی بۆ داندراوە، پشتگیری ئەو برادەرانەم دەکەم کەوا هەموو باسی تەمەنیان کرد، راستە ئەمە بۆ تەڤاعودییە، ئەمە زەمانیَکە دەیداتە مەحامی، تۆ ناتوانی مەحامی بۆ سالَیَك، دوو سالَ مەسەلەن (45) سالَ کە بوو بە (63) سالَ کە پانزە سالَ زیاتر دەکا تەڤاعود بیَ، دەتوانی پیَی بلَیّی تەمەنەکە دیاری ناکەم، بەلاَم خدمەکەت لە پانزە سالَ کەمتر نەبیَ، مەسەلەن من لە (60) سالَی دەبم بە مەحامی، بەلاَم لە (75)ی دەڕۆم بۆ خۆم تەڤاعود دەبم، ئیمتیازیاتی تەڤاعودی وەر دەگرم، بۆیە وەکو گۆتم کاری مەحامات لەسەر کەسەکە دەوەستیَ، کاری مەحامیات لەسەر هیچی تر ناوەستیَ، ئەو کەسە خۆی و کەفائەتی خۆی دەوەستیَ، ربحی مادییەکە و زەرەری مادییەکە تەنها بۆ خۆیەتی وەکو کەس، پیَنجەم دەلَیَ (محمود السیرة و السمعة و اهلاً للاحترام)، باشە ئیَمە لەگەلَ ئەوەین مەحمودی سیرە و سومعە بیَ، بەلاَم (اهلاً للاحترام) کە لیمەیەکی مەتاتییە،

کەس ناتوانێ بەکەس بڵێ تۆ موحتەرەمی، تۆ موحتەرەم نیت، چونکە قیاسێك نییە بۆ ئەوەی ئەم کەسە چەند ئێحترامی هەیە، چەند ئێحترامی نییە، بۆیە بەمن (اهلاً للاحترام) لێرە جێگای خۆی نییە، هەڵبگیرێ باشترە، رابیعەن کە دەڵێ عەزو نەبێ لەنیقابەیەکی موماسلی تر، راستە وەکو گوتمان باسی ئیمتیازاتی تەقاعودی دەکا، ئێمە لەگەڵ ئەوەین، قەینا با ئیمتیازاتی تەقاعودی ئەندامی پارێزەرانی کوردستانە تەنها لێرە ئیمتیازاتەکە وەر دەگرێ، بەلام رێگریش نەکەین کەوا ئەو کەسە نەبێ بە ئەندام لە نیقاباتی موحامیاتی تر، دەتوانین بڵێین ئەو کەسە ئەندامی پارێزەرانی هەرێمی کوردستانە لە هەرکوێی تریش دەتوانێ ببێ بە ئەندام، بەمەرجێك تەنها ئیمتیازاتی نیقابەی موحامینی کوردستان وەر بگرێت، یەعنی تەنها ئیمتیازاتی یەك جێگا وەر بگرێت، من حەزدەکەم ئەوەش ئیزافە بکەم کەوا ئێمە ئەگەر بێت و زیکری ئەوە بکەین، یەعنی بە خاڵێك زیکری بکەین، چونکە ئەوانەی کە تەخەروجی دەکەن لە قانون یان دەبنە مەحامی یان دەبنە ماڤپەروەر، ئەوە مەرج بێت کەوا لە یەکێکیان تەنها ئەندام بێ، لەیەکێك لە سەندیکایەکان، یان ماڤپەروەران یان پارێزەران، ئەوە چونکە زۆر زەروورییە، ئێستا دەبینین خەڵکێك هەیە تەخەروجی کردووە لەکۆلێژی یاسا لە سەندیکای پارێزەران ئەندامە، بەلام دوای ماوەیەکی تر هەر ئەندامە، لەوێ دەڕوا لە ماڤپەروەرانیش هەر ئەندامە، دەشتوانێ موزاوەلەی هەردوو میهنەکە بکا، یەعنی خەڵك هەیە دەلیلم هەیە لەسەری، کە موزاوەلەی هەردوو میهنەکە دەکا، هەم مۆزەفە، هەمیش ئێواران پارت تایم بۆخۆی مەحامیاتی دەکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە قسەکانی من کرا، بەس تەنها لێرە من پێشنیارێکم هەیە دوای ئەو گفتوگۆیە زۆرەی کە کرا لەسەر ئەو ماددەیە، نازانم تا چەند گونجاوە و لەرووی یاساییەوە کرایە نوێنەرانی نەقابەی مەحامی و لەگەڵ لایەنی حکومی لێرە بوایە هاوبەشی بکردبایە لە گفتوگۆیەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر چوارەم قسەی دەکەم، نموونەیەك دەینم ئەم خاڵە چەند خراپە بۆ ئێمە ئەگەر بێت و ئێمە وەکو خۆی تەسبیت بکەین (لا یجوز الجمع بین عضویة نقابتین)، ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەیە،

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیایەکان، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا لە کوردستان تۆمار کران، کێشەیەك هاتە پێش ئەم کۆمپانیایانەی لە کوردستان تۆمار کران نەیان دەتوانی لە عێراق کار بکەن، کە ئێمە سێ پارێزگاینە، عێراق پانزە پارێزگایە، ئەم کێشە بەردەوام بوو، زەرەرێکی زۆری بە ئێمە گەیاند، بە ئابووری کوردستان گەیاند، بە توانای کۆمپانیایەکانی کە زۆربەیان کۆمپانیای زۆر زیرەك بوون، بەتوانا بوون، بە ئیمکانیەتی ماددی و فەنی بوون، ئەم کێشەیە بەردەوام بوو هەتاوەکو تەفاهومێك روویدا لە بەینی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیایەکانی هەرێم، لەگەڵ دائیرەی مسەجلاتی شەریکات لە بەغدا، ئێمە بڵێین ژمارەی پارێزەران زۆرن، ئەوانەی مەحامین زۆرن، کولیات زۆرن، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر دێتە سەر، هەر هەموویان حەشار بدەین لە سنووری سێ پارێزگا، فورسەتی پانزە پارێزگایان لێ بستێنین، یەعنی ئەمە بەڕاستی مەعقوڵ نییە، پاشان ناوچەمان هەیە ناوچەی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چۆن مەعالەجەی بابەتی ئەوانە بکەین؟ ئەگەر ئەم خاڵە تەسبیت بکەین ئەوانە مەحروم دەبن، یەعنی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکەین؟ لەبەر ئەوە ئێمە هەندێك جار هەندەك خسوسیات بە خۆمان دەدەین، وەکو بڵێین ئیسپات وجودێك یان نازانم ناوی چ بنێم، بەڵام بیر لەوە ناکەین ئەمە زەرەرەکەی بۆ ئێمە چەندە، ئێمە لە عێراقداین، من ئەمڕۆ کێشەیەکم هەیە لە بەصرە، ئەگەر ئەو خاڵە تەسبیت بکەن مانای بۆ من نییە من مەحامییەك لێرە تەکلیف بکەم بچێتە بەغدا بەدوای کێشەکەی مندا بگەڕێت، من مەجبوورم ئەو کاتە بچمە بەصرە، ئەو زەحمەتە و ئەو رێگایە هەموو بچم بەدوای ئیشەکەی خۆمدا بگەڕێم، لەبەر ئەوە خاڵی چوار خاڵێکی خەتەر ناکە، بە تەجروبەی کۆمپانیایەکان تەجروبەیەکی فاشیل بوو، نەمانتوانی ئەو تەجروبە ئیجتیازی ئەو ختورەتە بکەین هەتا چووین لە بەغدا لەگەڵ دائیرەی مسەجل شەریکات تەفاهومان کرد، وەزارەتی بازرگانی ئیمزای کرد، ئەو کاتە کێشەکە چارەسەر بوو، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئێمە خۆمان بێخینە ئەو کێشەیە و زەرەرێکی زۆر دەبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لە هەموارکردنی هەر یاسایەك ئەوەیە یاسایەکە بەرەو پێش ببەین، ئەو کۆت و بەندانەی هەیە ئەوەی پەیوەندی بە پیشەکە هەیە دەستکاری نەکەین، بەڵام ئەوی تر کەم بکرێتەوە، ئەوەی لەو هەموارکردنە ئەمن هەستی پێدەکەم ئەوە کۆت و بەندەکان زیاتر کرایە ئازادی پارێزەر کەم کرایتەوە، ئەو یاسایە لە ساڵی 1999 دەرچووە، تا ئێستا دوو جار هەموار کرایە، هەمواری یەکەم لە 2002، هەمواری دووەم لە 2007، بەڵام ئەوەی لەم هەموارکردنە پێشکەش کرایە یاسایەکە بەرەو پاش دەباتەوە، نەك بەرەو پێش، تەنها چەند نموونەیەك دەینمەوە، لەنێوان ئەصڵی یاسایەکە و ئەو هەموارکردنەی داواکرایە، بەپێی هەموارکردنەکە قەدەغە کرایە پارێزەرێك ئەندام بێت لە دوو سەندیکا، بەڵام لە ئەصڵی یاسایەکەی

1999 له مادده پێنج ڕێگەی پێدرایە، واتە ئەگەر کەسێك ئەندام بێت لەسەندیکایەکی تر دەتوانێت موورافەعەکان لەبەردەم هەموو دادگایەکانی هەرێمی کوردستان (بشرط المعاملة بالمثل) مەرجی بۆ داندرایە، ئەو مافە لەوێ هەیە، لێرە ئەو مافەی لێستێندرایتەوە، هەروەها سەبارەت....، نەخێر ئیقامەی دائیمی لە پەیمانگای دادوەری، لێرە لەیاسای پەیمانگای دادوەری باس نەکرایە کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجێ بێ لە هەرێمی کوردستان، ئێستا ئەو کۆتەش زیاد کرایە، لە هەموارکردنەکە باس لەوەی کرایە کە مەرجە ئیقامەی دائیمی هەرێمی کوردستانی هەبێ ئەو جا بتوانی ببێتە ئەندام لە سەندیکا، لە ئەصڵی یاسایەکە ئەو شتە نییە، لە یاسای مەعهەد قەزایش باس لە ئیقامەی دائیمی نەکرایە، بەهیچ شێوەیەك ئەوە مەرج نییە، ئەو مەرجە ئێستا زیاد کرایە، هەروەها پێش باسکردنی خولی تەئهیل، دەورەی تەئهیلی لە ئەصڵی قانونەکە باس تەنها لە تاقی کردنەوە دەکا، ئەوەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا وەرگرت، تاقی کردنەوەیەکی لە یاسا بۆ ئەنجام دەدرێ، ئەگەر لەتاقی کردنەوەکە دەرچووبوو ئەوجا دەتوانێ مومارەسەی میهنەی مەحامیات بکا، ئەوانەی ماجستێر یان دکتۆرایان هەیە لەو تاقی کردنەوەیەدا عەفوو کراینە، بەلاّم ئێستاکە کەس عەفوو نەکرایە، تاقی کردنەوەکە کرایتە دەورە، دوورەکەش هەموو کەسێك دەبێ ئەو دەورەیە ببینێ ئەوجا ببێتە ئەندام لە سەندیکا، ئەوە کۆتێکە لەبەردەم ئەندامیەتی لە سەندیکا، بەپێی ماددەی 22ی دەستووری عێراق دەوڵەت بەرپرسە لە ڕێکخستن، بە یاسا ڕێکدەخرێ، کە چۆنیەتی ئەندامیەتی یان ئەنزیمە لە بۆ نەقابە دەکرێ، ڕێکخستنەکە بە مانای ئەوە نییە کە ئازادییەکە زەوت بکرێ، ناکرێ هیچ مەرجێك لەبەردەم ئەو کەسانە دابندرێ کە بۆیان هەیە و یان ئارەزووی ئەندامیەتییان هەیە لە سەندیکایەك، بەتایبەتی ئەو سەندیکایانەی پیشەیینە، بۆیە ئەو مەرجە، ئەو ماددەیە پێشنیار دەکەم کەوا ئیلغا بکرێ، ئازادی لە پارێزەر دەستێنێتەوە و ئەوەی لە یاسای 1999یەکە هەیە لێرە ئەو مافانە کەمکرایتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلاّ تالّبی ئیلغا زۆرە، بەلاّم یەك کەس ماوە با ئەویش قسە بکا، فەرموو کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاّ قسەی من لەسەر بڕگەی چوارەمە، دیارە قسەشی لەسەر کرا، بەلاّم لەوانەیە کاك عمر عبدالرحمنیش لە ئێمە شارەزاتر بێ، لەو بوارە کاری زۆری کردووە، بەلاّم ئەگەر ئێستا لە قانونی مەحامیاتی عێراقیدا، بەتایبەتی لەو ناوچە کوردستانیانەی کە کێشەی لەسەرە، کەرکووك و خانەقین و شەنگال و بەشێکی موصڵ و مەخموریش ئەوەی هەویەی سەندیکای نەقابەی بەغدای پێ نەبێ نایەڵن موزاوەلەی میهنە بکا، من پێمولیە ئا بەمە ئێمە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو ناوچانە بێ بەش دەکەین، چونکە ئەوان لەشوێنی خۆیان مەحامیاتی دەکەن زیاتر لەو پارێزگایانە، لەو قەزایانەی کە لێی نیشتەجێ بوون لەوێ مەحامیاتی دەکەن، لەوێش بەڕاستی وەکو گوتم مەحاکمی ئەوێ ئیعتراف بە هەویەی نەقابەی مەحامینی بەغدا دەکا

زیاتر وەك ئێرە، یەعنی نازانم ئەمە تا چەند هینە، یەعنی راستە لەوانەیە من حیکمەتی ئەو هینـە بـزانم تا چ حەدێك ئەمە بۆ رێکخستنی مەسەلەی ئـەو ئیمتیازاتانەیـە کـە دانـدراوە، حاڵـەتی دیکـەش هـەبوو کـە کاتی خۆی لەبەر ئـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە عـەرەبی هـاوردە لـەو ناوچـانە رووی دەکـردە ئـەو سـەندیکایە ویستیان رێگری لەوە بکەن، لەوانەیە بۆ ئەمە داندرابێ، بەڵام مـن پێموایـە ئەمـە زیـاتر ئـەو مەحامیانـەی لەو سنوورانە نیشتەجێن لێی زەرەرمەند دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان راو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو ماددەیە پێشکەشکرد، بۆچوونی وا هەبوو کە چەند برگە یەك لە ماددەکە ئیلغا بکرێت، چـەند ئەنـدامێکیش داوایـان کـرد ماددەکـە ئیلغـا بکرێـت، بـەڵام پـێش ئـەوەی بخرێتـە دەنگدانـەوە، دوورتـرین پێشـنیار کـەوا ئیلغـا کردنـی ماددەکەیـە مـن دەمـەوێ تەوزیحـەکی بـدەم، هۆکـاری پێشکەشـکردنی ئـەم پڕۆژەیـە بـۆ هـەموارکردنی یاسـایەکان، ئێمـە لەکاتێکـدا کۆبوونـەوەمان لەگـەڵ سـەندیکای پـارێزەرانی کوردسـتان کـرد، هۆیـەکانی پێشکەشـکردنی ئـەو پڕۆژەیە ئەوەبوو کەوا ژمارەیەکی زۆر لە کۆلیژی یاسا لە کوردستاندا هەیە، واتە نۆزدە کۆلیژی یاسا هەیە، ساڵی هەزار پارێزەر تەخەروج دەکا، تەبعەن ئـەوە شـتێکی باشـەو مافێکـە کـە خوێنـدن بخـوێنێ و زانیـاری، مـەعلوماتی قـانونی هـەبێ لـە هـەموو بوارەکانـدا، بـەڵام تێبـینی ئـەوە کـرا کـە ئەوانـە دەبنـە مـەحامی عەمەلییەن ناتوانن مومارەسەی مەحامیاتی بکەن، مەعلوماتێکی مورافەعاتیان نییە، چ لە دەعاوی مەدەنی و یان چ لە دەعاوی جینائی، واتە مەبەستیان لەو مەعهەدەی کە لـە قـانونی مەعهـەدی قـەزایی ئیشـارەتمان پێدا بە هەموارکردنی  دەورە زیاتر بۆ ئەوەی بوو، بە هەرحاڵ ئێستا مـادام ئەنـدامانی پەرلـەمان زۆربـەی زۆریـان لەگـەڵ ئـەوەی داینـە کـەوا ماددەکـە ئیلغـا بکـرێ، داوا دەکـەم لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان مـاددەی یەکەمەکە بخرێتـە دەنگدانـەوە بـۆ ئیلغـا کردنـی ئـەو ماددەیـە، ئەصڵی قانونەکـە وەك خـۆی دەمێنێتـەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام هەبوو، سێ، چوار کەس داوایان کرد هەر ماددەکە لەغو بکرێت، چۆن؟، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەیناکە ئەگەر بیست کەسیش قسەی کردبـێ، یـەعنی پێـنج کـەس داوای ئیلغایەکـەی کـردووە، بـەڵام ئێمـە زۆرینەمان قسەمان لەسەر چاککردنی ئەو ماددەیە کردووە، کـاك کـاردۆ باسـی ئـەوەی کـردووە کـە مـەرجی سـاڵێك دابنـێین کـە لـە کـارکردن لـەلای ئۆفیسـیی پـارێزەرێکی پێشـتر، وتوومانـە مـەرجی تەمـەن لابـدرێ،

وتوومانە دانیشتن و نیشتەجێ بوون لەناو هەرێمی کوردستاندا ئـەوە لابـدرێ، ئیقامـەی دائیمـی، وتوومانـە بۆی نەبێت لە دوو سەندیکادا ئەندام بێ ئەوە لابدرێ، جارێ لەپێشدا ئەو پێشنیارانە بخەنە دەنگدانەوە بۆ یەکسەر ئیلغای بکەینەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی ئەندامان ئەوەندەی من دیقەتم دابێ داوای تەغیراتیان کـرد لـە شـرووتەکاندا کـە لـە بڕگـەی سـێدا هاتووە نەك ئیلغای ماددەکە، ئەمە یەکم، دووەم شـتیش ئێمـە پەرلـەمانین ئایـا تـۆ قبوولّتـە ئەمـە مـاددەی بیست و سێی ئەصڵی قانونی مەحاماتە، تێیدا هاتووە، (یجب استحصال موافقة النقابة علـی اي شـكوی تقـام ضد المحامي في غير حالة الجرم المشهود ولا يجوز استجوابه او التحقيق معه او احالته الي المحكمـة المختصـة الا بعد استحصـال موافقـة النقابـة بـذلك وعلـی النقيـب او مـن ينـوب عنـه الحضـور في الاسـتجواب والتحقيـق و المحاكمة) تۆ قبووڵتە خەڵكێك هەیە تیجارەت دەکا، مـەحامیات ناکـا، یـەك دەعـوا نـابینێ لـە سـاڵێکدا، بـەلاّم دێت بە زۆر فەرزێك دەکا بەسەر نەقابەی مەحامیندا بەپێی قانونەکە هەویەی مـەحامێتی دەخاتـە بـەینی و موزاوەلـەی میهنـە بکـا، مزاوەلـەی میهنەکـە ناکـا، بـەلاّم حەسـانەیەکی پێیـە لـە حەسـانەی ئـەم ئەنـدام پەرلەمانە بەڕێزانە بە قووەتترە، لە حەسـانەی ئەنـدام پەرلەمانیـەتی بـەهێزترە، ئیمتیـازاتی لـەو زیـاترە، سەیری ماددەکانی نۆزدە بۆ بیست و سێ بکەن، بەڕاستی ئەو لێشاوە بـەوە رێ دەگیرێتـەوە بـەو فلتـەرە کـە دابنـدرێ، زۆربەی ئەندامانیش داوای تەغیری مەرجەکانی بڕگەی سێیان کردووە مەرجەکان تەئجیل بکرێ، وەکو موقیم لە کوردستاندا عومری پەنجا ساڵ (حسن السيرة و السلوك) بەینی عـوزوەتی دوو نەقابـە، نـەك ئیلغای ماددەکە بکرێتـەوە، مـن داواکارم مەرجـەکان چا بکرێتـەوە، نـەك ماددەکـە ئیلغـا بکرێتـەوە، لەبـەر ئەوەی بەراستی سلکی مەحامات لەم وڵاتە تووشی فەوزا بووە، ئێمە پەرلەمانین ئێسـتا لەبـەر دەسـتماندایە چاکی نەکەین بەڕاستی ئەمە کارەساتە بەڕای من، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قەیناکە، بەلاّم سێ کەس داوایان کردووە هەر ماددەکە ئەصڵەن لەغو بکرێ، کاکە بەلای کەمەوە سـێ کـەس داوای کردووە،فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد چەند بڕگەیەك لە ماددەکە ئیلغا بکـرێ، ئەگـەر تەماشـای بکـەین خۆی ماددە ئەصڵییەکە چەند بڕگەیە، واتە ماددەکە بەکاملی لە نەتیجە واەی لێ دێ کـەئیلغا بکـرێ، بۆیـە ئێمە ئەو قسەیەمان کرد، کەوا چەند ئەندامێکیش داوایـان کـرد ماددەکـە نەمینێتـەوە، واتـە دەگەڕێینـەوە

سەر ئەصڵی قانونەكە، ئەصڵی قانونەكە بەو وەزعەی مەرجەكان لەوێ دیاری كرایتەوە بە چ وەزعێك مەحامی ئینتیمای دەكا بۆ نەقابەی مەحامین و هەویەی وەر دەگری و تەدەروجی.....، سەبارەت بە قسەكانی بەڕێز كاك برهان، باس لەوە دەكات كە ئەنەما مەحامییەك ئەگەر هاتو هەویەی نەقابەی وەرگرت حەسانەی هەیە، كاكی برا جەنابت نوێنەری سەندیكای پارێزەران بووی لە سلێمانی، سەرۆكایەتی ژووری پارێزەرانی سلێمانیت كردووە، ئەندامی پارێزگای سلێمانی كە هەویەی وەردەگری ئەگەر هاتو كارێكی موخالەفەی قانونی كرد سەبارەت پیشەی مەحامیاتی موهانات عیلاقەی بەوە نییە كە تاجیرە یان...، سەبارەت بە میهنەی مەحامات ئەگەر هاتو موخالەفەیەكی كرد ئەو كاتی حەسانە هەیە، ئیحالەی مەحكەمەی ناكرێ هەتاوەكو نەقابە موافەقەت نەكا، بەڵام ئەگەر هاتو كێشەكی دی هەبوو، عیلاقەی بە نەقابەی مەحامیات نەبوو، عیلاقەی بە میهنەی مەحامیات نەبوو، ناتوانی حەسانەی بەكار بێنی و نەقابەش موافەقەت ناكا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم ئەوەلەن داوای لەغووی مادده دوورترین پێشنیارە، بۆیە بێجگە لەوەی كێ داوای كردووە دەبێ ئەوە بخرێتە دەنگدان، یەك، دوو، زۆربەی زۆری ئەوانەی داوایان كردبوو تەعدیل بكرێ، دانیان بە حەقیقەتێكی یاساییدا كە لە مەعهەد باسی دەورە بۆ مەحامی كراوە، قسمی مەحامە، ئەگەر تەماشای ئەم ماددەیە بكەین لە ئەوەلەن باسی شتێك دەكات كە هەیە، دووەم باسی حاڵەتێك دەكا هەر بۆ ئەو دەورە، تەفاسیلی سێیەمیش ئەنجامی ئەوەلەن، ئەگەر ئەوەلەن پێویست نەبێت چ داعییە ئێمە بگۆڕین عومری ئەوەندە بێت، ئەوەندە نەبێت، ئێمە دەڵێین داعی نییە، باسی فەتحی دەورە بكەن، چونكە دەورەكە لە یاسایەكی دیكە هاتووە، وابزانم هەموو ئەوانەی كە قسەیان كرد دژی مەبدەئی مەنعی ئینتیماء بوو، بۆیە هەتا ئەم گۆڕانكاریانەی داواكراون، یەعنی لە ئەساسی قبووڵ كردنە بە ماددەی یەكەم، ئەوەلەن كە خۆی یاسایی نییە، بۆیە ئەگەر قبووڵی كەن ئیتر داعی نییە ئەصڵەن باسی كردنەوەی دەورە بكرێ، چونكە لە یاسایەكی دیكە هەیە، واتە ئەو تەفاسیلانە قیمەتیان نامێنێت، ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو مەبدەئە بین داعی نییە لەم یاسایە باسی كردنەوەی دەورە بكەن، بۆیە ئێمە هەندێكمان كە داوامان كرد لەغوو بكرێ لەسەر ئەساسی ئەوەلەن و دووەم و رابعەن بەدڵمان نییە، و سێیەم قیمەتی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر (نوورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا بە ئاشکرا دوو تەوەجوھ هەیە، یەکێکیان لەگەڵ تەعدیلی ئەو نەسەکەیە کە هاتووە، یەعنی هەندێکی مەسەلەن بڕگەی دووەم ئەوەی کە سەندیکا بۆی نەبێ دەورە بکاتەوە بەشێکی داوا دەکا ئەوە نەمێنێ، بەڵام ئەگەر سەیری ماددەی بڕگە سێیەم بکەین مەرجە ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستاندا مۆڵەتی هەڵستانی بەم پیشەیەی پێدەدرێت بەسەرکەوتوویی بەشی پارێزەرایەتی لە پەیمانگا تەواو بکا، بەڕاستی حەقە ئەم مەرجە بمێنێ، چونکە ئەم دەورەیە یان خوێندن لە پەیمانگا پێی دەوترێ خوێندن بۆ ئامادەکردن، بۆ ئەوەی بەباشی مومارەسەی ئەم میهنەیە بکا، بە دەقیقی بیکا، یان ئەو حاڵەتەی کە ئێستا لەو وەسەتەدا هەیە و جۆرێك لە موشکیلە و بێ سەرو بەری و کەم کەفائەتی هەیە، نەمێنێ، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەم کە ئەم مەرجە بمێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەم کە بڕگەی دووەم نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان یەك دەقە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر ئەوەندەم دەوێ تەئکید بکەمەوە بە عەمەلی ئێمە لە سلێمانی کە یانزدە غورفەی مەحامیاتە، یانزدە قەزایی سلێمانی کە لەلای من بووە بە عەمەلی لە لیژنەی ئینزیباتمان مەحامی هەر جەریمەیەکی کردبێ پەیوەندی بە مەحامیاتیشەوە نەبووبێ لەبەر ئەوەی نەسی ماددەی بیست و سێ عامە، پێویستی بە موافەقەی نەقابە هەیە، پەیوەندی بە مەحاماتەوە نییە، ئەمەش نەسەکەیە، بۆ کاك فرسەتیشم نارد، بەڵێ مەحامی حەسانەی هەیە، جەریمەکەی ئەگرێتەوە، غەیری مەشهوود نەبێ پەیوەندی بە مەحاماتەوە هەبێ یان نەبێ، لەبەر ئەوە پێم خۆشە لیژنەی بەڕێز سەیری ماددەی بیست و سێ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو بۆچوون هەیە بەڕاستی یەکێکیان دەڵێ ئەصڵەن ماددەکە لەغو بکرێ، یەکێکیشیان دەڵێ ماددەکە بمێنێ بەڵام بە تەعدیلەوە، ئەوەی دوورترینە لەغوکردنی ماددەکەیە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ماددەکە لەغو بکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، ئەمە بۆ ئیلغا کردنی ماددەکەیە، ماددەکە ئەصڵەن ئیلغا بکرێ، (34) کەس لەگەڵ لەغووە، کێ لەگەڵدایە؟ ماددەکە بمینێتەوە بە تەعدیلەوە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (27) کەس لەگەڵدایە کە بمینێتەوە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە لەغو کرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووی پڕۆژەکە:

أولاً: تضاف الفقرة (6) الى المادة (16) ثالثا من القانون و تقرأ كالآتي:

6-للمحامي المستشار المسجل في هذه النقابة انشاء شركة مدنية مهنية و تكتسب الشركة الشخصية المعنوية و تسجل في سجل خاص للنقابة على ان تنظم كيفية تسجيلها و استحصال الرسوم وفق تعليمات يصدرها مجلس النقابة.

ثانياً: تضاف الفقرة (2) من المادة (16) رابعا من القانون وتقرا كالاتي:

2- تحتسب مدة ممارسة المحاماة لاغراض العلاوة و الترفيع و التقاعد في دوائر الدولة و تعتبر خدمة فعلية.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردییەکەی.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

یەکەم: بڕگەیەك بەریزبەندی بڕگە شەش بۆ مادده (16) سێیەم زیاد دەکرێ بەم شێوەیە:

پارێزەری راوێژکار کە ناوی لە سەندیکا تۆمار کرابێ بۆی هەیە کۆمپانیایەکی مەدەنی پیشەیی دروست بکات و کۆمپانیایەکە کەسیەتییەکی مەعنەوی وەر دەگرێت و لە تۆمارگەی تایبەتی سەندیکا تۆمار دەکرێت، بەمەرجێك چۆنیەتی تۆمارکردنی و رسومات بەپێی رێنماییەك کە ئەنجومەنی سەندیکا دەری دەکات رێکدەخرێت.

دووەم: بڕگەی دوو بۆ ماددەی (16) چوار زیاد دەکرێت بەم شێوەیە:

ماوەی کارکردنی پارێزەرایەتی بۆ مەبەستی زیادەی سالآنە و بەرزکردنەوە و خانەنشینی لە فەرمانگەکانی دەوڵەت هەژمار دەکرێت و بە خزمەتکردنێکی فەرمی دادەندرێت.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی سیاغەی ئێوە و رەئی ئێوە چییە؟ تکایە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەمی پڕۆژەکە لیژنەی یاسایی دوای ئەوەی کە تەئیدی دەکاتەوە سیاغەی بەم شێوەیە کردووە:

المادة الثانية:

أولاً: تضاف بند بتسلسل (6) الى الفقرة (ثالثاً) من المادة (16) من القانون و تقرأ كالآتي:

6- للمحامي المستشار المسجل في هذه النقابة انشاء شركة مدنية مهنية و تكتسب الشركة الشخصية المعنوية و تسجل في سجل خاص للنقابة على ان تنظم كيفية تسجيلها و استحصال الرسوم وفق تعليمات يصدرها مجلس النقابة.

ثانياً: جعل أصل الفقرة (رابعاً) من المادة (16) من القانون (بند 1) لها ، وتضاف فقـرة بتسلسل (2) اليهـا و كالآتي:

2- تحتسب مدة ممارسة المحاماة خدمة فعلية لاغراض العلاوة و الترفيع و التقاعد في دوائر الاقليم.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیـە؟ تكایـە بـا نـاوی بنووسـم، تكایـە ناوەكاتنـان بڵـێن، زۆر سـوپاس، ئـەم بەڕێزانـە ناویـان نووسراوە (كاك عبدالرحمن، ئاهەنگ خان، كاك عبدالسلام، كاك برهـان، كـاك جـلال، شـلێر خـان)، فـەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابا بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم لەم پڕۆژەیە كە بۆ هەمواركردن هاتووە، وەكو من دەیبینم و سەیری دەكەم كـە دەڵێ پارێزەری راوێژكاری تۆماركراو لەم سەندیكایە بۆی هەیـە كۆمپانیایـەكی مەعنـەوی بكاتـەوە، كەواتـە ئەمە قۆرخكردنێكە لەلایەن سەندیكایەوە، نابێ هیچ پارێزەرێكی تـر، هـیچ شـەریكەیەك بكاتـەوە، غـەیری ئەو نەبێ كە لەوێ لە زومنی ئـەو نیقابـە دایـە، لـە زومـنی ئـەو سـەندیكایە دایـە، مـن پێموایـە ئەمـە هـەر رەتبكرێتەوە، هەر نەبێ، چونكە ئەم هەموارە بەڕاستی دەبێتـە كێشـە بـۆ هـەمووان، بـەیانی لـە بـازاڕ و لـە جادە خەڵكێك هەیە دەڵێ منیش مەحامیمە، پارێزەرم وەكو ئەو كە لەوێ بوو ئێستا ئەنـدامی سـەندیكایە، بۆ بۆی هەیە بیەوێ شەریكاتێك بكاتەوە، بـۆ بـۆ مـن نییـە شـەریكە بكەمـەوە؟ بەراسـتی ئەمـە بـەڕای مـن رەتبكرێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەمیش هەر وا دەڵێ ئەوەی كە لەناو دام و دەزگایەكی حكومی كاردەكا ئەویش بێتە حیساب كردن وەكو خدمە و عـەلاوەو تـەرفیع، ئـەی ئـەو بـەخۆی لـەوێ مۆزەفـە، كـە بـەیانی لـەوێ تـەقاعود بـوو، لـەوێ تەقاعودەكـەی وەردەگـرێ و تـەرفیع و شـتی وەردەگـرێ، بـۆ بێتـەوە سـەندیكای پارێزەران دووبارە لەوێ تەرفیع و شتی بۆ بكرێ؟ بۆی حیساب بكرێ؟ بەڕەئی من هەر لەوێ خۆی تەقاعود دەكرێ و لەوێ دەچێت هەموو ئیمتیازات و هەموو شتێكی وەردەگرێ، دووبارە بێتەوە ئەملاش تەرفیعات و شتی بۆ حیساب بكرێ، بەڕای من ئەوەش هەر نەمێنێ و من پێشنیار دەكەم ئەوە هەر رەت بكرێتـەوە، ئـەم هەموارە بە عەمەلی ئەمڕۆ نایێ لە ناو هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، من لەو ماددەیەی كەون و نوێم بەبیر دێتەوە، (للمحامي المستشار المسجل في هذه النقابة انشاء شركة مدنية مهنية)، یەعنی ئەوەی موستەشار بێ مەحامییەك لە دەرێ، ئیلا دەبێ لـە نەقابەی تەسجیل بكا، شەرت نییە، (انشاء شركة مدنية مهنية) چییە؟ زۆرجـار حكومـەت لـۆ غـەرەزەكی

موعەیەن، بۆ ئیستیسمار، ئەمن نامەوێ باسی زەمانی سەدامی بکەم، شەریکەی حەموورابی دامەزراند، شەریکەی ئیدریسی دامەزراند، شەریکەی فاڕابی دامەزراند، لە ئینشائاتی هەندەسی بۆ؟ چونکە تاقەکی تەبجیل لە تەعمیر هەبوو، لە ئیعمار بوو، ئەوە دەبێ ئێمە شەریکاتی میهەنی مەدەنی، بەڵێ مەحامیاتە، مەحامیات ئەمڕۆ چونکە ئیستیسمارە، پێشکەوتووە، حقوقی نەوت بەپێش کەوتووە، دەوڵەت دەیەوێ سناعەی بەپێش بێخی، دەیەوێ شەریکاتی سناعی دابمەزرێنێ، بۆیە ئەوە نابێ بڵێی ئەتوو لەسەری غەسب بکەی بڵێی ( شركة مدنية مهنية)، دەبێ بڵێی (شركة مساهمة مستقلە)، چونکە زۆرجار دەبینی (جۆین ڤێن چەرە) ئەم شەریکەیە، ئەمن بۆ مەحامی ئیلا وابکەم بڵێم ئیلا ئەتو دەبێ ئیشەکەی ئیلا لە نیقابەی تەسجیل بکەی، دوایی ئەوە بۆ (وفق تعليمات يصدرها مجلس النقابة)، زۆرجار دەبینی ئەو تەعلیماتە لەمەجلیسی نیقابەی زۆر گەورەترە، ئێحتیاجی بە مەجلیس وزەراء هەیە مونەزەمەیەکی دابنێی بۆ ئەوەی تەعلیماتی دەربێنی، بۆ ئەوەی بەندی ئەو شەریکاتە گەورانە ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەستی خەڵکی راکێشین بێتە کنە مە، بەڕێزان ئەو فەقەرەیە بەڕاستی سەری هەتا بنی عەیب دارە بە ئێعتیقادی من، دووەم، مەحامات بۆ ئەغرازی عەلاوە و تەرفیع و مەعاش، ئەوە دوو شتی زۆر، زۆر جیاوازە، تازە لەگەڵ بەڕێزانیش موناقەشەمان دەکرد، یەعنی ئەمن تێناگەم ئیلا ئێمە دەبێ دائیمەن لە هەموارکردنی قانونێکی پێشی هەموو شتێکی فۆکەسی دەکەینە سەر رسوم و تەقاعود و عەلاوە و تەرفیع، کاکە ئەوە قانونی دەوڵەتە ئەوەی تەنزیم دەکا، دەوڵەت ئەوەی تەنزیم دەکا، ئەوە وفقی مەقائیس هەیە لە عالەم مەعاش و عەلاوە و تەرفیعی دادەنێ، رسومی دادەنێ، بەگوێرەی ئەو زرووفە و ئەو زەمان و ئەو قانونی ئەوی ئەمڕۆی لێ دەبی، لە جێیان یەك سەنت نان زیاد دەکا مەعاش و عەلاوە و تەرفیع زیاد دەبی، بەمن ئەوە شەریکە موستەقیلە، موسەجەلە، یەعنی ئەوە ئیجحافە بە حەقی ئەو موستەشارەی یان ئێمە نامانەوێ هیچ موستەشارێك بێ ئیش بکا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فارسە تارانییەکان کە بەرامبەرەکەیان بە هەڵە لە مەوزوعێك تێگەیشتبێ پێی نالێ هەڵە دەکەی، دەڵێ لەگەڵ رێزمدا ئیشتیباهت کرد، هەست دەکەم ئیشتیباهێك هەیە لەلایەن هەندێ بەڕێزوە لە تێگەیشتنی ئەم ماددەیە، ئەم باسی شەریکەی تیجارە و مەقاوەلات و بیناء و ئینشاء و موتەعەهیدی خاس ناکا، باسی شەریکاتی مەحامات دەکا، ئێمە سەغرەیەکی قانونی هەیە لە بەینی قانونی مەحاماتی 17ی 1999 و قانونی شەریکاتدا، بەپێێ قانونی شەریکات هەموو کەسێك بۆی هەیە شەریکە دروست بکات، بەپێی قانونی مەحامیان مەحامی بۆی نییە شەریکەی مەحامیات دروست بکات، مەحامیەکان کۆمەڵێك لە سلێمانی دوو شەریکەیان دروست کردووە ئەم زاهیرەیە تەقلیدی ئەوروپا و ئەمەریکایان کردووە، چوون دوو شەریکەی

مـەحاميات و چـەند مەحامييـەكيان گرتـووە و دروسـتيان كـردووە، نەقابـە دژى بـوو، كـە نەقابـە دژى دروستكردنى ئەم مەحامياتانە بوو، هاتە تەميز و تەميزكارى، مەحامييەكان برديانەوە وتيان ئێمە بـەپێى قانونى شەريكات دروستمان كردووە، لەبەر ئەوەى لەلايەكەوە وەك پەيوەندى بە قانونى شەريكاتەوە هەيە، لەلايەكى تر پەيوەندى بە قانونى مەحاماتەوە هەيە، نەقابە داواى ئەمەى كردووە بـۆ ئـەوەى تـەنزيم بكـا، يـەعنى ئـەم ماددەيـە وجـوودى زەروورييـە و شـتێكى زۆر، زۆر باشـە، مەعقولّـە مـن مـەحاميم شـەريكەى مەحامات دروست دەكەم، نەقابەكەى خۆم كە مەرجەعى منـە ئاگـادار نـەبىٚ؟ لەبـەر ئـەوە ئەمـە شـەريكەى تيجارى و مەقاوەلات و بيناو ئينشائات و تيجارە خاسە و تيجارە عامـە نييـە، ئەمـە دەڵىٚ شـەيكەى مـيهنى شەريكەى مەحامياتە، سوپاس.

**سوپاس. بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕاستى حەزدەكەم بەدوو شت دەست پـىٚ بكـەم، چـونكە موناقەشـەكەى مـن تـاوەكو تێنەگەيـەنرێت وەكـو موناقەشەى كاك برهانە، ئەمن نەك تەنها دەڵێم ئيشتيباه دەكەى، دەڵێم راست دەكەى، باوەڕ دەكەم كە تـۆ بە دڵەوە قسەت كرد، بەلاٌم بۆچوونم جياوازە، يەك، دووەميش من هيوادرام الحمدللە بـلاٌو نـاكرىٚ، ئـەگينا ئەمڕۆ من دەبوومە دوژمـنى پـارێزەران، ديـارە مـن ئاخيرەكەشـى دەڵـێم، تەسـجيل كردنـى شـەريكات ئينجا ميهەنى بێت، ميهەنى نەبێت، جارىٚ من تێناگەم شەريكەى مەدەنى يـەعنى چـى، بڕواناكـەم شـت هـەبىٚ لـە تەعريفى سجلى شەريكات ناوى شەريكەى مەدەنى و شەريكەى ئەهلى هەيە، تەسجيلى شەريكات رێكخـراوە، سجلى تيجارى هەيە لـە وەزارەتـى بازرگـانى مـن دەچـم بۆخـۆم شـەريكەيەك دادەمـەزرێنم لـەوىٚ تەسـجيل دەبم، ئينشاء اللە شەريكەى بەقالييە بىٚ و چاككردن بێت و مەحامات بىٚ، بۆيە من تێناگەم ئـەم برادەرانـە، ئەم پارێزەرانە چييان دەوىٚ بيكەن؟، لەسەر چ ئەساس كابرايـەك شـەريكەيەك دادەنێـت لاى مـن تەسـجيلى بكـا؟، تـۆ نەقابـەى، تـۆ مومەسـلى مەسـەلەى عامـەى، تـۆ هـيچ سيفەتێكى رسميـت نييـە، بۆيـە مـن دەڵـێم مەحامييەكان الحمدللە تەلەفزيۆن نەقل ناكات، ئەگينا دەبوونە دوژمنى من، ئەساسەن، ئەمە ئەساسى منە، ئەگەر ئەوان لەناو شتێك بۆ خۆيان بكەن، چونكە تەئسيسى شەريكە مومارەسەى كارێكى بزنسـە، كـاركردن لەناو ئەو شەريكەيە ديارە كە جۆرى كارەكە و ئينتيمائى بـۆ چييە، ئەمانـە دەتـوانن شـرووت دابنـێن ئـەم شەريكانە چۆن مومارەسەى مەحاماتى دەكەن، كىٚ دەبێت مـەحامياتى بكـات؟، ئەمـە ئيشيانە، ديفاعـە لـە ميهنـەى خۆيـان، بـەلاٌم قـەت نـابىٚ ببنـە بـەديل (ئەلتـەر نـاتيف) بـۆ سجلى تيجـارى، رەجاتـان لـىٚ دەكـەم مەبەسـتەكە بـا وازح بێـت، يـەك لـە بـەڕێزان لـە ئەنـدامانى پەرلـەمان زۆر بـە حەماسـەوە ديفـاعى كـرد، حەزدەكەم ئەگەر تێگەيشتبێت من چيم وت، رەنگە من نەمتوانى بێت رەئييەكەم دەربڕم، جيـاوازى بكـەن لە بەينى نەشاتى تيجارى بزنس، بەينى مومارەسەى ميهنە، ئەو بۆچوونانەى كە لاى بـرادەرانيش ئەوانـەى

پێشکەشیان کردووە لای هەندێك لەو خوشك و برایانەی ئەندامانی پەرلەمان، دەیانەوێ زەبتێك بکەن، یەعنی لەرووی ئەوانەی لە میهنە دەزانن، چۆنیەتی ئیشکردنی ئەم شەریکانە بکەم، زۆر جوانە، بەلاّم نە بەو سیاغە، ناکرێ لەو ولاّتە شەریکات لە دوو جێگادا تەسجیل بکرێن، رسوم نادرێ، رسوم دەدرێتە ولاّت، دەدرێتە خەزێنەی گشتی، رسومی مومارەسەی شەریکەیەکە، ناکرێ ئەمە، ئەی هاوار رەجا دەکەم لیژنەی یاسایی هاوکاریم بکەن، چۆن دەبێ من شەریکەمە نەقابەیەك ئیستحسالی رسوم لەمن بکات، بۆیە (وفق تعليمات يصدرها مجلس النقابة) بۆ؟ فەرموون یاسایەك دروست بکەن بۆ دروستکردنی مەکاتبی مەحامات، وەکو یاسای مومارەسەی هەندەسە هەیانە یاسایەکیان بۆ دەرچوو، بۆ فەتحی مەکاتبی ئیستیشاری، بەلاّم نەقابە تەحەکوم بکات، دەستەلاّت وەر بگرێ لە هەموو جێگا، ناچارم بلّێم ئەمە ئەگەر بەم شێوەیە بێتن من پێشنیار دەکەم نەمێنێ، هی دووەم ئێمە پێش ئێستا لە دوو، سێ یاسا رووبەرووی ئەو کێشەیە بووین، دوو، سێ خوشك و برا ئەو وشەیەیان بەکارهێنا، بۆیە من حەق بەخۆم دەدەم بەکاربێنم، نابێت بیربکەینەوە وەکو سیستەمێکی شموولی هی پێشووی عێراق و هی شیوعی، لێرە لەو سیستەمەی هەمانە دەولّەت هەیە، حکومەت هەیە، کۆمەلّگای مەدەنی هەیە، قتاعات هەنە، ئەوها بە ئاسانی نییە هەمووی مولّکی دەولّەت و حزب بن، (للثورة والحزب)، من ئیش دەکەم لە میهنەیەکی حور، دەسالّ، بیست سالّ سیستەمی تەقاعودیم هەیە، سیستەمی تەئمینی ئیجتیماعیەتی خۆم هەیە، جیاوازە لە سیستەمەکەی خدمەی مەدەنی، من هیچ شتێکم نە کردووە بەپێی خدمەی مەدەنی تاوەکو عەلاوەم بدەیێ و تەرفیعم بدەیێ، لەسەر چ ئەساس؟ میقیاس چییە؟ من خەریجی کولیەمە لە مەتعەمێك ئیش دەکەم، پاش پانزە سالّ دێم تەعین دەبم، یەعنی مەعامەلەم دەکەی وەکو ئەوانەی جەماعەتی من خەریجی کولییە لە میهنە تەرقیان کردووە و گەیشتوونەتە مودیر عام، نەکراوە، ئێمە شەرحمان کرد پێش ئێستاش، مەبەستەکەی حقوقە تەقاعودەکەی بزر نەبێت، بلّێم بە ئاسانی من پێشنیار دەکەم سیاغەکەی (عندالإنتقال لمحامي الى الوظيفة العامة يحتفظ بكافة الحقوق التقاعديه.)، لەوە زیاتر بۆی نییە، ئەو لەسیستەمێکی تر دەچێتە سیستەمێکی تر، لەسەر چ ئەساس تۆ علاوە و تەرفیعی دەدەیێ؟ بۆیە پێشنیاری دووەمی من ئەمەیە ئەو سیاغەیە بکەین، چونکە مەبەست لەوەدایە (يحتفظ بالحقوق التقاعديه)، ئینجا سیستەمی خاس لە نەقابە هەبوو یان مومارەسەی میهنە حورە هەر شتێك بێت، هی تەرفیع حەق نییە، هی دووەمیش من درێژم کرد، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەرێز جلال علی عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو خالّی مەسەلەی دامەزراندنی کۆمپانیای پارێزەری، هەندێ ملاحەزاتم هەبوو، هەندێکی وترا، بەلاّم من ویستم پرسیار بکەم لە سلێمانی وابزانم دوانە، سێیانە کۆمپانیای مەحامات هەیە کە چەند بەرێزێك

دایانناوە، ئەوە بە چ یاسایەك داندراوە؟ ئەگەر وا بكرێ یاسایەك دابندرێ متەوافق بێ لە بەینی یاسای شەریكاتی موسەجەلە كە هەموو شەریكاتی بە دەردی كاك عبدالسلام گۆتی یاسای شەریكاتی مەدەنی نییە، ئەهلییە، تەوافقێك بكرێ لەوە، نەقابە بڕوا ناكەم ئەو دەستەلاّتەی هەبێ بتوانێ ئیجازەی شەریكات بدات، بزانین ئایا ئەمە لەگەڵ دەستووری عێراقیدا دەگونجێ؟ ناگونجێ؟ بەڕاستی ئەمە كارێكی گرینگە و دەبێ بكرێ، شەریكاتی مەحامات دەبێ هەبێ، بەلاّم دەبێ ئەو تەوافقە هەبێ، دووەم كە باسی مەسەلەی تەرفیع و عەلاوە دەكرێ قسەكەی كاك عبدالسلام بە جۆرەكی دیكە دەیكەم (عند التعین في دوائر الدولة يحتفظ بالحقوق القانونية حسب نظام موظفي الدولة)، ئەوە لە هەموو شتێك باشترە، چونكە لەحاڵەتێكدا مەحامییەك چەند ساڵە ئیش دەكا، خۆ بە خۆڕایی ئیش ناكا، بە مقابیل ئیش دەكا، بڵێین (عند التعين في دوائر الدولة تحتفظ بالحقوق التقاعدية) بۆ ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسیبەت ماددەی ئەوەلەن كە باسی شەركەیە، برادەران زۆر باسیان كرد، فیعلەن ئەمە كێشەیەكی قانونیمان بۆ دروست دەكات، چونكە هەتا بۆ ئەندازیاران نیزامی مەكاتبی هەندەسی بەنیزام دەرچوو، چەند داوامان كرد ئێمە بێتە پەرلەمان، بەس ئەنجومەنی وەزیران خۆی بە نیزام دەری كرد، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوە دەر بچێت هەر بۆ ئیستیشاراتی هینە، دەبێ هەر بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لەبەر ئەوە بڕوا ناكەم مەجلیسی نەقابە بتوانێ ئەو دەستەلاّتەی هەبێ، هەتا ئێستا كە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەوەی ئەندازیاران دەرچووە كێشەی گەورەی دروست كردووە، چونكە زۆر دەستەلاّتی داوە بە یەكێتی ئەندازیاران تەداخول دەكا هەتا نیسبەتێك پارەی بۆ خۆی وەردەگرێ، كە ئەمە ئێستا دەركەوتووە كە لە جێ بەجێكردندا كێشەی گەورە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە هەر لەگەڵ یاسای شەریكاتیشدا تەعاروز دەكا، لەبەر ئەوە با ئێمە كێشەیەكی یاسایی بۆ خۆمان دروست نەكەین، كە نەتوانین...، وەكو ئەندام پەرلەمانێك باسی كرد كە شەریكەكەشیان دروست كردووە، چۆتە مەحكەمە، هەر لەمەسڵەحەتی ئەوان دەرچووە وەكو شەریكە، یەعنی بەپێی یاسای شەریكات، لەبەر ئەوە لێرە ئەگەر بیكەی بە مەكاتبی ئیستشاراتی قانونی لەوانەیە بەم شێوەیە بێ، بەلاّم هەروەكو گوتم دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەنیسبەت مودەی مومارەسەی مەحامات ئەمە كێشەیەكی زۆر گەورەیە ئێمە وەكو پەرلەمانتار بۆمان دەركەوتووە، چونكە ئێستا هەم دیسان ئەنجومەنی وەزیران فەرمانێكی دەركردووە بۆ پزیشك و بۆ ئەندازیارو ئەندازیاری كشتوكاڵ و بۆ پارێزەر، ئەوەی كە لە دەروە ئیشی كردبێ دوایی هەمووی بە خزمەت بۆ حیساب دەكەن، وەكو كاك عبدالسلامیش باسی كرد، ئەمە كێشەیەكی گەورەیە، چونكە دوو یاسای جیاوازە، ئەم زەمانی خۆی كردووە لە وەزارەتی كاروباری كۆمەلاّیەتییە زەمانەكەی، بەلاّم لێرە لەقانونی

ئەوەی هینی مەدەنی، هینی حکومەت ئەمە جیایە، ئێستا مەحاسبێکی زۆر رووبەرووی ئێمە دەبنەوە دەڵێ ئێمە بۆچی ئەوە شمولمان ناکات؟ دوای چەند ساڵ دەگەڕێینەوە دەوائیر لە سفرەوە دەست پێدەکەین، باشە لێرە ئەگەر ئێمە ئەمە بۆ ئەوان رازی بکەین ئەی مەحاسبی قانونیش لەوێ دەوری چی دەبێت؟ یەعنی هەم دیسان رووبەرووی ئەم کێشە دەبینەوە، لەبەر ئەوە ئەمە بەشێوەیەك رێکبخرێ کە بەس حقوقی پارێزراو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە شەریکات تەبعەن فەراغەکی قانونیمان هەیە ئێستا لە کوردستان، ئەو مەحامی و موستەشارانە کە دەیانەوێ کۆمپانیای مەحامیات دابنێن بۆ ئیستشاراتی قانونی مەحامیات ئەو مافەیان نییە، بۆیە ئەو ماددەیە پێشنیار کرایە کە ئەو مافەیان بداتێ بە قانون تەنزیم بکرێ، ئەوە یەك، بەنیسبەتی حیساب کردنی خدمەی تەقاعودی و عەلاوە و تەرفیع، کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان بە قەراری ژمارە (12)ی ساڵی 1994 کارکردن بە قەرارەکی مەجلسی سەورەی هەڵوەشاو ڕاگرتیە، واتە ئەو کاتی قەرارەکە بەو شکلەی دەرچووە، (لا تحتسب مدة ممارسة المهنة التي توجز القوانين النافذة احتساب الخدمة لاغراض تحديد الراتب او لاغراض التقاعد عند التعين بوظيفه في داوئر الدولة والقطاع الاشتراكی)، پەرلەمانی کوردستان ئەو قەرارەی راگرتییە، عەمەلییەن ئێستا مەحامی کە ئینتیمای نیقابەی دەکا، مومارەسەی هەیە، یەك ئەوەڵەن حەقێکی موکتەسەبی وەرگرتییە، ماڤی خۆیەتی کە ئەم ماوەیەی مەحامات دەکا دوایی کە تەعین دەبێ ئەو ماوەیەی بۆ ئیزافە دەکرێ، بە حەقێکی موکتەسەب، ئێستا ناتوانین ئەو حەقەی لێ وەر بگرین، واتە زەرەرێکی گەورەی لە کوردستان دەدەین، ئەوە ناکرێ، دوو: پەرلەمانی کوردستان خۆی ئەو قەرارەی راگرتییە، واتە لێرە ئێستا دەیانەوێ بە نەسێکی موعەیەن و وازح، هەرچەندە کە را و بۆچوون هەبوو کە سیاغەکە هەندێك دەقیق نییە دەتوانین بیگۆڕین، ئەوە مەوزوعەکی دیکەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دوا سیاغەتان.

<u>المادة الثانية:</u>

أولاً: تضاف بند بتسلسل (6) الى الفقرة (ثالثاً) من المادة (16) من القانون و تقرأ كالآتي:

6- للمحامي المستشار المسجل في هذه النقابة انشاء شركة مهنية للمحامات والاستشارات القانونية و تكتسب الشركة الشخصية المعنوية و تسجل في سجل خاص للنقابة.

ثانياً: جعل أصل الفقرة (رابعاً) من المادة (16) من القانون (بند 1) لها ، ويضاف فقرة بتسلسل (2) اليها و كالآتي:

2- تحتسب مدة ممارسة المحامات خدمة فعلية لاغراض العلاوة و الترفيع و التقاعد في دوائر الاقليم.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك من عەرزی جەنابيتانم كرد لەگەڵ كاملی ماددەكەم، بەلاَم داواكارم كەليمەی (استحصال الرسوم) لە ماددەكە هەڵبگيرێ، لەبەر ئەوەی ئەوەندەی مـن موتابەعەی قەراراتی مەحكەمەی دەستووری عێراق، مەحكەمەی ئيتيحادی عولیام كردووە، نووسراوێكی رسميم لەلايە دەتوانم نوسخەی بدەم بە سەرۆكايەتی بەڕێز كە باس لە بڕيارێكی دادگای دەستووری عێراق دەكا، دەڵێ هەرێمەكان و مەحافەزەكان بەهيچ شێوەيەك بۆيان نييە دەستكاری رسوم و غەرامات بكەن، لەبەر ئەوەی بەپێی ماددی (110)ی دەستووری دائيمی عێراق لە شئوونی سياديیەو رسمی سياسەی مالييە عايدی مەركەزە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سياغەی (ثانيا) بەم شكلەی دەبێ:

ثانياً: جعل أصل الفقرة (رابعاً) من المادة (16) من القانون (بند 1) لها ، ويضاف فقرة بتسلسل (2) اليها و كالآتي:

2- تحتسب مدة ممارسة المحامات خدمة فعلية عند التعين لاغراض العلاوة و الترفيع و التقاعد في دوائر الاقليم.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ماددەيە بەو سيغەيەی ئاخير جار خوێندرايەوە تكايە كێ لەگەڵدايە؟ دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانييە؟ تكايە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (3) كەس لەگەڵدانييە، بەزۆرينەی دەنگ پەسەند كرا فەرموو بۆ ماددەيەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێيەم لە پڕۆژەكە.

المادة الثالثة: تضاف الفقرة (3) الى المادة (19) من القانون، و تقرأ كالآتي:

3- للمحامي الاجنبي و بموافقة مجلس النقابة ممارسة مهنة المحاماة في الاقليم على ان تنظم كيفية الممارسة و استحصال الرسوم وفق تعليمات يصدرها مجلس النقابة.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەبارەی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین، جەنابی سەرۆك.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تكایە ناوەكانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ئاهەنگ خان، كاك عبدالسلام، بێریڤان خان، كاك سالم، سۆزان خان)، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕووف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من ئەگەر بەغەڵەت نەچووبم (للمحامي الاجنبي و بموافقة مجلس النقابة)، ئەو (موافقة)ی نابێ لەگەڵ بێ، (بالتنسيق) دەبێ، چونكە هەر مەحامییەكی ئەجنەبی كە دێتە ئەو وڵاتەی ئیش دەكا بۆ بوارەكی دێ موتەقەدیمە و یان بەرهەمهێنانە یان تەسنیعە، قەت ناتوانێ بەگوێرەی قانونێ كە ئەو هەیتی لە تاكس و لە زەریبە و لە تەسنیع و لە تەقەدوم و لە ئیشكردن باوەڕ ناكەم بتوانێ بكەوتە ژێر ركێڤی موافەقەی مەجلیسی نیقابە، بە عەكسەوە تەنسیق بێ بۆ ئەوەی مەجلیسی نیقابە تەقوییە بێ، بەڕێزان با بە غەڵەت نەچین ئێمە، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەست دەكەم بێتامم كرد، بەڵام جارێكی تر لە وڵاتێكی چۆن نەقابەیەك حەقی ئیجازەی عەمەل دەداتە خەڵك؟ من تێناگەم لەوە، هەموو ئەو میسالەتان هەیە، وەزارەتێك هەیە، وەزارەتی عەمەل هەیە، قانون هەیە، قانونی ئیشكردنی ئەجانیب هەیە، شتێك بدۆزن كە كەرەئی نەقابە وەر بگرێ سەرچاو، بەڵام من لە قانون هیچ نازانم، بەڵام ئەو عەقڵە ئەوەندە بچوكتر لێهاتووە مەعقوڵ نییە مەجلیسی نەقابە لەسەر حكومەت بێت، نازانم ئەمن، تێم بگەیەنن تاوەكو من تەئیدتان بكەم، دووەمیش (استحصال الرسوم وفق تعليمات يصدرها مجلس النقابة)، وەك كەئەنەهو وەزارەتمان نییە، تەعلیمات، بەڵێ تەعلیمات،........

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام من وەکو تۆ قانونی نیم، ئەگەر مەحامییەکی ئێمە، دکتۆرێکی ئێمە چوون نەمسا، لە نەمسا ژیاوی، وەری دەگرن یەکسەر بە مەحامی و دکتۆر؟

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، چۆن نازانی؟ تۆ لەوێ ژیاوی.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم، موتەئەکیدم ئیلغائی حکومەت ناکەن بۆ مەسڵەحەتی مەجلیسی نەقابەی، سەد لە سەد، لە فلیمەکان دیومانە کابرای فەڕەنسی کوڕەکەی گیراوە لە ئەمەریکا مەحامی لەگەڵ خۆی بردووە و لەوێ دیفاع دەکات، ئەکید (التعاون بالمثل)هەیە، ئەکید ئیجرائاتی ئیعتراف بە شەهادەکەی هەیە، ئەکید مەجموعەی مەسائیل، بەس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، واز لەمەحامی بێنین، ئێمە لێرە یاسا دادەنێین، ئێمە باسی مەحامی ناکەین، مەعقوڵە ئیجازەدان بە ئەجنەبییەك لەو وڵاتەی ئیش بکات بەدەستی مەجلیس نەقابەیەك بێت؟ مەعقوڵە؟ ئیجازەی عەمەلی ئەجانیب قانون قانون پێی هەیە، من نازانم بەخودا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعيل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، پێشتریشو ئێستاش،........

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بێریڤان خان ئەو شەهادەی تۆ کە لە لێرە وەرت گرت، لەوێ یەکسەر ئێعترافیان پێ کردی؟ خۆ ئێعترافت پێ ناکەن، دەبێ تۆ بچی هەندەك دەرس هەیە بیخوێنیتەوە، ئیمتیحان بکەیتەوە، ئایا مەحامییەکی ئێرە لەکوردستان بچێتە دانیمارك، بچێتە نەمسا، بچێتە ئەڵمانیا یەکسەر دەتوانێ ئیشی مەحامات بکا؟ فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعيل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەت سەدا سەد راستە، ئەو ماددەیە هەر لە ئەصڵەوە زیادە، ئێمە نابێ دەستەڵات بدەینە سەندیکای مەحامی کە موافەقە بکا، (استحصال) بکا، خۆ ئەوە حکومەت نییە، ئەمە مەحامییەکی بیانییە، دێتە وڵاتەکەمان دەبێ شەهادەکەی لە خوێندنی باڵا تەعدیل کرابێ، دوایی هیچ مەحامییەکی ئەوروپی یان ئەمەریکی هەتا هی شەرقل

ئەوسەت ناتوانێ لەکوردستان ئیش بکات، چو نکە یاسایەکانی ئەوێ لەگەڵ یاسایەکانی ئێرە جیاوازە، ئێستا ئەمن شەهادەم لێرە هەیە، لە بەغدا تەواوم کردییە، لەوێندەرێ نەمتوانی ئیش بکەم، هەتا نەچووم نەم خوێندەوە، ئەو مادانەی هەبووە لێرە نەم خوێندووە لەوێ خوێندم، ئینجا توانیم ئیش بکەم، بۆ هەموو شەهادەیەك وایە، بەلاّم بەتایبەتی مەحامی، کە تۆ پارێزەری تاکێکی لە کۆمەڵگادا، دەبێ زمانی بزانی، ئەتۆ چۆن توانیت مەحامییەکی تورکی یانیش هی هەر ولاّتێکی تریش بێ بێت لێرە ببێتە مەحامی شەریکەك یان مەحامی تۆ، یەکەم زمان نازانێ، کەلتوور نازانێ، بەماوەیەکی کورت ئیمتیحان لە چی دەدا؟ چۆن قانونەکە دەزانێ؟ زۆر پێویستە ئەو دەستەلاّتە لە سەندیکا بستێندرێتەوە و بدرێت بە حکومەت، حکومەت هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کەسە بکا، شەهادەکەی ئایا لە سفرەوە دەبێ دەست پێ بکاتن؟ یان ئەو ماددانەی کە نەیخوێندووە، ئەمن (25) ساڵ لە دەرەوە ژیایمە، ئەوەی هاتییە خۆم لەگەڵی بوویمە کە بچێ ئیش بکاتن، بتوانێ ئیش بکا، سەندیکا ئیشی ئەوە نییە، ئیشی سەندیکا لە ئەوروپا چۆنە؟ ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندام لە سەندیکا ئەو ماوەیەی کە ئیشی نییە دەتوانێ یارمەتی بدا، ئیشی بۆ بدۆزێتەوە، پارەشی دایە مانگانەیە بۆ سەندیکا، مەعاشێکی بۆ دەبڕێتەوە لە ماوەی بێکاری، بۆیە زەرووریە سەندیکا ئێمە وەکو حکومەت تەماشای نەکەین، سەندیکا ئەو ماددەیە بەتایبەت ماددەی ساڵی شەستەکانە، زەمانی گۆڕینی کار، ئێستا ئێمە لە ساڵی 2013ینە، بۆیە دەبێ وا بکەین حکومەت گەشە بدات بەو کەسانە، هەموو کەس نەتوانی ئەو ئیشە بکاتن کە شایەنی ئەوە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەموو کاك سالم.

**بەڕێز سالم تۆما کاکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هەدەف لە هەموارکردنی یاسایەکە تەنها وەرگرتنی رسومە بە قەناعەتی من ئەوەندە جار ناوی رسوم هات لەو قانونە وابزانم جوانیش نییە، ئەما ئەگەر هەدەف لەوەیە کە دەرفەت بدرێتە مەحامی بێگانە، مەحامی بیانی بێ لێرە ئیش بکا، ئەوە وەکو پزیشك یەعنی وایە، دەبێ شتێکی وای بۆ رێك بخەین کە ئەو کارەکەی رێك بخا، یەکەمجار تەعدیلی شەهادەکەی بکرێ، دوایی ئینتیسابی نەقابە بکا، سێیەم جار مەجالی پێ بدرێ ئیشەکە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەخوا وای لێهات دەبوایە هەر لەئەوەڵەوە ئەم تەعدیلەمان بخستبایەتە دەنگدانەوە، ئایا لەگەڵدان یان لەگەڵیا نین، بۆ ئەوەی نە کاتیشمان بگرتبانایا، نە هیچ شتێك، چونکە وردە، وردە ئەوەی کە ئەوان ناردوویانە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەواو پێچەوانەی ئەو تەوەجوهەن، سەبارەت بەوە ئێستا من لەگەڵ کاك عمردا باسی مەحامی ئەجنەبیمان کرد دەڵێ مەکتەبی مەحاماتی

کۆمەڵێك مەحاماتی لوبنانی هەن لێرە شەریکەیەکی مەحامیاتیان کردۆتەوە، ئەوان بە چ ڕێگەیەك کردوویانەتەوە، ئایا ڕسومیان داوە؟ ئایا موافەقەتەکەیان لایە؟ نەخێر، لەگەڵ شەریکەکەی کە لێرە زۆرترین ئیشی وەر گرتووە شەریکەی مەحاماتەکەی خۆشی هێناوە لەگەڵ خۆیدا کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات، کەواتە هەموو ئەجنەبیەك ئەگەر عیلمی نەبێ بە قەوانینی ئێرە چۆن دەتوانێ مەحامات بکات؟ زەحمەت نەبێ لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەوەم بدەنەوە،........

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی چییە سۆزان خان ئەوە خۆی ناتوانێ مورافاعات بکا، ئەوە دەتوانێ وەکو لیژنەیەکی ئیستیشاری دەعمی ئەو شەریکەیە بکا کە لە کوردستان پێکهاتووە بۆ کوردەکان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، نا شەریکەی مەحاماتی کۆمەڵێك لوبنانی هەیە ئەڵێ لێرە شەریکەی مەحاماتیان کردۆتەوە،.....

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شەریکەی مەحامات نییە وەکو شەریکەی مەحامات، بەشێکن لە شەریکەیەك، شەریکەیەکی کوردستانی، بەشێکن لەوە، دەتوانی وەکو ئیستیشارە ئیستیفادەی لێ بکا، بەڵام ئایا هیچ مەحامییەکی لوبنانی دەتوانێ مورافاعات بکا لە مەحکەمەی کوردستان؟ ناتوانێ مورافەعە بکات، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە سەرلەبەری ئەم ماددەیە وای لێهات هەموو کەسێك چونکە بەپێی جاڕنامەی مافی گەردوونی کاری نیشتەجێ بوون و کارکردن لە هەرچی کوێیەکی دونیا بێ ئازادە، بەڵام بەپێی ئەو تەعلیماتەی کە لەو وڵاتەیدا دەردەچێ، ئێمە زۆر، زۆر باش دەزانین هیچ ئەجنەبییەك لە قانونی هەموو وەزارەتەکاندا دەڵێ ئەگەر هاتو ئەو وەزارەتە تەعاقود بکا لەگەڵ ئەجنەبییەکە دەبێ موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران وەر بگرێ، ئەوە هەمانە لەناو هینەکاندا قانونی هەموو وەزارەتەکاندا، دوایی ئەوە زەحمەت نەبێ پێم نالێی ئەلێرەدا سەندیکا بۆچی جێگەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی مالییەی گرتۆتەوە، ڕسوم لەو وەردەگرێ و لەو وەردەگرێ، یەعنی بەڕاستی ئەم مەسەلەی ڕسومە خەریکە شکێك لەلای من دروست دەکا، زەحمەت نەبێ ڕسومەکە لابدەن، دەشتوانین بڵێین (للمحامي الاجنبي و بالتنسيق بصدور تعليمات وبالتنسيق مع مجلس النقابة يستطيع ممارسة مهنة المحاماة في الاقليم)، هەر لابەرێ، ئیلغای بکەنەوە ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله:

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لەوە هاتووە لەقانونی نەوت و گازدا ئێمە ماددەیەکمان هەیە بۆ حەسمی خیلافات دەڵێ ئیستینا دەکرێتە سەر تەحکیم، لە تەحکیمدا ئەو ماددەیە رەپتی بەوە هەیە زیاتر ئەوەندەی من تێبینیم کردبێ، لەبەر ئەوەی تەرەفێك لە قەزیەکە ئەجنەبییە، ئەو ئیتیفاقیانەی کە ئیستینادیشی دەکرێتە سەر لە تەحکیمەکەدا ئیتیفاقی واشنتۆن و ئیتیفاقییەی لەندەن و کۆمەڵێك پرەنسیپی نێودەوڵەتییە، زمانی حەسمی خیلافاتەکەش زمانی ئینگلیزییە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەوەی کە من تێی گەیشتبم برادەرانی سەندیکا ئەو پێشنیارەیان کردووە بۆ ئەوەی مەحامی ئەجنەبی ئەو شەرکاتانە مەحامی ئەجنەبی خۆیان هەیە، شارەزایە لە مەجالی تەحکیمدا، دەتوانێ موشارەکەی پێ بکا لەم تەحکیماتانەدا، بەلاّم پێویستی بە رێ پێدانێك هەیە، رێ پێدانێکی لەم جۆرە، ئەمە مەبەستی ئەوەیە، نەك ئەوەی کە بچێ لە مەحاکمی عێراقی بەپێی قانونی عێراقی مورافعە بکا بەرامبەر بە کەسێکی عێراقی، ئەمە بۆ مەسەلەی تەحکیم ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموود. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاّهی ئەگەر دیقەت بگری، لە ماددەی یەکەمدا هەوڵدرابوو سەندیکا دەورە بکاتەوە و ئیتر ببێتە بەدیلی هەندێ موئەسەساتی تر بۆ پەیمانگای دادوەری و ئیتر دام ودەزگای زانستی و ئەکادیمی، لێرەش ئیجازە دەدا و دیسان دەبێ دەزگایەکی تر لە دەزگاکانی مەسەلەن حکومەت، بۆیە بەڕاستی راستە پێویستە ئەوانەی کە پارێزەرێکی بیانی لێرە کاردەکا مۆڵەتی پێ بدرێ، یان ئینجازەی پێ بدرێ، یان بە ئاگاداری حکومەتی ئەو ولاّتە بێ، بەلاّم سەندیکا نا، ئەگەر مەبەستیشە سەندیکا رۆڵی هەبێ بگوترێ مۆڵەتەکە لەلایەن موئەسەسەی تایبەت، وەزارەتی پەیوەندیدار، بە تەنسیق و تەعاون لەگەڵ سەندیکا، ماددەکە ئاوا دابڕێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغە و دوا رەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاّ هەر تەوزیحێك بۆ ئەو بەڕێزانە کە لەسەر مەحامی ئەجنەبی باسی لەسەر کرا، بەتەئکیدەوە باس لەوە کرا کە هەندێ شەریکات هەن مەحامییەکانی خۆشیان دەهێنن لەگەڵ خۆیاندا، حەقی خۆشیانە مەحامییەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ ئیستیشارات، بەلاّم حەقی تەقازییان نییە، لەبەر دەم مەحاکمی هەرێمی کوردستان، هەر کاتێك ویستیان مەحامییەکی ئەجنەبی بەگوێرەی یاسا بێ بیەوێ

مورافەعە و تەقازی بکە لە بەردەم مەحاکیمەکانی ئێمە، پێویستە موافەقەی مەجلیسی نەقابە وەر بگرێ، بە موساعەبە کردنی، یەعنی بە هاوڕێیەتی پارێزەرێکی ئیقلیمی کوردستان هاوڕێیەتی دەکات بۆ بەشداری بوون لە دادوەریەکەدا، بەڵام ئەوەی کە دێ ئیستیشارەی تایبەت دەدا بە شەریکەکەی خۆی ئەوە حوڕە و ئازادە لەگەڵ ئەوەی کە خۆی هێناویەتی، بەڕێزان ئەم مەسەلەیە بۆیە نەقابەی پارێزەران بەو شێوەیە دایڕشتووە، بەڕاستی لە هەرێمی کوردستاندا پارێزەری زۆرمان هەیە، با ئێمە چاوێکمان لە پارێزەرەکانی خۆشمان بێت، لەو پێشکەوتنەش بێ کە ئێستا لە کوردستاندا روویداوە، لە هەموو بوارەکاندا، بەتەئکید هەموو ئەو پێشکەوتنانەش پێویستی بە کاری یاسایی و هەندێك جار کێشەشی لێ دەکەوێتەوە، ناچار دەبن لەبەردەم مەحکەمەکاندا بوەستن، بۆیە وای لێکردووە کە مەحامی ئەجنەبی هاتە ئێرە دەبێ مەجلیسی نیقابە موافەقەتی بۆ بکا، بە ئامادەبوونی پارێزەرێکی ئێمە بۆ ئەوەی پارێزەرەکانی ئێمەش سوودمەند بن لەو خێرەی کە دەستیان دەکەوێ، بۆیە پێویستە بەم شێوەیەی کە ئێستا لێرە هەیە بێ، ئەمە لە مەعامەلەی (بالمثل)یشدا باسی لەسەر کراوە، هیچ ئیشکالێکی تێدانییە، بۆیە نەقابە ئەو موافەقەتە دەدا، چونکە قانونی پارێزەران یاسایەکی تایبەتە، خاسە بە خۆی و هەموو خاسەکانیش عامەکان دەوەستێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە روونکردنەوەی کاك عمر زۆر لەجێی خۆی بوو، مەبەست زیاتر لێرەدا تەبیعی ئێستا کوردستان پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆی بینیوە لە بوارەکانی نەوت، کۆمپانیاکانی نەوت لە کوردستان کار دەکەن، شەریکەی خۆیان هەیە، مەحامی خۆیان هەیە، تەنها مەبەستیان لێرە تەنزیم کردنی عەقدەکانە، مەوزوعی تەحکیمە، یەعنی مەبەست زیاتر ئەوەیە، مەحامیەکانی مورافاعات ناکەن، بەپێی قەوانینی خۆمان کە مورافەعات موتەقازی بوو دەبێ قەوانینی ئێمە جێ بەجێ بکرێ و مەعلوماتیان لەسەر قەوانینی ئێمە بێ، ئەوەش هاندەرێکە بۆ ئەوەی هەتا ماوەیەکی نزیك تا مەحامییەکانی خۆمان دەتوانن خیبرەیەکی باش لەو کۆمپانیا بیانیانە وەر بگرن لەو کەسانەی کە کۆمپانیای بیانی لە بوارەکانی بەتایبەتی نەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەسمان لاریمان لەو حاڵەتە نییە کە ئەوان باسی دەکەن، ئێمە وتوومانە موافەقەت نەبێت، تۆ نابێ ئیلا سەندیکا موافەقەت بکا، تەنسیق دەکرێ ئەمە خاڵی یەکەم، دووەم باسی ئەوەمان کرد وتمان رسومات بۆ وەر دەگیرێ؟ من تێناگەم، دوایی ئەوە ئەگەر ئەو کەسە دەبێتە ئەندامی سەندیکای پارێزەران و لەسەر

حیسابی ئەوان تەقاعود دەبێت قەیناکە، بەڵام ئەو دێ بۆ کارێکی تایبەت، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، دێ لێرە داوایان لێ دەکا تەنسیق و تەعاون موهیمە، کەس نەیوتووە ئیلا دەبێ موافەقە بێ، موافەقەت باش نییە بەرەئی من، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس نیگەران نییە لەوەی شەریحەی خۆی وا تەنزیم بکرێ یان لێ بگەڕێ بخزێتە ناو کەرتێکی ئەجنەبی کە ئەوەی هەدەفە تەقەدومی ئەو ستافەیە، یەعنی بیکەی وای لێ بکەی تەقەدوم بکا، بەڵام زۆر فەرقی هەیە ئەمن بە زۆر یەکێکی لەسەر شەریکەیەکی فەرز بکەم، ئەو کەسە لێی بترسێ، هەر لێ نەگەڕێ هیچ وەرەقەیەکی بخوێنێتەوە، فەرقی هەیە بە ئێختیاری ئەمنی بێنن بێڵێن وەڵڵا ئاهەنگ موهەندیسەیە باش ئیشی دەزانی، بێتە ناو شەریکەی، زۆری فەرقە ئەوە، ئەگەر فەرقی یەکەم ئێمە لەسەریان فەرز بکەین موجەڕەد مەحامییەك یان موجەڕەد موهەندیسێك وەکو حالاتی دەوڵەت بووە لە کوێت و لە جێیەکی دی، ئیلا دەبێ بچێتە ژوورێ، ئەوە مەعامەلەی وەی ناکەن، چشی فێرناکەن، دەڵێن وەرە ئەتو دانیشە مەکتەبێکی زۆر جوانی دەدەنێ و هیچ وەرەقەیەکیشی نایەتە پێشی، وەرەقەك ناچێتە پێشی و هیچیش فێر نابێ، نامەوێ ئەو قسەش بکەم، نامەوێ بیکەم وەکو مۆزەفەکی ئەمن موعامەلەی دەکەن، ئەوە تەقەدومی شەریحەیەك نییە، شەریحە بەوە تەقەدوم دەکرێ کە بەخۆی جێی بکاتەوە، بەخۆی بچێتە ژوورێ، بەخۆی ئەوەندە کەفا ئەتەی هەبێ کە ئەوان ئیستقراری نەکەن، دوایێ کێ ئەو ئیجازەی دەدا؟ رەقابە کو دەبێ ئیجازەی بدا، ئەوە ئیشی حکومەتە، بەنیزام دەبێ دابندرێ برادەرینە، چونکە ئەوەش شەریکاتە دێتە ژوورێ، نیقابە ناتوانێ ئەو نیزامەی دابنێ، کێ مەسئولە لەو ئیجازە دانەی؟ یەعنی بۆچوونەکە زۆری فەرقە، ئێمە دەڵێین تەنسیق، ناڵێین لەغو ببێتەوە، ئەمنیش گۆتیتم تەنسیق بکا، بەڵام نا مەجلیس نیقابە بێ موافەقەم بۆ بکا، ئەمڕۆ دەبێ و شەش مانگی دی دەبێ و حەوت مانگی دی دەبێ و دەبێ ئەم ئەندامەم ببەیە ژوورێ و ئەو کابرایە بۆ ئەوە باشە، کاکە ئەوە قەت نابێ شتی وا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئێمە موناقەشە دەکەین لەسەر دوو شتی جودا، لەسەر هەمان شت موناقەشە ناکەین وابزانم، ئەو نوقتەی من پێشنیارم کرد کارکردنی خەڵکی بێگانە لەم وڵاتە بەدەستی کێیە؟ بەدەستی حکومەتە یان

بەدەستی نەقابەیە؟ ئینجا كام نەقابە بێ، ئەم مەوزوعەیە ئەساس، پاشان بۆچی و چییە؟ ئەوە مەوزوعەكی ترە، ئەم موبەرەڕاتە من سوپاسیان دەكەم دەزانی منیان دەوڵەمەند كرد، راست دەكەن، بەلاَم پرسیاری ئێمە ئەوە نییە، ئێمە چۆن دەبێت لەقانونی نەقابەیەك ئێمە لە حەقێكی شەرعی حكومەت وەر بگرین بدەینە مەجلیسی نەقابەیەك؟ ئەوەیە موشكیلەی من، (للمحامي الاجنبي و بموافقة مجلس النقابة ممارسة مهنة المحاماة في الاقليم)، وازحە هیچ تەفسیلی ناوێ، (على ان تنظم كيفية الممارسة)، ئەوەش لە لای حكومەت نییە، (استحصال الرسوم وفق تعليمات يصدرها مجلس النقابة)، ئەم نەسە تەفعیلی ناوێ، بەلاَم ئەمن تەفاهومم هەیە، مادام باسی مەحامی دەكەین پێویستە ئەو كەسەی هەموو ئیجرائاتی ئینجازەی كاركردنی لەم ولاَتەدا وەر گرتبێتن پابەند بێت بە تەعلیماتی مومارەسەی میهنە وەكو لەم قانونەدا هاتووە، یان مەرجە رەئی نەقابە وەربگیرێ، لەكاتی ئیجازەدانی لەو جیهەتەی موسئولە لە ئیجازەدان بە ئیشكردن لەو ولاَتە لەوێ مەرجێك دابنێن نە میهەنییەكەی رازی بێت یان پابەند بێت بە تەعلیمات، بۆیە من پێشنیار دەكەم لە خوشك و برایانی لیژنەی موشتەرەك ئەگەر توانیومانە مەبەستەكە بگەیەنین حەقی ئیشكردنی بێگانە لەو ولاَتەدا بەدەستی حكومەتە، ئێمە دەمانەوێ مەكانەیەك بدەینە نەقابە بلێین رەچاوی ئەحكامی ئەم یاسایە بكەن و رەئی وان وەر بگرن، سیاغەیەكی جوان بكەن، ئەگینا من دەیكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی كاك فرسەت هەندێك تێبینی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز فرسەت محمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكێكی بیانی دێتە ئێرانە ئیش دەكات مەزجە ئیقامەی هەبێت، حكومەت موختەسە ئەو ئیقامەیەی پێ بدات، بەلاَم دێت ئیشێكی موحەدەد دەكاتن، كو ئەو ئیشە ئیختیساسی نەقابەیەكە، دوای ئیقامە، ئیختیساسی نەقابەیەكە، ئەو نەقابەیە قبوڵ ناكات هاوولاَتییەكی خۆی مومارەسەی ئەو میهنەیە بكاتن هەتاوەكو ئینتیمائی بكات و ئینجازەی وەر بگرێت، باشە ئەگەر قبوڵ ناكات یەكێكی هاوولاَتی ئەو میهنەیە بكات، بۆ قبوڵ بكات یەكێكی ئەجنەبی بێت نەفسی میهنە مومارەسە بكات بێ عیلم و بێ ئینجازەی نەقابە، بەرەئی من وەكی مەنعی شتێك دەكەی لەسەر هاوولاَتی خۆی مەفرووزە مەنعی نەفسیشت بكەی بەنیسبەت یەكێكی ئەجنەبی، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم، دەوڵەتێك قەبووڵی نەكات من وەك مەحامی بچم مومارەسەی میهنەی خۆم بكەم لەو ولاَتە، بۆ من مەجال بدەم هاوولاَتی ئەو دەوڵەتە بێتە هەرێمی من یان دەوڵەتی من مومارەسەی نەفسی میهنە بكاتن؟ بۆیە بە رەئی من حەقی نیقابەیە ئیجازەی میهنە بدات، بەس حەقی دەوڵەتە، حەقی حكومەتی هەرێمە موافەقە لەسەر ئیقامەكەی بكاتن، نەسەكە بەرەئی من شتێكی زۆر ئێعتیادییە، نەزرەی من لەسەر رەسم و زەریبە و ئەو شتانەش شتێكی ترە، رەسم مەفرووزە پێش وەخت موحەدەد بێ بە قانون، چونكە چ پرۆژەی دەستوور مە بێت وەلەو هێشتا نافیز نەبوویە، بەس بابچینە دەستووری عێراقیش رسوم و زەریبە مەفرووزە بە قانون بێت، بە رەئی من

مەفروز بوو رەسم لەناو ئەو پرۆژەیە موحەدەد با، نەکو دەستی نیقابەکان وای لێ بکەن ئازاد بن بە کەیفی خۆیان ئەمڕۆ رەسمێك دابنێن، سەبینێ موزاعەف، سێ سبەی لە سێ و چوار زەربی لێ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خوشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی دەکەم، کۆمپانیایەکی بیانی دێت وەبەرهێنان لێرە دەکاتن، لە خاڵێك لە خاڵەکانی رێککەوتن لەگەڵ دائیرەی وەبەرهێنان دەڵێت بۆم هەیە مەحامی خۆم لەگەڵ خۆم بێنم، کێ ئەتوانێت رێگای لێ بگرێت؟ پاشی ئەو، ئەو ئیتیفاقە ئیمزا دەکرێت، تۆ رێگای لێ بگری پێت دەڵێت کاکە ئەمە عەقدە، ئیتیفاقم کردووە، بۆت نییە رام بگری مەحامییەکەی خۆم لەگەڵ خۆم بێنم، لەبەر ئەوە موافەقەتی نەقابە شتێکی زیادە، چونکە ئەمە بەقوەتترە، ئیتیفاقی حکومەت لە موافەقەتی نەقابە بەقوەتترە، بەڕێزان ناکرێت نەقابە رێگر بێتن لە ئیتیفاقاتی حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر کەس کاك جەمالە، دوای ئەو کەسی تر قسە ناکات، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوزوعی نەقابە هاتە ناو بابەت، نەقابە ئیشی سەرەکی ئەوەیە رێکخستنی کاری ئەندامەکان، دیفاعکردن لە حقوقی ئەو ئەندامانە، هەتا لە ئیشکال دەر بچن ئایا سەلاحیاتی هەیە ئیستحصال رسوم بکات و ئیجازە بدات، یانیش نەیدات، ئەمن نەسێکم بۆ ناردینە کورتیشە، دەڵێتن (للمحامي الاجنبي وفق ضوابط یضعها بموافقة مجلس النقابة ممارسة مهنة المحاماة في الاقليم)، ئەوکاتە حکومەت ئەگەر هاتو ئیجازە بدرێتن بەپێی زەوابتێ کە نەقابە دادەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی رسوم کە بۆتە کێشە ئەم رەسمە ئەوە ناگرێ کە رەسمی ئینتیمایە ئەو پارێزەرە ئەجنەبییە لێرە دەبێتە مەحامییەکی کوردستانی و سبەینێ داوای تەقاعودمان لێ دەکا، ئەو رسومە رسومی موشارەکە کردنیەتی لە دەعوایەکدا کە لەبەردەم مەحاکمدا دەیبینێ، بەڵام هاتنی شەرکەیەك کە باسی لەسەر کرا مەحامی خۆی دەهێنێ کەس مەناعەتی لێ نەکردووە، بەس مەناعەت لە شتێکدایە کە ناتوانێ تەقازی بکا لەبەردەم مەحاکمی ئێمە، ئیللا بە هەویەی نەقابەی کوردستان نەبێ یاخود هەویەی نەقابەی عێراق نەبێ، بەدەلاتی ئیشتراکی خۆی دابێ، شرووتی خۆی هەبێ، بەگوێرەی ئیختیساسەکانی دەتوانی دەعوا بەگوێرەی ئەلف و با و جیم هەتا دەرەجەی

ئیستیشارە لێرە دەعوا ببینێ، بەڵام ماتەبەقای تری هاتنی ئەجنەبییەکە کە دێتە ئێرە ئەوە شەریکەیە دە مـەحامی خۆی دەهێنێ با بیهێنێ، بەڵام ناتوانێ حەقی تەقازی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەکە بەو شێوەیە:

المادة الثالثة: يضاف بند بتسلسل (3) الى الفقرة (أولاً) من المادة (19) من القانون ، و كالآتي:

3- للمحامي الاجنبي و بموافقة مجلس النقابة ممارسة مهنة المحاماة في الاقليم وفق الظوابط التي يعدها المجلس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان ئێستا دەیخەینـە دەنگـەوە، کـێ لەگەڵدایـە، تکایـە دەسـت بەربکاتـەوە، زۆر سـوپاس، (37) کـەس لەگەڵدایە، کـێ لەگەڵدانییـە؟ تکایـە دەسـت بـەرز بکاتـەوە، زۆر سـوپاس، (34) کـەس لەگەڵدانییـە، کەواتـە بەزۆرینەی دەنگ ئەو سیغەیە قبوڵکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.....

تا بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بەخواتان دەستپێرین و هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (22)**

**چوار شەممە رێكەوتی 22\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)

**چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/5/22**

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 2013/5/22 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (22)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (22)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 2013/5/22 دا بـەم شێوەیە بێت:

1. بەردەوام بوون لـە سـەر خسـتنەڕوو و گفتوگۆکردن لـە سـەر پێشـنیاری یاسـای هـەموارکردنی سـێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی 1999.

2. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای صندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان خـولی سـێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتنی (22) ڕۆژی دانیشتن 2013/5/22.

بەرنامەی کار:

بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـە یـەکی مـادده (20) لـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی ژمـارە یـەکی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردسـتان بڕیـاری دا، بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (22)ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2013/5/22، بەم شێوەیە بێت:

1. بەردەوام بوون لـە سـەر خسـتنەڕوو و گفتوگۆکردن لـە سـەر پێشـنیاری یاسـای هـەموارکردنی سـێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی 1999.

2. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای صندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنـەکان،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی دوێنێ گەیشتینە ماددەی چوارەمی پرۆژەکە، بە هەمان شێوازی دوێنێ دەست پێ دەکەین لە خوێندنەوەی ئەسڵی پرۆژەکە، دوایی رای لیژنەی یاسایی دەربارەی ماددەکە،

4- بالنسبة للمادة (الرابعة): تقترح اللجنة دمجها مع المادة ( الخامسة) من المشروع و تغير تسلسل المواد تبعاً لذلك لتعلقها باحكام نفس المادة و صياغتها بفقرتين و كالاتي:

المادة الرابعة:

أولاً: تلغى الفقرة (اولاً) من المادة (25) من القانون و يحل محلها مايلي:

اولاً:على الشركات الوطنية والاجنبية التي تعمل في الإقليم او لها فرع فيه ان تتعاقد مع محامي او اكثر مسجل في جدول النقابة لتقديم المشورة القانونية.

ثانياً: تعدل الفقرة (رابعاً) من المادة (25) من القانون و تقرأ كالآتي:

رابعاً: على الجهات المذكورة في الفقرة (اولاً) اعلاه استقطاع نسبة (10٪) من بدل المشورة القانونية للمحامي سنوياً وإرسال المبلغ الى النقابة لقيدها ايراداً لها على ان لايقل عن (150000) مائة و خمسين الف دينار بالنسبة للشركات الوطنية و (250000) مائتين و خمسين الف دينار بالنسبة للشركات الاجنبية.

لە پرۆژەکەدا دوو ماددە موعالەجەی یەك ماددەی کردووە، بۆیە ئێمە پێشنیارمان کرد هەردوو ماددەی چوار و پێنجی پرۆژەکە یەك بخرێ، لە یەك ماددە، چونکە موتەعەلیقە بە حوکمی ماددەی (25)ی ئەسڵی قانونەکە، پێش ئەوەی ئەندامان قسەی لە سەر بکەن داوا دەکەین ئەو پێشنیارە بخرێتە بەردەم ئەندامان بۆ دەنگدان لە سەری، ئایا ئەگەر قبولیان کرد وەکو بەو شێوەیەی دوو ماددە بکرێتە یەك ماددە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەو پێشنیارەی کە دەڵێ هەردوو ماددەی چوار و پێنج بکرێ بە یەك، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو کاك عونی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکا، بەو شکلەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە،

المادة الرابعة:

أولاً: تلغى الفقرة (اولاً) من المادة (25) من القانون و يحل محلها مايلي:

اولاً:على الشركات الوطنية و الاجنبية التي تعمل في الإقليم او لها فرع فيه ان تتعاقد مع محامي او اكثر مسجل في جدول النقابة لتقديم المشورة القانونية.

ثانياً: تعدل الفقرة (رابعاً) من المادة (25) من القانون و تقرأ كالآتي:

رابعاً: على الجهات المذكورة في الفقرة (اولاً) اعلاه استقطاع نسبة (10٪) من بدل المشورة القانونية للمحامي سنوياً وإرسال المبلغ الى النقابة لقيدها ايراداً لها على ان لايقل عن (150000) مائة و خمسين الف دينار بالنسبة للشركات الوطنية و (250000) مائتين و خمسين الف دينار بالنسبة للشركات الاجنبية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. رۆژان،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر أحمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو بڕگە لە ماددەی (25) هەموار دەكرێت، بڕگەی یەكەمی مادده (25)ی یاساكە هەڵدەوەشێتەوە ئەوەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە، پێویستە لە سەر ئەو كۆمپانیا نیشتیمانی و بیانیەی كە لە هەرێمدا كار دەكەن یان لقێكیان تێدا هەیە، لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر لە خشتەی سەندیكای تۆماركراو گرێبەست ئەنجام بدات، بۆ پێشكەشكردنی راوێژی یاسایی، هەروەها بڕگەیەكی دیكە، بڕگەی چوارەمی ماددەی پێنجەمی یاساكە هەموار بكرێ بەو شێوەیە: پێویستە لە سەر ئەو لایەنانەی كە لە بڕگەی یەكەمی سەرەوەدا باسكراون ساڵانە رێژەی (10٪)ی بەرامبەر بە راوێژی یاسایی پارێزەر لە پێناو رەسمدا ببڕدرێت و بڕە پارەكە رەوانەی سەندیكا بكەن وەك داهاتێك بۆ سەندیكا، بە مەرجێك لە (150000) هەزار دینار كەمتر نەبێ، سەبارەت بە كۆمپانیا نیشتیمانیەكان و لە (250000) هەزار دینار كەمتر نەبێ، سەبارەت بە كۆمپانیا بیانیەكان،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ سەبارەت بەو دوو ماددەیە تا ناوی بنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ئاهەنگ خان، د. صباح، زەكیە خان، كاك جلال، كاك خورشید، ناسك خان، سۆزان خان، كاك عبداللە، كاك پێشەوا، مامۆستا عمر، د. احمد، كاك ئارام، كاك سالم، شلێرخان) فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو ماددەیە نازانم زۆر پێم نا رەوایە ئەوانە بنووسین یەك، فەقەرەی یەكەم خۆ جارێ بەندی یەكەم:على الشركات الوطنية و الاجنبية، ئەوە تەحسیل حاسلە، دەبێ بڵێین ئەوە لە قانونی شەریكات بە خۆی دەبێ موستەشار قانونی هەبێ و دەبێ موحامی هەبێ، ئێمە بۆ لێرە فەرز بكەین، ئەو سێ حەرفەی رجائەن بیكەنە یەك حەرف (للشركات الوطنية و الاجنبية التي تعمل في الاقليم او لها فرع فيه ان تتعاقد) چونكە بە خۆی لە ناوە خۆی موحامی هەیە و مەشوەرەی قانونی هەیە، تەحسیل حاسلە، ئێمە وتوومانە لە فەقەرەی پێشتر پێمان گۆتینە بە چ شەرتێك موحامی ئەجنەبی دەبێتە قازی، ئەمە چۆن لێرە دیسان جارێكی تر قانونی شەریكات و قانونی مەحامات ئێمە لێرە نێكست دەكەینەوە، تێكەڵی دەكەین زۆر ناخۆشە، دووەم: بە چ حەقێك ئێمە فەرز دەكەین ئەو شەریكانە مەسەلەن تۆ شەریكەكەم من نامەوێ قازیم هەبێ، بەڵام موحامیەكەم دەبێ، چۆن لە سەری فەرز دەكەی پارەی بداتە نیقابەی موحامین بەڕاستی ئێستا وەزعی نیقابات وەی لێهاتووە لە غەرامە فەرزكردن و لە پارە وەرگرتن شتێك بوو، هەتا ئەندامانی خۆمان، ئێمە بە خۆمان لە نیقابەی موهەندیسین لە نیقابەی موحامین بەڕاستی هەندێك لە سەر ئەو پارانە

مەفروزە ئیعادە نەزەر بکرێتەوە،چونکە پارەك وەردەگیرێ غەرامەك فەرز دەکرێ، یەعنی ئەو پارەیە نازانم یەعنی دەچێتە کوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح،

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیعلەن ئەوەی کە لەم تەعدیلە هاتووە، مەجالێکی زیاترە بۆ ئەوەی هەلی کار بدۆزرێتەوە بۆ ئەوانەی کە موحامین، بەتایبەتی کە ئیلزامی هەموو ئەو کۆمپانیا نیشتیمانی و بیانیانە دەکا، کە دەبێ موحامیەك یان زیاتریان هەبێ، بۆ ئەوەی مەشورەی قانونیان پێشکەش بکا، بەلاّم ئەوەی کە لە ماددەی (16)دا باس دەکرێ، لە ناو ئەسناق موحامیندا تەنها ئەوانەی کە مومارسن یان ئەوانەی کە موستەشارن حەقی ئەوەیان هەیە، کە بین بە یەعنی ئەم مەشورەتە قانونیە پێشکەش بکەن و، ئەم مەشورەتە قانونیەش بە شێوەیەکی عەمەلی ئێمە دەی بینین تەنها شتێکی شکلیە یەعنی جاری وا هەیە، ئەو شەریکەیە کە ئیلزامی دەکەی بەوەی کە موحامیەکی هەبێ یان چەند موحامیەکی هەبێ موحامیەکی وەکو شەکلی، تەنانەت شوێنی شەریکەکەش نازانێ زۆرجار ئەو موحامیە، تەنانەت جاری وا هەیە کە واز لە کارەکەی دەهێنێ، عینوانی یەکتریش نازانن، یەعنی تا کەی ئێمە بەم شێوە شکلیاتە هین بکەین، لەلایەکی ترەوە ئەمە کاتێك ئەیتوانی قازانجێکی باش بێ، مەشغولی کار بێ، بۆ ئەو موحامیانەی کە تازە دەبن بە موحامی کە ئێمە لە ماددەی (16)دا نەهاتباینایە ئەو حەقەمان سەلب بکردایە لەوانەی کە موحامی موتەمەرینن، یەعنی موحامیە گەنجەکانمان بەڕاستی هیچ سوودمەند نابن، و تەنها ئەو موحامیانەی کە فیعلەن موماریسن یاخود موتەمەریسن یاخود موستەشارن ئەو مافەیان هەیە، سەبارەت بە دووەمیان: کێشەیەك هەیە لە مەسەلەی ئەو رسوماتەی کە وەردەگیرێ، ئێستا کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەسڵی ماددەکە لە پێشدا بەپێی قانونەکە (100000) دینارە و (200000) دینارە، لێرە نیقابە هاتووە ئەمەی پێشکەشکردووە، پارەی (100000) دینارەکەی، کردووە بە (150000) دینار، و (200000) کردووە، بە (250000) دینار، بەلاّم عەمەلیەن ئەوەی کە موحامیە، لە ماوەی ساڵێکدا یان کەمتر لە دوو ساڵ دووجار پارەی لێ وەردەگیرێ، یان وەکو مەبلەغێکی زۆر زیاتری لێ وەردەگیرێ، یەعنی ئەگەر ئێستا موحامیەك بچێ لە شەریکەکدا ببێ بە مشاوری قانونی، ئیستیشاراتی قانونی بۆ بێنێ، ببێ بە موحامی دەڵێن (100000) دیناری لێ دەسێندرێ یان (150000) دیناری لێ دەسێندرێ، لە سەری ساڵیشدا کە دەچێ هەویەکەی تازە بکاتەوە کە مولزەمە بەوەش دیسان (100000) دیکەشی لیٚ دەسێندرێ، یەعنی ئەمە لێرەدا هەست دەکەی ئەم یاسایە بەڕاستی نەوعێك لە بەکارهێنانی سوڵتەی تێدایە لەلایەن مەجلیسی نیقابەوە، بۆ پارە زیادکردن، بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن، کە ئەمە فیعلەن ئەگەر پاساوێکی هەبێ، لە دوایی بڵێین ئەمە بۆ صندوقی تەقاعودی و بۆ ئەوانە، بەلاّم لەلایەکی تریشەوە ئیستیغلالی ئیشی موحامیەکانە، بۆیە دەبێ

**پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ئەو مەوزوعە بێ، و کارێك بکات نە شیش بسووتێ نە کەباب، مـن موحـامی وام دیـوە، دەڵـێ مـن سـاڵی وا هەیـە (900000) دینـارم لـێ دەسـێنن، ئەمـە لیسـتی نیقابـە، ئەمـە خـوا هەڵناگرێ، و موخالفی ئینسافە موخالفی عەدلە، و دەبێ ئێمە رێگری لێ بکەین، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو زکیە خان،**

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مـن تێبینیـەکا هـەی سـەر بڕگـا ئێکـێ، چـونکە مـەجالێ عەمـەلی دا نووکـە ئـەڤ نەوعـە تەعامولـە دێتـە بکارئینان، کو گرێبەستێ د گەل محامیەك بێتە کرن، ئەگەر کۆمپانیایەکا نیشتیمانی بیتن، یان بیانی بیتن، بەس ل ڤێرێ ئیشکالەك یا هـەی، هندێـدا ئـەز جارێ پێشـنیار کـەم کـو ئـەڤ بڕگەیـە نـەمێنێتن، چـونکو د عەمەلدا هەی، و ئەگەر هاتو ما ژی هەموو هەڤالێ یێت محامی دزانـن کـو مـە سـێ جـۆرە محامیـایێ هـەی، مەحامیایێ مە هەی مەحامیا راوێژکار مـە هـەی یێـت کـارا، مـەیا هـەی راهێنـراو، ئەگـەر هـاتو گرێبەسـتێ بکەتن، بلە گرێبەست د گەل محامیێ یێ راوێژکار بیتن نەك گەل هەر محامیەکی دی بیتن، ب رەئیا من پتر دشێتن جهێ خۆ گریتن، نیسبەت بڕگا دووێ: یان ژی ماددێ پێنجێ  کو دیسان دەمجە ل گەل ڤـی، مـەجالێ عەمەلیدا نووکە دێتە بکار ئینان، کو بۆ ئەگەر یێ خومالی بیتن (100000)بیتن، ئەگەر بیانی بـیتن یـان هی نیشتیمانی بیتن (180000 ) دینار، یێ ژی تێنە وەرگرتن، مـن دڤێـت پرسـیار کـەم، بوچـی ئـەڤ زێـدە بوونە ڤی پرۆژە یـان ڤـی هـەموار کردنێـدا هەیـە، ئەگـەر روونکردنـەوەکی سـەبارەت بـۆ یـەکی بدەنـە مـە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو  کاك خورشید،**

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر کەسێك لـەم کوردسـتانە حـەز بکات کۆمپانیایـەك دابمـەزرێنێ، یـەکێك لـە مەرجـەکان ئەوەیـە بچێت نیقابـەی موحـامین عەقـد لەگـەڵ موحامیـەك بکـات، و ئـەو موحامیـە دەبێتـە راوێـژکاری رەسمـی ئـەو شەریکەیە، بەبێ ئەوە دامەزراندنی شەریکە مەحالە، هاتنی ئەم بەندە دووبارە بۆ چییە؟ فائیـدەی چییە؟ بۆ موحامیەکان و بۆ نیقابە، ئەوە یەك، دوو: پارە وەرگرتن راستـە، هـەموو نیقابەیـەك، هـەموو دەزگایـەك پێویستی بە پارە هەیە، بەڵام هەر پارە زیادکردن لە سەر خەڵك شتێکی عەمەلی نیە، یـەعنی راسـتە ئێمـە دەتوانین دەست بەرز بکەین بڵێین بکەینـە (500) هـەزار دینـاریش، بـەس ئایـا ئەمـە مەعقولـە مەنتقیـە، هەموو جارێ بێن پارە لە سەر خەڵك زیاد بکەین، بەهانەکە چییە؟ موبەڕیڕ چییە؟ مـن تێناگـەم، پارەیـان نیە، بەڵێ پارەیان هەیە و، ساڵانە پارەیەکی زۆر لە موحامین وەردەگرن، لە خەڵك وەردەگرن، لە تەسـدیقی**

موعامەلات وەردەگرن، هەر زیادکردنی پارە لە سەر کۆمپانیاکان و لە سەر خەڵك و (100) هەزار دینار، بکەینە (150000) دینار و (150000) دینار، بکەینە (200000) دینار، وەڵلاهی نازانم یەعنی هیچ مەعقول نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك جلال،

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەت یەکەمەوە دیارە گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان وای کردووە هەلی کار زۆر بێ، و ئیستیسمار زیاد بێ، و شەریکاتی ئەجنەبی بێ، بەتایبەتی عقودی نەوت و عقودی غاز و ئەو شتانە لەبەرئەوە من لام باشە کە شەریکە وەتەنیەکەش کە دەڵێن دەبێ موحامی هەبێ، بەڵام شەریکاتی ئەجنەبی کە دێت موحامی هەبێ، بەڵام موحامیەکەش بەڕاستی ئەگەر بوترێ ( مع محامي ذات خبرة واختصاص) شتێکی باشترە، چونکە بەڕاستی عقود ئێستا وای کردووە زۆربەی کێشەکان، و زۆربەی ژمارەی پارێزەران، خەڵك هەیە ئیختیساسی پەیاکردووە، هەیە لە دەعاوی شەخسی و ئەهلیدا هەیە، لە دەعاوی کەیدیدا، هەیە لە دەعاوی جەزائییە، و ئەمەش بکرێ ( مع محامي ذات خبرة واختصاص) شتێکی باشە، وا تێ دەگەم وازح بێت و مولائیم بێ، دوو: بەنیسبەت پارەکە کە دانراوە، دوو شەرتی دانراوە، یەکەم ئەوەیە (10٪) مەشوورەی قانونی و (على أن لا يقل) لەوانەیە ئەو پارەیە (10٪) کە زیاتر بێ لەوە، بەڕاستی لەو دوو حاڵەتە حەز دەکەم لیژنەی یاسایی تەوافوقێك بکەن، بەڕاستی ئەوە هەم لە (10٪) و هەم لە (لا يقل) ئەوە دوو مەرجە لەوانەیە قەت کۆ نەبێتەوە لە شتێکدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ناسك خان،

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەندیکای پارێزەران ئەمەچەند ساڵە ئیشی خۆی کردووە، ئەم سەندیکایە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بۆ خۆی بپارێزێ پێویستی بە سندوقێکە، بۆیە ئەم داهاتانە کۆ دەکاتەوە، ئایا بۆ ئەوەی کە پارێزەران دەکاتە ئەندامی خۆی یاخود لەم جۆرە شوێنانە دەیبڕێ، بەس ئەوەی جێگەی سەرنجی من بوو بەڕاستی لە دوێنێوە کە سەیری ئەم تەعدیلانە دەکەم، هەندێکی زۆر بە زیادی دەزانم، مەسەلەن بۆ نموونە ئەمەی فەقەرەی یەکەم کە تەعدیلی کردووە، تەنها یەك جوملەی زیادە، ئەگەر نا پێشتر هەر پێویستە بووە، هەر(على) بووە، یەعنی شتێك نیە ئێستا ئێمە بیکەین بە (على)، هەر فەرز بووە لە سەر هەموو شەریکاتێك کە موحامی خۆی هەبێ، موحامیش تا ئێستا ئەوەندەی من بزانم کە تەخەروجی کردووە هەر ساڵانە هەویەی تازە کردۆتەوە لە سەندیکای پارێزەران، یەعنی هەر پارێزەرێك هەویەی سەندیکای

پارێزەرانی نەبووە، نەیتوانیوە موحامات بکا، نەیتوانیوە لە نووسینگەکاندا ئیش بکا، ئەمە شتێکی تازە نیە، کاتێکیش کە مادام هەر پارێزەرێك ئەگەر هەویەی سەندیکای نەبێ، نەیتوانیوە پارێزەری بکا، یەعنی هەر شەریکاتێك کە موحامی پێویست بووە، هەر ئەو موحامیەیە کە هەویەی هەیە، ئێستا تەنها یەك جوملەی زیاد کردووە لە فەقەری یەکەمدا، ئەویش دەڵێ (مسجل في جدول النقابە) یەعنی دەبێ تەسجیل کرابێ لە جەدوەلی نیقابە، ئایا ئیمە پارێزەرمان هەیە ئیشی پێ بکرێ، ئەگەر پێشتر ئەندامی سەندیکای پارێزەران نەبووبێ، یەعنی ئەم جوملەیە ئێستا کە تەعدیلەکەی دەخوێنیتەوە ئیحساس دەکەی ئەم سەندیکای پارێزەرانە خۆیان دانیشتوون بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان زیاد بکەن، لە شتێکدا کە پێشتر هەر وا بووە، یەعنی پێشتر تەسجیل بووە، هەر هەبووە، ناوی هەر موحامیەکان، ناوی سەندیکای پارێزەران بوو، هەر ساڵانە پارەیان داوە، لەبەرئەوە فەقەرەی یەکەم تەنها ئەو دێڕەی زیاد کردووە، فەقەرەی دووەم: تۆ لە (10٪) بۆ زیادکردووە، ئیتر بۆ دێت زیاد دەکەی، لێرە کە سەیری دەکەی وا دەزانی ئەو سەندیکایە بەس ئیشی ئەوەیە پارە زیاد بکا، یەعنی چۆن لە (10٪)ی شەریکات وا هەست دەکەم ئەم پارەیە لە شەریکات دەبڕێ، وا نیە، مادام لە شەریکاتی دەبڕی، دەڵێی لە (10٪)ی ئیتر بۆ هاتووی تەحدیدی دەکەی، خۆ ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار دینار دەکا، قابیلە هیچ شەریکەیەك نیسبەی پارەکەی لە ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار دینار کەمتر بێ، یەعنی دانانی ئەم نیسبە و شتە من هەست دەکەم تەعدیل و شتەکە زیادە، ئەم ماددەیە بە رەئی من زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئێمە ئێستا لە پێشدا برادەرانیش باسیان کرد، هیچ کۆمپانیایەك بەبێ بەڕێوەبەرایەتی یاسایی نیە، یەعنی دانانرێ، ئەگەر کەسێك بێ یان ئەگەر شەریکاتی گەورە بێ، ئەسڵەن دائیرەی قانونیان هەیە، چونکە ئەو هەموو بابەتانەی کە دێتە بەردەمیان لە ڕێگەی ئەو دائیرە قانونیەوە جێبەجێ دەکرێ، سەبارەت بە شەریکاتی ئەجنەبی و وەتەنی وتمان موحامیان هەیە، بەڵام لێرەدا شەریکاتی ئەجنەبی کە دێتە ئێرە، بۆ ئەو تەعاون و تەنسیقە هەڵبەتە پێویستی بە موحامی خۆمان هەیە، من خەڵك دەناسم موحامی چوار شەریکەی عیملاقە، مەعاشێکی ئیجگار زۆر زۆر وەردەگرێ، ئێمە بۆ لێرە نەیەین باسی عەدالەت بکەین، کە کاتێ تەوزیع دەکرێ، لەلایەن نیقابەوە، ڕێگە نەدرێ بەو موحامیانە کە موشاوەرەی قانونی لە شەریکەیەك زیاتر بن، هەمانە ساڵێکیش دەبێ و دوو ساڵیش دەبێ چاوەڕێی ئەوەیە شەریکەیەك تەکلیفی لێ بکەن، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە داهاتێکی ئیزافیە بۆ پارێزەرەکە، هەموو ڕۆژ ئیشیان پێی نابێ، ئەمە تەنها بۆ مەشوەرەی قانونیە، هەیە ئەی ناسم وەکیلی چوار شەریکەی گەورەیە، خۆی باسی کردووە لەلای من، وتوویەتی مانگی بە (10000)هەزار دۆلار ناڵێم پارە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام سۆزان خان ئەو شەریكەیە بۆ خۆی ئازاد نیە چ مەحامیەك دەگرێ؟ فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر، ئەویش هەر لە ڕێگەی نیقابەوەیە، بۆ لەمەو دوا ئەگەر نیقابە ئەو كارەی كرد، دەبێ ئەو ئیحتیكارە لا ببات، بیكا بەوەی كە ئەو موحامیە لە یەك شەریكە نەتوانێ تەمسیل بكات، مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەوەی عەدالەت پەیڕەو بكەی، لە بابەتی دووەم: مـن لێرە پرسیارێك دەكەم، یەعنی بە داوای لێبوردنەوە كە ئەو قسەیە دەكەم، نیقابە لێرەدا دەوری مەكتەب عەمەل دەبینێت، بەرامبەر بە پێدانی موحامیەك كە مەشورەی قانونی دەدات، بڕێك وەردەگرێ كە لە (10٪)یە، و نابێ ئەو لە (10٪)یە لە (150000) دینار كەمتر بێ و یاخود لە (250000) دینار كەمتر بێ، ئایا ئەم پارەیە كە وەردەگرێ لە ئەنجامی ئەم مەشورەتە قانونیە بڕی تەقاعودیەكەی ئەو موحامیەی پێ زیاد دەكات؟، یان تەنها داهاتێكی گشتیە، ئەگەر بڕی تەقاعودی موحامیەكەی پێ زیاد دەكات، من دەڵێم با (500) هەزار دینار بێ، بەڵام ئەگەر بڕی تەقاعودیەكەی ئەو موحامیەی پێ زیاد ناكات، كەواتە دەچێتەوە صندوقی نیقابەوە، ئەوان نەفری خۆیان پێ زیاد دەكەن و هینی خۆیانی پێ زیاد دەكەن، مەرج نیە من ئەگەر موحامی بم، تەقاعود بم، لەلای شەریكەیەكی ئەجنەبی كارم كردبێ ئەو (250000) دینارەم، ساڵانە دابێ تەئسیر بكاتە سەر تەقاعودیەكەم، ئەگەر تەئسیر نەكا بۆ بیان دەمێ، دەبێ ئەمە یەك لا بكرێتەوە، ئەو بڕە پارەیە، (تحتسب لأغراض تقاعد المحامي) یاخود نا؟ من داواكارم لە لیژنەی یاسایی بۆمان روون بكەنەوە، چونكە من قبوڵم نیە خۆم پارەیەك بدەم بە نیقابەیەك ساڵانە لە سەر هەویەكەش پارە دەدەم بۆ تازە كردنەوە، بۆ مەشورەتی قانونی كە من دەیدەم بە كۆمپانیایەك، هەر پارەم لێ بسێنێ لە تەقاعودیشدا وەكو یەكێكی تر وەرگرم كە هیچی ئەو شتانەی نەكردبێ، بۆیە من لێرەدا بەڕاستی دەڵێم زۆر بە دیقەتەوە دیراسەی بكەن و پێمان بڵێین و وەڵامیشم بدەنەوە، چونكە حەز دەكەم بزانم چۆنە ئەو مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالله،

**بەڕێزعبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیاری سەرەكی لەم ماددەیە ئەوەیە، ئایا ئەمە ئیشتراكە یان زەریبەیە؟ ئەگەر ئیشتراكە، ئیشتیراك دەبێ شتێكی رەمزی بێ، بو نموونە ئەگەر بەراوردی سەندیكای پارێزەران بكەین بە سەندیكاكانی تر، یاخود بەو فیئانەی كە لە سەرووی پارێزەرانیشەوەن، بازرگانێكی دەرەجە ئیمتیاز كە ساڵانە هەویەكەی نوێ دەكاتەوە (165) هەزار دینار ئیشتراك دەدات، دەرەجە یەك (115) هەزار دینار دەات، موحامیەك كەمترینی (100) هەزار دەدات، زۆرترینی (450) هەزار دەدات، ئینجا كە شەریكەی ئەجنەبی بێنێ، چوار شەریكەی

ئەجنەبی هەبێ، دەكاتە یەك ملیۆن دینار، یەعنی ئەو مەبلەغەی كە موحامی دەیدا دوو قات و سێ قاتی ئەوەیە كە بەرزترین فیئە لە كۆمەڵگا دەیدا، لەبەرئەوە من پیم وایە تەجاوزی ئیشتیراكی كردووە، بۆتە زەریبە، دكتۆر ئەوەی كە من پرسیارم كردووە (11) هەزار دینار دەدا، وابزانم ئەگەر من بە هەڵە دانەچووبم، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەم مەبلەغە كەم بكرێتەوە لایەنی كەم وەكو پێشوو تری لێبكرێتەوە (100)هەزار دینار بە (200) هەزار دینار، و سەبارەت بەوەی موحامی ئەوە تەئیدە نەك وەكالەت، موحامی حورە لەوەی كە تەوكیلی (50) شەریكە بێ، بەڵام وەكو ئەو تەئیدە قانونی مەحامات تەئیدی كردووە، چوار شەریەكەی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا،

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی كە پێشتر داوای ئیلغای ئەو ماددەیان كردووە، چونكە من پێم وایە ئەگەر سەیرێكی ماددەی پێشووتر بكەین، كەدوێنێ دەنگمان بۆ دا،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵلا كاك پێشەوا، ئەگەر ئیجازە بدەی، تۆ داوای ئیلغا دەكەی، دوو كەسی تریش داوای ئیلغایان كرد، ئەگەر ئیلغا بكرێ موناقەشەی بۆچی بكەین، فەرموو كاك پێشەوا،

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چونكە ئەو ماددەیە هەست دەكەم تەناقوز هەیە، یەعنی دژ یەكێك هەیە، لەگەڵ ماددەی پێشووتری، چونكە ماددەی پێشووتر ئێمە باسمان لەوەكرد، كە پارێزەری بیانی بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەندیكا بۆی هەیە كاری پارێزەرایەتی بكات بەمەرجێك چۆنیەتی كاركردنەكەی رێك بخرێت و رەسمی یاسایی لێ وەربگیرێ، كەواتە كە شەریكەیەك دێ لێرە كار دەكات حەتمەن موحامی خۆی دێنێ، موحامیەكەی دەچێ رەزامەندی وەردەگرێ لە سەندیكا، چ جائیز بەوە دەكات تۆ جارێكی تر بێی ئیجباری بكەی لەوەی كە موحامی هەیە، رەزامەندی وەرگرتووە لە ناو خشتەی تۆماری سەندیكا پارێزەری تر هەڵبگرێ، و هەروەها باست لەوە كردووە كە سەندیكا رەسمی یاسایی لە پارێزەر وەردەگرێ، بۆ هاتووی جارێكی تر لێرە رێژەی (10٪) لە رەسمی یاساییت داناوە، بۆ ئەوەی كە لەو موحامیە ببڕدرێ، بدرێ بە سەندیكا، بۆیە من پێم وایە ئەم ماددەیە زیادە ئیلغا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ماموٚستا عمر،

**بەڕێز عمر عزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من سەرەتا دەڵێم خۆزگە لەگەڵ گۆڕينی هەر ماددەيەكی ياسايی ئەسباب موجيبەی گۆڕينی ئەو ماددەيە باس دەكرا، لەلايەن ليژنە، ئەوە زۆر گرنگ بوو، چونكە ئەوە ئێستا لە ئەسباب موجيبەی ئەو هەمواركردنە باس لە تەنزيمی ميهنەی موحامين و بەعزێك شت كراوە، كە دێيتە سەر ماددەكان بەو شێوەيە دەرناچێ، بۆيە من بە شێوەی پرسيار مەجبورم ئاراستەی ليژنەی بەڕێز بكەم كە زياتر ئەوان ئێستا بوونەتە داكۆكی كار لە ياساكە، چونكە ئيمزايان كردووە، بەنيسبەت ماددەی (25)ەوە كە لە ئەسڵی ياساكە تەنها ئەوە باسكراوە پێشتر ئاماژەكراوە بە شەريكاتی تيجاری و سيناعی و زراعی و خەدەمی وابزانم، ئێستا كراوە بە ئيتيلاق دەڵێ شەريكاتی وەتەنی و ئەجنەبی، يەعنی لابردنی ئەوانە، ئايا شتێكی لە پشتەوەيە هۆكارەكە چييە بۆ چييە؟ مەسەلەن بە رەهايی لەوێ بە سێ، چوار جۆر شەريكات ئاماژەی پێكراوە، لە ئەسڵی ياسای مەحامات ژمارە (17)ی ساڵی 1999 باسی بڕێكی سەرمايە كراوە بۆ كۆمپانياكە، وابزانم (250) هەزارە، ئێستا هيچ بڕێكی سەرمايە باس ناكرێ، هۆكاری لابردنەكەی چييە؟ ئايا ياسا پێشووەكە ئەمە لە بەرژەوەندی پارێزەران و بەرژەوەندی بووژانەوەی ئابووريە كە هيچ ئاماژەيەك نەكرێ يان نا؟ خاڵی سێيەم: بەنيسبەت بڕگەی دوو واتە چوارەم: دەقە پێشووەكەی ئەسڵی ياساكە بە گونجاوتر دەبينم باسی ئيستيقتاعی لە (10) دەكات، چ پێويست دەكات دووبارە ئێمە لای كەمی بە (250) هەزار و (150) هەزار بۆ ناوەخۆيی و دەرەكيەكان بكەين، يەعنی بەڕاستی من ناڵێم ئيلغای بكەينەوە، بەڵام ئەسبابی گۆڕانكاريەكانی ئەسڵی ماددەكە وازح نيە لە لای من وەكو پەرلەمانتارێك هۆكارەكانی نابينم؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. أحمد،

**بەڕێز د. أحمد ابراهيم علی (ومرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم بەڕاستی هاوڕێكانم كرديان، بەڕاستی منيش تێبينيم هەيە لە سەر فەقەرەی يەكەم: كە باس لە شەريكات دەكات لێرە بە رەهايی هاتووە لە دەقی ماددەی (25) لە ياساكە دەڵێ: شەريكاتی تيجاری و سيناعی و زراعی و ئيستيشاری، بەڵام لێرە بە رەهايی هاتووە، يەعنی من پێم وايە ماددەكە لە ياساكە باشترە لەوەی كە لێرە هاتووە، پاشان لە بڕگەی دووەمدا،

رابعاً: على الجهات المذكورة في الفقرة (اولاً) اعلاه استقطاع، ئەو نيسبەتە كە لێرە باس لەوە دەكات دەڵێ سەنەوييەن، يەعنی لە ماددەكە لە ياساكە سەنەويەنی تێدا نيە، ئايا دەبێ لێرە ساڵانە ئەو ئيستيقتاعەی لێ ببڕێ؟ بەڕاستی چونكە منيش لەگەڵ ئەوەمە كە سۆزان خان باسی كرد بەراستی، لێرە چونكە سەنديكای پارێزەران ئەو تێبينانەی خۆيان كە ناردوويانە، باس لەوە دەكات، دەڵێ: پارێزەر بە درێژايی

تەمەنی پیشەیی خزمەتی دادپەروەری دەکاتن، لەبەرئەوەی پارێزەران دەستەی خانەنشینی خۆیان هەیە، بە یاسا رێکخراوە، سالانە پارێزەر هاوبەشی خانەنشینی دەداتە صندوقی خانەنشینی پارێزەران، یەعنی ئەوەی کە لە هەموارکردنی یاسای صندوقی خانەنشینی پارێزەراندا باس دەکرێ، ئەوان ئیشتراکی ساڵانەی خۆیان دەدەن، لێرەش ئیستقتاعەکەی (10٪)یان لێ دەکرێ، بەڵام ساڵانەیە، بەڕاستی من پێم وایە ئەمەش پێویستی بە وەکو مامۆستا عمر باسی کرد، دوایی دەڵێ: على ان لايقل عن (150000) مائة و خمسين الف دینار، یەعنی ئەگەر لە (10٪)کە بوو، چ پێویست ناکات مەبلەغەکە دیاری بکرێ، چونکە لە(10٪) نیسبەتەکەی دیارە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالم،

**بەڕێز سالم توما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم ئەسڵەن هیچ شەریکەیەك ناتوانێ نە دابمەزرێ نە ئیش بکا، ئەگەر موحامی نەبێ بەپێی یاسای شەریکات، کە لێرە بیتن ئیحتیمالی هەیە بە مانایەکی وا یەکتر بڕ دەبێ لەگەڵ ئەوەی هاتووە لە یاسای شەریکاتیش، و یاسای شەریکاتیش قەبوڵ ناکات هیچ موحامیەك بێ تەمسیلی شەریکەیەك بکا، بۆ دامەزراندن، بۆ کارکردن ئەگەر بێتو ئەندامی سەندیکا نەبێ، و ئیشتراکی ساڵانەی نەدابێ، فایلەکەی پاك نەبێ، کەواتە ئەسڵەن بڕگەی یەکەم زیادە، بڕگەی دووەم: ئەوەندە لەو پرۆژە یاسایە بەداخەوە باسی کۆکردنەوەی پارە و رسومات هاتووە، مانای وایە هەدەفەکەی بەس ئەوەیە پارە کۆکەنەوە بۆ مەجموعەیەك، بۆ دەستەیەك، بەبێ ئەوەی دیاری بکا بۆ چییە؟ دوو: ئێمە پێمان باشە رسوم و ئەوجۆرە پارانە یاسایەکی تایبەتی پێ هەبێ، سێ: ئەسڵەن ئەوە جێگای یاسا نیە، جێگای پەیڕەوی ناوەخۆی سەندیکایە، بۆ ئەوەی دائیمەن مومکینە پێویستی بە گۆڕان بێ، و نابێ بێتە ناو یاسا، کەواتە ئەو ماددەیە بە هەردوو بڕگەیەوە من پێشنیار دەکەم ئیلغا بکرێ و نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان،

**بەڕێزشلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە منیش لەگەڵ هاوکارانم دام، بەڕاستی لە زۆر یاسای تردا ئێمە تەشجیعی ئیستیسماری ئەجنەبی دەکەین لە یاسای وەبەرهێناندا لە ماددەی حەوت، دووەم: دەڵێ (للمستثمر إستخدام الايدي العاملة المحلية والأجنبية اللازمة للمشروع بما يعطى الاولوية الى الأيدي العاملة المحلية) ئیتر ئەمە هەمووی دەگرێتەوە موحامیەکان، وەکو باسیشسیان کرد برادەران لە قانونی شەریکاتدا، ئەسلەن ئێمە ئێستا کێشەیەکی گەورەمان هەیە کە ئەوها بەم عومومیاتە هەر کەسێك دێتە ئەم هەرێمە شەریکەیەکی پێ

دادەنێن، حەقێکی زۆری جارێکی تر باسم کرد، مەسەلەن ئێمە شەریکاتی ئیستشاریمان دەوێت، دێت وەکو راوێژکاری ئیجازەیەك دەدات بە مەتارەکەمان دەڵێ: دەتوانی تۆ ئیش بکەی، ئینجا ئەمە دەیدا بەم هینی عالەمیە کە دەڵێ ئەم مەتارە بەکەڵك دێت، گەورەترین کێشە ئیمە لەوێ رووبەروومان بۆتەوە کە بەو هەموو رۆتیناتە بۆ ماوەیەکی کەم دێت شەریکەی پێ دادەمەزرێنی، ئێمە هاتووین لێرە جارێکی تر ئەوە بۆ دوو رۆژ دێت، موحامیەکیش بە سەردا فەرز دەکەی، لەبەرئەوە ئێمە لە جیاتی ئەوەی لەم هەموو رۆتیناتە بەڕاستی تەشجیعی بۆ پەرپیدانی هەرێمەکەمان بکەین، هاتووین لێرە باشە ئەگەر یاسا کۆنەکە هەر (100) هەزارەکە بووەو ئەو شەریکاتانەی تێدا بووە، ئیتر ئەمە نازانم هیچ شتێك لێرە زیاد نەکراوە، ئەسڵەن پێویست بەوە ناکات، من گەورەترین کێشە کە دەیبینم لە موحاماتدا ئەوەیە کە موحامی عقودمان نیە، هیچ موحامیەکمان نیە لە عقودی شەریکات بۆ ئیشی ئیستیسماری بزانێ، کە بتوانێ دیفاع لە حەقی (رب العمل) بکات کە حکومەتییە، ئەسڵەن ئێمە کە قەزایەکانمان دەگاتە مەحاکمی خۆمان، هەرحکومەت دەدۆڕێ، کە بەپێی ئەو شەریکە ئەجنەبیانەش دێن، لەبەرئەوەی ئەوان بە قانونی سویسری، و لیژنەی تەحکیمەکەش دەبێ لە پاریس بێ، کەسێکمان نیە ئەسڵەن ئینگلیزی بزانێ، لە جیاتی ئەوەی نیقابەی موحامین دانیشێ توانای ئەو خەڵکە لەو مەجالە بەقوەت بکا، هاتووە هەر بۆ پارە، تۆ نازانی ئەسڵەن ئەو پارە بۆ چ بەکاردێنێ، ئەگەر بۆ تەنمیەی قودراتی موحامین بێ، ئێمە هەموومان لەگەڵی داین، لەبەرئەوە بە رەئی من ئەو ماددەیە بەم شێوەیە نەبێ هەروەکو ئەسڵی قانونەکە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان،

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە بەڕاستی برگە یەکی ماددەکە، خۆی لە ماددەی (25)دا برگەیەك هەیە تۆزێك موفەسەڵ ترە، هیچ شتێکی ئەوەتۆشی فەرق نیە، بەڵام ئەوەی کە دەڵێت ئەمە زیادە ئیش دۆزینەوەیە بۆ موحامی، بەپێی قانونی شەریکات، یەکەم دەبێ تەنها موحامی تەئسیسی شەریکە بکات، دووەم: دەبێ مشاوری هەبێ، کە مشاورەکەی قانونی بێ، و دەبێ محاسبیشی هەبێ، عەقد بکات لەگەڵیاندا، نیقابەی محاسبین و نیقابەی محامین تەسدیقی عەقدەکەی بکا، بۆچی دائیرەی شەریکات ئەمە لە بەغداوە هاتووە لە پێش سقوتەوە ئەم قانونە ئیشی پێ کراوە، دواتر تەسجیل کراوەتەوە لە زەمانی بریمەردا، لەبەرئەوەی دائیرەی شەریکات پێی خۆشە، چونکە لەگەڵ موحامیدا مەعامەلە دەکات، نەك هەر کەسێ رۆژی حەوت جار یان دە جار، پەنجا جار، رۆژی وا هەیە مودیری شەریکە ئیستیشارە بدا بەم کابرا ئەجنەبیە هاتووە تێیبگەیەنێ و چی و برۆ ئەم ژوورە و ئەم ژوورە، بەڵام موحامیەکە تەعلیماتی پێیە، دەزانێ ئەوەندە نابێتە مەشاکیل بۆ دائیرەکە، ئەمە سەبەبی ئەساسی ئێمەیە، بەپێی قانونی شەریکات تەئسیس و مشاور لە قانونی شەریکاتدا هاتووە، لەبەرئەوە برگەی یەکەم هیچ ئیشکالێکی وای لە سەر نیە، برادەران قسەی لە

سەر بكەن، دەربارەی بڕگەی دوو: كە باسی ئیستقتاعی نیسبەی لە (10٪) دەكات، یەكەم شت مـن قسـەم ئەوەیە ئەگەر نەقیبی موحامین كاك وریا لێرە بوایە، دەیتوانی بەرچاو روونـی زیـاتر بـدا بـە ئەنـدامانی پەرلەمان، لەبەرئەوەی مەجموعەیەك كێشەیان هەیە، ئێمە رەنگە ئاگادار نەبین وەك ئەندامانی پەرلەمان، دووەم: راسـتە لـە رووی قانونیـەوە رەسـم كـە زیـاد بـوو بـەپێی چـەندها موفـەكری ئیقتیسـادی و قـانونی حیسابی رەسمی بۆ ناكرێ لە فكری تازەی قـانونی و ئیقتیسـادیدا، حیسـابی زەریبـەی بـۆ دەكـرێ، راستیشـە رسـومات بـەپێی مـاددەی (110) دەچـێتە بـابی رسمـی سیاسـی مالیـەوە هـی حكومـەتی مەركـەزی، بـەلاَم نیقابەی موحامین چەند موشكیلەیەكی هەیە، راستە ئـەم پارەیـە ناچـێتە صـندوقی تـەقاعودی موحـامین، بەلاَم باشە نیقابەیەك چوار فەرعی هەیە، مەجلیسی نیقابەی هەیە لە هـەولێر، بیناكـەی كرێچییە، (74) موەزەف هەیە لە هەولێردا، تەقریبەن زیاد لـە (40)مـوەزەفی هەیـە لـە موحافـەزەی سـلێمانیدا، لـە دهـۆك زیاد لە (10)ی هەیە، لە كەركووك زیاد لە (10)ی هەیە، مانگێ (17) ملیۆن دینار ئیشتیراك لە حكومەتی هـەرێم وەردەگـرێ، بـەس كرێـی مەسـرەفی بیناكـەی هـەولێری (50) وەرەقەیـە، ئـەم پارەیـە دەربـێنێ، لەبەرئەوەی حجزی مالیی هەیە، نیقابەوەزعی مالی زەعیفە، بەڕاستی ئەمە شتێكی تەبیعیە بـە رەئـی مـن، من داواكارم پشتگیری لەو ماددەیە بكرێ، لە هەردوو بڕگەكەی، نیقابە ئەم كێشانەی هەیە، حكومەت چەند جار موفاتەحەی حكومەتیان كـردووە، حكومـەت ئامـادە نیـە (17) ملیۆنەكـەیان بـۆ زیـاد بكـا، لـە كاتێكـدا مەعاشێكی زۆر زۆر بەهۆی موەزەفینەوە، و بەهۆی كرێی بیناوە لە سەرئەم نیقابەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان سـەبارەت بـە ماددەكـە پێشـكەش كـرد، بەشـێك لـە ئەنـدامان داوا دەكـەن بەنیسبەت فەقـەرەی یەكـەم (للشـركات) بـێ، لـە جیـاتی (علـى الشـركات) تەبعـەن ئەگـەر بلـێین(للشـركات) مەعنای وایە ئیلزامی شەریكات ناكای كە موحامی بگرێتن، بەگوێرەی ئەوەی لە قانونی پێشتریش هـەبووە، ئەو كاتی پێویستی بە نەسیش ناكات لە قانون جێبەجێ بكرێ، بەشێكی تـری ئەنـدامان بـاس لـەوە دەكـەن ئایا ئەوە ئیستیغلال كردنی موحامی نیە؟ ئێمە لە لیژنە دەڵێین نـەخێر، ئەمـە ئیسـتغلال كردنـی موحـامی نیە، لەبەرئەوەی ئەو نسبەیەی كە (10٪)یە وەردەگیرێتەوە، لـە مشـوەرەتی قـانونی ئـەو شـەریكاتانەی كـە موحامیـان هەیـە، ئیرادەكـە بـۆ نیقابـە، واتـا نیقابـە بەشـێكە لـە ئـیرادی صـندوقی تـەقاعودی موحـامین، قانونێكی ترمان لەبەر دەست دایە تـەقاعودیان زیـاتر دەبـێ، ئەگـەر زیـاتر بـێ، مـەفروزە لێـرە نیسـبەكانی زیـاتر بـێ، دوو: بـەڕێزێك داوای كـرد، خیـبرە و ئیختیسـاس ئـەو كەسـانەی كـە دەبنـە مشـاوری قـانونی شەریكاتەكان خیبرە و ئیختیساسیان هـەبێ، لـە قـانونی مـەحامات خیـبرە و ئیختیسـاس نیـە، موحـامی كـە هەویەی مەحاماتی وەردەگرێ، بەگوێرەی تەدەروجی لە ئیشكردن (أ، ب، ج) هـەتا دوایـی كـە لـە قانونەكـە

دياريكراوە تەدەروجەكە تەحەكوم دەكا، لە چ حەقلێك ئيش دەكا، ئايا لە بيدايات حەقلى مەدەنيە، دەعواى بچووكە، دوايى وردە وردە دەعواى مام ناوەندى، دوايى دەعواى جنائى، دوايى دەعواى گەور و پارەى زياتر، هەتا دەبێتە موستەشار، ئەندامێكى بەڕێز دەڵێ (مسجل في سجل الحامين) مەعناى چييە؟ مەعناى ئەوەيە ئەو كەسەى كە هەويەى مەحامات وەردەگرێ، واتا دەبێتە ئەندام لە نيقابەى موحامين، تەبعەن تەعبيرەكەش لە قانونى پێشووش هەر لە ماددەكانى ديكە، كە دەنگمان لە سەر دايە بەو شيوەيە رۆيشتووە، و ئەو موحاميانەى كە ئيستبعاد كرانە لە نيقابە ماڧ ئەوەيان نيە، لە سجلات ناويان نامێنێ ئەوە يەك لا دەكرێتەوە، ئەندامێكى بەڕێز پێشنيار دەكا كەوا هەر موحاميەك ماڧ ئەوەى هەبێ واتا شەريكەك ماڧ ئەوەى هەبێ تەنها يەك موستەشارى هەبێ، لەبەر ئەوەى دەڵێ ئيستغلال وەكو ئێستا لە قانەنەكە هاتووە هەر موحاميەك ماڧ ئەوەى هەيە مشاوەرەى قانونى بداتە دوو شەريكەى وەتەنى، و دوو شەريكەى بيانى ئەوەش پێشنيارێكە، و هەروەها پرسيار كرا، ئايا تەئسير لە تەقاعود دەكا؟ بەڵێ تەئسير لە تەقاعود دەكات، چونكە ئەو پارانە كە كۆ دەكرێتەوە لە ئەنجامدا دەچێتە صندوقى تەقاعودى موحامين، و نيسبەى صندوقى تەقاعودى موحامين، و نيسبەى صندوقى تەقاعودى موحامين لە مەشروعى كە لەبەر دەمانە، لەوێ نيسبەكان زياد كراينەوە، واتا دەبێ مەوردێكيان بۆ پەيا بكەين، بەتايبەتى نيقابە ئيعتيمادى لە سەر ناكات، هەر ئيعتيماد لە سەر خودى خۆى دەكات، و دوايى لە مەشروعەكەى تر موناقەشەى ئەو بابەتە دەكەينەوە، سەبارەت بە وشەى رەسم هاتبوو لە پرۆژەكە ئەوە هەڵەيەكى مەتبەعى بوو لە زمانى عەرەبى و كوردى، من كاتێ كە خوێندمەوە وابزانم د. رۆژانيش ئەوەمان لادا، بەنيسبەت فەقەرەى چوارەم: على الجهات المذكورة في الفقرة (اولاً) اعلاه استقطاع نسبة (10٪) من بدل المشورة القانونية للمحامي سنوياً و إرسال المبلغ الى النقابة لقيدها ايراداً لها على ان لايقل عن (150000) مائة و خمسين الف دينار بالنسبة للشركات الوطنية و (250000) مائتين و خمسين الف دينار بالنسبة للشركات الاجنبية، (لأجل الرسم)ى تێدا نيە، و مەبەستمان لەو مەشروعەى كە ديارى كرايە، لە (150) هەزار كەمتر نەبێ، بۆ كۆمپانياى وەتەنى، و (250) هەزار كەمتر نەبێ، بۆ كۆمپانياى بيانى ئەوەيە موحامى ئێستا عەمەليەن عەقدێكى زۆر دەكا بە پارەيەكى كەم، بۆ نموونە ساڵانە عەقدێك دەكا كە دەڵێ ئەتعابى مشاوەرەى قانونى من (100) دۆلارە، واتا نسبەى (100) دۆلار دەكاتە (10٪) هەتا رێگر بن لەوەى كە ئەو موحاميە مەعلوماتى حەقيقى دەقيق بدا و، ئەگەر نەشى دا ئەو نيسبەيە، بەنيسبەت شەريكاتى وەتەنى (150)هەزار دينار كەمتر نابێ، ئينجا عەقدەكەى هەر چەند بێ، و بەنيسبەت شەريكاتى ئەجنەبى (250) هەزار دينارە، چەند ئەندامێك داوايان كرد ئەو ماددەيە ئيلغا بكرێ، لەبەر ئەوە هۆيانەى كە باسمان كرد، ئەو ماددەيە زەروريە بمێنێتەوە،چونكە تەحەكوم بو ئەسڵى قانونەكە دەكات لە قانونەكەى قەديميشدا هەر بەو شێوەيە هاتووە، تەنها لەوێ لە فەقەرەى يەكەم تەحديد كرابوو رەئس مالى شەريكاتەكان، ببێتە سى و حەوت هەزارو پێنج سەد دينار ئەگەر لەوەى كەمتر بوو، ماڧ ئەوەى هەيە مشاورى قانونى نەگرێ، بەڵام ئەگەر هات و زياتر بوو ئەو ماڧەى هەيە، ئێستا ئەو پێشكەوتنەى كە لە كوردستاندا هەيە كۆمپانياكان

رەئس ماليان زياد بۆتەوە مەفروزە دەقێكى وا هەبێ، هەموو شەريكاتەكان ئەو قەيدانەى نەمێنێ كە لە سەرى هەموو شەريكاتەكان ئيلزام بكرێ، بە گرتنى مشاورى قانونى بەو جۆرەى كە ديارکرايتەوە و سەبارەت بە لابردنى ئەسڵى قانونەكە، برگەى يەكەمى كە تەحديدى كردووە ناوى شەريكاتەكان سناعى، زراعى، خەدەمى، ئەوە بەو وەزعەى هاتووە، بەلام سياغەكەى ئێستا وابزانم باشترە، موەتڵەقە، هەر شەريكاتێك بێ، مەرج نيە نەوعەكەى تەحديد بكەى، چونكە ئێستا ئەگەر تەحديد بكەى بەو نەوعانە تەنها ئەو شەريكاتەى كە بەو ناوەى هاتووە لە قانونى پێشووتردا ماڧ ئەوەيان هەيە يان ئيلزام دەكرێن بە گرتنى مشاورى قانونى، واتە ئێستا وەزعەكە گۆڕا بەو پێشكەوتنەى كە لە كوردستان دايە، كۆمپانياى زۆر هاتيە رەئس ماليان عيملاقە، زۆرە، هەموويان مولزەمن بە دانانى مشاورى قانونى بەگوێرەى قانونەكە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئێستا سێ، چوار پەرلەمانتارى بەڕێز داواى ئەوە دەكەن ماددەكە لەغو بكرێ، تكايە كێ لەگەڵ ئەوە دايە رەتبكرێتەوە دەست بەرزكاتەوە؟ (42) كەس لەگەڵ ئەوە دايە رەتبكرێتەوە، كێ لەگەڵ دايە بمێنێتەوە (16) كەس لەگەڵ دايە بمێنێتەوە، كەواتە بە زۆرينەى دەنگ لەغو كرا، فەرموو بۆ ماددەيەكى تر،

**بەڕێز عونى كمال سعيد(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

واتە ماددەكە وەكو ئەسڵى قانونەكە دەماوە، سەبارەت بە ماددەى (6)ى پرۆژەكە كە ريزبەندى گۆڕا بووە ماددەى (5) دواى دەمجكردنى هەردوو ماددەكە، ئێستا دەنگى نەهێنا، قەبوڵ نەكرا، لە پرۆژەكە ماددەى شەشە، دەڵێ: ( تجتمع الهيئة العامة مرةً واحدة كل أربع سنوات إعتباراً من تأريخ إنتخابات المجلس) ئێمە لە ليژنەى ياسايى پێشنيارمان كردەوە ئەو ماددەيە ئيلغا بكرێ، وەك خۆى بمێنێتەوە، واتە ماوەكە هەر سێ ساڵ بمێنێتەوە، نەك چوارساڵ،

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ،

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرۆژەى هەمواركردنە بەرە بەرە بەرەو ئەوە دەڕوا، هيچ بەهايەكى نەمێنێ ئەو پرۆژەيە بوو كە پێشكەشكراوە، خۆى پارێزەران كونفراسێكيان كردووە، پرۆژەيەكيان پێشكەشكردووە، ئەوە وەكو پێشنيار دەيكەم، بۆ ئەوەى ياساكە ئەهميەتى هەبێ، و گۆڕانكارى بۆ خزمەتى رێكخستنى كارى موحامى و نيقابە بكا، بەڕاستى پێم باشە ئەمە هەر بە خۆى ئيلغا بكرێتەوە، داوا بكرێ پرۆژە ياسا ئەسڵيەكە، بێتە بەرنامەى كار، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی کاك کاردۆ موخالەفەی قانونە، چونکە دەنگمان لە سەر چەند مادده دا، و تەسدیق کرا، دەبێ تەعدیلەکە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا سێ کەس لە لیژنەی یاسایی دەیەوێ ئەو ماددەیە لەغو بکرێتەوە، تکایە کێ لەگەڵ ئەوە دایە رەتبکرێتەوە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دایە بمێنێتەوە؟ بە کۆی دەنگ رەتکرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرۆژەکە داواکرایە ماددەك ئیزافە بکرێتە سەر قانونەکە، دەڵێ:(لا تحتسب لأغراض هذا القانون مدة ممارسة المحاماة خارج الإقليم بعد تأريخ تشكيل اللجنة المؤقتة لنقابة محامي كوردستان في 1993/1/2) ئیمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، بەڵام بەم شێوەیە پێشنیار دەکەین سیاغە بکرێتەوە، (لا تحتسب مدة ممارسة مهنة المحاماة خارج الإقليم بعد تأريخ تشكيل اللجنة المؤقتة لنقابة محامي كوردستان في 1993/1/2 خدمة لأغراض هذا لاقانون)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی لە سەر ئەو ماددەیە هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (زکیە خان، کاك برهان، کاك عبدالسلام، ئاهەنگ خان، کاك جلال، د. رێباز، هاژە خان) فەرموو زەکیە خان،

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت ڤی ماددەی مە گەلەك محامیێت هەی، کو پێشتر مەسەلەن ل پارێزگەها موسلێ کار کری یان ژی ل پارێزگەهێ کەرکوکێ و ئەڤانە، بەری کو ئەڤ نیقابەیا مەحامیا ل هەرێمە کوردستانێ لیژنەك هاتیە بهێتە دروست کرن، و نوکەییێت هاتی ل هەرێما کوردستانێ کار دکەن، هەتا پشتی پرۆسەیا ئازادیا عێراقێ پشتی 2003 ژی ئەگەر ئەم سەح کەینێ گەلەك پارێزەری هاتینە هەرێما کوردستانێ کار د کەن، ئایا چەوا ئەم بشێین بێژین ئەڤە بۆیی ئەڤ مودە نائێتە حیساب کرن، پێدڤیا ڤێ درکێ سیاغێدا پیشنیار کەم کو هەماهەنگیەك هەبێت ما بەینا نیقابەیا پارێزەران ل هەرێما کوردستانێ ل گەل بەغدا، بو هەندێ کو ئەو خزمەتە یا قەزاییە هەی محامیەکی، بۆ نموونە ل مەحکەمەکی سەر پارێزگاها میسل یان کەرکووکێ کار کری، ئو نووکەیا هاتی ل هەرێما کوردستانێ کار دکەت، ئەڤ خزمەتە بۆ بێتە حیساب کرنێ، چونکو ئەم

نەشێین وەكو بلێین ل سەر كاری وی، بەری هنگێ ئەم رابكێشین بێژین ئەڤ خزمەتە بۆ نەهێتە حیساب كرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك برهان،

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە هەڵبەتە مەبەستی ئەوەیە حیكمەت لە دانانی ئەم ماددەیە ئەوەیە كە ئەو موحامیانەی دوای ئەو تاریخە دێن موستەفید نەبن لە تەقاعودی نیقابەی موحامین، ئەم تەقاعودیەی كە لە مەشروعی تازەدا لە دوای ئەم پرۆژەیە موناقەشە دەكرێ، و داوای مەبلەغێكی باش دەكەن، بۆ ئەوەی حەسری بكەن بەمە، بەلاّم كەسێك لە بەغدا بووە بە هۆی زروفی ئەمنی نیقابەی موحامی ئەوێ جیاوازە، هاتۆتە ئێرە یان لە خارج بووە، لە خارج مەحاماتی كردووە، ئێستا دێتەوە بە ماڵ و منداڵی لێرە دەبێ، گوناحی چییە؟ بۆیە من داواكارم ئەم ماددەیە رەتكرێتەوە، بەلاّم سیاغەكەی بە شێوەیەك بێ، چ قەیدی دەكا من لە بەغدا مەحاماتم كردووە یان لە ئەوروپا ئەو سەنەواتی خزمەتەی ئەوێ بۆم حیساب بكرێ، ئەگەر مەبەست تەقاعودیەكەیە، هێ ئەو چەند ساڵاش پارەكەم لێ بسەنرێ كە لە دەرەوە كردوومە، بیدەم بە نیقابەیە ئینجا تەقاعودیەكە شمولم بكا، من دەمەوێ یان رەتبكرێتەوە، یان بەشێوەیەك تەعدیل بكرێ، من دەڵێم بۆ ئەوەیە تەقاعودی شمولی ئەوانە نەكات كە لە خارج بوون، یان ئەوانەی لە بەغدا بوون، یان ئەوانەی لێرە هەویە دەردەهێنن، تەقاعودی ئەم چەند ساڵەیان لێ بسێنرێ، ئیجا ئیشتیراك بكەن لە نیقابەكە، یان ئەگەر ئەوە نابێ ئەم ماددەیە بەم شێوەیە ئیقرار بكرێ، زوڵمە لەوانە دەكرێ، رەتكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من حەق بە خۆم دەدەم لە سەر ئەو مەوزوعە باس بكەم، چونكە مەسەلەی تەقاعود و تەئمین زەمانە، ئێمە لە یاسای (39) تەجروبەیەكمان هەیە، تاكو لە یەك تری تێ بگەین باسی چی دەكەین، وتمان ئەو كەسانەی كە گەیشتوونە سنی خانەنشیی و ساڵاكانی زەمانیان نەبێ، ناتوانن، وایە یان نا؟ حەل كراوە لە زۆربەی زۆری سیستەمەكان، كە تۆ پێی بلێی وەرە تەمەنت گەیشتە (65) ساڵ، بەلاّم ئەوە شەش ساڵە تۆ ئەندامی نیقابەی منی، لەوێ ئەگەر نووسرابێ مەسەلەن (20) ساڵ بێ، یان نازانم هەر چەند بێ، بلێ وەرە پارەی (15) ساڵی ئیشتیراكی نەقابات بدە، یان وەكو كاك بورهان ئیشارەی پێدا، برۆ لەو نیقابەیەی تۆ لەوێ پارەی تەقاعودت داوە، وەری گرە، نەقلی بكە، هەدەف ئەوەیە صندوقی نیقابە بارگران نەكرێت بۆ

ئەوانەی کە سێ تا چوار ساڵ لێرەنە، ئەندامن لێرە، بلێ وەڵلا من گەیشتمە سنی تەقاعودی، بۆ گەیشتن بەو مەبەستە نە صندوق زەرەر بکا نە ئینسانەکە زەرەر بکا، من سیاغەیەکم دانا تەسەور دەکەم بۆ هەمان مەبەستە ئەوەی کە لێرە دانراوە، بەلام ئینسانی ترە، (يحق للمحامي المسجل في سجل النقابة دفع الأستحقاقات التقاعدية عن سنوات ممارسة المحاماة خارج الإقليم بعد تأريخ 1993/1/2 إن لم يكن قد قام بنقل هذه الأستحقاقات، وفق أحكام هذا القانون) دوو شتمان کرد، یەك فیعلەن ئەو ماددانەی تر کە دیاریان کردووە، چۆن تەقاعود دەبێ ئیلتیزام پێکرا، دووەم: ڕێگاماندا بەم موحامیە سوود وەرگرێ لەم ساڵانەی تری ممارەسەی خۆی، بەلام نە لە سەر حیسابی صندوق و نە لە سەر خەڵکی تر، هیوادارم ئەم دەقە جێگای بایەخ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی بەڕێزانم دەقەکەی کاك عبدالسلام زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. ڕێباز،

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا قسەکەی منیش هەر قسەکەی کاك عبدالسلامە، بەلام لەو ڕوانگەوەی کە کاتێك دەوترێ ئەو کەسەی لە دەرەوەی هەرێم کاری کردبێ ئەم یاسایە نایگرێتەوە، بەشێکی یاساکە باس لە پلە بەندی پارێزەرایەتیە، یەعنی ئەگەر تەنها باسەکە باسی پارەو تەقاعودی بێ دەکرێت، بەلام ئەم ماددەیە دارشتنەکەی مافە پلە زانستیەکەش لەم کەسە دەسێنێتەوە، یەعنی کەسێك (20) ساڵ لە ئەوروپا یان لە هەر شوێنێکی دیکە دەوامی کردووە، پلەی زانستیە پارێزەرایەتیەکەی بڕیوە، بۆ ئێستا مافی نەبێ بێتە هەرێمی کوردستان، ئەو مافەی لێ زەوت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان،

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دیارە وەکو هاوکارانم بەڕاستی لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە ئەوە جۆرێك، یەعنی ئەو کەسە حەقێکی لێ دەسێنیەوە، کاتێك کە وەکو هاوکارانم باسیان کرد لە موسل، لە بەغدا، لە شوێنێك ئیشی کردووە، ئێستا

**بێتە ئێرە ئەوەی بۆ حیساب نەکرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم یان ئیلغا بکرێ یان (لا) کە لا ببرێ، (تحتسب لأغراض هذا القانون مدة ممارسة المحاماة خارج الإقليم)، و منیش لەگەڵ ئەو رایەی هاوکارانم، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی یاسایی،**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە سەر زۆری ئەو مولاحەزاتەی ئەو بەڕێزانە کە دایان، (تحتسب) یاخود (لاتحتسب) لێرە بۆچی وا هاتووە؟، لەبەر مەسەلەی حقوقی تەقاعودیە ئەو موحامیەی کە لە دوای 1/2/ 1993 کە نیقابەی پارێزەرانی کوردستان تەشکیل بوو، ئیشتیراکی نیقابە و ئیشتیراکی صندوقی تەقاعودی داوە، راستە دوای (30) ساڵ تەقاعود دەبێ و سوودمەند دەبێ لەو ئیشتراکانەی کە داویەتیەوە، ئەم یاسایانە بۆیە دانرا پارێزەرانەی کە لە نیقابەکانی دەرەوەی کوردستان، بۆ میسال لە نیقابەی عێراق لە بەغدا تەسجیلن، و لەوێ رسوماتی خۆیان داوە، پاش (29) ساڵ لەوێ، بۆ ساڵێك دێتە سلێمانی یان دێتە هەولێر لێرە لە نیقابە خۆی تەسجیل بکا، ئیشتیراکی ساڵێك بدا، عەینی حقوقی بۆ حیساب بکرێ، ئەمە حیسابێکە بۆ مافی تەقاعودی حیسابی لە سەر کراوە، بۆچی؟ ئەم مەعامەلەیە، ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیە هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو مەعامەلەیەی (بالمثل) لە نیقابەی عێراق نیە، ئەو پارێزەرەی کە لێرە بیەوێ بچێ لە نیقابەی عێراق خۆی تەسجیل بکات، لەو رۆژەی کە خۆی تەسجیل دەکات حیسابی بۆ دەکەن، ئەو پارێزەرەی کە لەوێشەوە دێتە ئێرە، ئەو پارە تەقاعودیەی کە لەوێ داویەتی ئەو ئیستیحقاقاتانە نەقل ناکرێ بۆ ئێرە، بۆ سەر حیسابی نیقابەی پارێزەرانی کوردستان، کە نەقل نەکرا بۆ سەر حیسابی پارێزەرانی کوردستان، (29) ساڵ لەوێ پارەی داوە، لێرە موحامیەکی کورد (30) ساڵ پارەی داوە، کە لە نیقابەی پارێزەرانی کوردستان ناکرێ وەکو یەك هەردووکیان یەك ماف وەربگرن، لەبەر ئەوەی نەقلی ئیستیحقاقەکان لە نیقابەکانی ترەوە ناکرێ، زۆر راستە، ئێمە پارێزەری کوردمان هەیە لە کەرکووکە، بەڵام موسەجەلە لە سەر نیقابەی پارێزەرانی عێراق، پارێزەرانی عێراق نە فایلەکەی، نە ئیستیحقاقەکەی، نا نێری بۆ نیقابەی کوردستان، لەبەر ئەوەی نیقابەی کوردستان، ئامادە نیە ئەو پارێزەرانە بەشدار بکا لەو حقوق و مافانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئەوەی کە باس لە سەر ئەوە کرا، ئەگەر بێتو پارێزەرەکە هەموو ئیستیحقاقی (30) ساڵەکەی بدا، بۆ میسال پارێزەرێك (29) ساڵ لە دەرەوەیە، بۆ یەك ساڵ دێتە هەرێمی کوردستان، ئیستیحقاقاتی ئەم (29) ساڵە ئەگەر بە دەفعەعەیەك بدات بە صندوقی تەقاعودی پارێزەران، لەم (29) ساڵە ئیشتیراکاتی ساڵانەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەمە دەکرێ دواتر ئەگەر کرا، نیقابەی پارێزەران بە نیزامێك، بە تەعلیماتێك دەریکا، بڵێ ئەو پارێزەرانە خۆ دەستی نەگیراوە، پارێزەر بێ لێرە خۆی تەسجیل بکا، ئینتیمای خۆی بکا، ئەگەر هاتو ئینتیمای خۆی کرد، و ئیستیعدادی هەبوو هەموو ئیستیحقاقاتەکانی بە دەفعەیەك بدات، ئەوە لەو تەعلیماتەی کە نیقابە هەیەتی، و کراوە، بۆ ئەو**

پارێزەرانەی کە لە بەغداوە هاتوونەتەوە بۆ سلێمانی، بۆ هەولێر لە نیقابەی کوردستان خۆیان تەسجیل کردووە، ئیستحقاقاتی ئەو فەترانەی لێ دەسەنن، لەبەر ئەوە ئەم ماددەیە پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەمە تەحدیدکراوە، بەتایبەت بۆ 1993/1/2 بەدواوە، موقتەرەحێك کە کۆمەڵێك برادەر تەئیدیان لە سەر کرد، و ئێمە باسیشمان لە سەر کرد، کە نەقلی ئیستیحقاقات ناکرێ لە نیقابەی عێراقەوە بۆ نیقابەی کوردستان، لەبەر ئەوە ناکرێ ئەو پێشنیارە بخەینە دەنگەوە، ئاخر موقتەرەحەکە بە نەقلی ئیستیحقاقاتە، یەعنی ئێمە ئیلزامی نیقابەی عێراق بکەین، نەقلی ئیستحقاقات بکەین کە پارەکەی داوە بۆ ئێرە، ئەمە ناکرێ، بەڵام ئەگەر خۆی پارێزەرەکە ئیختیاریەن موستەعید بوو هەموو ئیستیحقاقەکە بدات، ئەمە شتێکی ترە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام تەوزیحەکەی خۆت بدە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عادەتە، موقتەرەحەکە بخوێندرێ وەکو خۆی، بەڵام با شەرحی بکەم، ئەم دارشتنە تازەیە هەدەفی ئەم کێشەیە حەل دەکا، ئەوەی کاك عمر زۆر بە جوانی شەرحی کرد،(يحق للمحامي نقل الأستحقاقات الإنتخابية) ئەساسی ئەم دەقە، رجا دەکەم ئەگەر جارێك بیخوێنن تاکو من تەعلیقەکە بدەم تاکو تێ بگەن من چی دەڵێم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی کاك عبدالسلام دەیخوێنمەوە (يحق للمحامي المسجل في سجل النقابة دفع الأستحقاقات التقاعدية عن سنوات ممارسة المحاماة خارج الإقليم بعد تأريخ 1993/1/2 إن لم يكن قد قام بنقل هذه الأستحقاقات وفق أحكام هذا القانون)

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەرحەکەی کاك عمر شەرحی کرد کە گوایە ئیقتیراحی من مەبنییە لە سەر نەقل، ئەسڵەن (إن لم يكن قد تم بنقل) مەسح بکەی من دەمەوێ، یەکەم: صندوق تەحمیل نەکرێ، تەقاعود بداتە یەکێك کە ئیشتیراکاتی نەداوە، دووەم: (لا تحتسب)کە لە جیاتی ئەوە رێگایەکی بۆ بکا، و کاك عمر زۆر تەئیدی ئەو

مەبدەئەی کرد، وتی پارەکە بدات، یەك شت خەتەری تێدایە، بڵێ ئەمە داعی نیە، با نیزام دەری بکات، بۆ بە یاسا ڕێگای نەدەینێ، ئەو ئەگەر (إن لم یکن قد تم بنقل) تۆ چوزانی، بەڵکو یاسای (39)ی کرێکارانی کوردستان دەڵێت ئەگەر نەگەیشتە سنی تەقاعود ئەو پارەی داوە بە تەقاعود وەری دەگرێت، لە زۆر سیستەم هەیە، کە نەگەیشتووە ئینهائی ئیتساڵت کرد، پارەکەی خۆت وەردەگری، کە وەرگرت گرت نەقل بووی، نەقل نەبووی، ئەو پارە دەدەی، بۆیە من تەسەور دەکەم هەدەفەکە ئەسڵەن وەکو خۆی شەرحی کرد، ئەمە کێشەکە حەل دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحەی کە کاك عبدالسلام ناردی، موقتەرەحەکە دوو دێڕی سەرەوەی دەکرێ ئیعتیمادی بکرێتە سەر، کە ئەو دەڵێ (یحق للمحامی المسجل في سجل النقابة دفع الأستحقاقات التقاعدیة عن سنوات ممارسة المحاماة خارج الإقلیم) دەبێ بڵێ (لحین بعد تأریخ 1993/1/2 إن لم یکن قد قام) (بنقل)ی ناوێ، چونکە موحامیەکە ناتوانێ نەقلی بکا، و نیقابەی پارێزەران نەقلی هیچ ئەرسیدەیەکی ئەوان ناکا، موقتەرەحەکی ترمان لەلایە، کاك عبدالسلام یارمەتیمان بدا، ئێمە موقتەرەحەکەتمان دوو دێری باشە، زۆریش وایە، با ئەو موحامیانەش موستەحقن سوود وەربگرن بەشەرتێك ئیستیحقاقاتی خۆی بدات، ئیختیاریە، خۆی بێ بڵێ من ئیشتیراکی نیقابە و صندوقی تەقاعودی (25) ساڵەکەی بەغدا لەوێش دەدەم، ئەوە ئەهلەن و سەهلەن زۆر چاکە، با سوودمەند بێ لە تەقاعودیەکە، موقتەرەحێکی ترمان هەیە ئەویش لە لای کاك خورشیدەوە هاتووە، بۆتان دەخوێنمەوە، ( تحتسب لأغراض هذا القانون مدة ممارسة المحاماة خارج الإقلیم بعد تأریخ تشکیل اللجنة المؤقتة لنقابة محامي کوردستان في 1993/1/2 على أن یقوم بدفع کافة الألتزامات المادیة المترتبة علیه لتلك الفترة) تەحسیل حاسل، ئەم موقتەرەحە، موقتەرەحەکەی کاك عبدالسلام دەگرێتەوە، کە ئیستیحقاقاتی خۆی بدات، موستەفید بێ لێی، ئەگەر کاك عبدالسلام رازیە شەتری ئەخیری، موقتەرەحەکە بە هەردوو شێوەکەی کە بۆمان هاتووە لە سەر زەوئی ئەو بەڕێزانە کە باسیان لە سەر کرد، بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێ، (یحق للمحامی المسجل في سجل النقابة دفع الأستحقاقات التقاعدیة عن سنوات ممارسة المحاماة خارج الإقلیم، بعد تأریخ 1993/1/2 وتحتسب خدمه لاغراض هذا القانون) یەعنی سوودمەند دەبێ لە تەقاعودی و ئەو حقوقانەی کە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموود. ڕێباز ،

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو تەرکیزەکە ئێستا خراوەتە سەر مەوزوعی تەقاعودیەکە، بەلاّم کە دەڵێی بۆ مەبەستی ئەم یاسایە، ئەم یاسایە بەشێکی پلە بەندی پارێزەرایەتیە، پارێزەرێك کە سەرەتا دەبێتە ئەندامی سەندیکای پارێزەران، بە پارێزەری راهێنراو دا دەنرێ، دوای چەند ساڵ دەبێتە پارێزەرێکی راوێژکار، ئەگەر وتت بۆ مەبەستی ئەم یاسایە، کەواتە مافە زانستیەکە یەعنی مافە پلە بەندیەکەشی لێ دەسێنیتەوە، دەبێ بڵێی ئەو مەرجە دەبێ تەنها تەحدید بکرێ بۆ مەسەلەی تەقاعودیەکە، نەك مافی پلەبندیەکەی لێ بسێنێ، چونکە ئەو کەسە لە ئەوروپا مومارەسەی کردووە، لە وڵاتێکی تردا مومارەسەی کردووە، لە بەغدا و موسل مومارەسەی کردووە، ئەو حەقە پلەبەندیە دەبێ بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر یاسایەك کە دەردەچێ لە یەکەم ماددەی تا ئاخیر ماددەی، وەحدەیەکی موتەکامیلە، و کە دەوترێ خدمەتەن یاخود (تصرفات) یاخود دەڵێ سوودمەند دەبێ لە ئەغرازی ئەم قانونە بە واتا لە یەکەم مادده بۆ ئاخیر مادده، ئەو کەسە سوودمەند دەبێ، و تەحەمولی ئیلتیزاماتی یەکەم مادده بۆ ئاخیر ماددەشی دەکات، (يحق للمحامي المسجل في سجل النقابة دفع الأستحقاقات التقاعدية عن سنوات ممارسة المحاماة خارج الإقليم بعد تأريخ 1993/1/2 وتحتسب خدمه لأغراض هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (3)کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر، فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەمی پرۆژەکە (لا يعمل بأی نص قانونی أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون) لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکا، بەو سیاغەیەی کە داڕێژراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله،

**بەڕێز عبدالله محمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی من و سۆزان خان هەردووكمان یەك ڕەئینە، ئەگەر ئەو پێشكەشی بكا، نووسراوەكە لە لای ئەوە لای ئەوە، با بفەرموێ،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو فەقەرەیە، فەقەرەی یەكەمیان دەڵێ گۆڕانكاری لە بڕگەی چوار لە مادده (49) لە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەنی و سەندیكا و ئەندامە یەدەگەكان، ئەمە لە قەوسێكدا ئیزافە بكرێ، خاڵێكی دیكە ئەمەی بۆ زیاد بكرێ، تەبعەن ئێمە بەڕێزان كێشەیەكمان هەیە، كورسی سەندیكا (11) كورسیە، ئەوەی كە ئەنجومەنی سەندیكایە، دابەشكردنی ئەم (11)كورسیە سەبارەت بە شاری سلێمانی و دهۆك نا عەدالەتیەكی زۆری تێدایە، هەموو زیاتر لە (9) كەس تەمسیلی هەولێر دەكەن، دهۆك و سلێمانی یەكی یەك نەفەریان هەیە، بۆ تەمسیلكردنی ناوچەكەی خۆیان، تكایە بەپێی ئەمە من دەیخەمە بەردەستی لیژنەی قانونی ئەگەر وا نیە، یاخود ئەگەر بەجۆرێكی تره، موناقەشەمان بكەن پێمان بڵێین، ئایا دانانی ئەو ئەنجومەنەی كە باڵایە، بە سەرۆك و نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا و ئەندامە یەدەگەكان، ئەگەر بەپێی ژمارەی پارێزەرانە غەدر كراوە لە سلێمانی و دهۆك، ئەگەر بە پێوەرێكی تره، هەر بۆمان شەرح بكەن، چونكە ئەگەر ئەمە وا نیە دەبێ تەعدیلی بە سەر دابێ بەڕاستی، بەپێی پارێزەرانی كە لە لقی ئەو پارێزگایە تەسجیلكراون، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان،**

فەرموو د. أحمد،

**بەڕێز د. أحمد ابراهیم علی (وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیەكی دیكە كە لە پڕۆژەكەدا هاتووە لیژنەی هاوبەش نەیان خوێندەوە، كە ماددەی شەشەمە لە ئەسڵی پڕۆژە پێشنیاركراوەكە، كە باس لەوە دەكا ( تجتمع الهیئة العامة مرةً واحدة كل أربع سنوات إعتباراً من تأريخ إنتخابات المجلس)،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونى كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگمان لە سەردا، ئیلغا كرا،

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالله

**بەڕێز عبدالله محمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكە تەواو نەبوو ئیزافەی دەكەم بۆ تەواو كردنی قسەكە، سەندیكای پارێزەران ساڵانە هەویەكەی نوێ دەكاتەوە دەبێ بچێتە هەولێر، لە پایتەخت، یەعنی یەكێك لە زاخۆ و لە جیاتی ئەوەی بچێتە هەولێر، باشتر وایە بچێ لە پارێزگاكەی خۆی تازەی بكاتەوە، لە رانیە و قەڵادزێ و پێنجوێنەوە دەچێتە هەولێر، لە هەموو سەندیكاكان لە موحاسبین، لە موهەندسین، لە ئەتیبائە، هەمووی لە پارێزگاكەی خۆی دەتوانێ، ئەو سەلاحیەتە هەیە لە پارێزگاكە، پێشنیازی ئێمە ئەوەیە، ئەم سەلاحیاتە بدرێ بە فەرعەكانی پارێزگاكان، بۆ ئەوەی كە بتوانن هەویەكانیان لەوێ نوێ بكەنەوە، واتە لا مەركەزیەتێكی ئیداری و مالی بدرێ بەو پارێزگایانە، لەبەر ئەوەی كە بتوانن ئیش و كاری ئەو پارێزگایە راپەڕێنن، ئەوە بۆ هەموو سەندیكاكان مادام دروستە و نەتیجەیەكی ئیجابی هەبووە بۆ مەسەلەی پارێزەرانیش شتێكی دروستە و تەسبیت بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك برهان،

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی سۆزان خان و كاك عبداللە دەكەم، داواكارم لە سەر زەوئی قسەكانی ئەوان، گۆڕانكاری لە بڕگەی چوار لە ماددەی (49) بكرێ، لە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا و ئەندامە یەدەگەكان، ئەمەی بۆ زیاد بكرێ، بنووسرێت كە ئەو (11) كورسیە بەگوێرەی ژمارەی پارێزەران لە پارێزگاكانی هەرێمدا دابەش دەكرێ، لەبەر ئەوەی مەجلیسی نیقابە (11) كورسیە بە نەقیبەوە، بەڵام دهۆك زیاد لە (700) پارێزەری هەیە، یەك كەس تەمسیلی دەكات، كەركووك زیاد لە (400)ی هەیە، كەس تەمسیلی ناكات لە نیقابەی كوردستان، سلێمانی نزیكەی (1100 تا 1200) موحامی هەیە، یەك نوێنەری هەیە، لەبەر ئەوەی عەدالەت وایە، دووەم: ماددەیەك زیاد بكرێ، بەم شێوەی خوارەوە: ئەو دەسەڵاتانەی لە ماددەی (56) و (58)ی ئەنجومەنی سەندیكا نەهاتووە دەسەڵاتی لقەكانی سەندیكا بێ و لقەكانیش لا مەركەزیەتی ئیداریان هەبێ نەك مالی، لەبەر ئەوەی بەڕاستی نیقابەی ئەتیبا

**و مهندسين و موحاسبين، چی نيقابە هەيە لە لقەكانی خۆيانـدا سـەلاحيەتی لا مەركـەزی ئيـداريان هەيـە، بۆيە ئەم گۆڕانكاريە بە دوو نوسخە دەيدەمە دەستەی سەرۆكايەتی و بەڕێز ليژنەی قانونی، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو ليژنەی ياسايی،**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئـەو موقتەرحـەی كـە پێشكەشكرا، دوو فەقەرەيـە، يەكـەميان: رەبتـی بەوەيـە كـەوا ئەنـدامانی مەجليسـی نيقابەی پارێزەران لە (10) كەس پێك هاتوون لەگەڵ رەئيس (3) ئەندامی ئيحتيات، عەلە ئەساس كورسی تەحديد بكرێ بۆ شارەكانی هەولێر و سلێمانی، بەڵام ئەم عەمەليەتـە لـە مـاددەی (49) لـە فەقـەرە چوار حـەل كـراوە، بۆچـی حـەل كـراوە؟ گـەورەترين دەسـەلات لـە سـەنديكادا هەيئـەی عامەيـە، هەيئـە عامـە كۆبوونـەوە دەكات، ئێمـە دائيمـەن بـاس لـە ئينتيخابـات و مەسـەلەی ديموكراسـيەت دەكـەين، ئينتيخابـاتی هەيئەی عامە، مەجليسی نيقابە هەڵدەبژێرێ، لە ئينتيخابات هەڵدەبژێرێ، لە ئينتيخاباتيش خەڵك ئـازادە كێ خۆی تەرشيح دەكا، دواتر دەمێنێتـەوە سـەر دەنگدان، كـێ دەنـگ دەهێنێ و كـێ دەنـگ نـاهێنێ؟ ئەمـە ياسـاكە حـەلی كـردووە، مـاددەی (49) دەڵـێ ( تمـارس الهيئـة العامـة الصـلاحيات والاختصاصـات التاليـة)، ماددەی (49) لە فەقـەری چوار بـاس دەكا (إنتخـاب النقيـب وأعضاء مجلس النقابـة الأصليين والأحتيـاط) ماددەی (51) دەڵـێ: (يتـألف المجلس مـن نقيـب وعشـرة أعضـاء أصـليين وثلاثـة أعضـاء إحتيـاط)، بـە واتـە هەڵبژاردنی مەجليسی نيقابەی پارێزەران، لە رێگای هەيئـەی عامـە لـە موئتەمـەردا هەڵدەبـژێردرێ، و بـە ئينتيخابات هەڵدەبژێرێ، هەيئەی عامە مەجليسی ئيدارە هەڵدەبژێرێ، كە مەجليسی ئيـدارە هەڵبـژێردرا، لە ناو خۆياندا مەجليسی ئيدارە رەئيس و نائيب و ئەندامان تەوزيعاتی ئيشەكانی خۆيان دەكەن، ئەمـە لـە ياساكە حەل كراوە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، دواتر بەنيسبەت ئەوەی لە نيقابەی پـارێزەران بشـوبهێنرێ بە نيقابەی باقی تری ميهنەكانی ديكە، ئەمە ناگونجێ، چونكە نيقابەی پارێزەران، قانونێكی تايبەتی خۆی هەيە، پێی دەوترێ قانونی مەحامات، تەنيا موحامينە تەقاعوديان هەيە، بەگوێرەی ئـەم ياسـايە، و فـائيلی ئەندامە بەڕێزەكانی پارێزەران لە نيقابەی پارێزەراندا و ئيحتيساب كردنی تەقاعوديان لـە نيقابـە حيسـاب دەكرێ، تەسجيل كردنيان ساڵانە جارێكە لەوێ تەسجيل دەكرێ، ئـەم فايلانـە لەبـەر ئـەوەی لـە ژوورەكـانی پـارێزەران نيـە، لـە ژووری سـلێمانی و هـەولێر و دهـۆك و كـێ و كـێ؟ بۆيـە كـە دەبـێ پـارێزەر سـاڵانە بـۆ تەسجيل كردنەوە خۆی يان لە رێگای ئينابەكردنەوە خەڵك دەنێرن بۆ نيقابەی پـارێزەران ئيشـتراكەكانيان دەدەن و هەويەكانيان تازە دەكرێتەوە، ئەمـەش حـەل كردنـی بـە خۆيـەوە ديـوە، لەبـەر ئـەوەی دۆسـيەی پارێزەران تەنيا لە نيقابەی پارێزەرانە لە هەولێرە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی چۆن كاكە بورهان، ئەگەر ئەو هەیئەتە یان ئەو قیادەی (10)كەسیە، لە هەیئەتەكە هەڵبـژێردرێ، هەموو خەڵك ئازادە، كێ دەنگی هێنا، ئەوە؟ بەڵام ئەگەر تـۆ كۆتـا دادەنێـی، یـان تـەوزیعی دەكـەی لـە سـەر ئەساسی موحافەزات ئەوە شتێكی ترە، ئەگینا خۆ لە هەموو ئینتیخاباتێك لـە موئتەمەراتـە حزبیـەكانیش هـەر وایـە، موئتەمـەرات حزبـی لـە سـەر ئەساسـی موقاتەعـە هەڵنابـژێردرێ، كـێ دەنگـی زۆر هێنـا ئـەو هەڵدەبژێردرێ، لـە سـەر ئـەو ئەساسـە دادەنـرێ، جاری وا هەیـە مەنتیقەیـەك سـێ كەسـی هەیـە، شـارێكی بچووكە، بەقەدەر شارە گەورەكان نیە، جاری وا هەیە لە شارێكی گەورە یەك كەسی هەیە، فەرموو نوقتـەی نیزامەكەت بڵێ؟

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزی باسی ئەوەی كرد كە لە ماددەی (49)دا كە هەیئەی عامە كۆ دەبێتەوە، هـەر لـە تەعدیلەكـە دەڵـێ (بالنسبە للمادە الخامسە) ئیلغای ئیجتماعی هەیئەی عامەی كرد بە چوار ساڵ جارێك، ئەمە یەكەم، دووەم: ئێمـە داوای لا مەركـەزی ئیـداریمان كـردووە مالیمـان نـەكردووە، ئێمـە نـەفایلی ئەنـدامان دەوێ بێتـە موحافەزەكان، نە تەقاعودیمان دەوێ، با ئەندام بچێ، بـەڵام مـن لـە نیقابـەی موحـامی سلێمانی بـووم، مـن شـتەكە شـتێكی ویـژدانی و ئەخلاقیـە، هـیچ فڕێكـی بـە سیاسـەتەوە نیـە، مـن ئەنـدامم هـەبووە بـۆ دێـڕ و نیوەێك تەئیدی شەریكات لە سلێمانی هاتووە بۆ هەولێر لە لۆفەكانی دوكان كەوتۆتە خوارەوە، ئێ باشە بـۆ وەكو مەهەندسـین و موحاسـیب لـە شـارەكەی خـۆی دهـۆكی و سـلێمانی تەئیـدی دێـڕو نیـوێكی نـەبێ، بـۆ لامەركەزی ئیداری نەبێ، ئەمە یەكەم، ئەمە شتێكی ویژدانی و ئەخلاقییە، خۆ نە من موحامیم ئێستا نـە كاك عمر، نە كەس، بەڵام من لە تەجروبەی عەمەلی كاك عمـریش ئـەو شـتانە بـاش دەزانـێ، بـۆ تـەوزیعی مەقاعیـدەكانیش لـە نیقابـەی موحـامین، كاكـە ئێمـە باسـی عەدالـەت دەكـەین، عەدالـەت ئەوەیـە سـلێمانی (1200)ی هەیـە، دهـۆك (800) موحـامی هەیـە، باشـە مەعقولـە یـەكێ یـەك نوێنـەری هەیـە، كـەركووك نیەتی، ئەگەر ئێمە بیكەین بە تەوزیعی مەقاعید لە سەر ئەساسی سێ بازنە دەیكەی، یان لە سەر ئەساسـی هەر كەسێ و بەپێی نیسبەتی موحامی خۆی، من نازانم ئەمە خزمەت بە موحافەزەی مـن و كـاك عمـریش دەكـا؟، سـلێمانی و بـە هـی دهـۆكیش دەكـا؟، عەدالـەتی زیـاتری تێدایـە، ئێمـەش لێـرە هـاتووین دیفـاع لـە عەدالەت بكەین، هیچ بەرژەوەندیەكی تایبەتیمان لەم مەوزوعانەدا نییە، ئێمە كەسمان نیمانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە كێشەیەكی ڕێكخستنە، یەعنی من هیوادارم، چونكە بەڕێزان لێرە هەر نزیكن لە بابەكە و ئێمەش بەپێی یاساكە ڕاستە ئەگەر سیستەمەكە جەمعیە عامە بێت ئینتیخاب بكات تۆ ناتوانی، بەڵام بەپێی خیبرەی بەسیتی كورت، من لە ڕێكخستن جۆرەكانی ڕێكخستن بۆ نیقابات بەڕاستی ئەو بۆ مەبدەئەی لە حزبەكان و ئەو پەیرەو دەكرێ، ناكرێ، لە دەوڵەتەكانی دەوروبەرمان لە یەك، دوو سەندیكا خودی كوردستانی ئێمەش وا تەجروبەی خۆم كە ئەندامی نیقابەیەك بووم لە نەمسا لە نوێنەری (عمال و مستخدمي الشركة)یەك بووم، دەزانی چۆن حەل كراوە، زۆر ئاسانە، بە یاسا، ئەو ماددەیەی باسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی مەجلیس دەكات، دەتوانین بیگۆڕین، مەسەلەن پێشنیاری من لقەكان كونگرێسی خۆیان بكەن، و هەیئەی ڕیئاسی خۆیان هەڵبژێرن، هەیئەی ڕیئاسیەكە بێن لەگەڵ عەددێكی موماسیلی ئەوان دانیشن بۆ ئەوەی مەجلیسی سكرتاریت هەڵبژێرن، واتە دوو هین هەیە، سكرتاریەتێك هەیە كە ئیش دەكات سێ، چوارەك هەیە خزمەتیان دەكەن، مەجلیس پێكهاتووە لە ڕەئیسی هەموو نیقابەكان و لە ڕەیس و نائیب و سكرتێر، تەنها سێ كەس ئەوانەی بەردەوام دەوام دەكەن لە مەركەز، ئەندامەكانی تر نەقیبی موحافەزەكانن و دێن و ئەوە شێوازێكە، ئەگەر هەبێت دەتوانێ زۆر بە هەدوئ بیری لێ بكەینەوە، و ئەو عەدالەتە تەتبیق بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە سیستەمەكە هەمووی دەگۆڕێ، سوئالەكە ئەوەیە، ئایا ئێمە بەبێ نیقابەی موحامین ئەو شتە بكەین، ئیختیساسی نیقابەی موحامین نیە ئەوە؟، دەرفەتێك نەدەین بەوە، چونكە ئەوان كونفراسیان گرتووە، كۆنگرەیان گرتووە و نازانم چییان كردووە، و بە ئیتیفاقی هەموو موحامین ئەوە داڕێژراوە بەڕاستی، یەعنی ئێمە ئەو حەقە بە خۆمان بدەین لە هەموو شتێك تەدەخول بكەین و هەموو شتێك بگۆڕین كە ئیختیساسمان نەبێ، پرسیارەكە ئەوەیە بەڕاستی، خۆ من ئەوەی كاك عبدالسلام باسی دەكا مومكینە هەتا بۆ حزبایەتی ئەوە ڕاست تر بێ، بەڵام دەبێ سیستەمەكە هەمووی بگۆڕێ، هەر موحافەزەیەك قیادەی موحافەزەكەی خۆی هەبێ بەڕاستی مەسەلەن، لە حزبایەتیش ئیحتیماله ئەوە باشتر بێ، لە ناو نیقابەی سەحەفینیش ئەوە باشتر بێ، بۆ موحامینیش ئەوە باشتر بێ، بەڵام ئایا ئەو سیستەمە بە ئێمە دەگۆڕێ، یان حەقی ئێمەیە ئەو سیستەمە بگۆڕین، كە ئەوان بە كۆنفراس ئەوەیان كردووە، فەرموو ناسك خان،

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیەی كە سەندیكا خۆیان موناقەشەی زۆریان كردووە لەگەڵ لیژنەی یاساییدا، ئەوە ئێمە وامان كورت كردووە دوو ماددەی ماوە، ئێستا شتێك بێنین كە بەڕاستی من بە قەناعەتی خۆم لە كاتی یاسای یەكێتی مامۆستایان ئەو قسەم كرد، ئەمە زۆر پەیوەندی بە هەڵبژاردنی خۆیانەوە هەیە، كۆنگرەیان هەیە

له مانگی (8) دەیکەن، ئێ بۆ ئەمە بە جێ ناهێڵین بۆ ئەوان، خۆ من تەواو لەگەڵ کاک بورهان دام، چونکە مەعاناتی ئەمە دەزانێت، دەزانێ وەزعەکە چۆنە، بۆ ئەم تەرحە نەقل ناکات بۆ کاتی کۆنگرە، و خۆیان لە کاتی هەڵبژاردن، لە کاتی کۆنگرەی سەندیکا ئەم تەرحە بکەن بۆ ئەوەی نوێنەری ئەم شارانە هەبێ و ئەم گرفتەش حەل بێ، من پێم وا نیە ئەگەر ئێمە بیکەین ئێستا راست دەردەچێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچی لەو بەڕێزانە باسیان لە سەر عەدالەت و نا عەدالەت و کورسی وەرگرتن و عەدەدی ئەندامی شارەکان کرد، ئەمە هەمووی راستە لە حزبێکی سیاسی لە ئینتیخاباتی سیاسیدا باس بکرێ، ئەمە میهنەیە ئەم یاسایە، ئەم ئینتیخاباتە خاصە بە فیئەتێك پێیان دەوترێ پارێزەر، میهەنین، ئەمە هی حزب و رێکخستن و حزب و ئەحزاب نیە، راستە دەکرێ کۆتا، ئیتیفاق، تەوافوق، هەر شتێکی لە سەر بکرێ، کاك بورهان زۆر راست دەکات لە سلێمانی منیش پێم باشە، لە کۆی (11) ئەندامەکە شەشی هی سلێمانی بێ بۆ میسال، بەڵام با عەرزتان کەم ئەم مەجلیسی نیقابەیە لە رێگای هەیئەی عامە، هەیئەی عامە یەعنی هەموو ئەو پارێزەرانەی کە لە نیقابەی کوردستان بەشدارن ئیلتیزاماتی سەنەوی خۆیان تازە کردۆتەوە، بۆیان هەیە سێ ساڵ جارێك بێن لە ئینتیخاباتدا یان حازر دەبن خۆیان کاك بورهان تێدا بووە، یاخود نوێنەر لە ژوورەکانیان دەنێرن بۆ ئینتیخابات، لەو ئینتیخاباتە هەموو کەس ئازادە کێ خۆی هەڵدەبژێرێ؟ با (10) کەس خەڵکی سلێمانی بێ، (20) کەسی خەڵکی هەولێر بێ، (10) کەسی خەڵکی دهۆك خۆی تەرشیح بکا و دەنگ بهێنێ، ئەو کاتە لەمانەدا مەجلیسی نیقابە دروست دەبێ، ئەمە حزب نیە، کۆتا بدەین بە تورکمان و بە ئاشوری و بە نازانم بدەین بە کێ، باسی لە سەر بکەین، ئەمە سەندیکایەکی میهەنیە لە رێگای ئینتیخاباتەوە مەجلیسی نیقابە هەڵدەبژێرێ، پێشم خۆشە هەموومان خۆمان هەڵبژێرین کە چووینەوە ئەگەر بووینەوە بە موحامی، کێ دەنگی هێنا دەبێتە ئەندامی مەجلیسی نیقابە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید،

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ من دەقا و دەق لەگەڵ بۆچوونی جەنابتانم، ئیشەکە پەیوەندی بە نیقابەیە، دەبێت خۆیان لێرە حازر بن، ئەمە یەك، دوو: ئەگەر بگەینە کۆتا لە فەرزەیەك کردمانە کۆتا، سێ ئەندامامان بۆ دهۆك دانا، ئەوەی لە دهۆك دەبێ منداڵ و خێزانی بێتەی ئێرە، کەس نەبێ و بێتە ئێرە، ئەو کات چ لێ دەکەی، چۆن عیلاج دەکەی؟، بەڵێ وایە و زیاتریش، چونکە لەساڵی 1973 لە یەکێتی قوتابیان هاتووین بکەینە کۆتا

كە هاتینە سەر موسل کێ دەچێتە بەغدا ببێتە ئەندامی سکرتاریەت، کەس نەبوو، کەچی بڕیارماندا بۆ مووسل یەك ئەندامی سكرتاریەت هەبێ، کاتێ ئەوەی دەست نیشانی كەسێك بکەین کەس نەبوو بچێتە بەغدا دەوام بکا، ئەو کاتەی کەوتینە گرفت، ئێستاش خەڵك هەیە ئیحتیماله له دهۆك کەس نەیەتە ئێرە، كە كۆتا ئەو کاتە موشکیلەیەك دروست دەکەی ئەسڵەن پێویستیت پێ نیە، چونکە ئەسڵی مەسەلەکە دیموکراتیەتە، ئەوانەی پەیوەندیان بەو ئیشەوە هەیە هەموویان حازر دەبن، خۆیان خەڵك هەڵدەبژێرن، ئیتر هەولێر بێ یان سلێمانی بێت، یان هی کەرکووك بێ، ئازادن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دەرکەوت کە ئەو هەمواکراوەی کە ئێستا کرایە، زۆر برگەی لەغو بۆوە، ئەو ئیقتیراحەی کە کاك کاردۆ وتی پرۆژەکە رەفز کەینەوە، بەڕێزان وتیان تەسویتی لە سەر کرایە، ناکری؟ باشە من پرسیارێك دەپرسم، ئایا ناکرێ ئەوە تەعلیق بکرێ، هەتا هەندێك برگەی بۆ زیاد دەکرێ، لە پەرلەمان؟، ئەو پرۆژە تەعلیقی بکەین، هەتا هەندێك برگەی دەوڵەمەندی بۆ بکەین، باشە بەو دوو فەقەرەیە ئەوە بڕوا، کەواتە ئێمە چمان نەکرد، بۆچی ناکرێ ئێمە تەعلیقی بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بۆ ئەوەی پرس و را بکەین لە نیقابەی موحامین، بۆ یەکشەممەی داهاتوو داواتان لێ دەکەم کۆبوونەوەیەك ساز کەن لە لیژنەی یاسایی، و ئەوەی ئامادە دەبێ، بێ ئامادە بێ، نیقابەی موحامینیش بانگ دەکەین هەندێك راوێژیان لەگەڵ دەکەین، کۆبوونەوەکەمان تەئجیل دەکەین بۆ رۆژی دووشەممە سەعات (11)، تا ئەو کاتە بە خواتان دەسپێرین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (23)**

**دوو شەممە ڕێكەوتی 27\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (23)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2013/5/27

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2013/5/27 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (23)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2013/5/27 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (17) ی ساڵی 1999**

**2-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18) ی ساڵی 1999**

**3-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای (پەروەردە و خوێندن) لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**4-خوێندنەوەی یەکەمی پیشنیاری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (55) ی ساڵی 2004**

**5-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بڕیارێك سەبارەت بە لێبوردنی ئەو کەسانەی تۆمەتیان خراوەتە پاڵ لەبەرامبەر ئەو چالاکیانەی ئەنجامیان داوە بەهۆی بەشداربوونیان لە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد**

**6-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**7-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی 2008 کەتایبەت بە هەموار کردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە (78) ی ساڵی 1979 ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**8-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای کانزا پۆلاییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**9-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێسنیاری یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەست پێ ئەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارە دانیشتن (23)، ڕۆژی دانیشتن 2013/5/27، بەرنامەی كار، بە پێی حوكمەكانی برگە (1) ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (23) ئی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/5/27 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (17) ی ساڵی 1999

2-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی سێیەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18) ی ساڵی 1999

3-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای (پەروەردە و خوێندن) لە هەرێمی كوردستان-عێراق

4-خوێندنەوەی یەكەمی پیشنیاری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (55) ی ساڵی 2004

5-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە بڕیارێك سەبارەت بە لێبوردنی ئەو كەسانەی تۆمەتیان خراوەتە پاڵ لەبەرامبەر ئەو چالاكیانەی ئەنجامیان داوە بەهۆی بەشداربوونیان لە بزووتنەوەكانی ڕزگاریخوازی گەلی كورد

6-خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای سندوقی داهاتەكانی نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان-عێراق

7-خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی 2008 كەتایبەت بە هەموار كردنی پیادەكردنی یاسای بەكرێدانی خانوبەرە ژمارە (78) ی ساڵی 1979 ی هەموار كراو لە هەرێمی كوردستان-عێراق

8-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای كانزا پۆلاییەكان لە هەرێمی كوردستان

9-خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پێسنیاری یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیارییەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق. فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە سیستەمەكە گۆڕا بەو شكلەی ئەبێ ئەگەر ئەندامان قبوڵیان كرد، زۆر ئاسانە

یتم التصویت بصوره علنیة ویجري برفع الایدي او الاستعمال الالكتروني

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێدەنگ، لەبەر ئەوەی تا ئێوەی بەڕێز شارەزا ئەبن بۆ دەنگدان بە ئەلیکترۆنیەکە هەردووکی قەبوڵ ئەکەین، چ بە دەست بەرز کردنەوە تا فێر ئەبین، دوایی بە دوگمەکە هین ئەکەین، کێ لەگەڵ ئەوە دایە بە هەردوو شێوە دەنگدان قەبول بکرێ؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ 2 کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستاش بۆ ئەوەی بێینەوە سەر بەرنامەی کار، خاڵی (3، 4، 5) خوێندنەوەی یەکەمە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکەین ئەمانەوێ بیخەینە پێشی بەرنامەی کار، تکایە کێ لەگەڵ ئەوە دایە خاڵی (3، 4، 5) بیخەینە پێش و بیکەینە خاڵی (2، 4،3) دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال بەزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار

خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری (یاسای پەروەردە و خوێندن) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرایە، بە نووسراوێك کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، و نووسراوەکە بەم شێوەیە:

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/پرۆژە یاسا**

دوای سلاو ورێز...........

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە ناومان هاتووە و واژوومان کردووە پرۆژە یاسای (پەروەردە و خوێندن) پێشکەش ئەکەین کە دەقەکەی هاوپێچی ئەم داواکاریەیە، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

ئەو ئەندامانەی کە واژوویان کردووە و پێشنیاریان کردووە (د.عمر نورەدینی، شلێر محی الدین صالح، سۆزان شهاب نوری، د.صباح بەرزنجی، فرمان عزالدین محمود، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر، د.دانا سعید سۆڤی، د.سەروەر عبدالرحمن، عظیمة نجم الدین حسن، د.ثائر عبدالاحد، امینة ذکري، عماد محمد حسین، صباح بیت الله شکري، قادر حسن قادر، شۆڕش سید مجید، شڤان احمد عبدالقادر، کاوە محمد امین، ڕۆژان عبدالقادر دزەیی، ئاسۆ کریم، ئاواز عبدالواحد) ئەم پرۆژەیە لە (196) مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم ئاراستەی لیژنەکانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمان بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان:**

به پێی تایبەتمەندی ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەروەردە و یاسایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان و حكومەت ئەكرێ، فەرموو بۆ بڕگەی تر.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی كار

(خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (55) ی ساڵی 2004)، ئەم پێشنیارە لە لایەن ژمارەی یاسای ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، بە نووسراویان بەم شێوەیە:

**بەڕێز/سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**بابەت/بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (55)ی ساڵی 2004**

بەڕێزان ئێمە بە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران كە لە خوارەوە واژوومان كردووە داوا ئەكەین پرۆژە (بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (55) ی ساڵی 2004 بخرێتە بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بكرێ و پەرلەمان پەسندی بكات.

ئەو ئەندامانەی واژوویان كردووە (كوێستان محمد عبدالله، سەرهەنگ فرج محمد، ڤیان عبدالرحیم عبدالله، پەیام احمد، پەیمان عزالدین، پشەوا توفیق، گەشە دارا، گۆران ئازاد، ڕازاو محمد فرج، شەونم محمد، علی حسین محمد، سەرگوڵ رضا محمد، حەمە سعید حەمە علی) ئەم پێشنیارە لە چوار مادده پێكهاتووە، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەكەم ئاراستەی لیژنەكانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمانی بكات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و دارایی و سەرجم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان و حكومەتی ئەكەین، فەرموو بۆ برگەی تر

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برگەی سێیەمی بەرنامەی كار

(خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە بڕیارێك سەبارەت بە لێبوردنی ئەو كەسانەی تۆمەتیان خراوەتە پاڵ لە بەرامبەر ئەو چالاكیانەی ئەنجامیان داوە بەهۆی بەشداری بوونیان لە بزووتنەوەكانی ڕزگایخوازی گەلی كورد)، ئەم پرۆژەیە لە لایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمان كراوە، بە نووسراویان ژمارە (4856)، لە 2013/5/22

**بۆ/سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**بابەت/پرۆژە یاسا**

هاوپێچ پرۆژە بڕیارێكی تەشریعی دەنێرین بۆتان سەبارەت بە لێبوردنی ئەو كەسانەی تۆمەتیان خراوەتە پاڵ لەبەرامبەر ئەو چالاكیانەی ئەنجامیان داوە بە هۆی بەشدار بوونیان لە بزووتنەوەكانی ڕزگاریخوازی

**گەلی کورد کە لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (7) لە (2013/5/15) پەسند کرا، بە مەبەستی خستنە ڕووی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیار دان لەسەر پڕۆژە بڕیارەکە.**

**ئەم پڕۆژەیە لە پێنج برگە پێکهاتووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانی بکات، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەکرێ، فەرموو بۆ خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کار**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**برگەی چوارەمی بەرنامەی کار**

**(بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پیشنیاری یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی 1999**

**لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا چەند ماددەیەك لە یاسای پارێزەرایەتی پەسند کرا، ئێستا پێشنیارێك داوای گفتوگۆ لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان پێیان باش بوو کە ماددەیەك ئیزافە بکرێ بۆ قانونەکە، بەم شێوەیە**

**(لمجلس النقابة اصدار التعليمات اللازمة لشروط انتماء و فتح الدورات لرفع المستوى المهني للمحاميين)، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری لەو پێشنیارەیان ئەکەین، بە تایبەتی پڕۆژەکە ئەو ماددەی تێدا نەبوو کە تەعلیمات دەربکەن، داوا ئەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕای ئەندامانی پەلەمان وەرگرێ لەسەر ئەو بابەتە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو ماددە نوێیە با هەمووومان گوێمان لێبێ بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین، فەرموو لیژنەی یاسایی**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(لمجلس النقابة اصدار التعليمات اللازمة لشروط انتماء و فتح الدورات لرفع المستوى المهني للمحاميين)**

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

**خۆتان وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەن؟**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**ئێمە لەگەڵ ئەو ماددەیەین**

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟**

(سۆزان شهاب، فەرمان عزالدین، عبداللە محمد امین، خورشید احمد، سالم توما، عمر عبدالعزیز، د.ڕۆژان عبدالقادر، عبدالرحمن حسین، د. عمر حمد امین، کاردۆ محمد، سیوەیل عثمان، صباح بیت اللە، پەیمان عزالدین، عبدالسلام مصطفی، برهان رشید)، فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەم ماددەیە ئەکەم، لەبەر ئەوی ئەمڕۆ بەڕێز نەقیبی سەندیکاش باسی لێوە کرد، باس لەوە ئەکات ئەڵێ دەورات عادەتەن چیە؟ بۆ زیاد کردنی تواناکانە، نە مەرجی هەیە، نە هیچ شتێك، بەلاَم ئەوان کێشەی ئەوەیان هەیە ئەگەر شتێك لە ناو قانونەکە نەبێ بڵێین مەحکەمەی تەمیز ڕێگەیان پێنادەن ئەو کارە ئەنجام بدەن، بۆیە داوای ئەم نەصە یاساییەیان کردووە، هەر لەبەر خاتری ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ دەورات بکەنەوە، پێم وا نیە هیچ کەسێکیش دژی دەورە بێ، چونکە ئەوە تواناکان پەرە پێ ئەدات، و هیچ مەرجێکیش نیە، هەر کەسێك خۆی ئارەزوومەند بێ نەقابە دەورات ئەکاتەوە، هەر کەسێك حەز ئەکات پەرە بە تواناکانی بدات لە ئیختیصاصێك بیەوێ باش بێ، سەرەتای کاریەتی، کاری پارێزەرایەتی، ئەتوانێ بەشدار بێ، بۆیە پشتگیری لەو ماددەیە ئەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان

**بەڕێز فرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پششتگیری لە قسەکانی سۆزان خان ئەکەم، بەراستی ئێمە ساڵانە لە هەرێم نزیکەی 1000 پارێزەر بە بەردەوامی لەو هەموو کۆلیژە یاسایانەی هەیە دەرئەچن، دیارە ئەو بەڕێزانەش کە دەرئەچن زۆربەی زۆریان نەشارەزان لە کاری پارێزەرایەتی، من پارێزەر ئەناسم ناتوانێ سکالاَیەك بنووسێ، جا کردنەوەی ئەو دەورانە بەراستی کارێکی زۆر چاکە بۆ ئەوەی ئەوانیش ببنە پارێزەری پسپۆڕ، بۆیە بە زەرووری ئەزانم ئەو دەورانە بۆ ئەو پارێزەرانەی کە تازە دەرئەچن، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبداللە

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەمەوە یەکەم قسەکانی پێشووم لەبارەی ئەو فکرەیە کە لە ماددەی دووەم هاتبوو، دووەمیش حاڵەتی قانونیە، و ئەبێ حەلەکە بە جۆرێك بێ کە بازدانێکی قانونی نەبێ، حەلێکی قانونی بێ، و ئەخیرەن پێم وایە کە حەل کردنی ئەو مەوزوعە شوێنی تری هەیە، نەك ئێرە، نەك ئەوەی دەورات بکرێتەوە، ئەبێ لە جامیعەکان لە کۆلیژی قانون ئەو مەسەلەیە حەل بکرێ، وەزارەتی خوێندنی

بالاّ و جامیعەکان ئەم مەسەلەیە حەل بکەن، و دوای ئەوە ئەگەر مەسەلە تەنزیمی حالّەتی مەحامیشە، یان کۆمەڵێك خەڵك هەویەی مەحاماتی پێیە، بەلاّم ئیشی مەحامات ناکات و ئیشی تر ئەکات، ئەکرێ بەجۆرێك سیاغەی ئەو ماددەیە بکەین کە ڕێگەی پێ بدرێ ڕێنمایی دەربکات، یان زەوابت دابنێ بۆ ئەوەی ئەم میهنەیە هەم لە ڕووی ڕاهێنانەوە/ هەم لە ڕووی سنوور دانان بۆ ئیشەکە بە جۆرێك تەنزیم بکات، سەلاحیەتێك بدرێ بە سەندیکا نەك ئەوەی ئێمە شتێك فەرز بکەین بۆ حەل کردنی مەوزعێك کە کێشەکە لە شوێنێکی ترە، لە جامیعەکان ئاستی زانستی لاوازە، بابەتی کاری میهنەی موحامات لە زانکۆکان ناخوێندرێ، ئیهمال ئەکرێ، تەتبیقاتی هاوینە کە لە مەرحەلەی سێ، چوار ئەچێ ئیهمال ئەکرێ، دواتر بیهێنین ئێمە مانگێك یان شەش مانگ یان ساڵێك مەحامی بێنین ئیجباری بکەین کە دەورەیەك بخوێنێ، واتە بە ڕەئی من سەلاحیەتێك بدرێ بە سەندیکا، بەلاّم ئەم سەلاحیەتە بەجۆرێك نەبێ ئیستیغلالی ئەوە بکرێ کە کاتێکی زیاتر لە مەحامی بکۆژێ، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید:

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم دەورانە مەرج نەبێ بۆ وەرگرتن لە سەندیکا، و بێ بەرامبەر بێ و ئیجباری نەبێ، من پشتیوانی لێ ئەکەم، و مەسەلەی دەرکردنی تەعلیمات بۆ وەرگرتن لە سەندیکا هیوادارم مەرجەکان زۆر قورس نەبن، و ڕێگر نەبن لە چوونی قوتابیان بۆ ناو سەندیکا، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالم

**بەڕێز سالم توما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبدەئیەن پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەکە ئەکەم، چونکە یەکەمیان بەرز کردنەوەی ئاست و توانای پارێزەرانە، دووەمیش دەرکردنی ڕێنمایی بە مەبەستی کارئاسانی بۆ کاری سەندیکایە، بەلاّم ئەوە ئەبوایە لە پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا هاتبایە، لەوێ زیاتر باش بوو، ئەگەر جێی نەکراوەتەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ پێم باشە لێرە جێگەی بکرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسەبت ئەو ماددەی بەڕێزان لە لیژنە خوێندیانەوە ئێمە پێمان وایە کە دەرکردنی ڕێکار و تەعلیمات لە لایەن ئەنجومەنی سەندیکایەکەوە کارێکی ئاساییە، هەرچەند لە ئەسڵدا دەرکردنی تەعلیمات باشتر وایە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێ، بەڵام ئەمە وەکو ڕێز لێگرتنێك لەسەندیکا کە زیاتر بابەتێکی ئیختیصاصیە، بابەتەکە ئاسایی ئەکاتەوە، و ئێمەش هەر لەگەڵ بەڕێز سکرتێری سەندیکا ئەم بەیانیە گفتوگۆمان کرد، پێمان باش بوو کە ماددەیەکی وا هەبێ، لەبەر ئەوەی بەعزێك گرفت کە پێشتر ڕەنگە دروست بووبێ بۆیان چارەسەر بووبێ، بۆیە وەکو ڕێزلێنانێك لە ئیختیصاصی خۆیان و بە تایبەتی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان ئەو بابەتەیان چارەسەر نەکردووە، ئێمە پشتیوانی لەو ماددەیە ئەکەین، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حاڵەتێك ئەگەر ئەو دەقە نەبێ هیچ ڕێگرێك لەبەردەم سەندیکا، هیچ ڕێگرێك نیە کە خولی ڕاهێنان بۆ پارێزەران بکاتەوە، و مەرجەکانی بەشداری کردن لەو خولە لە ماددەی (4) ی یاسای پارێزەران ئاماژەی پێکرایە، هەروەها لە ماددەی (2) ی یاسای پەیمانگای دادوەری ئاماژەی پێکرایە، ئەگەر ئێستا دەقێك زیاد بکەین بەوە ڕێگا بدەین ڕێنمایی ئەو مەرجانە زیاد بکرێ، ئایا هەمان ئەو مەرجانەیە لە یاسا دووبارە کرایتەوە؟ چونکە ئێمە لەوە دڵنیاین ناکرێ ڕێنماییەك دەرچێ مەرجێکی تر زیاد بکات، زیاد لەوەی لە یاساکە هەیە، ناکرێ ڕێنمایەکەش پێچەوانەی ئەو مەرجانە بێ کە لە یاساکە دیاری کراوە، ئەو دەستەڵاتە ئەدرێت بە ڕێنمایی مەرجەکان زیاد بکرێ، نازانم مەبەست تێیدا چیە؟ ئەگەر ڕێنماییەکە بۆ ئاسانکاری و جێ بەجێ کردنی یاساکە بێ، ئەوە ئاساییە، بەڵام بۆ دیاری کردنی مەرجەکان،مەرجەکان لە دوو یاسا، یاسای پەیمانگای دادوەری و یاسای پارێزەرایەتی هەمووی دیاری کرایە، بە من ئەو دەقە و ماددە پێویست ناکات، تەنیا ئەگەر بۆ ئاسانکاری و جێ بەجێ کردنی یاساکە بێ، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی منیش وام پێ باشە ئەو ماددە نەبێ، هەر پێویست ناکات، چونکە ئەوە خۆی عیلاجی کردیە پێشی ئێستاش لە یاسای تر، دوای ئەوەش ئەگەر بێین لەسەری ڕێنمایی دەربکات سەندیکا هەر ڕێنماییەك ئەبیتە عەرقەلەو موشکیلە بۆ ئەو فیئەی کە بچێتە ژێر ئەو ڕێنماییە، چونکە ئەبینین ڕێنمایی کە

وەزارەتـەكان دەردەكـەن، چـەند ئاسـتەنگ دروسـت ئەكـەن لەبـەردەم هاووڵاتيـان، ئەمـە سـەنديكايەكە ئـەم ڕێنماييە خۆی داوای كرديە كە دابنێ كە ئـەو دەسـتەڵاتە بۆخـۆی دابـنێ، مـن پـێم وايـە ئاسـتەنگ دروسـت ئەكرێ، دوای ئەوە ئەبێتە موشكيلە، ئەو مەرجانـەی كـە دابنێـی، هەركەسـێك وەرنـاگيرێ، پـێم وايـە ئـەبێ هەركەس بيەوێ بچيت، داوا بكات، ئەوەی پێی خۆش نيە، نەچێ، ئەو ماددەيە هەر زيادە، چونكە لـە پـێش ئێستا عيلاج كراوە، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر عمر.

**بەڕێز د. عمر نورەدينی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر هەنگاوێك بگيرێتە بەر بـۆ بـەرز كردنـەوەی ئاسـتی زانسـتی و پيشـەيی پـارێزەران تـا بتـوانن چـاكتر و باشتر ڕۆڵی خۆيان ببينن، كارێكی باشە، بەس من لە ليژنەی ياسايی ئەپرسم ئايا ئەمـە وەك مـەرج سـەير نـاكرێ كـە هـەر كەسـێك بەشـداری لـەم دەورەيـە نـەكات و دەرنەچـێ لـەم دەورەيـە ڕێگـەی پـێ نـەدرێ پارێزەرايەتی بكات؟ يان ئەوە بۆ ئەوانە ئەكرێتەوە كە پارێزەرن و بە مەبەستی بەرز كردنـەوەی ئاسـتيان؟ ئەگەر لەسەر ئەوە ڕوون كردنەوەی زياترمان بدەنێ، ئەگەرنا كردنەوەی دەورە بۆ بـەرز كردنـەوەی ئاسـتی ئەوان بەراستی كارێكی باشە

**بەڕێز د.رسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زياد كردنی ئەو ماددەيە پێم وايە ئەوە جۆرێك لە قەرەبوو كردنەوەی ئەو ماددەيە كە ڕەتمان كردەوە، كە پێيوستە پـارێزەران بـۆ پيـادە كردنـی ميهنـەی خۆيـان پـەيمانگای دادوەری يـان نەقابـە ئـەركی ڕاهێنانيان بۆ بكاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ممارەسەيەك بە شێوەيەك بكەن لە ئاستی ميهنەكەی خۆيـان بـێ، بەلای منـەوە ئـەو چارەسـەرە، چارەسـەرێكی چاكە، چـونكە نەقابـە دامـەزراوێكی ديمـوكراتی سـەربەخۆيە، هـەموو پـارێزەران ئەنـدامن لێـی، و ئێمـە بـە قـانون ئـەو ئەركـە ئەخەينـە ئەسـتۆی ئـەوان، ئـەتوانێ بـە كردنەوەی خولی ڕاهێنان، يان هاوكاری كردنـی ئـەو پارێزەرانـەی كـە لەسـەرەتا ئەچـنە كـاركردن بـۆ كـاری پارێزەرايەتی، ئەوە ئيلزاميش نيە، ئەڵێ بۆی هەيە، لەبەر ئەوە پێم وايە چارەسەرێكی گونجاوە بـۆ ئـەوەی ياسـاكە بەهايـەكی بمـێنێ كـە ئێمـە هـەمواری ئەكـەين ئـەوەی تێـدابێ، ئەگـەرنا وەكـو لـە كۆبوونـەوەكانی ڕابردووش باسم كرد، ئەگەر ئەو خاڵەی تێدا نـەبێ هـيچ زەروورەتـی هـەموار كردنـی ئـەو ياسـايە نـامێنێ، سوپاس

**بەرێز د.رسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو سیوەیل خان**

**بەرێز سیوەیل عثمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە نیسەبت ئەو ماددەیە منیش پێم وایە زیادە، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەقابە كە ئەكرێتەوە نەقابە ئیش و كاری چیە؟ ئیش و كاری هەر ئەوە نیە پارەی وەرگری و هەویە دروست بكات، ئیش و كاری ئەوەیە دەورات ئەكاتەوە، چالاكی ئەبێ، هەر شتێك ئەكات، بەلأم لە قانونەكەی وەكو دكتۆرە ڕۆژانیش باسی كرد پێم وایە زیادە، سوپاس**

**بەرێز د.رسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك صباح**

**بەرێز صباح بیت الله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منیش پێم وایە زیاد كردنی ئەم ماددەیە هیچ موبەریرێكی نیە، وێڕای ئەو بەڵگانەی بەرێزان هێنایانەوە، هەست ئەكەم ئەسلی قانونەكەموعالەجەی ئەو مەوزوعەی كردووە، جارێ لە ماددەی دوو كە باسی ئەهدافی قانون ئەكات برگەی چوارەمی ئەڵێ (رفع مستوى المحامین المهنی والقانونی والثقافی)، ئەمە یەك، لە ماددەی (46) دا كە باسی تەشكیلاتی نەقابەی موحامین ئەكات ئەڵێ (تعمل النقابە علی........ثالثا: تقدیم الخدمات الاقتصادیة والاجتماعیة والثقافیة لاعضائه)، ثانیا: (تحقیق اهداف محددة في هذا القانون وتعمل علی رفع مستوی المحامات) ، بە نیسبەت ئەوەش كە باس ئەكرێ مەجلیسی نەقابە هەڵسێ بە دەركردنی ڕێنمایی پێویست، هەر لە ماددەی (79) دا دووەم ئەڵێ (لمجلس النقابة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون) مادام ئەسڵی قانونەكە موعالەجەی ئەو مەوزوعەی كردووە، و مادام فەراغێكمان نیە لەوەدا، بەراستی زیاد كردنی ئەو ماددەیە ئەبێ بە زیاد، قانونیش شایستە نیە ماددەیەكی تێدابێ كە هیچ مەعنای ئیزافی نەبەخشێ، و رەنگە ئەوەشی لێ بشارێتەوە كە تەنها مەجلیسی نەقابە بۆی هەیە دەورە بكاتەوە، غەیری تر بۆی نەبێ، دەوارت پەیمانگای دادوەری بۆی هەیە بیكاتەوە، كەسی تر بۆی هەیە بیكاتەوە، هەر بە پێی قانونە ئەسلیەكەش نەقابە ئەتوانێ لەگەڵ موئەسەساتی تر ئەتوانێ هەوڵبدات بۆ بەرز كردنەوەی ئاستی موحامیەكان، كەواتە دانانی ئەو ماددەی هیچ موبەریرێكی قانونی نیە، و هیچ فەراغێك پڕ ناكاتەوە، سوپاس**

**بەرێز د.رسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو پەیمان خان.**

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش وێـرای پشـتگیری كـردنم كـە بـوونی ئـەو ماددەیـە بـە پێویسـت نـازانم، بـە رای منـیش كردنـەوەی خولەكان كاری وەزارەتە كە خولی ئامادەكاری و ڕاهێنـان و بـەهێز كـردن سـاز بكـات، چـونكە هـەر وەزارەت خـۆی دارێـژی سـتراتیجی پلانـی ئەولـەویاتی كارەكـانی خـۆی ئـەزانێ، وەزارەت خـۆی ئـەو كارانـە ئـەزانێ، لەلایـەكی تـر، بـەڕای مـن ئەگـەر سـەندیكا خولـەكان بكاتـەوە ئیلتیزامێكـی تـری مـاددی ئەخرێتـە سـەر پارێزەران، لەوانەیە ئەوكات ئەوەش گیروگرفت دروست بكات، كە ئێمە یاساكە دابنێین نەتوانین جارێكی تر هەمواری بكەینەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان ساڵانە بڕە پارەیەكی چاك ئامـادە ئەكەین بۆ هەموو وەزارەتەكان بۆ تواناسازی و خولی ڕاهێنان و توێژینەوەكان، لـە كاتێـك ئـەو بـڕە پارەیـە هەیە، كەواتە ئەركی وەزارەتە كە خۆی بەرپرس بێ لە بەهێز كردن و بەرز كردنەوەی ئاستی پارێزەرانیش كە ئەوانیش شەریحەیەكی ترن لەو كۆمەڵگایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی باس كردن لەو مەوزوعە دوولایەنیە، یەك ئایا پێویستە دەورە بكرێ؟ ئایا ئەركی سەندیكا نـەبێ؟ بێگومان هەموومان ڕێكین لەسەر ئەوە پێویست نیە لەسەر ئەو مەوزوعـە بـاس بكـەین، و تەصـەور ئەكـەم گرێدانی ئەم دەقەی هەیە بەوەی كە گرنگە دەورە هەبێ، بۆیـە مـن بـاس ئەكـەم لـە خـودی ناوەڕۆكەكـەی، هەڤالآن زۆر جوان باسیان كرد لە ماددەی (79)، هـیچ دەقێـك نیـە وەكـو دكتـۆرە ڕۆژانـیش باسـی كـرد كـە ڕێگەیان لێ بگری، بەڵكو ئەركێكیانە، گرنگ ئەوە ئەگەر ئەم ماددەیە پابەندیەك بۆ لایەنی سێیەم دروست بكات تا ئیعتیراف بە شەهادەكە، یان ئیمتیازێك هەبێ، ئـەوكات ئـەو دەقـە خزمـەتی ئـەو مەبەسـتە ناكـات، بۆیە بەو شێوەی ئێستا عەرز كراوە تەنیا بڵێین بۆی هەیە ڕێنمایی دەر بكات یان خـول دەربـێنێ، بەراسـتی پێویسـت ناكـات، منـیش دەنـگ ئەخەمـە پـاڵ دەنگـی ئـەو خوشـك و برایانـەی كـە ئـەڵێن ماددەكـە زیـادە، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر مەبەستەكە وەكو یەكێ لە خوشكەكان یان برایەكان داوای كرد، مەبەست بزانین لە هێنانـەوەی، چـونكە ئـەوە تازەیـە نـە لـە ڕاپۆرتەكـە هـەبوو، نـە لـە پرۆژەكـە، ئیلحـاح لەسـەر هـەبوونی ماددەیەكی ئاوا ئەبێ مەبەستێكی لە پشت بێ، جگە لەوەی مەبەست لـەوە بـێ كـە گرنگـە دەورە ببەسـترێ، كە ئەمە داعی نیە ئەو ماددەی بۆ هەبێ، ئەگەر ئەو مەبەستەمان بۆ شەرح نەكەن، بە تەصەوری مـن ئـەو ماددەیە زیادە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆشە بەرچاو ڕوونیەك بە ئەندامانی پەرلەمان و جەنابتانیش بدەم، هەندێ حەقائیق هەیە کە ئەوەی لە ناو میهەنکە نەبووبێ، نایزانێ، هەر کەسێك بە چوار ساڵ کە ئەبێ بە موحامی ئینجا فێری عەریزە نووسین و لەوائیح و دفوعات و پێشکەش کردن ئەبێ، مەعقولە بە شەش ساڵ کەسێك دەرەجەی ببێ بە موستەشار؟ بێ ئەوەی دەورە ببینێ، دواتر من لەگەڵ حاکمە کۆنەکان زۆر جار موناقەشەمان کردووە و ڕەخنەیان لەو قانونە گرتووە، وتوویانە کاك برهان ئێمە وەختی خۆی کە موجەرەد بە موعاون قەزائی یان بە موحەقیق وەرگیراوین، خەڵکی وەکو (مونزیر شاوی) کە وەزیری عەدلی عێراقی بووە، خەڵکی کۆنەکانی عێراق، قانونیەکان، دەورەیان بۆ کردوونەتەوە، موعەدەل ئیمتیحانیان کردووین، فێریان کردووین چۆن جل و بەرگ لەبەر بکەین؟ چۆن قسە لەگەڵ خەڵك بکەین؟ چۆن شت بنووسین، چۆن سەیتەرە بکەین بەسەر دەعوا؟ ئایا مەعقولە .... ئەسلەن قانونی موحامات لە مەنهەجی هیچ کولیەیەکی قانوندا نیە لە هەرێم، مەعقولە تۆ کەسێك یەکسەر بکەیتە موحامی و هیچ دەورەیەکی تەدریبی و تەئهیلی نەدیبێ ، لەبەر ئەوە من داواکارم لە بەڕێزتان ئەو ماددەی بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرن، ماددەیەکی زۆر زۆر زەرورە، سەندیکا لە زیادە داوای نەکردووە، بۆیە من پشتگیری ئەو ماددەیە ئەکەم، لەبەر ئەوەی زەرورە، خەڵکی پێش ئەوەی ببێ بە موحامی کە دەرسی موحامات لە مەنهەجی خوێندنی کولیاتی قانون نیە، فێری کاری موحامات بێ، هەتا هەموو مەنهەجەکانی، ئەوانەی واقعین، لە خاریجی ئەوانەش بە نەزەری خوێندوویەتی فێر ببێ، بۆیە وجودی ئەو ماددەیە زەرورە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وا دیارە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، پێش ئەوە بۆچوونەکان قسەی لەسەر بکەین، پرسیان ئایا مەبەست لەو ماددە چیە؟ ئایا ئەوەیە موحامی ئەگەر ئەو ماددە نەبێ و داخیلی ئەو دەورە نەبێ هەویەی نادەنێ؟ ئەڵێین نەخێر، موحامی ئەوانەی کە تەسجیل ئەکرێن و هەویە وەرئەگرن و ئەبنە موحامی ئەوکات ئەو دەورەیان بۆ ئەکرێتەوە، دوو، دەورەکە بێ بەرامبەرە، هیچ پارەیان لێ وەرناگیرێ، و نەقابە خۆی ئەو ئەرکە ئەگرێتە ئەستۆ، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە وەزارەت خۆی مەفروزە ئەو کارە بکات، نەقابەی موحامیین نەقابەیەکی میهەنیە، عیلاقەی بە وەزارەتەکان نیە، ئەو قانونەش دەرئەچێ تەنیا بۆ ڕێکخستنی کاروباری پارێزەرەکان لە هەرێمی کوردستان، و پێشنیار کردنی ئەو ماددەیە بەوە هات سەیری پرۆژەکە بکەین هیچ ماددەیەکی تێدا نیە کە بڵێ تەعلیمات دەربکەن، واتە بۆ ئەو مەبەستە تەقیدم کرا، دوو بۆچوون هەیە، یەکیان پشتگیری ماددەکە ئەکات،

دووەمیان قەبولی ناکەن، لەبەر ئـەوەی پێشـنیارەکە نوێیـە، داوا ئەکـەم پێشـنیاری ئـەوەی ماددەکـە قـەبول بکرێ بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا، ئەوە تەواو ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالسلام فەرموو

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە وەرگیرا، کە پێشنیاری یەکەم گفتوگۆمان لەسەر کرد، ئەوە حیساب ناکرێ شتێکی تازەیە ئینجا ئەو تازەیە بخرێتە دەنگدان، ئەوە ڕۆیشتووە، موناقەشەی ماددەیەك کرا، دوو رەئـی هەیـە، یـەك ئـەڵێ ماددەکـە داعی نیە هەبێ، ئەمە دوورترە لەوەی ئەو دەقـەی خوێنـدراوە، ئـەوە کـە قبولمـان کـرد موناقەشـەی لەسـەر بکەین نە ماددەی یەکەم، بۆیە ئەوە پێشنیاری نوێ نیە، پێشنیاری نوێ ئەوەیە ئەو شتەی کە باسمان کـرد، سەعاتێکە موناقەشەی لەسەر ئەکەین ڕەت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام، خۆی دوو رەئیە، ئا یان نا؟ لە هەر حاڵەتێك خستمانە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی هێنا قبولـە، نەیهێنا کەواتە نا قبولە....فەرموو

**بەڕێز فرست احمد-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پێشنیارە، یان وەرئەگرێ، یان رەفز ئەکرێ، دوورتـر و نزیك تر نیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(لمجلس النقابة اصدار التعليمات اللازمة لشروط انتماء و فتح الدورات لرفع المستوى المهني للمحامين)

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کـێ لەگـەڵ دایـە؟ (63) کـەس لەگـەڵ دایـە، کـێ لەگـەڵ دا نیـە، (18) کـەس لەگـەڵ دا نیـە، فـەرموو بـۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (8)لا يعمل بای نص قانونی او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون،

لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە ئەکات، بەڵام صیاغەکە بەو شێوەیە بێت:

لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالله

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیار بوو كۆبوونەوەی پێشوو تەئجیل كرا بۆ ئەمڕۆ، هۆكارەكەی ئەوە بوو ئەو پێشنیازەی خرایە روو لە لایەن چەند بەڕێزێكەوە سەبارەت بە مەسەلەی لا مەركەزیەتی ئیداری و مالی بۆ پارێزگاكان، بەلاَم دوای ئەوەی برادەرانی سەندیكای پارێزەران سەردانی پەرلەمانیان كرد و گفتوگۆ كرا، بابەتەكە چەند شتێكی تریشی بۆ ئیزافە بوو، لەوانە مەسەلەی ئەوەی كە مەحامیەكانی خاریجی ئەقلیم بۆیان هەبێ لە ناو هەرێمی كوردستان موحامات بكەن، یان لە مەسەلەی تەقاعودی و ئەم شتانە موشارەكە بكەن و مەستەفید بن، گفتوگۆكان بە جۆرێكی لێ هاتبن، ئاخیر تەرحی من ئەوە بوو كە ئێمە لایەنی كەمی بۆ ئەوەی بگەینە سازانێك و نوقتەیەك لایەنی كەمی لامەركەزیەتی كارگێڕی بۆ پارێزگاكان دابین بكرێ، كە سەندیكای پارێزەران لە پارێزگاكان بتوانن تەئیدی موحامی بكەن بۆ هەندێ تەئید و ئەوراق و شتی تر، پارێزەران لە پارێزگاكانەوە نەیەن بۆ پایتەخت، لە پارێزگاكانی خۆیان بۆیان بكرێ، بۆیە لێرەوە پێشنیاز ئەكەم ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری بكەن و تەسبیت بكرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحە و ئەو پێشنیارەی كە پێشكەش كرا لە لایەن بەڕێز كاك (عبدالله) وە، راستە ئێمە پێمان باشە رۆتین كەمبێتەوە، هەمووشمان حەزمان لەوەیە چ پارێزەران و هەموو خاوەن میهنەیەكی كە زەحمەت نەكێشێت و مەشاكیلی رێگا و شتی تر، كارەكانی بە ئاسانترین رێگە بڕوات بە رێوە، بەلاَم شتێك هەیە، نەقابەی پارێزەران ئەو تەئیدەی كە ئەیدات بۆ شەریكات، بۆ موسەجیلی شەریكات و یان هەویە تازە كردنەوەی پارێزەران، و یان هەر تەئیدێكی تر كە پارێزەر وەریئەگرێ بە مەبەستی ئەو دائیرانەی كە ئەبنە موشاوری شەریكات یان بۆ زەریبە، یان بۆ تاپۆ، ئەم تەئیدانە لەسەر زەوئی فایلەكانیان ئەدرێ، و ئێستا ئەو فایلانەی پارێزەران هی هەموو شارەكانی كوردستان بە قەزا و ناحیەكانیشەوە لە نەقابەی پارێزەران كە مەقەڕی سەرەكی لە هەولێرە، بۆیە ئێستا لە كاتی خۆی كارێكی ئاسان نیە لەم كاتە ئەو فایلانە تەوزیع بكرێ بەسەر ژوورەكان و بەسەر نەقابەی تری پارێزەران، ئەكرێ ئەمە لە داهاتوو ئیشی بۆ بكرێ، فكرەیەكی باشە، بەلاَم بۆ ئێستا كارێكی ئاسان نیە لەو یاسایە جێ بەجێ بكرێ، و ئەو تەئیدانەش كە پارێزەران وەریئەگرن، بۆ میسال هەویە تازە كردنەوە، سالَی جارێك تازەی ئەكاتەوە، خۆی ئەتوانێ بێت، و بە گوێرەی یاساكە ئەتوانێ ئینابەی یەكێكی تر بكات، بۆ نموونە ئێمە لە ژووری پارێزەران، كاك

برهان کاتێ لێپرسراو بوو، باش ئەزانێ 10 پارێزەر، 20 پارێزەر ئینابەی بۆ پارێزەرێك یان کەسێك ئەکرد ئەهاتە هەولێر و هەویەی بۆ تازە ئەکرایەوە، بەلاّم ئەوەی تری کە داوای تەئیدی شەریکات و موسەجیلی شەریکات و ئەمانە ئەوە پێویستی بەوەیە کە نەقابە ئاگادار بێ و ئەو تەئیدانە لەسەر فایلی ئەندامەکانەوە ئەدرێ، بۆچی؟ بۆ ئەوەی بزانن ئەو پارێزەرە موستەبعەدە؟ عوقەبە دراوە، ئایا موسەجەلە؟ ئیشتیراکی نەقابەی خۆی داوە؟ لەبەر ئەوەی پێویست ناکات بە رای ئێمە ئەو ماددەیە لێرە زیاد بکرێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی بۆ ئاخیر مادده بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (8): لا یعمل بای نص قانونی او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون،

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (9): علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون

لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە ئەکات وەکو خۆی

**بەرێز د.رسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کەس تێبینی نیە، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (10) : ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان)

لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ دەکات بەو سیاغەی خوێندرایەوە

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کەس تێبینی نیە، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ ئێستا یاساکە، فەرموو

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی هۆکارەکانی دەرچوواندنی یاساکە کە لە پرۆژەکەدا نەهاتبوو بەم شێوەیە:

الاسباب الموجبە:

لاجل اعادة تنظيم مهنة المحامات وشؤون المحامين وفق اسس سليمة ومواكبة التنمية والتطورات الاجتماعية و الاقتصادية التي يشهدها الاقليم وافساح المجال للاجانب من المحامين في الاقليم لممارسة هذه المهنة وفق ضوابط محددة فقد شرع هذا القانون

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی سیاغەکەی بخوێنەوە

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبە:**

لاجل اعادة تنظيم مهنة المحامات وشؤون المحامين وفق اسس سليمة بمواكبة التنمية والتطورات الاجتماعية و الاقتصادية التي يشهدها الاقليم فقد شرع هذا القانون

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، (عبدالسلام مصطفى، سیویل عثمان، د.احمد علي، د.صباح برزنجي)، کەسی تر هەیە؟ فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەصێکم هەیە، (بناءاً على ماعرضه مجلس نقابة المعلمين بهدف تسهيل العملية قد تم إقرار هذا القانون) ئەمە راستیەکەیە، دووەم، ئەم نەصە گلەیم هەیە لەسەری، (تنظيم مهنة المحامات)، ئەم هەموار کردنە ناکات، یاسایەك هەیە، تەنزیمی عەمەلی موحامات ئەکات، بۆیە ناکرێ بڵێین (لاجل اعادة تنظيم مهنة المحامات)، قانونکە تەنزیمی ئەکات، دوو (وفق اسس سليمة) نازانم چی تێدا بوو ئەو ماددانەی ئێستا کە ئوسوسی سەلیمی هێنا تێدا، لە غەیری رەفز کردنی فکرەی تەسهیلی عەمەلی موحامات، توخوا لە قەرنی 21 بە کلیك سجلەکە ئەنێرن بۆ نەقابەکان، ببێتە بەهانە، کابرا لە 200 مەتر بهێت بۆ تەوقیعێك، اسس سليمە) ئەمەیە؟ سێیەم، (لمواكبة التنمية والتطورات) جگە لە ئینشا لە هەموار کردنەکە چی تێدا بوو تاکو تەحقیقی ئەم جوملەیە بکات؟ لە غەیری (قيود على عمل الشركات الاجنبيه والمحامين الاجانب)؟ بۆیە بە تەصەوری من ئەو نەصە زۆر جوانە، دەستان خۆش بێ، وەکو دەقێکی لوغەوی زۆر جوانە، بەڵام بەراستی لە دوور و نزیکەوە هیچ عیلاقەتی بەو هەموار کردنە نیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عونی وتی هۆکاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەن، بەلأم بۆخۆی یاسایەکە هەیە، ئەبێ بڵێین هۆکاری هەموار کردنەوەی ئەم یاسایە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە هەموار کردنە بۆ یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1999، دانانی یاسایەکی تازە نیە، بۆیە ئەم فەقەرەی لێرە هاتووە زیاتر وەرگرتنە لە ئەسباب موجەبەی پێشوو، لە کۆتایی ئەسباب موجەبەی یاساکە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بەو شێوەیە بێ:

بغيه تنظيم اكثر لمهنة المحامين وشؤون المحامين لمراعاة التنمية والتطورات الاجتماعية والاقصادية الجارية في الاقليم والمقتضية الاجازة تغيرات و التعديلات في القانون رقم (17) السنة 1999 ومنها افساح المجال الاجانب و ممارسة مهنة المحامات في الاقليم بشروط محددة فقد شرع هذا القانون)

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صباح

**بەڕێزد. صباح محمد نجيب بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئکید لەسەر قسەکانی کاك عبدالسلام ئەکەم، بەراستی ئەو ئەسبابی موجەبەیە لەگەڵ فەحوای ئەو قانونە و ئەو تەعدیلە ناگونجێ، یەعنی تۆ باسی ئەوە بکەی ئەمەم بۆیە کردووە لەبەر ئەوەی تەنزیمی کاری موحامات بکەم، زووتر کراوە، قانونیش هەبووە، گونجاوتر ئەوەیە بڵێی لەبەر ئەوەی هەندێ کەموکورتی، یان هەندێ خەلەل هەبوو لە قانونی موحاماتی پێشوو و پێویستی بە ئیسلاح هەبووە، و لەسەر ئەساسی داخوازی نەقابەی موحامین هەڵسان بە دەرکردنی ئەمە بۆ ئەوەی تەعدیلی قانونی پێشوو بکرێ، یەعنی خۆی ئەبێ ئەسبابی موجەبەکە فیعلەن تەناسب و گونجانێکی هەبێ لەگەڵ فەحوای ئەو قانونەی کە دەرچووە، بۆیە من ئەو نەصەم پێ باش نیە، هەرچەند لە ڕووی لوغەویەوە کێشەی نەبووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی دوا سیاغە.

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عبدالسلام ئەڵێ نەقابەی موعەلیمین پرۆژەیەکیان ناردیە، نەقابەی موعەلیمین پرۆژەی نەناردیە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردیە بۆ هەموار کردنی ئەم یاسایە، موحامین، نە موعەلیمین، دوو، سیوەیل خان باس لەوە ئەکات کە بڵێین (هذا التعدیل)، لە هیچ پرۆژە قانونەك کە هەموار ئەکرێ باسی تەعدیلی ناکەین، چونکە تەعدیلەکە بە قانونە، واتە قانونەکە (لاجل ذلك شرع هذا القانون، ولیس هذا التعدیل)، دکتۆر ئەحمەد وەرتی پێشنیاری کرد، هەمان مەفهومی ئەو پێشنیارەیە کە لیژنەی یاسایی پێشکەشی کردیە لەسەر ئەسبابی موجەبە، دکتۆر سەباح بەرزنجی باس لەوە ئەکات فەحواکەی ئەسباب موجەبە ئەبێ موتابیق بێ لەگەڵ ماددەکانی قانونەکە، واتە ئێمە دووبارە ئەو ئەسباب موجەبە ئەخوێنینەوە، ئەگەر ئەندامان قەبولیان کرد بخرێتە دەنگەوە

لاجل اعادة تنظیم مهنة المحامات وشؤون المحامین وفق اسس سلیمة تواکب التنمیة والتطورات الاجتماعیة و الاقتصادیة التي یشهدها الاقلیم فقد شرع هذا القانون

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ

**بەرێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتاران هەندێ تێبینیان سەبارەت بە ئەسبابەکە دا، جارێ یەك: لیژنەی یاسایی بۆی نیە وەڵام بداتەوە، دوو، سیغەکانی پێشنیار ئەخاتە دەنگدان، نەك ئەوەی ئێمە ئاوامان پێ باشە، جوابی برادەرانی تریش ئەداتەوە ئەڵێ ئەوە... لەکاتێکدا تێبینیەکانیان زۆر ڕەوا بوون

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

تەوزیح ئەدەن ئەوان، فەرموو سیوەیل خان

**بەرێز سیوەیل عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گوتم کاك عونی گوتی هۆکاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە ئەمەیە، منیش وتم ئەبێ بڵێین هۆکاری دەرچوواندنی هەموارکردنی ئەم یاسایە، نەمگوتیە بڵێ (لذا شرع هذا القانون) ، وتم هۆکاری هەموار کردنەوەی ئەم یاسایە

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی بە رەچاو کردنی تێبینی پەرلەمانتاران، تکایە دوا سیاغەتان.

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ ئەنـدام پەرلـەمانێك سـیاغەیەکی موحـەدەدی بـۆ لیژنـەی یاسـایی نـەنارد بڵـێ ئەسـباب موجیبـە بـەو شێوەیە بێت، تەنیا قسەیان کرد

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام سیاغەکەتمان بۆ بێنە ئێرە تکایە، لە شوێنی خۆت قسە مەکە، فەرموو کاك عمر

**بەرێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پەرلەمانتاری بەرێز پێشنیاریان هەبوو، بۆ هەر برگە و ماددەیـەکی تـر لـە مـاوەی چـوار ساڵ، نزیکـی چوار ساڵی رابردوو پێشـنیارێك هـەبووبێ، پێیوسـتە ئـەو بەرێزانـەی لـەوێن نوێنەرایـەتی هـەر لیژنەیـەك ئەکەن، ئیعتیبار قسەکانی ئەو بەرێزانە بکەن کە ئەکرێ ئەوەی دواتر کە ئـەدەنگ ئـەدات لەسـەر ماددەکـە هەموو پەرلەمانە، لەبەر ئەوە تکا ئەکەم پەرلەمانتار کە قسە ئەکات بۆ ئەوەیە سیغەکە باشتر بێت لەگەڵ رێزم

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەرێز شوان عبدالکریم کابان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیـە بـە تایبـەتیش بـۆ بـەرێز جـەنابی سـکرتێری پەرلـەمان، ئەسـبابی موجەبـە لـە یاسـا بەشـێکی گـرنگ نیـە، وازیحیشـە ماددەکـان و برِگـەکانی یاسـاکە گرنگـە، ئەگـەر ئەمـە لـە زمـنی هـەموار کردنەوەکە نەبێ هیچ کێشەیەك دروست ئەکا؟ سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی سکرتێری پەرلەمان

**بەرێز فرست احمد_سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسبابی موجەبە فەلسەفەی قانونەکە دیار ئەکات، ئەهمیەتی خۆی هەیە بەراستی، سوپاس

**بەرێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەسەر مەنەسە رێز لە راو بۆچوونی هەر ئەندام پەرلەمانێکی بەرێز ئەگرین کە قسە ئەکەن، و هیچ رەئیەکی ئەندامان فەرامۆش ناکەین، بەلاّم کە ئێمە لێرە دانیشتینە ئەو پێشنیارانە ئەگەر بە موحەدەدی بۆمان نەیە، ئێمەش هیچ ئەوەمان نەکردیە، تەنیا تەوزیحی ئەو ئارائانە ئەکەین، جەواب نیە، بلێین مەحەددەن جەوابیان بدەینەوە، تەنیا تەوزیحی ئەو ئەفکارانەیە کە تەرح کرایە**

**لاجل اعادة تنظيم مهنة المحاماة وشؤون المحامين وفق اسس سليمة تواكب التنمية وتطورات الاجتماعية و الاقتصادية التي يشهدها الاقليم فقد شرع هذا القانون**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەسبابی موجەبە و قانونەکە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (3) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی ئەکەین لە سسەرجەم پارێزەرە بەرێزەکان، و ئومێد ئەکەین ئەمە ببێتە هۆی باشتر کردنی کاری موحامات و باشتر کردنی ئەو پیشەیە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە میللەتەکەمان بکەن، فەرموو بۆ ماددەیەکی تری بەرنامەی کار**

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**برگەی تری بەرنامەی کار (خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18) ساڵی 1999**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەو پرۆژەیە پێشکەش کرایە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بۆ هەموار کردنی سێیەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان ژمارە (18) ی ساڵی 1999، ماددەی یەکەمی پرۆژەکە**

**تضاف الفقرة الثانية للمادة (5) من القانون وتقرأ كالاتي:**

**2- في حالة حصول اي عجز في الصندوق تتولى وزارة المالية في الاقليم بسد العجز الحاصل في الصندوق**

**ئەگەر ڕێمان بدەن، پێمان باشە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژەکە بە گشتی بخوێنینەوە، ئەوکات بێینە سەر ماددە، ماددە موناقەشەی بکەین، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی**

**الى/رئاسه برلمان كوردستان-العراق**

**م/تقرير اللجنه القانونيه حول مشروع قانون (التعديل الثالث لقانون المحاماة رقم (18) لسنة 1999**

**عقدت لجنة الشؤون القانونية عدة اجتماعات كان اخرها بتاريخ 23/گولان/2713 كوردى ليوم 2013/5/13 ميلادي لدراسة مشروع قانون (التعديل الثالث لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان-العراق المرقم (18) لسنة 1999)، المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا**

**بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (9) في 2013/4/22، بعد المناقشة والمداولة بحضور نقيب المحامين في الاقليم والوفد المرافق له توصلت اللجنة الى مايلي:**

**تؤيد اللجنة المشروع مبدئيا وتقترح صياغة ديباجة البرلمان وتكون صياغة موداه كالآتي:**

**1-بالنسبة للمادة (الاولى): تؤيدها اللجنة وتقترح صياغتها كالآتي:**

**المادة الاولى:**

**جعل اصل المادة (5) الفقرة (اولا) لها و اضافة الفقرة بتسلسل (ثانيا) لها كالآتي:**

**ثانيا: في حالة حصول اي عجز في الصندوق، تتولى وزارة المالية في الاقليم بسد العجز الحاصل في الصندوق**

**بالنسبة للمادة (الثانية): تؤيدها اللجنة وكالآتي:**

**تعدل البند (1) من الفقرة (ثانيا) من المادة (6) من القانون وتقرأ كالآتي:**

**1-يستوفي بدل سنوي من المحامين حسب مدة التسجيل على الوجه الآتي:**

**1-(100000) مائة الف دينار اذا لم تمض على تسجيله مدة ثلاث سنوات**

**ب-(250000) مائتان وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة ثلاث سنوات**

**ت-(300000) ثلاثمائة الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة خمس سنوات**

**ث-(350000) ثلاثمائة وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة عشر سنوات**

**ج-(40000) اربعمائة الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة خمسة عشرة سنة**

**ح-(450000) اربعمائة وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة عشرين سنة فاكثر**

**3- بالسنبة للمادة الثالثة : تؤيد اللجنة تعديل المادة (15) و تقترح دمجها مع المادة (الرابعة) من المشروع وجعلها بفقرتين في المادة (15) و صياغتها كالآتي: بعد تخفيض (7000) دينار الى (6000) دينار و (4000) دينار الى (3000) دينار**

**المادة الثالثة:**

**تعدل المادة (15) من القانون وتقرأ كالآتي:**

**اولا:يخصص الراتب التقاعدي ويحسب على اساس (6000) ستة الاف دينار عن كل شهر من المدة التقاعدية وفق احكام هذا القانون ويعتبر لهذا الغرض جزء الشهر الاخير شهرا كاملا على ان لا يزيد الراتب على (1،800،000) مليون و ثمانمائة الف دينار**

**ثانيا: يعدل الراتب التقاعدي للمحامين الذين احيلوا على التقاعد في اقليم كوردستان قبل نفاذ هذا القانون ويخصص الراتب التقاعدي على اساس (3000) ثلاثة الاف دينار عن كل شهر من المدة التقاعدية و يعتبر لهذا الغرض جزء الشهر الاخير شهرا كاملا**

**تقترح اللجنة تعديل المادة (16) من القانون الاصلي ايضا لتعلق احكامها بهذا التعديل وكالآتي/**

**مادة مضافة:**

**تعدل المادة (16) من القانون وتقرأ كالآتي:**

المادة 16:

يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة و الوظيفة او لعمل او اية حقوق تقاعدية من صندوق اخر على ان لا يزيد مجموعها على (1،800،000) مليون و ثمانمائة الف دينار

4- بالنسبة للمادة (الخامسة): تؤيدها اللجنة و لا توجد عليها أية ملاحظة و كالآتي:

لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون

5- بالنسبة للمادة السادسة: تؤديها اللجنة و لا توجد عليها اية ملاحظة و كالآتي:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون

6- بالنسبة للمادة السابعة: تؤيدها اللجنة ولا توجد عليها اية ملاحظة و كالآتي:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

7- بالنسبة (للاسباب الموجبة) تقترح اللجنة اضافة الاسباب الموجبة للقانون و كالاتي:

لارتفاع تكاليف المعيشة وبغية رفع الراتب التقاعدي للمحامي المحال على التقاعد و انصاف المحامين المحالين منهم على التقاعد قبل نفاذه بتعديل رواتبهم، فقد شرع هذا القانون

راجين التفضيل بالاطلاع وعرض المشروع وتقرير اللجنة القانونية على البرلمان للمناقشة وابداء الراي المناسب والتصويت

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

نوێنەری لیژنەی دارایی با بێتە سەر سەکۆی لیژنەکان تکایە، فەرموو کاك عیماد، نوقتە نیزامە؟

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە تێبنی ئەکەین لەو پرۆژە یاسایە هەموو پەیوەندی بە تەبیعاتی مالیەوە هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەین وەزیری دارایی لەم جەلسەیە حازر بێ، چونکە هەمووی مەسەلەی پارەیە و زیاد کردنە، ئایا حکومەت توانای ئەوەی هەیە یان نا؟

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەم ئەو پێشنیارەم هەبوو، یەعنی یاسا هەیە راستەوخۆ ئەعبائی مالی لەسەر میزانیە نیە، ئەمە جارێ تەقاعودەکان بەرز ئەکاتەوە، بەلاّم پێش ئەو هەر عیجزێك پەیدا ببێ ئیلزامی حکومەت ئەکات پڕی بکاتەوە، بۆیە ئەبێ حکومەت لێرە بێ بە رەئی من، سوپاس

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان

**بەرێز شوان عبدالکریم کابان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیگری ڕای هەردوو بەرێز ئەکەم، چونکە ئێمە یەکسەر تەعدیلەکە بەوە دەست پێ ئەکەین کە ئەڵێ هەر عیجزێك هەبوو لە میزانیەی سندوقەکە ئەبێ حکومەت پڕی بکاتەوە، لەبەر ئەوە تەبیعاتی مالی هەیە، و زۆر یاسای تریش کە تەبیعاتی مالی هەبووە نوێنەری حکومەت، بە تایبەتی وەزیری دارایی لێرە ئامادە بووە، منیش پێم وایە ئەبێ ئامادە بێ، سوپاس

**بەرێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله

**بەرێز عبدالله محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە برگەیەکمان تەسبیت کرد لە قانونی بودجە، ئەگەر کەسێك لە کەرتی گشتی بێتە کەرتی تایبەت لە 50٪ مووچەکەی بۆ ماوەی 5 ساڵ ئەدرێ، ئەگەر وەزیری دارایش لێرە نەبێ، ئێمە رەئیەك ئەزانین کە وەزارەتی دارایی رەئی موەجەهە، لەبەر ئەوەی خەڵك لە تەعیناتەوە بچێ بۆ کەرتی تایبەت، و ئیشی موحاماتیش وای کردووە ئەرك دروست نەکات لەسەر وەزارەتی دارایی و بودجەی هەرێم، ئیشی حوڕ ئەکات، بۆیە بە رەئی من ئەمە تەحسیل حاسلە، با ئێمە قسەی خۆمان بکەین کاك عبدالسلام، گوێمان لە تۆ گرت، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە تەحسل حاسلە کە لە رووی داراییەوە ئەمە سابت بوو، ئەمە وەکو فەقەرەیەك ئەکرێ ئیستینادەن بۆ ئەوە برگەیە رەئی وەزارەتی دارایی لێوە بخوێنینەوە و قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکەین، سوپاس

**بەرێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر بزانین وەڵامیان چیە؟

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی باسی لەسەر کرا کە وەزیری دارایی یان حکومەت ئاگاداری ئەو زیادەیە بێ لە بڕی خانەنشین کردنی پارێزەران زۆر راستە، و زۆر قانونیە، بەڵام بۆ ئاگاداری بەرێزیان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (3063) لە 14/ ئەورۆزی 2013 بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت، نووسیویەتی، (یاسای هەموار کراوی سێیەمی یاسای سندوقی خانەنشین کردنی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان) ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (4)ی ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی 2013/3/4 تاوتوێی پێشنیاری یاسای سەرەوەی کرد ، کە پێی باش بوو پێشنیاری پرۆژە یاساکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرێز نێچیرڤان بارزانی، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.ئاراس

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی داراییش دەربارەی ئەم بابەتە ڕاپۆرتی خۆی ئامادە كردووە، بەڵام پێش ئەوە بیخوێنینەوە ئەگەر بكرێ دەربارەی ئەو نووسراوەی لە لایەن بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانەوە گەیشتووە بە سەرۆكایەتی پەرلەمان و دوایی وێنەی هاتووە بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئاماژە بەوە ئەكات كە ئەنجومەنی وەزیران تەئیدی ئەو پرۆژە یاسایە ئەكات، بەڵام بەو شێوەی هاتووە، نەك بە دەستكاریەوە، ئەوە وەكو تێبینی، ئێمە ئەو نووسراوەی كە ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانمان كردووە بە ژمارە (506) لە 2003/5/7، تەبعەن ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان ژمارە (ك) (699) لە 2013/4/25، ئێمە هاتووین لەسەر ئەو بابەتە كۆنووسێكمان ئامادە كردووە، كۆنووسی ژمارە (396) بەم شێوەی خوارەوەیە

لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری كۆنووسی ژمارە (396) ڕێكەوتی 2013/4/30، ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان ژمارە (ك) (699) لە 2013/4/25 هاوپێچ لەگەڵ وێنەیەك لە پرۆژە یاسای هەموار كردنی سێیەمی (یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18) ی ساڵی 1999، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار كراوە و لە دانیشتنی ژمارە (9) ی ئاسایی ڕۆژی دوو شەممەی ڕێكەوتی 2013/4/22 پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كردووە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەكەمان (396) مین كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دا لە بەرواری 2013/4/30 بۆ لێكۆڵینەوە لەم بابەتە، و بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

1-لە رووی پرەنسیپەوە لیژنەكەمان لاری نیە لەسەر هەموار كردنی یاسای ناوبراو لەسەرەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەموار كردنی ماددەكانی (1 ، 2، 3) ئیلتیزامی دارایی دروست ئەكات و ئاماژە بە بڕی هاوبەشی ساڵانە ئەكات لە لایەن پارێزەرانەوە بە پێی ماوەی تۆمار كردن، و لە هەمان كاتدا ئاماژە بە مووچەی خانەنشینی پارێزەران ئەكات لەسەر بنەمای (7000) دینار بۆ هەر مانگێك لە ماوەی خانەنشینی بۆ ئەوانەی كە لە داهاتوودا خانەنشین ئەكرێن، و هەروەها ئاماژە بە هەموار كردنی مووچەی خانەنشینی ئەو پارێزەرانە ئەكات كە خانەنشین كراون لە هەرێمی كوردستان پێش جێ بەجێ كردنی ئەو یاسایە، بە دابین كردنی مووچەی خانەنشینی لەسەر بنەمای چوار هەزار دینار بۆ هەر مانگێك لە ماوەی خانەنشینی، بۆیە لیژنەكەمان ئەو دوو پێشنارە ئەخاتە بەردەم سەرۆكایەتی پەلەمان:-

1-لیژنەكەمان بە باشی ئەزانێ پێش گفتوگۆ كردن و بڕیاردان لەسەر ئەم هەموار كردنە رای حكومەتی هەرێم و سەندیكای پارێزەران وەرگرێ، و بە نووسراوی فەرمی وەڵامی پەرلەمان بدەنەوە

2-یان له كاتی گفتوگۆ كردن لەسەر ئەو هەموار كردنـە لـە هـۆڵی پەرلـەمان پێویسـتە نوێنـەری حومـەت و نوێنەری سەندیكای پارێزەران ئامادەی هۆڵی پەرلەمان بێ بۆ وەرگرتنی رایـان لەسـەر ئـەم هـەموار كردنـە، سوپاس

**بەرێز د.أرسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**ببەرێز عونی كمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان لەسەر قسەكانی بەرێز سەرۆكی لیژنەی دارایی پەرلەمان هەیە.

**بەرێز د.أرسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی ئەوە رەئی خۆیانە، لێگەرین، بڵێ تەوزیح نەك رەئی ئێمە، فەرموو

**بەرێز عونی كمال بەزاز:**

بابڵێین تەوزیح، ئەلوهیم مەبەستمان ئەوەیە حكومەت رازی بووە پرۆژەكە چۆن چوویتەوە بـۆ حكومـەت بەو شكلەی گەڕایتەوە یەكەم مادده ئەڵێ (في حالة حصول اي عجز في الصندوق تتولى وزارة المالية في الاقليم بسد العجز الحاصل في الصندوق)، واتە حكومەت خۆی بە یەكەم مادده رازیە، دوو، ئێمە لە ڕاپۆرتی خۆمـان ئەو پارانەی زیاد بوو كەممان كردۆتەوە، واتە لەبەرژەوەندی موحامیانە، سوپاس

**بەرێز د.أرسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر ڕێباز.

**بەرێز ڕێباز فتاح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وادیارە ئێمە ئەو كۆنووسەی ئامادەمان كردووە پێش ئەوەی ئەو نووسراوە بگات بە دەستمان، لەبەر ئەوەی تا ڕادەیەك پشتگیری لە بۆچوونەكەی بەرێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئەكەین

**بەرێز د.أرسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دەقـی مـادده ئەسـلیەكە بخوێننـەوە یـەك، یـەك، رەئـی لیژنـەی یاسـایی چـیە؟ ئینجـا رەئـی لیژنەی دارایی، دوایی پەرلەمانتارە بەرێزەكان قسەی لەسەر بكەن، نوقتەی نیزامە كاك خورشید؟ فەرموو.

**بەرێز خورشید احمد سلیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەكاتی موناقەشە كردن راستە حكومەت رەئی خۆی داوە، بەلاًم لـەكاتی موناقەشـە كـردن رەئـی جـودا جودا دەرئەچێ، چۆن بگەینە ئەنجامەك ئەگەر وەزیری دارایی نەبێ بۆمان یەكلایی بكاتەوە؟ خۆ ئەوە نیە هەر ئەوەی هات ئەوە پەسند ئەكرێ، نیقاش ئەكرێ، لەكاتی نیقاش رەئی جودا جودا لەو هۆڵە ئەبێ، ئەبێ وەزیری دارایی لێرە بێ بۆ ئەوەی هاوكارمان بێ بۆ یەكلایی كردنی بابەتەكە، سوپاس

**بەڕێز د.أرسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشيد جەنابت ئەزانی هەر بەرنامەيەكی كار كە دائەنرێ وێنەيەكی ئەچێ بۆ حكومەت، بە تايبەتی بۆ جەنابی وەزيری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، خۆيان ئامادە نەبن، ئێمە چی بكەين؟ ئەبوايە ئەوان ئامادە بوونايە، بەيانيش وەزيری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان لەگەڵ ئێمە دانيشتووە و ئەزانێ لەبەرنامەی كارديايە، فەرموو كاك عمر

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە نووسراوەی سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران دا عەرزی ئەو ئەندامە بەڕێزانەمان كرد كە نەسەكەی ئەڵێ ئەنجومەنی وەزيران لە كۆبوونەوەی ژمارە (4)،بە واتا كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزيران بە حزووری هەموو وەزيرەكان بووە، بۆيە كە ڕەزامەندی خۆيان لەسەر دەربڕيوە، و نەسی پرۆژەكەشيان لابووە، بۆيە كە ئەڵێ وەكو پرۆژەكە لاريمان لەسەری نيە، عيجزەكەشی بۆ پڕ ئەكەينەوە، بەواتە وەزيری ماليەش و وەزيرەكانی تريش ئاگاداری ئەو بڕيارەن

**بەڕێز د.رسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسايی ماددەی يەكەمی دەقی ئەسلەكە و ئينجا هەموارەكەی خۆتان و دوايی ليژنەی دارايی بيخوێننەوە، فەرموو

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەقی ماددەی پرۆژەكە

المادە اولا:

تضاف الفقرة ثانيا الى المادة (5) من القانون وتقرأ كالآتي:

ثانيا: في حالة حصول اي عجز في الصندوق، تتولى وزارة المالية في الاقليم بسد العجز الحاصل في الصندوق

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ليژنەی ياسايی سياغەكەی گۆڕيە، پرۆژەكە موتەعەليقە بە فەقەرەی يەكەم، ئێمە لە ليژنەی ياسايی فەقەرەی يەكەمی ماددەكەمان، ئەسلی قانونەكەمان كردە فەقەرەی يەكەم، و ئەو پێشنيارە نوێيە كە لەو ماددە هاتووە ئيزافەمان كرديە بە تەسەلسولی فەقەرەی دووەم بۆ قانونەكە بەو شكلەی:-

المادة الاولى:

جعل اصل المادة (5) الفقرة (اولا) لها و اضافة فقرة بتسلسل (ثانيا) لها كالآتي:

ثانيا: في حالة حصول اي عجز في الصندوق، تتولى وزارة المالية ولاقتصاد في الاقليم بسد العجز الحاصل في الصندوق

ئەصلی ماددەی قانونەكە ئەڵێ المادة الخامسة

تتألف موارد الصندوق من المصادر التالية:-

1– بدلات اشتراك المحامين في الصندوق

2-التوابع الخاصة بالصندوق

3-15٪ من الاتعاب التي تتدفع للمحامي عند توكيلة في الدعوى التي تنسبها لة لجنة توزيع الدعاوى بموجب قانون المحاماة

4-الهباة الختلفة بموافقة السلطات المختصة

5-المنح والمساعدات التي تقدمها حكومة الاقيلم

واتە لیژنـەی یاسـایی پێشنیاری ئـەوەی کـردووە ئـەو ماددەیـە لـە پێـنج برگـە پێکهـاتووە ببێتـە فەقـەرەی یەکەمی ماددەکە، و پێشنیاری ماددەی نۆیەم ببێتە فەقەرەی دووەمی ماددەکە، سوپاس

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـە پێـی ئـەو نووسـراوەی ئەنجومـەنی وەزیـران ڕەزامەنـدە، ئێمـەش وەکـو لیژنـەی دارایـی لەگـەڵ دەقـی ماددەکەین کە هاتووە، و ئەو گۆڕانکاریەی کـە هەیـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ لیژنـەی یاسـایی بـەو شـێوەی ئـەیکات وەکو بڕگەیەکی زیاد

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کی تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (سیوەیل خان، کاك قادر، کـاك عمـاد، هـاوڕاز خـان، ناسـك خان، کاك عبداللە، کاك پێشەوا، کاك عبدالسلام، سـۆزان خـان، کـاك خورشـید، بێریڤـان خـان، د.عمـر، کـاك جمال) فەرموو سیوەیل خان

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە خۆی لە ئەسلی قانونەکە لە ماددەی (5) چارەسەر کرایە، ئەڵێ داهاتی سندوقەکە (1، 2، 3) (5) دم خاڵ نووسرایە داهاتی سندوقەکە دەست گیرۆیی و یارمەتی حکومەتە، ئەگەر لەو خاڵەی هاتیە حکومەت هاوکاری سندوقەکەی ئەکات بۆ سندوقی خانەنشینی، واتە چ پێیوست ئەکات برگـەك زیـاد بکرێ ئەڵێ وەزارەتی دارایی ئەو عیجزە پـڕ بکاتـەوە حکومـەت، ئـەوە یـەك، دوو، ئەگـەر پـڕیشی نەکاتـەوە لاریمان نیە، بەڵام نـابێ نیسبەك یـان پارەکـە دیـاری بکـرێ حکومـەت چـەند ئـەو عیجـزەی پـڕ ئەکاتـەوە؟ چونکە ئەوە پەیوەندی بە بودجەی گشتیەوە هەیە، جاری وا هەیە داوا ئەکەین هی کەمئەندامانە، چینـەك لە چینەکانە، داوای زیاد کردنی مووچەکانیان ئەکەن، هاوکاریـەکانیان ئەکـەن، وەزارەتـی دارایـی ئـەڵێ ئـەو پارەم نیە، ئـەو بودجـەی تەخصیص کرایـە نـاتوانم یـەك فلس زیـاد بکـەم، ئـەی حکومـەت چۆن ئـەتوانێ

عیجزی ئەو سندوقە پڕ بکاتەوە؟ واتە پێویستە ئەگەر ئەو برگەیە پەسندیش بکرێ، بەلآم پارەکە دیاری بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەسلی ماددەکە کە لە مەشروعەکە لە پێشوودا هاتووە، چونکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لە دەیان ساڵی ڕابردوودا ئەکرێ بڵێین پارێزەران لە عێراقیش و لە کوردستانیش هەم پارێزەریشیان کردووە و هەم خانەنشینیشیان کردووە، و ئەگەر عیجزێك لە داهاتی سندوقی پارێزەران هەیە لە کوردستان منیش وەکو سیوەیل خان پێشنیار ئەکەم ڕێژەیەك دیاری بکرێ، نەك وابەکراوەیی بهێڵدرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عماد

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر تەقریری لیژنەی یاسایی هەیە، (فی حالە حصول ای عجز) (ای عجز) بە شێوەیەکی مەتاتی هاتووە، ناکرێ ئێمە بە کراوەیی بیهێڵین، و پێشنیار ئەکەم بەم شێوەیە سیاغە بکرێ (فی حالە حصول عجز فی الصندوق لاغراض هذا القانون) نەك بە مەتاتی بمێنێ، سوپاس

**بەڕێز د.أرسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەکەم و هاوڕام لەگەڵیان، دیارە ئەوە هەر لە خۆوە نەهاتووە، تەبعەن مادام لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانیش دانیشتوون و حکومەتیش ڕازیبووە لەسەر ئەوە، و پێم وایە بەراستی ئەو ڕێژەی باسی لێوە ئەکرێ ڕێژەیەکی هێندە نیە حکومەت بخاتە ژێر بار، چونکە ئابوونەکەی خۆیان ڕێژەیەکی زۆرە، و ئەو داهاتەی کە ئەیدەن بە حکومەت ڕێژەکەی زۆرە بۆ سندوقی خانەنشینی، لەوانەیە ئەو بڕەی کە لێی ئەمێنێتەوە، بۆیە حکومەتیش هەم موافەقەتی لەسەر کردووە، بڕێکی هەندە زۆر نەبێ کە حکومەت بخاتە ژێر بار، لەبەر ئەوە من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی، و پەسندی هەموار کردنەکە ئەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من تەواو پشتگیری ماددەكە ئەكەم، بەلاَم ئیشكالیەتێكی شكلی قانونیم تێدا بینی، ئەوەیش ئەوەیە لە ماددەی (5) لە یاساكە هەر هەمان ئەو یاسایە، بڕگەی پێنجەمی باس لەوە ئەكات كە حكومەت یارمەتی ئەم سندوقە ئەدات، دیسان لە یاسای سەندیكا كە باس لە ماددەی (70) لە بڕگەی پانزەی عەینی شت لە داراییەكان هاتووە كە دیسان حكومەت یارمەتی ئەدات، یەعنی من هەست ئەكەم ئەو شتە زیادەیە، و مەتاتیەتێك ئەدات، تۆ ئەڵێی (ای عجز)، یەعنی دەستی سەندیكا ئەكاتەوە بۆ سەرفیاتێكی زۆرتر، چونكە هەر بە پێی یاسای سندوقی خانەنشینی ماددەی (8) ەمی بەس لە یەدەگ ئەكات، ئەڵێ ئەبێ لە 85٪ ی مالی ئەو سندوقە خەرج نەكرێ، یەعنی یەدەگی هەیە، بەس كاتێ ئەڵێ هەر عیجزێك دروست ئەبێ لەو سندوقە، كەواتە تۆ تەخویلی ئەو سەندیكایە ئەكەی، دەستی ئەكرێتەوە، ئیحتمالە پارەی زیاتر سەرف بكات، ئەو كات عیجز دروست بكات و تەكلیف لەسەر حكومەت دروست بكات، من ئەڵێم یان ئەبێ تەعیدلەكە لەو بڕگە بێ كە باس لە بڕگەی پێنجەمە كە باس لە دەستگیرۆیەكەی حكومەت ئەكات، بوترێ لە كاتی دروست بوونی عیجز، بۆ ئەوەی دووبارە دروست نەبێ، چونكە خاڵی پێنجەم ئەڵێ یارمەتی دارایی لە لایەن حكومەتەوە، یان ئەوە تەعیدل بكات، یەعنی ئەو خاڵی پێنجەمە لابدات و ئەوە زیاد بكات، یان ئەوەتا تەحدیدی بكات، بۆ ئەوەی مەجالی فراوان نەبێ و عیجزی زۆر گەورە دروست نەبێ، و تەناقوز دروست نەكات لەگەڵ ئەو لە 85٪ كە لە یاساكە هاتووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالله

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەم بۆ ئەوە بەرچاوی بەرێزانیش روونتر بێ، بۆ پشتگیری ئەو ماددەیە ئەكەم وەكو خۆم؟، یەكەم، ئەسل ئەوەیە كە ئەم سندوقە بە ئیشتیراكاتەكانی خۆی بەڕێوە ئەچێ، و ئەتوانێ ئەو ئیلتیزاماتە مالیەی كە ئەكەوێتە سەر شانی بەڕێوە بەرێ، لە حاڵەتی مالیدا ئەگەری ئەوەی هەیە كە پێویستی بەوە هەبێ وەزارەتی دارایی عیجزەكە پڕ بكاتەوە، دووەمیش ئەوەیە كە فەلسەفەی حوكمڕانی لە هەلێك بەرەو ئەوە ئەچێ كە هانی خەڵك بدات بچێتە كەرتی تایبەت، ئەو قورساییە و تەعیناتە لەسەر حكومەت كەمبێتەوە، بۆیە لە قانونی بودجەی ساڵانە من وەكو پێشتر ئاماژەم پێكرد، لە 50٪ ی مووچە ئەدرێ بە كەسێك كە بۆ 5 ساڵ ئەچێتە دەرەوەی كەرتی گشتی، و هەروەها ئەگەر یەكێ تەعینات خێری لێ نەبینی، با خێر لە تەقاعودیەكە ببینێ، و دوای ئەوە پێم باشە ئەم فكرەیە بۆ هەموو

خەڵكێك، تەنانەت بۆ كەسێك كرێكاری ئەكات، هەموو تەمەنی بێبەش بووە لە تەعینات و لەوەی موستەفید بێ لە شتێك، لە ئەخیری تەمەنی با خانەنشین بكرێ، بۆیە ئەم فكرەیە زۆر دروستە، و بنەماكەی دروستە، و تەنانەت ئەوەشی دروستە كە كەسەكە ئیشتیراكات ئەدات، بۆیە داوا ئەكەم لە بەڕێزانیش پشتگیری بكەن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە ماددەیەكی زیادەیە، واتە لە ئەسلی پرۆژەكە بوونی نیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو ماددەیە ئیزافە بكرێ بۆ سەر هەموارەكە، لەبەر ئەوەی باسی لەوە كردووە ئەگەر هاتو لە حاڵەتی كورتهێنان لە سندوقەكە، ئەوە گریمانەیە، واتە تەئكید نیە لەوەی تا ئێستا ئەو سندوقە كاری كردووە و پێشتر كورتهێنانی هەبووە، وەكو گریمانەیەك بە مەفتوحی كراوەتەوە لەبەردەم وەزارەتی دارایی لە دینارێك تاكو نیهائی، ئەگەر كورتهێنان لە سندوقەكە دروست بوو واتە تەحەمولی مەسئولیەت وەزارەتی دارایی ئەیكات، ئەگەر بگەڕێنەوە سەر ئەسلی یاساكە، ماددەی (2) باسی پێكهێنانی سندوق ئەكات كە دەستەیەك بەڕێوەی ئەبات لە بارەگای سەندیكا، ماددەی (3) باسی ئەو دەستەیە ئەكات كە (6) كەسن، (2) كەسیان ئەنجومەنی سەندیكا دیاری ئەكات، (2) كەسیان نوێنەری وەزارەتی داراییـن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، (2) كەسیش پارێزەری ڕاوێژكارە و دەستەكەش نوێنەرێكی سەندیكای پارێزەران ئەم سندوقە بەڕێوەئەبەن، بۆیە لە لایەكی تریشەوە ئەگەر سەیری ماددەی (8) لە ئەسلی پرۆژەكە بكەین، چارەسەری ئەم حاڵەتەی كردووە، بەو پێیەی بڕگەی یەكەم نووسراوە نابێ خەرجی ساڵانە لە 85٪ ی داهاتی ساڵانەی سندوق ڕەت بكات، ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەبێتە یەدەگ بۆی، واتە بە یاسا تەحدیدی كردووە كە ئەو سندوقە ئیحتیاتی هەیە، كاتێ یەدەگی هەبوو بە چ شێوەیەك مەسەلەن ئەكرێ كورتهێنانی هەبێ؟ هەر وەكو ئەوەی لە بڕگەی دووەمی ماددەی (8) یش باسی لەوە كردووە، دەست لە یەدەگ نادرێ تەنیا ئەگەر كورتیهێنانێكی كتوپڕ رووبدات پێوست بكات پڕی بكاتەوە، كەواتە ماددەی (8) موعالەجەی ئەم حاڵەتەی كردووە، بۆیە ئەم ماددەیە پێویست ناكات ئیزافە بكرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پسپۆری داراییمان هەیە لێرە، و ئەوەی تۆزێك شارەزا بێ لە مەبدەئی سندوقەكان، یەعنی ئەو سیستەمانەی مالیەن خۆیان ڕێك ئەخەن، هەمیشە یەك كەس سوودمەند ئەبێ لە داهاتی سندوق، دەی

تازە دێنە ناو سندوق، واتە تاكو یەك موحامی تەقاعود ببێ، یەك كرێكار تەقاعود ببێ، دە موحامی تازە ئەبنە ئەندام، ئەمە سیستەمی تەقریبەن موعادەلەی سعری سندوقەكانە، هەروەها لە هی سندوقی تەئمینی سەحی یەك بۆ بیستە، بیست كەس ساخلەمن، پارە ئەخەنە سندوق، یەك سوودمەند ئەبێ، ببوورن، ئەو بنەمایانم وت تاكو نموونەیەكی بەسیت بێ، بە پێی ئەو سیستەمە تازەی باسیان كرد لە ماددەی (6) كەمترین كەس 100 هەزار ئەدات، (10) كەس لە مانگێگ ملیۆنێك ئەدەن، ئەوەی تەقاعود ئەبێ حەدێكی ملیۆنیتان داناوە بۆی، واتە ئەگەر موعەدەلی ئەم ڕەقەمانە، 250، یان 300 وەرگرین مانگانە ئەدرێت، سێ ملیۆن 10 كەسەكە ئەدەن، یەك كەس ئیستیفادە ئەكات، ئەویش كەمترە لە 1,8 ملیۆن، واتە ملیۆن و دووسەد هەزار دینار مانگانە لە سندوق ئەمێنێت، هەمیشە سندوقی تەقاعود بۆ هەر فیئەیەك جێگایەكە، مەشاریعی گەورەی پێ بكرێ، بانكەكان سیولەیان هەبێ، بۆیە ئەو گریمانەی ئەگەر نەقسێك پەیدا بوو لە حاڵەتێك ئەبێ كە مەجلیسی نەقابە سەلاحیاتی بەخۆی دابێ لە ماددەكانی تر ئەو پارە بۆ غەیری ئەغرازی تەقاعود بەكاربێنێ، ئەگەرنا ئیحتیمالی عیجز لە سندوق تەصەور ئەكەم موستەحیلە هەبێ، دووەم، ئەپرسم چەند نەقابە لە كوردستان هەیە ئەم مافەی هەبێ؟ نەقابەكانی تر، ئەوانەی سیستەمی تەقاعودی سەربەخۆیان هەیە، ئەوانیش هەیانە ئەو مەرجەی ئیلزامی حكومەت بكات یان نا؟ ئێمە ئامادەین لەو پەرلەمانە سەرە بگرین هەر نەقابەیەك لە كوردستان هەبێ؟ چونكە ئەمە ئەبێتە نیسابێكی قانونی، ناتوانین ڕێگەی لێبگرین، سێیەم، با بێنێنە بیری خۆمان، چۆن تەعامولمان لەگەڵ تەئمینی عومال كرد؟ ئێمە تەحدیدمان كرد بۆ تەشجیعی خەڵك بچن لە كەرتی تایبەت ئیش بكەن، ئەم كەرتە مەجودە، یەعنی ئێمە ئەگەر ئەو حكومەتە پارەكە بدات یان نا بە پێی ماددەیەك داهاتەكە ئەتوانێ تەرتیبی بكەن لەگەڵ بەینی خۆیان، دووەم، من یەك شت بڵێم، موحامات میهنەیەكی حوڕە، من وەكو حكومەت بە چ حەقێك پارەی ئەو خەڵكە تەرخان بكەم بۆ جەماعەتێك كە میهنەی حوڕەیان هەیە؟ بۆیە من لەگەڵ ئەو خوشك و برایانەم، عیلاج كراوە، دژی هەموو مەبدئە و مەنتیقی مەسەلەی سندوقی تەقاعودە، و پێویست نیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك خورشید

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە تەئكید لەگەڵ بۆچوونی كاك عبدالسلامم، چونكە ئەگەر ئەو سندوقە ئیدارەیەكی باشی هەبێ ، و بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بكرێ، حەتمەن ئەبێ پارەكە زیاد بكات، چونكە داهات زۆرترە لە خەرجی، بە مەنتیق ئەبێ پارەكە زیاد بكات، من نازانم ئەو ترسە لە كوێ هاتیە ئەگەر پارەكە كەمی كرد ئەبێ وەزارەتی دارایی ئەم عیزە پڕ بكاتەوە؟ ئەمە بۆچوونەكی هەڵەیە، ئێمە بەتەمای ئەوەین پارەكە زیاد بكات و ئیستیسمار بكرێ، نەك ترسی ئەوەمان هەبێ پارەكە كەم بكات ئەوجا بڵێین وەزارەتی دارایی تۆ ئیحتیاتی كەی

کەمی کرد ئەبێ بێی ئەو عیجە پڕ کەی، ئەگەر ئەوان بۆ (10) کەس تەقاعود سەرف بکەن، خۆ ئـەوە سـالأنە هەزار کەس بە قسەی خۆیان، بە قسەی نیقابە سالأنە هەزار کەس لە کولیـاتی کـە ئەبنـە موحـامی تەخـەروج ئەکەن، نابێ ئەو ئەرکە بێخینە سەر وەزارەتی دارایی، ئـەو پـارە هـەر ئـەبێ زیـاد بـێ، ئـەبێ محاوەلـە بکـەین، ئیستیسـمار بکـەین، لـە بنـوك دابنـێین، نـەك ترسـی ئـەوەمان هـەبێ پارەکـە کـەم ئـەکات، دوو:، ڕەزامەنـدی ئەنجومەنی وەزیران بەندە بە ئەوەی ئەسلی پرۆژەکە وەکو خـۆی بمـێنێ، باشـە پرسـیار ئەکـەم، ئەگـەر ئێمـە گۆڕانکـاری لـە ئەسـلی پرۆژەکـەمان کـرد، ئـەوکات ئـەبێ بگەڕێینـەوە بـۆ رەئـی حکومـەت، چـونکە نوێنـەری حکومەت لێرە نیە، لەبەر ئەوە بە رەئی من ئەو خاڵە زیادە، و پێویستی پێ ناکات، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆك پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان

**بەرێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە، بە تایبەتی بڕگەی دووەم کە ئەڵێ لە حاڵەتی کورتهێنان لە سندوق وەزارەتی دارایی هەرێم ئەرکی پڕ کردنەوەی کورتهێنانیی سندوقەکەی هەبێ، من لەگەڵ ئەوە نیم بە هیچ شێوەیەك کـەرتی تایبەت حکومەت کروتهێنانەکەی پڕ بکاتەوە، چونکە ئەوانە ئابوونەی خۆیـان ئـەدەن مانگانـە، دوایـش ئێمـە نازانین سندوقەکە چەندی تێدایە؟ بۆ شتی تر بەکاربێنن و زوو زوو بێن بڵێنە حکومەت ئێمـە کورتهێنانمـان هەیە، دوایی چەند نەقابەی ترمان هەیە تایبەتن ئـەوانیش ئەگـەر داوا بکـەن بـۆ ئـەو سـندوقە، ئەگـەر هـاتو بۆشیان تەرخان بکرێ هەر ئەبێ لە لایەن بودجەوە بێ، بۆ ئەو ئەرکە بخەینە سـەر ئـەوەی وەزارەتـی دارایـی، بۆیە پشتگیری ئەو برادەرانە ئەکـەم کـە ئـەو ماددەیـە زیـادە، و پێویسـت ناکـات کورتهێنانەکـە پـڕ بکرێتـەوە، چونکە هەر لە سەرەتا بەوەی دەستی پێکردیە لە حاڵەتی کورتهێنانی سندوقەکە، من نـازانم سـندوق چـەندی تێدایە؟ بۆ بەشیان ناکات؟ سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان، من تەئیدی ئەو رەئیەی تۆ و کاك عبدالسلام ئەکەم وەکو رەئی شەخسـی خـۆم، حکومـەت نـابێ تەئمینی ئەوە بکات، بەلأم ئەو پارەیە لە بانکە، حکومەت ئەزانێ پارەکـە چـەندە و چـۆن دێ و چـۆن ئـەڕوات، بەڵێ، فەرموو دکتۆر عومەر

**بەرێز د.عمر نورەدینی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا سەبارەت بەو ماددەیە پیشەی پارێزەرایەتی زۆر گرنگە، و چۆنیەتی مومارەسە کردنـی و هـەروەها زامن کردنی مافی پارێزەران کاریگەری ئیجابی ئەبێ لەسەر ئەوەی کە لە ئەدا کردنی پیشەکەیان و هەڵسان بـە ئەرکی سەر شانیان بە شێوەیەکی باشتربێ، خاڵێکی تر ئەوەیە کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم سندوقە بریتیە لە ئابوونە و ئیشتیراکی پارێزەران خۆیان، تا ژمـارەی پـارێزەران زیـاد بکـات ئـیتر ئابوونـەدان و ئیشـتیراك زیـاتر

ئەبێ، لەوەی کە باس لەوە ئەکرێ مەسەلەن عەدەدی زۆری پارێزەران بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی تەقاعود ئەبێ، بەڵام دیسان ئابوونەدانیش زۆر ئەبێ، واتە سەرچاوەی دارایی سندوقەکە لە رووی عەدەدیەوە گرفتێك نایەتە پێشەوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە کورتهێنان و عیجز یان نیە، یان زۆر کەمە، لە لایەکی تریشەوە حکومەت ئاگای لێیەتی، سندوقەکەش تایبەتە بە مەسەلەی خانەنشین کردنی پارێزەران، واتە تایبەتە بە مەسەلەی خانەنشین کردن و مسۆگەر کردنی پارە بۆ ئەوەی خانەنشین ببن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم...، لەگەڵ ماددەکەم، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەوەی کە ئەم کورتهێنانە لە کاتی پێویست لە لایەن حکومەتەوە پڕ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە زەمانەتی پێدانی خانەنشینی بە پارێزەران بکرێ، بەڵام من پرسیارێك لە لیژنە قانونی ئەکەم، لە لایەکەوە بە یاسا ئێمە ئەوەمان مسۆگەر کردووە کە سندوقەکە ئەبێ یەدەگی هەبێ، لە لایەکی تریشەوە بە یاسا ئیحتیمالی ئەوە دادەنێین کە عیجزی هەبێ و کورتهێنانی هەبێ، وەڵامی ئەو پرسیارەمان بدەنەوە، ئەگەرنا من پشتیوانی لە ماددەکە ئەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین و سەیری ئەسلی ماددەکە بکەین لە یاسای موحامات ئەڵێ (منح مساعدات)، نەگوترا (ماتخصص) یان (مایخصص حکومە الاقلیم) تا جوزئێك لە میزانیەی بۆ دابنێ، ئێمە دێین لێرە ئەگەر هاتو عیجز بوو، یەعنی لێرە ئیلتیزامێك بەسەر حکومەت فەرز ئەکەی، باشە موحامی چ جیاوازی هەیە لەگەڵ چینێکی تر؟ ئەگەر بڕۆی لە ئەسباب موجەبە بخوێنی، باسی تەحسینی مستەوای مەعیشی ئەکات، ئیرتیفاعی ئەسعار و نازانم چی، ئایا چینەکانی تریش ئەوانە نایانگرێتن؟ تەنانەت موحامی تووشی گران بوون و ناخۆشی ئەبێ یان خەڵکی تریش؟ بۆیە من نابینم ئەم ماددە بەراستی پێش قانونی ئێستا حکومەت مولزەم نەبوو، مینحەیە یان موساعەدەیە، نەك تەخصیصێکە یان موخەصەصێکە بۆی دائەنێ، هاوکاریەکە لە کاتی پێویست، ئەگەرنا نایکات، بەڵام ئێمە دێین بەندێك لەسەر حکومەت فەرز ئەکەین، ئەگەر هاتو عیجز بوو، عیجزەکە چۆن ئەبێ؟ هاوڕام لەگەڵ کاك عیماد ئەگەر بۆ (اغراض هذا القانون)، ئەگەر بۆ ئەم قانونەش بێ ئەتوانی لێرە موبەریرێك بێنی، ئەگەر هاتو ماددەکە وەکو خۆشی ما، یەعنی حەتا رەکاکەت هەیە لە نووسینی، پێشنیار ئەکەم بڵێین ( فی حاله حصول عجز فی الصندوق تتولی وزاره المالیه والاقتصاد فی الاقلیم سد العجز)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی، نوقتە نیزامە دکتۆر عومەر؟ فەرموو

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەویٚ ئەوەش بلێم کە سەندیکاکانی تر زۆربەی هەرە زۆریان مووچە خۆری حکومەتن و بە تەریقەی یاسای خانەنشینی لەویٚ خانەنشین کراون، بۆیە حاڵەتی پارێزەران لەو جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تر، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو لیژنەی دارایی

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا خۆی ئەگەر سەیری ئەو پرۆژە یاسایە بکەین ئەو خاڵە ئەساسی پرۆژە یاسایەکەیە، ئەوە یە بە پێی بۆچوونی لیژنەی دارایی، لێرەوە چەند کەسێك ئاماژە بەوە ئەکات ئەو ماددەیە نەمێنیٚ، یان ئەو برگەیە نەمێنیٚ، وابزانم لە رووی یاساییەوە پێویست بەوە ئەکات دەنگدانی لەسەر بکریٚ ئایا ئەو برگەیە بمێنێتەوە یان نا؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی لە پرۆژەکە ماددەکانی دوایی باسی ئەوە ئەکات کە ڕێژەی تەقاعودی پارێزەر زیاد بکریٚ، واتە پرۆژەکە مەبەستی ئەوەیە ئەگەر هاتو لە ئەنجامی زیاد کردنی ڕێژەی تەقاعودی پارێزەران نەقسێك روویدا واتە تەعدیلەکە بە گوێرەی ئەو پێشنیارەی پێشکەش کرایە حکومەت مولزەمە ئەو پارەیەیان بۆ تەئمین بکات، هەرچەندە چەند ئەندامێکی بەرێز ئاماژەیان بەوەدا کە بەڕەها هاتیە، سیاغەکە بگۆڕدریٚ، نەڵیٚ(ای عجز)، ئەتوانین ئەو سیاغە چاك بکەین بەو پیشنیارانەی کە پێشکەش کرا، (فی حالە حصول عجز فی الصندوق لاغراض هذا القانون) بەو شکلەی ئیمکانە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبولیان کرد

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام چەند ئەندام پەرلەمانێکیش هەر لەگەڵ ئەوە نەبوون بمێنیٚ

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

راستە چەند پەرلەمانتارێك داوایان کرد ئەو مادده نەمێنیٚ، بەڵام ئەو مادده ئەسلی قانونەکەیە، ڕۆحی قانونەکەیە، ئیمکانە بخرێتە دەنگدانەوە

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەرێزانەی داوای نەمانی ماددەکەیان کردبوو لەبەر ئەوەی وتیان لە مالیە نەقابە یەکێ لە فەقەرەکانی مالیەی نەقابە پێکهاتووە لە مینەح و موساعەداتی حکومەت کە پێشکەشی ئەکات، مینەح و موساعەدات، من مالی نیم، بەلاَم ئەوانەی کە لە مالیە ئیش ئەکەن باشتری لێ ئەزانن، مینەح و موساعەدات ناگاتە ئەو حەدەی کە ئەگەر عیجزێك رووبدات لە مالیەی سندوق تەغتیەی ئەو سندوقەی پێ بکرێ، مینەح و موساعەدات ئەچێتە سەر ئارەزوومەندانەی حکومەت، و ئەو برەی کە تەحدیدی ئەکات چەند مینەحی ئەداتێ، چەند موساعەدات ئەکات، بەلاَم عیجزی حاسل لە سندوق بە تەئکید ئەو سندوقە حیسابێکی دەقیقی لە بانك هەیە، حیسابەکە دیاریە لە بانك، دواتر بە گوێرەی یاساکە حیساباتی نەقابەی پارێزەران خازیعە بۆ رەقابەی مالی، ناکرێ لە خۆیەوە سندوقی تەقاعود بلێ ئەوەندەم عیجز هەیە، یاللا حکومەت ئەو عیجزانەم بۆ پڕ بکەرەوە، بە تەئکید ئەوە جێگەی پرسیار و جوابە، بۆیە ئەمە ناکرێ لابرێ، ئەوەی کە لە بابی مینەح و موساعەدات هاتووە ئەوە بابی تەغتیە و پڕ کردنەوەی عیجزە کە، ئەو عیجزەش کاتێ خازیع ئەبێ کە رەقابەی مالی کەم بوو، لە بانك حیسابەکەیان ئاشکرایە، دیاربێ عیجزەکەیان، تەغتیەی ئەو تەقاعودانە ناکات کە تەقاعود ئەبن، راستە سالاَنە ئیشتیراکاتی سالاَنەی دێتە سەر، و سالاَنە موحامیشی لێ تەقاعود ئەبێ، لەگەلێ ئەوەش موحامیش لێشی ئەمرێ و تەقاعودیش کەمتر ئەبێتەوە، ئەمە هەمووی راستە، ئەمە مەسەلەیەکی حیسابیە، بەلاَم ناکرێ، ئەمە سولبی یاساکەیە، و حکومەت خۆی موافەقەی لەسەر کردووە، ئەمە ناچێتە بابی مینەح و موساعەداتەوە، پێویستە بمێنێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان

**بەرێز ناسك توفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم لە لیژنەی دارایی هەیە، ئەگەر ئەم ماددەیە تەسبیت بکرێ ئەچێتە ژێر چ بابێکی میزانیەوە؟ ئایا ئەوەی کە لە ئەسلی ماددەکە هاتووە باس لە دەستگیرۆیی و یارمەتی ئەکات، ئەی دوایی ئەوە حکومەت لە ژێر چ بابێك ئەم عیجزە پڕ ئەکاتەوە؟ هەر ناچێتە ژێر بابی مینەح و موساعەدات؟ ئەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم، چونکە بەراستی من پشتگیری ئەم سندوقە ئەکەم، بەلاَم بە مەرجێ دووبارە بوونەوەی تێدا نەبێ، ماددەی قانونی هەم لە سندوقەکە و هەم لە یاسای سەندیکا باس لە یارمەتی حکومەت ئەکات، ئەی ئەم عیجزە کە پڕی ئەکاتەوە ئەچێتە ژێر بابێك لە میزانیە؟

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا

**بەرێز پێشەوا توفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە بوونی نیە لە ئەسلی پرۆژەکە، ماددەیەکی زیاد کراوە، بۆیە ئەمە زیاد ئەکرێ، نەك ئەوەی کە بوونی هەبێ و لە پرۆژەکە، لە یاسا ئەسلیەکە لابرێ، داوا ئەکەین زیاد نەکرێ، ئەوانەی کە پێشنیارمان کرد لەبەر ئەوەی لە ئەسلی یاساکە چارەسەر کراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی یەك، جارێکی تر ئەمەوێ بڵێم هۆی بانگهێشت نەکردنی نوێنەری حکومەت ئەوەبوو کە ئەوان لەگەڵ ئەوەن یاساکە وەکو خۆی پەسەند بکرێ، هەرەچەندە لای من غەریبە ئێمە ئەندامان ئەوە قبول بکەین شت لەسەر ئێمە بێ و بەڵێن بدەین وەکو خۆی، ئەوە خەریکە ئێمە وردە وردە لە ماددەی یەکەم ئیقتیراحات قبول ئەکەین و ئیقتیراحی لیژنەی یاسایی هەیە، واتە ئەو مەرجانە نەما، دوو، فیعلەن تەئیدی قسەی ناسك خان ئەکەم، ئەگەر عیجزێك پەیدا بوو وەکو کاك (عمر) باسی کرد، بە هەموو شێوەکان عیجزێکی مەشروعە، با داواکاریەك بۆ حکومەت، ئەویش لە بابی مینەح و موساعەداتەوە پارە ئەدات، واتە ئەوە دووەمین سەبەبە کە داعی نیە ئەم نەصە نەبێ، ئەگەر نەبێتیش جارێکی تر نەبێتیش تەحسیل حاسل حکومەت پارەکەی ئەداتێ، سێیەم، جارێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە ئەکەم ئەوانەی ئەو جۆرە یاسایەیان داناوە هەر لەخۆیەوە نەهاتووە، بە رەچاو کردنی هەموو بنەماکان بووە، یەکێ لەوانە سندوقی خانەنشین ئەگەر گەندەڵی و شت نەبێ حاشا، عیجزی نابێ، بۆیە لەوێ تەئکیدی کردووە یەدەگیش هەبێ، واتە نەبوونی ئەم داواکاریەی هەموار کردنە بێ بایەخ سەیر کردنی موحامیەکان نیە، نەخێر، لەسەر ئەوەیە ئیلزامی حکومەت بە شتێك ئەکەی ڕێگا ئەدەی بۆ ئەوەی عیجزێك دروست ببێ، ئەوە غەلەتیەکەیە، ئەگەرنا هەر وەقتێك عیجزێك پەیدا بوو، حکومەت ئەیانداتێ و لە ماددەکانی تر ڕەچاو کراوە، و جارێکی تر ئەڵێم رەچاوی ئەوەش بکەین ئەوە دەرگایەکی قانونی ئەبێ بۆ هەموو سەندیکاکانی تری، موهەندیسینە، ئەتیبایە، هەر شتێکی ترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا رەئیەك هەیە ئیلحاحی لەسەر ئەکەن، بۆ ئەوەی ئەم فەقەرەیە ئیزافە نەکرێ، تکایە کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو فەقەرەیە ئیزافە نەکرێ؟ (24) کەس لەگەڵ دایە ئیزافە نەکرێ، کێ لەگەڵ دایە بمێنێتەوە؟ (39) کەس لەگەڵ دایە بمێنێتەوە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەو فەقەرەیە مایەوە، فەرموو سیاغەکەی بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به رەچاو كردنی ڕای ئەندامانی پەرلەمان سیاغەكە بەو شێوەیە ئەبێ:

الماده الاولى: تكون اصل الماده (5) الفقره (اولا) لها و تضاف فقرة بتسلسل ثانيا اليها كالأتي:

3- في حالة حصول عجز في الصندوق تتولى وزارة المالية في الاقليم سد العجز الحاصل في الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ (34) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دایە نییە؟ (23) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (الثانية): :

تعدل الفقرة (1) من الفقرة (ثانيا) من المادة (6) من القانون وتقرأ كالأتي:

1-يستوفى بدل السنوي من المحامين حسب مدة التسجيل على الوجه الأتي:

1-(100000) مائة الف دينار اذا لم تمض على تسجيله مدة ثلاث سنوات

ب-(250000) مائتان وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة ثلاث سنوات

ت-(300000) ثلاثمائة الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة خمس سنوات

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی سیاغەی ماددەكە بەو شێوەیە ئەكات، پاش ئەوەش نیسبەكانی ئەو ڕێژەیە كە لە پرۆژەكەدا هاتبوو گۆڕانكاری لەسەر كرا:

بالنسبة للمادة (الثانية): تؤيدها اللجنة وكالأتي:

تعدل البند (1) من الفقرة (ثانيا) من المادة (6) من القانون وتقرأ كالأتي:

1-يستوفى بدل الاشتراك السنوي من المحامين حسب مدة التسجيل على الوجه الاتي:

1-(100000) مائة الف دينار اذا لم تمض على تسجيله مدة ثلاث سنوات

ب-(250000) مائتان وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة ثلاث سنوات

ت-(300000) ثلاثمائة الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة خمس سنوات

ث-(350000) ثلاثمائة وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة عشر سنوات

ج-(40000) اربعمائة الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة خسمة عشرة سنة

ح-(450000) اربعمائة وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة عشرين سنة فاكثر

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێمان باشە ئەم ماددەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێ لە لایەن ئەندامانی بەڕێزەوە بۆ بڕیاردان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، (کاك عبدالسلام، کاك عماد، کاك جلال، هاژە خان، کاك پێشەوا، دکتۆر صباح، ناسك خان، کاك عبدالرحمن، گوڵێزار خان، کاك عمر هەورامی، کاك عبدالله) فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پێشنیار ئەکەم هیچ گۆڕانکاری نەکرێ، چونکە مەرجی حکومەتە وەکو خۆی بێ، ئەگەر بکرێتە ئەو (200000) هەزارە، تەصەور ناکەم هیچ بگۆڕێ لە خودی مەزوعەکە، و کە (100) یان داناوە پاشان بۆتە (250) حیکمەتێکی لەپشتە، ئەوەی کەمتر لە 3 ساڵ تازە ئیش ئەکات کەمە داهاتی، بۆیە پێشنیاری یەکەمم ئەوە هیچ ناگۆڕێ و بۆ ئەوە نەکرێ؟ دووەم، من کە (10) ساڵە ئەندام تەسجیلم ئەوە (10) ساڵە پارە ئەدەم، ئەوەندە پارەم داوە بەشی تەقاعودی 2، 3 کەسە، بۆ سزام ئەدەی؟ بۆ پارەکەی من زیاد ئەکەی؟ تەصەور ئەکەم مەبدەئەکە بزەبت عەکس بێتەوە، ئەوانەی تازە هاتوونە پارە بدەن و ئەوەی 10، 15 ساڵە پارە ئەدات بە ڕێژەیەك ئەبێ لێی کەم بکەی، چونکە ئەوەندە موشارەك بووە،لە سندوق، نازانم حیکمەتەکە چیە؟ خۆزگە شەرح کرابا بۆ ئێمە، خۆ ئەمە موزەف نیە پاش 15 ساڵ بووە بە مودیرعام داهاتی زۆرە ئەویتر تازە تەعین بووە، ڕاتبی کەمە، حیکمەت لەوە چیە غەیری سزادانی ئەو کەسەی زیاتر لە هەموو کەسی تر بەشدار بووە لە سندوق، بۆیە پێشنیارم کرد وەکو خۆی بمێنێ، بەلاَم هەر گۆڕانکاریەك بکەین تکا ئەکەم یەك، دوو، یەك لەمن پسپۆڕ تر بن ئەم مەبدەئەمان بۆ شەرح بکەن، و چۆن ئەوان حەقیان بەخۆیان دا 100 بکەن بە 200 ، ئێمەش بە مەنتیق ئەم گۆڕینە بکەین، ئەوەی ساڵەهای بەشدار بوونی لە سندوق زیادتر بێ، موکافەئەی بکەین، ئەگەر ڕەمزیش بێ، نەك زیاد بکەین لەسەری بەو شێوە، گوناهە، ئەگەر من یانزە ساڵ ئیشم کردبێ (450) هەزارم لێ وەرئەگری مانگانە، کەچی چەند ملیۆنیشم داوە مانگانە، بە چ حەقێك؟ بۆیە پێشنیار ئەکەم دەستکاری نەکرێ و بخرێتە دەنگدان، حکومەت ئەوەی ویستووە، هەر دەستکاریەکیش ئەبێ مەنتیقی لە پشت بێ، سزا نەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بڕە پارەیە ساڵانەیە کاك عبدالسلام، فەرموو کاك عماد

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك عبدالسلام، ئێمە دەستکاری لە ئەسلی پرۆژەکە نەکەین، وەکو خۆی بمێنێ، چونکە مەبدەئی تەسبیت کردنی عیجز لە ماددەی پێشووتر کە دەنگمان لەسەردا ئەوەیە کە حکومەت لێرە بەدەلاتی ئیشتیراك تەحدیدی کردووە، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەکەی من ئەوەیە دیارە پارێزەران بە پێی خیبرە و مومارەسەی ساڵانەیان داهاتیان زیاد ئەکات، و ئەوانەی تازە دێن هەم کرێ و هەم داهاتیان کەمە، کەچی بە عەکسەوە لە سێیەم ساڵ کەمتر و یەکسەر بووە بە دووقات و نیو، لە 100 هەزارەوە بووە بە 250 هەزار، ئەمانەی کە 50 هەزار ، 50 هەزار زیادی کردووە، مەعەلعیلم پارێزەر هەیە چەند ساڵە خزمەتی هەیە، مومارەسەی هەیە، ئیختیصاصی پەیا کردووە، لەوانەیە ئجوری موحاماتی تازە پارەیەکی کەم بێ، بەڵام کۆنەکان پارەیەکی تازە وەرئەگرن، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم پێداچوونەوە بکرێ لە مەسەلەی داهات و خزمەتی ساڵانە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر مەبلەغەکان تێبینیم هەیە، چونکە ئەبینین کە مەبلەغەکان بەراستی زۆرن، مەسەلەی بەدەل ئیشتیراك وەکو هاوکارانم باسیان کرد، بەتایبەتی ئەوانەی تازە ئەچنە ناو سەندیکاکان، وا پێویست ئەکات کە چاوی پێدابگرێنەوە بەو مەبلەغانەی دانراوە، و بەتایبەتی ئەوەی هاوکارانیشم باسیان کرد لە (ب)ەوە تا ئاخیر نوقتە ئەوە هەمووی 50 هەزار زیاد کراوە، بەڵام لە نێوان (ا) و (ب) 150 هەزار زیاد کراوە، نازانم حیکمەت لەوە چیە؟ بۆیە پێشنیار ئەکەم لە (أ) ەوە (50) ، (50) زیاد بکرێ تا ئاخیر نوقتە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە، دیارە نوێنەری سەندیکا لێرە نیە، ناچار ئەو پرسیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی ئەکەم بەو پێیەی ئەوان لەگەڵ ئەو دەستەیە دانیشتوون کە سەرپەرشتی ئەو سندوقە ئەکەن، ئەوەی کاری

پارێزەرایەتی کردبێ ئەزانێ پارێزەر هەیە ئیش زۆر باشی هەیە، داهاتی زۆر باشیشی هەیە، پارێزەریش هەیە ڕەنگە لە ساڵێك دوو دەعوا نەبینێ، داهاتێکی ئەوتۆی نەبێ، بۆیە ئەو پارەی دانراوە بەشداری کردنی ساڵانەیە لە پارێزەران وەرئەگیرێ، من بەو پێیەی هەمواری دووەمم سەیر کردووە بۆیە پرسیارم لێرە ئەوەیە، ئەگەر سەیری هەمواری دووەم و ئەو هەموارەش بکەین ئەبینین جیاوازی زۆر هەیە لە دیاری کردنی بڕەکان، پرسیاری من ئەوەیە مەنتیق و موبەڕیر چیە بۆ زیاد کردنی ئەو بڕە؟ بۆ نموونە لە هەمواری دووەم (30) هەزار دینارە، بەلاّم ئێستا بووە بە (200) هەزار دینار، فەرعی (ب) 40 هەزارە بووە بە (250) ە، (ج) (50) هەزارە بووە بە (300) هەزار، (د) (60) هەزارە بووە (350) هەزار، (هـ) (70) هەزارە بووە بە (400) هەزار دینار، (و) (75) هەزارە بووە بە (450) هەزار دینار، بەراستی ئەمەوێ بزانم مەنتیق و موبەریر بۆ ئەو زیاد کردنە چیە بۆ ئەوەی قەناعەتم پێ بێ و دەنگی بۆ بدەم؟، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صباح

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە زیاد کردنی ئەو مەبلەغانە مەسەلەیەکی ورد و زانستیە، یەعنی ئەبێ مەبنایەکی عیلمی هەبێ، جۆرێك لە مەعقولیەتی تێدابێ، هەر ئەوە نەبێ ڕەقەم زیاد بکەین، چونکە لە لایەکەوە بۆ بەعزێك لە موحامیەکان ئەبێ بە بارێکی گران و قورساییەك کە بەو شێوە پارەیان لەسەر زیاد بکرێ وەکو ئیشتیراك، لە لایەکی تریشەوە بۆ هەندێ موحامی رەنگە زۆر ئاسان بێ، بۆیە ئەگەر کار بکرێ بەدەلی ئیشتیراك بڕێکی سابیت و موحەدەد بێ، ئەویتری ئەگەر بتەوێ سندوقەکە بەهێز بکەی لە ڕووی ئیمکاناتی مالیەوە بێ، نیسبەتێك دابنرێ بە پێی دەرامەت و بە پێی ئیمکاناتی شەخصەکە، ئەگەرنا بەگۆترە ڕەقەم زیاد بکرێ بەراستی ئەسڵی تەعدیلەکەش ئەخاتە ژێر پرسیارەوە، یەعنی ئەمە ئەبێ بە غەرەزێکی فیعلەن ئیقتیصادی نەفعی لە پشتیەوە هەبێ لە جیاتی ئەوەی خزمەت بە چینی هەموو موحامیەکان بکات، زەرەریان لێ بدات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پێوەرێکمان نیە لەبەردەست مەسەلەن بڵێی بە پێی ئەو داهاتەی پارێزەران دەستیان ئەکەوێ، چەند قەزیەی بینیوە، چونکە موحامی وا هەیە موجەرەد هەویەی هەیە، ساڵ تێپەڕ ئەبێ قەزیەیەك نابینێ بۆ ئەوەی ببێتە مەسدەری داهات بۆی، و مەجبورین هەموومان وەکو چۆن کراوە بە گۆترە، بە گۆترەش قسە

بکەین، بەڵام بەراستی ئەوەی جێگەی سەرنجی من بوو ئەوە بوو کە پرۆژە ئەسڵیەکە کە هاتووە بە (200) هەزار هاتووە بۆ کەسێك کە تازە تەخەروج ئەکات تا سێ ساڵ، هەمووومان ئەزانین ئەمە زۆر قورسە بۆ یەکێ کە تازە تەخەروج ئەکات و ئەبێتە پارێزەر، (200) هەزار بدات سێ ساڵ، دواتریش بیکەی بە (250) هەزار، لەبەر ئەوە من پشتگیری راکەی لیژنەی یاسایی ئەکەم کە کردوویەتی بە (100) هەزار، و داوا ئەکەم مادام ئەوە بووە بە (100) هەزار، مادام وەکو وتم پێوەرێکی مەعقولیشمان لەبەر دەست نیە، ئەوەی دووەمیش بکرێتە (200) هەزار، چونکە بەراستی عەینی شت سێ ساڵ بۆ پێنج ساڵیش هێشتان داهاتەکەی ئەوەندە نیە، ئیتر ئەوەی تر زۆر کێشەم نیە لەگەڵی، بەڵام ئەو پێنج ساڵەی یەکەم پشتگیری لیژنەی یاسایی ئەکەم کە کەمبۆتەوە لە (200) هەزار بۆ (100)، و داوا ئەکەم ئەوەی سێ ساڵ بۆ پێنج ساڵەکەش لە (250) هەزارەوە بکرێ بە (200) هەزار

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی منیش هاوڕام لەگەڵ ڕەفیقانم کە مەقسود لە هەموار کردنی ئەم ماددەیە چیە؟ بۆ ئەو پارەیە بەو شێوەیە زیاد ئەکات؟ یەعنی کە پێشتریش هەبووە ئەم پرۆژە وەکو خۆی هەبوو، زۆر باشتر بوو، کەس گلەیی لەسەر نەبوو، یەعنی لە ناو مەحکەمە و موحامیەکانیش کەس گلەیی نەبوو، ئێستا لەوانەیە گلەیی زۆر هەبێ، ئەمە مەقسەدی چیە ئەم سەندیکایە هاتووە لە خۆیەوە ئەم ماددانە هەمووی باسی پارە ئەکات، زیاد کردن و نازانم چی، چی پێ ئەکات؟ مەشروعی پێ دائەنێ؟ یەعنی مەقسەدی چیە بۆ ئێمە روون نیە؟ عیجزی هەیە؟ ئەیەوێ ئیشێکی پێ بکات؟ بۆ ئەیەوێ بەو شێوەیە زیادی بکات لەسەر موحامی؟ داوا ئەکەم وەکو خۆی بمێنێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵیزار خان

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو بەدەل ئیشتیراکەی کە ساڵانە لە پارێزەران وەرئەگیرێ بە پەیڕەوی ناوخۆی دەستەی سندوقەکە ڕێکبخرێ، پێویست ناکات لێرە بە یاسا ڕێژەکان دیاری بکرێ، چونکە رەنگە بەرز بوونەوە و دابەزینی نرخی پارە کاریگەر بێ لەسەر ئەو بەدەل ئیشتیراکەی ساڵانە ئەدرێت و جێگیر نابێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر هەورامی

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر سەیری هەموو پرۆژەکە بکەین هەروەکو ماددەی پێشوو کە دەنگی لەسەر درا، لەراستیدا ئەو تەعدیلەی هاتووە بە تایبەت ئەوی پەیوەندیدارە بۆ پڕ کردنەوەی عیجز، دوو حالەت چارەسەر ئەکات کە بە پێی ئەم پرۆژە زیاد ئەکات، یەکەمیان ئەوەیە پارەی تەرخان کراو بۆ هەژمار کردنی خانەنشینی ئەکات بە (7000) بۆ هەر مانگێک، ئەوە یەک، حاڵەتی دووەم بۆ ئەوانەی کە پێشووتر خانەنشین کرابوون بە (4000) هەزار دینار، بۆیە حکومەت لەگەڵ سندوقی پارێزەران ئیمکانە ئەو ئەگەرەیان دانابێ کە عیجز یان کورتهێنان لە نەتیجەی ئەو دوو زیاد کردنە کە ڕووئەدات بە پێی ئەو تەعدیلە، بۆیە بەڕێزان ئێستا ئێمە لەو پرۆژەی هاتووە لە لایەن حکومەت و لە لایەن سندوقیش کە ڕەزامەندیان بووە، یان ئەوان خۆیان ناردبێتیان، ئەگەر هەر گۆڕینێک بکەین ئەوە کورتهێنان زیاتر ئەکەین، واتە کورتهێنان باری حکومەت قورستر ئەکەین، یەک نموونە ئەهێنمەوە، تەنیا بۆ برگەی یەکەم کە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان کردووە، (200) هەزار دینارەکە بۆ ساڵێک بکرێ بە (100) هەزار دینار، ئەگەر ئێمە (10) هەزار کەس بە نموونە وەرگرین، لێکدانی بکەین، (×) (200) هەزار دینار مەبلەغێک ئەکات، بەس ئەگەر کردت بە (100) هەزار ئەو کات نزیکی (10) ملیار دینار کەمتر ئەبێ لە داهاتی سندوقەکە، واتە عیجز لەسەر حکومەتی هەرێم زیاتر ئەکەی، بۆیە پێشنیار ئەکەم و داواش ئەکەم پرۆژەکە چۆن هاتووە وا بمێنێ، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاک عبدالله**

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پشتگیری لەو رایەی لیژنەی یاسایی ئەکەم لەبەر چوار هۆکار، یەکەم، ئێمە پێشتر برگەیەکمان جێگیر کرد کە لە قانونی پێشووتر دا، مەحامی لەسەرەتا ئەچێتە دەوارتەوە، یەعنی موحامیەک ئەچێتە دورات، ئیش ناکات، تۆ سەرەرای ئەوەش ساڵانە (200) هەزار ئیشتیراکی لێ وەرگری ئەمە بارێکی قورسە بۆ مەحامی، دووەم، بە پێی قانونی مورافەعاتی مەدەنی، موحامی سەرەتایی ڕاهێندراو ناتوانێ هەموجۆرە دەعوایەک ببینێ، و هەروەها ناتوانێ تەئید بۆ شەریکات ببات، ئەوەش مەسەلەیەکی تری داهاتە بۆی، و دوای ئەوەش موحامی لەسەرەتادا ناسراو نیە، عیلاقاتەکانی موحەددەدە، لەسەر پیشەکە ڕانەهاتووە، بۆیە چانسەکان لەبەردەمی موحامی ڕاهێنراودا لەسەرەتا زۆر کەمترە، بۆیە پێویستە قانونەکەش بە جۆرێک دابڕێژرێتەوە کە حاڵەت و زوروفی موحامی ڕاهێنراو لەبەر چاو بگیرێ، بە بەراورد کردنی بە موحامی کارا، موحامی دوای سێ ساڵ ئەتوانێ تەئید بۆ شەریکات ببات، هەموو جۆرە دەعوایەک ببینی، ناسراوتر ئەبێ، دەورات و شت تەواو ئەکات، بۆیە من پێم وایە ئەو شێوازەی لیژنەی یاسایی ئامادەی کردووە خوێندنەوەیەکی واقیعیە بۆ ئیش و کاری پارێزەرایەتی و دیاری کردنی ئەم مەبلەغە دروستە و هیوادرام پشتگیری بکرێ، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی یاسایی**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕێزمان بۆ بیروبۆچوونی هەموو ئەو بەڕێزانە، دیارە خەمخۆری بوو بۆ ئەو یاسایە بۆ ئەوەی زیاتر چڕو پڕتر بێ، ئێمە لە بیدایەتەوە باس لە ماددەی پێشوو لەسەر ئەوە کرا کە ئایا بۆچی حکومەت ئەو عیجزە پڕ بکاتەوە؟ ئەبێتە ئەرکێکی زۆر لەسەر شانی حکومەت و تەبریراتیان بۆ هێناوە هەرچەند ماددەکە دەنگی هێنا، بەڵام بە تێڕوانین بۆ ئەو بڕانەی لەسەر پارێزەر دانراوە، پارێزەری تەواو بە سێ مەرحەلە ئەڕوات تا بتوانێ دەعوای بێ تەحدیدی نرخ ببینێ، موحامی لە سێ ساڵی یەکەمدا موتەمەرینە، دواتر بە سێ ساڵی تر ئەبێتە موماریس، دواتر ئەبێتە موستەشار، وەکو کاك عبداللە ئیشارەی پێدا بە گوێرەی قانونی مورافەعاتی مەدەنی، و بە گوێرەی یاسای پارێزەران موحامی بیدایەت ئەبێتە موحامی بۆی نیە هەموو دەعوایەك ببنێ، بۆچی؟ چونکە میهنەی موحامات میهنەیەکە سەر و ماڵی خەڵکی پێ ئەسپێرێ، مەسئولیەتی تێدایە، ماڵی خەڵك ئەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی، لەو کاتە ئەو موحامیە بە حوکمی ئەوەی هێشتان خدمەی نیە، بە حوکمی ئەوە هێشتان داخیلی دەعوا نەبووە و ئیمکانی زۆری نیە، بۆیە بۆی تەحدید کراوە، ئەکرێ موحامی موتەمەرین تەنیا دەعواکانی جونەح و تەحقیق و شەریعە و ئەو دەعوایانەی کە مەبلەغی ماڵی لە (150) هەزار دینار زیاتر نیە، تا ئەو حەدە ببینێ ئەبێ ئەگەر ئجوری لە 10٪ ی لێ بسێنی، ئجورەکەی زۆر کەمە، بۆیە ئێمە هاتووین لە لیژنەی یاسایی بڕەکانمان تەحدید کردووە، ئەم بڕانەی کە ئێمە تەحدیدمان کردووە ئیستیشارەمان لەگەڵ نەقابەی پارێزەران کردووە، ئەوانیش لەگەڵ زووری پارێزەرەکانی کوردستان دانیشتنیان کردووە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەم بڕە تەحدید کراوانە کە زیاد کراوە بە مەراحیل خۆی لە ئەسڵدا بۆ محامی بدایەت (200) بووە، ئێمە کردوومانە بە (100)، کاك عبداللە تەلمیحێکی دا ئەچێتە دەورە، دوای ئەوە محامات میهنەیەکە سومعەی ئەوێ، خیبرەی ئەوێ، کەم کەس ئەچێتە لای موحامی تازە هەتا تۆزێك ئەناسرێ، خەڵك لە ئیشەکانی رازی ئەبێ و شارەزای ئەبێ، خۆشی شارەزایی پەیا ئەکات، بۆیە وتمان با لە پێشدا (200) هەزار نەدات با (100) هەزار بدات، بۆچی ئەڵێین موستەشارەکە ئەبێ (450) هەزار بدات؟ ئەو موحامیەی موستەشارە دەعوایەك ئەگرێ لەم ڕۆژەدا مەسەلەی ئیقتیصادی، ئابووری، ئیجتیماعی لە کوردستانی ئێمە بەرەو پێش چووە، کەم دەعوا هەیە قیمەتەکەی لە چەند ملیۆن دۆلارێك یان چەند سەد ملیۆن دینارێك کەمتر بێ، بە واتای ئەو سوودمەندێکی زۆر باش ئەبێت، ئوجورێکی زۆر باش وەرئەگرێ، مەفروزە بە قەدەری ئەو سوود مەندیە کە وریئەگرێ رەسمی سندوقەکەش زیاد بکرێ، چونکە دواتر پارێزەرەکە خۆی سوودمەند ئەبێ لەو سندوقە هی تەقاعودیە، تەقاعودێکی تا ملیۆن و هەشت سەد هەزار دیناری وەرئەگرێ، ئەو جیاکاریەی تیای کراوە هی پلەی دەستەڵاتیانە، مەحامی ئەوەلجار کە ئەبێتە موحامی کەمترین دەعوای دەوڵەتیشی ئەدرێتێ کە کەمترین مەبلەغە، بۆ ئەوەی سەروماڵی حکومەت و مەسلەحەی عامەش پارێزراو بێ، خەڵکیش بە تەئکید کەمتر دەعوای ئەدەنێ، مەسەلەن موحامیەکی

موستەشار دەعوایەکی جینایات ئەگرێ، ئەم دەعوا جینائیە لەبەر ئەوەی قیمەتی موعەیەن نیە لەوانەیـە بـە چەند ملیۆن دۆلارێك یان چەند سەد ملیۆن دینارێك وەربیگـرێ، ئـەم دەعوایـە نادرێتـە دەسـتی موحامیـەکی موتەمەرین، بۆیە فەرق هەیە لە ئیشتیراکاتی موحامی موتەمـەرین بـۆ موحـامی موستەشـار، و دواتـر خۆیـان سوودی لێ وەرئەگرن، و ئەمەوێ تیکڕای بکەمەوە بەرێزان، ئێمە لە ماددەی پێشوو خەممان بوو کە حکومەت عیجزەکەیان بۆ پڕ بکاتەوە، بەلاّم لێرە ئەو پارە زۆرەی خۆیان کە ئەیدەن پـێم وایـە و دیراسـەش کـراوە، وای لێ دێ کە سـندوقی تـەقاعودی پـارێزەران پێویسـتی بـە پـڕ کردنـەوە نـەبێ لـە لایـەن حکومـەت، لەبـەر ئـەوە داواکارین ئەو نوقتانە لەبەر چاو بگیرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دوا سیاغە.

**عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بالنسبة للمادة (الثانية):

تعدل البند (1) من الفقرة (ثانيا) من المادة (6) من القانون وتقرأ كالآتي:

1-يستوفي بدل الاشتراك السنوي من المحامين حسب مدة التسجيل على الوجه الاتي:

1-(100000) مائة الف دينار اذا لم تمض على تسجيله مدة ثلاث سنوات

ب-(250000) مائتان وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة ثلاث سنوات

ت-(300000) ثلاثمائة الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة خمس سنوات

ث-(350000) ثلاثمائة وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة عشر سنوات

ج-(40000) اربعمائة الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة خسمة عشرة سنة

ح-(450000) اربعمائة وخمسون الف دينار اذا مضت على تسجيله مدة عشرين سنة فاكثر

**بەڕێز د.راسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ ئێمە خستمانە تەسویتەوە کاك عمر بەقوربان، ئەگـەر دەنگـی نـەهێنا دوایـی روون کردنـەوە بکە، فەرموو، وەلاّ نابێ تکایە..

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو نەص لەبەر دەستمان بووە، نەصێك لە لایەن حکومەتەوە هـاتووە، نەصـێکیش بـەرێزان لـە لیژنـەی یاسایی ئامادەیان کردووە، پێویستە هەردووکی بدرێتە دەنگدان

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەگەر دەنگی نەهێنا بەسەرچاو ئەویتر ئەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە بەو سیغەی خوێندرایەوە؟ (49) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (13) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کاک نەژاد دەنگی تۆ بۆ ئا و نا بوو یان بۆ ئیشارەتی ئەوێ بوو؟ فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تعدل المادة (15) من القانون وتقرأ كالأتي:

اولا:يخصص الراتب التقاعدي ويحسب على اساس (7000) سبعة الاف دينار عن كل شهر من المدة التقاعدية وفق احكام هذا القانون ويعتبر لهذا الغرض جزء الشهر الاخير شهرا كاملا

سەبارەت بە رای لیژنەی یاسایی بە نیسبەت ماددەی سێیەم پشتگیری لە هەموار کردنی ماددەی (15) ئەکات، بەڵام پێشنیاری ئەوە ئەکات لەگەڵ ماددەی چوارەم یەکبخرێ، بکرێتە دوو بڕگەی یەك ماددە، و (7000) ەکەش بکرێتە (6000) هەزار، و ئەوەی لە ماددەی چوارەم هاتووە باس لە (4000) هەزار ئەکات، بڕەکەی بگۆڕدرێ و بکرێتە (3000) هەزار، بڕەکان کەمبکرێنەوە، واتە هەردوو ماددە یەکبخرێ و بکرێتە دوو فەقەرەی یەك ماددە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە دەقی ماددەکە ئەکەین بەو شێوەی کە ئەنجومەنی وەزیران و حکومەت ڕەزامەندی پێداوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (دکتۆر احمد، سۆزان خان، کاك عمر هەورامی، ئاهەنگ خان)، بەڵام پێش ئەوەی قسە بکەین، لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەیان کردووە هەردوو ماددەکە بکرێن بە یەك، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ یەکخران، فەرموو دکتۆر احمد

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی ئەکەم بە کەم کردنەوەی بڕەکان، بەڵام پێم باشە هەم لیژنەی یاسایی تەوزیح بدات بۆچی پشتیوانی لە کەمکردنەوەی ئەم بڕانە کردووە؟ و لیژنەی دارایی ئەڵێ وەکو پێشنیارەکەی حکومەت بێ بۆچی؟ بۆ ئەوەی روون بێ زیادی و کەمی ڕێژەکە لەسەر چ بنەمایەکە؟ سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان تێبینی دکتۆر ئەحمەدم هەبوو لەسەر ئەوەی ئەسڵەن من نەصەکەی حکومەتم هەر لا نیە، تا بزانم حکومەت چی وتووە و رەئی چی بووە؟ خاڵی دووەم بەرێزان ئێمە تۆزێك لەمەو پێش دەنگمان دا بەوەی کە خەڵکی وا هەیە 20 ساڵ بەرەو سەرەوە، انشاللە هەموویان تەمەنیان درێژ ئەبێ، 15 ساڵی تریشی بخەیتە سەر مانگی (450) هەزار ئەدات بە سندوقی خانەنشینی لە ساڵێك، ئینجا ئەوە لە دوایی کە دێت بەرامبەر بە چێنێکە لێرە ئەڵێ لە ملیۆنێك و هەشت سەد زیاتر نەبێ، من ئەمەوێ بزانم عەدالەتی لەکوێیە تۆ ئەم هەموو پارەیە ئەدەی لە یەکەم ڕۆژ کە موتەمەرین بێ لە (100) هەزار دینارەوە دەست پێ ئەکات، مەعەلعیلم تۆ بەرامبەر کێ ئەم کارە ئەکەی؟ لە شوێنك ئەم کارە ئەکەی کە ناوی مەحکەمەیە، حاکم کەمترین مەعاش کە پێی تەقاعود ئەبێ شەش ملیۆن دینارە، ئیدیعای عام شتێك لەوە کەمترە، موحامیەك کە بە ئەرك و ماندوبوونی خۆی چەند ساڵ لە بڕی ئەو کارەی ئەیکات پارە ئەدات بۆ تەئمین کردنی خانەنشین کردنی خۆی، بەرێزان ڕۆژ بە ڕۆژ گرانی بازاڕ و ژیان کار ئەکاتە سەر خەڵکی، کاتێ ئەو توانای هەبووە و وزەی هەبووە ئەو پارەی پێشکەش بە سندوقەکە کردووە، خۆی لە دواییدا حەقە بیر لەوە بکرێتەوە کە تەقاعودیەکی شایستە وەرگرێ، ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار هەر هیچ نیە، من قسەم لەسەر ملیۆن و هەشت سەدەکەیە، قسەم لەسەر ئەو بڕە پارەیە نیە، حکومەت خۆی مەبلەغێك ئەڵێ و لیژنەی یاسایش مەبلەغێکی وتووە، بەڵام قسەم لەسەر ئەو مەبلەغەیە کە لە ئێستاوە تەحدید کراوە کە نابێ لە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار زیاتر بێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر هەورامی

**بەرێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من داوای ئەوە ئەکەم ژمارەکە لە (7000) هەزار دینار کەمتر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی جۆرێك لە عەدالەتی تێدابێ، بۆ نموونە هەر ئەوەی پێشووتر بەرێزان ئاماژەیان پێدا، ئەگەر کەسێك یان با بڵێین پارێزەرێك 25 ساڵ خزمەتی هەبێ، تەبعەن ئەو پارەی بۆی دەرئەچێ بۆ خانە نشینی زیاد لە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار دینارە، ئەمە لە لایەك، ئەگەر کەسێکی تر پانزە ساڵ خزمەتی هەبێ چۆن ئەبێ بە هەمان پێوەر، واتە هەر (7000) دینارەکە بکرێ بە پێوان بۆ هەژمار کردنی ساڵانی خزمەت، لە کاتێکدا پارێزەرمان هەبووە 25 ساڵ خزمەتی هەبووە ئیتر بە بەردەوامی بێ یان بە پچر پچر، پارێزەری ترمان هەبووە 15 ساڵ خزمەتی هەبووە بە بەردەوامی بێ یان پچڕ پچڕ، چۆن ئەبێ هەمان پێوەر بە یەکسانی مامەڵەیان

لەگەڵ بکرێ، ئەگەر ئێمە تێبینی بکەین لە یاسای خانەنشینی فەرمانبەران ئەم پێوەرە بەم شێوەیە نیە، یەعنی بە یەکسانی نەهاتووە، کەسێ: ئەگەر 15 ساڵ خزمەتی هەبێ بە ڕێژەیەك بۆی ئەپێورێ و دواتر مووچەی خانەنشینی دەست نیشان ئەکرێ، بەلام ئەگەر کەسێك 25 ساڵ خزمەتی زیاتر بێ، حەتمەن ساڵەکان هەتا زیاتر بن بڕی پارەکە و پێوەرەکانیش جیاواز ئەبن، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان

**بەرێز ئاهەنگ عارف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعلیقەکم لەسەر کاری نیقابی و نەقابات و سەرف کردنی پارە هەیە، بمانەوێ و نەمانەوێ و کە تەخەروج ئەکەین ئەبێ هەر ئینتیسابی نەقابەی بکەین، بۆ؟ ئەو پارەی کە لەسەرمان فەرز ئەکرێ ئەوە بۆ؟ ئەوە بۆی دووەمە؟ هەتا هەنووکە هیچ فکرمان لەوەی نەکردیتەوە بەدیلی نیقابە ئەبێ هەبێ یان نا؟ نیقابە ئەبێ تەوعی بێ من بچم یان نا؟ بۆ بە زۆر بێ؟ دوایی ئەو تەعدیلەی ئەکەین ئەڵێین ئەوەندە پارە زیاد ئەکەین و ئەوەندەی کەم ئەکەینەوە، ئایا لە موحامیەکان پرسرایە؟ بەتەنێ لەگەڵ نەقیب دادەنیشی، ئەو شەریحەیە بە عام وەچەکی نیە، بەخوای لە زۆر کەسی بپرسی ئەڵێ ئەگەر هەنووکە نەقابە تەوعی بێ من بەخۆم یەك لە نیقابەی موهەندیسیم، ئیجبارییە، بۆ ئیجباری بێ، بۆ فکر لە بەدیلەکی نەکرایتەوە؟ ئایا نیقابەی تەوعی ئەمن بچم یان ئیجباریە؟ ئەو پارانەش کە فەرز ئەکرێ هەمووی مەجموعەك لەگەڵ نەقیب دادەنیشن، مەعە ئیحتیرامات بۆ نەقیب، بەلام ئەو پارەیە کە زیاد ئەکرێ و تەقاعودی ئەو شەریحەیە ئەگرێتەوە مەفروزە لەگەڵ ئەو شەریحەیە بەعام، بە ئسلوبەکی حەزاری و نوێ فۆرمێك تەقدیم بکرێ ئەوان دیراسەی خۆیان لەسەر تەقدیم بکەن، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دوای ئەوەی ماددەکە تەوحید کراوە لیژنەی یاسایی (7000) هەزارەکەی کردووە بە (6000) هەزار، و (4000) هەزاری کردووە بە (3000) هەزار بۆ ئەو کەسانەی پێش ئەم یاسایە تەقاعود کراون، بۆ ئەوەی ئەوانیش مەحروم نەبن لەو حقوقانەی لێرە هەیە، ئەو پارەی موحامی ئەیدات، باس لەوە کرا کە 30 ساڵ (450) هەزار دینار ئەدات، یان (350) هەزار ئەدات، بەو شێوەیە نیە، ئەو موحامیەی پارە ئەدات لە (100) هەزارەوە دەست پێ ئەکات، تا ئەگاتە (450) هەزار دینار کە ئاخیر حەدیەتی لە 30 ساڵیدایە، و هەروەها پارێزەر کە تەقاعودیش ئەبێ هەر لە یاساکە باسی لەسەر کراوە بە تەناسوب تەقاعود ئەکرێ، خۆ ئەوەی 10 ساڵ خزمەتی هەیە یان ئەو پارێزەری خوا نەکردە ئەمرێ لە کاتی خیمەدا، ئەوە حیسابی بۆ کراوە بە گوێرەی خیدمەکەی و زەربی نیسبەتی تەقاعودی ئەکرێ هەر هەمووی ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار وەرناگرێ، و بۆچی دانراوە کە لە

ملیۆن و هەشت سەدیش تێنەپەڕێ؟ بۆ ئەوەی تەعاروز نەکات لەگەڵ قانونی خیدمە، موحامی موەزەف نیە، موحامی مونتەمیە بۆ سەندیکایەکی خۆی، ئەو سەندیکایەی کە تەنزیمی کارەکانی پارێزەران ئەکات، و ئەبێ پارێزەر ئینتیما بۆ سەندیکای پارێزەران بکات، بۆچی؟ چونکە ئەو کەسەی لە کولیەی قانون دەرئەچێ لەوێوە تەنیا شەهادەیەکی بەکالۆریۆس لە قانون وەرئەگرێ، هەویەی پارێزەرایەتی وەرناگرێ لە کولیە، بۆیە بڕیار دراوە کە ئەبێ ئینتیما بە نەقابەی پارێزەرانەوە بکاتن کە ئینتیمای بە نەقابەی پارێزەرانیشەوە کرد حقوقی هەیە، و کە حقوقی هەبوو بەرامبەر بەو واجیباتیشی لەسەر شانە کە بیدات، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو پارانەی کە نەقابە لە پارێزەرانی ئەسەنێ بەم عەدەدە جیاوازە ئەمە تەنیا تەقاعودی پارێزەران ناگرێتەوە، نەقابەی پارێزەران دوای ئەوەی موشاوەرەی لەگەڵ پارێزەران کردووە، ئەمە رەئی خۆیانە، مەناعەتیشیان نەبووە کە ئەخیر پارێزەر کە دەستەلاتی ئەگاتە موستەشار (450) هەزار دینار بدات، بۆچی؟ من تیکڕای ئەکەمەوە، پێشتیریش باسمان لەسەر کرد، لە 20 تا 25 ساڵ لەمەو پێش پارێزەرێك (5000) هەزار دیناری ئەدا، (10000) هەزار دیناری ئەدا، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی دەعوایەکی ئەبینی و ئجورەکەی (50) دینار بوو، ئێستا دەعوایەك ئەبینی ئجورەکەی چەند هەزار دۆلارێکە، چەند سەد ملیۆنێکە، لەبەر ئەوە ئجورەکەی زیادی کردووە، ئەویش هۆکاری ئەو پێشکەوتنە ئیقتیصادیەیە، و زیاد کردنی نرخی دەعواکانە، بۆیە ئەو رەسمە زیادی کردووە، و لەسەر ئەوەشە کە ئەم نیسبەتە تەقاعودیەی بۆ دانراوە، و ئەم تەقاعودیە تەنیا ئەم پارانەش تەنیا تەقاعودی ناگرێتەوە کە نەقابەی پارێزەران ئەیدات بە پارێزەران، نەخۆشیە، تەعزیەیە، موناسەباتی خۆشی و ناخۆشیە، موعاشی راتیبی سندوقە، ئەمە هەمووی لەم پارانە دەرئەچێ، بۆیە بەم شێوەیە هاتووە، و ئێمە کە لە لیژنەی یاسایی (7000) مەکەشمان کردووە بە (6000) هەزار دینار و (4000) هەزارمان کردووە بە (3000) هەزار، ئەوە بۆ ئەوەی ئەو راتبە تەقاعودیە لە حەدی ملیۆن و هەشت سەدن راستە ئەگەر بە (450) هەزار حسێبی بکەی بە (7000) هەزار زەربی بکە بۆ 30 ساڵ زەربی بکە لە ملیۆن و هەشت سەد دەرئەچێ، ئەچێتە دوو ملیۆن و ئەوەندە، بەلام ئەبێ حەدێك بۆ راتبی تەقاعودی دابنرێ، ئەو حەدە کەفافە، و ئەگەر بێتو حسێبی ئەوە بکەین و بڵێین مستەوای مەعیشی رۆژ بە رۆژ زیاد ئەکات، ئەی کاکی موحامی، من خۆم یەکێ بووم لەو موحامیانە، 30 ساڵیش پارەی پەیا کردووە، ئیرادی دەست کەوتووە، ئەمە وەکو موکافەئەیەك وایە حەسیلەی ئەو پارانەیەتی کە داویەتی بە نەقابە، نەقابە هاوکاری ئەکاتەوە، راتبێکی تەقاعودی ئەداتێ، و ئێمە بۆیە کۆنەکانیشمان دابەزاندووە، چونکە وەختی خۆی ئەوان بە (4000) هەزار دینار بۆ مانگێك بۆیان حسێب کراوە، کردوومانە بە (3000) هەزار، لەبەر ئەوەی نەقابەی پارێزەران ئاگاداریان کردین کە نیسبەیەکی زۆر کەم تەقاعود بووە، لەوە تەقریبەن 90 کەسێك زیادن، هیچ تەئسیر لە دەخلی سندوق ناکات، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو بەو شێوەی خوێندرایەوە بخرێتە دەنگدان، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دوا سیاغە

**بەرێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

المادة الثالثة: تعدل المادة (15) من القانون وتقرأ كالأتي:

**اولا:يخصص الراتب التقاعدي ويحسب على اساس (6000) ستة الاف دينار عن كل شهر من المدة التقاعدية وفق احكام هذا القانون ويعتبر لهذا الغرض جزء الشهر الاخير شهرا كاملا على ان لا يزيد الراتب على (1،800،000) مليون و ثمانمائة الف دينار**

**ثانيا: يعدل الراتب التقاعدي للمحامين الذين احيلوا على التقاعد في اقليم كوردستان قبل نفاذ هذا القانون ويخصص الراتب التقاعدي على اساس (3000) ثلاثة الاف دينار عن كل شهر من المادة التقاعدية و يعتبر لهذا الغرض جزء الشهر الاخير شهرا كاملا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟ (58) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (4) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە لایەن لیژنەی یاسایی پێشنیاری هەموار کردنی ماددەی 16 کرایە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو ماددەی ئێستا دەنگی هێنا مووچەی خانەنشین لە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر نەکات، لە ئەسڵی قانونەکە حەفت سەد و پەنجا هەزار دینارە لە ماددەی 16، بۆیە پێویستە ماددەی (16) ش هەموار بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ماددەی پێشووتر بەو شێوەیە دەنگی هێنا**

**تعدل المادة (16) من القانون وتقرأ كالأتي:**

**المادة 16: يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة و الوظيفة او للعمل او اية حقوق تقاعدية من صندوق اخر على ان لا يزيد مجموعها على (1،800،000) مليون و ثمانمائة الف دينار**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی دارایی**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو ماددەیە یاساییە لە ئەسڵی پرۆژەکە کە بۆ ئێمە هاتووە، نیە، لەبەر ئەوە رامان نەداوە لەسەری**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ئاهەنگ خان، ناسك خان، دکتۆر صەباح، کاك جلال، کاك جمال)، فەرموو ئاهەنگ خان**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعلیقم لەسەر شتەکی هەیە، (یجوز الجمع بین الحقوق التقاعدیة للمحاماة و الوظیفة او للعمل او ایة حقوق تقاعدیة من صندوق اخر على ان لا یزید مجموعها على (1،800،000) ملیون و ثمانمائة الف دینار)، باشە ئەو شەرتە چیە؟ لێی تێناگەم بۆ ئێمە تەحدیدی بکەین؟ کابرا کەئیشی کردووە و ئیلتیزامی دایە، بۆ تەحدیدی بکەین ئیلا ئەبێ مەجموعی هەردووکیان لە ملیۆنێك و هەشت سەد زیاتر نەبێ؟ کەسێك هەبێ حەفت ملیۆن و هەشت ملیۆن تقاعودی وەرگرێ، ئەوەی (یجوز)، بەلاَم بۆ یەکێك ئیمتیازاتی، بەلکو من موحامیمە میلۆن و هەشت سەد، یان دوو ملیۆنم هەیە موستەشارم، سندوقیش بە زۆرەملێ پارەم پێ ئەدەن، ئەوە بۆ پارەکەم لێ ببڕن؟ ئیلا ئەبێ (لایجوز) ئەبێ لەو سەقفە تێپەڕ نەکات؟ بە نەزەری من ئەوە ئیجحافە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەقریبەن هەمان ئەو ڕەئیەی ئاهەنگ خانم هەیە، خۆی دیارە ئەبێ تەعدیل بکرێ ماددەکە، لەبەر ئەوەی پێویستە، بەلاَم منیش لەگەلێ ئەوە نیم، تۆ مادام ئەومافەت داوە بە پارێزەر، ئەتوانێ لە کاتی خانەنشینی دا ئیستیفادە بکات، یان کارێکی تر بکات، بەس هاتووش بۆت تەحدید کردووە بە ملیۆنێك و هەشت سەد، ئێ یەعنی هەر وەکو ئەوەیە بلێی هیچ شتێکی تر مەکە، چونکە خۆی لەوانەیە هەر خانەنشینی بووبێ بە ملیۆنێك و هەشت سەد، یەعنی بە غێر موباشیر تۆ مەنعی ئەکەی ئیشێکی تر بکات، مەنعی ئەکەی مومارەسەی کارێکی تر بکات، لەبەر ئەوە من لەگەلێ تەحدیدەکە نیم، لەگەلێ تەحدیدی ئەوە نیم بلێ بە شەرتێك کۆی هەردووکی لە ملیۆن و هەشت سەدهەزار تێپەڕ نەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صەباح

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەو ماددەیە ئەگەر ئەو قەیدەی بۆ دابنرێ بەراستی غەدرێکە، و پێچەوانەی عەقل و شەرع و مەنتیق و عورفیشە، پارێزەرایەتی و فەرمانبەرایەتی دوو وەزیفەی جیان، هەر کامیان مادام دوو وەزیفەی جیان و کەسەکە دوو واجیبی جیاواز جێ بەجێ ئەکات ئەبێ هەموو حقوق و ئیمتیازاتێك کە موتەرەتیب ئەبێ لەسەر هەر وەزیفەیەك بۆی تەسبیت بکرێ، بۆیە بەراستی لەگەلێ ئەوەدا نیم ئەو مەرجەی هەبێ، بەلکو بلێی جائیزە هەموو ئەو مافانەی کە دەستەبەر ئەبێ بۆی تەسبیت بکرێ، کەواتە پێویست ناکات بلێی بەو مەرجەی کۆی هەردووکیان لەو ملیۆن و هەشت سەد هەزارە زیاتر نەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە چەند ڕۆژێکە موناقەشە و گفتوگۆی زۆرە لەسەر پرۆژەی سەندیکای پارێزەران و مافی خانەنشینی پارێزەران دەکرێ، من کە ئەم جوملەیە ئەخوێنمەوە، ئەڵێ (يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة)، ئەوەی ئەمڕۆ باسی ئەکەین، (الوظيفة او العمل)، یەعنی کە یەکێك لە پارێزەران پارێزەری بکات وەزیفەی چی و عەمەلی چی؟ من لەمەیان تێناگەم؟ (او اية حقوق تقاعدية من صندوق اخر)، یەعنی ئەمە سێ ئیش لە یەك کات لە یەك کەسدا کۆبۆتەوە، ئینجا ئەڵێ (على ان لا يزيد مجموعها على (1،800،000) مليون و ثمانمائة الف دينار)، ئەمە مانگانەیە، حەز ئەکەم ڕوون کردنەوە بدرێ بۆ ئەوەی بتوانین دەنگ بۆ ئەم برگەیە بدەین کە لیژنەی یاسایی ئیزافەی کردووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە برادەران قسەی منیان کرد، کاك جلال تەقریبەن زۆربەی مولاحەزاتی وت، بۆیە زمانەوانی تەواو نیە، پێشنیار ئەکەم ئەگەر بنووسرێ ئەو پێشنیارەش بۆ دکتۆرە ڕۆژانم ناردیە، (يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة و و اية حقوق تقاعدية اخرى بغض النظر عن مصدرها .....) چ لە وەزیفە بێ یان سندوقێکی تر بێ، (على ان لا يزيد مجموعها على (1،800،000) مليون و ثمانمائة الف دينار شهريا)، ئیزافە بکرێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیم لەگەڵ هاوڕێکانمە، بەڕاستی ئەو مەرجە مەرجێکی تەعەسوفیە، کابرا بەری ڕەنجی جوهدی شانی خۆی ئەخوات، بۆیە داواکارم ئەو مەرجە لادرێ، (يجوز الجمع) و تەواو بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی (يجوز الجمع بين حقوق التقاعدى) لەگەڵ وەزیفە و کار ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێمان باشە وشەی (عمل) لادرێ، دوو، هەندێ کەس هەن، کاك برهان خۆی باش ئەزانێ لە ژوورەکە بووە، هەندێ کەس هەن چەند ساڵێك مامۆستا بوون، موەزەف بوون، دواتر بە شەو لە کولیە ئەهلیەکان یان لە کولیەی

حکومـەت قـانونی تـەواو کـردووە و دواتـر ئینتیمـای کـردووە بـۆ نەقابـەی پـارێزەران، بۆتـە موحـامی و مومارەسەی ئیشی خۆی ئەکات، ئیتر زابتی شورتە بووە، مامۆستا بووە، مـوەزەفی مـەدەنی هەیـە، ئەمانـە لـە دائیرەکانی خۆیان بە تەئکید راتبێکی تەقاعودی خۆیان هەیە، و دێتە نەقابەی پارێزەران، حوکمی حـوکمی پارێزەرێکە کە لە پێشەوە وەزیفەی نەبینی بێ، تـەقاعودی لـێ ئەسـێنێ، رسـوماتی لـێ ئەسـێنێ، بۆیـە بـۆی هەیـە ئەگـەر مەعاشـی تەقاعودیەکـەی لـە وەزیفـەی کەسـێ کـە مامۆسـتا بـووە (600) هـەزار وەرئـەگرێ، (700) هەزار وەرئەگرێ، ئەگەر توانی (30) ساڵەکە لە پارێزەرایەتی تـەواو بکـات و شـروتەکانی خـۆی بـە گوێرەی ئەم یاسایە  و یاساکەی پێشوو رسوماتی دەفع کردبێ، پێویستە ئەو بەشە راتبە تەقاعودیەی کە لە دوایە وەری ئەگرێت (600) هەزار دینارەکەی موەزەفیەکەی نەبێ، راتبی تەقاعودی پارێزەرایەتی وەرگرێ کە ئەکاتـە ملیۆنێـك و هەشـت سـەد هـەزار ، ئـەوکات هـەردوو راتبەکـە کۆ ئەکرێتـەوە ئەکاتـە ملیۆنێـك و هەشت سەد، و ئێمە لە ماددەی پێشووتر دەنگمان پێداوە، حیکمەتی ئەو ئیزافەیە ئەوەیـە، بـۆ ئـەوەی ئـەو کەسانەی کـە هاتوونەتـە کـاری پارێزەرایـەتی و ئیلتیزامـاتی خۆیـان جـێ بـەجێ کـردووە و مـوەزەف بـوون چەندەها ساڵ لە دائیرەکـانی دوڵـەت، و ناگەنـە ئـەوەی عـومری تـەقاعودیان تـەواو بکـەن، بۆیـە بـۆ ئـەوەی موحروم نـەبن ئەوانیش بتوانن هەردووکی کۆ بکەنەوە، بە شەرتێك لە ملیۆن و هەشـت سـەد زیـاتر نـەبێ، چونکە پارێزەر هەیە بە پانزە ساڵ تەقاعود ئەبێ، ئەکرێ پانزە ساڵ موحامات بکات، بە نیسبەتی پانزە ساڵەکەی ئەو برەی بەری ئەکەوێت لەگەڵ ئەو برِی هەیـەتی لەئەسـڵی تەقاعدیەکـە کۆ بکرێتـەوە لـە ملیـۆن و هەشـت سـەد هەزار کەمتر نەبێ، بۆیە ئەم نەهجە بۆ ئەوە هاتووە، بۆ ئەو پارێزەرانەیە کە کار و وەزیفەیان هەبووە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان

**بەرێز برهان رشید حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مادده ئیزافیە بە بروا و قەناعەتی قانونی مـن دژی نەزەریەیـەکی قانونیـە کـە پێـی ئـەڵێن نەزەریـەی (اکتساب الحقوق)، کەسێك لە شوێنکی تر جوهدی کردووە، کەسێك کەسبی حقوقێکی کردووە، لە شـوێنێکی تر ئیش ئەکات و کەسبی حقوقێکی تر ئەکات، بە چ حەقێك ئەتوانم بەو شێوەیە تەعەسوفیە کە نەزریـەی تەعەسوف سەیر بکەین لە قانون بەو شێوە تەعەسوفیە حەقێکی لێ ئەسەنمەوە، ئەگەر پـانزە سـاڵی تـەواو نەکردووە و مامۆستا بووە و هاتووە بـووە بـە موحـامی و تەمـەنی تێپـەڕیوە، ئـەوە تەمـەنی تـەقاعودی لـە موحامات دا تەواو نەکردووە، ئەوکات وەکو موزەفێکە کە سنی تـەقاعودی تـەواو نـەکردبێ، پێویسـتە ئـەوە وای لێ بکرێ، بۆیە دانانی ئەو مەرجە دژی نەزەریەی ئیکتیسابی حقوقە، و تەعەسوفیشـە لـە ئیسـتیعمالی حقوق و قانون، نەزەریەی تەعەسوفیش هەیەی لە قانون، لەبەر ئەوەی ئەو مەرجە بە رەئی مـن پێویسـتە لادرێ، ئەو کەسە جوهدی کردووە لە چەند شوێن، کەس خێری پێ ناکـات، بـەری جوهـدی خـۆی ئـەخوات، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە یەك فەلسەفەی ئەو قانونەی تێناگەم، ئێمە تا ئێواریٚ دیفاع لەوە ئەكەین ئەوە سندوقە، پیاوێك ماموٚستا بووە، ئیشی كردووە، دوایی موحاماتی خوێندیە، لە سندوق ئێستا ئیشتیراكی خوٚی دایە، باشە بە چ حەقێك بلێم نابیٚ راتبی هەردوو تەقاعودیت لە ملیوٚن و هەشت سەد هەزار زیاتر بیٚ، قەینا نابیٚ (جمع بین راتبین تقاعودی) ئەگەر هەردووكی دوڵەت بیٚ، بەلاٚم ئەوە دەوڵەت نیە، یەكێكی دوڵەتە، یەكێكی مەفروزە نیقابە هەر بە لای سیستەمی دەوڵەت نەچێت بە چ حەقێك؟ ئەوە لە حكومەت ئەكریٚ بە تەنیا، ئەو (لایزید) قەت ناكریٚ ، ئەدی كو ئەو نیزامە موئەسەساتیەی فەرز ئەكەین؟ كو ئەڵێین نیقابەی موحامین تەشجیع بكەین و نیقابەی موهەندیسین تەشجیع بكەین؟ خوٚ ئەوە دەوڵەت نیە بلێم (لا یجوز الجمع بین راتبین تقاعدیین)، برادەران بەراستی ئەوە زوڵمە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەتەویٚ ئەو ماددەی لەغو بكریٚ؟

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

مەرجەكەی لەغو بكریٚ (علی ان لایزید) لەسەر ملیوٚنەك و هەشت سەدی، نابیٚ ئەو مەرجەی بوٚ دابنریٚ، تەحدید بكریٚ، چونكە ئەو تەقاعودیە بابەكە، سندوقی موحامات بابێكی ترە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عومەر هەورامی

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وای نابینم غەدرێك لە پارێزەر بكریٚ بەوەی كە زوڵمی لیٚ بكریٚ یان حەقی بخوریٚ، بە پێچەوانەوە ئەڵێم ئەو ماددەیە ئیكتیسابی مەیزەیەكی بوٚ ئەكات، ئەویش ئەوەیە ئەتوانیٚ دوو راتبی تەقاعودی وەرگریٚ، بەلاٚم یەك مەرجی تیێدایە ئەویش ئەوەیە نابیٚ لە ملیوٚنێك و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر بیٚ، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ناكریٚ كەسێك بوٚ نموونە ئەوەی كاك (عمر) وتی پانزە ساڵ خزمەتی پارێزەرایەتی هەبیٚ و راتبی ئیمكانە كوٚی بكاتەوە لەگەڵ ئەو خزمەتەی پێشووتر لە شوێنێكی ئیداری هەیبووە، زیاتر بیٚ لەوەی كە كەسێك (25) ساڵ، یان (30) ساڵ خزمەتی هەبیٚ لە پارێزەرایەتی، من لەگەڵ ئەوەم بڕەكە وەكو خوٚی بمێنێتەوە، ئەگەر جەمعمان كرد ئەوە مەیزەیەكە ئەیدەن بە پارێزەر، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەش مەرجەكەی لەگەڵ بیٚ كە نابیٚ لە ملیوٚنێك و هەشت سەد زیاتر بیٚ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان

**بەرێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هەر ئەبێ تەعدیل بکرێ، چونکە رەقەمەکەی باسی هەزار و پێنج سەد دینار ئەکات لە ئەسڵی یاساکە، لەبەر ئەوە ئەبێ تەعدیل بکرێ، بەس ئەوەی ئێمە تەرحمان کرد، من پشتگیری ئەوانە ئەکەم کە تەحدید کردنی رەقەمەکە لادرێ، چونکە ئەوە ماف و ئیمتیازاتی خۆیەتی، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تێبینی ئەوەی بکەین، پێشنیاری لیژنەی یاسایی بۆ ئەو ماددەیە لەبەر ئەوەی بوو کە دەست کاری لە ماددەی پێشوو کرا، رێژەی تەقاعودی زیاد بوو، بووە یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار، لەوە زیاتر نیە، واتە لەوێ دەنگمان لەسەر بابەتێك دا کە نیسبەکە بووە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار دینار، ئەسڵی قانونەکە لە ماددەی 16 ئەڵێ (يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة و الوظيفة او العمل او اية حقوق تقاعدية من صندوق اخر على ان لا يزيد مجموعها على (750) سبع مائة وخمسون الف دينار، واتە کە لەوێ ماددەکە دەنگی هێناو نیسبەکە بووە ملیۆنەك و هەشت سسەد هەزار دینار، ئەبێ ئێرەش بکرێتە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار دینار، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

دووجار قسەتان کرد، نابێ سێ جار قسە بکرێ لەسەر یەك مەوزوع، سێ نوقتە نیزام چۆن ئەبێ؟ هەردوو بۆ چوونەکە ئەخەینە دەنگەوە

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەیەکمان بۆ هاتووە، لەگەڵ سیاغەکەی کە لە لیژنەی یاسایی سیاغە کراوە وەکو یەك وایە، بەلاّم پاش و پێشیەکی تێدایە لە لایەن کاك (جمال)ەوەیە، بەم شێوەی خوارەوە

المادە 16: يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة و و اية حقوق تقاعدية اخرى بغض النظر عن مصدرها على ان لا يزيد مجموعها على (1،800،000) مليون و ثمانمائة الف دينار.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ نابێ سێ جار نوقتە نیزام کاکە، دەنگی بۆ مەدە، کاك عمر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

الماده 16:يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة و اية حقوق تقاعدية اخرى بغض النظر عن مصدرها على ان لا يزيد مجموعها على (1،800،000) مليون و ثمانمائة الف دينار

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (42) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (16) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

الماده 5:لا يعمل بای نص قانونی او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون

لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە ئەکات بەو شێوەی لە پرۆژەکە هاتووە

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک پێشەوا نوقتەی نیزامە؟ فەرموو

**بەرێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ئەو ماددەیە بدرێ، پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی ئەکەم، ئێمە لە یاسای پێشتر ماددەیەکی تێدابوو تایبەت بوو بەو پارێزەرانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان خزمەتی پارێزەرایەتیان هەیە و کاتێ دێنەوە هەرێم ئەو ماددەیە هەموار کرا، بۆیە ماددەی (22) بە هەمان شێوە لە ئەسڵی ئەم یاسایە دووبارە بۆتەوە، پێم وایە ئەوەش هەمواری بوێتەوە، بۆیە داوا ئەکەم لیژنەی یاسایی سەیرێکی بکەن، ئەگەر پێویست بوو هەمواری بکەنەوە

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو قانونەی پێویست ناکات، وەکو خۆی بمێنێتەوە، ماددەی (22) باشترە

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەی پێشتر خوێندرایەوە (لا يعمل بای نص قانونی او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون)، کێ تێبینی هەیە؟ کاک کاردۆ نوقتەی نیزامە؟ فەرموو

**بەرێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک پێشەوا ئەو تێبنیەی دا، ئەڵێ ئەو ماددەیە پێویست ناکات، لەسەر چ ئەساسێك پێویست ناکات؟

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە قانونی سندوقی تەقاعودی مەحامی ماددەی (22) بەو شکلەیە:**

**لا تحتسب لاغراض هذا القانون مدة ممارسة المحاماة خارج الاقليم بعد تاريخ تشكيل اللجنة المؤقتة لنقابة محامي كوردستان في 1993/1/3.**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك پێشەوا فەرموو**

**بەرێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

**دیارە لە گفتوگۆی پێشتری پرۆژە یاسای پارێزەران کاك عبدالسلام سیاغەیەکی دا بە لیژنەی یاسایی بۆ هەمواری ئەم ماددەیە، هەمان ماددە لە یاسای پێشتر دووبارە بۆوە، من وائەزانم لەوێ موعالەجەی ئەوەمان کرد کاتێ کەسێك لەدەرەوە کاری پارێزرایەتی ئەکات و دواجار بە پێی ئەم یاسایە بۆی هەیە هاوبەشیی سالآنە بدات، یەعنی چۆن لێرە مەحرومی ئەکەی لەو حەقەی کە سندوقی خانەنشینی شمولی بکات؟ بۆیە من پێم باشە لیژنەی یاسایی ئەو سیاغەی پێشووتر بخوێننەوە، چونکە تەعاروز ئەکات لەگەڵ ئەو یاسایە، هەردوو یاسا رەبتیان بە یەکەوە هەیە**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عمر**

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی کاك پێشەوا باسی ئەکات راستە، وابووە، ئێمە خۆمان ئەو حاڵەتانەمان هەبووە لە نەقابەی پارێزەرانی عێراق لە بەغدا موسەجەل بووین لە ساڵی هەشتاکانەوە و نەوەت و سێ کە نەقابەی پارێزەرانی کوردستان تەشکیل بوو لەوێ تەسجیل کراین، و ئەو خیدمانەی کە لە نەقابەی پارێزەرانی عێراق هەمان بووە هەموومان بۆ حیساب کراوە، بۆ هەموو پارێزەرێك لە دوای 1993/1/3 ەوە تا ئێستا ئەو خیدمانەی هەر پارێزەرێك لە خاریجی ئەقلیمی کوردستان یەعنی لە بەغدا ئینتیمای کردبێ ئەوکاتە مودەی ئینتیماکەی بۆ حسیاب کراوە، ئێستا بۆ هەموار حسێبە و مەشمولیشین، و موستەفیدیش ئەبن، من نا کە ئێستا موحاماە ناکەم و لێ بوومەتەوە، ئەوانەی کە موحامین موستەفیدن لەو خیدمەی لە بەغدا هەیان بووە، سوپاس**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس تێبنی هەیە؟ کەواتە کێ لەگەڵ دایە؟ (1) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرمووو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون

لیژنەی یاسایی لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەو ماددەیە بەو شێوەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرمووو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بالنسبة للمادة السابعة: ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

لیژنەی یاسایی سیاغەی ماددەکەی بەو شێوەیە کردووە

بالنسبة للمادة السابعة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

واتە وشەی (اعتبارا)ی بۆ ئیزافە کراوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرمووو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بالنسبة (للاسباب الموجبة) تقترح اللجنة اضافة الاسباب الموجبة للقانون و كالأتي:

لارتفاع تكاليف المعيشة وبغية رفع الراتب التقاعدي للمحامي المحال على التقاعد و انصاف المحامين المحالين منهم على التقاعد قبل نفاذه بتعديل رواتبهم، فقد شرع هذا القانون

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نیە، چونکە ئەسبابی موجەبە لە ئەسڵی پرۆژەکە بۆ ئێمە نەهاتووە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ 2 کەس تێبینیان هەیە، کاک جمال و کاک عبدالسلام، فەرمووو کاک جمال

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر بڵێین و سەریری سیاغە بکەین، (لارتفاع تکالیف المعیشة)، ئەوە موبەریر نیە، ئەوە بۆ هەموو کەسێکە، ئەگەر سەیری جوملە بکەین (وبغیة رفع الراتب التقاعدي للمحامي المحال علی التقاعد و انصاف المحامین)، جارێك بە موفرەد هاتووە، جارێك بە جەمع هاتووە، ئەوەی لە موستەقبەل ئەڕوات مەعنای ئەوە ناگەیەنێ، من نەصێکم نارد بۆ لیژنەی یاسایی، ئەگەر بنووسن (لارتفاع تکالیف المعیشە وبغیة رفع الراتب التقاعدي للمحامي المحال والذي یحال، ئەوەی پێش ئێستا و ئەوەی موستەقبەل، علی التقاعد و فقد شرع هذا القانون، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عبدالسلام.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کاك جمال ئەم تێبینیەی لە سەرەتاوە دەربڕی، وامزانی تێبینیەکی زۆر مەعقولە، تا ئێستا نەصێکی تر لەباتی ئەوە دێت، چونکە هەر (ارتفاع معیشە) ببێ بۆ کەرتێك بەتەنیا پارە زیاد ناکرێ، بۆیە تکا ئەکەم بە سینگێکی فراوان ئەم جوملەیە لابدەن و شتێکی جوانتر بنووسن، بۆ مەعلوماتیش هەر زیاد کردنی پارە ئەبێتە سەبەبی تەزەخوم و ئیرتیفاعی تر، واتە ئێمە چیمان کرد؟ هاتین یاسایەکمان دەرکرد تاکو بەردەوام بێت (ارتفاع معیشە) کە، بەراستی ئەبێ ئەو جوملەیە بگۆڕدرێت، دووەم، ئێمە لە لایەکەوە ئیلزامی حکومەتمان کردو چوو، کە پارە بدات بۆ عیجز، لە لایەکی تر موحامیەك لە دەرەوەی ئەم نەقابەیە لە پێش ئەسڵەن پەیدا بوونی ئەزموونی کوردی، دێین (900) هەزار دیناری بۆ بە تەقاعود دائەنێین، ئەمە چ عەدالەتی تێدایە؟ ئێمە گوتمان ئەوانەی (الذین اصیلوا علی التقاعد علی اساس (3) الف دینار لکل شهر)، تەقاعودەکەیان (25) ساڵە، واتە سێ سەد مانگە، سێ سەد مانگ (×) (3) هەزار، ئەبێتە (900) هەزار، چەند کەس لە کوردستان (900) هەزار وەرئەگرن و لەسەر چ ئەساس؟ تەنیا موحامی موتەقاعودە پێش دامەزراندنی حوکمڕانی کوردستانی؟ بۆیە هەر دوو هۆیەکە بە تەصەوری من داوای لێ بووردن ئەکەم قسەی ڕەق ئەکەم، ئەسڵەن هەر شەرمەزاریە ئەمەی تێدابێ، و دووەم، ناگونجێ و مەعقول نیە تۆ بڵێی لەبەر ئەوەی مستەوای مەعیشە لە هەموو کوردستان بەرز بووە، تەنیا موحامی سوودمەند ئەبن، بۆیە پێشنیار ئەکەم مەجالیان بدەینێ سیاغەیەکی تر بکەن، بە مەرجێ ئەم هەردوو سەبەبە تێدا نەبێ، ئێمە قبول ئەکەین چی بێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی یاسایی**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیارەکەی کاك (جمال طاهر) وبغیة رفع الراتب التقاعدي للمحامي المحال والذي یحال علی التقاعد فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ئەسبابی موجەبە و قانونەکە بە تێکڕایی تکایە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (11) کەس لەگەڵ دا نیە. بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئومێد ئەکەین ئەمە خێری هەموو لایەکی تێدابێ، موحامیەکان بتوانن باشتر کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، دەست خۆشیش لە ئیوە ئەکەین، هەر بژی، تا بەیانی سەعات 11 بە خواتان ئەسپێرین .**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێرا** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 28\5\2013

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (24)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/5/28

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/5/28 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (24)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/5/28 دا بەم شێوەیە بێت:**

1. خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای صندوقی داهاتەكانی نەوت و غاز لە هەرێمی كوردستانی عێراق.
2. خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 كە تایبەت بە هەمواركردنی پیادەكردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستانی عێراق.
3. خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای كانزا نا پۆڵاییەكان لە هەرێمی كوردستان.
4. خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاریەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتنی (24) ڕۆژی دانیشتن 2013/5/28، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (24)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/5/28، بەم شێوەیە بێت**

**1. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای صندوقی داهاتەکانی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**2. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەت بە هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**3. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای کانزا نا پۆلاییەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**4. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، لەبەر ئەوەی بۆ گفتوگۆکردن لە سەر خاڵی یەکەم، وەزیری مەعنی کە مەفروزە لێرە ئامادەبێ، لەبەر کۆمەڵێك مەسائیلی فەنی لەبەر شەرح و وەڵامدانەوەی یان ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێك مەسائل بەکارێکی زەرووری سەفەری کردووە، بۆیە دەستەی سەرۆکایەتی وامان پێ باشە کە ئەو خاڵە موناقەشە نەکرێ بەبێ حزووری وەزیر، لەبەر ئەوە خاڵی یەکەم تەئجیل دەکەین تا وەزیر لە سەفەرەکەی دێتەوە بە ئومێدی ئەوەی لە هەفتەی داهاتوو وەزیر بێتەوە ئامادەبێ بۆ موناقەشەکردنی ئەم خاڵەی بەرنامەی کار، بۆیە دەچینە سەرخاڵی، دووەم: خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەت بە هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی یاسایی بۆ ئەم خاڵە چ ئامادەسازیەك کراوە تکایە بفەرموون،**

**بەڕێز عونی کمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ڕاپۆرتی کۆتایی سەبارەت بەو بڕگەیە ئامادەنەکراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی، بۆیە داوا دەکەین ئەم بڕگەیەش دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرمووسۆزان خان،**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم یاسایە بەتایبەتی لە مانگی حەوتدا ئەبێ جارێکی تر چارەسەری بکرێتەوە کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەیە ئەوە چەندین ساڵە ئێمە لەوەتەی ئەم یاسایە دەرچووە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە یا ئەوەتا ئەو یاسایە دەبێ بڕیار بدرێ کە کۆتایی پێ بهێنرێ کاری پێ نەکرێ، ئیلغا بکرێتەوە یان ئەوەتا دەبێ تەعدیلەکە بکرێ کە لەساڵحی بەینی کرێچی و خاوەن موڵك چارەسەر بکا، تەئخیر بوون لە نووسینی ئەو راپۆرتانە بەڕاستی کارێکی زۆر گەورەو نەشیاوە ئەگەر بڵێم، لەبەر ئەوەی ئەمە پرسی کۆمەڵێك خەڵکی زۆر زۆرە کە کرێچین، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەگەر تەئجیلیش بکرێ هەتا هەفتەی داهاتوو ئەگەر نا بەڕاستی من داوا دەکەم بەفەرمی لێرەوە ئەو یاسایە هەر ئیلغا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووشلێرخان،

**بەڕێز شلێر محمد نجیب: :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پڕۆژە یاسایە بەڕاستی وەکو سۆزان خان وتی لەبەر ئەوەی کێشەی زۆر گەورەی لێ دەکەوێتەوە و بۆشمان دەرکەوت کە چووە بواری جێبەجێکردنەوە لە مەحاکم وای لێ هات خەریك بوو، ببێ بە کێشەی کۆمەڵایەتی و خەڵکێکی زۆر زەرەرمەند دەبوون، ئێمە خۆمان چەند ئەندامێکی پەرلەمان لە دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە تایبەتمەندن بەو کێشەیە، و لەگەڵ زەریبەی عەقاردا بەتایبەتی خۆیان پێیان باش بوو کە ئەو پڕۆژە یاسایە بەو شێوەیە دەربکرێ، یەعنی ئەوە نییە شتێك بێ هەر ئێمە شارەزا نەبین لە مەوزوعەکە تەقدیمان کردووە، لەبەر ئەوە تکا دەکەم وەکو سۆزان خان وتی بۆ هەفتەی داهاتوو هیوادارم ئەو لیژنە مەعنیە کە بەتایبەتی لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆی تەواو بکا، چونکە ئەوان دەڵێن یەعنی راگرتنەکەشی جارێکی تر هین بکەنەوە ئێمە ئەوەشمان ناوێ، چونکە خاوەن موڵکیش هەیە زەرەرمەندە، و کرێچیش هەیە زەرەرمەندە، ئەو یاسایەی کە ئێمە پێشکەش مان کردووە بەلانسێك رادەگرێ کە هەردوو لا مەسلەحەتی بپارێزرێ، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێمەش لەگەڵ رەئی ئێوە داین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، و داوا دەکەین لە لیژنەی یاسایی بۆ هەفتەی داهاتوو چ بە تەئجیل کردنی یان بە جێبەجێکردنی قانونەکە تکایە ئامادەسازیمان بۆ بکەن فەرموو کاك حەمە سعید،

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویڕای پشتگیریم بۆ قسەكانی سۆزان خان و شلێر خان داوا دەكەم جارێكی تر تەئجیل نەكرێ، چونكە ئەوە دووجار تەئجیل بكرێ، و لە سلێمانی چەندین جار كۆمەڵێك خاوەن موڵك و كۆمەڵێك كرێچی هاتنە نووسینگەی پەرلەمان، و ئیمزای وەكو خۆیان باسیان كرد زیاد لە هەزار ئیمزاشیان كۆكردبۆوە، هەتا قسەی ئەوەیان دەكرد كە ئەمە دەستێك هەیە یەعنی ئەوان دەیان وت چەند كەسێكن نایانەوێ ئەم یاسایە دەربچوێنرێ، بۆیە من پێم باشە تەئجیل نەكرێ، و هەفتەی ئایندە راپۆرت ئامادە بكرێ، و بخرێتە گفتوگۆكردن بۆ ئەوەی یاساكە پەسەند بكرێ بە هەر شێوازێك بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك حەمە سعید ئێمە ناتوانین قەرار بدەین نە من بەتەنیا نە جەنابت بەتەنیا، ئەوە رەئی شەخسی خۆتە و هەر كەس رەئی شەخسی خۆی دەڵێ، بەڵام بۆ بەردەوام بوون لە سەر موناقەشەی یاساكە یان تەئجیل كردنی ئێوە قەراری دەدەن هەفتەی داهاتوو ئێمە جارێ ئیتیفاق لە سەر ئەوە دەكەین، داوا دەكەین لە لیژنەی یاسایی بۆ هەفتەی داهاتوو مەشروعی قانونەكە ئامادە بكەن بۆ ئەوەی موناقەشە بكرێ، شەرت نیە موناقەشە بكرێ خۆت دەڵێی، یەعنی موناقەشە بكرێ تەئجیل بكرێ، ئێوە قەرار دەدەن لە سەر مەسەلەكان، دەزانی چییە ئەگەر نوقتەی نیزام بدەین ئەمە یەك، ئەمە دوو، ئەمە سێ، چوار وەختەكەمان زۆر دەكوژێ، موهیم ئەوەیە، فەرموو كاك كاردۆ،

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە گرفتێكی گەورەمان لە دانانی بەرنامەی كار هەیە، هەفتانە دێینە ئێرە بەرنامە دادەنێن دوایی لە پڕ بەرنامەكە دەگۆڕین یان راپۆرتێك دەینن كە پێشتر بڕیاری لە سەر نەدراوە كە پەیوەندی بە پڕۆژە یاسایەكە، ئەو یاسایانەی كە بەنیسبەت ئێمە گرنگە قسە لە سەر یاسای بەكریدانی خانووبەرە دەكرێ، لە كاتێكدا ئەوە چەندین جارە ئەم یاسایە دوا دەخرێ، یاسایەك پیادە نەكرێ لە كوردستان دا ئامانج لە هەبوونی چییە؟ ئەوە خاڵێكیان، خاڵی تر: ئێمە دانیشتووین لەگەڵ ئەوانەی كە پەیوەندارن راپۆرت نووسرا ئەمڕۆ بەیانی كاك عەونی بە منی وت وتی هەندێك ئیشكالات دروست بووە، یەعنی پێویستە كارەكانی خۆمان رێكخەین بە شێوەیەك ناكرێ ئێمە ئەمڕۆ خۆمان ئامادە دەكەین بۆ یاسای صندوقی داهات كۆبونەوەی لە سەر دەكرێ، ئامادەكاری دەكرێ، لە پڕ دەڵێن وەڵلا وەزیر ئامادە نییە با تەئجیلی بكەین بۆ یاسایەكی دیكە، یاسای بەكرێدان تەئجیل بكەین بۆ هەفتەیەكی تر لە كاتێكدا ئێستا راپۆرتێكیش هەیە پەیوەندی بە یاسای بەكرێدانی خانووبەرە هەیە، و پێشم وایە قسە لە سەر هەر یاسایەك دەكەین دەرفەتێك بدەینە برادەران نیو سەعاتێك، بۆ ئەوەی ئامادەكاری بكەن بۆ ئەو یاسایە قسەی لە سەر دەكەین، لە پڕ یاساكە دێتە ئێرە زۆر برادەر ئاگادار نیە بە حوكمی ئەوەی ئاگادار نەكرایەتەوە، رەئی دەدا كێشە دروست دەبێ ئەو یاسایە بەو شێوەیە دەرناچێ، كە ئامانج لێی دەستەبەركردنی مافی هاووڵاتیانە یان ئەو بوارەیە كە پێویستە پێی، من لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەپرسم هەفتەی پێشوو قەرار نەبوو یاسای موحەقیقینی عەدلی ئەوەی كە ئینفاز بكرێ، قەرار نەبوو

یاسای خدمەی جامیعە بخرێتە بەرنامەی کار بۆ ئەو یاسایانە دەخرێنە بەرنامەی کار کە وەزیر ئامادە نییە یان راپۆرتی ئامادە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

حەق وایە ئەو قسانە لە لیژنەی یاسایی بکەی، جەنابت ئەندامی لیژنەی یاسایی، لە لیژنەی یاسایی ئەو قسانە بکە، لە خۆتەوە قسە مەکە کاك کاردۆ تکایە ئیجازە وەرگرە، من قسە دەکەم جارێ، قسە بە من مەبڕە، جەنابت ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەو موناقەشەیە لە لیژنەی یاسایی بکە، بڕۆ بۆ لایان بڵێ ئەمە لە بەرنامەی کارە بزانە ئامادە بووە، ئامادە نەبووە؟، کەی لەوێ ئەو موناقەشەتان کرد موشکیلەش بۆ ئێمە کەمتر دەبێتەوە، ئێمەش ئێستا زانیومانە هەندێك لەوانە کە وەزیر سەفەرێکی کت و پڕی هاتۆتە پێش سەفەری کردووە، خۆ بڵێین نابێ سەفەر بکەین مەسائیلی زەروری هەیە، دووەمیان ئەوە موناقەشەی مەوزوعێك سێ رۆژ، چوار رۆژ دواتر یان پێشتر چ تەئسیر لە مەسەلەکان دەکات، ئێمە هەفتەی داهاتوو هەموو ماددەی یەکەم لەم بەرنامەی کارە جەنابی وەزیر بانگ دەکەین، و دەبێ حزوری هەبێ، موناقەشە دەکەین وردە وردە ئەوانەی خراوەتە بەرنامەی کار موناقەشەی دەکرێ خۆ هەموو شتێك ناخرێتە بەرنامەی کار بە یەك جاری، ئێستا چوار خاڵی تێدایە ئەوە هەر چوار خاڵێش زەرورییە، هەر یەکێکیان لە سەر داواکاری ئێوە بووە، ئیتر بۆچی بە هەر حاڵ ئەوە لیژنەی یاسایی تەئجیل دەکەین بۆ هەفتەی داهاتوو فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئاگادارن لەوەی ئێمە لە 4/18/ وە کۆبوونەوەمان کردووە لە سەر یاسای بەکرێدانی خانووبەرە، و مسوەدەکی راپۆرتمان ئامادەکردووە، بەڵام دەرفەت نەکرا دووبارە دابنیشین موناقەشەی بکەین، بۆیە من بەیانی بە کاك کاردۆم وت ئەوە مسوەدەی راپۆرتەکە ئامادەیە نوسخەیەکم دایی، و چەند نوسخەیەکم دا ئەندامی لیژنەی یاسایی تری پەرلەمان، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر دەوڵەمەندی بکەین، و تەئجیلی ناکەین، ئیشی لە سەر دەکەین، هەمواری دەکەین ئەو یاسایەی کە کاتی خۆی بە ژمارە (9) دەرچوو لە ساڵی 2008 مەبەستمان تەئجیل کردن نیە بڵێین تەئجیلی بکەن واتا کاری پێ نەکەن، نەخێر هەمواری دەکەین بەو شێوەیەی کە بتوانێ عەدالەتێ پەیدا بکا لە نێوان کرێچی و ساحب موڵك، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو بۆ خاڵی سێیەم لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خستنه ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژه یاسای كانزا نا پۆلاَییەكان لە هەرێمی كوردستان، ئێمە راپۆرتمان لە سەر ئەو بابەتە نەنووسیە، ئێمە سەر سوڕمان بووین بۆ ئەمە لە بەرنامەی كار دانرا بەڕاستی، دەبوایە مشاوەرەمان لەگەڵ بكەن ئاگامان لێ بێ، راپۆرتی لیژنەی یاسایی لە سەر ئەو بابەتە نەنووسراوە، داوا دەكەین ئەوەش دوا بخرێ بچینە سەر بڕگەی چوارەم،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئیمە داوا لە لیژنەی پیشەسازی دەكەین بۆ هەفتەی داهاتوو راپۆرتەكانی خۆیان ئامادە بكەن، كۆبوونەوەشیان كردبوو بەپێی مەعلوماتی ئێمە، بەلاَم نەگەیشتبوونە هیچ نەتیجەیەك، دەبوو راپۆرتێكی ئامادەسازی بكەن، بەهەر حاڵ ئێستا دێینە سەر خاڵی چوارەم، ئەویش خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای ماڤ بەدەست هێنانی زانیاریەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری با بفەرموون بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان، ببوورە ناسك خان لەو مەوزوعانە نوقتەی نیزامی نەماوە، ئێمە پێمان خۆشە ئەو پێنج لیژنەیەی كە راپۆرتێكی موشتەرەكیان نووسیوە هەر یەكە نوێنەری خۆی بنێرتە سەر سەكۆی لیژنەكان، ئەو پێنج لیژنەیەی كە راپۆرتێكی موشتەرەكیان نووسیوە بۆ ئەم خاڵە، ئەگەر لە سەر خاڵی چوارەمە، ئەگەر نا بۆ ئەوانی دیكە مەجالی قسە كردن نیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو بۆ هاوكاریەكی دانیشتنەكە، یەعنی بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاومان روون بێ، و بە توانا تر بین لە بەشداریكردندا، ئێمە خۆمان بۆ گفتوگۆی صندوقی داهاتە نەوتیەكان ئامادەكردووە، ئێستا ئەو پڕۆژەیە هاتۆتە پێشەوە ئەو پێشنیازەی كاك كاردۆ زۆر زۆر باشە كە تۆ لایەنی كەم نیو سەعات تا سەعاتێك دەرفەت بدەی بە ئێمە بۆ ئەوەی هەر تۆزێك خۆمان كۆ بكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەگەر ئێوە دەتانەوێ نیو سەعات تەئجیلی دەكەین بۆ ئەوەی ئێوە خۆتان ئامادەسازی بكەن بۆ خاڵی چوارەم، فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیحتیماله هەندێك لە ئەندامان نوسخەی راپۆرتە موشتەرەكەكەیان لەلا نەبێ، خۆ ئامادەكردن چییە؟ (5) لیژنە یەعنی (55) ئەندام پەرلەمان لەم راپۆرتەدا ئامادەكاری بووە، بۆیە من داوا لە جەنابت دەكەم لە چارەگێك تا دە دەقە زیاتر نەبێ بۆ ئەوەی هەموو ئەندامێك ئەم نوسخەیەی لا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

تا سەعات (12) دانیشتنەكە دوا دەخەین سەعات (12) دێینەوە هۆڵەكە، لیژنەی هاوبەش ئەی لەبارەی ئەو شەش ماددەیەی كە وەختی خۆی موناقەشەكرا، ئەوە چۆن تەعامولی لەگەڵ دەكەن؟، فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش سیاغەی بۆ ئەو شەش ماددەیەی کە کاتی خۆی موناقەشەی لە سەر کرا ئامادەکردووە ئێستا یەکە یەکە ماددەکان دەخوێنینەوە، ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر ڕەزامەندیان لە سەر کرد با دەنگی لە سەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

هەر تەسویتە، چونکە موناقەشەی لە سەر کراوە، بە بەڵێ یان نەخێر، فەرموو،

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێز کاک عەونی وتی ئێمە شەش ماددە لە ناو هۆڵی پەرلەمان وتو وێژی لە سەر کراوە دواتر ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش ئامادەمان کردۆتەوە بۆ دەنگدان، سەبارەت بە ناوی یاساکە لە پڕۆژە یاساکەدا نووسراوە، پڕۆژە یاسای ماف بەدەست هێنانی زانیاریەکان (یاسای ڕووناکی) لە کاتی وتو وێژ ئەم پێشنیارانە خراونەتە ڕوو بەم شێوەیان لێ بێ: چوار پێشنیار هەیە، یەکەم: یاسای ماف بەدەست هێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: یاسای ماف بەدەست هێنانی زانیاریەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

سێیەم: یاسای بەدەست هێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان.

چوار: یاسای ماف بەدەست هێنانی زانیاریەکان، بەعەرەبیەکەی لە بری (قانون الضوء) بکرێ بە (قانون النور)، ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ئەوە داین کە ناوی یاساکە، یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری بێ،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو شێوەیەی کە لەلایەن لیژنەی هاوبەش خوێندرایەوە کە پێنج لیژنە هاوبەش ئیتیفاقیان لە سەر کردووە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا فەرموون بۆ ماددەی دووەم،

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی بچینە سەر ماددەی یەکەم، سەبارەت بە ناونیشانی بەشی یەکەم پێشنیار هەیە، کە لە واتای زاراوە و ئامانجەکان لێکدانەوەکان بگۆڕدرێ بۆ پێناسە و ئامانجەکان لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ئەم پێشنیارە دایە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەو ناو نیشانەی کە لیژنەی هاوبەش ئیتیفاقی لە سەرکردووە، خوێندرایەوە، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا فەرموون بۆ خاڵێکی تر دووەم،

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش پێمان باشە لەبەر ئەوەی چونکە لەناو بڕگەکانی ئەو ماددەیەدا جیاوازی بیر و را هەبووە پێمان باشە بڕگە، بڕگە ماددەی یەکەم دەنگی لە سەر بدرێ، بەم شێوەیە: لەم یاسایەدا مەبەست لەم زاراوانە ئەو واتانەیە کە لە بەرامبەر هەر یەکێکیان دا هاتووە

1. هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەوە گرفتی لە سەر نەبووە،

2. لە بری ئەنجومەن بکرێتە پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

3. ئەو بڕگەیە چونکە پەیوەندی بە ماددەکانی ترەوە هەیە پێویستە بە دەنگدان ساغ بکرێتەوە، ئەویش سێ رەئی هەیە، رەئی یەکەم: هیچ دەستە یان ئەنجومەن و دەزگایەك نەبێ واتا ئەو بڕگەیە لابرردرێ، رای دووەم ئەوەیە کە لە بری دەزگا بکرێ بە ئەنجومەن، رای سێیەم ئەوەیە دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بێ، ئەو سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بکات، ئەو بڕگەیە بڕگەی سێیەم رای جیاوازی لە سەر هەبووە لە ناو هۆڵی پەرلەمان لە کاتی گفتوگۆکاندا هەندێك لە پەرلەمانتاران کە پێیان وابووە کە پێویست ناکات هیچ دەستەیەك بۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە دابنرێ، رایەکی دیکە هەبووە لە جیاتی ئەوەی کە لە بری دەزگا ئەنجومەنێك دابمەزرێ ئەنجومەنێك کە بە سەرۆکایەتی وەزیری رۆشنبیری ئەمە کە پێشتر ئەم رایە لە ناو هۆڵی پەرلەمان هەبووە، رای تر ئەوە بووە ئەم ئەرکە ئەرکی ئیشرافکردن یەعنی با بڵێین سەرپەرشتی کردنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بخرێتە ئەستۆی دەستەی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە پاڵ ئەرکەکانی تردا، ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لەگەڵ رای سێیەمین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

رای سێیەم بخوێنەوە، فەرموو،

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای سێیەم ئەوەیە، تەعریفەکە ئاوا دێت، دەستە: دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ـ هەرێمی کوردستان

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیغەیەی خوێندرایەوە تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر،

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم سەرۆك: نووسراوە سەرۆك یەعنی سەرۆکی دەزگای رووناکی، رای لیژنەی هاوبەش لەگەڵ لابردنی ئەو بڕگەیە، یەعنی بڕگەی چوارەم لا ببرردرێ،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو پێشنیارەی کە لیژنەی هاوبەش کردۆیەتی، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم: دام و دەزگای گشتی، مەبەست لە دام و دەزگای گشتی سەرجەم دام و دەزگاکانی یاسا دانان، جێبەجێکردن، دادوەری و کارگێڕیە خۆجێییەکان و دەستە سەربەخۆکان، ئەوە رای لیژنەی هاوبەشە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیغەیەی کە خوێندرایەوە رای لیژنەی هاوبەشە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: دام و دەزگای تایبەتی: مەبەست لە دام و دەزگاکانی تایبەتی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یان هەر رێکخراوێکی نا حکومی یان دەستەیەك کە مەرفەقێکی گشتی بەڕێوە دەبات یان بازرگانی دەکات یان پیشەیەك دەکات یان حکومەت تەمویلی دەکات و کەسایەتیەکی قانونی هەبێ،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیغەیەی کە خوێندرایەوە کە رای لیژنەی هاوبەشی لەگەڵە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ کەواتە یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەوتەم: فەرمانبەری تایبەت: ئەو فەرمانبەرە یان کەسەیە لەلایەن دام و دەزگایەکەوە دیاری دەکرێ بۆ سەیرکردنی داواکاری وەدەست هێنانی زانیاری، ئەوە رای لیژنەی هاوبەشە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیغەیەی کە خوێندرایەوە رای لیژنەی هاوبەشە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەشتەم: بڵاوکردنەوە، گەیاندنی زانیاری بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا بە شێوازێکی گشتی شیاو لە رێگەی هەر کەناڵێکی ناسراوی پەخش و بڵاوکردنەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیغەیەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێناسەی دیکە زیادەکراون یەکیان ئەوەیە تەعریفی زانیاریمان کردووە، مەبەست لە زانیاری داتای زارەکی یان نووسراو یان تۆمار یان ئامار یان بەڵگەنامەی نووسراو یان وێنە گیراو یان تۆمارکراو یان هەڵگیراو بەشێوەی ئەلیکترۆنی یان بەهەر شێوەو ڕێگەیەکی دی، ئەمە ئەو تەعریفەیە کە لیژنەی هاوبەش پەسەندی کردووە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دۆکیۆمێنت: ئەو ناوەندەیە، مەبەست وەسیتە زانیاری تێدا تۆمارکراوە بە چاو پۆشین لە شێوە و فۆرمات و سەرچاوە و مێژووی دەرچوون و بارە یاساییەکەیەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر

**بەڕێز عونی کمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا کاك ئاسۆ دەقی ماددەی یەك دەخوێنێتەوە تا ئەندامان ئاگایان لێ بێ دەنگیان بەسەرچووە هەموو ماددەکە بەجارێکی،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ماددەکە کە لە چەند بڕگەیەك پێك هاتبوو دەنگتان لە سەر دا ئێستا وەکو ماددەکە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم: پەرلەمانتاران لە موداخەلەی خۆیاندا جەختیان لە سەر کورتکردنەوەی ئەم ماددەیە کردۆتەوە لیژنەی هاوبەش بەم شێوەی دارشتۆتەوە:

**ئامانجەکان**

**ماددەی دووەم: ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:**

**1. توانا دارکردن و ئاسانکاریکردن بۆ هاووڵاتیانی هەرێم کە پراکتیزەی مافی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری بکەن کە لەلای دام و دەزگا گشتی و تایبەتەکاندا هەیە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە،**

**2. پشتگیری کردنی پرەنسیپەکانی شەفافیەت و بەشداری کارا بۆ چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی.**

**3. دابینکردنی کەشێکی لەبارتر بۆ ئازادی را دەربڕین و پەخش و بڵاوکردنەوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**بەو سیغەیەی کە لیژنەی هاوبەش خوێندیەوە، لە سەری موتەفیقن، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆماددەیەکی تر**

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم: رای لیژنەی هاوبەش ئەوەیە کە لا ببرێ، چونکە لە ماددەی یەکەم بە دەنگدان ساغکرایەوە ئەو مەسەلەیە،**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**کێ لەگەڵ دایە کە ئەو ماددەیە لاببرێ، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا بۆ لابردنی، فەرموون بۆماددەیەکی تر.**

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی چوارەم لیژنەی هاوبەش بەم شێوەیە داڕشتۆتەوە: دەستە سەرباری ئەو ئەرکانەی کە لە قانونی ژمارە (4)ی ساڵی 2010 دا هاتوون، بۆ چاودێری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی هەیە، یەکەم: بەدواداچوونی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەو چادێرکردنی سەرپێچیەکان و ئەو کۆسپانەی دێنە رێگای جێبەجێکردنی یاساکە و دەرکردنی راسپاردەی پێویست، دووەم: دانانی بەرنامەی کار بۆ راهێنانی ئەو فەرمانبەرانەی تایبەتمەندن بە جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، سێیەم وەرگرتنی سکاڵا و ساغکردنەوەیان (التحقق منها) بەزووترین کات و گرتنەبەری رێ و شوێنی پێویست، چوارەم: ئاگادارکردنەوەی دام و دەزگاکان بۆ راستکرنەوەی ئەم حاڵەتانەی کە بەڵگەی تۆمەتبارکردنی سەرپێچیکارانی ئەم یاسایەیان تێدا دەردەکەوێ، پێنجەم: ئاڕاستەکردنی هاووڵاتیان بە رێگەی ئەو تۆی شیاو بۆ گەیشتن بەو مافانەی لەو یاسایەدا هاتوون و دەرکردنی بڵاوەکراوەی پەیوەندیدار**

بەم بابەتەوە، شەشەم: دەخالەتکردن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە حاڵێتێکدا داواکار نەشیا بەگوێرەی ئەم یاسایە زانیاری دەست بکەویٚ پاش پەنا هێنانی بۆ دەستە، هەروەها دەستە بۆشی هەیە داوا لە سەر ئەو لایەن و تاکانەی کە ئەم یاسایە پێشێل دەکەن لەبەردەم دادگاکاندا بەرز بکاتەوە، حەوتەم: دەبیٚ دەستە هەر شەش مانگ جارێك لە بارەی کار و چالاکیەکانی خۆیەوە راپۆرتێك بە پەرلەمان بدات و بۆ رای گشتی بلاٚوی بکاتەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیغەیەی کە لیژنەی هاوبەش سیاغەیان کرد و خوێندرایەوە، کیٚ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کیٚ لەگەڵ دا نیە؟ کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی بچینە سەر ماددەی پێنجەم لە پرۆژە یاساکە لیژنەی هاوبەش پێشنیاز دەکات ناونیشانی بەشەکە لە چۆنیەتی گەیشتن بە زانیاریەکانەوە بگۆڕیٚ بۆ چۆنیەتی بەدەست هێنانی زانیاری،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیغەیەی کە خوێندرایەوە بۆ گۆڕینی ناونیشانی ئەو فەسڵە، کیٚ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کیٚ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم: لە ئەسڵی پرۆژە یاساکە کە ئێستا دەبێتە ماددەی چوارەم، چەند رایەك هەیە، رای یەکەم: زیادەیەو لا ببریٚ، رای دووەم: لەگەڵ برگەی یەکەمی ماددەی شەشەم تێکەڵ بکریٚ، رای سێیەم: بمێنێتەوە بەو شێوەیە دەستکاری بکریٚ، ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لەگەڵ مانەوەی ماددەکە داین، بەلاٚم پێش ئەوە پێویستە بەدەنگدان ئەوە ساغ بکرێتەوە کە کیٚ حەقی وەرگرتنی زانیاری هەیە، هەموو کەس، یان بەس هاوولاٚتیان و کەسایەتیە مەعنەویەکان، رای لیژنەی هاوبەش بەم شێوەیە: هەموو کەسێك چ سروشتی بیٚ یان مەعنەوی مافی ئاگاداربوون و بەدەست هێنانی زانیاری و چەند دانەیەك لەو دیکۆمێنتانەی هەیە کە لە دام و دەزگاکان داوای دەکات، بەدەر لەو زانیاریانەی کە بەگوێرەی ماددەی، دیارە مەبەستمانە لە ناو کەوانەی ئێستا دیاریمان نەکردووە لەبەر ئەوەی مەبەستمان ئەو ماددەیەی کە ماددەی ئیستیسنائاتە، دواتر ژمارەکەی دادەنێن کە بەگوێرەی ماددەی ئەم یاسایە ریزپەڕکراون،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئاخر ئێوە داواتان کردووە لە بیدایەتەکەی دەڵێن حەزفی ماددەکەیە، فەرموو،

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ماددەکە بمێنێتەوە، بەڵام بەو سیاغەی کە ئێستا خوێندمانەوە، بەم شێوەیە بێ:

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کەواتە خەڵکانێکیش هەن داوایان کردووە کەماددەکە حەزف بکرێ ، چونکە خۆتان نووسیوتانە (حذف المادة)فەرموو کاك کاردۆ نوقتەی نیزامە؟

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر خاڵی ئیستیسناکان دیار نەبێ، چونکە ئێستا دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێك رەتی دەکاتەوە، و پێشنیارێکی تر دەیهێڵێتەوە بەوەی کە پەیوەندی بەو ماددەی کە ئیستیسنائاتی تێدایە،ئەگەر ئەو ئیستیسنائە دیار نەبێ رەنگە قورس بێ بۆ دەنگدانەکە، پێت باشە رەتبکرێتەوە یان ئیستیسنائەکانت قبوڵە؟ ئەو ماددە بمێنێتەوە باشە، قبوڵت نەبێ؟ پێت باشە ئەو ماددە هەر رەتبکرێتەوە؟ ئەگەر تەوزیحمان بۆ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەتا ئێستا ئەو ماددانەی کە هەمووی دەنگمان لە سەری دا ئەو ماددانە بوو کە رای لیژنە موشتەرەکەکە بوو (55) ئەندام پەرلەمان وەکو ئەوەی کە لە جەلسەی پێشوودا وتم، هەموو لیژنەیەك (11)کەسە، پێنج دانە لیژنە (55) ئەندام پەرلەمان کەواتە ئێمە ئەو رەئیانەی لەمەو پێش هەبووە وەکو ماددەکانی تردا تەنها دەنگمان لە سەر رای لیژنەی موشتەرەك داوە، دەنگمان لە سەر رەئی تر نەداوە، هەر لیژنەی موشتەرەك دەنگمان لە سەر داوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. احمد،

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ئەوەندەی پەیوەندی بەوە هەیە کە ئایا کێ مافی ئەوەی هەبێت داوای زانیاری بکات، ئەوەندە پەیوەندی بە ریزپەڕەکانەوە نیە، دوایی هەر چی بن، لەبەر ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە هەموو کەس مافی ئەوەی هەبێت کە داوای زانیاری بکات یان نا؟ ئەوەی لێرە لیژنەی هاوبەش پشتگیری لێکردووە کە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە داوای زانیاری بکات چ سروشتی بێ، چ مەعنەوی، یەعنی کەسی سروشتی و مەعنەوی، لەبەر ئەوە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر دەنگی نەهێنا دەچینەوە سەر ئەوەی کە ئەو رایەی کە پێی وایە زیادەیە یان زیادە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاک عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ویستم لەو ئیتیجاهە قسە بکەم، ئەوەی کە بخرێتە دەنگدان ئایا (لحق لكل مواطني إقليم) یان (لكل شخص) موناقەشەکە لەوێ دایە ئێمە یاسایەك دەردەکەین بۆ ئەم هەرێمە ئایا لێرە رێگا دەدەین بۆ غەیری (مواطني إقليم) یان نا؟ چونکە ئەگەر بیخوێنی بە چ سیاغەیەك ئەساسی ئەم یاسایە جەخت کردنە لە سەر (مبدأ) مافێکی سروشتی خەڵکە بگەنە زانیاری، و رەچاوکردنی ئیستیسنائات، واتە بێ ئەوەی بزانین ئیستیسنائات چییە؟ ئەمە پرەنسیپە، من پێشنیار دەکەم برادەران راستم کەنەوە ئەگەر هەڵە بم، دەنگدانەکەو خیلافەکە لە سەر ئەوەیە (لكل شخص) یان (لكل مواطن كوردستان)، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاک شڤان،

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەختی خۆی ئێمە موناقەشەی ئەوەمان کرد وتمان ئەمە زۆر بە موتلەقی هاتووە (يحق لكل شخص) زۆر موتلەقە یەعنی هەموو کەسێك دەگرێتەوە، وتمان (يحق لكل شخص معنوى أو طبيعي) مەعنەوییەکە لێرە ئەوە بکا، من کابرایەکی فزولم دەچم لە وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێم ئەو مەعلوماتانەم بدەنێ، هیچ مەعنیش نیمە بەو مەعلوماتانە هەر فزولم وەختەکە دەگرم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەم ماددەیە پەیوەندی بەوە هەیە كێ مافی داواكردنی زانیاری هەیە، ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ئەوەین هەموو كەسێك، ئینجا ئەو كەسە تەبیعی بێ یان مەعنەوی، بەو سیاغەیە لە سەری ڕێكەوتین لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەش ئەو زانیاریانەی كە موستەسنانە كە ریزپەڕكراون وەكو لە پڕۆژە یاساكەش داهاتووە كە لە ماددەی (15)دا هاتووە ئەمانە ناگرێتەوە، بەدەر لەو زانیاریانەی كە بە گوێرەی ماددەكە لە ناو قەوسمان داناوە چونكە دواتر دێت ڕەقەمەكە دادەنێن ئەم یاسایە ئەو زانیاریانە ناگرێتەوە كە لە ناو ئیستیسنائاتن، یەعنی هیچ دام و دەزگایەكی گشتی بێ یان تایبەتی ئەو زانیاریانە نادا بەپێی ئەحكامەكانی ئەو یاسایە كە لە ناو ماددەی ئیستیسنائاتەكان هاتن، بۆیە ئێمە پێمان وابوو چ هاووڵاتی بێ یان بیانی وەكو یەك وایە، بۆ هەرێمی كوردستانیش ئێمە پێم وایە باشترە بەتایبەتی بۆ موستەسمرین بۆ ئەوانەی لە بواری دیراسات و بحوس ئیش دەكەن كە بیانەوێ زانیاری لە سەر هەرێمی كوردستان وەربگرن بەتایبەتی كە ئێمە ئیستیسنائاتەكان چ هاووڵاتی بێ پێی نادرێ، چ شەخسێكی دیكەی بیانی بێ پێی نادرێ، بۆیە ئێمە پێمان باشە وەكو ئەو سیاغەیەی كە ئێمە دامان ناوە بەو شكلە ئێمە لەگەڵ ئەو سیاغەیەن كە دامان ڕشتۆتەوە پێمان باشە بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

وەڵڵا ئەو ڕەئیەی كاك عبدالسلام بەنەزەری ئێمە مەنتقی تێدایە بەڕاستی، كابرایەكی ئەجنەبی مومكینە حەقی نەبێ بچێ لە خۆیەوە لە هەر دائیرەیەك مەعلومات داوا بكات، گەر هاووڵاتی كوردستان بێ قەیناكا، بەڵام كابرایەكی ئەجنەبی، فەرموو كاك عبدالله،

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر نموونەیەكە ڕەنگە زۆربەی برادەران لە ماەكانی ڕابوردوودا لە تەلەفزیۆن بینیبێتیان بەڕێز كەمال مەزهەر لە ماوەكانی ڕابووردودا ڕۆیشتە ناو ئەرشیفی هەموو بەریتانیا یەك كتێبی لە سەر بنەمای ئەو ئەرشیفە ئامادەكرد، یەعنی ئەم حەقە لە هەموو دونیا هەیە، بۆیە تكایە ڕێگە لە خەڵك مەگرن كە بگا بە زانیاری ئەگەر ئەو كەسە هەر كەسێك بێ با ئەو زانیاریەی پێ بگات، خۆ ئەگەر كەسێك بیانی بێت و بیەوێ دەستی بگا بە زانیاری بێگومان دەتوانێ لە ڕێگەی هاووڵاتیەكی هەرێمی كوردستانەوە هەر دەستی پێ بگا، بەڵام لە نەتیجە ریزپەڕەكان ئەوە دەست نیشان دەكات كەی ئەم زانیاریە بدرێ یاخود كەی نەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

کاك عبدالله هەر بۆ زانیاری لە بەریتانیا قانونێك هەیە دوای (50)ساڵ ئەرشیف ئیعلان دەکرێ، ئەمە یەك، دوو: ئەوەی دکتۆر کەمال مەزهەر لە مەکتەبە وەری گرتووە، لە دەزگاکانی حکومەت وەری نەگرتووە، کاك عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ئەوەی پەیوەندی بە وەرگرتنی زانیاری و مەعلومات و بەڵگەنامە و دیکۆمێنت هەیە ئەم یاسایەش نەبووە هەموو دەزگاکان بەڕاستی بۆ مەسەلەی توێژینەوەی زانستی و بۆ وەرگرتنی زانیاری مەسەلەن کراوە بوون، ئەوەی کە پەیوەندی بەو جانبەوە هەیە بەتایبەتی ئەوەی کە جانبی ئەکادیمی و زانستی و ئامادەکردنی راپۆرت، هەروەها مەسەلەی توێژینەوەی زانستی و بەحس کردن، چونکە نموونە زۆرە لەم بارەوە، بەڵام قسە لێرە دایە مەسەلەن هاووڵاتیەکی وڵاتێکی تر دێتە ئێرە ئایا دەکرێ بەگوێرەی ئەم یاسایە تۆ مەسەلەن دەرگای بۆ بکەیتەوە داوای زانیاری بکا، من لەگەڵ ئەوەم کە هەموو ئاسانکاریەکی ئیجابی و قانونی بکرێ، بەڵام رێزیش دەگرم لە رەئی لیژنەی هاوبەش کە من دەزانم زۆر ماندوو بوون، بەڵام من پێم وایە بۆ ئەوەی تەوازونێك رابگرین، بڵێین هەموو هاووڵاتیەك و کەسێکی مەعنەوی کە دەڵێ کەسێکی مەعنەوی کۆمپانیایایە، شەریکەیە هەر جیهەتێك کە بەگوێرەی قانون لەم وڵاتەدا کار دەکا بۆی هەیە مەعلومات وەربگرێ، کە دەڵێ هاووڵاتی تۆ باسی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەی، بەم شێوەیە من تەسەور دەکەم ئەوەی کە کاك عبدالسلام باسی کرد ئەوەی جەنابیشت باست کرد مەوزوعەکە باشتر رێك دەخرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کوێستان خان،

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر موناقەشەمان کردووە کاتی ئەوە نیە ئێستا پێشنیاری تازە پێشکەش بکرێ، چونکە ئەمە موناقەشەی لە سەر کراوە ئێمە ئێستا لەبەردەمی دوو شت داین، یەکەم ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە ئایا ماددەکە بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە هەر کاتێك مایەوە ئەو کاتە ئەوە دەخرێتە دەنگەوە کە هەر کەسێك بێ هاووڵاتیەك من پێم وایە ئەو موناقەشانە زیادە ئێستا تکایە بیخەنە دەنگدانەوە سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

وەڵڵا ئێمەش رەئیەکەمان رەئیەکی مەنتقیە، چونکە ئاخر پێنج لیژنە بەیەکەوە موناقەشەیان کردووە ئیتیفاقیان لە سەر کردووە وەکو سۆزان خان وتی زیاد لە (50) کەس لەو لیژنانەن، جارێ بۆچوونی

لیژنەکان دەخەینە دەنگەوە دەنگی هێنا ڕۆیی، دەنگی نەهێنا دوایی موناقەشە دەکەینەوە، چۆن سیاغەی دەکەینەوە جارێکی دیکە، بۆیە تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە،

فەرموو لیژنەی هابەش.

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش ئەمەی داڕشتووە: هەموو کەسێك چ سروشتیٚ بیٚ یان مەعنەوی مافی ئاگاداربوون و بەدەست هێنانی زانیاری و چەند دانەیەك لەو دیکۆمێنتانەی هەیە کە لە دام و دەزگاکان داوای دەکات، بەدەر لەو زانیاریانەی کە بەگوێرەی ماددەی لە ناو کەوانەی ئەم یاسایەدا ئەم یاسایە ریزپەرکراون،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاکە ئەوەی کە ئیتیفاقمان واکردووە جاریٚ ئەوەی ئیتیفاقی لە سەر کراوە ئەوەی دەخەینە دەنگەوە، دەنگی هێنا ڕۆیی، دەنگی نەهێنا ناڕوا، بەو سیغەیەی لیژنەی هاوبەش کە خوێندرایەوە، کیٚ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (48)کەس لەگەڵ دایە، کیٚ لەگەڵ دا نیە؟ (31)کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەمی پڕۆژە یاساکە لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ئەوەیە کە برگەی یەکەم بکریٚ بە ماددەیەکی سەربەخۆ بەم شێوەیەی لیٚ بێت: هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە داوا بۆ بەدەست هێنانی زانیاری پێشکەش بکات، ئەگەر ئەو بەڵگە نامەیەی کە زانیاریە داواکراوەکەی تێدایە لای ئەو دام و دەزگایە بێت کە داواکەی ئاڕاستەکراوە، ئەوە پێویستە دانەیەك لەو بەڵگە نامەیەی پیٚ بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یحق لکل شخص تقدیم طلب للحصول علی معلومات إن کانت الوثیقة التي تتضمن المعلومات المطلوبة بحوزة المؤسسة المعنیة فعلیها تقدیم نسخة من الوثیقة المطلوبة الی مقدم الطلب.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیغەیەی کە خوێندرایەوە، کیٚ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (43)کەس لەگەڵ دایە، کیٚ لەگەڵ دا نیە؟ (29) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم: پێویستی وجوبی بلاْوكردنەوە،

یەكەم: هەر دام و دەزگایەكی گشتی دەبێ ساڵانە دەلیلێك دەربكات یان لە سەر سایتی ئەلیكترۆنی خۆی یان بە راپۆرتێك كە ئەم زانیاریانەی تێدابێ بلاْوبكاتەوە بەردەوام ئەبدێتیان بكاتەوە.

أ- پەیكەرەكەی، ناونیشان و ماڵپەڕە ئەلیكترۆنیەكەی، ڕێگاكانی پەیوەندی كردن پێیەوەو ڕێكارەكانی بەدەست هێنانی زانیاری، ئەركەكانی بڕیارەكانی، ڕێ و شوێنەكانی دامەزراندن، بەرپرسەكانی و ناونیشانە وەزیفیەكانیان، ب ـ بودجەو تەرخانكراوەكانی، حیساباتە كۆتاییەكەی، ت ـ پڕۆژە جێبەجێكراوەكانی: ئەو پڕۆژانەی لە باری جێبەجێكردن دان و ئەو پڕۆژانەی بڕیارە بێنە جێبەجێكردن پ ـ ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشكەشی دەكات و ڕێگەی بەدەست هێنانیان، ج ـ ئەو سكاڵانەی پێشكەشكراون و ئەو ڕێ و شوێنانەی لە بارەیانەوە وەری گرتوون،

دووەم: دەبێ دام و دەزگای گشتی كەمكردنەوەو زیادبوونەكان بۆ موڵك و سامانەكانی رابگەیەنێ بەگوێرەی یاسا و سیستەمە كار پێكراوەكان لە هەرێمدا،

سێیەم: دوو را هەیە: لا ببرێ یان بەم شێوەیە بمێنێتەوە: هەر هاووڵاتیەك مافی ئامادەبوونی لە كۆبوونەوەی دام و دەزگا گشتیەكاندا هەیە بەگوێرەی ڕێكارە كاریگێڕی و هونەریەكان،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەعەرەبیەكەی،

**بەڕێز شوڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە السادسە: واجب النشر:

أولآ: على كل مؤسسة عامة اصدار دليل سنوي، ونشر المعلومات الأتية على موقعها الألكترونى وتحديثها بأستمرار أو عن طريق نشر تقرير في إحدى وسائل الأعلام في ما يتعلق به:

أ ـ بنيتها، عنوانها وموقعها الألكترونى وطرق الاتصال بها، مهامها، قراراتها، اجراءات التوظيف لدى مسؤوليها وعناوينهم الوظيفية.

ب ـ ميزانيتها وتخصيصاتها، حساباتها الختامية.

ت ـ المشاريع المنجزة والمشاريع التي في طور التنفيذ والمشاريع المقررة القيام بها.

ث ـ الخدمات التي تقدمها وطريقة الحصول عليها.

ج ـ الشكاوى المقدمة اليها والأجراءات المتخذة بشأنها.

ثانياً: تقوم الهيئات العامة بالأعلان عن مناقصاتها ومزايدات اموال وأملاكها وفق القوانين والأنظمة النافذة في الأقليم.

**ثالثاً: تحدث أو تبقى كما ترى اللجنة المشتركة، يحق لكل مواطن الحضور في اجتماعات المؤسسة العامة وفق الأجراءات الأدارية والفنية.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك فاضل.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سێ ڕاپۆرتمان لە لایە، بەڕاستی ئەوەی دەیخوێنێتەوە هیچ كامیان ئەوە نیە لەلای ئێمە، نازانم ئەو ڕاپۆرتە لە كوێ هاتووە؟، بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچین بەڕاستی ئەوەی هەرچەند ئێمە دەنگمان پێ نەدا، بەڵام دەنگی زۆرینەی هێنا، بەڕاستی ئەوە هەڵە، نەبوو ئەم شتانە با بە سەرمان تێپەڕ نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عونی،

**بەڕێز عونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەكە لە 7/5/ 2013 دابەشكرا لە سەر ئەندامانی پەرلەمان،

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئێمە پێمان باشە فەقەرە، فەقەر بیخەینە دەنگەوە، تكایە فەقەرە، فەقەرە بیخوێنەوە، كاك جلال نوقتە نیزامت هەیە؟ فەرموو كاك سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەكەم: هەر دام و دەزگایەكی گشتی دەبێ ساڵانە دەلیلێك دەربكات یان لە سەر سایتی ئەلیكترۆنی خۆی یان بە ڕاپۆرتێك كە ئەم زانیاریانەی تێدابێ بڵاوبكاتەوە بەردەوام ئەبدێتیان بكاتەوە، أ- پەیكەرەكەی، ناونیشان و ماڵپەرە ئەلیكترۆنیەكەی، ڕێگاكانی پەیوەندی كردن پێیەوەو ڕێكارەكانی بەدەست هێنانی زانیاری، ئەركەكانی بڕیارەكانی، ڕێ و شوێنەكانی دامەزراندن، بەرپرسەكانی و ناونیشانە وەزیفیەكانیان، ب - بودجەو تەرخانكراوەكانی، حیساباتە كۆتاییەكەی، ت - پڕۆژە جێبەجێكراوەكانی: ئەو پڕۆژانەی لە باری جێبەجێكردن دان و ئەو پڕۆژانەی بڕیارە بێنە جێبەجێكردن پ - ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشكەشی دەكات و ڕێگەی بەدەست هێنانیان، ج - ئەو سكاڵانەی پێشكەشكراون و ئەو ڕێ و شوێنانەی لە بارەیانەوە وەری گرتوون،

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عمر ،

**بەڕێز د. عمر حمد امين (نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە ڕاستيدا راپۆرتى ليژنەى هاوبەش ئەوەى لە ژێر دەستى ئێمەيە بەكوردى و عەرەبى لە ماددەى حەوتەمەوە سياغەى كراوە بەس لە ماددەى يەكەم تا ماددەى شەشەم كوا لە كوێيە؟

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان:**

فەرموو ناسك خان،

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەڵڵا من يەك خاڵم ويست، مەسەلەى گرێبەستەكان ئەو زانياريانە باسى گرێبەستەكان ناكات كە لە ناو ئەو دەليلەيە، ئەوەش يەكێك لەو زانياريانە كە پێويستە ئيعلان بكرێ، ئەو گرێبەستانەى كە حكومەتى هەرێم دەيكا، يەعنى عەجائيبە ئەو بەهيچ جۆرێك ئيشارەت بەو گرێبەستانە نادات كە ئێستا يەعنى گرێبەستە نەوتيەكان ئێستا لە سەر سايتەكاندا، بۆچى ئێستا لێرە تێدا نيە، ئەو گرێبەستانە زۆر زەرووريە چ لە بوارى مەعادندا لەمەولا دەكرێ چ لە مەسەلەى نەوتدا، لەبەر ئەوە بەڕاستى غەريبە كە ئەو خاڵەى تێدا نيە، داوا دەكەم تێدا جێگەى بكرێتەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان:**

لە سەر سايتەكان ئيتر چ پێويست دەكات بنووسرێ، فەرموو كاك پێشەوا،

**بەڕێز پێشەوا توفيق مغديد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ديارە لە راپۆرتى هەر پێنج ليژنەى هاوبەش لە خاڵى دووەم ئەگەر دوو دێڕى كۆتايى لەبەر چاو بگرن، پێش ئەوەى ئێمە ماددەى حەوتەم موناقەشە بكەين، ئێوە باستان لەوە كرد، و هەرچى ماددەكانى ترى ناو پرۆژەكەن واتە لە دواى ماددەى شەشەوە ئەوە لە دواى وتو وێژ لە چوار كۆبوونەوەى هاوبەشدا، ليژنەى هاوبەش بەم شێوەيە ماددەكانى داڕشتووە، پێشنياز دەكەين بكرێتە بنەڕەت بۆ گفتوگۆ، واتا مەفروز وايە ئەم راپۆرتە لە خاڵى حەوتەوە تا كۆتاييەكەى بخرێتە دەنگدانەوە، ئايا ئەوەى ليژنەى هاوبەش بكرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ؟، نەخێر ئێوە داواتان كردووە واتە لە خاڵى حەوتەوە تا كۆتاييەكەى، بۆيە پێويست دەكات سەرەتا ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە ئينجا ماددەى حەوت و دواتر بخوێندرێتەوە، كاك سالار بە ماددەى حەوت خوێنديەوە بۆيە، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان:**

فەرموو ليژنەى هاوبەش،

**بەڕێز عونى كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشی ئەسڵی پڕۆژەكە كە ژمارەكە بووە ماددەی حەوت،**

**الماده السابعه: واجب النشر:**

**أولآ: على كل مؤسسة عامة اصدار دليل سنوي ونشر المعلومات الأتية على موقعها الأكترونى وتحديثها بأستمرار أو عن طريق نشر تقرير في إحدى وسائل الأعلام فيما يتعلق بـ :-**

**أ ـ بنيتها، عنوانها، وموقعها الألكترونى وطرق الأتصال بها، مهامها، قراراتها اجراءات التوظيف لدى مسؤوليها وعناوينه الوظيفية.**

**ب ـ ميزانيتها وتخصيصاتها، حيساباتها الختامية.**

**ت ـ المشاريع المنجزة، المشاريع التى في طور التنفيذ والمشاريع المقررة القيام بها.**

**ث ـ الخدمات التي تقدمها وطريقة الحصول عليها.**

**ج ـ الشكاوى المقدمة اليها والأجراءات المتخذة بشأنها.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**بڕگەی یەكەم لەو ماددەیە كە خوێندرایەوە كە لیژنەی هاوبەش لە سەری موتەفیقن، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ (3) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ بڕگەی دووەم،**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕگەی دووەم: لە ماددەی حەوتەم ئەسلی ماددەی شەشەم: دەبێ دام و دەزگای گشتی كەمكردنەوەو زیادبوونەكان بۆ موڵك و سامانەكانی رابگەیەنێ بەگوێرەی یاسا و سیستەمە كارپێكراوەكان لە هەرێمدا،**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**بەعەرەبیەكەی،**

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ثانیاً: تقوم الهیئات العامة بالاعلان عن مناقصاتها ومزایدات اموال وأملاكها وفق القوانین والأنضمة النافذة في الأقليم.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ (5) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ بڕگەی سێیەم،**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سێیەم: دوو را هەیە: لا ببرێ یان بەم شێوەیە بمێنێتەوە: هەر هاووڵاتیەك مافی ئامادەبوونی لە كۆبونەوەی دام و دەزگا گشتیەكاندا هەیە بەگوێرەی رێكارە كارگێڕی و هونەریەكان،**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەعەرەبیەكەی،

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالثاً: تحذف أو تبقى كما ترى اللجنة المشتركة يحق لكل مواطن الحضور في اجتماعات المؤسسة العامة وفق الأجراءات الأدارية والفنية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئیتیفاقمان وا كردووە ئێمە جارێ ئەمە دەخەینە دەنگەوە ئەوەی كە موشتەرەك بوو، ئەو سیاغە موشتەرەكەی كە هاتووە هی لیژنەكان، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (38) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ (40) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ رەفز كرا ئەو سیاغەیە، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، فەرموو كاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەی سێیەم كە لاماندا یەك پرەنسیپ هەبوو وەختی خۆی ئیختیاری دووەم بوو لە جیاتی ئەوەی كە ئێمە رەفزمان كرد، تكا دەكەم چونكە وەختی خۆی موناقەشە هەبوو رەئیەك بوو، بڵێن مافی هەر هاووڵاتیەك هەیە، داوایەك پێشكەش بكات بۆ ئامادەبوون لە كۆبوونەوەیەكی موئەسەسەیەكی گشتی لە بابەتێك كە ئەو پەیوەندی پێوە هەیە، ئەم مافە بە حەقیقەت تەسەور دەكەم مافێكە دەبێ بیپارێزین، بەڵام بەم شێوە رەهایەی كە رەتمان كرد منیش لەگەڵ رەتكردنەكە بووم، بیری لێ بكەنەوە لە جێگایەك جێگای بۆ بدۆزنەوە من بە مافی دەزانم كۆبوونەوەیەك دەكرێ عیلاقەتی بە منە، من داوا دەكەم رێگام بدەن ئامادەبم دەتوانم بڵێم تۆ ئامادە نابی، بەڵام با ئەو مافەم هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش وەڵامتان چییە بۆ ئەمە؟

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی كاك عبدالسلام زۆر لە جێی خۆیەتی، بەڵام ئەو ماددەیە دەنگی لە سەر درا، ئیمكانە لە ماددەكانی ئەخیری جێی بۆ بكەینەوە، ئیزافەی بكەین،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كوێستان خان،

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هێشتا ماددەکە بەگشتی دەنگی لە سەر نەدراوە، بۆیە دەکرێت بڕگەی سێیەم ئەو پێشنیارەی کاك عبدالسلام ئیزافە بکەین، چونکە ئەوە مافێکە پێویستە هەبێ لێرەدا،**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو د. احمد.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵڵا من پێم وابوو لیژنەکە وەکو پێویست تەوزیحیان نەدا لە راستیدا، چونکە لە عەرەبیەکەدا هاتووە دەڵێ (تحذف أو تبقى كما ترى اللجنة المشتركة يحق لكل مواطن الحضور في اجتماعات المؤسسة العامة وفق الأجراءات الأدارية والفنية) یەعنی چ کێشەیەکی تێدایە بەپێی ئەو ئیجرائات و ئیدارە فەنیانەی کە ئەو دام و دەزگا گشتیە دەیکات ئامادە بێت بەڕاستی حەق نەبوو ئەو مافە لە هاووڵاتی بسەندرێتەوە بەڕاستی، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**دکتۆر ئەمە رۆیشت قەت باسی مەوزوعێك مەکە کە رۆیشتووە، فەرموو کاك نەریمان،**

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە راستیدا من پێم وایە ئەو ماددەیە روونکردنەوەی پێویستی لە لایەن لیژنەی موشتەرەکەوە نەکرا، بۆیە هەندێك لە بەڕێزان بەهەڵە لێیْ تێگەیشتوون، و ئەوەی بەڕێز کاك عبدالسلام فەرمووی کە بە موتڵەقی، نەخێر بە موتڵەقی نەهاتووە دەست نیشان کراوە بەگوێرەی کارگێڕی و هونەریەکان دەست نیشان کراوە کەواتە موتڵەق نیە، بۆیە ئەوە مافێکە بەڕاستی لێسەندنەوەی لە خەڵك کە بەشداری بکا لە کۆبوونەوە گشتیەکاندا ئەمە یەکێکە لە ئەساسیاتی ئەم یاسایە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم وەکو کوێستان خان وتی دەنگی گشتی نەدراوە بتوانین چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، لەبەر ئەوە مافێکی گرنگە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**تکا دەکەم مەوزوعێك کە دەنگی لە سەر درا وازی لێ بێنن، ئەو پێشنیارەی کاك عبدالسلام بزانین چییە؟ بێنن، فەرموو ئاشتی خان،**

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پشتگیری لەو پێشنیازەی کوێستان خان دەکەم هێشتا ماددەکە مادام لە بڕگە پێکهاتووە ماددەیەکی سەربەخۆی جێگیر نیە، دەنگ درابێ لە سەر کۆی ماددەکە، مادام دەرفەتێك هەیە بۆ ئیزافەکردنی بڕگە بۆ**

ئەو مافە لە هاوولاَتیان بسێنینەوە پێ ئەچێ زمنیەن هەموومان موتەفەق بین کە ئەو حەقە لە هاوولاَتیان نەسەندرێتەوە، ئەگەر ئەو نیەتە راستەقینەیە، با سیاغە بکرێتەوە لە برگەیەکدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رجا دەکەم یەك دوو مادده دەنگی لە سەر دراوە هەرچەند بەپێی پەیرەو دەنگی لە سەر دراوە، بەلاَم من پێشنیار دەکەم ئەو ماددانەی کە دەنگی لە سەر دراوە بەڕاستی نیقاش زۆر هەڵدەگرێ، یەعنی ناکرێ ئەوە هەروا تێپەڕێنرێ، چونکە ئێمە لە رابوردووش موناقەشەمان لە سەر ئەم بابەتە زۆر کردووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئیعادە نەزەرێك لەو ماددانە بکرێ کە دەنگی لە سەر دراوە، یەعنی بەڕاستی ئەوەی ئێمە دەنگمان لە سەر دا پیم وانیە لە هیچ شوێنێکی دونیا شتی وا هەبێ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاکە ئەوە ئیقرارکراوە، فەرموو کاك برهان،

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم لەگەڵ وجودی ئەو برگەیەدا بووم بمێنێتەوە، بەلاَم کە دەنگی نەهێنا من نازانم بەپێی پەیرەوی ناوەخۆ چۆن دەتوانین موناقەشەی بکەین، من نازانم بە چ حەقێك موناقەشەی زۆری ئەمە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. عمر

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك شت هەیە حەز دەکەم تێکەڵ نەکرێ، یەکەمیان: دام و دەزگای گشتی جیاوازە لەگەڵ کۆڕ و کۆبوونەوەی گشتی، مافی بەشداریکردن لە کۆڕو کۆبوونەوەی گشتی نەك هەر بەم یاسایە بەچەندین یاسای تر کە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە دەریکردووە مسۆگەر کراوە بۆ هاوولاَتیان، بۆ نموونە لەو یاسای ئەحزابی سیاسیدا لە یاسای خۆ پیشاندان‌دا، واتا مافی بەشداریکردنی هاوولاَتیان لە کۆڕو کۆبوونەوەی گشتی مافێکی قانونی مسۆگەرە، بەلاَم کە دەگوترێ کۆبوونەوەیەکی دەزگایەکی گشتی دیسان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر جیاوازی هەیە، پەرلەمان بەپێی نیزامی داخیلی بەپێی یاسای هەڵبژاردن رێگای داوە، بەلاَم بۆ نموونە با بڵێین هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیان هەیە، کۆبوونەوەی مەکتەبی

سیاسی دەکەن یان سەرکردایەتی دەکەن ئەمە دەبێ ئەم حەقە بدرێ بەم حزبە سیاسیە ئایا هاووڵاتیەك بەشداری پێ دەکا یان ناکا؟ بەگوێرەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

مەبەست لە یاساکانی حکومەتە، فەرموو کاك حەمە سعید،

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو پێشنیارەی کاك عبدالسلام پێشنیارێکی زۆر مەعقولە وا مادام کۆی ماددەکەش وەکو کوێستان خان وتی دەنگی لە سەر نەدراوە، ئێستا لیژنەی هاوبەش پێشنیارەکە دادەڕێژنەوە بە بڕگەیەکی زیاد دەنگی لە سەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەت نەبووە لە ناو ئەم پەرلەمانەدا ماددەیەك دەنگی لە سەر درابێت و جارێکی تر بەدیلێکی پێشکەش بکرێ و بڵێ من پێم باشە ئەو بەدیلە جێبگرێ، تازە دەنگی لە سەر درا، یەعنی ئێمە کە دەنگمان لە سەر دا حورمەت لە دەنگی ئەو خەڵکانە بگرن کە دەنگیان لە سەری داوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی سۆزان خان زۆر راستە، بەپێی ماددە (58) بڕگەی دوو بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عبدالله،

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نموونەیەك دەهێنمەوە هەر دوێنێ لە پەرلەمانی كوردستان حاڵەتێكی لەو بابەتە بوو لە چەند ڕۆژی رابووردودا مەعەهدێك كە بڕیار بوو دەورەیەك بكرێتەوە بۆ ئەو مەحامیانەی كە لە سەرەتان، مەعهەدەكە رەتكرایەوە و دەورەكە رەتكرایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی كە مەبدەئەكە وەكو مەبدەء زەروور بوو، سەندیكا پێشنیازێكی جیاوازی تەقدیم كرد، ئەو پێشنیازە قبوڵ كرا دەنگی لە سەر درایەوە، ئێستا ئەو مەبدەئەكەی كاك عبدالسلام پێشنیازی كرد وەكو مەبدەء مەبدەئێكی گرنگە، مەبدەئێكی باشە، بۆیە ماددەكەش بەشێوەیەكی گشتی دەنگی لە سەر نەدراوە وەكو كوێستان خان وتی، بڕگەیەك دەنگی لە سەر دراوە بڕگەیەك رەتكراوەتەوە، بەڵام ئەم بڕگەیە دەكرێ بە بڕگەیەكی تر ئیزافە بكرێ، بەڵام بە سیاغەیەكی جیاواز تەئیدی ئەو مەبدەئە بكا كە رێگە لە هاووڵاتیان نەگیرێ بەشداری لە كۆبوونەوەیەك بكەن كە پەیوەندار بێ بە ئەوانەوە لە دام و دەزگای حكومی نەك دام و دەزگای حیزبی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش ئاخیر رەئیتان چییە؟ فەرموو،

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لە سێ بڕگە پێك هاتبوو، بڕگەی سێیەم ئێمە دوو رامان خستە بەردەم، رایەك ئەوە بوو لە ناو هۆڵی پەرلەمان پێشتر پێ وابوو ئەو بڕگەیە بڕگەی سێیەم زیادەیە، لە لیژنەی هاوبەش پێشنیارێكی كردبوو سیغەكە دەنگی نەهێنا، بەڵام بەو مانایە نیە سیغەی دیكە دەنگ نەهێنێ، بۆیە من پێم وایە دەكرێ، چونكە هەموو ماددەكەش نەخراوەتە دەنگدان، بۆیە دەكرێ هەر سیغەیەكی دیكەی بەدیل، جگە لەمەش خۆی چەند ئەندام پەرلەمانێكی بەڕێز تەئكیدیان لە سەر ئەوە كردەوە بەشداری كردن لە كۆڕو كۆبوونەوەی گشتی مافێكی پارێزراوە بەپێی دەستوری عێراقی، بەپێی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستانیش، بەپێی ستاندارده نێو دەوڵەتیەكانیش هەمووی مەفهوم بوو، یەك شت نا مەفهوم بوو لە لای ئێمە بۆ نموونە لە كۆبوونەوەیەكی وەكو ئێستای پەرلەمانی كوردستان كە كۆبوونەوەیەكی گشتییە هەر هاووڵاتیەك بۆی هەیە بەشداری بكا ئێمە پێمان وابوو چ لەوێ، چ لە مەحاكم، چ لە هەندێك كۆڕو كۆبوونەوەی دیكەی گشتی كە لە موئەسەساتی رێكی دەخا هاووڵاتی حەقی هەیە، بەڵام نەجێگەی ئەوە هەیە، پێم بڵێن بۆ پەرلەمان دەبێ ئەو دەمەی وەكو مەلعەبێك هەبێ، ئێمە بەڕاستی ئەوە گرفتەكەمان بوو، یەعنی بۆیە رەنگە ئەو پێشنیارەی كاك عبدالسلام هاووڵاتی بێتن داوایەك پێشكەش بكا ئەگەر جێگە هەبوو سەرۆكایەتی پەرلەمان خۆی دەزانێ جێگەی میوانەكان دەبێتەوە یان نا؟ یان لە دادگا بۆیە بەم شێوەیە موعالەجە بكرێ، بەبڕوای من خراپ نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیازەی کاك عبدالسلام بەم شێوەیە لە لیژنەی هاوبەش سیاغە کراوەتەوە: (يحق للمواطن الذي يهمه موضوع اجتماع المؤسسة تقديم طلب بحضور الأجتماع وللمؤسسة رفض الطلب أو قبوله)،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند ئەو بڕگەیە دەنگی لە سەر درا، بەڵام ئەو عیلاجە پێم وایە کێشەکەی قوول تر دەکات بەو ئیجرائاتە و بەو دیراسەکردن و خەڵکەکە ئامادە بێ، لە کاتێکدا ئێمە مافی زانیاری یان مافی هاووڵاتی بە شتێکی ئاسایی دەزانین ئێستا لە سەرجەم دام و دەزگاکان دادگاکان ئاشکرایە خەڵك دەتوانێ ئامادە بێ لە پەرلەمان دەتوانێ ئامادە بێ، بەپێی ئەو ئیجرائاتە ئیداری و فەنیانەی کە لە هەر دامەزراوەك هەیە، ئێمە دەڵێین حکومەتی هاووڵاتی، حکومەتی هاووڵاتی بوون کاری خزمەتگوزاری و کارێکە پەیوەندی بە هاووڵاتیەوە هەیە ئامادە دەبێ، لەبەر ئەوەو من پێم وایە داواکردنی تەلەب و دوای دیراسەکردنی وەڵامدانەوە بەڕاستی تەگەرەو کۆسپێکی زۆر دروست دەکات، بەڵام شێوازێك بدۆزینەوە کە ئەو یاسایە نەبێتە مایەی کۆسپ، وەکو ئێستا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سیغەیەك هەیە با بیخوێننەوە، فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش هاوڕایە لە سەر ئەوەی کە بڕگەی سێیەم بەم شێوەیە دابڕێژێتەوە، سێیەم: هاووڵاتیان بۆیان هەیە داوای ئامادەبوون بکەن لە کۆبوونەوە گشتیەکان لە دام و دەزگاکان،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەو سیغەیە باشە، فەرموو کاك سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی مافی بەشداریکردن، و بەپێ ئەو پرەنسیپانەی کە مافی بەدەست هێنانی زانیاری زامن دەکات ئەو ماددەیە ڕۆیشت و قەبول نەکرا کە پێم وایە بێ بەشکردنی هاووڵاتیانە لە کۆمەڵێك ماف، بەڵام کە موعالەجەی ئەم بابەتە دەکرێ ناکرێ بە ئالیەتێك بێ جارێکی تر ڕۆتین دروست بکات، و مەرجی تێدا هەبێ، بۆیە سیاغەیەکم ئامادەکردووە هاوشێوەی ئەو سیاغەی بەڕێز د. دانا، بەڵام مەسەلەی ئەو

داواکردنەی تێدا نەبێ، بەم شێوەیە: هاووڵاتیان بۆیان هەیە بەشداری بکەن لە کۆڕ وکۆبوونەوەی دام و دەزگا گشتیەکان بەپێی پێوەرەگشتیەکانی مافی بەشداری کردن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

با خۆمان دەردەشە بەکەین تکاتان لێ دەکەین، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەزمەکە من نواندم، ئەگەر ئەو سیاغەی من ناردوومە چونکە پێشنیاری خۆمە تەنازوولی لێ ناکەم هەر دەستکاریەك من تەنازوول دەکەم لە پێشکەشکردنی پێشنیار، یەعنی ئەگەر مەوزووعەکە لە سەر پێشنیاری من بێ، من سەحبی دەکەم، یەك، دوو: ئەو پێشنیارەی کاك سالار خوێندیەوە فێڵکردنە لە ئێمە لەپەنجەرە هاتنە ژوورەوەیە، مافی ئامادەبوون رەتکراوە بە دەنگدان، مافی پێشکەشکردنی داواکاریە، مەوزووع، هاووڵاتی مافی هەیە داوای بکات، نەصەکەی من وازحە، مافێك دەدەیت بە خەڵك، و پێشێلکاری تەوزیع ئەل عەمەل تەخەسوسی وەزیفی ناکات، بۆیە کە نووسیومە زۆر بیرم لێ کردۆتەوە رجاتان لێ دەکەم خوشك و برایان مافی ئامادەبوون رەتکراوە نابێ جارێکی تر نەصێك بخرێتە دەنگدان، دوو: ئەگەر ئەو نەصەی من وەکو خۆی نەێت من پێشنیارەکە سەحب دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری نوێ بەو سیاغەیەی: هاووڵاتیان بۆیان هەیە بەشداری بکەن لە کۆڕ وکۆبوونەوەی دام و دەزگا گشتیەکان بەپێی رێکارە یاساییەکانی مافی بەشداری کردن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز د. دانا سعيد سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دوا سیاغە دەخوێنینەوە، سێیەم: هاووڵاتیان بۆیان هەیە داوای بەشداری کردن پێشکەش بکەن لە کۆڕ و کۆبوونەوەی دام و دەزگا گشتیەکان بەپێی رێکارە یاساییەکانی مافی بەشداری کردن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بە دیقەت راپۆرتی لیژنەی هاوبەش بخوێنینەوە بڕگەی سێیەم بەعەرەبیەکەی (تحذف أو تبقى كما ترى اللجنة المشتركة) واتا ئەوە حەسم بوو دەنگی هێنا دووبارە ئیمکان نیە موناقەشە بکرێ، یەعنی موخالەفەی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان دەکەین بەڕاستی ئەگەر ئەو دەرفەتەی بدەینە ئەندامانی پەرلەمان،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێستا بڕگەی سێیەم تکایە هەمووتان موناقەشەتان کرد نەگەشتوونە نەتیجەیەکی نیهائی ئەو فەقەرەی کە خوێندرایەوە دەڵێ حەزف دەکرێ یان موافەقە دەکرێ ئێ موافەقەت دەکرێ کەواتە حەزف کراوە تەواو ئیتر کۆتایی هاتووە، تەواو بووە، ئێستا ماددەکە خوێندرایەوە، بەڵام فەقەرەی سێیەم حەزف کرا، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ (43) لەگەڵ ماددەکە دایە، کێ لەگەڵ ماددەکە دا نیەتکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (19) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە ماددەکە وەکو خۆی قەبوڵ کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتی پڕۆژەکە الوثائق: مقاصد هذا القانون

1ـ تتضمن الوثيقة جميع المعلومات المسجلة بصرف النظر عن شكلها ومصدرها و تأريخ انشائها و حالتها القانونية سواء انشىء من قبل الهيئة العامة والخاصة التي تحتفظها أو كان سرية.

2ـ تحتفظ الهيئة العامة أو الخاصة بالوثيقة إذا. أ ـ احتفظ لديها أو بالنيابة عن شخص اخر، ب ـ أو احتفظ بها شخص بالنيابة عنها.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ماددەیە حەزف بکرێتەوە لەبەر ئەوەی بابەتەکە معالەجە کرا، لە مادەکەی تر کە دەنگمان لە سەر دا قەبوڵیش کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەگەر حەزف بکرێ بۆ موناقەشە بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو ماددەیە حەزف بکرێ، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (23) کەس لەگەڵ ماددەکە دایە حەزف بکرێ، کێ لەگەڵ دایە ماددەکە بمێنێتەوە ؟ (2) کەس لەگەڵ دایە بمێنێتەوە، بەزۆرینەی دەنگ حەزفکرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، نوقتەی نیزامت هەیە کاك شوان؟ فەرموو،

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا وەختی ئەو ئیقتراحەی کاك پێشەوایە کە پێشتر کردی وتی دەبێ راپۆرتی لیژنەی هاوبەش بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ببێ بە ئەسلی پڕۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك پێشەوا هی تۆش ئەوە بوو،

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەگەر دەنگ بێنێ، بەڵێ، ئەوە ئەساس پرۆژەکە گفتوگۆی لە سەر ناکرێ، و راپۆرتەکە دەبێتە ئەسڵ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە راپۆرتی لیژنە موشتەرەك بکرێتە ئەساس بۆ موناقەشە، تکایە با دەستی بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ لەگەڵ دایە، فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم: ڕێکارەکانی زانیاری داواکردن،

یەکەم: دەبێ هەر دام و دەزگایەکی گشتی یان تایبەتی فەرمانبەرێکی تایبەتمەند یان زیاتر بۆ وەرگرتنی داواکاری زانیاری دەست نیشان بکات.

دووەم: دەکرێ هەر دام و دەزگایەکی گشتی یان تایبەتی فۆڕمێکی بۆ زانیاری وەرگرتن هەبێ، خۆ ئەگەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنی هەبێ پێویستە لە سەر وێب سایتی خۆی دابنی بەمەرجێك نەبێتە بارگرانی بە سەر داواکارانەوە.

سێیەم: پێویستە داواکراو بەشێوەیەکی نووسراو داوای زانیاری بکات و بیداتە فەرمانبەری دیاریکراوی دام و دەزگا، ناوەڕۆکی ئەو زانیاریەی بە وردی تێدا بنووسرێ کە داوای دەکات لەگەڵ ناوی خۆی و رێگە و شێوازی پەیوەندی پێوەکردن پێوە.

چوارەم: ئەگەر داواکار کەسێکی نەخوێندەوار یان خاوەن پێداویستی تایبەت بێ ئەوە دەتوانێ بە زار داخوازی خۆی بە فەرمانبەری دیاریکراوی دام و دەزگاکە بدات و ئەویش دەبێ فۆڕمەکەی بۆ پڕ بکاتەوەو دانەیەکی لە فۆڕمەکە پێ بدات.

پێنجەم: پێویستە دام و دەزگای گشتی بێ یان تایبەتی یەکسەر داوایەکە تۆمار بکا، جا چ داوایەکە پەسەند بکرێ یان نا، تۆمار نەکردنی بە رەتکردنەوەی بە نایاسایی داوایەکە دادەنرێ،

شەشەم: پێویستە دام و دەزگای گشتی یان تایبەتی لە ماوەی (10) رۆژدا لە وادەی وەرگرتنی داواکاریەکەوە وەڵامی ئەو کەسە بداتەوە کە داوای زانیاری کردووە، لە بارێکدا ئەگەر داوایەکە زۆر زانیاری لە خۆ گرتبوو یان پێویست بە راوێژ بکات لەگەڵ لایەنێکی دیکە ئەوە دام و دەزگا بۆی هەیە ئەو ماوەیە بۆ یەك جار درێژ بکاتەوە کە لە (15) رۆژ زیاتر نەبێ.

حەوتەم: ئەگەر زانیاری داواکراو پەیوەندی بە ژیان و ئازادی کەسێکەوە هەبێت، پێویستە دام و دەزگای گشتی یان تایبەتی لە ماوە (48) سەعاتدا وەڵامی داواکاریەکە بداتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة: أجراءات طلب المعلومات:

أولاً: على كل مؤسسة عامة أو خاصة تحديد موظف مختص او اكثر لأستلام طلبات المعلومات.

ثانياً: للمؤسسة العامة او الخاصة طرح نموذج لطلب المعلومات على أن لا يكون عبئا على مقدمها. ووضع النموذج على موقعها الألكتروني أن وجد.

ثالثاً: يجب أن يكون طلب المعلومات خطياً ويقدم الى الموظف المختص، يتضمن تفاصيل واضحة عن محتوى المعلومات المطلوبة واسم مقدم الطلب و وسيلة الأتصال به.

رابعاً: إذا كان مقدم الطلب امياً او من ذوي الأحتياجات الخاصة، يمكنه حينها تقديم طلب شفهي يدونه الموظف المختص وتقدم نسخة من الطلب الى مقدمه.

خامساً: على المؤسسة العامة أو الخاصة تسجيل الطلب فور تسلمه سواء تم قبوله أو رفضه ويعد عدم التسجيل رداً غير قانونياً للطلب.

سادساً: على المؤسسة العامة أو الخاصة أن تجيب على طلب المعلومات خلال مدة عشرة أيام من تأريخ الأستلام. و ان كان الطلب يتضمن عدداً كبيراً من المعلومات او يستوجب استشارة طرف ثالث، يجوز لها تمديد هذه الفترة ولمرة واحدة على أن لا تزيد على خمسة عشرة يوماً.

سابعاً: في حالة احتواء الطلب المقدم على معلومات ضرورية لحماية حياة شخص أو حريته، على المؤسسة العامة أو الخاصة الاجابة عليه خلال مدة (48) ساعة التالية على تقديمه.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، (کاك کاردۆ، سۆزان خان، د. عمر،کاك ئارام، د. صباح، کاك جمال، کاك خورشید، د. بشیر، سەرگوڵ خان، کاك حەمە سعید، ئاهەنگ خان، ئاشتی خان، کاك عبدالله ، کاك قادر، د. احمد) فەرموو کاك کاردۆ،

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت خاڵی دووەم باسی ئەوە دەکات، پێویستە ئەو فۆڕمەی کە دابەشی دەکا یان هەیەتی لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی دایبنێ، لە کاتێکدا لە ماددەی شەش باسی ئەوە دەکەین، هەموو موئەسەسەیەك دەبێ پەیکەرەکەی و زانیاریەکانی سەبارەت بە کارەکانی بڵاو بکاتەوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی، لەبەر ئەوە ئەو بوارە نەدرێ بە هیچ موئەسەسەیەك کە پێگەی ئەلکترۆنی نەبێتن، جگە لەمە سەبارەت بە کاتی وەڵامدانەوە، پێم وایە کاتێکی زۆرە، حەقە دابەش بکرێ، یەعنی بۆ مەعلومات،

مەعلوماتی سەرەتایی پێویستی بەو کاتە نەبێ، مەعلوماتێك ئەگەر رێکاری فورس تری بوێ مودەتەکەی بەم شێوەیە بێ دابەشی بکەین بۆ دوو بەش، چونکە ئەوە ماوەکی زۆرە بۆ وەرگرتنی مەعلومات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەمدا کاتێك کە باس لە نەموزەجی تەڵەبی مەعلومات دەکات، یەعنی دەبێ فۆڕمێکی دیاریکراو هەبێ، بۆ نموونە کەسێك خەڵکی سلێمانیە دەیەوێ مەعلومات لە دام و دەزگایەك لە هەولێر وەربگرێ، پێویست نەکات سەفەر بکا بۆ ئەو مەعلوماتە، دەبێ فۆڕمەکەی لە سەر وێب سایتی ئەو دەزگایە هەبێ، (ان وجد) دەبێ لا ببرێ لە ئەخیردا، چونکە ئێمە دەبێ وای لێ بکەین هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت وێب سایتی خۆیانیان هەبێ مەعلوماتەکە و فۆڕمەکەشی لە سەر بڵاوبکەنەوە، ئەمە خاڵێك، خاڵی حەوتەم تکایە ئەگەر من لێی تێنەگەیشتووم ئێوە شەرحێکم بۆ بکەن، چونکە بەڕاستی چوار جار خوێندوومەتەوە تێنەگەیشتم لێێ، تەڵەبی مەعلومات تۆ بتەوێ زانیاری لە سەر شتێك وەربگری، لە حەوتەمدا دەڵێ، (في حالة احتواء الطلب المقدم على معلومات ضرورية لحماية حياة شخص أو حريته، على المؤسسة العامة أو الخاصة الاجابة عليه خلال مدة (48) ساعة التالية على تقديمه)، باشە شتێك عیلاقەی هەبێ بەسەر ئازادی منەوە وەکو تاك بۆ کەسێکی تر بێت بەناوی حیمایەوە بێت داوای مەعلومات بکات لە سەری، ئاخر من وای تێگەیشتووم بەڕێزان یەعنی کە دەیخوێنمەوە دوو، سێ تا چوار و پێنج لە عەرەبیشدا باشم، ئەو نەصەی کە دانراوە ئەوە دەگەیەنێ،(في حالة احتواء الطلب المقدم على معلومات ضرورية لحماية حياة شخص أو حريته، على المؤسسة العامة أو الخاصة الاجابة عليه خلال مدة (48) ساعة التالية على تقديمه)، ئەگەر کەسەکە مەعلومات لە سەر خۆی داوا بکات ئەوە بەڕاستی نازانم بە فەرمی کێ داوای مەعلومات دەکات لە سەر خۆی؟ هەموو کەس مەعلوماتی خۆی لای خۆیەتی، غەیر مەفهومە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووو کاك عمر ،

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشانە لە لیژنەی هاوبەش دەکەم کە بەشێوەیەك سیاغەیان کردۆتەوە ئێستا روونترە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم: من بە زیادی دەزانم، ئەگەر داواکە کەسێکی نەخوێندەوار یان خاوەن پێداویستی تایبەت بێ، چونکە دەڵێ پێویستە داواکار لە بڕگەی سێیەم بەشێوەیەکی نووسراو ئەو کەسە خاوەن پێداویستی تایبەتیش بێ دەکرێ داواکاریەکەی بەشێوەی نووسراو پێشکەش بکا، و دەکرێ بشپرسین بە زار

پێشکەشی دەکا، بە شەفەهی، ئەی ئەو کەسەی خاوەن پێداویستی تایبەت، لاڵ بوو نەیتوانی قسە بکا، بۆیە بە رەئی من مەفهومەکە لە برِگەی سێیەمدا بەرجەستە بووە هەموو کەسێك دەتوانێ بەشێوەیەکی نووسراو نەخوێندەوار بێ یان خاوەن پێداویستی تایبەت بێ بەشێوەی نووسراو داواکاریەکە پێشکەش بکا، بۆیە برِگەی چوارەم من پێم وایە زیادەیە، سەبارەت بە برِگەی حەوتەم: منیش هەمان تێروانینم هەبوو ئەوەی کە سۆزان خان باسی کرد، ئەگەر بشمێنێتەوە من پێشنیار دەکەم ئەگەر زانیاری داواکراو پەیوەندی بە ژیان و ئازادی داواکارەوە هەبوو، من دەچم هەست دەکەم پێویستم بە زانیاریەکە لە سەر خۆم پەیوەندی بە ژیان و ئازادی منەوە هەیە، داوادەکەم پێویستە ئەو زانیاریە زوو بدرێ بە خۆم، بەڵام من بچم مەعلومات کە پەیوەندی بە ئازادی و ئەمنیەتی کەسێکی ترەوە هەبێ حەق نیە بەو شێوەیە بێ، بۆیە ژیان و ئازادی کەسێکەوە هەبێ، بیکەنە ژیان و ئازادی بە داواکارەوە هەبێ، بەو شێوەیە عیلاج دەبێ، سوپاس.

**بەرِێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك ئارام،

**بەرِێز أيوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارم لە سەر کاتەکان هەیە کە لە ئەسڵی پرِۆژەکەشدا ماوەی (10)رۆژە، (7) رۆژە، و بۆ درێژکرنەوەکە (15) رۆژ (10) رۆژە، بەرِاستی لەبەر ئەوەی ئێمە دامان ناوە هەموو دام و دەزگایەك فەرمانبەرێکی هەبێت تایبەت بێ بەو کاروبارە، لەبەر ئەوە ئەمە رۆتیناتێکی زیاترە لەبەر ئەوە من پێم باشە کاتەکان کەم بکرێتەوە (7) رۆژ بکرێ بە (10) رۆژ، و هەروەها سەبارەت بە خاڵی حەوت: کە مادام ئەو زانیاریە پەیوەستە بە پاراستنی ژیانی کەسێکەوە (48) زۆرە یەعنی تۆ لە ماوەی ئەو (48) لەوانەیە مەترسی بکەوێتە سەر ژیانی ئەو کەسە، لەبەر ئەوە ئەویش بکرێ بە (24) سەعات بۆ پاراستنی ژیانی ئەو کەسە، سوپاس.

**بەرِێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. صباح،

**بەرِێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەرِێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك جمال،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**موداخەلەم زیاتر شکلیە، ماددەی هەشت دەڵێ (أجراءات طلب المعلومات) یەعنی تۆزێك لە زمانەوانی هەندێك تەواو نیە، ئەگەر بنووسن (أجراءات طلب الحصول على المعلومات) هەتا لە سەر عنوانی پڕۆژەکە بگونجێتن، ئەمە یەك، خاڵی دووەم: للمؤسسة العامة او الخاصة طرح، یەعنی (طرح) زیاتر بۆ مەسائیلی تیجاری و ئەوانە دێت (اعداد نموذج) ئامادە بکرێتن، (و وضع نموذج على موقع الألكتروني) ئەوە لێرە خۆی تەرح بووە ئەگەر هاتو لە سەر مەوقعی ئەلکترۆنی دابەزاند ئەوە تەرح بوو، ئەوانی تر ئەگەر بوو (أجراءات طلب الحصول على المعلومات لغوياً) خاڵی سێیەم:**

**(يجب أن يكون طلب)، (المعلومات) لا ببرێتن، هەمان شت خاڵی شەشەم: أن تجيب على الطلب، بەس ئەوە، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو کاك خورشيد،**

**بەڕێز خورشيد أحمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانم کرا، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو د. بشير،**

**بەڕێز د. بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە خاڵی دووەم لەو ماددەیەدا منیش رام وایە دەڵێ ئەگەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنی هەبێ پێویستە ئەو ئەگەرە لا ببرێ، و بیکەیتە ماڵ بە سەر هەموو دام و دەزگاکان، پێویستە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی خۆیان هەبێ، بۆیە ئەم ئەگەرە لێرە لا بچێ، و هەروەها سەبارەت بە ماوەکەش کە لە خاڵی شەشەمدا هاتووە لە ئەسڵی ماددەکەدا (7) رۆژ بۆ (10) رۆژە، لێرە کراوەتە (10) بۆ (15) رۆژ، من رام وایە(10) رۆژ بۆ (15) رۆژ زۆرە، بگەڕێتەوە سەر ئەسڵی پڕۆژە یاساکە (7) رۆژ بۆ (10) رۆژ، و هەروەها (48) سەعاتەکەش زۆرە بەتایبەت ئەگەر مەترسی هەبێ لە سەر ژیانی کەسێك ئەوە پێویستە بکرێتە (24) سەعات، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو سەرگوڵ خان،**

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە سەر ئەو ماددەیە من پشتگیری دەکەم بەم شێوەیە داڕێژراوە، بەڵام یەك دوو تێبینیم هەیە، بەنیسبەت بڕگەی دووەم منیش ڕام لەگەڵ سۆزان خان و د. بەشیرە کە ئەو مەوقیعە ئەلیکترۆنیەی (ان وجد) لێ لا بدرێ، چونکە بۆ ئەوەی ببێتە واقعێك بە سەر دام و دەزگاکانەوە کە هەموویان وێب سایتی ئەلیکترۆنیان هەبێ، بەنیسبەت بڕگەی شەشەم: ئەو موددەیە کە باسکراوە، منیش هاوڕام لەگەڵ مامۆستا ئارام کە ئەو مودەیە زۆرە، بەڕاستی (10) ڕۆژ کەم بکرێتەوە، لایەنی کەم بکرێتە (7) ڕۆژ یان (5) ڕۆژ، و جاری دووەم کە تەمدید دەکرێ (15) دانرا، من پێم وایە بکرێ بە (10) ڕۆژ باشترە بۆ ئەوەی کە خەڵك بە ئاسانی بگات بەو مەعلوماتەی کە دەیەوێ، لە حاڵەتی حەوتەمدا ئەو مەعلوماتەی کە ئەو کەسە داوای دەکا بۆ حیمایەی شەخسی خۆی، یەعنی تایبەتە بەکسێتی خۆیەوە، کە ئەمە زۆر واریدە زۆر نموونەش هەیە لەم بابەتە، بەڵام منیش پێم وایە (48) سەعات زۆرە دەکرێ، بکرێ بە (24) سەعات، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو کاك حەمە سعید،**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش لە سەر خاڵی دوو ئەو تێبینیەم هەیە کە دەبێ: هەموو دام و دەزگایەك ماڵپەڕی ئەلکترۆنی هەبێ، و زانیاری وەرگرتنی هەبێ لە سەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنی داینێ، ئەوە خاڵێك، چوارەم: من پێم وایە زیادە، ئەو کاتە کەسەکە نەخوێندەوار بێ یان خاوەن پێداویستی تایبەت بێ، کەسێکی هەر دەبێ بە نووسین بۆی تەقدیم بکا داواکارەکە داوای زانیاری، لە سەر شەشەم: پشتگیری کاك ئارام و مامۆستا بەشیر و سەرگوڵ خان دەکەم کە باسی (7)ڕۆژ و (10) ڕۆژ دەکەن، ئەوە بکرێ بە (7)ڕۆژ و (10) ڕۆژ، هەروەها خاڵی حەوتەمیش: (48) سەعات زۆرە بکرێ بە (24) سەعات، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**بتگوتبا قسەکانم کرا، چونکە هەمان قسەت کردەوە، فەرمووئاهەنگ خان،**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەو فەقەرە یەك و دوو و سێ و چوار پێم باشە بکرێتە یەك فەقەرە، چونکە ئەگەر بڵێین، (علی کل مؤسسة عامة أو خاصة تحدید وسیلة) ئەو وەسیلە ئەو موئەسەسە هەر موئەسەسەك عاید بە خۆی دەتوانێ وەسیلەیەك دانێ بۆ ئەوەی تۆ تەڵەبی مەعلوماتی لێ بکەی، دوای ئەو مەعلوماتە ئەگەر وەسیلەکە ئۆن لاین بێ یان هەر وەسیلەیەك کە ئەو دایدەنێ باوڕکەم فەقەرە سی و چواریشی لە ناو جێ دەبێتەوە،**

بۆیە من دەڵێم ئەو چوار فەقەرەیە بکرێتە یەك فەقەرە (على كل مؤسسة عامة أو خاصة تحديد بيان وسيلة) کە تەحدیدت کرد تەڵەبی شەفەهیشی لێ جێ دەبێتەوە بە ئۆن لاین بێ مەعلوماتی لێ دەبێتەوە، بۆیە ئەو بڕگانەم پێ زیادە، بەنیسبەت فەقەرەی حەوتەم کە دەڵێ (خلال مدة (48) ساعة التالية على تقديمه) من ئەو فەقەرەم زۆر پێ باشە، چونکە ئەوە لە تەڵەبی موئەسەساتی عام و خاص زۆر زۆر دەوری هەیە، مەسەلەن شەخسێکی ئێرانی جیرانمە هەست دەکەم خەتەرەکی لە سەرە مەفرووزە من خۆم تەقدیمێکی مەعلوماتی بکەم چ ئایا بۆ ساحیبی ئەو عیمارەی لەگەڵمە یان جیرانمە یانیش بۆ حکومەتی بێ کە بڵێم ئەو تەڵەبە دەبێ جەواب بدرێتەوە من ئەو خەتەرەی هەست پێ دەکەم، بەنیسبەت عامیش تۆ دەبینی جیرانێکت دزەکی دێتە سەری ئەو تەڵەبەی دەبێ تۆ تەقدیمی بکەی دەبێ مەعلوماتەکەت زۆر بە سەهلی بگاتەوە دەستی کە بتوانێ حمایەی حیاتی شەخسەکی بکەی کە تۆ لە موجتەمەعێکی بژی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تەنها ئەوەی کە میسالەکەی شەخسێکی ئێرانی لە پڕۆتۆکۆل ڕەش بکرێتەوە، چونکە ئەمە لەوانەیە شتی تایبەت بێ، فەرمووئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە شەخسێکی ئەجنەبی عەلە سەبیلی میسال

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەوە میسالە یان حەقیقیە؟ ئەگەر میسال بێ ئیعتیادیە، فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر میسالە، چونکە ئیحتیمالی هەیە تۆ شەریکەك جیرانت بێ مەجموعە ئەجنەبییەکی تێدا بن ئەو مەجموعە ئەجنەبیە مەفروزە من بە دائیرەی ئیقامەی بڵێم خەتەرەکیان لە سەرە یان هەست دەکەم شتێکیان لێ هاتووە ئەوە بەس (على سبيل المثال) یەعنی شەرت نیە ئێرانی بێ یان تورکی بێ ئەجنەبی بێ هەر چ بێ، بەڵام ئەوە لە پڕۆتۆکۆل زۆر موهیمە کە حیمایەی شەخس دەکەی تۆ دائیرەی من، دائیرەی تۆ حەقت هەیە مەخسەدم لەوەیە حەقت هەیە تەڵەبەکەی تەقدیم بکەی کە هەست دەکەی لە سەر حیاتی ئەو کەسەی خەتەرەك هەیە بۆ ئەوەی ئینقازی بکەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من تەناقوزێك دەبینم لە بڕگەی سێیەمدا کە تەناقوزە لەگەڵ بڕگەی دووەمدا لە بڕگەی دووەمدا پێشنیازی ئەوە کراوە کە فۆرمێك هەبێ ئێمە ئیشی ئەم یاسایە بە گشتی ئەمەیە کە وەرگرتنی زانیاری بکەینە شێوازێکی موئەسەساتی، بەڵام لێرەدا خاڵێکی تێدایە ڕاستە ئەگەر موتتەبەع بێ جارێکی تر ئێمە جۆرێك لە گۆترە دانەوە زانیاری دەدەینەوە بە خەڵك، یەعنی لەو شێوازە سیستەماتیکە وەریگرینەوە، لە خاڵی دووەمدا: زۆر باشە لە سەر ئەوە قسەکراوە کە شێوازی پڕکردنەوەی فۆرمێك بێ کە هەموو لایەنێك نموزەجی هەبێ بۆ پێشکەشکردنی فۆرمێك، لە خاڵی سێیەمدا دەڵێ: (يتضمن تفاصيل واضحة عن محتوى المعلومات)واتە جارێکی تر ئەو کەسەی کە تەڵبەکە تەقدیم دەکاتەوە تەواوی مەعلومات بنووسێتەوە کە ئەو زانیاریەی بۆ چی دەوێ، ئەی ئێمە لە سەرەوە دەڵێین فۆرمێکی  دیاریکراو هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسە نەچێتەوە تەفاسیل، و لە خاڵی دووەمدا: ئاماژە کراوە کە عبیئێك نەبێ بۆ سەر شانی ئەو کەسە کە تەڵەبەکە تەقدیم دەکا کەواتە ئەمە سیاغەیەکی مەدەنیە، بەڵام لە خوارەوە دەڵێین تەفاسیلی وازح بنووسێت لە سەر ئەو مەعلوماتەی کە ئەو کەسە دەیەوێ بە بڕوای من خاڵی سێیەم کافیە کە ئەو کەسە چونکە لە سەرەوە فۆڕمێکی دامەزراوی دەدرێتێ نە بە مەزاجی موەزەفەکەیە نە بەمەزاجی ئەو کەسەیە کە داوای فۆڕمەکە دەکات بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دامەزراوی هەبێ بۆ پێشکەشکردنی زانیاری و وەرگرتنی زانیاری ئیشی ئێمە لەم یاسایە ئەمەیە، بۆ ئەوەی خەڵك لە عەریزە نووسین رزگار بکەین، کە دێیتە سەر خاڵی سێیەم: جارێکی تر مەجبوری دەکەیتەوە لەگەڵ ئەوەی تەڵەبەکەی تەقدیم کردووە داوای تەسریحەکە دەکا، کافیە کە ناوی خۆی ئیمێڵ و ژمارەی موبایلەکەی بنووسێ نەك مەعلومات بنووسێت لە سەر شێواز و جۆری ئەو زانیاریەی کە داوای دەکا، چونکە لە سەرەوە وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد فۆڕمەکە تەحدیدی ئەو حقوقەی بۆ دەکات، بۆیە بە بڕوای من(يتضمن تفاصيل واضحة عن محتوى المعلومات) ئەمە زۆر گشتگیرە ئەبێ بە ڕێگر، ئەمە هەڵبگیرێ، بە تەنها مەعلوماتی ئەو تەڵەبەی کە تەقدیمی دەکا، سەبارەت بە خاڵی چوارەم: بە بڕوای من پێچەوانەی ئەو مەفهومەیە جارێکی تر  کە دەمانەوێ وەرگرتنی زانیاری بە دامەزراوەیی بکەین، لێرەدا ئەو کەسە کە خاوەن پێداویستی تایبەت بێ، بۆ لێرە نووسراوە فەرمانبەر، چونکە ئەو فەرمانبەرە هەڵبەت دەورەی بینیوە کە چۆن تەڵەبەکە پڕ بکاتەوە بۆ یەکێك کە کەڕ و لاڵ بێ یان خاوەن پێداویستی تایبەت بێ، بەڵام لە کاتێکدا ئەگەر ئەم خاڵە هەڵبگیرێ، و پەنا بباتە لای عەریزە نووسێك ئایا فەرمانبەرەکەی کە عەریزەکە دەنووسێ بەپێ ئەم یاسایە ئەو بەپرسە لەبەردەم لێ پرسینەوە، بەڵام ئایا ئەو عەریزە نووسەی لە کوێ بۆی دەدۆزرێتەوە کە ئەو تەڵەبەکەی بۆ نووسیوە یان یەکێك لە خێزانەکەی بۆ نموونە من تەهدید لە سەر ژیانمە دەڵێم تەڵەبێك دەنووسم کەس و کارەکەم دەڵێن دەرگا لە سەر ئەو مەوزوعە مەکەوە، شتێکی باش نیە، بۆ موخاتەرە بۆ ئەو هەڕەشەیەی دەکەوێتە سەر ژیانی من و خێزانەکەم ئەگەر من نەخوێندەوار بم لەوانەیە روبعێك زانیاریەکە بۆ من دەنووسن، بەڵام فەرمانبەرەکە بە چاوێکی گشتگیرانە بەبێ ئینحیاز، بەبێ ترس تەواوی تەڵەبەکە بۆ ئەو کەسە کە

کەڕ و لاڵ بێ خاوەن پێداویستی تایبەت بێ بۆی دەنووسێ، بۆیە بە بڕوای من ئەو مەسئوولیەتە دەبێ بە دامەزراوەیی بکرێ، یەك: بە فۆڕم بێ، دوو: ئەو دەسەڵاتە دەبێ لای ئەو موەزەفە بێ، چونکە سبەینێ ئێمە دەتوانین رووبەرووی بەپرسیارێتی و لێ پرسینەوە بکەین نەك عەریزە نووسێك کە ئەمڕۆ لە شوێنێك دانیشتووە سبەینێ لە شەقامێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عبدالله،

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك قادر،

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ لیژنەی هاوبەش لە داڕشتنی سەرجەم بڕگەکانی ئەم ماددەیە، من دوو مولاحەزەم هەیە، یەکەمیان لە سەر خاڵی چوار: ئەگەر داواکار کەسێکی نەخوێندەوار یان خاوەن پێداویستی تایبەت بوو بە بڕوای من یان لە ڕێگای پارێزەرەوە یان لەگەڵ رایەکەی ئاشتی خانم کە ئەو فەرمانبەرە موختەسە بە ئەرکەکە هەڵسێ یان لە ڕێگای پارێزەرێکەوە ئیشەکە جێبەجێ بکرێ، بڕگەی حەوتەم: ئەگەر زانیاری داواکراو پەیوەندی بە ژیان و ئازادی کەسێك زۆر لە هاوکارانم لایەنە ئیجابیەکەی ئەو زانیاریانەیان باسکرد، بەڵام زۆر جاریش هەیە گەڕان یان کۆکردنەوەی زانیاری یانبە دواداچوون بۆ زانیاری بە دوای ژیان و ئازادی کەسێکەوە لایەنە سلبیەکەیەتی، بۆیە پێویستە لەوە پاراستنی هاووڵاتی یان کەسەکە مەعنەوی بێ یان هین بێ، لەبەر چاو بگیرێ نەبێتە هۆکاری پێشێلکردنی ئازادی و ژیانی هاووڵاتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەندێك خۆشك و برایانی پەرلەمانتار هەندێك با بڵێین پرسیار و تێبینی و هەندێك رایان دەربڕی بە بڕوای من پێویستی بە تەوزیح هەیە نەك بە رەتدانەوە، سەبارەت بەوەی کە نووسراوە (ووضع النموذج على موقعها الألكترونى أن وجد) ئێمە هیچ گرفتێکمان نیە لەوە ئەگەر هاتو لاش ببردرێ، بەنیسبەت ئەو مولاحەزەی کاك جەمال لە رووی زمانەوانیەوە لە جیاتی (طرح) بێ، دەکرێت (وضع) بێ دەکرێ (اعداد) بێ، دەکرێ هەر شتێك بێ، موهیم ئەوەیە نموزەجێك لە سەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنی خۆی دابنێ ئەمە لە زۆر وڵاتان هەیە ،زۆر موئەسەسات ئەو ئیشە دەکەن، من بۆ خۆم ئەو نموزەجەم دیوە، هەر یەك لە ئێوە دەتوانن بگەڕێن ئەو نموزەجانە هەیە، بۆیە دەتوانن تەماشای بکەن، بریا نموزەجێکیشم لەگەڵ خۆم بهێنابایە بۆ ئەوەی خۆشك و برایانی پەرلەمانتار بیان بینیبا، سەبارەت بە سێیەم: (يجب أن يكون طلب المعلومات خطياً ويقدم الى الموظف المختص، يتضمن تفاصيل واضحة عن محتوى المعلومات المطلوبة واسم مقدم الطلب و وسيلة الأتصال به) ئەمە دەبێ تەفاسیلێکی وازح بنووسێ ئەو وەسیقەیە یان ئەو مەعلومەیەی ئەو کەسە داوای دەکا چییە؟ بۆ ئەوەی موەزەفی موختەس بە ئاسانی بتوانێ کە لە ناو ئەرشیفەکان دەگەڕێ لە ناو وەسیقەکان دەگەڕێ بە ئاسانی بیدۆزێتەوە تەنیا بۆ ئەوەیە نەك بۆ رێگری، بۆ شتێکی دیکە نیە،بۆ ئەوەیە بە خێرایی بە زووترین کات وەسیقەکە بدۆزێتەوە کە ئەو مەعلوماتەی تێدایە، گەر تۆ نەزانی باسی چی دەکەی مەسەلەن تۆ لە وەزارەتی تەربیە داوا بکەی چەند فوتابیتان هەیە؟ چەند مەکتەبتان هەیە سێ دەوامە؟ دەبێ بە وازحی بنووسرێ شتەکان، بۆ ئەوەی بە خێرایی وەڵامەکە وەربگریەوە، ئەوە نموونەیەکم هێنایەوە ئەوەیە مەوزوع، شتێکی دیکە نیە، بەنیسبەت دەکرێ سێ و چوار لێك بدرێ یان نا؟، بە بڕوای من دەکرێ، بەڵێ گرفتێکیش نیە، لێرەدا موەزەفی موختەس لە سەریەتی تەدوینی بکا، چونکە ئەو بیلفیعل ئاشتی خان روونی کردەوە ئەو راهێنراوە کە چۆنیەتی شتەکە پڕبکاتەوە وەکو ئەو داوا دەکات، بەنیسبەت ماوە، خوشك و برایان بەڕاستی هەندێك داواکرا کە پێیان وایە ماوەکە زۆرە، من پێم وایە ئەگەر هاتو خوشك و برایان ئیتلاعیان هەبوایە لە سەر قەوانینی وڵاتان رەنگە بەو شکلە ئێمە لە لیژنەی موشتەرەکیش قسەمان کرد، لە زۆر وڵاتی ئەوروپی یەك مانگ دانراوە، لە (15) رۆژ بۆ یەك مانگ، توخوا ئێمە لەوان پێشکەوتووترین لە هەموو وەسیلەکانی ئیتیساڵ و گەڕان و ئەرشەفە و وەسائیق کردن و شتی وا، من پێم وایە، نەخێر، بۆیە حەقە ئێمە شتێك بکەین بۆ ئەوەی بتوانین گونجاو بێ بتوانین بیلفیعل هاووڵاتی دەستی بە زانیاریەکە بگا، بۆیە پێمان وایە ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش کە ئەوەمان داڕشتەوە ئەمە دوای دیراسە بووە دوای لێکۆڵینەوە پاش ئەوەی چاومان بە چەندین قانونی وڵاتان کەوتووە، بەتایبەتی ئەگەر هاتو هی دووەم کە کراوەتە (15) رۆژ، تۆ داوا دەکەی مەسەلەن داوای (20) وەسیقە دەکەی، کە رەنگە بەس بە تەنیا ئیستینساخەکان و شتەکانی ماوەیەکی زۆری پێ بوێ، باشە چۆنی ئامادە دەکەی؟ بۆیە ماوەیەکمان داناوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بە دوای بگەڕێ یان پێویستی بە ئیستیشارەی تەرەفی سێیەم هەیە، موئەسەسەیەك وەسیقەیەك هەیە بەڵام دەبێ موافەقەی تەرەفی سێیەم وەربگرێ، ئایا ئیستیشارەیە؟ ئایا بیدات یان نا؟ بەتەئکید کە موافەقەکەی وەرگرت ئینجا ئەمەیە بۆ

ئەوەی با بڵێین بۆیە ئەو ماوەیە دانراوە لە نێوان (10) رۆژ تا (15) رۆژ، من پێم وایە لە جێگەی خۆیەتی دوا بڕیاریش رەئی پەرلەمانتارانە، بەنیسبەت خاڵی حەوتەم کە زۆر قسەی لە سەر کرا، من پێم وایە ئەو مەوزوعە راستە نموونەیەکی هێناوە ئاهەنگ خان من پێم وایە زیاتر پەیوندی بەوەیە مەسەلەن بۆ نموونە بەتایبەتی لە مەحاکم لە هەندێك شت یەکێك دەگیرێ با بڵێین رەنگە خەتەر هەیە، رەنگە سبەینێ حوکمێکی ناڕاستی بەسەر دابدرێ لە رووی خەتەر دەکەوێتە سەر حەیاتی ئەو، بەڵام وەسیقەیەك هەیە ئەو وەسیقەیە حەیاتی ئەو لە خەتەر رزگار دەکا، بۆیە تۆ پێویستت بەمەیە لە ماوەیەکی کەمدا، و ماوەکەش زۆر زۆر زەرووورە لە (48) سەعات تێنەپەڕێ، دەکرێ لە (48) سەعات کەمتر بێ، دەکرێ (24) سەعات بێ، دەکرێ (12) سەعات بێ، دەکرێ سەعاتێکیش بێ، بە خێرایی بیدەنێ ئەو مەعلومەیە، ئەو مەعلومەیە حەیاتی ئینسانێك دەگێڕێتەوە، کە تۆ دەزانی ئەمە بەریئە مەعلومەیەکیشت دەست دەکەوێ لەلای موئەسەسەیەکی عام یان موئەسەسەیەکی خاص، هەر هەمان شت بەنیسبەت ئازادیەکەی، من پێم وایە ئەمە ئەسڵی مەوزوع لە سەر ئەمە بووە نەك شتێکی دیکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بە رەچاوکردنی تێبینی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دوا سیاغەتان بخوێننەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سیاغەکمان ئامادەکردیە، بەڵام تەنها ماوەکان چەند ئەندام پەرلەمان داوایان کرد ماوەکە کەم بێتەوە، ئەوە بە رەئی من بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئینجا نیهائی بۆ ماددەکە دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەو تەوزیحە، ئەو بەڕێزانە هەر موسڕن لە سەر ئەوەی ماوەکە کەم بکرێتەوە، کێ داوای کەمکردنەوەی ماوەکە دەکات، کاك ئارام،

**بەڕێز أيوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ من پێشنیارم کرد لەگەڵ چەند بەڕێزێکی تریش، ئەوە بوو کاك ئاسۆ باسی کرد هەندێك وڵات وایە مانگە، بەس زۆر وڵاتیش هەیە (10) رۆژ و (15) رۆژ و (24) سەعاتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك داواكاری هەبوو (10) رۆژەكە بكرێ بە (7) رۆژ، جا دەكرێ ئەوە بخرێتە دەنگدان، سەبارەت بە ماوەكە ئەگەر تەماشای ئەو نەصە بكەین كە لیژنەی موشتەرەك ئامادەی كردووە، ناڵێ با بڵێین دەبێ (10) رۆژی پێ بچێ یاخود (15) رۆژی پێ بچێ، باس لەوە دەكا دەڵێ لە ماوەی (10) رۆژدا یەعنی دەكرێ بە رۆژێك یان بە دوو رۆژ ئەو زانیاریانە بە دەست بگات، بەڵام سەقفێكی بۆ دانراوە نابێ لە دەرۆژ زیاتر بێ، یاخود ئەوی تریش هەندێك زانیاری هەیە ئەگەر پێویست بكا تەرەفی سێیەمی لەلای تەرەفی یەكەم نەبێ، لە لای تەرەفی دووەم بێ ئەو كات باس لەوە دەكات دەڵێ لە ماوەی (15) رۆژدا، تەنیا بۆ روونكردنەوە، یەعنی دەكرێ بە دوو رۆژیش بە دەست بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو پەیام خان،

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا هەر ئیزافەیەك بۆ بەرچاو روونی، (أیام العمل) مەسەلەن ئێمە دەڵێین (10) رۆژەكە بكرێ بە (7) رۆژ، بەڵام ئەگەر تۆ (10) رۆژەكە لێك بدەیتەوە هەر (7) رۆژی كاملت بۆ دەردەچێ، چونكە تۆ جومعە و شەممە كە دەوام نەبێ وا دەگرێتەوە، یان ئێمە دەڵێین (15) رۆژ تۆ ئەگەر لە مانگی ئازاردا تەقدیمی تەڵەب بكەی لە مانگی ئازاردا (15) رۆژ هەمووی عوتلەیە لە بیداتدا، یەعنی بۆیە تۆ دەستنیشانی (أیام العمل) بكەین، بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوی ئەو كەسەش روون بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عونی یەك، یەك بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەوەی كە (10) رۆژەكە بكرێتە (7) رۆژ بخرێتە دەنگدانەوە یەكەم جار، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ دەڵێ ئەو (10) رۆژە بكرێتە (7) رۆژ، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (14) كەس وا دەڵێ، كێ دەڵێ وەكو خۆی (10) رۆژەكە بمێنێتەوە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ ئەوە زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە (10) رۆژەكە بمێنێتەوە، فەرموو چی تر هەیە؟،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەوەی كە (15) رۆژەكە بكرێتە (10) رۆژ،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ڕەئیەك هەیە دەڵێ (15) ڕۆژەكە بكرێتە (10) ڕۆژ،كێ لەگەڵ ئەوە دایە بكرێتە (10) تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (15) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دایە وەكو خۆی بمێنێتەوە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ ئەوە زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە بمینێتەوە، فەرموو چی تر هەیە؟،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(48) سەعاتەكە بكرێتە (24) سەعات،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ دەڵێ(48) سەعاتەكە بكرێتە (24) سەعات، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (12) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ ئەوە دایە وەكو خۆی بمێنێتەوە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ ئەوە زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە بمینێتەوە، فەرموو ماددەكە بخوێنەوە،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاش ئەوەی بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتنی را و بۆ چوونی ئەندامانی پەرلەمان ماددەكەمان بەو شێوەیە دارِشتووە:

المادة الثامنة: أجراءات طلب الحصول على المعلومات:

أولاً: على كل مؤسسة عامة أو خاصة تحديد موظف مختص او أكثر لأستلام الطلبات.

ثانياً: للمؤسسة العامة او الخاصة اعداد نموذج لطلب المعلومات يتضمن تفاصيل عن محتوى المعلومات المطلوبة وأسم مقدم الطلب و وسيلة الأتصال به على أن لا يكون عبئاً على مقدمها. ووضع النموذج على موقعها الألكتروني.

ثالثاً: طلب الحصول على المعلومات يكون خطياً إلا في حالة التعذر يجوز أن يكون شفوياً.

رابعاً: على المؤسسة العامة أو الخاصة تسجيل الطلب فور تسلمه سواءَ تم قبوله أو رفضه ويعد عدم التسجيل رداً غير قانونياً للطلب.

خامساً: على المؤسسة العامة أو الخاصة أن تجيب على الطلب خلال مدة عشرة أيام من تأريخ الأستلام. و ان كان الطلب يتضمن عدداً كبيراً من المعلومات او يستوجب استشارة الطرف الثالث، يجوز لها تمديد هذه الفترة ولمرة واحدة على أن لا تزيد على خمسة عشرة يوماً.

سابعاً: في حالة احتواء الطلب على معلومات ضرورية لحماية شخص أو حريته، على المؤسسة العامة أو الخاصة الاجابة عليه خلال مدة (48) ساعة التالية على تقديمه.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (57) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ دوو کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة: الأجابة على الطلبات:

اولآ: إذا تم رفض الطلب، كلياً أو جزئياً، فعلى الموظف المختص أن يبين في رد أن يسلمه الى مقدم الطلب، سبب الرفض على أن لا يخرج السبب عن:

أ ـ المعلومات المطلوبة ليست بحوزة المؤسسة المعنية.

ب ـ المعلومات المطلوبة تقع في نطاق الأستثناءات المحددة في هذا القانون.

ج ـ المعلومات المطلوبة سبق وأن تم نشرها مع الأشارة الى مكان و زمان نشرها، او موجودة على موقعها الألكتروني أو تم تزويد مقدم الطلب نفسه قبل (6) أشهر.

ث ـ الأشارة الى حق مقدم الطلب في مراجعة محكمة البداءة المختصة.

ثانياً: على المؤسسة العامة أو الخاصة في حالة قبول الطلب، اعطاء معلومات مباشرة الى مقدمه.

ثالثاً: ان كانت المعلومات المطلوبة جاهزة ولا تحتاج الى جهد للبحث عنها، فيمكن تزويد طالبها مباشرة عن طريق المخابرة التلفونية أو البريد الألكتروني أو شفهياً وجها لوجه.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تا ناوی بنووسین، ( ناسك خان، ئاشتی خان، هاژە خان، کاك جمال، کاك فاضل، کاك عبدالرحمن، د. احمد) فەرموو ناسك خان،

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی یەکەمم شکلیە، پێم وایە لەبەر ئەوەی ماددەکە باسی وەڵامدانەوە دەکات، ناکرێ یەکەم بڕگەمان باس لە وەڵامدانەوە بێ، لەبەر ئەوە پێم باشە بڕگەی دووەم و سێیەم بکەینە یەکەم و دووەم، چونکە بەڕاستی تۆ ماددەکەت، باسی وەڵامدانەوە دەکات، بەڵام لە ئەوەلەوە دەڵێ ئەگەر وەڵام نەدرانەوە ئەمانە بنووسین لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێ دووەم و سێیەم بکەین بە یەکەم و دووەم، و یەکەم بکەین بە سێیەم، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: بەڕاستی من پێم وایە ئەم ئەلفە کە دەڵێ ئەگەر داواکاریەکە هەمووی یان بەشێکی ڕەتکرایەوە پێویستە وەڵامدانەوەکە بە نووسین بێ، تەبعەن دوای (10) ڕۆژ وەڵام دەداتەوە، مەعقول نیە دوای (10) ڕۆژ بڵێ وەڵلا ئەم زانیاریە لای ئێمە نییە، یەعنی هەر لە ئەوەلەوە ئەو کەسەی کە فۆڕمەکەی بۆ پڕدەکاتەوە نازانێ ئەو زانیاریانە تابعی ئەو موئەسەسەیە یان نا؟ یەعنی دەکرێ ئەو خاڵە هەر لا ببەین، چونکە بەڕاستە ، من وا هەست دەکەم دەبێتە بیانوویەك بۆ ڕەتکردنەوەی داواکاری، و

دەبێتە ڕێگریەك لەبەردەم بە دەستخستنی زانیاریدا دەبیتە بیانوویەك بە دەست هەر فەرمانبەرێکەوە بڵێ کە نەی ویست ئەو دەزگایە داواکاری با بڵێ لام نیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو خاڵە زیادە، چونکە بە خاڵی (ب) کە دەڵێ ئەگەر داواکراوەکە کەوتە بازنەی ڕیزپەڕەکانەوە وابزانم ئەوە زۆر هەیە ئەو شتانەی کە نابێ داواکاری بێ هەر ئەمە کیفایەتە ئەم خاڵەی لا ببەین کە دەڵێ ئەگەر وتی لای دام و دەزگاکە لای ئێمە نیە، ئەی بۆ لە ئەوەلەوە پێی ناڵێ بۆ دوای $(10)$ ڕۆژ پێی دەڵێ، ئەوە خاڵێك خاڵێکی تر لە فەرعی (ت) دەڵێ: زانیاری داواکراو پێشتر بڵاوکرابێتەوە، ئەوە پێی دەڵێ وەڵامەکە بە ڕەد، بە نەخێر دەبێ، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ کات و شوێنی بڵاوبوونەوەی یان لە سەر ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی دانرابێ لەوێ زیادی بکەین، بڵێین لەگەڵ ئاماژەکردن بە ماڵپەڕەکە مەسەلەن ئەو کە بۆی دەنووسێ دەڵێ لە ئیمێڵدا یان لە سایتدا بڵاوکراوەتەوە مەفروزە بە نووسین ئاماژە بکا بە ماڵپەڕەکەش بۆی، خاڵی (ث) ئاماژە بە مافی داواکار بۆ تێهەڵچونەوە، یەعنی تێ ناگەم دوای $(10)$ ڕۆژ بە نووسین بڵێ تۆ بڕۆ بۆ مەحکەمە یان ئەو ئیشە ئیشی مەحکەمەیە ئەی هەر لە ئەوەلەوە پێی ناڵێ خۆ یەعنی ئەم شتانە من وا هەست دەکەم ئەم خاڵەش هەر زیادە، بڕگەی سێیەم: دەڵێ ئەگەر زانیاری داواکراو بەردەست بێ و پێویست بەگەڕان بە دوای دا نەکات دەکرێ ڕاستەوخۆبێ، من پێم باشە ئەم ئەگەرە لا ببەین، بڵێین ئەو زانیاریانەی بەردەستن و پێویست بەگەڕان بە دوای دا نەکات، دەکرێ ڕاستەوخۆبێ ، بۆ ئەوەی ئەو ئەگەرە نەمێنێ، هەر ئیحائی یاساکە وابێ ئەو زانیاریانەی کە بەردەستن و پێویست بەگەڕان بە دوای دا نەکات، دەکرێ ڕاستەوخۆبێ لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی بێ یاخود سایتی ئەلیکترۆنی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم بڕگەی (ب) پشتگیری لە ڕایەکانی ناسك خان دەکەم، ئەوەی کە من مولاحەزەم هەبێ لە سەر ماددەی نۆیەم بڕگەی یەکەم کە، (إذا تم رفض الطلب، كلياً أو جزئياً، فعلى الموظف المختص أن يبين في رده أن يسلمه الى مقدم الطلب) بە بڕوای من ئەوە لە ئەسڵی پڕۆژەکە باشتر نووسراوە، کە وەك لەم سیاغەیە کە نووسراوەتەوە، چونکە لە ئەسلی پڕۆژەکەدا زۆر بە ڕاشکاوانە ئیشارەت بەوە دەکات کە تەڵەبەکە دەبێ نووسراو بێ، بە خەتی بێت کە جەواب دەداتەوە بە قبول و بە ڕەفزی، بەڵام ئەمە کە لێرە بە تەنها دەڵێت پێشکەشکردنی، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم تیایدا هۆکارەکە لە جەوابەکە کە بە نووسراو دەنووسرێ جەوابەکە مەحکوم بکرێ هەر لە ناونیشانەکەوە کە جەوابەکەی تێدا بێ، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم(فعلى الموظف المختص أن يبين بجواب خطي معلل)یەعنی بە تەواوەتی هۆکارەکان بە نووسراو پێشکەش بکاتەوە بۆ ئەو کەسەی تر، بۆئەوەی لەو مەتاتیە ڕزگارمان بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووو هاژە خان،

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەر خاڵی (أ): ئەو کە دەڵێ زانیاری داواکراو لەلایەن دام و دەزگای دیاریکراو نەبێ، من پێم وایە ئەمە تەحسیل حاسلە هەر هاووڵاتیەك بڕواتە دام و دەزگایەکی حکومی داوا بکات بۆ نموونە دەڕواتە وەزارەتی تەندروستی داوای هەندێك مەعلومات دەکات لە سەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە تەئکید ئەوە یەعنی ئەو وەزارەتە لەلای نیە، بۆیە من بە پێویستی نازانم لێرە دا هەبێ، دەتوانرێ هەر بە زارەکی پێی بوترێ کە ئەو زانیاریە لەلای ئەو نیە کە داوای دەکات، دەربارەی (ث): ئاماژەکردن بۆ مافی داواکار بۆ تێهەڵچوونەوە، ئەوە مادام حەقێکە کە مافی تێهەڵچوونەوەی هەبێت، من بە پێویستی نازانم لێرە هەبێت، دەتوانین لە حوکمە کۆتاییەکان ئەو مافەی پێ بدەین بە بڕگەیەك کە مافی تێهەڵچوونەوەی هەیە ئەگەر نەیتوانی زانیاریەکان وەربگرێت، دەربارەی دووەم: کە دەڵێ لە بارێکدا داواکاریەکە پەسەند کرا پێویستە دام و دەزگای گشتی یان تایبەتی ڕاستەوخۆ زانیاریەکان بەو کەسە بدات، من پێم وایە کاتەکە تەحدید بکەین ڕاسەوخۆ لەوانەیە نەکرێت، بۆیە ماوەکە لە (24) کاتژمێر بتوانرێت کە ئەو زانیاریە بە کەسی داواکار بدرێت باشترە، یەعنی تەحدید کردنی ماوەکە ڕاستەوخۆ پێم وایە ناکرێت زۆر جار ناکرێت بە ڕاستەوخۆ پێی بدرێ، دەربارەی سێیەم: کە باس لەوە دەکات لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی ئەگەر زانیاریەکە هەبوو بتوانرێ بدرێ، من پێم وایە ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیە لا ببەین باشترە، چونکە پۆستی ئەلیکترۆنی وەکو بەڵگەیەك ئەتوانرێ گەر ئەو کەسەی داوای کردبوو بڵێ من ئەو مەعلوماتەم وەرگرتووە یان وەرم نەگرتووە لە پۆستە ئەلکترۆنیەکە دەمێنێتەوە، بەڵام لە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکە باوەر ناکەم بمێنێتەوە، یەعنی ئەگەر داوا بکا دەبێ لە کۆمپانیاکە داوا بکا تەسجیلی بکا یان بەو شێوەیە، بۆیە من پێم باشە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکە لا بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووکاك جمال،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موڵاحەزەم تەنها لە سەر خاڵی یەکەمە ئەوەلەن، وابزانم ئەم (أ، ب، ت، ج) وایە ئەم بابەتانە پێش ئێستا باسیان کرد لە ماددەی یەکەم دووەم و سێیەم و چوارەم و ئەوانە، بۆیە من پێشنیار دەکەم تەنها ئەوەلەن بە یەك جوملە بێت، با بڵێین دوو سێ ڕستە بێ زیاتر نەبێت، و ئەو تەفاسیلانە نەدەنە ئێمە، چونکە ئیحتیماله هەموو شتێك ئێمە نەبێت (علی سبیل المثال) ە یان (علی سبیل الحصرة) ئەوە، ئەگەر حەصر بێ لەمە زیاتر موەزەفی موختەس بۆی هەیە مەعلومات نەداتن، بۆیە من پێشنیار دەکەم وا سیاغە بکرێ،

اولآ: إذا تم رفض الطلب، كلياً أو جزئياً، فعلى الموظف المختص أن يبين في رده أن يسلمه لمقدم الطلب، أسباب الرفض شريطة أن لا تكون الأسباب خارج أحكام هذا القانون) هەمووی بە خۆی دەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك فاضل

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لە سەر بڕگەی سێیەم مولاحەزەیەکم هەیە، بە بڕوای من چونکە لێرە دەڵێ زانیاریەکە ئەگەر پێویست بێ بە شێوەیەکی زارەکی یان بە تەلەفۆن بە لایەنی بەرامبەر بگەیەنرێ یان بە داواکار بگەیەنرێ، من پێم وایە زانیاری دەبێ بە شێوەیەکی کەتبی یەعنی بە نامە بدرێ بە داواکار نەك بە شێوەی تەلەفۆن یان هەر بە شێوەکی زارەکی یەعنی ئەو زانیاریە بە شێوەی زارەکی دەدرێ زەمان چییە بۆ ئەوەی کە ئاڵوگۆڕی تێدا دروست نەکرێ، لەبەر ئەوەی ئەمە زەمانێك بێ بۆ ئەوەی کە زانیاریەکە دەدا بۆ ئەوەشی کە زانیاریەکە دەگەیەنێ بۆ ئەو شوێنەی کەوا داوای لێکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووکاك عبدالرحمن،

**بەڕێز عبدالرحمن حسین أبابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د . احمد،

**بەڕێز د . احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم (ت) کە باس لەوە کرا زانیاری داواکراو ئەگەر پێشتر بڵاوکرابێتەوە یان لەگەڵ ئامادەکردن بۆ کات و شوێنی بڵاوکردنەوە یان لە سەر ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی دانرابێ یان ئەو زانیاریە لە ماوەیەکدا لێرەدا ئایا ئەگەر زانیاریەکە پێشتر بڵاوکرابێتەوە یان ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بڵاوبێتەوە، بۆچی ناکرێ لەگەڵ ئەوەشدا وێنەیەك لەو زانیاریەی پێ بدا کە داواکارەکە یەعنی چ مانعێك هەیە لێرە کێ دەڵێ ئەو دەقەی بڵاکرایتەوە یان ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ئەو دەقە جیاوازی نیە کە ئەو داوای دەکا یان مەحتەواکەی جیاواز نیە، یەعنی بە رەئی من لێرە ئەوە نەبێتە بەربەستێك لەبەر دەم ئەوەی کە

زانیاریەکە بە داواکارەکە بدرێ لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەگەر هەتا بڵاوکرابێتەوە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی و پێشتر بڵاوکرابێتەوە لە رۆژنامەکاندا دەقەکەی پێ بدا بۆ ئەوەی بەراوردی بکا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دەقەی کە بڵاوکراوەتەوە ئایا وەکو یەکە یان نا؟ لە بڕگەی سێیەمیشدا کە باس لەوە دەکا کە راستەوخۆ لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی یان پۆستی ئەلیکترۆنی، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوکارەی پێشتر ئەم قسەیەی کرد کە ئەویش هەر بەنووسین نەك بەتەلەفۆنی، تێبینیەکی تریش لە عەرەبیەکەدا لە بڕگەی سێیەم دەڵێ: (ان كانت المعلومات المطلوبة جاهزة ولا تحتاج الى جهد للبحث عنها، فيمكن تزويد طالبها مباشرة عن طريق المخابرة التلفونية أو بريد الألكتروني أو شفهياً وجها لوجه) (بريد الألكترونى) لێرە ئەلیف و لامەکەی نەقوستانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەڵێك بیر و تێبینی دەربڕان کە دیسان هەندێکیان لەوانە پێویستیان بە روونکرنەوە هەیە، بە نیسبەت ماددەی (9) یەکەم: ئێمە حاڵەتەکانمان دیاری کردووە لە چ حاڵەتێکدا موەزەف موختەس بۆی هەیە چ بە جوزئی چ بە کولی وەڵام نەداتەوە تەڵەبەکەی بۆ جێبەجێ نەکا، لەو حاڵەتانە ئەگەر هاتوو نووسراوە لە ئەلف و یان مەسەلەن با بڵێین هەر جارێ با مەعلوماتی تاقەی ئیستیسنائات بێ هەر پێ نادرێ، بۆ ئەوەی ئەمە روون بێ جارێکی تر تەئکیدە، بەنیسبەت ئەوە ئەم زانیاریە لای دام و دەزگای تایبەت دەست نەکەوێ، بە تەئکید ئەم زانیاریە لای دام و دەزگای تایبەت دەست نەکەوێ بۆ ئەوەی هەنجەتی پێ نەگرێ پاساو نەبینێتەوە وەڵلا تۆ زانیاریم نادەیتێ، ئەگەر زانیاری لەلای ئەو موئەسەسەیە نەبێ چی پێ بدا، یان ئەو دۆکۆمێنتەی لای ئەو نەبێ چی پێ بدا؟، بۆیە ئەمە حاڵەتەکە دیاری کراوە، حاڵەتی دیکە بەڕاستی بۆ ئەوەی دام و دەزگاکان سەرقاڵ نەکرێن، یەعنی هەموو رۆژێ بێن مەسەلەن بەو بیانوویەی ئەو مافەت هەیە داوای زانیاری بکەی هەر هەموو رۆژی داوای زانیاری بکەی لە کاتێکدا داوای زانیاریە لە سەر ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هەبێ یان پێشتر ئەم زانیاریە بڵاوکرابێتەوە، بەڵام بە مەرجێك لە رەدەکەدا ئەوەی بۆ روون بکەیتەوە بڵێی لە فڵان شوێن بڵاوکراوەتەوە لە فڵانە کات بڵاوکرایتەوە لە سەر مەوقیعی ئەلیکترۆنی هەیە، یان هەر هەمان کەس هەمان زانیاریت پێ داوە لە ماوەی (6) مانگدا، باشە ئەم جارە بۆ چییەتی؟، ئەمە بۆ ئەوەیە بەڕاستی دام و دەزگاکان سەرقاڵ نەکرێن بۆ ئەوەی ئەم قانونە وەکو خۆی بێتە جێبەجێکردن بەبێ ئەوەی دەزگاکان مەشغول بکرێن و نەپەرژێتە سەر کار و بارەکانی خۆیان، ئەوانی دیکە من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو پێشنیازەی ناسك خانم ئەوەی قبوڵ بخەینە پێشەوە زۆر زۆر تەبیعیە، بەڵام بەنیسبەت سێیەم کە هەندێك لە خوشك و برایان پێیان وابوو پێویست بەوە ناکات بەتایبەتی موخابەرەی تەلەفۆنی یان بەریدی ئەلیکترۆنی یان شەفەهییەن، من پێم وایە ئەمە زۆر زەروریە، زەرورە بەتایبەتی بۆ

رۆژنامەنووسان كە زۆر جاران لە ڕێگەی موخابەرەی تەلەفۆنی داوای زانیاری دەكەن كە ڕەنگە زانیاریەكەیان پێ بدەن، چ پێویست بەوە ناكات زانیاریەكان لەلای دام و دەزگا هەیە، مەسەلەن با بڵێین بە خێرایی هەر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێی دەڵێ یان لە ڕێگەی بەریدی ئەلیكترۆنی پێی دەڵێ یان ڕاستەوخۆ پێی دەڵێ چ پێویست بەوە ناكات، نووسراوە ئەگەر جاهز بوو (ولا تحتاج الى جهد للبحث عنها) یەعنی لێرە شەرتێك دانراوە، بەڵام ئەگەر جاهز بوو ئەو دەمە دەتوانرێ ڕاستەوخۆ لە ریگەی موخابەرەی تەلەفۆنی یان لە ڕێگەی بەریدی ئەلیكترۆنی یان ڕووبەڕوو پێی بڵێ، من پێم وایە لە جێگەی خۆی دایە ئیتر ڕای ئەندامانی پەرلەمانە بەو شێوەیە دەیهێڵنەوە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان بخوێننەوە،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة: الأجابة على الطلبات:

اولآ: على المؤسسة العامة أو الخاصة في حالة قبول الطلب، اعطاء معلومات مباشرة الى مقدمه.

ثانياً: ان كانت المعلومات المطلوبة جاهزة ولا تحتاج الى جهد للبحث عنها، فيمكن تزويد طالبها مباشرة عن طريق المخابرة التلفونية أو البريد الألكتروني أو شفهياً.

ثالثاً: إذا تم رفض الطلب، كلياً أو جزئياً، فعلى الموظف المختص أن يبين في رده أن يسلمه لمقدم الطلب، سبب الرفض على أن لا يخرج السبب عن:

أ ـ المعلومات المطلوبة ليست بحوزة المؤسسة المعنية.

ب ـ المعلومات المطلوبة تقع في نطاق الأستثناءات المحددة في هذا القانون.

ت ـ المعلومات المطلوبة سبق وأن تم نشرها مع الأشارة الى مكان و زمان نشرها، او موجودة على موقعها الألكتروني أو تم تزويد مقدم الطلب نفسه قبل (6) أشهر.

ث ـ الأشارة الى حق مقدم الطلب في مراجعة محكمة البداءة المختصة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عبدالله،

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو بڕگەی ئەخیردا من پێشنیاز دەكەم لە كاتی موراجەعەكردنی مەحكەمەی بیدائە باس لەوە بكرێ قەرارەكە قەرارێكی بات دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتەی کە بەڕێز کاك عبدالله ئیشارەتی پێدا لە ماددەکانی دوایی موعالەجە کرایە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەو سیغەیەی کە لیژنەی هاوبەش خوێندیەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بەیانی سەعات (10)ی پێش نیوەڕۆ دادەنیشینەوە تا ئەو کاتە بە خواتان دەسپێرین و هەر بژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |